# نەسرەوتن

## بەرگی چوارەم

ناوی کتێب: نەسرەوتن - بەرگی چوارەم

نوسینی: ئەندازیار عوسمان محمد رەشید

بابەت: پەروەردەی ئیمانی

نەخشاندنی بەرگ و نوسین: کتێبخانەی گەشە

نۆبەی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٠

چاپ و بڵاوکردنەوەی: کتێبخانەی گەشە

تیراژ: ١٠٠٠دانە

له بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە

سپاردنی (٣٤١)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە.

کتێبخانەی گەشە بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە

سلێمانی – بازاڕی ئاوباریک بەرامبەر کاسۆ مۆڵ – دوکانی ٧١

٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣ – ٠٧٥٠٨٨٢٩٠٨٦

# نەسرەوتن

## بەرگی چوارەم

ئەندازیار عوسمان

٢٠٢٠

﴿ أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى ﴾

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆخوای پەروەردگارو درو‌ودو سلاویش لەسەرگیانی سەروەرمان و یارو یاوەران و شوێنکەوتووان.

پاش ئەوەی بەفەزڵی خوا سێ بەرگی نەسرەوتنم بلاوکردەوە وا بەرگی چوارەمیش لە خزمەت خوێنەرانیدایە، کە ئەو بابەتانەن رۆژانە لە ئەکاونتەکەم لەفەیس بووك بلاوم کردوونەتەوە، هیوادارم کەخوای گەورە قبوڵی کردبێت و سوودێکیش بەخوێنەران بگەیەنێت، بابەتەکان کورتن و هەمەچەشنن کەئەوەش خوێنەر چێژی لێدەبینێت وهەموو چین وتوێژەکان بەشی خۆیانی تیادەبیننەوەو وتاربێژە بەرێزەکانیش ئەتوانن بۆ وتارەکانیان لێی سوودمەندبن.

**پزیشکەکان دەڵێن:**

-ئەگەر گەروو(قورِگ) ی مرۆڤ، کەمێك فراوانتر بوایە لەوەی کەهەیەتی، ئەوا ئەوکەسە دەنگی نەدەما.

خۆئەگەر کەمێك، تەسك تر بوایە، ئەوا هەناسەدانی بەزەحمەت وناڕەحەت دەبوو!!

جا: یان هەناسەدان ئاسان دەبوو، بەڵام دەنگ نەدەما..

یان دەنگ دەبوو، هەناسەدان نارەحەت دەبوو!

((صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ"))..

ئەگەر: لیکی ناودەم تۆزێك شیرینتر بوایە، ناو دەممان دەبووە کونەمێش وهێلانە مێرووله وبێزاردەبووین بەمێش ومەگەز!!

خۆئەگەر شیرینی لەوەی ئێستاکەمتربوایە، ناودەممان هەمووکات تفت وتاڵ دەبوو دیسان ژیانمان بۆنەدەکرا!!

– ئەگەر، هەستی بینینی مرۆڤ کەمێك بەهێزتربوایە لەوەی کەهەیەتی، ئەوا ژیان دەبووبە ژان ومردن!!!

خۆئەگەرتەماشای پەرداخەئاوێکمان کردبا، (ئێستا، کەوا بەجوان وسافی دەبینین)، ئەوا هەزاران ڤایرۆس وبوونەوەری بچووکمان تێدا دەبینی، کەئێستا نایان بینین، ئەوکات نەمان دەتوانی ئاو بخۆینەوەو لەتینوان دەخنکاین!!!

("إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ)...

ئەگەر: فرمێسك کەمێك سوێرتربوایە، هەرچی مولولەخوێنی چاوەکان هەبوو دەسوتانەوەو هەمووکات چاومان سوور دیاردەبوو. (وەك کەسی هارمان لێدەهات)

خۆئەگەر سوێریەکەی کەمتر بووایە، ئەوا چاوی پاك نەکردەوەو سوودی نەدەبوو!

ـ ئەگەر هەستی بیستنی مرۆڤ بەهێزتربوایە لەوەی کەهەیەتی، ئەوانەیدەتوانی هەر بشخەوێت.. هەرچی دەنگ هەبوو دەیبیست و لەبەرناڵەو گرمەگرمی گەدەو هاتووچۆی خوێن وترپەی دڵ و...

هەموویان وەك کارگەیەکی گەورەیان لێدەهات وژیانیان لێ دەشێواند!!

("إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ...).

ـ ئەگەر: هەستی دەست لێدانی وهەستەوەری مرۆڤ زیاتربوایە لەوەی کەهەیەتی،ئەوا هەستی بەهەموو شەپۆل وبارگە کارەباییەکانی دەوروپشتی خۆی دەکرد، کەلەهەوادا بڵاون وژیانیان لێ تێك دەدا!!!

(وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ")

بەڵگەی تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لەخوودی خۆتاندا هەیە.ئەوەبۆ ئەو گەورەیی ودەسەڵاتی خواییە نابینن؟؟و.محمدامین

پاك وبێگەری ودەسەڵات تەنها بۆ ئەو خوایەیە، کەهەمووشتێکی بەئەندازەو ڕێك وجوانی درووست کردووە!!!

## ئەهلی دڵ با بیخوێنێتەوە

ئەوەی کە مەنشاوی سینەمانی پێ هەنجن هەنجن دەکات، دەنگە بە سۆزەکەی نیە، شارەزاییە سەرسوڕهێنەرەکەی نیە لە تۆن و لەرەو مەقام و ئاوازدا، ئەوەی کە ئەو ڕوحمانی پێ شەکەت دەکات، ئەو نادیاریە ئیمانیەیە کە لە گەرویەوە لەگەڵ حەرفەکان و لەرەکانی دا دێتە دەرەوە، سنگی گوشادیەتی بە قورئان لە دەنگی غەمگینیەوە هاوار دەکات، دەروونی گوشراویەتی شین دەکات، ئیمان لە سەدایدا وەك دانولەی سەر ئاگر قولپ دەدات، ئەمە جیا لەجوان وێنا کردنی ئەو پیتانە لە دەرچەی تەواوی خۆیانەوە.

وەك خۆی دەڵێت پێغەمبەر (علیة الصّلاة و السّلام) هاتە خەوم و فەرمووی: مەنشاوی تۆ بەهەمان چەشنی من قورئان دەچڕیت، سەیرکە هاوڕێ، مەنشاوی تەنها خوێندنەوەی ئایەتەکان ناکات، موفەسیرێکی تری قورئانە، دەقەکان بەدیوێکی تردا شیکار دەکات، بڕوانە ئەو چیرۆکانە لەگەروی ئەودا تەنها لە چوارچیوەی دەق و نوسراودا نامێننەوە، دیمەنەکان دەهێنێتە بەرچاوت بە بەرز و نزمی تۆنەکان و حەزین بوونی دەنگەکەی لە شوێنی خۆیدا، دەتکاتە بینەرێکی ڕاستەوخۆی شانۆکان، تۆ هەرگیز گوێت گرتوە لە چیرۆکی مەریەم بە دەنگی ئەم جادوگەرە دڵفڕێنە؟

ببینە چ تەفسیرێك ئەکا بۆ دیمەنەکانی ئەم سورەتە، گوێ لەو وەڵامەی مەریەم بگرە بۆ جبریل، گوێ بدەرە خۆزگەی بە مەرگ گەیشتن و لەبیرچونەوەی خۆی لەبەر ئەم کۆڵەی بە پشتیدا دراوە بۆ بەحەق ناساندی مرۆڤگەلە یەخسیر و نەخۆشەکان، بۆ ژانی منداڵ بوونی گوێ بگرە، سەرنج بدەرە ئاوێتەبوونی هاڕمۆنیانەی مەنشاوی و شەرمەندەگی حاڵی مەریەم لەبارێکدا خەڵکەکە لە مەریەم دەپرسن ئەی خوشکی هاروون، نە دایکت لەشفرۆش بوو نە باوکت خراپەکار، ئەم منداڵە چیە بەتۆ؟

سەیری ئەو هەموو شەللاقە ئافرەتێك دەیچێژێت لەپێناو جەهالـەتی مرۆڤەكانـدا، ببینە چ قوربانیەك بۆ مرۆڤایەتی دەدات، ئەی ئێمە چـی؟ ئێمـە هـەر شـیاوی ئـەوەین ئیلاهـ كارێكمان پێ ڕەوا ببینێ؟

ئا... تـۆ هـەرگیز گوێـت گرتـوە لـەوەدەنگهاتنی خـودا لەسـەر پێغەمبەرەكـەی بەدەنگی مەنشاوی؟ لەكاتێكدا خێزانەكانی وەك گەورەی ئوممەتێك گلەیی ئەكـەن و شەكواو شكایەتی حاڵ و بێ جێ و ڕێیی و برسێتییان دەبەنە لای، لەدەمێكدا كیسراو ئیمپراتۆرەكان لەسەر چـەرپا دەنوسـتن و لەكاسـەی زێـڕو زیـودا دەیـانخواردەوە و لەكۆشكی فەنتازی ئاسادا دەگوزەران، ئەی خودا چی ئەفەرموێت؟ چ قورئانسـازێك ئەو وێنـا جوانـە دەكـا؟ وەك شـێخ بـن بـاز دەفـەرموویێت مەنشـاوی دەنگێكـە لــە بەهەشتەوە، دەفەرموێت (گەر دەتەوێت گوێت لە قورئان بێت و بزانی چۆن دابەزیوە ئەوا تەنها گوێ لە محمد صدیق المنشاوی بگرە، چونكە دەنگێك نیە هاوتـای دەنگـی ئەو بێت..!! ئاخر دەنگی مەنشـاوی وەكـو ئـاوێكی پـاك و سـازگارە كـە تینـوێتی دەشكێنێت).

گوێ لە كۆتاییەكانی سورەتی حەشر بگرە، وەك سعد الغامدی دەڵێت هیچ كات نەبووە گوێ لە كۆتاییەكانی ئەم سورەتە نەگرم بە دەنگی مەنشاوی و نـەگریم. ئاهــ مەنشاوی چ مەخلوقێكە هاوڕێ. چ بێ ڕەحمێكە خودایـە؟! مەگـەر خـودی قورئـان یاخود وتەكانی ابن قیم ئەوەندە وەك جەللاد لە نەفسی منیان دابێت، ئـاوا مانـدووم بكەن، وەها ڕوحم ڕاتەكێنن و جەستەم گینگڵ پێ بدەن، وەها لاوازم بكەن، كـە لــە ناو پاس و بازاڕ و شـوێنە گشـتیەكاندا، لــە موحـازەرەی زانكۆشـدا فرمێسـكم پـێ بڕژێنن.

**رب ضارة نافعة:**

**دكتۆر کەریم..**

بەرەو بەرپرسیارییەتێکی زیاتر- بەرەو بانگەوازێکی هۆشیارانەتر:

کەسی بانگخواز ئەبێ لە شێوازێکی جددی و کەشوهەوایەکی جددیدا بانگەواز بۆ چەمکە ئاینییەکان بکات نەك لەکەشوهەوایەکی فشقییاتدا.

نابێ کەسی بانگخواز یان مامۆستای ئاینی قسەی نابەرپرسانە فڕێ بدات.

نابێ کەسی بانگخواز گاڵتە بەهیچ توێژێکی کۆمەڵگە بکات چ جای توێژێکی گەورە کە نیوەی زیاتری کۆمەڵگەیەو لەبنەڕەتەوە هاندەدرێ دژ بە ئیسلام و دۆژمنانی ئیسلام ئیشی زۆری لەسەر دەکەن و دەیانەوێ وای تێبگەیەنن کە ئیسلام ڕێزی لێنەگرتوون و مافی پێشێلکردوون.

مەسەلەی فرە ژنی مەسەلەیەك نییە تۆ بەفشقییات و گوێنەدانە ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژی بیوروژێنی بەڵکو دەبێ لە کەشوهەوایەکی زۆر جددیداو زۆر بەشێوازێکی زانستی تاوتوێی بکەی.

ئێمە ئەبوایە پێش ئەوەی ڕێکخراوەکان سکاڵا لەسەر ئەو مامۆستایە تۆماربکەن پێمان بوتایە مامۆستا ئەو بابەتانە بەو شێوەیە چارەسەرناکرێن، فرەژنی بەعەنتەرییات ناکرێت، کۆمەڵگەی کوردەواری ماوەیەکە عەلمانییەت ئیشی لەسەرئەکات وای لێکردووە ژن ڕازی بێت مێردەکەی دەیان پەیوەندی ناشەرعی هەبێت نەك ژنی دووەمی بێنێ بەسەرا، بێجگە لەوە لەفرەژنیدا ئەمڕۆ بەداخەوە زۆرێك خێزانەکانیان هەڵدەوەشێتەوەو پابەندییان بە ئیسلامەوە کز دەبێتەوە.

نابێ مامۆستای ئاینی لایف بکاتەوە بۆ سوعبەتکردن وقسەی فشقییات ئەوە زیاتر ئیشی ئەکتەرە کۆمێدییەکانە.

ئێمە دەبێ تەوەجوهی ئەم حکومەت و ڕژێمانە بخوێنینەوەو بزانین بەچ ئاڕاستەیەکدا ئیش ئەکەن.

موسوڵمان واجبە لەسەری برای موسوڵمانی سەرخا و پشتیوانی لێبکات بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر صلی اللەعلیە وسلم داوامان لێەکات کە ئەگەر هەڵەی کرد یان ستەمی کرد دەستی بگرین و نەهێڵین ستەم بکات وئەگەر ستەمیشی لێکرا بەرگری لێبکەین..

موسوڵمان فەرمانی پێدراوە دادوەر بێت. لەم سۆنگەیەوە دەڵێم هیوادارم بانگخوازان بەرپرسانەتر مامەڵە لەگەڵ چەمکە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن.



نابێ ئێمە لەبەر ئەو کەبت و مەحرومییەتەی تێیدا دەژین پشتگیری لەهەموو شێوە بانگەوازو کارکردنێك بۆ ئیسلام بکەین، هەرلەو سۆنگەیەوە موسوڵمانان پشتگیری شۆڕشی ئێرانیان کرد بزانە دەرئەنجامەکەی چی بوو؟ لەوەتی ئەو ڕژێمە هاتووە ناوچەکە گڕی گرتووە بەشەڕی تائیفی. هەرلەوسۆنگەیەشەوە خەڵکانێك پشتگیرییان لە داعش کرد بزانە دەرئەنجامەکەی چی بوو؟ بەزینی سوننەی عێراق و ڕوخاندنی؟ شارەکانیان و دەربەدەربوونیان، شکستی شۆڕشی سوری و ڕوخانی شارەکانیان ودەربەدەر بوونیان، لەسەرووی هەموویشیەوە ناشیرینکردنی ئیسلام و بە دێوەزمەکردنی! ورب ضارة نافعة...

## هەقی خۆی دایە!

پارێزەری ئەمەریکی دۆن ویست ئەڵێ: چوارساڵ تێکۆشام لە دادگادا تا بڕیاری ئیفلاسم بۆ موەکیلەکەم دەستخست کە لەراستیدا وانەبوو وەهەقی خەڵکی لابوو، کەداوای هەقی خۆمم کرد نوسخەیەکی بڕیارەکەی دامێ، لەوساتەوەختەوە بڕیارم دا کە نەبمە بریکاری ستەمکارو ساختەچیەکان.



## نەجمەدین ئەربەکان ئەڵێت:

ئەتانەوێ من دانیشم لە مزگەوت " کارم بەسەر بوارەکانی ترەوە نەبێت" ئێوەش لە قوتابخانە کوڕەکەم لەسەر دژایەتی و ڕقبوونەوە لە ئیسلام پەروەردە بکەن، بۆ ئەوەی دواتر بەو ڕقەوە بگەڕێتەوە و مزگەوتەکەش بڕوخێنێت بەسەر منا.

**کــورته باسێکی ژیـــــانی کاك ئەحمەدی مفتی زادە:**

یەکێ لە ئەندامانی ڕێکخراوی مارکسیستی (چریکهای فدائی خلق) بە ناوی ع ـ ب لە زیندان بەشی ٣٢٥ قاوشی ٣ دوو ساڵ لەگەڵ کاك ئەحمەد زینـدانی بـووە و دیداری فرەی لەگەڵ بووە.

دەگێڕێتـەوە کـە لـە بەشـەکەی ئـەوان ١٦٠ نەفـەر بـوون ٢٠ نەفـەریان لـە ناسراوەکانی ئێران بوون، لە ناویاندا کەسانی وەك ئەمیر ئینتیـزام و بابـەك زەهرایـی هەبوون، بابەك زەهرایی لە رابەرانی چریکە فەداییەکانی خەلق بوو، کاتێ باسی کاك ئەحمەدی مفتی زادەی دەکرد (بە ئەحمەدی مفتی زادە یا حاجی ئاغا) ناوی دەبرد، ئەو، دەڵێت: لە زیندان بۆ ئێمە ئەحمەدی مفتی زادە وەك دەرمـانی ئارامبـەخش بـوو، ئـەو منی شەڕەنگێزی بـەرە و خـۆی کێشـکرد، مـن فـرە تینـووی بـووم و هەمیشـە لـە سۆراغیدا بووم.

لە خراپترینەوە تا باشترینی زیندان، هەموو خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێدەگرت، شکۆیەکی تایبـەتی هـەبوو، پیـاو کـوژێ کـە ٢٧ کەسـی لەسـەر جـادە بەیـەکجار کوشتبوو، کاتێ بەلای ژوورەکەی حاجی ئاغادا تێدەپەڕی لـە شـەرمەزاریدا سـەری دادەخست، ئەحمەدی مفتی زادە لەگەڵ ئەودا میهرەبان بـوو، بـەڵام ئـەو لـە شـەرما رووی نـەدەهات تەماشـای چـاوەکانی حـاجی ئاغـا بکـات، هـەموو زیندانییـەکان خواخوایان بوو، حەزیان دەکرد لە ڕاڕەوەکانـدا چـاویان بـە ئەحمـەدی مـوفتی زادە بکەوێ و سڵاوی لێبکەن و تەوقەی لەگەڵدا بکەن، ئەو چەند ساتە کەمە بـۆ ئـەوان تا چەند ڕۆژ بەس بوو تا لەگەڵ بیرەوەری ئەوساتانەدا بژین.

بابەك زەهرایی یاری شەترنجی فرە باش دەزانی، ئاماتۆر بوو بـەڵام وەك پسـپۆڕێك یاری دەکرد، لەگەڵ هەرکەسێکدا یاری بکردبا، هێنـدە شـارەزا بـوو دەیزانـی، کـە بەرامبەرەکەی دەیەوێ بە چ بارێکدا داشـەکان بجـوڵێنێ، تـەنیا ئەحمـەدی مفـتی زادە حەریفی بوو، بابەك شانازی بەوە دەکرد کە پاش چەند مانگ جارێك لەگـەڵ حـاجی

ئاغا یاری بکات، یارییەکەیان چەندین سەعات درێژەی دەکێشا، کاتێ ئەوان یارییان دەکرد، هەموو زیندانییەکان بێدەنگ لەدەوریان کۆدەبونەوە، هەر کە وەختی نوێژ یا خواردن دەهات، یارییەکەیان وەك خۆی بەجێدەهێشت پاشان دووبارە دەگەڕانەوە سەری.

فرە جوان و پاك و بەلەزەت نانی دەخوارد، بەزۆری ئاوی گۆشتمان هەبوو، ئەویش ئاو و نۆك ـ نۆکاوـ بوو، لەپێشدا نۆکەکەی جیا دەکردەوە و ئاوەکەی دەکردە تریت و پاشان خوێ ی بە نۆکەکەوە دەکرد و ئەوسا دەیخوارد، ئاخر چ کەسێ پاشماوەی خۆراك دەخوات، هەموو فڕێیان دەدا، بەڵام حاجی ئاغا پاشماوەی خۆراکی فڕێنەدەدا و هەڵی دەگرت و پاشان دەیخوارد.

لەو سەعاتانەی سێ و چواری بەیانیدا، کاتێ کە شەیتان بەباشی بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵ دەبێت و ئیرادەی ئینسان لاوازە بۆ لەخەو رابوون، ئەگەر بۆری ئاوێك دلۆپەی بکردبا لە خەو رادە بوو دەیگرتەوە، دەیفەرموو حەیفە نابێت ئەم نعمەتە بەخۆڕایی بڕوا.

من ئەو کاتە گەنجێکی نەفام بووم وهیچم نەدەزانی، نە قسەیەك نە پرسیارێ، تەنیا لە هەڵسووکەوتی حاجی ئاغا وورد دەبوومەوە، لە خوام دەویست کارێکم پێ بسپێرێ، هەرچەندە فرە حەزم دەکرد وەك کوڕی خۆی خزمەتی بکەم، بەڵام هیچ کاتێك رێگەی نەدا کارێکی بۆ ئەنجام بدەم، چەند جار کاتێ دەچوو بۆ حەمام دەمویست خاولی بۆ بەرم، نەیدەهێشت کەس کاری بۆ بکا.

هەر کاتێ پێداگریمان دەکرد کە کارێکی بۆ ئەنجام بدەین، دەیگووت: کوڕم هێشتا پاکانم توانای رۆشتنیان ماوە، کەواتە دەبێ خۆم کارەکانم ئەنجام بدەم.

بابەك زەهرایی پەیوەندیەکی دەروونی لەگەڵ حاجی ئاغا هەبوو، گرفتێکی بۆ پێش بهاتبا دەچووە لای مشورەتی پێدەکرد، کاتێ ئیمام خومەینی نامەکەی نووسی بۆ گۆرباتچۆڤ، داوایان لە بابەك زەهرایی کرد کە سەبارەت بە نامەکە بۆچونی خۆی

بەوان بلێیت، ئەگەر بیووتایە قسەکانی ناو نامەکەم قەبوڵە، بەو مانایە دەبوو کە نکۆڵی لەرابوردووی خۆی بکات، ئەگەر ڕەتی کردبایەوە خۆی توش دەکرد لەگەڵیان، مشورەتی بەئاغای موفتی زادە کرد، ئەو ووتبوی ڕاستگۆیانە بۆچوونی خۆت بڵێ، ئەویش بەوانی وتبوو: ئیمام خومەینی بە باوەڕی خۆی کارێکی باشی کردووە، بەڵام من مارکسیستم، هاوڕووریەکانی بابەك ئەویان بە گڵاو دەزانی دەیان ووت: خودا ڕەت دەکاتەوە، بەڵام هەر چەندە لەگەڵ ئاغای مفتی زادە وەك دوو جەمسەری دژ بەیەك بوون، بەڵام بەیەکەوە هەڵیان دەکرد، حاجی ئاغا وەك ئەوانی تر بابەکی بە گڵاو نەدەزانی و لەگەڵیدا میهربان بوو.

لێپرسراوانی زیندانەکەمان، لە چەقاوەسووە خوێڕیەکانی خوارووی شار بوون، تازە پیا کەوتوو بە پلەیەك گەیشتبوون، ئاسایی هەموو ڕۆژێك سەرژمێرییان دەکردین، ڕۆژێك من دەستم لەسەر شانی هاوڕێیەکم دانا بوو، یەکێکیان بە منی ووت: کەربابی گوێرەکە لە بەرچاوی باوکیشت هەروا دادەنیشی؟ دەمیان زۆر پیس بوو، کەسیان بە پیاو نەدەزانی، بەڵام شەرمیان لە حاجی ئاغا دەکرد، لە دەرکەکەیان دەدا تاکو بواری پێیان نەدابا نەدەچوونە ژوورەوە، ئەگەر وەڵامی نەداباوە دەیانزانی کە خەریکی نوێژ کردنە، ئیدی نەدەچوونە ژوورەوە و بێزاریان نەدەکرد، هەرلەدەرگاوانی زیندانەوە بگرە تا زیندانیان و ئەشکەنجەدەرەکان، هەموویان شەرمیان لە ئەحمەدی موفتی زادە دەکرد، لە قەبارەی لەشی نەدەترسان، بەڵکو لە مەعنەوییەت و نیگاکانی شەرمەزار دەبوون.

ئەشکەنجەدەرەکانی پەشیمان بوون و شەرمەزار، هەریەکەیان تووشی بەڵایەك بوون، حاجی مەهدی بەهۆی مینەوە(لوغم) سێ ئەندامی لەشی لەدەست دان، وتبوی ئەمە سزای ئەشکەنجەدانی ئەحمەدی مفتی زادەیە، بیستمان وتبوی: ئەگەر خۆشبەخت بووینایە ئەشکەنجەدانی ئەحمەدی موفتی زادەیان بە ئێمە نەدەسپارد.

یەکێك لە زیندانییەکان ئەفسەری هێزی هەوایی بوو، لە کودەتادا دەستی هـەبوو، لەگەڵ حاجی ئاغا پێکەوە ئەشکەنجە درابوون، دەیـووت، مـن سـاڵانێکی زۆر لـەناو سوپادا بووم، خەڵکانی جۆراوجۆرم زۆر دییوە، خەڵکانی کەلـەڕەق، بێبـاك، بـاش، خراپ، بەڵام نەمدییوە کەسێك ئەشکەنجەی بەن، وەبەر زلـلانی بدەن وخەندە لەسـەر لێـوانی بێـت، ئەحمـەدی مفـتی زادە لـە کـاتی ئەشـکەنجەداندا بـە خەنـدەوە لـە ئەشـکەنجەگەرەکەی دەڕوانـی، بـەڵام نەخەندەیـەکی گاڵتـە ئـامێز، بـەڵکو بـەزەیی بەئەشـکەنجەدەرەکەیدا دەهاتـەوە و دڵـی بـۆ بەدبـەختی ئـەو دەسـووتا، هـەمووانی خۆشدەویست، ئەوانی دی لەوەوە خۆشەویستی فێر دەبـوون، دکتـۆر شـیرازی کـە کورد بوو، لە حەوشەی زیندان نانی دەدا بە مێرولە، ئەم دەرسەی لە حاجی ئاغـاوە فێر بووبوو، ئەو دەیوت من ئاساییم، هەموو دەتوانن ببنە ئەحمـەدی مفـتی زادە، خـوا ڕێگای هیدایەتی لە دەروونی هەمووواندا جێگیرکردووە، هـەر ئەوەنـدەی دەوێ چـرا هەڵگرین و بەڕێکەوین، سەبارەت بەوەی کە دین چرای هیدایەتە و مرۆڤ چۆن دەبـێ دەست پێبکات (١٣) لاپەڕەی بۆ نووسیووم.

ئـەو هـەر دەیـووت (ئینسـان بـن)، ڕێـزی لـە هـەمووان دەگـرت، هـەمووانی خۆشدەویست، هەمووش ئەویان خۆشدەویست، مـن نـەم بیسـتووە قسـەی خراپـی بەکەسێ وتبێ، نەم بیستووە کەسێکی نەفرەت کردبێ، ئـەو دوژمنەکانیشـی نـەفرەت نەدەکرد، سەبارەت بە دوژمنـەکانی دەیگـوت، کـوڕم وای دابـنێ لـە کۆڵانێکـەوە تێدەپەڕی، منداڵێك بەردێکت تێدەگرێت و بەر سەرت دەکەوێ و دەشکێت، تـۆ چ دەکەی؟ حەقی لێدەکەیتەوە و سـەری دەشـکێنیتەوە؟ نـا، ئەمانـە منـداڵانێکن بـەرد دەگرنە منی ڕێبوار. ئینسانێکی مەزن بوو فرە مەزن، بۆ هەموو ئینسانەکان دەپاڕایـەوە و دوعای بۆ دەکـردن و دەیگـوت خوایـە ئەگـەر دەکـرێ دەرد و ئـازاری هـەموو ئینسـانەکان بـدە بـەمن تاکـەس ئـازار و دەردی نـەبێ، ئـاواتی بـوو کـە تەنانـەت دوژمنەکانیشی بێ دەرد و ئازار بن.

ئەحمەدی مفتی زادە تاوانێکی نەبوو ئەمانە لەسەر دین و کارکردن بە قورئان زیندانیان کرد بوو، جارێك لە تەلەفزیۆنەوە، چەند منداڵ بە شێوەی کۆڕ قورئانیان دەخوێند، فرە گریا و وتی، کوڕم! دەبینی ئەمانە گاڵتە بە قورئان دەکەن لە ڕەفتاردا چەند لە قورئانەوە دوورن، دەیوت تاوانی من بەرگرییە لە قورئان ودینی خوا، حاجی ئاغا دەیوت تەماشای ئەمڕۆ مەکە، ئەوەتاین لە ناو چواردیواردا، ڕۆژێك دێت دەبینی ئەندێشەو ڕێگای من پەیڕەوانی زۆری دەبێت، من ئەمڕۆبەدیهاتنی ئەو قسەیەی ئەو دەبینم.

ڕۆژێك هاتن وتیان، جگە لە ئاغای مفتی زادە و چەند نەفەرێکی تر، ئەوانیتر تان هەرکەس تاپۆی مۆڵکێك بێنێ ١٠ ڕۆژ مۆڵەت وەردەگرێ(ئەوان بەهۆی ئەو کاریگەرییەوە کە حاجی ئاغا هەیبوو لەسەر ئەوانی تر، نەیاندەهێشت بچێتە حەوشەی زیندان، بەڵام ئەوانی تر دەچوون)، من تاپۆی مولکم نەبوو بەڵام ڕەنگە باوەڕ نەکەن، دەڕۆژ مۆڵەتیان پێدام و لەسەر ڕاسپاردەی حاجی ئاغا لە وەختی خۆیدا گەڕامەوە بۆ زیندان، بەڵام چونکە ناووم لە لیستەکەدا نەبوو، لەوناوە دەریان کردم، ١٠ ڕۆژی تریش چوومە مۆڵەت، پاشان خۆیان هاتن بە شوێنمدا، لێپرسراوی زیندانەکە بەمنی وت: بۆچی خیانەتت کردووە، وتم من ئەهلی خیانەت نیم، ڕۆژی دیاریکراو گەڕامەوە، بەڵام ڕێگەیان پێنەدام.

شەوێك لە خەونمدا کوڕێکی یەکساڵەیان پیشاندام، وتیان ئەمە کوڕی تۆیە، بۆ لێکدانەوەی ئەم خەونە لە حاجی ئاغام پرسی فەرمووی کوڕم! خوا کوڕێکت پێ دەبەخشێ، کاتێك کوڕەکەت دەبێتە یەکساڵ تۆ لە زیندان ئازاد دەبیت، لەڕاستیدا هەر ئەوە ڕوویدا.

من زمانی ئینگلیزیم لای ئاغای ئەحمەد سەنگی خوێند، ئەو ٢٠ ساڵ لە دەرەوە بوو، مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، ئینگلیزی باش فێرکردم، کەچی شتێکی تری فێرنەکردم، بەڵام ئەحمەدی مفتی زادە هەموو شتێکی بە من دا.

ئەو لەگەڵ هەر کەسێکدا بوایە، دینی فێری ئەو کەسە دەکرد، دەتوانم لەیەك ڕستەدا بڵێم: (ئەحمەدی مفتی زادە بە مانای واقعی ئینسان بوو)، ئەو باسی دینی نەدەکرد، وتاربێژ نەبوو، تەنها بە مەعنەویات، بەڕەوشتی، بەکەسایەتی، بە هەیبەتی، دینی دەگەیاند و فێردەکرد، کاتێ خەبەریان دایێ کە لەزیندان ئازاد بووە، تەنانەت ئەوانەشمان کە بەسێدارە حوکم درابوون، بە تەنگ حوکمەکەیانەوە نەبوون، بەڵام لە حەسرەتی لەدەست چوونی حاجی ئاغا نارەحەت بوون.

مرۆڤ ئەگەر منداڵی یان هاوسەری بمرێت پاش ١٨ ساڵ هێدی هێدی لای ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام دوای ١٨ ساڵ هێشتا ئەحمەدی مفتی زادە بۆ من ئاسایی نەبووە،تا ئێستاش یەك ڕۆژ لە بیر وزەینمدا لانەچووە. من ئینسانێکی باش نیم، بەڵام ناتوانم خیانەت لەکەس بکەم، پارچەپارچەم کەن ناتوانم درۆ لەگەڵ کەسێکدا بکەم.

جارێك لە تورکیا، لە ناو کۆمەڵێکدا باسی دین و ئینسان کرا، من باسی ئەحمەدی مفتی زادەم کرد، هەر کە ناوی ئەوم هێنا لە ناو خەڵکەکەوە یەکێك وتی: چۆخ بیوە ئادەم دە، اللە بۆ بەیانکردنی گەورەیی بەکاردەهێنن، لە هەر مەجلیسێکدا دەربارەی دین و ئینسانییەت قسە بکرێت من باسی ئەحمەدی مفتی زادە دەکەم، وەك نمونەی ئینسانییەت.

هەرکەس ئەوی خۆش بوێت خۆشم دەوێت، من شانازی بەوەوە دەکەم کە لە خزمەتی ئەحمەدی مفتی زادەدا بووم، من ئەو کاتە ئەوم دەرك نەدەکرد، ئێستا پاش ١٨ ساڵ دەزانم چ زیانێکم کردووە، دەزانم کە ئێوەش قەدری نازانن(پاش ٣ سەعات قسەکردن)، ئەگەر تا بەیانی سەبارەت بە ئەحمەدی مفتی زادە قسە بکەم، ماندوو نابم، ئەم شەو پاش ١٨ ساڵ خۆشترین شەوی ژیانم بوو. لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە خۆشترین یادگاریی زیندانت چیە؟ وتی: باشترین یادگاری من ئەوەیە، کە لە پێناوی دیداری ئەحمەدی مفتی زادەدا، لێدانم خوارد.

وەرگێڕ: سامان ڕەوەند

## لەوەفاتی کاک ئەحمەدی موفتی زادەدا

ماموستا هەژار سەبارەت بە کاک ئەحمەد دەڵێت:

«لە هەرای ئازادیخوازی کوردستانی دوای ئینقلابی ئیسلامیدا، زۆر کەس لە کوردەکانی سابلاغ و سنە خراپەی ئەحمەدی موفتی زادەیان دەووت. بەڵام کە لەگەڵی بوومە ئاشنا، زانیم لە غەرەزێکی نەزانانەوە خراپەی دەڵێن. گوناهی هەر ئەوە بوو کە موسوڵمانی بە ڕاستیە و ئەم بڕوایەش بۆ کۆمۆنیست و زۆر لە لاوانی ئەمڕۆمان قوت ناچێ.



موفتی زادە بە دڵ ویستوویە ئازادی بۆ کوردستان بستێنێ، زۆریش ماندوو بووە. نەشیزانیوە مەلای حاکم درۆیان لە لا گوناح نیە، فریوی بە قسەیان خواردووە کە لای وا بووە کە قەولی ئازادی کوردستانی پێ دەدەن، راست دەکەن. خۆی کە بێ درۆ و دڵپاک بووە، لای وا بووە قەوڵدەرەکانیش دڵپاکن! وا ئێستا کە ئەم رووپەڕانە دەنووسم، کاک ئەحمەد لە زیندان دایە و زۆر جزیا دەدرێ و بە سەدان لە هاوکارانی -کە زۆریان تازە لاون- لە سووچی زیندان توند کراون و هیچیان لە پەیڕەوی کاک ئەحمەد پاشگەز نین و لە سەر بڕوای خۆیان سوورن. لەو ساوە خۆم رووبەڕوو کاک ئەحمەدم دیوە و سەفەرم بۆ شیمال لەگەڵ کردووە، زۆر وەبەر دڵم کەوتووە. لام وایە بە مردوویش هەزاران کومۆنیستی نەزانی دەبێ بە قوربان بکرێ...»چێشتی مجێور، لاپەڕەی ٥٠٩

## خوایە بەخاووخلیچکی هاتم بۆلات و زۆردواکەوتم

سەیدی رەحمەتی ئەڵێت هەموومان سەرەنجام ئەگەڕێینەوە بۆلای خوا، بەلاّم خۆش بەخت ئەوەیەهەر لەژیاندا بێت و بگەڕێتەوە لای خوا.

پیاوێك ٥٥ساڵ تەمەنی بوو ئاواتی خواست ببێتە شێخی ئەزهەر سواری گوێدرێژەکەی بوو چووە قاهیرەو پرسیاری کرد (ئەزعەر) لەکوێیە، یەکێ بۆی راستکردەوەو وتی: ئەزهەرە نەك ئەزعەر و، رێنمایی کرد بەرەو ئەزهەر، لەئەزهەر فێری خوێندنەوەونووسین و شەرعی خوابوو، نەوەدوشەش ساڵ ژیا، نەمرد تائاواتەکەی هاتە دی و بووە شێخی ئەزهەر..

جا ئەم هیممەت بەرزە کەلە ٥٥ساڵیدا تەوبەی کردو دەستی پێکرد لە نزاکانیدا ئەیووت: خوایە بەخاووخلیچکی هاتم بۆلات و زۆردواکەوتم.خۆزگە زووتر بهاتمایە بۆ لات..ل٢٢٣-بەرگی یەك – موسوعة الأسماء الحسنی _محمد راتب النابلسی..

## پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی:

مامۆستا سەلاحەدین ئەحمەد ماستەری هەیە لە زانستی کەلام وفەلسەفەدا و لەرانیە دائەنیشێت و خاوەنی دە پەڕاوە، ناوبراو لەبارەی پرۆفیسۆر زەڵمیەوە وتی: ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ئەچوومە خزمەتی بۆ پرسیاری زانستی:

١-بەڕێزیان زۆر رێزی لێدەگرتم بۆئەوەی شەرم نەکەم ئەیووت: ئەو میوە بخۆ نەیخۆیت وەلاّمی پرسیارەکانت نادەمەوە.

٢-بەڕێزیان وتیان: هەرچەند پزیشکەکان لێیان یاساغ کردووم لەبەر تەندروستیم کەلە بیست خولەك زیاتر قسە بکەم، بەلاّم بۆتۆ تابەیانی بتەوێت مادام زانستخوازیت قسەت بۆدەکەم.

٣-وتم: بەناوقورئانیەکان دەیانەوێت سوننەت دابڕن لەقورئان و ڕەنگە چاویشیان لەسەر تۆ بێت، وتی: ناماقوڵیان کرد سوننەت هەرگیز لەقورئان جیانابێتەوە، هەرگیز توخنی ئەوانە نەکەویت.

٤-جارێك پرسیارێکم لێکرد تووڕە بوو وتی: وەڵامی پرسیارەکانت نادەمەوە، وتم: بۆ؟ وتی: من ئەڵێم قورئان وادەفەرموێت، تۆ ئەڵێی فڵان زانا وادەڵێ.

٥-کۆمەڵێك کتێبی دامێ بەدیاری و وتی: فلان کتێبم لانەماوە، لەبازاڕ بیکڕە پارەکەی چەند بوو من ئەیدەم.

٦-لەئامۆژگاریەکانی: سەیری قسە بکەو گوێمەدەرێ کێ وتوویەتی، حیکمەت ونبووی موسڵمانە لەکوێ دۆزیەوە وەریدەگرێت. گرنگی بەئسوڵی فیقهو بەلاغەو مەنتیق وفەلسەفە بدەن، ئەوەی من نووسیوومن ڕەنگە نیوەی هەڵەبێت، ئێوە دوای من شەن وکەویان بکەن.پاش ئەوەی زانستان بەدەستهێنا دڵنیا بن دەرگاکانی ژیان بەڕووتاندا دەکرێنەوە، لەماڵو ماڵو سەیارەو خانوو.داوام لەقوتابیەکانم ئەوەیە کەدووربن لەپارەو دەسەڵات تا ئازادبن و نەبنە بەندەی ئەو دووانە..



٧-نەحوصرف فێربن بەڵام تەمەنی زۆری مەدەنێ چونکە ئەوانە هۆکارن بۆ ئامانجێك وبۆخۆیان ئامانج نین..

***

## پەیمانم دا بەخوا:

بانگخواز ئەحمەد قطان ئەڵێت: سەرەتای لاویم بەهۆی هاوەڵی خراپەوە سەرسام بووم بەفیکری کۆمۆنیستی بەحساب رزگارکەری مرۆڤایەتیە، دواتر بەهۆی بانگخوازی میسری حەسەن ئەیوب و بانگخوازێکی سۆدانیەوە کەهاتنە وڵاتی کوەیت، رێی راستم دۆزیەوەو چونکە لەگومڕایی وتاریکی رزگاربووم پەیمانم دا بەخوا کەشەوو رۆژ لەهەوڵدابم و بانگەوازبکەم کەسوپاس بۆخوا خەڵکانێکی زۆر سوودمەندبوون لەوتارەکانم..

جا باوکم دەریاوان بوو لەمامەڵەو هەڵسوکەوتا توند بوو، بۆیە بەدایکمیان ئەووت: چۆن دەرئەبەیت لەگەڵیا؟ئەویش دەیووت: هیوام بەئەحمەدە بۆم قەرەبوو بکاتەوە، خواش ئاواتەکەی هێنایە دی، بیست وسێ جار حەجم پێکرد، لەدواساڵەکانی تەمەنیدا کەلەسەر عەرەبانە بوو منیش پاڵم پێوەدەنا و لە ڕەمی جەمەراتدا پۆلیسەکان ئەیان بینی منیان ئەناسی و ئەیانووت ئەوە دایکی ئەحمەد قطان ەو بەعەرەبانەکەوە بەچەندکەسێك بەرزیان ئەکردەوە تا بەدەستی خۆی بەئاسانی رەجمەکەی بکات.ئەویش زۆر دوعای خێری بۆمن وئەوان دەکرد..



## دكتۆر عەبدول واحيد

گەر ژياننامەكەيتان نووسيوە ئەمەتان بيرنەچێت، چونكە بەس لای من هەيە با ون نەبێت!

يەكەم: ماوەی يەك دوو ساڵ لە نەشتەرگەری بەهۆی كاری توێژينەوەوە لەگەڵيدابووم جگە لە كاروباری عيادە، ئەو بڕە پارەی كە ئەگەڕێنرايەوە بۆ نەخۆشەكان لەلايەن دكتۆرەوە لای من بوو، دانە بە دانەيان من ئەمدايە دەستيان، بە زەردەخەنەوە ئەيوت ئەمە هەديەی ئێمەيە بۆ تۆ، ئەوانيش دەستخۆشيان لێئەكرد و نزای خەيريان بۆ ئەكرد.

ئيتر ئەمە هەموو هەفتەيەك دووبارە ئەبووەوە بە بەردەوامی، ماوەيەك كاری سكرتێريەكەشم پێ سپێردرا واتە پارەی وەرگرتنی سەردانيكردنيش كەوتە لای من، ژمارەی سەردانيكارانيش بە حوكمی ئەوەی سكرتێربووم لای منبوو.

ئەو جگە لە يارمەتی ئەو نەخۆشانەی كە نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدەدان و هەروەها ئاسانكاری بۆ ئەو نەخۆشانەش كردبوو كە ئەهاتن بۆ عيادەكە كە بڕی ٥٠٠٠ ديناری دانابوو، سەرەڕای ئەمانەش نەخۆشی وا هەبوو ئەيزانی وەزعی خراپە پارەی دەرمانەكانيشی بۆ ئەدا، هەبوو نرخی پشكنينەكانيشی بۆ لە ئەستۆ ئەگرت.

دوای يەك ساڵ وتم باشە ئەم پياوە ئەم هەموو يارمەتيەی خەڵك دەدات بەبێ ئەوەی حيسابی بكات، تەنها لەبەر خوا ئەيكات، ئا با من بێم مادام ئاگام لەم هەموو هاوكاريە مادیەی هەيە با حيسابێكی بۆ بكەم، بزانم ئەم دكتۆرە كە لەم هەموو حەقەی خۆی ئەبورێ و ئەيداتەوە بە نەخۆش مانگی چەند ئەكات.

بە تەواوی يارمەتيدانەكانی ڕۆژانی نەشتەرگەری و ڕۆژانی عيادە و پارەی دەرمان و پشكنين حيسابم كرد مانگی ٥٤ مليۆن ديناری عێراقی كە ئەو كات دەيكردە چواردەفتەر دۆلارونيو، ئەگەڕێنێتەوە بۆ نەخۆش، ئەمە تەنها بۆ يەك مانگ.

بۆ ساڵێك ٦٤٨ ملیۆن دیناری عێراقی، واته ٥٤ دەفتەر دۆلار.

تەبعەن ئەو حیسابەم تا ئێستاش بەخۆی نەوتووە ئێوە لە پێشخۆیەوە ئەیبیستن و ئەیزانن.دەی ئێستا هەم ژمارەی نەشتەرگەریەکانی زۆر زیاتربووە لەوساو هەم ژمارەی سەردانیکارانی عیادەکە، هەمووی بووەتە سێ هێندە و چوار هێندە.

دووەم: بەهۆی ڕوداوێکەوە یەکێ لە ئەژنۆکانی بەجۆرێ عەزیەتی پێگەیشت وای لێهات بە دارشەق ئەڕۆی، زۆر هەوڵمدا بزانم ئەژنۆی چی بەسەرهاتووە بە زەردەخەنەوە ئەیوت"شەکوای خالق لای مەخلوق ناکەم" تا دواجار لە نەخۆشخانە کە لەگەڵ دکتۆرەکان بە تێرمە ئینگلیزیەکان قسەیان کرد تێگەیشتم کە تووشی جۆرێ لە حاڵەتی شکان بووە.

بەو حاڵەشەوە ئەچوو بۆ نەخۆشخانە بۆ بینین و چارەسەری نەخۆش، بە دارشەقاوە ئەهات بۆ عیادە، بۆ هەموو هەستان و دانیشتنێك ئەبوایە دارشەقەکانی بەکارهێنابا، وتم کاك دکتۆر تۆ خۆت نەخۆشی و پێویستت بە ئیسراحەتە بۆ پشوو نادەیت لە ماڵەوە ئەیوت" مەسرور گیان ناکرێ لەبەر یەك نەخۆش ئەم هەموو نەخۆشە مەحتەل بن، ئەو خەڵکە نەخۆشن و دێن بۆلای من بۆ چارەسەر" وتم دەی مەگەر خۆشت پێویستت بە ئیسراحەت نیە، دەیوت ناکرێ نەخۆش پشتگوێخەم لەبەر خۆم، وە پێشمخۆشە کە تووشی ئەم حاڵەتەبووم، چونکە هەندێ لە نەخۆشەکان با وانەزانن شیفا بە دەست منە لە جیاتی خوا با بزانن دکتۆریش نەخۆش دەکەوێ.

تەبعەن هەر نەخۆشێك ئەهاتە ژوورەوە ئەیان وت ئەوەچیە کاك دکتۆر خێر چیت لێهاتووە، ئەیوت هیچ نیە تۆزێ عەزیەتی بووە.

ئیتر بە دارشەق یا عەرەبانەوە ئەڕۆیشت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

ئێوارەیەکیان باری ئەمنی لەبەر خۆپیشاندان باشنەبوو سەرەڕای بینینی نەخۆشەکانی و یەکێ لەوان حاڵەتێکی لەناکاوی بۆ هاتە پێش کە دەبووایە هەر ئەو

ئێوارەیە بۆ شەوەکەی نەشتەرگەری بۆ بکرێ، ناردی بۆ نەخۆشخانەیەکی ئەهلی و داخلی کرد، دوای تەواوبوونی نەخۆشەکانی عیادەی ڕۆیشت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەی، وەزعی شار ئالۆزبوو خەڵك خواخوایبوو لە ماڵ بێت و لە دەرەوە نەبێت، بەڵام ئەم جگەلەوەی کە خۆی نەخۆشەو دارشەقی پێیە و وەزعیش نالەبارە کەچی ڕۆی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەی منیش لەگەڵیابووم لەگەڵ خوشکەزایەکی، وەڵا ئیتر کەچووین بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە ئیتر کە ویستی جلەکانی لەبەرکات نەیدەتوانی دابێتەوە لەبەرئازاری قاچی ئیتر من ویستم یارمەتی بدەم لەبەر نەفسیەتی بەرزی حەزی نەکرد وتی بانگی ئازادم بۆ بکە"خوشکەزاکە"

وتم بەخوا بانگی ناکەم فەرقی من و ئەو نیە خۆم جلەکانت بۆ ئەگرم و لەبەریکە

(ئاخر توخوا یارمەتیدانی تۆ ئەبێ چی بێ بۆ من لە لەبەر کردنی پارچە جلێکدا، تۆ بە قاچی شکاوەوە هاتووی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ نەخۆش تا لە ئازار ڕزگاریکەیت، من ئەو تۆزە یارمەتیدانەی تۆم بەرنەکەوێ! )

ئیتر چووە ژووری نەشتەرگەریەکە و سوپاس بۆ خوا نەشتەرگەریەکە بە سەلامەتی و سەرکەوتویی تەواو بوو. نرخی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە بایی ملیۆنێك و پەنجا هەزار دیناری عێراقی بوو. ٦٠٠هەزار بۆ دکتۆربوو، ٤٥٠هەزاریش بۆ نەخۆشخانە، ماڵەکە پارەکەیان دابوو.

دکتۆر عبدالواحید وتی مەسرور بڕۆ بۆ ئیدارە بڵێ با تەواوی پارەکەی منیان بۆ بگێڕنەوە کە ٦٠٠ هەزاربوو، ئیتر منیش چووم پێم وتن و تەواوی پارەکەی دکتۆریان پێدانەوە، کابرا پێمی وت باشە دکتۆر خۆ هیچی هەڵنەگرت، دوایی بە دکتۆری وت تۆ بۆ پارەی خۆت وەرنەگرت وتی ئەوە دیاری منە بۆ ئێوە، وتی باشە گەر هەمووش وەرناگری هەندێك هەر وەرگرە وتی دوعای خەیرم بۆ بکەن.

دوایی کە گەڕامەوە لای دکتۆر وتی مەسرور با ئەو خێرەمان هەبێ، لە دڵی خۆمدا وتم جا تۆ هەر ئەم خێرە و هەر ئەمجارەنەبووە.

دكتۆر عبدالواحيد زۆر دڵی بەو دوعایانە خۆشبوو کە نەخۆشەکان بۆیان ئەکرد، دڵخۆشبونێکی سەیربوو ئەوەندەی ئەو دوعایانە دڵخۆشیان دەکرد شتی تر دڵخۆشی نەدەکرد، هەمیشە لام پرسیاربوو باشە دەبێ چی وای کردبێ وا هێندە خۆشحاڵ دەبێ کە نەخۆشێك دوعای بۆ دەکات.

تا دواتر ڕێم کەوتە بەر ئەو دوعای نەخۆشانە و خودا هێنایە ڕێم، هەستم پێکرد و تەواو حەلاوەتەکەیم چەشت، کاتێ نزای نەخۆشێك لە بنمیچی دڵیەوە ڕووە و ئاسمان بۆ تۆی دەکات ئەو کات ڕاستەوخۆ شتێك وەك ئاماژە و زەنگی خۆشنودی لەناو دڵتەوە هەست پێدەکەیت، ئینجا بۆم دەرکەوت کە بۆچی دکتۆر عبدالواحید وا هێندە دوعای نەخۆشی بەلاوە گرنگەوە حەزی پێیەتی، هەستم کرد ئەمە وەڵامی پرسیارەکەم بوو.

ئێستاش قسەی ئەو خانمە بە تەمەنەم بیرناچێتەوە کە سەیری دکتۆری کرد و وتی "ئای چەندە خەفەت دەخۆم کە دەبینم ڕوخساری ئەمجۆرە پیاوانە سپی دەبێ"– مەسرور دوکانی..

## هەر کەس بیبینایە ئەیووت: "ئەوە مردووە زیندووەکەیە؟!

ڕووداوێکی موعجیزە ئاسا، کاریگەر لەسەر ژیانی د.عبدالواحد، کەزۆر کاریگەری لەسەر ژیانم درووست کردووە، لەو مانگەی پێشووا قائیمەیەکی عەمەلیاتمان هەبوونەخۆشەکانمان الحمدلله هەموویان باش بوون و وەزعیان موستەقیر بوو، ڕۆژی شەممە نەخۆشێکمان بەپەلە گەڕایەوە نەخۆشخانە توشی حاڵەتێك بوو خەریك بوو ئەمرد. بەپەلە هێنامانەوە و بردمانە ناو عەمەلیاتەوە و خوایە ئەبێ چی ڕوویدابێ؟

ئەبێ عەمەلیاتەکە تەقیبێتەوە؟

ئەبێ شتێك ڕوویدابێت نەمانزانیبێ؟

خستمانه ژێر بەنج سەیری عەمەلیاتەکەمان کرد برینەکەمان پاك کردەوە کە سەیرمان کرد هیچ کێشەیەکی نیە، ئەی خوایە ئەم کوڕە گەنجە بۆ وای لێهات.

ئەم هەموو دکتۆرە، چوار دکتوری پسپۆڕ دەستەوسان بووین نەمانئەزانی چیەتی، وتمان الحمدلله هیچی نیە و دکتۆری بەنجەکە سۆندەکەی لەقوڕگی دەرهێناو و نەخۆش هەناسەی وەستا!!!

هەرچەنێکمان کرد هەناسە نەگەڕایەوە، ڕێژەی ئۆکسجین لەسەدەوە دابەزی بۆ حەفتا بۆ شەست بۆ پەنجا و هەتا دڵی وەستا، لا الە الا اللە خوایەگیان.

ئەو برادەرانەی لەگەڵما بوون بەپەلە دەستیان کرد بەزەخت لەسەر دڵی، زەختیان ئەکرد بۆئەوەی خوێن بچێ بۆ مێشکی چونکە سێ دەقە خوێن نەچێ بۆ مێشك، مێشك ئەوەستێ.

لاحول ولا قوە الا بالله کەسووکاری یەك عەشرەت لەدەرەوە چاوەڕێ بوون ئەڵێن کاك دکتۆر نەخۆشەکەمان چۆنە؟

لا الە الا اللە هیچ جوابێکمان پێ نیە.

من هیچم پێنەکرا برادەرەکانم کە دکتۆری پسپۆڕ بوون ئەوانیش محاوەلەیان ئەکرد دڵی بێننەوە و زەخت لەدڵی بکەن.

دکتۆری بەنجەکەش محاوەلەی ئەکرد ئۆکسجینی باتێ هەناسەی باتێ، بەهەموومان هەر خەریك بووین، بەڵام هیچم پێ نەکرا سوجدەیەکم برد و گوتم خوایە ئەمە لەدەست ئێمە دەرچوو تەواو.

هیچ دەسەڵاتێکمان نەما لەگەڵیا.

ئەمێنێتەوە سەر قاپیەکەی تۆ، دەسەڵاتی تۆ، ئێمە چی بکەین؟

ئەم خەڵکە چۆن تێ ئەگا ئەمە هەڵەی ئێمە نیە، چۆن حاڵی ئەبێت؟

قەدەری خوای گەورە نەخۆش دڵی هاتەوە و کەوتەوە لێدان، بەڵام هۆشی نەهاتەوە، بەڵام هەناسەی نەهاتەوە.

بردمانەبووژانەوە، خەمی دوو شتمان بوو، خەمی سیەکانمان بوو توشی ئیلتهابێکی بەقوەت بووبوو و ئۆکسجینی دائەبەزی، خەمی گورچیلەیمان بوو وردە وردە گورچیلەکانی لەئیش ئەکەوتن و گورچیلەی ئەوەستا، گورچیلەکانی وردە وردە دائەرووخا.

کریاتینین لەیەکەوە بوو بە دوو و ڕۆژی دواین بووبە سێ و ڕۆژی سێیەم بوو بەچوار.

تەواو تەواو بێتاقەت بووین.تەواو نارەحەت بووین.

ڕۆژێکیان سەعات دەی شەو گەڕامەوە ماڵەوە پاش عیادەو بینینی نەخۆشەکە لەخەستەخانە، موقیمەکەم تەلەفوونی کرد گوتی کاك دکتۆر نەخۆشەکە مرد!!!

وتم: چۆن مرد؟

وتی: کاك دکتۆر دڵی لێ نادا و زەختی سفرە نەبزی سفرە، هیچی نەماوە ئۆکسجینی سفرە هیچی نەماوە، منیش ناکرێ کەسووکاری ئاوا بەجێ بێڵم و کوڕێکی گەنجی کاسبکاری تاجری تازەیان لێ ڕۆیشتووە، جەرگی دایك و باوکەکەشی بسووتێ، کۆمەڵێ منالیشی هەتیو بکەون زۆر لەسەر دڵم توند بوو، بەپەلە هەستام گەیشتمە خەستەخانە، بەدکتۆرەکەم وت بۆ وەستاوی؟؟

وتی: کاك دکتۆر گیان من تەواو، من چی لێ بکەم؟؟

وتم: واڵم بەرێ دەرمانم بەرێ موغەزیم بەرێ، سبحان الله ئەم نەخۆشە والله والله لەو بەڵایەدا بوو ڕووح لەم ئینسانەیا نەمابوو بەڵام سبحان الله، خۆشمان نەمانزانی شتەکانمان دایە و هۆشی هاتەوە و زەختی بەرز بۆوە و نەبزی هاتەوە و ئاهێکی پیادا هاتەوە، کەسووکاری هەموو لەدەرەوە، بێتاقەت و چاوەڕێی قسەیەکی ئێمەن جەنازەیان تەسلیم کەینەوە یان چیان لێ بکەین؟

شەو تا درەنگ بەدیار ئەم نەخۆشەوە، هەتا بەیانی بەسەر سەری بووم ئاگام لەم نەخۆشە بوو.

بەیانی، زانیمان ئەمرێ ئەم نەخۆشە هیچ مەجالێکی تیا نیە چونکە دووەم جارە دڵی بووەستێ و زەختی دابەزێ و هەموو دکتۆرەکان ئەیانووت: کاك دکتۆر گیان تۆ ئاسنی سارد ئەکوتی ئەم نەخۆشە ئەمرێ ئەمرێ، منیش ئەمزانی ئەمرێ، بەڵام ئەمووت: لەڕۆژێکا بمرێ هیچ نەبێ لەگەڵیانا بچمەوە بۆ شارەکەی خۆیان و هیچ نەبێ سەرەخۆشیەکیان لێ بکەم،

ئینجا ئەوەی دڵم پێی ئەسووتا ئەیانووت کاك دکتۆر دایك و باوکی زۆر بێتاقەتن بەتایبەتی دایکی جەرگی ژان ئەکا، منالەکانی ئەگرین ئەڵێن کوا باوکمان؟

منیش سبحان اللە واللەی منالەکەی خۆم بووایە ئەوەندە بێتاقەت نەئەبووم، ئیتر زۆر بێتاقەت بووم، ڕۆژی دووشەممە کە چووم بۆ عەمەلیات، قسەم لەگەڵ مامۆستایەکا کرد وتم: مامۆستا، من زۆر بێتاقەتم نەخۆشێکم زۆر بێتاقەتە، چونکە من هەموو نەخۆشێکم وەك کەسووکاری خۆم سەیرئەکەم، بەڵکو ئیستیخارەم بۆبکەی لەشەونوێژدا، بۆبەیانی وتی: کاك دکتۆر من نازانم باسی چیەکەی، بەس خەوێکم پێتەوە بینیوە، وتم: خێر؟

وتی: لەخەوەکەما خۆشویستمان پێی فەرمووی:

(وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ، فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ ).

کاك دکتۆر لەخەوەکەما پێیان وتم، وتیان بەدکتۆر عبدالواحید بڵێ با شیری باتێ، ئاوی باتێ و لەئاو هەڵیکێشێ!!

ئێمە ئەیگێڕینەوە بۆ دایکی چاوی دایکی پێی گەش ئەبێتەوە چۆن موسا گەڕایەوە بۆ دایکی، کاتێك کردیە ناو ئاوەکەوە، ئەخیری ئەیەتەکەشی بەوە کۆتایی هێنا: فَرَدَدْنَاهُ إِلَي أُمِّهِ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ... ئێمە ئەومان گێڕایەوە بۆ لای دایکی بۆئەوەی کە چاوی گەش بێتەوە، وتی: کاك دکتۆر من ئەو خەوەم بینی بەس نازانم مانای چیە؟

وتم: ئەوخەوە هی منە، من تێئەگەم باسی چیەکا؟

گەڕامەوە بۆلای نەخۆشەکە و وتم ئادەی شیرم بۆ بێنن و سۆندەی بۆ دانێن لە لووتیا و شیر بکەنەگەدەیەوە.

وتیان: کاک دکتۆر ئەم نەخۆشە شیری چیەدەدەیتێ؟؟ ئەم نەخۆشە نابێ شیر بخوا، وتم: سۆندەی بۆدانێن هەقتان نەبێ؟ ئادەی موغەزیم بەنێ، وتیان کاک دکتۆر موغەزی چی؟ وتم: موغەزیم بدەنێ، باڵانسی میز و زەخت و سەنتەری بەینی بەڕام ئەکرد وئینجا موغەزیم دایێ و شیرم دایێ، وتیان: کاک دکتۆر نەخۆشەکەمان چۆنە؟

وتم: ان شاءاللە نەخۆشەکە بەپێی خۆی ئەچێتەوە بۆلای دایکی.

وتیان: کاک دکتۆر تۆ دوێنێ ئەتووت ئەم نەخۆشە نامێنێ یەعنی چی بەپێی خۆی؟؟

وتم: ئەچێتەوە و بەپێی خۆشی ئەینێرمەوە ان شاءاللە، عەجیب ئەو دکتۆرانەی لەویا بوون وایان ئەزانی لەبەر خەفەت و بێتاقەتیم لەسەر نەخۆشەکە خەڵەفاوم، بەقسەیان ئەکردم بەس باوەڕیشیان نەئەکرد، ئەیانووت دکتۆر عبدالواحید ئەڵێ ئەم نەخۆشە چاك ئەبێتەوە، گورچیلەی وەستاوە، وردە وردە هەناسەی ئەوەستێ، وردە وردە کۆتایی پێ دێ و ژەهر لەلەشیا کۆبۆتەوە، ئەمە چی نەجاتی ئەدا؟

وتم: بەپێی خۆی ئەڕواتەوە، سبحان اللە هەر دکتۆر ئاوی لێ ئەگرتەوە و بەخێزانەکەیم ئەووت ئاوی بەنێ.

ئەم نەخۆشە، نزیکی ٣٥ دانە ڕۆژ لامان مایەوە، بەموعجیزە هەر ئەوەی کە بینرابوو، ( فَرَدَدْنَاهُ إِلَي أُمِّهِ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا ) لەکاتێکا دایکی هات بۆلای بۆنەخۆشخانە وتم بادایکی نەیبینێت و خەوەکە بێتە جێ، بچێتەوە بەپێی خۆی بۆلای دایکی نابێ دایکی بێ سەردانی بکات، ئەمەوێ ئەم بچێتەوە بۆلای دایکی، بەڵام جەماعەت بۆم باس نەئەکردن کەس تێم نەئەگەیشت باسی چیەکەم؟؟

هەتا وامان لێ هات پاش عیلاج تەبیعیەکی زۆر پاش دەرمانێکی زۆر تووشی بەکتریا و میکرۆبێك ببوو، ئەمریکیەکان لەجەنگی کەنداودا تووشیان بووبوو،

میکرۆبێك بوو کەس عەقڵی بۆی نەئەچوو لەهیچ شوێنێکا، دکتۆرێکمان هەبوو هی بەکتریا لەناومان، وتی: یەکەمجارە لەژیانما ئەم میکرۆبە ببینم، نازانم لەکوێوە بۆی هاتووە، لاحول ولا قوە الا باللە، میکرۆبێك لەئەنفلەوەنزا و تاعونەکان خراپتر، بەڵێ، نەخۆشەکە دوێنێ هاتەوە بۆلام، بۆ عەمەلیات، هەر کەسێك ئەیدی ئەیووت ئەوە مردووە زیندووەکەیە؟!

## یادەوەری و ژیاننامە: بەشی یەکەم

بەڕاستی ژیان قوتابخانەیە، بۆیە پێویستە سوود لەئەزموونی خۆمان و خەڵکی وەربگرین، ئەوانەی ژیاننامەو یادەوەریەکانیان ئەنووسنەوە خزمەتێکی گەورە دەکەن، جارێك پرۆفیسۆر  موحسین عبدالحمید وتاری بۆداین، منیش وتم: خۆزگە ژیاننامەی خۆتت تۆماربکردایە کە بەهێندەی ئەوکتێبانەی نووسیوتن سوودی دەبوو، جەنابیان وتی: بەڵێ نووسیوومە شەش سەد لاپەڕەیەك ئەبێت بەڵام ئەبێ لەرۆژی خۆیدا بلاوی بکەمەوە جارێ کاتی نەهاتووە.

قورئانی پیرۆز کەیەك لەسەر سێی چیرۆك وبەسەرهات و ژیاننامەی پێغەمبەرانە ئەو راستیە ئەسەلمێنێت، بۆیەئێمەش پێویستە گرنگی بدەین بەو لایەنە، جا من ئاوا لێی حاڵی بووم بۆیە زۆر ژیاننامەو یادەوەریم خوێندۆتەوە، وەئەگەر کەسانێکیش لەچاوپێکەوتنێکدا باسێکی خۆیانیان کردبێت وەمزانیوە هەنگونیم لەدارا دۆزیوەتەوەو زوو تۆمارم کردووەو بلاوم کردۆتەوە.




یەکێ لەوانەی کە سەرسام بووم بە بەسەرهاتەکەی کەسایەتی ئوردونی بەرەچەڵەك فەلەستینی تەلاڵ ئەبو غەزالەیە، ئەم کەسایەتیە ساڵی ١٩٣٨ لەیافای فەلەستین لەدایك بووەو باوکی باخ وبێستانی زەرعاتی زۆری بووە، سەیارەی زۆری هەبووە کاریان کردووە لەنێوان یافاو قودسدا، نوێنەری کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت بووە..

لەساڵی ١٩٤٨ دا کە جوولەکە فەلەستینی داگیرکردو سەرکردە خیانەتکارەکانی عەرەب رێیان بۆخۆش کردن، رۆژێك جاڕدرا لەبڵندگۆکانەوە تاسەلامەت بن شار بەجێبهێڵن، تەقە ئەکرا لەهەمولایەکەوە، ئەوانیش دوودڵ بوون ئەوە دەنگی عەرەبەکانە یان جوولەکە، هەموخەڵکی ماڵ وحاڵ وسەروەت وسامان و زەرعاتیان جێهێشت و چوون بەرەو کەناری دەریا وسواری کەشتی بوون، ئەبوایە بەرۆژێك بگەیشتنایەتە صەیدای لوبنانی کەچی دووهەفتە لەکەشتیدا مانەوە، لەملیۆنێك ودووسەدهەزار دانیشتوان حەوت سەدو پەنجا هەزاریان ئاوارەی ناوخێمە بوون لەلوبنان.. خەڵکی بڕوایان نەدەکرد درێژە بکێشێت کەبەداخەوە لەوساوە تائێستا درێژەی کێشاوە ئەو نەهامەتیەی ئەوان مەگەر بەسەرکوردا هاتبێت لەئەنفال و جینۆسایدی بەعسدا..

تەلاڵ کە ئێستا ئەندامی مەجلیسی ئەعیانی ئەردەنیەو کۆمپانیای هەیە لەسەد وڵاتا باسی نەهامەتی و بیرەوەریە تاڵەکانی ئەکات لەپەڕاوێکدا بەناوی (بەتانیەکەئەبێت بە

چاکەت) جا خوا حەزکات تۆزێکیتان لەزمانی خۆیەوە بۆباس دەکەم هیچ نەبێت ئێمەش گەلێکی خێرنەدیوین باشتر هەست بەئازاری بەرامبەر ئەکەین..

**یادەوەری و ژیاننامە: بەشی دووەم**

دکتۆر تەلاڵ تۆفیق ئەبو غەزالە لەیادەوەریەکانیدا بەناوی (بەتانیەکە ئەبێت بەچاکەت) ئەڵێت: کەسواری کەشتیەکە بووین لەیافاوە بەرەو صەیدا من منالێکی دەساڵان بووم هەندێکم بینی تووشی سەرسوڕان و دڵتێکچوون بوون، یەکێکیش کۆچی دوایی کرد، زۆرمشت ومریان کرد چی لێبکەن، سەرەنجام بڕیاریان دا بیخەنە ناو دەریاوە. لە صەیدا باوکم قایل نەبوو بچینە ناوخێمەوە، چووینە دێی غازیە کەحەوت کیلۆمەتر لە صەیداوە دووربوو، شوقەیەکی دوو ژووریمان گرت بەکرێ کە ئەندامانی خێزانەکەمان پانزە کەس بووین.

هاوەڵێکی باوکم بەناوی رەزا خەلیفە کە حاجیان پێدەووت ولەرێی بازرگانیەوە بووبووە دۆستی باوکم، وەك موختاری دێ و دەمڕاستیان بووهاوکاری کردین، باوکم کەزۆر دەوڵەمەندبوو، وەیەکەم کەس بوو کە کارگەی سەهۆڵی لە فەلەستینا دانا هەژارکەوتو ئەوەندەش نەفسی بەرزبوو یارمەتی وپیتاکی وەرنەدەگرت، زۆر خەفەتی ئەخوارد، پیاوێکی خاوەن بەهای باڵا بوو، هەژاری و پیری بڕستی بڕیبوو زۆر قسەی دەوت بە سەرکردە عەرەبەکان کەفەلەستینیان فرۆشت لەپیناو مانەوەیاندا لەسەرکورسی دەسەڵات..

باوکم ١٠٧ ساڵ ژیا بەڵام بەتەندروستیەکی باش کە تائەوتەمەنەش نەچوو بەلای مەیو جگەرەو حەرامداو بەو باروزرووفەشەوە گۆچانی نەگرت بەدەستیەوە. ئەوەندەی متمانە بەخۆی هەبوو قەرزی دابوو بەکابرایەك لەکاتی دانەوەیدا کابرا نکوڵی لێکرد، چووە لای قازی شکاتی لێکرد، قازی وتی: هەرچەند تۆ نووسراوت پێنەنووسیوە بەڵام سوێند بخۆ بەخوا چونکە پیاوێکی بەرێزی هەموو هەقێکت

بۆوەردەگرم، باوکم وتی: هەرگیز سوێند ناخۆم بەخوا لەسەرماڵێکی دونیا ناکەسێکی وا بیخوات تا دەستم بکەوێتەوە، کەمن شتێکم وت سەنەدە، وتی: ئاخر خەڵك واناڵێن و رەنگە بڵێن: درۆدەکات، باوکم وتی: ئەوەی من بناسێت ئەزانێت راست دەکەم، باوکم سوێندی نەخواردو پارەکەی فەوتاوحەواڵە بەخوای کرد..



باوکم ئەوەی بەچەند ساڵی تەمەنی پەیدای کردبوو، وە بەتەمابوو وەك میرات بۆمان بەجێبهێڵێت لەشەوو رۆژێکدا هەمووی لەدەستدا، بەڵام چونکە خاوەنی بەهاکان بوو ئێمەشی لەسەر ئەوە پەروەردەکردو خەمی بوو خوێندن تەواوبکەین.

باوکم چونکە سەربازی کردبوو لەسوپای عوسمانیدا کەسێکی رێککار (منضبط) بووهەمووبەیانیەك سەعات پێنج هەڵی دەستانین لەخەوو ئەیووت: هەستن سەربازەکان.. خوا بەیانیان رزق ورۆزی بەشدەکات.

قوتابخانەکەم دووسەعات لەماڵمانەوە دووربوو بەپێ دەچووم، دەوامیشمان سەعات حەوت چارەکێ کەم دەستی پێدەکرد ناچار شەوم بەکۆڵەوە دەگرت، خۆئەگەر بارهەڵگرێکی سەوزە بۆم بووەستایە ئەوە خۆم بەپاشا ئەزانی، رۆژێکیان باران بوو، نەچەترم پێبوو نەپاڵتۆ بۆیە کەگەیشتمە قوتابخانەئەتووت ئێستە لەناو ئاو هاتوومەتە دەرەوە قوتابیەکان پێکەنین پێم وەیانزانی بەئارەزوو وام لەخۆم کردووە، دواتر مامۆستاکە پێی وتبوون کەمن دووسەعات بەپێ رێدەکەم بۆخوێندن، بۆیە بۆبەیانی کەچوومە پۆلەوە هەموو لەبەرم هەستان و چەپڵەیان بۆلێدام وەك کەفارەتێك بۆهەڵەکەی رۆژی پیشتریان..

## یادەوەری و ژیاننامە: بەشی سێیەم

دکتۆر تەلاڵ تۆفیق ئەبوغەزالە ئەندامی مەجلیسی ئەعیانی ئەردەنی لەیادەوەریەکانیدا ئەلێت: راستە نەبوونی وهەژاریمان بەسەرهات بەلاَم نیعمەتێکی گەورەبوو کەمنی درووستکرد، لەو هەموو دەولەمەندیەوە لەیافای فەلەستین هەژارکەوتین ودەربەدەربووین بەجۆرێك کەدایکم بەتانیە شڕێکی پارچەپارچەکردو چاکەتێکی دروست کرد بۆم، کەچوومە قوتابخانە هەموو بەلایانەوە دیمەنێکی سەیرو عەنتیکەبوو گاڵتەیان پێکردم، منیش ئەوەندە متمانەم بەخۆم بوو وتم: ئەوە ئێوە ئێرەیی بەمن ئەبەن، ئێوە نازانن ئەوە ئیحرامە لەبەرمدا.

کەرۆژانە دووسەعات بەپێ دەچووم بۆقوتابخانە بەدەم رێوە بەوانەکانمدا ئەچوومەوە، ئنجا فرسەتێکی باش بوو کەخۆم لەگەڵ خۆمدابم وبیربکەمەوە کەئایاوەك باوکم بێکاربم یان کارێ بکەم وداهاتوویەك بۆخۆم فەراهەم بهێنم..

ناچاربووم کەئەبێ هەرچیم کردووە یەکەم بم لەبەرئەوەی مینحەی خوێندن وەرگرم.

کەچوومە سانەوی ئەوەندە ئینگلیزیەکەم باش بوو وانەم بەقوتابیەکچەکانی سانەویەك ئەوتەوە، ئنجا شتم وەردەگێڕا ئینگلیزیەکەم زۆرباش بوو، هەروەها عەرەبیەکەشم زۆرباش بوو بەهۆی ئەوەی هەموو قورئانم بەتەرتیل و تەجویدەوە لەبەربوو (کاتێك هەموو قورئانم لەبەرکرد سەعاتێکیان بەدیاری دامێ کەیەکەمجاربوو سەعات بکەمە دەستم ).

ساڵانە لەعەرەبی وئینگلیزیدا ئەبەخشرام وتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵم تیایاندا نەئەدا.

لەزانکۆی ئەمەریکی لەلوبنان مینحەی خوێندن ومانەوەو خواردنم وەرگرت، کەهەفتانە ئەڕۆشتمەوە بۆماڵی باوکم ئەو میوەهاتەی لەگەڵ خواردنەکاندا ئەیاندایێ کۆم ئەکردەوەو ئەمبردەوە لەگەڵ ئەوان ئەمانخوارد.

کەئەگەڕامەوە بەشەمەندەفەر پارەی بیتاقەم پێنەبوو بۆیە کەئەمزانی موفەتیشی شەمەندەفەرەکە ئەگەڕێت لەوێستگەیەك دادەبەزیم ودواتر سواری شەمەندەفەرێکی تر ئەبووم تا پێم نەزانن.

لەزانکۆ پێشبڕکێیەك لەنێوان هەموو زانکۆکانی ولاّتە عەرەبیەکان ڕاگەیاندرا بۆ کورتە چیرۆك وکورتە وتار، منیش کە تالاّوی دەربەدەریم چەشتووە کورتە چیرۆکێك وکورتە وتارێکم لەوبارەیەوە نارد، ڕۆژێك سەرۆکی زانکۆ بانگی کردم وتی: تۆ بۆ ئیدارەو ژمێریاری دەخوێنی بۆنابیتە چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوان، وتم: بۆ؟ وتی: هەردوو بابەتەکەت یەکەم بوون و ئەوەش پێنج سەد جونەیهت خەلاّت بۆهاتۆتەوە، یەکەم جاربوو بڕە پارەی وا بەخۆمەوە ببینم..

## یادەوەری و ژیاننامە: بەشی چوارەم

دکتۆر تەلاڵ ئەبو غەزالە لەدرێژەی یادەوەریەکانیدا ئەڵێت: باوکم زۆر هیوای پێم بوو، هەمیشە دەیووت: تۆ ببە باوکیان و باڵ بەسەرهەموویاندا بکێشە، ئەوە وای لەمن کرد کە لەمناڵیدا وەك باقی مناڵانی تر یاری نەکەم وکات بەفیڕۆ نەدەم، خەمی خۆپێگەیاندن و کارکردنم بێت، لەسانەویدا بەیانیان سەعات پێنج ئەچوومە عەلوەو دووسەعاتێك کاری ژمێریاریم ئەکرد، ئنجا سەعات حەوت ئەگەڕامەوە ماڵەوەو ئاوێکم ئەکرد بەخۆمداو ئەچووم بۆ خوێندن.. کەئەشهاتمەوە ئەچووم لەسانەویەکی کچان ئینگلیزیم پێئەوتن..

برایەکم کە پانزەساڵ لەخۆم گەورەتر بوو لای کەسێك ئیشی دەکرد لەکارەکەی دەریان کرد بەهۆی ئەوەی بەیانیان دوادەکەوت، چوومە لای خاوەن کارەکەو تکاوڕجام بۆکرد کەوەری بگرێتەوەو بۆ سێ مانگ هیچی نەداتێ، ئەگەر پابەند بوو بەکارەکەیەوە بەتەواوی دوای سێ مانگەکە هەموو هەقەکەی بداتێ، خاوەنکار لای سەیربوو من کەمناڵتربووم لەبراکەم وئاواقسەم دەکرد، سەرەنجام قایلم کردو، پەیمانم لەبراکەم وەرگرت کەبەیانیان زوو بچێتە سەرکارەکەی..

باوکم فێری کردم هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە، کات ئەوکاڵایەیە کە ئەتوانی دروستی بکەیت بەبێ مەوادی سەرەتایی، پێموت: مەبەستت چیە لەدروستکردنی کات؟وتی: وادانێ هەشت سەعات نووستوویت، ئەوەی کەئەمێنێتەوە شانزە سەعاتە ئەتوانی بەرنامەی بۆدابنێیت و بەرهەمداربێت، وەبەپێچەوانەشەوە ئەتوانی بەفیڕۆی بدەیت.. کە ئەو بڕیارەش لای خۆتە..

رەنگە وابزانن من بێتاقەت ئەبووم لەوەی دووسەعات بەپێ ئەچووم بۆقوتابخانە، لەکاتێکدا هاوپۆلەکانم بەگشتی وەزعیان باش بوو، نەخێر هەرگیز خۆم بەهەژار نەئەزانی وپێم ناخۆش نەبوو کەتەنها جووتێك پێڵاوم هەبوو، ئەگەر جووتێ نەعلیشیان بۆ بکڕیمایە خۆم پێوە بائەدا.

لەو رێ دووروو درێژەدا بیرم ئەکردەوەکە لەداهاتوودا چەك هەڵبگرم و هەقی خۆم ومیللەتەکەم لە جوولەکە وەحشیەکان بکەمەوە، راستە من تازە پێدەگەیشتم بەڵام ئەگەرەکانم تاوتوێ ئەکرد لەمێشکمدا، هەندێ جار ئەموت واچاکە کاری سیاسی بکەم یان ببمە رۆژنامەوان..

هەر لەمناڵیەوە فێری پارە پەیاکردن بووم، بۆکسێکی چلوورەم ئەکردەشانم ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان هاوارم دەکرد: چلورە.. چلوورە، بەڵکو یەکێك لێم بکڕێت.

پەڕاوی (التخطيط الإستراتيجی) (ترودیسکی)یم وەرگێڕا لەئینگلیزیەوە، پاشان ماوەیەکیش لەدوکانێکی تەسجیلات کارم کرد وئەوەش خۆشەویستی بۆهونەرو مۆسیقا لادروست کردم وتائێستاش ئەو حەزەم بەردەوامە.

خۆم بەبەرپرسیاری یەکەم زانیوە بەرامبەر خێزانەکەم کەئەوەشم بە پاداشت ئەزانی، چونکە سەروەرمان دروودی خوای لەسەر ئەفەرمووێت (خیرکم خیرکم لاهلە).

باوکم هەموو شەوێك تاهەموومان نەهاتینایەتەوە کە ١٣ نەفەربووین و قاچی هەمومانی نەژماردایە کە ٢٦ قاچ بووین، ئۆقرەی نەدەگرت و نەدەخەوت، کەبراکانم جاری واهەبوو درەنگ ئەهاتنەوە.

جا پاش تەمەنی زیاتر لەهەشتا ساڵ لێیان پرسی تاکەی ناسرەوی؟ دکتۆر تەلاڵ وتی: دڵ کەهێمای ژیانە وەستان و پشوودانی یانی مردن، بۆیە بەردەوام منیش کاردەکەم وناسرەوم..

بەڵێ ئەوە بەشێکی کەمبوو لەبەسەرهاتی ئەو کەسایەتیە ماندوونەناسە کەبەو هەموونارەحەتیەوە توانی ببێتەکەسێکی ناسراووکاریگەرلەسەر ئاستی جیهان..

## یادەوەری و ژیاننامە: بەشی پێنجەم

تەلاڵ ئەبوغەزالە لەیادەوەریەکانیدا (بەتانیەکە ئەبێتە چاکەت) ئەڵێت: بەهێزترین چەك بەلای منەوە خۆشەویستیە، تەنانەت ئەوەی کەرقی لێمەو شانەخرێم لەگەڵ دەکات خۆشمدەوێت، چونکە ئەبێتە هۆی ئەوەی کەمن خۆم گورج بکەمەوەو هۆشیاربم ومنیش پێشبڕکێی لەگەڵ بکەم.

پاش ئەوەی لە زانکۆی ئەمەریکی بەپلەی یەکەم دەرچوو ساڵی ١٩٦٩ کەوتە کارکردن و کۆمپانیایەکی جیهانی دانا لەبواری راوێژکاری ژمێریاری و بەڕێوەبردنو خاوەنداریێتی فیکری کە لەرێی سەدوچل کۆمپانیاوە لە زیاتر لەسەد ولاٌتا خزمەت پێشکەش دەکەن.ساڵی ١٩١٠ شا عبداللە لە ئوردون داینا بە ئەندامی مەجلیسی ئەعیان، دواتر بەهۆی ئەوەی کەئەم دوو رەگەزنامەی هەیە دەستی لەکارکێشایەوە کەلەیاسادا نابێ ئەوەی دوو رەگەزنامەی هەبێت ئەندام بێت، کەچی جارێکی تر شاعبداللە داینایەوەو لەساڵی ٢٠١٦ ویسامی سەربەخۆیی پێبەخشی.




ساڵی ٢٠٠٩کرا بەسەرۆکی ئیئتیلافی جیهانی تەکنۆلۆجیای مەعلومات وپەیوەندی و پەرەپێدانی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان.جا ناوبراو چەندەها پلەو پۆستی تری هەبووەو چەند ویسام وخەلاٌتی تری وەرگرتووە، جا ئەم کەسایەتیە ئەوەی من پێی سەرسام بووم ئەوەیە کە لەکەوتن و هەژاری و دەربەدەری ولاٌتانەوە توانی بەئیزنی خوا هەستێتەوەو ببێتە یەکپارچە لەکارو هەوڵ وتێکۆشان، سابەڵکو ئەمەش هاندەرێك بێت بۆهاولاٌتیانی خێرنەدیوی ولاٌتەکەم، هەرچەندە بەداخەوە هەرئەوەندەم زانیاری لەسەردەستکەوت و ئەگەر ژیاننامەکەیم لەداهاتوودا بەتەواوی دەست بکەوێت هەوڵ ئەدەم بیکەم بەکوردی کە دیارە ئەزموونی زۆری تیایە بۆهەمووان...

## یادەوەری و ژیاننامە: بەشی شەشەم

دکتۆر تەلاڵ ئەبو غەزالە لەیادەوەریەکانیدا ئەڵێت: لەرێگەمدا بەلای باخ و بێستاندا ئەڕۆیشتم سیاج کرابوون هەرگیز دەستم بۆمیوەیەکیان نەدەبرد، بەلاّم هەنجیری خراپ هەبوو بەدارەوە کەهی کەس نەبوو ئەوەم لێدەکردەوە ودەمخوارد، پیاوێك لێی پرسیم بۆلەو وشکهەلاّتوو خراپە ئەخۆیت بۆناچیتە ژوورەوە لەو باخە هەنجیری باش بخۆی، منیش وتم: ئاخر ئەوە پەرژینی بۆکراوەوخاوەنی هەیە، وتی: دەی ئەوە باخی منە هەموو بەیانیەك کەهاتی بچۆ هەنجیر لێبکەرەوەو بیخۆ.. ئالەوێدا تێگەیشتم کەدەستپاکی دەرگایە بەرەوڕۆزی ومرۆڤ بەحەرام نابێت بەهیچ..

## چوونە بنج وبناوان

دونیا بووە بەدونیای راکەڕاك و پەلە پەل وهەڵپەی زۆرکردن (ألهاكم التكاثر)، کات بەخێرایی دەڕواو هەرئەوەندە ئەزانی سەری مانگ و سەری ساڵە، من بۆخۆم کە رەمەزانان وتارئەدەم بۆنوێژخوێنان لەمزگەوتەکان، ئەڵێم پار ئەم وەختە لە خزمەتتاندا بووم، ئەها ساڵ چەند زوو رۆیشت، بڕواتان بێت وەك چاو تروکاندنێکەو هیچی تر..

لە فەیس بووك تێبینی ئەکەم بابەتێك چەند دێڕێك زیاتر بێت خوێنەری نابێت، بۆیە بۆخۆم ناچاردەبم باسی کەسێك بەدووجار یان زیاتر دابەزێنم، کەسانێکیش ئەبینم لەم هۆکارە مەزنەی سەردەمدا وێنەیەکی خۆی یان شتێکی کەم بایەخ بلاّودەکاتەوە، کە لەجیاتی ئەوە ئەتوانێت بابەتێکی بەسوود هی خۆشی نەبێت هی کەسێکی تر شەیربکات و ببێتە شەریکی پاداشتی..

ڤیدیۆیەکمان شەیرکرد بانگخوازێك وتارئەدات لەئاهەنگێکی هاوسەرگیریدا لەکوەیت و ئەڵێت: هاوسەر ئەوەندە بەرێزە کە خۆشەویستمان دروودی خوای

لەسەر لە مەیدانی جیهادا ولەمزگەوت یان هەرجێیەکی تر گیانی نەسپارد، بەڵکو سەری لەسەرسنگی خاتوو عائیشە بوو کە گیانی موبارەکی سپارد.. ئنجا وتی: لاالە الا اللە و کۆچی دوایی کرد..

لە ئەنتەرنێت گەڕام بەدوای زانیاری لەسەر ئەو بانگخوازە کەناوی محمود عبدالباقیە، بۆم دەرکەوت کە تەمەنی ٨٥ ساڵێك ئەبێت، خەڵکی فەلەستینەو رەگەزنامەی ئەردەنی هەیەو دەرچووی کۆلیژی یاسایەوپەنجا ساڵە هاتۆتە کوەیت و ماستەری خوێندووە لە دیراساتی ئیسلامیدا.. چلو حەوت ساڵە دەزگای زەکاتی ئەل عوسمانی دامەزراندووە لەگەڵ چەند کەسێکی ترداو خزمەتی زۆریان بەخەڵکی کوەیت و دەرەوەی کوەیت کردووە..

ئنجا هەموو رۆژێکی رەمەزان و هەموو دووشەممەو پێنج شەممەیەکی هەفتە بانگخوازانی کوەیت و دەرەوەی کوەیتی دەعوەت کردووەو موحازەراتی بۆ رێکخستوون تا خەڵکی سوودمەند بن لێیان کە وەك خۆی دەڵێت زیاتر لە هەزارو سەد بانگخوازی دەعوەت کردووە بۆ وتاردان.. هەروەها کەسێکی کۆمەڵایەتی بووەو بەسەدان کێشەی خەڵکی چارەسەرکردووەو زۆرگرنگی داوە بەمناڵانی مزگەوتوهەمیشە خۆشەویستی چاندووە لەناو خەڵکیداوهەرگیز نەیهێشتووە کاتی بەفیڕۆ بچێت لەغەیری رەزامەندی خوادا... ئەوەی سەیرە لەبەرواری تەواوبوونی ناسنامەکەی کوەیتی مرد!!

جا کەسێك بۆ بانگەواز ژیابێت دیارە بەلوتف وکەرەمی خوا بەدەم بانگخوازیشەوە ئەمرێت و دوا وشەشی (لاالە الا اللە ) ئەبێت و دیارە لەسەر هەرچیەکیش بمرێت ئاوا زیندوو ئەکرێتەوە.. خوایە بەهەموو ناوە پیرۆزەکانت لێت ئەپاڕێمەوە بەبانگخوازی بمانژێنەو بمانمرێنەو زیندوومان بکەرەوە هەروەك ئەو پیاوە بانگخوازە...ئامین.. یارب العالمین..






**موراد هۆفمان**

**سیاسەتوان،دیپلۆماتکار،بیرمەندی ئەڵمانی،**

**وەفاتی کرد.**

ئەم زانا بەڕێزە، کە ساڵی **١٩٣١**لەدایکبووە، دکتۆرای یاسای بەدەستهێناوە لە زانکۆی هارڤارد، باڵیۆزی ئەڵمانیا بووە لە مەغریب و جەزائیر.

لەنێوان ١٩٦١ تا ١٩٩٤ لەوەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کاریکردووە، حەزی لە سەمای باڵێ بووە، پسپۆڕیی لە

ئـــاســـايـــيشی ئـــەتـــۆمیدا بـــــووە، بـــەڕێـــوەبەری بـــەشی زانـــیاریـــەکان بـــووە لــــــە نـــاتـــۆ..

لـــــەســـــەرەتای ژیـــانیدا تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بووە، جەڕاحەکە پێی وتووە، ئازیزەکەم وادیارە خوا بۆ شتێکی تایبەتی تۆی هێڵاوەتەوە، چونکە کەس نییە لەم جۆرە ڕووداوانە دەرچێت..

ساڵی ۱۹۸۰ موسڵمان بووە، دەستیکرد بە خوێندنی قورئان، دواتر لەبارەی قورئانەوە وتی: هەموو شتێك لەجێی خۆیدایە.. تەواو لۆجیکە. دوای ئەوەی کە موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا دژایەتیان کرد.. ناحەزانی ئەیانووت لەمەولا ئەبێت خانمانی ناو وەزاەتی دەرەوە حیجاب بپۆشن..

هاوڕێکانی بەلایانەوە سەیر بوودەیانووت: چۆن ئاوا گوێ نادەی بەو هێرشانەی دەکرێنە سەرت، لەوەڵامدا وتبووی بڕۆن ئەم ئایەتە بخوێننەوە ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾..

چەندین پەڕتووکی نووسیوە لەبارەی ئیسلامەوە لەوانە ﴿ڕۆژانەی موسڵمانێکی ئەڵمانی، الاسلام كبديل، ڕێگا بەرەو مەککە، ئاینێك لە هەڵکشاندا، موحەممەدم بردەوە و مەسیحیشم نەدۆڕاند ﴾.. ئایەتی ﴿ولا تزر وازرة وزر أخرى﴾، هاندەری موسڵمانبوونی بووە.. خوا لێیخۆش بێت...تاها سۆڵەیی



## بەسەرهاتێکی مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ سەمیع:

مامۆستا دەڵێت: لەگەڵ دووفەقێی برادەرمدا بەرِۆژووبووین چووینە دێیەك ببینە مەلای رەمەزانیان کەس لای لێنەکردینەوە، رۆیشتین بەرەو دێیەکی تر چەند کەسێك لەسەرگردێك وەستابوون، پاش سەلام کردن هەندێ ئامۆژگاریمان کردن و بووە ئێوارەو بانگم دا کەس خولقی نەکردین ئێمەش بەبرسێتی و تینوێتی و بەزمانی بەرۆژووەوە گەرِاینەوە ئەو دێیەی کە لێوەی هاتبووین، لەدەرگای چەندماڵمان دا کەس خولقی نەکردین، بینیم دووسێ ئەسپی پۆلیس لای دیوەخانی ماڵێك بەسترابوونەوە زانیم میوانی ئەو ماڵەن خۆمان کرد بەژووردا کە بارچاوەشەکە ئێمەی بینی هەستاو بەگەرمی باوەشی پیکردین و فەرمووی لێکردین و وتی: ئێوە زۆر بەرِێزن مایەی بەرەکەتن، منیش وتم: بەرەکەتی چی کەس خولقمان ناکات، وتی: ئەوانەکێن بەخوا بەوئەسپەوە ئەیانبەستمەوە ورایان ئەکێشم هەتا فلانە شوێن، منیش وتم: واز لەوەبێنە برسیمانە بەخاوەن ماڵەکەی وت: چیتان داناوە بۆ پارشێومان بیهێنن بائەمان بیخۆن ئێمە لێرەنامێنینەوە، نانمان خواردو پاشان وتی: ئێوە چین؟وتم: فەقێ، وتی: ئەتانەوێ بین بەچی؟

وتم: ئەمانەوێت ببین بەمەلا، وتی: مەلا چیە؟



وتم: واريسى پێغەمبەرە، وتی: دەی کەرەسول الله ئەو هەموو بێنازی و نارەحەتیەی تووش بووبێت کەئێوەش واریسی ئەوبن هەرئەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەن.. جابەڕاستی هەرکات قسەی ئەو بارچاوەشەم بیردەکەوێتەوە مووچڕکە بەگیانمدا دێت.. جا بۆیە بابانگخوازان بەتەما نەبن فەرشی سووریان بۆ رابخەن چونکە ئەمان هەقیان پێیەو هەقیش لای زۆرکەس ئاسان وەرناگیرێت..

## نزیکەی ۳۰ ساڵە شەونوێژی نەفەوتاندووە!

نەنکم کە ئێستە تەمەنی لە ژووروو ۸۰ و ئەوەندە ساڵەوەیە بۆمی گێڕایەوە، کە لەساڵی ۱۹۹۱ لەڕاکردنەکەدا بۆ ئێران لەچوار مناڵەکەی دابڕاوە و دواتر یەکیان لێ ون بووە، نەنکم و باپیرم لەئێران و مناڵ و نەوەکانیان لەعێراق بوون (باوکم و پورو مامەکانم وئامۆزاکانم).

دیارە نەنکم وەك دایکێك (کە پێشتر جەرگی سووتاوە) زیاتر لەباپیرم زۆر نارەحەتیی چەشتووەو خەفەتی خواردووە، کەس هەواڵیانی نەزانیوە، زۆریش هەبوون کە لەو وەزعەدا تیاچوون، سەرماو بەفر و برسییەتی و بێدەرەتانی و بێ کەسی زۆر کەسی تیابرد.



ئەوکاتە نەنکم نەزر ئەکات و لەگەڵ خوادا ئەکەوێتە قسە (ئەگەر بگەمەوە بە مناڵەکانم وەعد بێت هەموو شەوێك شەونوێژ بکەم).

دوای ئەم ڕازو نیازە خودا دەرگای ڕەحمی خۆیی لێ ئەکاتەوەو پاش ماوەیەك ئەگەنەوە بەیەك بەبێ ئەوەی کەسیان ئازاریان پێ گەیشتێ.

جا لەوکاتەوە واتە ئەوە بۆ ٣٠ ساڵ دەچێت، نەیهێڵاوە هیچ شەوێك شەونوێژی بفەوتێت، هەموو شەوێك بەسەرماو گەرما لەسەر بەرماڵەکەی دادەنیشێ و لەسەروو ٨ رکاتەوە شەونوێژ دەکات ئەمە جگە لە نوێژی چێشتەنگاو کە وەك فەرز (واجب) مامەڵەی لەگەڵ ئەکات. خوا لەو و لەهەمووانی وەربگرێ. (نامەی کاك ئاسۆ گەڵاڵی).

**مامۆستا عبدالدائم سەردانی کردم و هەندێ باس و خواسمان کردو جەنابیان وتیان:**



باوکم خەڵکی هانەگەرمەڵەیە ومناڵ بووە باوکی مردووە ودایکی شووی کردۆتەوەو ئەمیش نەیتوانیوە لەگەڵیاندا بژی لەبەر باوە پیارەکەی، بۆیە هاتۆتە ماڵی مەلا محمدی مامی و ئامۆژنە سەلمای کە ژنێکی زۆر باش بووە لە جەلیلەی لای هەڵەبجە، بەس لای ئەوان تێر سکی خۆی نانی خواردووە ومناڵیان نەبووە ئەم کاری بۆکردوون، لەجەلیلە حاجی ساڵحێکی لێبوو کەدوایش چوو بۆ سەربازی هەرچی پاشەکەوت بکردایە لای ئەو دایئەنا، تا بڕەکەی بوو بە سێ سەدینارێك، ڕۆژێك

لەناسریە بوو دڵی لێی دا حاجیساڵح پارەکەم نەخوات، ڕێك هاتەوەو چووە لای ودەستی ماچ کردو وتی: قوربان گیان بەڵکو پارەکەم بدەیتەوە کارم پێیەتی و بەتەمام ژن بهێنم، حاجیش وتی: خوایە سوپاس بۆتۆ ئەمانەتەکەت ئەبەیتەوەو سووژدەی برد و ژنەکەی بانگ کردوپارەکەیان بۆهێنا و کەژماردی پێنج سەد دیناربوو، وتی: کاك حاجی پارەکەی من سێ سەد دیناربوو، وتی: کوڕم نەمهێشت پارەکەت بمرێت و بۆم خستیتە ئیشەوەو ئەوە هەقی خۆتە زیادی کردووە.. ئیتر باوکم لەدڵەوە زۆر شەرمەزاربوو کەگومانی خراپی پێبردوەو ئەویش ئاوا چاك ودڵسۆزبوو..

جا باوکم من منداڵ بووم تا ئێستاش کە هەشتا ساڵ تەمەنی زیاترە هەموو شەوێك دوعا بۆ دۆست و هاوەڵەکانی دەکات کە سێ سەد کەس زیاترن و یەکێك لەوانە حاجی ساڵحە کە ئەڵێت: هەقی ئەوەی ڕۆژێك ئەو چاکەیەی لەگەڵ کردووم و منیش گومانی خراپم پێبردووە.

مامۆستا عبدالدائم لەبارەی جەنابی باوکیەوە وتی: باوکم ئامۆژگاریم ئەکات و ئەڵێت: کوڕم خەریکی مەلایەتیەکەت بەو خەمی دونیات نەبێت من کەلەئێرانەوە هاتمە جەلیلە جلەکانم دڕابوون و قۆڵیشم شکابوو، ڕاستە دەربەدەری و بەندکردن و بەرزونزمی زۆرم دیوە بەڵام سوپاس بۆخوا ئێستا وا مووچەیەکم هەیە و خانوویەکم هەیە لەسلێمانی داومە بەکرێ و وابۆخۆم لەهەڵەبجەش ئەژیم.

باوکم زۆرکەم دووەو کەبۆخۆم ئەیبەم بۆمووچەکەی وەری بگرێت ئەی دوێنم بەسەرهاتی خۆشی لایە، هەموو هاوەڵەکانی باوکم کۆچیان کردووەو ئەڵێ هەمیشە چاوەڕێم منیش ئێرە بەجێ بێڵم و بچمەوە بۆلای هاوەڵانم، یەك هاوەڵی ماوەکەکاك حاجی ئەحمەدغەفوری بیارەییە کەئەویش تەمەنی چۆتەسەرو زۆر لەکەسایەتیەکانی کوردوستان زیارەتی ئەکەن، جارێك لەگەڵ باوکمدا چووینە خزمەتی بەباوکمی وت: هیچ خەوی خۆشت نەبینیوە؟وتی: با لەخەوما لەسەرکانیەك بووم و بەرەو

سەرەوە ئەچووم، وتی: بەسە بەسە منیش لەوێ بووم و هەردووکیان دەستیان کرد بەگریان..

کاتی خۆی حاجی ئەحمەد مولتەزیم نەبووەو کە مەلا موحەممەدی بالیسانی ئەچێتە بیارەو ئەم مەولودی کردبوو نانەکەی ناخوات لەبەرئەوەی مولتەزیم نیە، ئەویش پەیمانی ئەداتێ کەنوێژ بکات و پابەندبێت بە بەرنامەی خواوە، ئیتر ئەچێتە خزمەتی شێخ عەلادین کەزۆر پیربووبوو، قورئانێکی لەبەردەستا ئەبێت، ئەفەرموێت کوڕم دەست بگرە بەم قورئانەوەو خەمت نەبێت گومڕانابیت، تا ئەم دواییەکاك حاجی ئەحمەد  ڕۆژی دەجزمی ئەخوێندوزۆربەی لەبەرە.

## لەقەدەرەکانی بانگخوازان:

برای خۆشەویستم دکتۆر عبدالدائم لەبارەی قەدەری خۆیەوە وتی: لەهەولێر بوومە مەلاو زۆر نامورتاح بووم کە نەئەبوو وتاربدەم، چوومە دێیەك لەوێش جێم پێ لەق بوو، بە ئیختیاری خۆم نەبوو چوومە بەغداو کەوتمە خوێندنی ماستەر، زۆر قەرزاربووم، بنێشتی سەهمم کڕی بوو تووشی زەرەر بووم، تازە ژنم هێنابوو، میوانمان لەهەڵەبجە زۆربوو، خوا بۆی ئاسان کردم چوومە دێی وێنە لای پێنجوین و تا ماستەرەکەم تەواوکرد قەرزەکانم دایەوە. زۆر حەزم دەکرد بچمەوە هەولێر کەدۆست وناسیاوم هەبوو وە مزگەوتیشیان دروست ئەکرد، قەدەرێك پێش ئەهات و نەمئەتوانی بچم، حەزم لەسلێمانی تەنانەت لەکەرکوکیش بوو خوا بەنسیبی نەکرد تا وام لێهات بەهاوسەرەکەم وت: ئەڵێی فیلەکەی ئەبرەهەم رووم ئەکەنە هەرکوێ نارۆم دیارەهەرئەبێ بچمەوە هەڵەبجە بەتایبەت کە لەوێوە تەلەفونیان بۆ ئەکردم کەبچمەوەو مزگەوت لەچاوەڕێمدایە..

بەهەرحاڵ لەمزگەوتی شێخ عیزەدین لەهەڵەبجە گیرسامەوە، سی فەقێم هەبوو، مزگەوتێکی رێکوپێك بوو، ماوەیەکم لەوێ بەسەربرد، شەوێکیان لەخەوما لەمیحرابی مزگەوتەکەدا لاشەم گەورەبوو بوو جێم نەئەبۆوە زۆر بەزەحمەت قسەم بۆخەڵکەکە ئەکرد، خەبەرم بۆوە زۆرترسام گوناهێکم کردبێ، زۆر بەخۆمدا چوومەوەو پرسیارم کرد تێگەیشتم کە ئەو مزگەوتە جێی منی تیانابێتەوە..

ئەوەبوو لەگەڵ ئەو بەڕێزەی مانگانە یارمەتی فەقێکانمی ئەدا خیلافێکی بچووك کەوتە نێوانمانەوە، ئەو دەیووت: مانگانە چەندت پێویستە بیرم بخەرەوە بۆت بێنم، منیش ئەمووت: من نایلێیم تۆ ئەبێت خۆت بیرت بێت..

وەڵحاڵ وتم: دوای رەمەزان لەم مزگەوتە ئەڕۆم، ئەویش هیچی نەوت، رەمەزان بەرەو تەواوبوون ئەچوو، خوایە بۆکوێ بچم لەهەڵەبجە رەنگە لەو مزگەوتە لەبارتری تیانەبێت بۆمن.. نوێژی چێشتەنگاوم کرد دووسێ رۆژی رەمەزانی مابوو زۆرلەخوا پاڕامەوە، دواتر سەیرم کرد بەرپرسی ئەوقافی هەڵەبجە چەندجار تەلەفونی کردووە، تەلەفونم بۆکردەوە وتی: ئەوە بۆنایەیتە شوێنەکەی مامۆستا مەلا عوسمان لەمزگەوتی شافیعی، وتم: زۆرباشە..

چوومە مزگەوتی شافیعی باش بوو ژووری زۆری بۆ فەقێکانم هەبوو، زۆرنەداربووم هەرچی گەڕام لەوناوە خانووە شڕێکم دەستکەوت مانگی بەسەد دۆلار، زۆرلەخوا پاڕامەوە، تەلەفونێکم بۆهات لەبرادەرێکی ناسیاوی عەرەبمەوە کەلەبەغدا ناسیبووم، وتی: هاتووین بۆسەردانت و چوومەتە بیارەو دواتر دێمە لات، گەرمابوو، بەپەلە ژووری میوانەکەم بۆچاکردن و موبەڕیدەم بۆدانان کەتەشریفی هێنا خۆی وهاوسەری زۆرنیگەران بوو لە پەڕپووتی خانووەکەوحاڵەکەم.

وتی: کرێکەی چەندە؟ وتم: سەد دۆلار، وتی: ئەوە پارەی پێنج مانگ، چی هەوڵمدا وەری نەگرم، سوێندی خواردو وتی: من لەتەمەنی باوکتدام وەری نەگری خۆم ئەیبەم بۆ خاوەن خانووەکە..

خوایه چەند تۆ میهرەبانیت و ئاگات لەحاڵمانە.. ئنجا خەمی فەقێکانم بوو، زۆردوعام کرد، لەمزگەوت نوێژخوێنێکمان بەناوی وشیاربەگ وتی: مامۆستا کەس یارمەتی ئەو فەقێیانە ئەدات؟

وتم: نەخێر، یەکی دەهەزاردیناری دا بەفەقێکان، ئنجا وتی: ئەوەش سێ سەد هەزار بۆئەوان ودووسەدیش بۆخۆت، وتم: من نامەوێت، وتی: بۆ ئەوانی سەرف بکە.. ئیتر کاك وشیارم نەبینیەوە، زۆر ئەمپرسی تا رۆژێك برادەرێك وتی: باسەردانی ئەو نەخۆشە بکەین ئەهلی مزگەوتە بەڵکو دوعایەکی خێری بۆبکەیت، کەچووم بینیم کاك وشیارە، تومەز دوای ئەوجارەی یارمەتی داین تووشی شێرپەنجەبووە، خوا لێی خۆش بێت دواتر کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی وەك خۆی خێرەومەندە.. سبحان الله ئنجا ئەوبرادەرەی لەمزگەوتی شێخ عیزەدین خیلاف کەوتە نێوانمان هەموومانگێك بۆخۆی هاوکاری بۆ ئەهێناین، تومەز قەدەرەکەم وابوو کە لەوێ نەمێنم.. سبحان الله دەرگاکان بەروومدا کرانەوەو مزگەوتی شافعیم دروست کردەوەومزگەوتێکی تریش و ئێستەش سێیەم مزگەوت و بنکەیەکی قورئان خوێندنیش وا دروست دەکەم..

## عادەت وعیبادەت

مامۆستا سەباحی کفری ئەڵێت: قوتابیەکی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس ئەڵێت: چەند ساڵ لەخزمەت مامۆستادابووم لێم ئەپرسی: مامۆستا چی لەژیانتا زۆرکاری تێکردوویت، وەڵامی نەئەدامەوە تا ئەو رۆژەی مۆڵەتی زانستیم وەرگرت و ئیتر لەلای ئەڕۆیشتم، فەرمووی بائێستا وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە: ئەوە حەفتا ساڵە قوتابی لەلام ئەخوێنێ ومۆڵەت وەردەگرێت، ئەترسم لەقیامەتدا پێم بووترێت تۆ ئەمەت وەك وەزیفەو عادەتێك کردووە نەك وەك عیبادەت..

بەڕاستی ئەوە ئەو راستیە تاڵەیە کەئەبێت کەسمان بەکاروکردەوەمان لەخۆمان بایی نەبین، چونکە کەسانێك هەن لەقیامەتدا شەهیدبوون بەحسابی خۆیان و بۆیان حساب نیە، زانابوون و لێیان وەرنەگیراوەو خێرو چاکەو بەخشینی بووەو بۆ ئەوەبووە پێی بڵێن بەخشندەیەو لەسەردەم رای دەکێشن بۆ دۆزەخ، ئاگاتان لەنییەتتان بێت.

صدام حسێن کاتی شەڕی ئــێران و عــێراق لیژنەیەك دەنێرێتــە لای مامۆستا ملا عبدالکریم بەو شێوەیە کە موفتی عێراقە، فتوایەك دەر بکات کە هەرچی ((وەقف)) لە عێراقدا هەیە بفرۆشرێت بۆ خەرجی ئەم شەڕە.. ئەمیش ئەڵێت:

بەجەنابی ڕەئیـــــس بلێن کە ئەوان عەرەبن، عەرەبیــش زمانی خۆیان باش دەزانن کە (وەقف) واتە وەستاو و جێگیرشتێکیش جێگیر بێت ناجولێ هەتا ببرێ بۆ فرۆشتن...

## قەدەری بانگخواز:

خوای پەروەردگار حەزرەتی موسای بەقەدەرێکی تایبەت لەکات و شوێنێکی تایبەتدا نارد بۆنەوەی ئیسرائیل ﴿ ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى (٤٠) وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي...طه﴾ هەروەها باسی قەدەری سەروەریشمان ئەکات کە خوا بۆکارێکی تایبەت هێناویەتی و دەستی لێ بەرنادات هەروەك چۆن کە بێباوك و دایك بوو داڵدەی دا لای باپیری ومامی، هەژارونەداربوو خاتوو خەدیجەی بۆنارد کەهەمووسامانەکەی بۆ بەخت کرد، ناشارەزایی رێ بوو شارەزایی کردو کردیە مامۆستا ﴿وَالضُّحَى (١) وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى (٢) مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى (٣)﴾..

بانگخوازانیش هەست بەو قەدەرە ئەکەن لە ژیانیاندا، دۆستێکی خۆشەویستم وتی: لەتەبرێزەوە ئەهاتینەوە بەرەو مەهاباد، خۆم و دووهاوڕێم کەیەکێکیان ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی، ڕێمان لێتێك چوو گەیشتینە ئاوەدانیەکی زۆرخۆش

کاتەکەش بەهاربوو دڵ ئەگەشایەوە تیایدا، مزگەوتێکمان بینی بەناوی مزگەوتی ئیمامی شافیعی نوێژمان کردو کەهاتینە دەرەوە ماتۆڕێك لامان وەستاو وتی: جەنابت مامۆستا فلانیت؟

وتم: بەڵێ، باوەشی پیاکردم و زۆرخۆشەویستی بۆدەربڕیم، وتی: باش بوو بەخزمەتت گەیشتم پرسیارێکم هەیە، وتم: فەرموو: وتی: داعش چۆنن.. وتم: برام دەنگی دەهۆڵ لەدوورخۆشە تۆ لێرەو ئەوان لەموسڵ چیتە بەسەریانەوە؟

وتی: وەڵا هەرکەس بەخراپ باسیان بکات لێرە کۆمەڵێ برادەرین تێر ئەیکوتین.منیش وتم: برام ئەو خەڵکە لێرە پێویستیان بەوەیە فێری خواناسی بکرێن، ئەوەتا خەڵکانێك هەن دووچاری تلیاك و مەی و خراپەکاری بوون، ڕێنمایی ئەوانە لەپێش هەموو شتێکەوەیە.

دوایی وتم: بەڵکو بمانخەیتە سەر ڕێی مەهاباد، ئەویش وتی: دوام کەون.. ئەو بەماتۆڕەکەی پێشمان کەوت تا خستینیە سەر ڕێگاکە، دابەزین بۆخوا حافیزی و پێموت: برام ویستی خوا بوو ئێمە ڕێمان لێ هەڵە بێت تا تۆ ڕێت لێ هەڵەنەبێت و بەو وجەماعەتە نەخەڵەتێیت، من ئەچمەوە کوردوستان ورەنگە نەتبینمەوە بەڵام ئەوە ئامۆژگاری منە بۆ تۆ..

## کاک ڕەزوان عەلی ئەم دووبەسەرهاتەی نارد:

### یەکەم: مامۆستا نامیق:

خوای پەروەردگار (الهادی) یە وهەرکەس بەڕاستی هەق و ڕاستی بوێت دەستی ئەگرێت وکار ئاسانی بۆدەکات، لەفەرموودەی قودسیدا هاتووە( یاعبدی قم أمشی الیك) ئەی بەندەکەم تەنها هەستیت و بتەوێت ڕێی ڕاست بگریت من دێم بۆلات،

ئەگەر بەپێ بێیت بۆ لام من بەڕاکردن دێم بۆلات.. لە وتارو پەڕاوەکانمدا بەسەدان نموونەم باسکردووە، ئەمەش بەسەرهاتێکی ترلەوبارەیەوە:

مامۆستا نامیق مستەفا بەڵخەیی پێش ساڵی **١٩٥٨** لەدایکبووەو لەتەمەنی سی ساڵیدا پاش کیمیابییەکە خۆی و ماڵ ومناڵی ئاوارەی ئێران بوون.. ناوبراو سێ ساڵی کۆلێژی پەروەردەی موسڵی خوێندبوو بەهۆی جەیش شەعبیەوە وازی هێنابوو..

شەوێك لەخەویا لەسەرلێواری کێوێکی زۆر بەرزی هەزار بەهەزار خۆی دەبینێتەوەو پشتی توندکردووە لەشاخەکەو ئەترسێت بکەوێتە خوارەوە، کەسەیری دواوە دەکات کەسێك ئەبینێت کە بەم دەڵێت: ئەترسیت، دەستی دەگرێت و ئەیخاتە تەختاییەکەوە ولەسەرفەرشێکی کاشان دای دەنێت.

کەخەبەری ئەبێتەوەو ئەچێت بۆ نوێژی بەیانی کە لەخێمەیەکدابوو، وەبەلای راستدا سەلام ئەداتەوە، ئەوکەسەی خەوەکە لەلایەوە ئەبێت، هیچ قسەناکات.. برایەکی کەوەستای دیواربووە پێی دەڵێت: حەزدەکەم لای ئەو مامۆستایەی برادەرم دەرس و دەورت هەبێت کەچووین بۆماڵیان بینیم هەرئەو کەسەیە کەلەخەوەکەمدا بینیبووم، کەئەویش مامۆستا محێدین گەلاڵی رەحمەتی بوو، خوا لێی خۆش بێت.. ئی دی زانیم ئەوەی بینیومە موبەشیراتەو خوا ئیرادەی خێری بەمنەو نزیکەی ساڵێك لای مامۆستا بووم، پەروەردەیەکی ئیمانی چاکی کردم، هەر زوو فێری کردم کە هەر رۆژەو ناوێکی خوای گەورە بکەمە ویردی سەرزمانم کەئەوەش بووەمایەی خێرو بەرەکەت بۆم.وەکتێبی (أسماء الحسنى) ی شاکر عبدالجباریشی دامێ تا باشتر لەناوەکان شارەزابم..

شایانی باسە ناوبراو ئێستا مامۆستای بنەڕەتیە لە قوتابخانەیەکی هەڵەبجەی شەهید.. وێنەی لای راست:





**دووەم:مامۆستا عبداللّه:**

ئەم بەسەرهاتە (مامۆستا عبداللـه قالّی جۆی)(وێنەی لای چەپ) خۆی بۆی گێڕامەوە و وتی لە ژیانی خۆیدا ڕویداوە:

مامۆستا وتی کاتی خۆی لەسەردەمی حیزبی بەعس فیرار بووم لە گەڵ کۆمەڵێك لەدۆستانم بڕیارماندا بڕۆین بۆ وڵاتی ئێران، نەماندەزانی چۆن چۆنی بڕۆین چونکە ڕێگا زۆر مەترسی داربوو، بۆیە هەرچۆنێك بوو کەوتینەڕێ بەرەو شاری هەڵەبجەو لەوێوە بڕۆین بۆ ئێران، لە ڕێگەدا ویستمان خۆمان لە بازگەیەك لە بازگەکانی بەعس کە لە نزیك هەڵەبجەبوو بدزینەوەو لە شوێنێکی ترەوە بڕۆین بۆیە کاتێك ڕۆشتین کابرایەك لەو ڕێگەدابوو وتی بۆکوێ دەڕۆن ئەمناوە هەمووی پڕ بووە لە

بەعس و دوێنێ لەم جێگایە دووسێ کەسیان کشتووە بۆیە زۆر شلەژاین و ترساین نەماندەزانی چی بکەین؟

لەو کاتەدا یەکێك لە قوتابیەکانم وتی مامۆستا هەموو ڕێگەیەکمان تاقیکردوە با ئێستا خۆمان بسپێرینە خوای گەورە و داوا لەو زاتە پیرۆزە بکەین تا خۆی ڕزگارمان کات، بۆیە بەدەستە جەمعی دەستمان کردە دوعا کردن و خۆمان سپاردە خوای گەورە و کەوتینەڕێ و چوینە سەرجادەی سەرەکی و دەستمان لەسەیارەیەك راگرت و سەرکەوتین جگە لە ئێمە کەسێکی تریشی تێدابوو سەیارەکە..

گەشتینە بازگەکە و زابتەکە هاتە پێشەوەو ئەو کابرایەی کە پێش ئێمە لە ناو سەیارەکەدابوو چەکێکی پێبوو زابتەکە داوای ایجازەی چەکەکەی لێ کردوو کابرا وتی پێم نییە و زابتەکە بەشەق و زلە بردیان و هاتە سەرەی من و لەو کاتەدا کە ویستی پرسیارم لێ بکات " مێشوولەیەك " چووە چاوی زابتەکە و هەرخەریکی خوراندنی بوو دیاربوو زۆر ئازاری هەبوو بانگی یەکێك لە جوندیەکانی کردو وتی فوو بکە بە چاوم داو مێشولەکە دەربێنە بەڵام هیچ سوودی نەبوو زۆر تورەبوو بە سایەقی سەیارەکەی وت: بڕۆن لەمناوەدا مەوەستن، سوپاس بۆ خوا ڕزگارمان بوو بەسەلامەتی چونکە خوا پشت و پەنامان بوو، وە خوای گەورە ئەو مێشولەی کردە سەبەب بۆ ڕزگاربونمان.

**مامۆستا عومەر ڕێشاوی:**

ژیاننامەی مامۆستای رەحمەتیم خوێندەوە، حەزم کرد ئێوەش لێی سوودمەندبن:

١- مامۆستا ساڵی ١٩٣٤ لە دایکبووە لەهەڵەبجەو ساڵی ٢٠٠١ لەهەولێر کۆچی دوایی کردووە.

٢- تائەوشەوەی کۆچی دوایی کرد کە١٧ لەسەر ١٨ی ٢٠٠١ بوو وانەی پەروەردەیی هەبووە، واتە تا دواساتەکانی تەمەنی بانگەوازی کردووە.

٣- لەوشەوەدا لە سوجدەی شەونوێژدا گیانی بۆدواجار سپاردەوە بەخوا کەئەوسەرەی خستیە سەر زەوی بۆخوا درێژترین سوجدەیەتی و لەقیامەتدا سەربەرز دەکاتەوە.

٤- مامۆستا دەیووت: دەستی هەرکەس ببینم ئەزانم دەست بەدەستنوێژەو گرنگی بەدەستنوێژ ئەدات یان نا..

٥-دوای کیمیاباران دێنە سلێمانی مامۆستا فاروق ڕەسول وبرادەرێکی لەپێش عەسردا کە هاوین بوو ئەچن بۆسەردانی وئەزانن خەوتبوو، عوزری بۆدێننەوە، ئەویش دەڵێت: ئەبێ من سوپاسی خوابکەم کەلەخەوخەبەرتان کردومەتەوە.. هەزار ڕەحمەت لە مامۆستا عومەرڕێشاوی و سەربازانی ڕێی خوا کەشەوو ڕۆژ لە خەمی پەیامەکەی خوادان..



## بەسەرهاتێكی راستەقینە

ئافرەتێك لە شاری هەولێر دەگێڕێتەوە: ڕۆژێكیان لە رادیۆ بیستم كە پێشبڕكێیەك هەیە بۆ لەبەركردنی سورەتی (البقرة)، خەڵاتی یەكەم و دووەم و سێیەم، گەشتێكی عومرەیە، منیش زۆر حەزم لە عومرە بوو، زۆر تامەزرۆی بینینی كەعبە و ئارامگای پێغەمبەر بووم، باری داریمان زۆر سەخت بوو، لە توانام نەبوو ئەو سەفەرە بكەم، بۆیە دوعام دەكرد و دەمووت: خودایە، بە كەلامی خۆت، ببمە بۆ ماڵیٚ خۆت؟

لە ماوەی دوو مانگێكدا سورەتی (البقرة) م لەبەر كرد، تاقیكردنەوەكەم ئەنجام دا، چاوەڕێی ئەنجامی تیروپشكەكە بووم، لە رادیۆ گوێم لە ئەنجامی تیروپشكەكە گرتوو، بەردەوامیش دەمووت: خودایە بە كەلامی خۆت ببمە بۆ ماڵی خۆت؟

ناوێكی ڕاكێشا، كەسێكیتر بوو، بەردەوامیش دوعام دەكرد، ناوی دووەمی ڕاكێشا دیسان دەرنەچووم! یەك ئەگەرمابوو، ناوی سێیەمی ڕاكێشا و دیسان دەرنەچووم!

دەستم كردە گریان و وتم: خودایە چەند لە مێژە داوات لێدەكەم و پێم وابوو داواكەم دەبیستی و وەڵامم دەدەیەوە، بەڵام وادیارە شایانی ئەوە نەبووم، وەڵامم بدەیەوە! چیتر نەمتوانی گوێبیستی بەرنامەكە ببم و بە گریانەوە چووم بۆ مەتبەخ! بەڵام پێش ئەوەی بگەمە مەتبەخ، گوێم لێبوو، پێشكەشكارەكە دەیگوت: هەر ئێستا موسڵمانێك پەیوەندی پێوە كردین و دەڵێت: دوو كەسیتر لە حیسابی خۆی دەبات بۆ عومرە، پێمانووت: واباشە پارەكەت هەڵبگری بۆ پێشبڕكێیەكی تر؟بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، وتی، دەبێت هەر ئێستا دوو ناویتر ڕابكێشن! ناوێكیتری ڕاكێشا دیسان دەرنەچووم، پێنجەم ناو دەرچووم!!

ئنجا وتم: ئای خودایه چەند میهرەبانی، چۆن دڵی ئەو کەسەت نەرم کرد و چۆن ناوی منت دەرچواند.(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ، أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ، فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ).

## دراوسێی قەبرم

سەروەرمان دروودی خوای لەسەر ئەفەرموێت کەنوێژی بەکۆمەڵ بیست و حەوت قاتی نوێژی تاك خێری هەیە، هەر لەو فەرموودەیەوە قەناعەتێکم لادروست بووە کەهەموو کارێکی خێری بەکۆمەڵ بیست وحەوت قاتی کاری تاکەکەسی خێری هەیە، بۆیە سوپاس بۆخوا بەشداربووم لەدامەزراندنی رێکخراوی خێرخوازی زادو ئینستتیوتی ژیاردا، کە لەم رۆژانەدا ژیار کۆنفرانسی دووەمی خۆی بەست و بەندە متمانەی ئەوەم وەرگرتەوە کە لەدەستەی کارگێڕیدابم..

بەڕاستی یەکێ لەخۆشیەکانی ژیان بینینی ئەو هەموو رووەگەشە ئیمانییەیە کەهەمووی هاتووە ئەیەوێت لەرێی ئەو کارەوە خوا لەخۆی رازی بکات، هیچ بەرژەوەندیەکی دونیایی تیانیە وهەڵبژێردرێیت یان نا دڵ زویر بوون نیەو هەمووان پێیان خۆشە برایەکی تر شان بداتە بەر ئەوکارە، چونکە هەریەکەیان سەرگەرمی کاری ترن و ئەمەیان ئۆقەر لۆدە بۆیان دروست ئەبێت..

بینینی رووی گەشی ئیمانی نیعمەتەو پێچەوانەکەشی زەحمەتە، کاتێ لەئەشغاڵی عەسکەری بووم کۆتایی هەشتاکان ئامرێکی فاسیقی فاجیرمان هەبوو، هەمووجار ئەمووت خوایەگیان لەوە ئەچێت دوعامان لێکرابێت هەموو رۆژێك ئەم دەموچاوە ئەبینین، وەك بەسەرهاتەکەی جورەیجی خواناس، کە لە کوخێکدا خواپەرستی ئەکرد یەك دووجار دایکی چوو بۆلای بانگی کردو ئەویش نوێژو موناجاتەکەی نەبڕی و وەڵامی نەدایەوە، دایکی دوعای لێکردو وتی: یارەبی رووی سۆزانیەك ببینی..

ئەوەبوو جوولەکەکان سۆزانیەکیان نارده لای تا لەخشتەی بەرێت، کە پێی نەخەڵەتا بوختانی بۆکرد کەفاحیشەی لەگەڵ کردووەو دووگیانە، جوولەکەکان کوخەکەیان رووخاند، ئەویش وتی: کەمناڵەکەی بوو بیهێنن، مناڵەیان هێناو لێی پرسی کێ باوکتە؟ خوا هێنایە قسەو وتی: شوانێکە.

بەوە کەوتن بەسەر دەست و قاچیاو وتیان بەئاڵتون کوخەکەت بۆ دروست ئەکەینەوە، وتی: نا بەقورِ وەك خۆی بۆم دروست بکەنەوە.. خوا بۆخاتری گەورەیی خۆت هەردەم رووی گەشی نورانی و ئیمانی ببینین دراوسێی قەبرەکەشمان بۆتۆ سوڵحاوبێت.. ئامین.



**دانیشتنێکی ئیمانی:**

ئەمشەو لەخزمەت کۆمەڵێك برادابووم، کاك عبدالکریم وتی: ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان هاوسەرم وتی: ئێوارە مامۆستا عومەر نیزامی بێنەرەوە خواردنێکی خۆشمان هەیە، منیش دوای نوێژی ئێوارە چاوەرِێی مامۆستام کرد کە هەردوعای دەکرد، زۆری پێچوو، چووم دەستم خستە سەرشانی، بینیم فرمێسك بەچاوانیەوەیە، وتم:

مامۆستا فەرموو لەخزمەتتا بین هاوسەرم دەعوەتی  کردویت، ئەویش وتی: کاکە کەریم بەخوا بەرۆح ئێستا لەحەج بووم، تومەز بەکوڵ ودڵ دوعای حەجی کردووە..




پاش ماوەیەك دایکم خەوی بینی بوو، وتی: مەلا کەریم بە مامۆستا بڵێ لەخەوما پێیان وتم: مامۆستا عومەر ئەچێت بۆحەج هەوڵ بدە تۆش بچی لەگەڵیا.. چووم بەمامۆستام وت کەدایکم خەوێکی وای پێتەوە بینیوە، وتی: بەخوا پارەی حەجم نیە وبەهەزارحاڵ ئەگەر بژێوی دابین بکرێ بۆم..

ئەوەبوو کە حکومەتی عێراقی ناوی کۆمەڵێ مامۆستایان دیاری کرد بیانێرن بۆحەج مامۆستا عومەر یەکێ بوو لەوانەو خوا دڵی نەشکاندو حەجیماڵی خۆی کرد بەنسیبی،کاتێکمان زانی وتیان مامۆستا لەحەجەو دایکم بەنسیبی نەبوو بچێت.

## دڵسۆزی بانگخوازان:



دکتۆر حسین کەمالەدین ساڵی ١٩١٣ لەدایکبووە لەمیسرو ساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە، ئەندازیاری رووپێوی بوو، مامۆستای زانکۆ بوو، یەکێ بوو لە ئەندامانی مەکتەبی ئیرشادی برایانی میسر لەساڵانی شەستەکاندا بەندکرا بەناهەق لەگەڵ هەزاران برای تردا، ساڵی ١٩٦٠ کە دەستکرا بە سەدی عالی و رووسیەکان جێبەجێیان کرد،

پێویستیان بەشارەزایی دکتۆر حسێن بوو، بۆیە بەرۆژ لای رووسیەکان کاری دەکرد وەك ئەندازیارێك و بەشەویش لەسەر پرۆژەکە بەند ئەکرایەوە..

ئەڵێن ئەم وڵاتانە بۆ پێش ناکەون، ئاخر لەهەر وڵاتێکدا بوایە خەڵات ئەکرانەك لەسەر راوبۆچوونی بەند بکرێت، بەداخەوە قەدری زاناکان ناگیرێت کە ئەوەتا ئاوا دڵسۆزو بەخزمەتن... دکتۆر ئەنوەر شەیخە لەکۆنفرانسی بەها باڵاکاندا پێش چەند ساڵێك وتی: من لەوڵاتی سعودیە ئەوەندەیان پارە ئەدامێ بۆم هەڵنەئەگیرا، کەمن یەکەم کەس بووم نەشتەرگەری چاندنی مۆخم بۆکردن، کاتێك هاتمەوە کوردوستان بەفەرمانبەری پلە پێنج دایانناوم!!

## کاری بەکۆمەڵ: یەکەم

مەعلومی جەنابتانە کە هەر لەسەرەتاوە دووبەرەکی و پیلان و دژایەتی شەیتان بۆمرۆڤ دەستی پێکرد و تا ئەمرۆش و تا قیامەتیش لەسەر زەوی بەردەوام ئەبێت، حەزرەتی نوح سەلامی خوای لێبێت ٩٥٠ ساڵ زەحمەتی بینی و ژمارەیەکی زۆرکەم بڕوایان پێهێنا، خوای گەورەش بەتۆفان و زریانێك هەقویستانی رزگارکردو ئەوانی دیکەی لەناوبرد، قورئان دەفەرموێت (وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (٤٤) هود. واتە: ئەوجا گوترا زەمین ئاوت هەڵقورێنە بەرزایی بەس بارێنە، ئاو رۆچوو بەناخی ئاخا، کار سەری گرت، لەسەرجودی لەنگەری گرت، ئەوجا گوترا تارن ئەوانەی ناهەقیکارانن..

لەنەوەکانی دواتردا ناهەقیکاران جارێکی دی قوت بوونەوەو ئەمجارەیان بەکۆمەڵ دژایەتی هەق و راستیان دەکرد( كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَالْأَحْزَابُ مِنْ بَعْدِهِمْ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ

عِقَابِ (٥) غافر ) واته: پێش ئەوانە، گەل و هۆزی نوح، وە دوای ئەوانیش کۆمەڵان و تاقمانی (وەك عاد و سەموود و لووت، پێغەمبەرانی خودایان) بە درۆزن داناوە، وە هەر نەتەوەیەك پەلاماری پێغەمبەرەکەی خۆیانیان داوە تا بیگرن (و بیکوژن). وە لەگەڵ ئەو بە ناحەق کێشە و دەمەقاڵەیان کردووە تا بە قسەی هیچ و پوچ حەق و حەقیقەت شکست بدەن و نادروستی بنوێنن. بەڵام من ئەوانم (بە عەزابی دونیایی) گرفتار کردووە و غەزەبم لێگرتوون. جا جەزرەبەی من (دەرحەق بە ئەوان) دەبێ چۆن بووبێ؟!

بەڵێ گەلانی عادو سەمود ئەوانی دی بەکۆمەڵ (حیزب ) بەرەنگاری هەق ئەبوونەوە، ئەوەتا (وَكَانَ فِي الْمَدِينَةِ تِسْعَةُ رَهْطٍ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ (٤٨) قَالُوا تَقَاسَمُوا بِاللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُ وَأَهْلَهُ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِ مَا شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ (٤٩) وَمَكَرُوا مَكْرًا وَمَكَرْنَا مَكْرًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (٥٠) فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ مَكْرِهِمْ أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ (٥١) فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٥٢) وَأَنْجَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (٥٣) النمل ).واته: وە لە ئەو شارەدا (کە حیجری پێ دەگوترێ) نۆ کۆمەڵی بچووك هەبوون. گەندەڵیان لە سەر زەمیندا دەکرد و بۆلای چاکەوە نەدەچوون.

(ئەو کۆمەڵانە) وتیان: یەك یەك بە خودا سوێندی بخۆن لە شەودا ساڵح و ماڵ و منداڵی دەکوژین. لە پاشان بە خوێنگری دەڵێین: ئێمە لە کوشتنی (خۆی و) خاو و خێزانی ئەودا بەشداریمان نەبووە، وە ئێمە بێگومان ڕاستگۆ و ڕاستکارین.

ئەوان نەخشەیەکیان کێشا، وە ئێمە نەخشەیەکمان (بۆ ڕزگاری ساڵح و بنەماڵە و پەیڕەوانی) کێشا، بێ ئەوەی ئەوان هەستی پێ بکەن و وەخۆ بێنەوە.

جا بڕوانە سەرەنجام و ئاکامی نەخشە و پیلانیان چۆن بوو و بەکوێ گەییشت: ئێمە ئەوان و گەل و هۆزیمان تێکڕا و وێکڕا تێك هاڕی و خاپوورمان کردن.

ها ئەوە خانووبەرەکانیانە کە بەهۆی زولّم و زۆریان داتەپیوە و ڕووخاوە و بەسەر یەك دا کەوتووە. بێگومان لە ئەو کارەدا ئامۆژگاری و وریا بوونەوە هەیە بۆ کەسانێك کە تێدەگەن.

وە ئێمە کەسانێکمان ڕزگار کرد کە ئیمانداران بوون و پارێزگار بوون.

بەڵێ: نۆ دەستەو تاقم وحیزب یەك یەك سوێندی ئەندامانیان دا لەسەرئەوەی کەشەو ئەچنە سەر سالّح پێغەمبەرو خۆی ومالّ ومنالّی قڕدەکەن.. خواش کە بیناوبیسەرو ئاگایە رسوای کردن و لەناوی بردن.. جا ئازیزانم کوفر لەوزەمانەوە عەقلّی بەکاری بەکۆمەڵ شکاوە تازە موسلّمانی وامان هەیە پاش هەزاران ساڵ ناتوانێ لەکۆمەڵێکدا خۆی بگونجێنێت و هەرتەنهایی پێباشە، لەکاتێکدا تەنهاییەکەشی هیچی لێ سەوز نابێت..

## کاری بەکۆمەڵ: دووەم

لەسەرەتاییدا وانەیەکی کوردیمان دەخوێند کە باوکێك حەوت کوڕی هەبوو، رۆژێك ویستی پەندیان دابدات یەکی دارێکی دایە دەستیان کەبیشکێنن، بەئاسانی شکانیان، ئنجا هەریەکەی حەوت داری دایە دەستیان کەبیشکێنن کەسیان پێیان نەشکا، جا ئەو وانەیەی سەرەتایی خۆزگە مامۆستایەکی بەئەزموون جارێکی تر پێی بووتینایەتەوە چونکە دیارە باش لێی حالّی نەبووین..

ئەوە مەعلومی جەنابتانە قورئان جەخت ئەکاتەسەر یەکڕیزی و کارکردن بە (صف) یك کەوەك خشتەکانی بینایەك یەکتری تەواوبکەن، کەئەوانە خوا خۆشی دەوێن (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ_الصف ). ئەوانەی کەبەڕاستی بوونەتە دەستەو تاقم و ئەهلی خوا خوا خۆشی دەوێن و

سەركەوتوون (وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آَمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ (٥٦)المائدة).

سەروەرمان دروودی خوای لەسەرئەفەرمویت: ئەگەر سیٚ کەس بوون لەسەفەرێکدا بایەکێکتان ببێت بەئەمیر.. شەیتان لەیەکێکەوە نزیکەو لەدوانەوە دوورەو لەسیانەوە دوورترە.. وەزۆری تر لەوبارەیەوە کەفەرموویەتی..

ئنجا لەم سەردەمەشدا مرۆڤایەتی بەرەو ئەوەدەچن، یابانیەکان بەتیم کاردەکەن بۆیە ئاوا پێشکەوتوون، ئیجازە وەرگرتن عەیبەیە مەگەر لەنەخۆشی زۆردا، چونکە پێیان شەرمە کەئەرکەکەیان بچێتە سەر برادەرەکانیان..

رێکخراوەکان وحیزبەکان سیمای ئەم سەردەمەن، چی حیزب هەیە چاك وخراپ لەسەرتاسەری دونیادا، چی رێکخراو هەیە؟ ئەوەی من بزانم کە لەسەرتاسەری دونیادا نزیکەی پێنج ملیۆن رێکخراوو کۆمەڵەی خێرخوازی هەن کاردەکەن..

حەزرەتی ئیبراهیم سلاٌوی خوای لیٚبیٚت بۆخۆی ئومەتێك بووە، قەعقاع هاوەڵی خۆشەویستمان دروودی خوای لەسەر بۆخۆی لەجەنگدا لەجێی هەزار جەنگاوەربووە، ئینکاری ئەوە ناکرێت کەسانێك هەن بەتەنهاش رۆڵی خۆیان ئەبینن و ناسرەون، بۆنموونە لای خۆمان، مامۆستا موخلیص لەهەولێر کاتیٚ دەستی لەجەمع و جەماعەت برِا توانی لەرێی کتێبخانەی تەفسیرەوە تائێستا (١٢٠٠) کتێب چاپ بکات کەئەمەش کارێکی مەزنە وئینکار ناکرێت.. برایەك لەقەزایەکی سولەیمانی بەتەنها ٧٤٠ قوتابی قورئانی هەیەو خۆی وچەند دەستە خوشکێك لەحەوت بنکەدا فێری قورئانیان دەکەن و پەروەردەیان دەکەن.. ئەوەش کارێکی مەزنە.. بەلاٌم هەروەك چۆن نوێژێکی بەکۆمەڵ بیست و حەوت قاتی نوێژی تاك خێری هەیە ئاوەهاش کاری تەنها وکاری بەکۆمەڵ جیاوازن لەپاداشتدا چونکە کاریگەری زیاترە..

## کاری بەکۆمەڵ: سێیەم

هەندێك جار لەوتاردا ئەڵێم باشە ئێمە دەرس ودەورمان هەیەو کەسانی باش لەدەورمانن ئەوەحاڵمانەو ناجولێین و خەمساردین، ئەگەر وانەبوایە ئاخۆ چیمان لێدەردەچوو..مامۆستایەکی ناوداری کوردوستان پێش شەستساڵێك لەشادێیەکی سلێمانی پێنج سەد ماڵی ئیمام و خەتیب بوو، کوڕەکانی زانستی ئیسلامی پێخوێندن و بوونە مامۆستاو وتاربێژ لەسوپادا کەپێیان دەوترا ئیمام تابور، دواهەمین کوڕی کەزیرەك بووبەناوی(ح) براکانی وتیان ئەبێ ئەم بچێتە خوێندنی نیزامی بەحساب پاشەڕۆژی باشتر ئەبێت.

مامۆستا زۆر هەوڵی دا کەئەویش وەك ئەمان ببێتە مەلاو خزمەتی دین بکات، سوودی نەبوو، وتی: ئاخر من مەسرەفی ناکێشم، وتیان قەیناکە هەریەکەمان مانگانە شتێکی ئەدەینێ، ئەو بەیانیەی کەبردیان لەقوتابخانە بخوێنێ مامۆستا پێی وتن: تکاتان لێدەکەم وازی لێبێنن ئەمشەو لەخەوما (ح) لەسەرسینیەك ئەتانبرژاندو ئەتان ویست بیخۆن، ئاخر رۆژێك دێت حاشای لێدەکەن، گوێیان پێنەدا..

دوای تەواوکردنی خوێندن (ح) بووە مامۆستاو ژنی هێناو منالی بوو، بەڵام بەداخەوە پارەی خەڵکی دەخوارد وخەڵکیش ئەهاتنە سەر کەسوکاری، سەرەنجام ساڵی ١٩٨٢ لەرۆژنامەدا کەس وکارەکەی حاشایان لێکرد، دوایی ناوبراومرد وبەتەنهایی سەری نایەوە لەبەغدا..

جاباسەکەم ئەوەیە ئەگەر ئەمیش زانستی ئیسلامی بخوێنایەو لەناومزگەوت وجومعەو جەماعەتدا بوایە رەنگ بوو وای بەسەرنەیەت، چونکە دەوروبەر کاریگەری زۆریان هەیە لەسەرمرۆڤ.. بەهەرحاڵ فەرمانی خوایە کە لەناو چاکاندابین (وکونوا مع الصادقین).جائیتر ئەو راستگۆیانە لەکوێ ئەدۆزیتەوە هەوڵی ئەوێت، هەقە لە خەمیا بیت تا دونیاو سەرمەستیەکی لەخشتەت نەبات..

## مامۆستایەکی بانگخوازی شەهید:



مامۆستایەتی کارێکی پیرۆزەو ئەوەندە بەسە کەسەروەرمان درووودی خوای لەسەر ئەفەرمویێت: خوا منی بەمامۆستایی ناردووە.. مامۆستا تۆوێك ئەنێژێت خوا ئەزانێت کەی وچۆن سەوزئەبێت و بەرهەم ئەدات، بۆنموونە: مامۆستا بەکر لەگەڕەکی ئیسکانی سولەیمانی لەهەشتاکاندا گەنجانی پەروەردەئەکرد، رژێمی بەعس گرتیان و شەهیدیان کرد.. ئەمڕۆ لەخزمەت ئەم برایانەدا بووم لەدەربەندیخان مامۆستا کەمال وتی: مامۆستا بەکر لەکەمپی دەربەندیخان پاشان دووساڵیش لەعەربەت مامۆستام بووە لەسەرەتایدا، لەدەرسێکدا قوتابیانی بردە مزگەوت وفێری دەستنوێژو نوێژی بەکۆمەڵی کردن.. ئەو تۆوەی ئەوچاندی ئەوا ئێستا هاتۆتە بەرو مامۆستا کەمال قوتابییەکی ئەو زاتەیە کە ئەم هەرچی چاکە بکات بۆمامۆستای رەحمەتیش ئەنووسرێت.. ئاخۆ چەندی وەك مامۆستا کەمال سەدەقەی نەبڕاوەن بۆ ئەو مەردە خواناسە، خوایە وامان لێبکەیت ئێمەش ئەو تۆوەی ئەیچێنین بێتەبەرو ببێتە سەدەقەو خێری نەبڕاوە بۆمان..

**رۆڵی گرنگی مامۆستایان:**

فەهد کندەری ساڵی ١٩٨٢ لەکوەیت لەدایك بووەو باوکی نوێژخوێنی ماڵی خۆی بوو، دایکی داپۆشراو نەبوو، باوکی ئاواتی ئەوەبوو لەخوێندندا لەپێش بێت و ببێتە یاریزانێکی بەناوبانگ، کاتێك لەسێی ناوەندی ئەبێت مامۆستاکەی بەناوی سولەیمان گوێی لەدەنگی ئەبێت کە خۆشە بۆ قورئان هانی ئەدات قورئان لەبەربکات، ئەویش ئەڵێت: من سەرقاڵی خوێندن ویاریکردنی یانەی وەرزشم، ماڵەوەشمان ئەوەیان ناوێت.

وتی: قەیناکە لە پشووی وانەکاندا وەرە لام فێرت ئەکەم و هەوڵبدە سوورەتی شورا لەبەربکەی بۆ پێشبڕکێ، بەبێ ئەوەی ماڵەوە بزانن لە دە ڕۆژدا سورەتی شورای لەبەرکرد، مامۆستا ناردی بەدوای باوکیا وپێی وت: فەهد سورەتی شورای لەبەرکردووە، لای سەیربوو، وتی: بڕواناکەم بەردەوام بێت لەسەری، وتی: با بەردەوام ئەبێت و حەزی پێدەکات، بەڵام تکایەکم هەیە با مامۆستایەکی قورئان خوێنی بۆدیاری بکەین فێری بکات، ئەوەبوو مامۆستایان بۆدیاری کردوبەساڵێك و حەوت مانگێك هەموو قورئانی لەبەرکرد لە ١٥ ساڵیداو لەشانزە ساڵیدا پێش نوێژی ئەکرد..

جا ئەم بلیمەتە یەکێکە لەقورئان خوێنە دەنگخۆشەکان وچەند بەرنامەی نایابی پێشکەش کردووە وەك: (بالقرآن اهتدیت، مسافر مع القرآن کەساڵی ٢٠١٥ دانرا بەباشترین بەرنامەی جیهانی ئیسلامی، هەروەها بەرنامەی (فسیروا)..

جا فەهد ئەڵێت قورئان بەرەکەتەو بووە هۆی ئەوەی باوکم نوێژەکانی هەموو لەمزگەوت بکات ودایکم خۆی داپۆشێت و براکانیشم بوونە ئەهلی قورئان.

جا منی بەندەی خواش ئەڵێم ئەگەر مامۆستایانمان بەئەرکی پەروەردە هەستن لەگەڵ فێرکردنەکەدا ئەوا قوتابی زۆرباشمان هەیە لەکۆمەڵگاکەماندا کە تینووی هەق و راستین چاوەڕێی هاندانێکن کەکەسێك هانیان بدات..




**ئەوە خۆشویستنی ئیسلامە!!**

رۆژنامەی دەیلی مەیلی ئینگلیزی وێنەیەکی یاریزانی سەنغالی (سەعیدۆ مانیع سادیۆمانی ) بلاّوکردۆتەوە کە شوێنی دەستنوێژی مزگەوت پاك دەکاتەوەوە، رۆژنامەکە پرسیاردەکات کەچی وای لەویاریزانە ملیۆنەرە کردووە کەهەفتانە نەوەد هەزار پاوەند وەردەگرێت ئەوکارە بکات، هەرخۆی وەلاّم ئەداتەوەو ئەلّێت: ئەوە خۆشەویستیە بۆ ئیسلام کەئاوا بەلەخۆبووردوویەوە خۆی هەلّمالّیوەو ئەو کارە دەکات..

ئەم هەوالّە وای کرد زۆر لەوانەی پێی سەرسامن بپرسن لەبارەی ئیسلامەوە.. جا بەڕاستی وێنەیەك بۆخۆی لەجێی هەزار وشەیە، خۆزگە هەمیشە وێنەیەکی جوانی ئیسلامەتیمان پیشان بدایە تابوینایەتە مایەی هیدایەتی خەلّکی، کە چاوەڕێی رووی خۆش و رەوشتی بەرزن لێمان.. هەروەك خۆشەویستمان (د.خ) ئەفەرموێت:

إِنَّكَم لن تَسَعُوا الناسَ بأموالِكم، ولكن يَسَعُهم منكم بسطُ الوجهِ وحسنُ الخُلُقِ..

الراوي: أبو هريرة | المحدث: ابن حجر العسقلاني | المصدر: فتح الباري لابن حجر




**دەستی میهرەبان:**

خەڵکی هەموویان خێریان تیایەو چاوەڕێی دەستێکی میهرەبانن دەستیان بگرێت، مامۆستا مەلا موحەممەدی چێوەیی، سەردانی دۆستێکی دەکات کە تووشی مەی خواردنەوەبووە لەکۆیە، کەسەری ئەدات زۆر لای سەیرئەبێت مامۆستایەکی ئاینی بەسەری دەکاتەوە، پاش گفتوگۆو ئامۆژگاری خێر ئەو دۆستەی تەوبەی کردو رووی کردە خوا، ئەوەی سەیرە کەوتبووی مامۆستا من ئەوکاتەش کەدەخۆمەوە لەدڵەوە داوام دەکرد کەخوا هیدایەتم بدات..

ڕەنگە هەرئەوەش بێت کەخوای گەورە ئەیخاتە دڵی مامۆستاوە کەبەسەری بکاتەوە، دەی وا دەستێکی میهرەبانمان بۆناردی فەرموو ڕێی راست بگرە.. خوای گەورە ئاگای لەدڵی بەندەکانێتی و بواری زۆریان بۆ هیدایەت بۆ دەڕەخسێنێت چونکە پێی خۆش نیە بەندەکانی سەرگەردان و کافربن (ولا یرضی لعبادە الکفر ).



**وتم با ئەم چیرۆکەش ون نەبێت:**

کاك کاروان شێخ زادە ئەڵێت:ڕۆژێك لە پرسگەی دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی سلیمانی دانیشتبووین کاك شێخ فاتیح پێشکەشکاری بەرنامەی درود چیرۆکێکی ڕاستەقینەی خۆکوژی پیاوێکی دینداری بۆ گێڕاینەوە و وتی: من لە بەرنامەی درود ویستم لە زنجیرە باسێکی تایبەت بەردەوام بم بەڵام ئەو ڕۆژە بەنامەکەم گۆڕی بۆ بەرنامەیەك کە هیوا بەخش و مرۆڤ نابێت بێ ئومێد بێت دوای ئەوە بەرنامەکەم تەواو بوو یەکێك لە حەرەسەکانی ڕادیۆ بە هەڵەداوان هاتە سەرەوە بۆ ستۆدیۆ و وتی کاك شێخ پیاوێك لە پرسگەیە و چاوەڕوانی تۆیە



بەڵام نەچیت باشترە!

منیش وتم: بۆ نەچم؟

وتی: سیلاحی پێیەو داوای تۆ دەکات بەخوا لەوە ناچێت نییەتی باش بێت ئێمە هەرچەندە ئامادەین بۆ هەر مەترسیەك بەڵام زۆر پیاوێکی نا تەبیعیە، وتی: ڕاستی ئێمەش

زۆر ترساین و نەمان ئەوێرا بچینە خوارەوە حەرەسەکە چووە خوارەوە بزانێ چی دەکات منیش تۆزێك بیرم کردەوە و وتم پشت بەخوا دەچمە خوارەوە چی دەبێت بابێت، ڕۆیشتمە پرسگە سەیر دەکەم پیاوێك بە کلاشینکۆفێکەوە دێت و دەچێت زۆر نا سروشتی بوو وە سەروچاوی خراپ نەبوو بەڵام هەڵسوکەوتی نا تەبیعی بوو منیش وتم خوایە پشت بە تۆ و چوومە ژوورە وەو سلاوم لێکرد کاتێکم زانی بە خێرای هات بۆ لام و لە پڕ باوەشی پیاکردم چاوەکانی پڕ بوون لە گریان منیش نەمزانی چ باسە دلنەوایم کرد.

پاش ئەوەی هێور بووەوە وتی: کاك شێخ تۆ نەبوویتایە ئێستە من خۆم کوشتبوو چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە وتی: بڕیارمدا خۆم بکوژم لەسەر شاخی گۆیژە بەڵام وتم تا ئەگەمە شوێنی مەبەست با من ڕادیۆکە بخەمەسەر گۆرانییەك وتی: کەناڵی ڕادیۆم زۆر گۆڕی تا گەیشتە سەر بەنامەکەی ئێوە یەکسەر باسی ئومێد وهیوات دەکرد زۆر گوێم لێگرتی پاشان لەگەڵ خۆم وتم: بەخوا ئەمە لەگەڵ منیەتی با ئەم کارە نەکەم بۆیە ئێستە هاتووم تا سوپاست بکەم.

کاك شێخ وتی منیش پێم وت: بەخوا خوای گەورە خۆشی ویستووی و نەیویستووە تۆ بەم شێوەیە لە ژیان دەرچیت کە ئیمان و قیامەتت بڕوات..

**باوکی غەزالی:**

بانگخوازی میسری محمد غەزالی ئەڵێت: باوکم مینی مارکێتێکی بچووکی هەبوونزیکەی ٥٠ساڵێك لەمەوبەر هەفتانە لەبحێرەوە بەشەمەندەفەر ئەچوو بۆ ئەسکەندەریە شتومەکی ئەهێنا، دز هەستیان بەمەکردبوو جارێکیان لەکاتی قەرەباڵغی ودابەزیندا مەحفەزەکەی لێ ئەدزن، کاتێ دائەبەزێ و ئەزانێت مەحفەزەکەی نەماوە کە دەجونەیهی پێبووەو لە ناویا قایمی کردبووکەبۆئەو زەمانە پارەیەکی زۆربوو لەسەرکورسیەك دانیشت و رووی کردە ئاسمان و وتی: خوایە کەناتوانم شت ومەك

بكرم قەیناکە، ژن وماڵەکەم هیچ نابێت بیخۆن ئەویش قەیناکە، بەڵام پێم ناڵێی من کەس ناناسم بەبێ پارە چۆن بگەڕێمەوە؟

لەوکاتەدا دزەکە سەیری مەحفەزەکەی کردبوو بەپەلە تەنها وردەی بینیبوو ئەوەی هەڵگرتبوو لەنزیکیەوە مەحفەزەکەی بۆ فڕێدابۆوە، ئەویش کەسەیری ئەولایە ئەکات و ئەیبینێت خێرا هەڵیدەگرێتەوەو ئەیکاتەوە دەجونەیهەکە نەبراوە، سەرهەڵئەبڕێت بۆئاسمان و لەخۆشیا ئەڵێت: خوایە ئەو دەستانەت بێنە ماچی بکەم.

جا ئەمە هەروەك ئەوکەسەیە کە خۆشەویستمان دروودی خوایلەسەر لەبارەی تەوبەوە هێناویەتی کەوشتروبارەکەی لەبیاباندا ئەڕوات و ئەمیش لەبرسێتی و بێهیواییدا لەژێر درەختێکدا خەوی لێدەکەوێ و چاوەڕێی مەرگە، کاتێك بەئاگا دێتەوە حوشترەکەی لەسەر سەری وەستاوە لغاوەکەی دەگرێت و، لەخۆشیا ئەڵێت: خوایە من خوای تۆم وتۆ عەبدی منیت..

( أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (٦٢) النمل )..

## بەسەرهاتی شەمۆئیل:

شەمۆئێل کوڕی یەحیا کوڕی عەباسی مەغریبی فاسی، ساڵی ٥٧٠ی کۆچی واتە پێش نزیکەی ٨٧٠ ساڵێك کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو خوا هیدایەتی داو بووە حوججە بەسەر یەهودەوەو پەڕاوێکی نووسی بەناوی (افحام الیهود)..

باوکی شەمۆئیل جوولەکەی مەغریب بوو پێیان دەووت یەهوزا، ئافرەتێکی جوولەکەی عێراقی هێنا ساڵانێکی زۆر منالّیان نەبوو، ژنە زۆر لەخوا پاڕایەوەو شەوێك خەوی بە حەناوە بینی کەدایکی پێغەمبەر شەمۆئیلە کەدوای مووسا هاتووە

سلاّوی خوای‌لیّبیّت وەك نویّکەرەوەی تەورات.بەهۆی ئەم خەوەوە نەزری کرد ئەگەرکوڕیّکی ببیّت ئەو ناوەی لیّبنیّت.

پاش ئەوەی کوڕیّکی بوو ناوی نا شەمۆئیل، باوکی زۆرگرنگی پیّەداو وای لیّکرد لە ١٤ سالّیدا لەتەورات و هەموو تەفسیرەکانی شارەزابیّت، لەبواری پزیشکی و دەرمانیشدا بووە پسپۆڕ، زۆریش حەزی لەخویّندنەوەبوو کەوتە خویّندنەوەی پەڕاوی ئیسلامی وەك میّژووی تەبەری، زۆر سەرسام بوو بەژیانی سەروەرمان ودلّنیابوو کە موحەممەد نیّردراوی خوایە بەلاّم لەبەرخاتری باوکی ئاشکرای نەکرد.

شەویّکیان لەخەویا لەبیابانیّکدا بوو لەدوورەوە درەختیّکی بینی خەلّکی ئەچوون بۆلای پرسیاری کرد ئەوە کیّیە؟وتیان: شەمۆئیل پیّغەمبەرە، چوو بۆلای پیاویّکی بەتەمەنی بەهەیبەت بوو کتیّبیّکی بەدەستەوەبوو، وتی: سەلامت لیّبیّت ئەی نیّردراوی خوا، ئەویش وتی: سەلام لەتۆش بیّت هاوناوەکەی من.

وتی: دانیشە، دانیشت و کتیّبەکەی خستە بەردەم و وتی: بیخویّنەوە، خویّندیەوە (أقيم لهم نبيًّا من وسط إخوتهم مثلك، وأجعل كلامي في فمه، فيكلمهم بكل ما أوصيه به...هتد)وتم: خۆشی لەخۆت ئەوە تۆیت کەباسکراویت ومژدە بەهاتنت دراوە، وتی: تۆلای خۆت شارەزایت و ئەو هەموو ئەندازیاری وپزیشکیەت خویّندووە.

وتی: ئەی پیّغەمبەری خوا (ئەولای شاخی فاران دیّت)لای مەکە مانای موحەممەدە؟ وتی: شمۆئیل تۆ نازانی کەخوامنی بۆ نەسخی تەورات نەناردووە، چ پیّویست ئەکات مژدەبدات بەهاتنم؟

پەڕاوەکەی لیّوەرگرتەوەوئەو(شەمۆئیل) بەتووڕەیی ڕۆیشت.. دوایی ئەوەی خەبەری بۆوەو خەوتەوە خەوی بەسەروەرو هاوەلاّنیەوە بینی لەغەزادا بوون و داوای کرد بەشداری بکا، ئیتر پاش ئەو خەوە ئیسلامەتی ئاشکرا کردونویّژی کردو

پەڕاوی (بذل المجهود فی افحام الیهود)ی نووسی بۆ بەرپەرچدانەوەی یەهودو چوار ساڵ باسی ئەو خەوانەی نەکرد تاکتێبەکەی بەچاکی بڵاوبۆوە بۆئەوەی نەڵێن بەکاریگەری خەو موسڵمان بووە، ڕاستە زیاتر پێی دامەزرا بەڵام بە بەڵگەو قەناعەتەوە موسڵمان بوو..







جامنی بەندەی داماوی خواش ئەڵێم هەرچی لەم بەسەرهاتانە ئەبینم یەقینم لازیاد ئەبێت کەخوا هادیەو ئاگای لەهەمووانەو کەسێك یەك تۆز بیەوێت و بجولێت هاوکاری ئەکات ودەستی ئەگرێت وەك لەفەرموودەی قودسیدا هاتووە (یاعبدی قم أمشی الیك)..

## غافڵبوون:

ئەمەنەخۆشییەکە کە تووشی مرۆڤ بەگشتی و موسڵمان بەتایبەتی ئەبێت، کێشەکە ئەوەیە نەخۆش بێت و خۆی بەنەخۆش نەزانێت تا لووتی ئەکەوێ بەبەردی ئەلحەدا..

قورئان دەفەرموێت(اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُعْرِضُونَ (١) مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ (٢) الحج ).

دەوڵەمەندێك لەشام پێنج کوڕوکچێکی هەبوو، ساڵی ١٩٧٥سێ کوڕی چوونە ولاَتانی کەنداو بۆکارکردن، ساڵی ١٩٨١ دەوڵەمەندەکە مرد، دووکوڕەکەی و کچەکەی کە پارێزەر بوو رێکەوتن کە تۆمەتێکی ئەمنی بۆ براکانیان رێکبخەن بۆ ئەوەی نەیەنەوە بۆشام، ئنجا وەکالەتیان بۆخوشکەکەیان کردەوە کە مامەڵەی میراتەکەیان بۆبکات، ئەویش فێڵی لەمانیش کردو زەویەك کەبایی دوملیۆن لیرە بوو بۆخۆی تەرتیب کردو حسابی هەموو شتێکی کردبوو، ئەوەی کە لەحسابیانەبوو خوابوو، غافڵ بوو لەخوا تادوا پلە، سبحان الله خوا مۆڵەتی نەداو مەرگی بۆناردو خێری نەدی لەمیرات و باروبارگەی پێچایەوە بەرەو مەحکەمەی خوایی کە غافڵ نیە لەستەمکاران (وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ (٤٢)ابراهيم ).

دیارە دووبراکەشی خێری لێنابینن، خوا بیسەرو بیناو زانایەو مسقاڵە زەرەی لێ ون نابێت (وَمَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِنْ مِثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَلَا أَصْغَرَ مِنْ ذَلِكَ وَلَا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ (٦١)يونس ).

***

## ئەدیبی رووسی لیۆ تۆلستۆی:

لیوتۆلستۆی کەساڵی١٨٢٨ لەدایك بووەو ساڵی ١٩١٠کۆچی دوایی کردووەو نزیکەی سەد کتێبی هەیە، لەبارەی سەروەری مرۆڤایەتیەوە ئەڵێت: موحەممەد ئەوەندەی لەفەخر بەسە کە ئومەتێکی زەلیلی خوێنڕێژی لەچنگ وکەڵبەی شەیتانەکانی عاداتە خراپەکان رزگارکرد، وەدەرگای پێشکەوتنی بەروودا کردنەوە، شەریعەتی موحەممەد دونیا ئەگرێتەوە چونکە لەگەڵ عەقڵ وحیکمەتدا دێتەوە، من یەکێکم لەوانەی کەسەرسامم بەموحەممەد پێغەمبەرکەخوا هەڵیبژاردو دواپەیامی پیاناردو بووە دواهەمین پێغەمبەر..




## باخوم چیرۆکی زۆر لەمرۆڤەکان:

ئەم چیرۆکەی بە شاکارێکی ئەدەبی ئەناسرێت کەباسی جووتیارێك دەکات کەناوی باخوم ە لەدێیەکی رووسیا.

باخوم هەژارونەداربووئاواتی ئەوەبوو نانێك بەئیسراحەت بخوات، رۆژێك بیستی کە خاوەنی ئەو کێڵگەیەی ئەم کاری تیادەکات کێڵگەکە بەقیست ئەفرۆشێت، کێڵگەی کڕی و وەزعی باش بوو، ئنجا پارچە زەویەکەی دراوسێشی کڕی وخستیە سەری و رووبەری زەویەکانی بوونە پەنجا فەدان.

رۆژێك هاوەڵێکی دێرینی سەردانی کردو باسی سەرکەوتن و ئاسوودەیی کرا، باخوم وتی: راستە من سەرکەوتنم بەدەستهێناوە لەهەوڵەکانمدا بەڵام ئاسوودەنیم

چونکە حەزدەکەم ئەو پەنجا فەدانەی هەمە ببنە سەد یان هەزار فەدان.. هاوەڵەکەی وتی: جا ئەوە ئاسانە لای رووباری ڤۆڵگاتا گەلێك ئەژین کەزۆر سادەو چاکن، ئەتوانی بەنرخێکی هەرزان زەویان لێبکڕیت.. باخوم چی هەبوو فرۆشتی و خۆی و خزمەتکارەکەی چوون بۆئەو شوێنە ودیاری بەنرخی برد بۆ گەورەکانیان و وتی: ئەمەوێت زەویو زارتان لێبکڕم، وتیان سەرچاومان هاتی لای ئێمە رۆژێکی تەواو بەهەزار رۆبلە، وتی: مەبەستان چیە لەرۆژی تەواو.

وتیان: هەزار رۆبل ئەدەیت و رۆژێکی تەواو بەپانی و درێژی ئەو زەویەدا بڕۆ گەیشتیتە هەرکوێیەك نیشانەیەك دابنێ ئەبێتە هی تۆ بەمەرجێك پێش خۆرئاوابوون بگەڕێیتەوە لامان.. هەردولا رێکەوتن و بۆبەیانی لەسەرگردێك وەستابوون هەزار رۆبلی داو چەند نیشانەیەکی برد لەگەڵ خۆیدا وکەوتە رێکردن، لەنیوەڕۆدا ویستی بگەڕێتەوە وتی: زووە جارێ فریا ئەکەوم، بووە عەسر زانی درەنگە نشیانەی داناوکەوتە گەڕانەوەو زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت، کەل و پەل وخواردن وخواردنەوەکانیشی جێهێشت تا سووکەڵەتر بێت لە رۆیشتندا، کاتێك گەیشتە ژێر گردەکە هەناسەی لێبڕابوو نیوە مردوو بووبوو، خۆریش بەلایەوە ئاوابووبوو، بەڵام ئەوانەی لەسەرەوەبوون هێشتا چاویان لەخۆر بوو زۆرهانیان دا سەربکەوێ تا ئاواتی تەمەنی بێتەدی و ئەو هەموو زەویەی بەبێ پێواویەتی ببێت بەهی ئەو هەرچۆنێك بێت بەچنگە کرێ سەرکەوتودەستی خستە دەستی سەرۆکی هۆزەکەوە کەبیرۆزبایی لێبکات خوێنی هێنایەوەو گیانی سپارد.. هەموو تووشی شۆك بوون: سەرۆك هۆزەکە بەخزمەتکارەکەی وت: ئالێرەدا دووگەز زەوی بۆهەڵبکەنەو بینێژە، لەدونیادا ئەوەندە بوو بەنسیبی..

شافیعی بەرەحمەت بێت لەم بارەیەوە بەباخومەکان ئەڵێت:

تویشووی سبەینێت هەڵگرە کەرێبواری سەرسەفەریت

بەس دونیا بەکۆڵتا بە کەنازانی بۆکوێی بەری..

**کێ ئیرهابیه؟**

بۆ ٣٠٠سالّ ئیسلام حوکمی صربیای کرد یەك مەسیحی نەکوشت لەسەر دین و یەك کەنیسەی نەڕوخاند، کەچی کەئەوان دەسەلأتیان پەیداکرد لە تەنها چوار سالّدا ٨٠٠مزگەوتیان رووخاندو٣٠٠ هەزار موسڵمانیان شەهید کرد و ملیۆن ونیوێك موسڵمانیان دەربەدەروئاوارە کردو دەستدرێژیشیان کرد سەر ٦٠ هەزار ئافرەت بەبەرچاوی مافی مرۆڤ و ئوممەمی نا موتەحیدەو دەزگا کەڕولالّەکانیانەوە..

**بەهەدەردان:**

حەزرەتی عومەر دەیووت من وەك وەصی وام بەسەرماڵی هەتیوەوە، ئەبوبەکریش هەرچی مووچەی وەرگرتبوو لەماوەی خەلافەتیا هەمووی بۆعومەر گێڕایەوە بیخاتە بەیتول مالەوە، عومەر کەئەمەی بینی وتی: بەڕاستی ئەوەی دوای تۆ دێت ماندوو ئەبێت کەچاو لەتۆ بکات..

بەداخەوە ولأتە ئیسلامیەکان بەگشتی وعێراقیش سەرتاخواری بەتایبەتی پارەوسامانی میللەتی تیا بەهەدەر ئەدرێت، ئەوەتا بۆدروستکردنی قۆناغی سێیەمی مەرقەدی محمد باقر صدر نزیکەی ٤٥ ملیار دیناری عێراقی خەرج کراوە بۆکۆمپانیایەکی تورکی و لەم خۆپیشاندانانەی دوایشدا سوتانیان، لەتاوبرسێتی ونەبوونی خەڵکی پەلاماری هەمووشتێك ئەدەن،پارێزگارێکی کەرکوك ئەڵێن سەدان ملیۆن دیناری بۆکەباب خواردن نووسیوە، ئاخرکەباب خواردن ئەوەندەی ئەوێت؟.

لەمەوە ئەگەینە ئەوەی کەخۆشەویست و سەروەرمان ئەفەرموێت سەعاتێکی حاکمێکی عادل باشترە لەشەست سالّ عیبادەتی عابدێك.. جاوەرە ناعادل بێت و دزوگەندەلّ بێت ئەبێ سزاکەی چۆن بێت؟خوا ولأتمان بدەیتە دەست کەسانی دەست پاك وداوێن پاك بۆخاتری گەورەیی خۆت وا تەمەنمان هەموو بەرێکردو

کاربەدەستێکی دادپەروەرمان نەبینی.. واش ئەزانم وابڕوات کە هەڵبژاردنەکان تەزویربکرێن ئەبیٚ هەموو بەوداخەوە سەر بنێینەوە..

## مامۆستا مەلا عبدالرحیمی پەرخی:




لەژیاننامەی مامۆستادا هاتووەکە ساڵی ١٩٠٧ لەدایکبووەو پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی زۆرخزمەتی بە فەقێیان کردووەو موسڵمانێکی خواناس و بۆخوا سوڵحاوبووە بەشایەتی هەموو ئەوانەی کەدەیناسن، ساڵی ١٩٨٩ لەخەستەخانە لەسلێمانی چارەسەر وەردەگرێت دکتۆرەکان سەرسام دەبن کەئەو هەموو دەرمان وچارەسەرە چاکەی ئەدەنیٚ و بەرەوچاکی ناچێت، ئەویش پێیان دەڵێت: برا سەیرنییە، سەرسام مەبن، ئەی ئینسان چۆن دەمریٚ؟ئەوە نیشانەی هاتنی مردنەو تەواو، یاخوا دیاری خوا بەخێربیٚ، خوا پاداشتی چاکەی ئێوەش بداتەوە، راستە کەئێوەی پزیشك بەری مەرگتان پێناگیریٚ، بەڵاٚم زۆریٚ لەئێش و ئازارەکانی مەرگ لەکۆڵ نەخۆش دەکەنەوە.. ئیتر پاش ئەوە بەکەمیٚ مامۆستا دەمریٚ و دەبیٚ بەمیوانی خاکی دایکی هەمووان.. خۆزگە هەموو ئاوا ئامادەی مردن بووینایەو بەدیاری خوای پەروەردگارمان بزانیایە..

## شێخی بانگخوازان: یەکەم

شەعراوی خوای گەورە قبوڵی بۆ نووسیبوو، خزمەتێکی گەورەی بەمیسرو وڵاتانی ئیسلامی کرد، بەشێوازی نەرم ونیانی پڕلەحیکمەتی توانی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندو ئەکتەرەکانی میسر بێنێت بەرەو لای خوا، وەك شادیەو مەریەم فەخرەدین و زۆری تر.. کەسێك دەڵێ: لە ریستۆرانتێکی ئەسکەندەریە لەسەر دەریا گارسۆن بووم، بینیم ئۆتومبیلێکی مۆدێل بەرز لەر شۆستەکە وەستاو شێخ شەعراوی کەتازە نەشتەرگەری گورچیلەی کردبوو دابەزی و شۆفێرەکەی چووە بن باڵیەوە یارمەتی بدات تا بە قادرمەکاندا سەربکەوێ بۆ شوققەکەی تا ماوەیەك لەوێ بحەوێتەوە لەکەشێکی ئارام و تەندروستدا، منیش چووم بۆهاوکاریان، دوای دوو قادرمە ماندوو بوو کورسیەکم بۆدانا تا دانیشێ و پشوو بدات پاشان بە قادرمەکانی تردا سەربکەوێت..

بۆبەیانی ئۆتومبیلەکەم نەبینیەوە کەکاتی خۆی شافەهد پێشکەشی کردبوو، کاتێکم زانی ئۆتومبیلەکە هاتەوەو دوو ئافرەتی دانەپۆشراوی لێدابەزی زۆرم پێ سەیربوو ئەمانە ئیشیان چیە، پاش ئەوەی سەرکەوتن بۆلای شێخ شەعراوی بەو نەخۆشیەشەوە ئامۆژگاری کردبوون و گوێم لەگریانیان بوو، دوایی کەهاتنە خوارەوە سەرپۆشیان دابوو بەسەریاندا، ئنجا تێگەیشتم ئەم زانایە بەو نەخۆشیەشیەوە چەند خەمی هیدایەتی خەڵکێتی، دیارە داوایان کردووە بچنە خزمەتی و ئەویش دەستی نەناوە بەڕوویانەوە.

## شێخی بانگخوازان: دووەم

شێخ شەعراوی ئەولیایەکی خوابوو، دکتۆر موئمین ابراهیم داود کەقەشە بووەو موسڵمان بووە لەبارەیەوە دەڵێت: کاتێك شێخ شەعراوی نەشتەرگەری کرد

لەلەندەن و بابا شنۆدە ئەحواڵی پرسیبوو، شێخ سەردانی کرد بۆ سوپاس کردنی لەساڵی ١٩٩٥دا، من لەوێ بووم پێمووت: خۆزگە بەرگی ئەزهەری قوتابیان لەناوەندیەوە بیانپۆشیایە نەك لەسەرەتاییەوە، چونکە هەرچی بێت ئەو بەرگە رەمزێکی ئاینیەو خۆش نیە منالان شەڕەشەقی پێوەبکەن، شێخ شەعراوی راکەمی پێ جوان بوو وتی: تۆ عەقلێکی رۆشنت هەیە لەخوا دەپاڕێمەوە کەدڵیشت وەك عەقڵت رۆشن بکاتەوە.

بەڕاستی دڵم بەو دوعایەی خۆش بوو دیاربوو خوا گیرای کرد.. ئەوەتا من لەقەشەیەتیەوە بووم بەبانگخوازێك بۆ ئیسلام.. هەرچەند من پاش گەشتێکی ئیمانی موسڵمان بووم، من سێ جار لەدایکبووم، جارێك کە وەك هەمووکەسێکی تر هاتمە دونیاوە، دووەمیش پاش ئەوەی موسڵمان بووم ساڵی ٢٠١٣، سێیەمیش کە ساڵی ٢٠١٨ هاتم بۆحەج لەگەڵ هاوسەرمدا..

بەڕاستی من تامەزرۆی مزگەوت بووم بەهۆی حکومەت و کەنیسەوە لە ١٩٩٥ تا ٢٠٠٨ نەمئەتوانی بچمە مزگەوت.بۆیە ئەبێت ئێوەسوپاسی خوابکەن کە بە موسڵمانی لەدایکبوون و مزگەوت دەرگای والایە بۆتان.. من کەموسڵمانبووم دژایەتیەکی زۆرکرام دایك وباوکم مردن نەمتوانی ئامادەی پرسەیان ببم..

دواتر سوپاس بۆخوا دکتۆرەیەکم هێنا مامۆستای زانکۆ بوو، پێکەوە هەوڵ ئەدەین بۆ ئیسلام. پەیجی فەیس بوکەکەم زیاد لەیەك ملیۆن فرێندم هەیە کە بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە بۆمن و ٢٥٠ کەس موسڵمان بوون و ئافرەتانێکی زۆری مەسیحیش موسڵمانبوون بەدزیەوە لەحەمامدا نوێژدەکەن لەترسی کەسوکاریان.

### شێخی بانگخوازان: سێیەم

دکتۆر موئمین ئیبراهیم داود کەقەشەبوو وەموسڵمان بوو دەڵێت: ئەگەرقسە لەگەڵ مەسیحیەکدا بکەم ناڵێم ئینجیل تەحریف کراوە، بەڵکو لەئینجیلەوە عەقیدە

و بیروڕای هەڵدەوەشێنم، چونکە منیش بەئینجیل موسڵمان بووم. بۆنموونە لەهەموو ئینجیلدا نەهاتووە حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لێبێت بفەرمویت من خوام، یان کەتیایا هاتووە عیسا برسی بووە، چۆن خوا برسی دەبێت، یان پێی دەوترێت: بەمردنت بەشارەتمان پێدەدرێت، خوا چۆن دەمرێت؟؟

من ساڵی ١٩٨٢ کەبوومە قەشە وردبوومەوە لەقوداسیان کە پێنج کولێرە ئەبێت پیاوێك بیکات و بیهێنێ نەك ئافرەت، ئنجا قەشە یەکێکیان هەڵدەبژێرێت و پاشان عارەق دێنن و روونی دەکەنەوە بەئاو پاشان هەندێ شتی بەسەرا دەخوێنن گوایە کولێرەکە ئەبێت بە جەستەی عیساو عەرەق و ئاوەکەش ئەبن بەخوێنی، ئنجا یەك یەك دێنە بەردەمی قەشەو ئەویش یەکی پارچەیەکی بچووك نان ئەکا بەعەرەقەکەداو گوایە خوێن و بەشێکی جەستەی مەسیح دێتە تۆوە، منیش جارێك وتم: پارچەیەکم بدەنێ بۆنەخۆشێك، دایانمێ و لەئوتومبیلەکەدا چەند رۆژێك بیرم چوو کەڕووی کردو دواتر فڕێمدا، لەخۆم پرسی ئێمە خەریکی چین لەوساتە وەختەوە من بوومە قەشەیەکی موسڵمان، هەرچەند ئیسلامەتیم رانەگەیاندبوو..

ئەوسا من هەستم بەلاوازی ئەکرد کەخوایەکی لاوازم ئەپەرست کە بەحساب جوولەکەکان لەخاچیان دابوو، بەڵام پاش موسڵمان بوونم هەست ئەکەم بەهێزم کەخوایەکی گەورەی باڵادەست ئەپەرستم.

مەسیحیەك ویستی موسڵمان بێت سەرەتا فێری دەستنوێژم کردو وتم: لەسەری بەردەوام ببە ورۆژانە چەند جارێك دووبارەی کردەوە پاش ماوەیەك وتی: هەست ئەکەم پاك بوومەتەوەو دڵیشم ئارام بووە(ألا بذكر الله تطمئن القلوب )..

## شێخی بانگخوازان: چوارەم

شێخ شەعراوی بەڕەحمەت بێت، زانایەکی بۆخوا سوڵحاو بوو، یەکەم کەسە کە تەفسیری قورئانی لەمزگەوتەکان ئەکردو پەخش ئەکراو ئەوەندە بەزمانێکی ئاسان تەفسیری ئەکرد هەموو چین و توێژەکان سوودمەند ئەبوون لێی کەنزیکەی نۆ سەد سەعاتە، ئیسرائیل فشاریان لە ئەنوەرسادات کرد کە ئەو بەرنامەیە پەخش نەکرێت، کەچی بەگوێی نەکردن..

کاتێك سادات رێککەوتنی کامپ دیڤدی ئیمزا کرد لەگەڵ ئیسرائیلدا وڵاتە عەرەبیەکان دژی سادات وەستانەوەو وڵاتێکی عەرەبی پێشنیاری کرد بۆ شەعراوی کە یەك ملیۆن دۆلاری پێئەدەن بەمەرجێك لای ئەوان تۆماری بکات، هەروەها کەناڵێکی ئەڵمانیش ملیۆنێك دۆلار زیاتری بۆ پێشنیارکرد کەلای ئەوان تۆماری بکات، شێخ شەعراوی هەمووی رەت کردەوەو وتی: تەنها لەمیسر تۆماری دەکەم.

جیهان سادات داوای لێکرد کە لەیانەی رۆتاری ئافرەتان وتاریان بۆبدات ئەویش مەرجی ئەوەی دانا کە ئامادەبوان خۆیان داپۆشن، کاتێك چوو بینی هەموویان سفورن گەڕایەوە ئەمەش وای کرد سادات لێی زویر ببێت..

شەعراوی دووساڵ وەزیری ئەوقاف بوو لەزەمانی ساداتدا کاتێك زانی وەك پێویست نین و هەندێ یاسا دەرئەکەن وازی هێنا.. جارێك سەفەر ئەکات بۆ ئیتاڵیا و وەزیرێك داوای جووتێك پێڵاوی ئیتاڵی لێدەکات و وەزیرێکی تریش بەهەمان شێوە، بۆیان دێنێت وئەوانیش بۆکۆبوونەوەیەك لەگەڵ سادات لەپێی دەکەن، کەسادات ئەیبینێت لەپێیاندا لێیان ئەپرسێت ئەوەتان لەکوێ بوو؟

وتیان: شێخ شەعراوی بۆی هێناوین، ئنجا بەشەعراوی وت: ئەی کوا بۆ خۆت لەوانەت لەپێ نەکردووە؟وتی: ئاخر قوربان بۆکۆبوونەوەی گرنگترم هەڵگرتووە!!



**بۆ بانگخوازان: یەکەم**

دکتۆری بانگخوازی کوەیتی تاریق سوەیدان لەوتاری (باشترین کتێب کەخوێندومەتەوە)دا ئەڵێت: ئەبێ فێری خوێندنەوەی خێرا بن، ڕۆمانێك ئەخوێنیتەوە بۆ چێژ لێوەرگرتنە راستە مەجبوری هەمووی بخوێنیتەوە بەڵام با لەسەدا دەی خوێندنەوەتان بۆ ڕۆمان بێت وکتێبی تریش مەرج نیە لەبەرگەوە بۆ بەرگ بیخوێنیتەوە، من کتێبێکی دووسەد لاپەڕەیی بە سەعاتێك ئەخوێنمەوە.

هەروەها دەڵێت: باشترین تەفسیر (فی ظلال) ە کە زۆر سوودم لێبینیوە، هەرچەند بەداخەوە کەسانێك لەکۆن و نوێدا دژایەتی ئەکەن، لەخزمەت بن بازدا بووم بەرەحمەت بێت، مەوعیدی فڕۆکەم هەبوو ئەموویست بڕۆم، لەبەر من جەلسەکەی کۆتایی پێهێنا تانانی نیوەڕۆی لەگەڵدا بخۆم، لەسەرنان خواردن گەنجێك پێی وت: رات چیە لەبارەی سەید قوتبەوە کە باسی (وحدة الوجود) ئەکات؟ئەویش وتی: (وحدة الوجود) کوفرە، منیش وتم: برام تۆ (فی ظلال) ت نەخوێندۆتەوە ئەگینا (سەید) بەرەحمەت بێت تا جزمی پانزە پیاچۆتەوەو لەسوورەتی ئەنعامدا بەئاشکرا

دژی (وحدة الوجود) وەستاوەتەوە، ئەوەش کە لە سورەتی (اخلاص) و ئەوانی تریشدا باسی دەکات (أحدیة الوجود)ە نەك (وحدة الوجود)، بەو قسانەی من شێخ بن باز گەشایەوەو پێی خۆش بوو کە ئەو وەڵامەم دایەوە.

## بۆ بانگخوازان: دووەم:

شێخ نیعمەتو الله بانگخوازێکی تورکەو هەمووتەمەنی بۆ بانگەواز بەخت کرد، شێوازێکی ئاسان و سادەی هەبوو بۆ بانگەواز، کەزیاتر لە سێ هەزارکەس لەسەر دەستیا موسڵمان بوون، جارێك بانگخوازی کوەیتی جاسم متوەع ئەیبینێت و لەبارەیەوە دەڵێت: شێخ نیعمەتوالله ئایەتێکە لەئایەتەکانی خوا، ئەم پیاوە کە تەمەنی هەشتا ساڵ زیاتر بوو دووسەد وڵات گەڕا، لێم پرسی ئەو وڵاتانە بۆچی گەڕایت؟

وتی: بۆ بڵاوکردنەوەی دینی خوا، وتم: جاتۆ تەنها تورکی و تۆزێ عەرەبی و تۆزێك ئینگلیزی ئەزانیت چۆن ئەوکارەدەکەیت؟

وتی: جا بانگەواز زمانی بۆچیە؟

وتم: چۆن؟

وتی: کارتێکم چاپ کردووە بەنۆ زمان (لاالە الا الله محمد رسول الله)ی لەسەرە (ئینگلیزی، فەرەنسی، هیندی، عەرەبی...هتد) هەرکەسێك ببینم کارتێکی ئەدەمێ، لەگەڵ ناونیشانی مەرکەزی ئیسلامی یابان و تەلەفونەکانم.. من ئەوەم لەسەرەو ئیتر باقیەکەی لەسەرخۆیەتی.. جارێك لەکۆریا لەمزگەوت هاتمە دەرەوە چوارکۆریم بینی، وتم: سەلام علیکم، بڵێن: أشهد أن لاالەالا الله وأشهد أن محمدا رسول الله، یەکێکیان وتی، وتم: تۆ ناوت ئەبوبەکرەو ئەوی ترتان عومەرو ئەوی ترتان عوسمان وئەوی تریش عەلی.. پاش بیست ساڵ لەحەرەمی مەککە، دووگەنج هاتن بۆلام و

باوەشیان پیاکردم، خۆیان ناساند کە یەکێکیان ئەبوبەکرەکەی کۆریایەو ئەوی تریان عومەر، وتم: ئەی عوسمان وعەلی؟

وتیان ئەوەتا لەولاوە نوێژدەکەن.. جابەڕاستی ئەم بانگەوازە تۆوێکە ئێمە چاندمان لەسەرەو بەئیزنی خوا دەڕوێت و گەشە دەکات و بەروبووم ئەدات..



ویستم وێنەیەکی بگرم، دەستی بەرزکردەوە بۆدوعا، وتم: بۆچی دەستت دانانێیت، وتی: هەرکەس وێنەدەگرێت حەزناکات جوانترین وێنەی بگیرێت، زەردەخەنە ناخاتە سەرلێوی؟، دەی منیش ئەم دوعاکردنە بەجوانترین ساتە وەختی خۆم دەزانم بۆیە حەزدەکەم ئاوا وێنەم بگیرێت!!

## بۆ بانگخوازان: سێیەم:

هیدایەت لای خودایەو ئێمە هەوڵمان لەسەرە، لەفەرموودەدا هاتووە: پەروەردگار ئەفەرموێت: ئەی بەندەکەم هەستە من دێم بۆلات(یاعبدی قم أمشی

اليك) هەروەها بەپێ وەرە من بەڕاکردن دێم بۆلات.. الله أکبر لەگەورەیی و میهرەبانی خوا، ئەم هەموو گرنگی و خۆشەویستیە چیە ئەیدات بەمرۆڤ کەحەزدەکات بڕوابهێنێ و بەهەشتی هەتا هەتایی بداتێ.. ئاخر نەك من وتۆ بەڵکو زەویەکەشمان نوکە دەرزیەك نیە لە چاو بوونەوەردا..

خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووەودەڵێن سەدوبیست و چوارهەزارن، تەنها ناوی بیست و پێنجیان لەقورئاندا هاتووە سەڵاتو سەلامی خوایان لەسەربێ، جا بەردەوامیش پەیامی تریان بۆ ئەنێرێت لەرێی بەڵگەونیشانەکانیەوە لەبوونەوەردا، لەرێی زلـلەی میهرەبانیەوە وەك مامۆستا نوورسی ئەفەرمویێت، کارئاسانیان بۆئەکات، ئاگای لەدڵ و دەروون و نیەتیانە، زۆرجار کەبەسەرهاتی هیدایەتی کەسێك لەکۆن و نوێدا ئەخوێنمەوە ئەسرین لەچاوانم دێن، یا الله تۆ چەند بەرزوپیرۆزو میهرەبان و بەسۆزیت..

ئەی محمد، ئەی پەیامبەری خۆشەویستم تۆناتوانی ئەوەی خۆشت دەوێت هیدایەتی بدەی، خوا هیدایەت ئەدات ئەگەر ئەو کەسە بیەوێت و ئەهل بێت، ئەمەش لەسەر مامی هاتەخوارەوە کەئەم زۆر حەزی ئەکرد لەسەرە مەرگا شایەتمان بهێنێت.. جا لەپەڕاوەکانمدا بەسەدان نموونەم لەم بارەیەوە نووسیوە.

## ئەو هندوسیەی گۆمەزی مزگەوتی باربری روخاند موسلمان بوو

ناوبراو توانی تا ئێستا ٩٠ مزگەوت لەبری ئەوە لەسەرتاسەری هندستان دروست بکات: کێ دەیزانی (کار سیفاك ) ئەو هندوسە توندڕەوەی گۆمەزی مزگەوتی بەناو بانگی بابری لە شاری ئەیۆدیا (کەلە سەدەی پانزەهەم دروستکراوە ) روخاند ڕۆژێك دێت موسلمان دەبێت و بڕیاری دروستکردنی ١٠٠ مزگەوت دەدات، کەتائێستا ٩٠ مزگەوتیان تەواو بون..



(كار سيفاك ) كه دواى موسڵمانبوونى ناوى خۆى ناوه محمد عامر باس لەوە دەكات چۆن لەگەڵ ڕێكخراوە توندڕەوە هندوسيەكان لەسەرتاسەرى هندستان كۆبونەتەوە بۆ روخاندنى مزگەوتەكەو دەسەڵاتدارانيش كار ئاسانيان بۆ كردوون ئەوەبوو توانيان لە ٦ / ١٢/ ١٩٩٢ مزگەوتەكە بڕوخێنن و دواى ئەوەش كۆمەڵێك شەڕو پێكدادان رويدا كە زياتر لە ٢٠٠٠كەس كوژران كە زۆربەيان موسڵمان بوون..

محمد عامر دەڵێت ئيمە لەگەڵ ڕێكخراوە توندڕەوەكان بەتايبەتى ڕێكخراوى راشتريا سواياوچەندرێكخراوێكى تر بەشانازيەوە مزگەوتەكەمان روخاند يەكێك لە هاوكارەكانم بەناوى (يوجندرا بال) كە ئەويش ئێستا موسڵمان بوەو ناوى خۆى ناوە (محمد عمر ) بڕيارمان لەبرى ئەو تاوانەى كە كردمان ١٠٠ مزگەوت دروست بكەين تائێستا ٩٠ مزگەوتيان تەواو بوەو بەردەوامين بۆ دروست كردنى ١٠ مزگەوتەكەى تريش..

محمد عامر که ئەندامیکی قیادی چالاکی حزبی( شیف سینا ) ی راسترەوی توندرەو بوە که زۆر سەرسام بوە به سەرکردەی نازی ئەدولف هیتلر.

(يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ (التوبة: ٣٢) (ئەوانە بەو بیروباوەڕە پووچانەیانەوە) دەیانەوێت نوورو ئاینی خوا بەقاڵەی دەمیان بکوژێننەوە و خامۆشی بکەن (بەڵام خەیاڵیان خاوە) خوا ناهێڵێت ئاواتیان بێتە دی و هیچ شتێکی تری ناوێت جگە لەوە نەبێت ئاین و نووری خۆی سەربخات و نووری خۆی تەواو بکات و دەری بخات، هەرچەندە کافرو بێ باوەڕان پێی سەغڵەت و دڵتەنگ بن.(لەئەکاوەنتی: خالد عەلی وەرگیراوە).

## هۆنراوەیەکی مەولەوی:

جەنابی شێخ موحەممەدی خاڵ لە پەڕاوی ناڵەی دەروونذا، وەسفێکی دەست و قەڵەم وهزرو مامۆستایی و تاقانەیی مەولەوی دەکات و چەند نموونەیەکیش دێنێتەوە لەژێر ناونیشانی هیچێکی تازە لەژێر تیشکی خۆردانیە، دەتوخوا سەیری ئەم نموونەیەش بکەن لەهۆنراوەی مەولەوی وبزانن چەند خەیاڵێکی فراوان و چەنددیمەنێکی ناوازەیە..

نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازە خەم
تاکەی سەر ئەنگوشت غەفڵەت نە تۆی دەم؟
بازیت پێ وەردەن هەر یەك وە لایێ
سەدای دایەنان وە لایەلایێ
های نە فەرقیش هەن ئەو سەدا و تەئسیر
تا ئەو لاوناو ئەو مەزە و ئەو شیر
هەر تفلێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن

جەی دایە بڕیان بەو دایە جفتەن
وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان
بڕیانەوەی تۆیچ سەروەختش ئامان!

واتە: تاکەی لە بێشکەی زەمانەدا، کە تالّی دەسرازەکەی لە خەم و خەفەت هۆنراوەتەوە، سەرپەنجەی بیَ ئاگایی ئەبەی بە دەمتا وەك منداڵی ساوا؟دەنگی لایەلایەی دایەنەکان هەریەکیَ لەلایەکەوە هەڵت ئەخەلّەتێنیَ.دەنگی ئەو لایەلایەی منداڵییە، لەسەری ئینساندا دەمێنێتەوە تا جارێکی تر لاواندنەوەی ناو گۆڕ دەبیستیَ و مەزە و شیری ئەویَ ئەچێژیَ.. بێگومان هەر منداڵێك لە بێشکەی گەردوونا خەوتییَ لە دایکی ژیان ئەبڕێتەوە و ئەنریَ بە بەری دایکی گۆڕەوە.

بەس یاری بکە بە خۆڵ، دەخیلتم وریا بەرەوە، وەختی بڕانەوەی تۆیش هاتووە لە مەمکی ژیان!. مەبەست لە دایەن: نەفس و شەیتانە

## سەری قوت دا:



دونیایەکی سەیرە رەنگە کەسێك وەك شاعیرەکەی خۆمان دەڵێت هەموو ئاواتی تاجێك بێت بیکاتە سەری ئەو تاجەش سەری قوت بدات، یان ئەو کورسیەی ئەیکاتە ژێرپێی بۆئەوەبێت سەری بکا بەپەتا..

تەلعەت زەکەریا ساڵی ١٩٦٠ لەمیسر لەدایك بوو، بووە ئەکتەرێکی ناوداری میسری و هەموو ئاواتی ئەوەبوو کە ڤیەلایەکی هەبێت و مەلەوانگەیەکی تیابێت، کاتێك ئەوەی بەدەستهێنا لەم ساڵدا، هەرئەوەندەی قاچی راکێشا پشوویەك بدات،

فەرمووی گەڕانەوەی لێکرا، ئەو مەلەوانگەیەی کە هەموو ئاواتی بوو مەلەی تیابکات، مەلەی تیاکردبەلاَم بەهۆیەوە تووشی ڤایرۆسێکی دەگمەن بوو کە لە دەملیۆن کەسدا یەکێك تووشی ئەبێت و هەناسەی تەنگ بوو کوشتی، ئەم ساڵ دوا ساڵی تەمەنی بوو، بەڕاستی ئەمە پەندو وانەیە بۆکەسێك پەند وەربگرێت.. وێنەی ناوبراوو کچەکەی لە پاڵ کەعبەی پیرۆزدا..

## وەرینی گوڵی دڵ و پایزی ڕۆح

هاوڕازی ناڵەی شەوانی ژینم
شیفای زامانی دین وئەوینم
کلیلی دەرگای کە عبەی مەقسودم
هاوکاری ڕێگای ماوای سجودم
بە الله قەسەم دایم غەمبارم
هاودەمی ناڵە ودڵ پڕلە زارم
لە دەریای خەمان سەوڵ لێدەدەم
ئەڵێی لەزەمان نوحۆ من لێرەم
کە شتیەوانی بەحری غەمانم
لەداخی دووریت زۆربێ قەرارم

٢٤ساڵ لە گە ڵ تۆ وام لێ گوزەشت کە ٢٤ چرکە یە، ئەوە دوای ٣٢ ڕۆژ لەکۆچت هێشتا شۆکی مەرگت بەری نەداوم، هەموومانت تاساندوڕۆشتنت ناخمانی هەژاند وبەڕاستی بەرگی پایزو بێنازیت بە بەردابڕین، هەمووقسەخۆش و کردارە جوانەکانت بوونە یادگاریەکی پڕلەحەسرەت بۆئێمە.

ژیانت گەلەرییەکی هەمە جۆربوو بۆمن، نازانم باسی ئەوکاتە بکەم کە لە ۱۹۹٦ ژیانمان دروستکردو پێت وتم:

خەم مەخۆ ئینشالاَّ ماڵەکەمان ئەکەینە شای ماڵان ومالّی ئەرقەم، مالّێکی سادە وبێدەرەتان وکرێچی وکۆڵ لەکۆڵ بەڵام تۆشاخێك بووی بۆمن، ونەتدەهێشت خەم لە بێنازیمان بخۆم، یادی مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید بکەم کە وانەیەکی گشتیمان بۆ قوتابیانی قوتابخانەی بناری کچان داناو دەیان قوتابی دەهاتن و هەندێکیشیان لێبوونە باڵاپۆش.

ماڵمان لەگەڕەکی هەواری تازە بوو بەپێ دەهاتی بۆگەڕەکی ئیسلاح بۆلای ئوسرە و قوتابیەکانت وماندوو نەدەبوویت.

چەندین جار بەجێم دەهێشتی وڕێگای دوورم دەگرتەبەر بۆخوێندن، تۆ هەر هانتدەدام و دڵتخۆش دەکردم.کە هاتینە مزگەوتی (علی کمال) دەرسی قورئانت بۆکچان داناو دەیان منالّی ئەم شارەت لە خراپە گێڕایەوە وکردنتە پەروانەی خۆری قورئان و سوپاس بۆخوائێستاش بەردەوامە.

دیاریت بۆمامۆستاکان دەکڕی و قوتابیەکانت دەبردن بۆسەیران و بەرنامەی پێشبڕکێت بۆسازدەدان وبە دیاری جلوبەرگ دڵی ئەوانیشت خۆش دەکرد.

شەوانی قەدرت لە مزگەوتی علی کمال گەرم دەکردومیوانت بانگ دەکردو زۆرجاران بۆخۆت وتارت بۆدەدان ولەگە ڵ خوشکاندا بەرنامەتان دادەڕشت و خەمی بنکە تەراویحەکانی تریشتان دەخوارد.

دەیان وسەدان قورئان وناملیکە ولەچکت لە شە وانی قەدردا دەدا بە کچانی تازە باڵاپۆش و دەرست بۆدادەنان.

چەندجار پێکەوە دەڕۆیشتین بۆ زەڕایەن بۆبەسەرکردنەوەی چەند ماڵە بێباوکێك وگەیاندنی هاوکاری پێیان.

بەهاران سەیرانی بەکۆمەڵت بۆخزمان رێکدەخست وبە پێشنیاری تۆ کۆت دەکردینە وە وزۆربەی ئەرکەکان خۆت دە تکێشا.

لەگەڵ مندالّەکاندا نەرمونیان ودلّسۆزودایکێکی ماندوونەناس وپڕلەحیکمەت بووی لەپەروەردەکردنیاندا، هانتدەدان و دلّت بەردەوام خۆش دەکردن.

لەگە ڵ منیش پشتیوان و جێگای ڕاوێژو هاندەری چاکە وغەم ڕەوێن و ئامێزێکی گەرم وگوڕبویت.



لە ١٧ ی شوبات وە کو شاخێك لەپشتم وەستایت ومەردانە وێنەیەکی جوانت پیشانی میدیاکان داو وتت مامۆستا لەسەر ڕێگایەکی چاك دەستگیرکراوە وشانازی پێوە دەکەم. بۆیە مامۆستا سەلّاح الدین پێی دەوتی (شێرەژن).

چەندین جارکە هێزە ئەمنیەکان دەهاتن بۆگرتنم نەدەشلّەژایت و ئازایانە ئەو دۆخەت بەڕێ دەکرد.

لەگەڵ دایك وباوکت زۆر میهرەبان بوویت و زۆرجاران ڕۆژانە سەردانت دەکردن ونازی دلّی شکاویانت دەکێشا.

خەمی چەندین کوڕوکچی ئەم شارەت دەخوارد تاهێلانەیەکی گەرم بۆژیانی هاوسەرییان پێکەوە بنێن ولەڕێگای لقی خوشکانە وە دیاریتان پێشکە ش دەکردن.

کۆمەك وجل وبەرگت بۆهەژاران لەماڵەوە کۆدەکردە وهەمیشە لایەکی حەوشەکەمان وەك دوکان بوو!!. بە شداریت کرد لەگەڵ دە ستە خوشکەکاندا بۆبردنی هاوکاری بۆهێزەکانی پێشمەرگە لە شە ڕی دژی داعشدا.

له نه خۆشخانەی شاریش وەك پەرستارێکی دڵسۆز بۆت دەگێڕامەوە چه نده ناسك وجوان مامه ڵەی نەخۆشەکان دەکەیت و بە بسم الله دەست دەکەیت بەچارەسەرو ئەوانیش دوعای خێرت بۆدەکەن.

لێبڕاوانه بويته ڕاهێنەری بواری نەخۆشیه گوازراوەکان و لەو ڕێگاوە چەندجار خولتان دەکردەوە بۆ ژن وکچ وکوڕان وچوويته خورماڵ بۆئەو مەبەسته بێ ماندووبوون له پێناو پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵگادا.

داواکارم لەپەروەردگاری میهرەبان هەموو ئەوکارانەی لێقبوڵ کردبیت و له تەرازووی چاکەکاندا بەردەوام بۆت زیادبکات.

دوای حەوت ڕۆژ له کۆچت زۆر بێتاقەت بووم له خەومدا بە تە لەفۆن قسەمان دەکرد و وتم له کوێت بۆنایەیتەوە؟ وتت: عند ربی.

بە زمانی عەرەبی وتت لای پەروە ردگارمم.

ئێستا هەست بە( عام الحزن)ی پێغەمبەرگیان دەکەم ونالەی مەولەوی بۆ عەنبەرخاتونی خێزانی.

لەبەهاری ئەمساڵدا خوای گه وره بۆی ڕێکخستین پێکه وە سەفەری ماڵی خوامان کردو سەرسام بووم بە هەوڵ و خۆماندووکردنی بەردە وام عومرەی دەکردوتەواف و نوێژو خواپەرستی، دەیگوت فرسەته فرسەت لەکارە خێرەکاندا زۆرپەلە ی بوو نەماندەزانی مەوعیدی ئەولای نزیکه.

چالاکی ئەم هاوینەت بۆقوتابیەکانی مزگەوت لە بەرکردنی ٥٠ فەرموودەی پێغەمبەری سەروە ربوولە بەشداری پێشبڕکێی بەهای فەرموودە دا کە زۆربەی قوتابیەکان نمرەی ١٠٠ یان هێنابوو.

خودایا ئێمه لێی ڕازین تۆش لێی ڕازی بە ئێمە لێی خۆش بووین وتۆش لێی خۆش ببه ولەگەڵ پێغەمبەران وشەهیدان وساڵحەکان کۆی بکەرەوە و ببێته پێشەکیەی چاك بۆئیمه و لەبەهەشتا(هم وأزواجهم فى ظلال على الارائك متكئون)

کۆمان بکەیتەوە.اللهم ئامین (ئەوشیعرە بە ئیلهام لە شیعرێکی مەولەوی وەرمگرتووە کە بەهەورامی نووسیویەتی ).

## لە ئیلحادەوە بۆ ئیمان: بەشی یەکەم

لەبەریتانیا ئەنتۆنی فلۆ فەیلەسوفێکی ناوداربوو بەگەنجی مەسیحی بوو دوایی بووە شیوعی دواتر بووە مولحیدو سی پەڕاوی لەسەر ئیلحاد نووسیوەو بەمامۆستای مولحیدەکانی سەدەی بیست دادەنرێت، ساڵی ٢٠٠٤ بەهۆی دۆزینەوەی کرۆمۆسۆم و جیناتەوە ئیمانی هێنا بەخوایەك کە ئەم بوونەوەرەی فەراهەم هێناوە، ئیمانهێنانی هەرایەکی گەورەی نایەوە لە رۆژئاواداو پەڕاوێکی نووسی بەناوی (خوا هەیە)وساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردلەتەمەنی ٨٧ ساڵیدا.

هەروەها پرۆفیسۆر جیفری لانگ مامۆستای بیرکاری بوو لەئەمەریکا دیراسەی ئیسلامی کردو موسڵمان بوو، چەند کتێبی نووسی وەك( تەنانەت مەلائیکەتەکانیش پرسیاردەکەن) کەباس لەوە دەکات ئاساییە گەڕان بەدوای راستیداو پرسیارکردن چونکە مەلائیکەتەکانیش لەحزووری خوادا پرسیاریان کردووە.

هەروەها کتێبی (کێشمەکێش لەپێناو ئیماندا)ی نووسی و کە لێیان پرسی بۆئەوەندە حەزت لەنوێژی بە کۆمەڵە خۆتۆ لە عەرەبی تێناگەیت ونازانی مانای ئەو قورئانەی مامۆستاکە ئەیخوێنیٚ؟ئەویش وتی: من وەك ئەو منالەم کە ئەگری و گوێی لەدەنگی دایکی ئەبێت ژێر ئەبێتەوە هەرچەند هیچ لەدەنگی دایکی حاڵی نابێت.

هەروەها سیٚ سەعاتی جەڕەسی دائەنا بۆبەئاگاهاتنی بۆ نوێژی بەیانی کەیەك بەدوای یەکدا لێیان ئەدا تا لەخەوی قورسی خەبەری بکەنەوە.. لەولاٚتانی عەرەبیش زۆرنموونەمان هەن وەك دکتۆر مستەفامەحمود کەباسمان کردووە، وە مونیر شەفیق لەئەردەن.

## لەئیلحادەوە بۆ ئیمان: بەشی دووەم

مونیر شـەفیق لـەدایك وبـاوكێكی مەسـیحی لـەدایك بـووە لەفەلەسـتین سـاڵی ١٩٣٤، باوكی پارێزەرێكی ناوداربوو لەقودس و دایكیشـی مامۆسـتا بـوو، پاشـان كەگەورەبوو، بووە پسپۆڕ لەفەلسەفەو زانسـتی سیاسـی و زانسـتی دەروون ناسـی، دەساڵ بەند كراو لە حیزبی شیوعی ئەردەنیـدا چـالاك بوو.هـەروەك چـۆن لیژنـەی مەركەزی حیزبی شیوعی هەبوو لەرووسیا، ئەم و چەند بیرمەندێكی شـیوعی لیژنـەی مەركـەزی حیزبـی شـیوعیان دامەزرانـد لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت.ئـەم لیژنەیـە كەلەنۆكەس پێكهـاتبوون رۆڵێكـی گـەورەیان هـەبوو لەپـەروەردەكردنی ئەنـدامانی حیزبی شیوعی لەعێراق و لوبنان و سوریاو ئەردەن و فەڵەستین.

لیژنەكە لە سەرەتای حەفتاكاندا سەردانی رووسیایان كـردو زۆر بـێ ئومێـدبوون كەبینیان رووسیا بیروبۆچوونەكانی كارل ماركس لەبواری كۆمەڵایـەتی و ئابووریـدا بەچاكی جێبەجێ ناكەن، بۆیە بڕیاریان دا كە بۆخۆیان دوورلە رووسیا كاربكـەن بـۆ پەیڕەوكردنی بیروبۆچوونەكانی ماركس بەتەواوەتی.

مـونیر شـەفیق چـەند پـەڕاوی لەسـەر شـیوعیەت نووسـیوە كـە تائێسـتاش لای شوێنكەوتوانی ئەو حیزبـە بـەگرنگ سـەیردەكرێن.وەك( الماركسية اللينينية والثورة الملحة )، دواتر لیژنەكە بڕیاریان دا كەبواری رۆشـنبیری خۆیـان بـەرفراوان بكـەن، بۆیـە كەوتنـە دیراسـەی ئاینـەكان بەگشـتی و ئیسـلام بەتایبـەتی دیـارە بەمەبەسـتی رەخنـەلێگرتنیان، لەئـەنجامی دیراسـەی زۆرەوە مـونیر شـەفیق وازی لـەئیلحادو شیوعیەت هێناو بڕوای بەخواو پەیامی پیرۆزی ئیسلام هێنا لەكۆتایی حەفتاكانـداوەك رۆجێ گارودی فەڕەنسی كە بەماركسی سەدەی بیت دائەنرا، ئنجا وەك بیرمەنـدێكی ئیسلامی چەند پەڕاویشی نووسی وەك:

١- الإسلام في معركة الحضارة.

٢- الإسلام وتحديات الانحطاط المعاصر.
٣- بين النهوض والسقوط.
٤- قضايا التنمية والاستقلال.
٥- في نظريات التغيير.
٦- النظام الدولي الجديد وخيارات المواجهة.

**جائەوەی بەڕاستی هەولّبدات و بەئینسافەوە بڕیاربدات سەرەنجام سەری لەهەق و راستیەوە دەرئەچێت و ئەو قورئانەی کەشاخ وکێوەکان خۆیان لەبەریا ناگرن دلّی کەمەندکێش ئەکات بەرەو لای خۆی، ئەگەرنموونەشتان ئەوێت ئەوە یەکێکەو نموونەی تریشمان زۆرن لە رۆژهەلاّت و رۆژئاواو لەکۆن و نوێدا..**



## دکتۆر تاریق سوەیدان چی پێووتین!؟

**ئەم پیاوە (٦٦)سالّە خوێندەوارە وبە(٥٣)سالّ ئەزمونی لەکاری ئیسلامی (بەهەموو بوارەسیاسی ورێکخراوەیی وپەروەردەیی وبانگخوازی وفیکریەوە)کۆمەلّێك هەقیقەتی راستەقینەی لەسەر ئایندەی کاری ئیسلامی خستە روو کەجێگەی هەلّوێستە لەسەرکردن وتەنانەت بەگوێ کردن وجێ بەجێ کردنیشە.**

هەڵبـەت بـەڕێزیان بـۆ کـارێکی بـزنس ولەسـەر داوای ڕێکخراوێـك هاتبوونـە سلێمانی ولەماڵی سەرکردەیەکی دیاروکاریگـەری یـەکگرتوو بەخزمـەتی گەیشـتین وسوودی زۆرمان لێ بینی کە (١٦)سەرکردە ئامادەبوین:

بەشێکی قسەکانی بابەتی گرنگی پڕزانیاری بوو لەڕووی زانستی وئەکادیمیەوە.

– ئەوکۆسـپ وبەربەسـتانەی دێنـە بـەردەم کـاری ئیسـلامی (لـەناوخۆن نـەك لەدەرەوە، لەکەسەبەتەمەنەکانن نەك گەنجـەکان، لەوانـەن کەلـەبورای پـەروەردە دا سەرقاڵن نەك سیاسیەکان).

– سێ شت دەبێ گرنگی پێ بدەن (ئامـادەکردنی سـەرکردەی داهـاتوو، پلانـی ستراتیجی، گۆرانکاری/تغییر).

– توێژینەوەکان و ئامارەکان دەڵێن کەڕێکخراوی سەرکەوتوو ئەوەیە پلانی هەیـە بۆئامادەکردنی سەرکردە.

– پێویستە(٣)کەسی جێگرەوە هەبێت بۆهەر پۆستێکی قیادی.

– لەشۆڕشی( یەنایەر)چومە میسر وسەردانی میسریەکانم کـردو وتم حـوکم دێتـە بەردەسـتان لەکیسـی مـەدەن، کەچـی لەبەرامبـەردا بـەمنیان وت(گـەنجێکی متحمسة)کەلەوکاتەدا تەمەنم (٥٩)ساڵ بوو.

–گۆڕانکاری بە(گۆڕانی عەقڵیـەتی قیادی)دێتـە دی نـەك بـە(ناوگۆڕین وپـەیڕەو گۆڕین)٠

– لابد من فصل العمل الحركي عن السياسي، لامجال لغير الفصل.

– لە ساڵی ١٩٩٥ بەکوەیتیـەکانم وت کـاری سیاسـی ودەعـەوی جیابکەنـەوە کەچی بەداخەوە لەساڵی ٢٠١٧ جێبەجێ یان کرد.

– نابێ کات بکوژن، ئەگەر کاری سیاسی ودەعـەوی جیانەکەنـەوە ئـەم جەلسـە ودانیشتنە زیادەو پێویست ناکات.

– لەساڵی ٢٠١١بە(لیبیا)ییەکانم وت کاری دەعەوی وسیاسی جیابکەنەوە، کەچی لە ٢٠١٧ جیایان کردەوەو ئەوهەموو کاتەیان بەفیڕۆدا.

– چوار پێوەر هەیە بۆسەربەخۆیی کاری ڕێکخراوەیی وحزبی:

١/قیادة مستقلة.

٢/خطة مستقلة.

٣/انظمة مستقلة.

٤/میزانیة مستقلة.

هەر ڕێکخراوێ ئەو چوارەی نەبێت پێی ناوترێ سەربەخۆو خەڵك خەڵەتاندنە.

– باوی(هەیکەلی هەرەمی)لەسەرەوە بۆخوارەوە نەماوەو دواکەوتوترین هەیکەلە، بەڵکو باشترین هەیکەل (هەیکەلی هێشوویی/عنقودی یە)٠

– پێویستە هەیکەلی پێشکەوتوو دابهێنین.

– ئەوانەی لەگۆڕانکاری دەترسن سێ پرسیار دەکەن:

١/ماذا لو انحرفوا.

٢/کیف نضمن التنسیق.

٣/کیف نضمن ان لا یخرجوا من ایدینا.

– علمتني الحیاة انالانشقاقات یأتي من الاخوة الکبار.

– مشاغبەکان وهارو هاجەکان لەحزب دوور مەخەنەوە، من لەهاروهاجەکان لەکوەیت لیستی هەڵبژاردنی قوتابیانم دروست کرد وسەرکەوتنمان بەدەست هێنا، لە پێشتر لیستی ئیسلامیمان دروست دەکرد هەربەشمان دۆڕان بوو.

– ئەوانەی کاریگەر نین کاتی خۆتانیان لەگەڵ بەفیڕۆ مەدەن ولەبیریان کەن.

– ئیش لەسەر(وافد جدید/جیلی نوێ)بکەن لە ناوەندی وئامادەیی وزانکۆ تەنانەت باخچەی ساوایان، لەدوای قۆناغی زانکۆ بەئومێدی دەستخستنی (ئەندامی نوێ)مەبن.

– بیٚ ترس وسڵەمینەوە کاری دەعەوی وسیاسی جیابکەنەوەئەگینا ئـەم دانیشـتنە بیٚ سوودە.

– ئایـا ئێـوە لـە (١٠)سـاڵ و(٢٠)سـاڵی دامەزرانـدنی حزبـدا گەیشـتوون بەدەسەڵات!؟

– گەنجەکانتان بنێرنە ناو کۆمەڵگا وحزب ورێکخراوەکـانی دی چـونکە گـەنجی ئێستا زیرەك وبەتوانان بچنە هەر شوێنیٚ دیارو کاریگەرن.

– بچن لـەگەڵ خەڵکانی دڵسـۆز کـە حـەزیان بـە(دین وئەخلاقە)بـەرە دروسـت بکەن.

– دەبیٚ بیر لـەشێوازی نویٚ بکەنەوە.

– تەنانەت کەسەرکردەیەکی یـەکگرتووداوای دیـداروکاتێکی تـری لـیٚ کـرد، لـەوەڵامدا وتی(هـەتا بڕیارنـەدەن دەعوەوسیاسـەت جیابکەنـەوە مەوعیـدتان نـادەمیٚ چونکە سوودی نیە.

ئەمە ئەزمونی پیاوێکە کەسەدوبیست کتێبی نوسیوەو، سەدان هەزارکەسی تەدریب داوە، مانگانە دە بۆ بیست کتێب دەخوێنیتـەوە، نەوەدوسـیٚ ڕێکخـراوی دروسـت کردوە ونیوەی جیهان گەڕاوە..

## لەئەستوریدا ئەپچڕێت:

بەداخەوە وڵاتە ئیسلامیەکان قوربانی زۆریان دا تا لـەدەست ئیستیعمار رزگاریـان بوو، بەڵام بەداخەوە نە رۆیشتن تا دڵنیانەبوون کـە ئـەوەی جێیـان ئەگرێتـەوە گـویٚ لـەمستی خۆیانە، وئەوەی ئەمان بۆیان نەکراوە ئەوان تەواوی دەکـەن.سـاڵی **١٩٥٧** بورقێبە لـەتونس دەسەڵاتی گرتە دەست ئەوەی فەڕەنسیەکان بۆیان نەکرا ئەم کـردی و تاسەرئێسقان دژایەتی ئیسـلامی کـرد، سەرپۆشـی یاسـاغ کـرد و نوێـژی بـەیانی

بەتايبەت بۆ گەنجان ياساغ كردو ئەوەى بچوايەتە مزگەوت لەلايەن بەرپرسى حكوميەوە نانووس دەكرا.

سى سالّ و سىّ مانگ و ١٣ رۆژ تا بن عەلى كودەتاى بەسەرا كرد لە دەسەلأتداماىەوە، چونكە دەستوورى هەمواركردبۆوە بەجۆرێك كەتا لەژيانىدا بێت لەو پۆستەدا بمێنێتەوە.سالّى ١٩٨٤ نانيان گران كرد خەلّكى راپەڕين و بەسەدەها بريندارو كوژراوى لێكەوتەوەو حكومەت ناچاربوو ئيلغاى بكاتەوە.

هانى خەلّكى ئەدا لەجياتى چوون بۆحەج بچن زيارەتى ئەولياكان بكەن وەك ئەبولوبلوبەى ئەنسارى.. هەولّى نەهێشتنى ئاسەوارى ئيسلامى ئەدا ومزگەوتێكى رووخان كە لەسەرەتاى فەتحى ئيسلاميەوە پێش ١٣ سەدە دروست كرابوو (هەروەك لەوێنەكەدا ديارە).

كە بن عەليش هات لەو خراپتری كرد، ئەلّێن هاوسەرەكەى (لەيلاى كوافێر) كەسالۆنى هەبوو ماسۆنى بووە و بگروبكوژ خۆى بووە، ئەمانيش لە رابوونى ئيسلامى ودەنگى نارەزايەتيان ئەدا بەبەندكردن و گرتن وكوشتن، ئەوانەى كەلەبەنديخانەش بەرئەبوون دژايەتى ئەكران و ژيانيان لىّ بەرتەسك ئەكردنەوە بەجۆرێك كەهەندێكيان ورەيان نەئەماو خۆيان دەكوشت..

ستەم لەدواى ستەم تا بەخۆسووتاندنى گەنجێك شۆڕش بەرپابوو بن عەليش كۆتايى بەدەسەلأتى هات.. وا ئێستاش پاش چەند سالّ لەو شۆڕشەى گەل سەرۆكێكيان هەلّبژاردووە خاكيەو لەوە دەچێت ئەميان خزمەت بكات و جەماعەتى نەهزەى ئيسلاميش دەنگى يەكەميان بەدەستهێناوەلەهەلّبژاردنەكانى ئەم دواييەدا..

وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَشُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (١٤٠) وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ (١٤١)آل عمران




## بیردۆزی پەرەسەندن!

بیردۆزی پەرەسەندن بۆچی بووەتەخۆڵەمێش و فووی پیادەکرێتەوە، پرۆفیسۆری زانستی کۆمپیوتەرلەزانکۆی یال دافید گالینترنر لەوەڵامیدا ئەڵێت: داروینیەت لەوەدەرچووە کەبەڵگەی زانستی بێت، ئەبێ گیانت لەسەردەستت بێت ئەگەر بتەوێ دژایەتی بکەیت، دەستێکی لەپشتەوەیە رووبەڕووی ببیتەوە وێرانت ئەکەن..

لەجیهانی عەولەمەی ئەمڕۆدا ئەو هێرشە نارەوایەی کەئیلحاد ئەیکاتە سەر بەها باڵاکان و ئاینەکان دەستێکی جیهانی لەپشتەوەیە و لەبەرژەوەندیانە بیردۆزی پەرەپێدان بەرقەرار بێت وئەوەی لەبواری زانستیدا دژی بوەستێتەوە وێرانی دەکەن..

## وتاری کورت:



مامۆستا شێخ ئاراس دەعوەتی کردبووم لەمزگەوتەکەی لەکەرکوك بۆ ئاهەنگی کوڕەکەی کە هاوسەرگیری کردووە، وە شەرەفی ئەوەی دامێ وتەیەك پێشکەش بکەم، منیش وتم: کاتم چەند بۆهەیە؟

فەرمووی: کات بۆتۆ کراوەیە وئەوەی ئەتەوێت بیلێ، منیش قەناعەتم وایە بە چارەکێك ئەتوانین هەقی باس وخواسێك بدەین و ئامادەبوانیش سوودمەندبن، سوپاس بۆخوا تەنها ١٥ خولەك قسەی خۆم کرد لەبارەی ئەوەی کە دڵنیا بین خوا ئەمان بینێت و ئەبێت شەرم بکەین لەخواو کاروکردەوەمان راست بکەینەوەو دووسێ نموونەشم گێڕایەوە، دوایی کەدانیشتم پیاوێك وتی: تا بەیانیش قسەت بکردایە گوێمان بۆ ئەگرتیت!!

خۆ هەمووی فەزڵ وتەوفیقی خوایە، من ئەڵێم: بائەوەندەقسەبکەین کە بیسەرو بینەر تامەزرۆبن کە تەواونەبین.. ئەوە ئەزموونێکی بچکۆلەی براتانە بەوهیوایەی سوودی ببێت..

## دیمانەی گرووپی گوڵنار لەگەڵ مامۆستا مەلا فایق شارەزووری:

*یەکەمجار کە شێخ مەحموودی حەفیدم بینی سمێڵێکی گەورەی هەبوو و هەمیشە قورئانی دەخوێند

*سوێند بەخوا من دەرسم بە ئەحمەدی موفتیزادە دەگوت، کەچی من هێندەی ئەو زیرەك نەبووم

*هەرچییەك مەولەوی بیلێ لەگەڵ قورئان دا یەکانگیرە

*ئەحمەدی موفتیزادە هێندە زیرەك بوو بە یەك مانگ تەصریفی مەلا عەلی بە هەموو حاشییە و لەسەر نووسەکانییەوە تەواو کرد

*هەرکاتێك خەم و ئازار و نارەحەتییەکم هەبێت لە خەودا بە خزمەت مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس دەگەم و دڵنەوایی و چارەسەرم نیشان دەدات

*ئەو هەموو ماوەیەی لە خزمەتی شێخ عەلائەدینی بیارەدا بووم ناشەرعییەکم لێ نەبینی، بە پێچەوانەی کوڕ و شوێنکەوتووەکانییەوە

*ئەحمەدی موفتیزادەم زۆر زۆر خۆشدەویست و زۆر زۆر زیرەك بوو

*کە مۆڵەتی مەلایەتیم وەرگرت پەیمانم بە خودا دا و گوتم: خوایە دەبمە مەلای تۆ.

*زۆربەی زۆری شیعرەکانی مەولەویم بە ڕاڤەوە لەبەرن

*ئەگەر هەموو حکومەتەکانی دونیا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەو یاسایەی خوا کار بکەن (کەقورئانە) کەم و کورتی نایەتە ڕێیان

*ڕووحی ئیمان و ئایین و مرۆڤ و بەهەشت قورئانە

مامۆستا مەلا فایەقی شارەزووری زانا و کەسایەتی ئایینی، لە ئێستادا تەمەنی ٩٧ساڵە و لەشێکی ساغی هەیە، ئەو ئەزموون و پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەریەك لە مامۆستا مەلا باقری بالك و مامۆستا عبدالکریمی مودەڕیس و شێخ عەلائەدین و شێخ عوسمانی بیارە و کاك ئەحمەدی موفتیزادە و مامۆستا مەلا بەهای خورماڵ لەم دەمەتەقێیەی گوڵناردا دەگێڕێتەوە

گوڵنار: کە ناوی گوندی (باڵك) دەبرێت خێرا بیرمان دەچێت بۆلای مامۆستا مەلا باقری باڵك، ئایا تۆ بە خزمەتی گەیشتی و زانستت لای ئەو خوێندووە؟

م. فایەق: جەنابی مامۆستا مەلا باقری باڵك (دەرەجاتی عالی بێ و خوا غەریقی ڕەحمەتی خۆی کات) لەوێ بە دیداری گەیشتم و ڕێزێکی زیاد لە ڕادەی لێگرتم و دەرسی پێدەگوتین، لەوێش (هەردوو عواملی باڵیجان و جورجانی) و دوای ئەوانیش دەستم کرد بە خوێندنی (ئیزهار)، لەو کاتەش دا قاتی بوو و نان نەبوو، هاتینە مەریوان و لەوێش هەندێ گەڕاین بەدوای زانست و خوێندن دا تا تەمەنم گەیشتە ئاستی خوێندنی (سیوتی و شرح العقائد) لە خزمەتی مامۆستا مەلا سەعیدی ساواوادا خوێندم (دەرەجاتی عالی بێت) کە ئێستا کوڕەکەی لە سلێمانییە و ناوی مەلا حەمە یوسفە، تا بڵێی کوڕێکی باش و تێگەیشتوو و بە خزمەتە، لە خزمەت مامۆستا مەلا سەعیددا شرح العقائد و عبداللە یزدیم تەواو کرد.

گوڵنار: کەی هاتیت بەرەو باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتت جێهێشت؟

م. فایەق: ساڵەکەم بە بیر نایەت، بەڵام دوای مامۆستا مەلا سەعیدی ساواوا ئیتر هاتم و یەکسەر چووم بۆ گوندی (عەبابەیلێ) فەقێیەکم لەگەڵ دا بوو کە ئێستا ماوە و مەلایەکی چاکە و ناوی مەلا موحەممەدە و پێی دەڵێن حەمە شەمسە خەڵکی گوندی (چۆڕ) بوو، (تەصریفی مەلا عەلی) دەخوێند لای من، کە هاتینە عەبابەیلێ چووینە لای مامۆستا مەلا هەسەن (دەرەجاتی عالی بێت) جێی کردینەوە و منیش دەستم کرد بە خوێندنی (موختەسەر)، دوای عەبابەیلێ چووم بۆ شاری خورماڵ بۆ خزمەت مامۆستا سەید عارف، ئەو مەلا موحەممەدەی کە لەگەڵم بوو نەهات و چووەوە بۆ مەریوان و بۆ گوندی ساواوا، منیش لای مامۆستا سەید عارف مامەوە نزیکەی ساڵێك، کۆمەڵێك کتێبی ترم لە خزمەتی دا خوێند، لەو کاتەش دا حەزرەتی شێخ عەلائەدین لە ژیان دا بوو کە زۆرم خۆشدەویست، لە کاتێك دا کە سوختە

بووین لەلای مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس و نزیکەی حەفتا فەقێشی لێبوو، ماوەیەکی زۆریش لە بیارە مامەوە.

گوڵنار: هیچ یادەوەرییەکی خۆشی سەردەمی فەقێیەتیت لە بیرە؟

م. فایەق: ئەو کاتە نانەکەمان تەنها نانی جۆ بوو، نانیش بەر نەدەکەوت چونکە سۆفی و فەقێی زۆری لێبوو، ڕۆژێك فەقێیەکان گوتیان ئەم نانە ناوەڕاستەکەی بە باشی نابرژێت و هەر هەویرە، ناوەڕاستەکەمان هەڵکۆڵی و وەك گونکە هەویرمان لێکرد و کابرای نانەواچیش ناوی (قەندێ) بوو، تەگبیرمان کرد گوتمان هەندێکمان بچین بڵێین: (قەندێ) هاتووین بۆ نان، کە دەرگاکەی کردەوە ئەم گونکە هەویرانە بکێشین بە تەوقی سەری دا و ڕاکەین، (قەندێ)ش ڕیشێکی درێژی پێوە بوو گوتی: لێم مەدەن بەخوا شێخ دەچێ بە گژتان دا، قولێنگەیەك نانی تازەی دانابوو نانەکانمان هێنان و گونکە هەویرەکانیشمان کێشا بە تەوقە سەری دا، دواتر زانیمان کە سەری شکابوو.

گوڵنار: سەرەنجامی کارەکەتان چی بوو؟ وە هەڵوێستی شێخ چی بوو لەبارەتانەوە؟

م. فایەق: وا دیاربوو (قەندێ) خێرا سکاڵای بردووە لای شێخ بە سەری شکاوەوە، بۆ بەیانییەکەی من لە حەوشەی خانەقا بووم شێخ تەشریفی هێنا و فەرمووی: فایەق! گوتم: بەڵێ قوربان! فەرمووی: دوێنێ شەو تۆش بەشداربووی لەو کارە؟ گوتم: ئەرەوەڵا قوربان، فەرمووی: ئەی بۆچی نکوڵیت نەکرد و خێرا گوتت بەڵێ منیش بەشدار بووم؟!

منیش گوتم: ئاخر قوربان تۆ ڕاستیت دەوێ و منیش ئەگەر درۆم بکردایە ئەوا تۆ دەتزانی و بە درۆ دەکەوتمەوە! ئێمە موستەعیدەکان ئەو گونکە هەویرانەیان پێداین و ئێمەش تەقەمان لە دەرگادا و گوتمان: سۆفی قەندێ!

گوتی: بەڵێ، گوتمان دەرگا بکەرەوە، ئێمەش دەرگامان پێکردەوە و سەبەتە کولێرە تازەکەمان لێ ڕفاند و گونکەکانمان کێشا بە تەوقە سەری دا، شێخ فەرمووی: ئێ ڕۆڵە ئەی نەدەترسان لە خوا؟ گوتم: وەڵڵا یا شێخ دەترساین و من گوتم بەخوا شێخ دەمماں ڕەق دەکات، بەڵام ناچاربووین فەرمانی موستەعیدەکان جێ بەجێ بکەین! شێخیش زەردەخەنەیەکی کرد و فەرمووی: دەبێ هەمووتان بڕۆن و ئێرە جێ بهێڵن، ئێمەش خۆمان کۆکردەوە و دەمانەویست بچین، ئیتر شێخ تەشریفی هێنا و بەزەیی پێمان دا هاتبوویەوە و بە ڕیشی سپییەوە فەرمووی: مەلا کەریم (مەبەست مامۆستا عبدالكريمی مودەڕیسە) بڕۆ ئەو فەقێیانە ئاشت بکەوە و نەهێڵێ بڕۆن، مامۆستا مەلا کەریمیش هات و ئاشتی کردینەوە و جەنابی شێخیش فەرمووی: جارێکی تر وا مەکەن و دەعوەتییەکی چاکتان بۆ دەکەم، دەعوەتییەکەی بۆ کردین و مەڕێکی بۆ سەربڕین و بە نانی جۆوە تێرمان خوارد و جەنابی شێخ خۆی تەشریفی هێنا بۆ خانەقا و فەرمووی وەرن با قەسیدە بخوێنینەوە، قەسیدەمان خوێندەوە و لە لوتکەی خۆشی دا بووین، ورگی توند و تۆڵ کردین و دڵمان خۆش بوو و دوعای خێری بۆ کردین و دەستی هێنا بەسەر من دا و فەرمووی: درۆ نەکەی!

گوتم: قوربان ئەگەر درۆ بکەم خۆ تۆ دەزانی..

ئەویش فەرمووی: خوا دەزانێ من نازانم، ئەو ماوەیە کە لە بیارە بووین شێخ زۆر لەگەڵمان بە لوتف و میهرەبان بوو. لە موکریان و سەقز و سابڵاخ و لە سلێمانییەوە خەڵك دەهات بۆ خزمەتی، لە کاتێك دا هیچی نەبوو، شەش حەوت گوێدرێژی هەبوو و بە سۆفییەکان دا دەیناردن بۆ گوندەکانی شارەزوور و داوای زەکاتی لێدەکردن بۆ خزمەتی هەژار و برسییان.

جارێك بەشێك لە سۆفییەکان لای شێخ عەلائەدین شکاتیان کردبووین و گوتبوویان: شەوانە بە دەنگی قورئان و قەسیدە و نەح و سەرف و ڕاڤەی

فەرموودەوە فەقێیەکان ئازارمان دەدەن و خۆشی و ئیسراحەتمان لێ تێک دەدەن! شێخیش فەرمووی: هەرکەسێك بە دەنگی قورئان و فەرمووده و دەرسی شەرعی نارەحەت و بێزار بێ ئەوە من بە سۆفی نازانم! باش بوو سۆفییەکانی لە کۆڵ کردینەوە.

گوڵنار: کێ سەردەستەی خەتمە و سەرپەرشتیکاری فەقێکان بوو؟

م. فایەق: شەوانە تا کاتی خەو هەر فەقێ بوو لە حەوشەکەدا سەرقاڵی لەبەرکردنی قورئان و فەرمووده و خەتمە بوون، مامۆستا مەلا بەهای خورماڵ بە ڕەحمەت بێت ئەو سەر خەتمە بوو، ڕۆژێك فەرمووی: کێ دەتوانێ بچێ بەو سوورە توودا و کەمێك تووی سوورمان بۆ بێنێت حەزی لێدەکەم، فەقێیەك چوو بۆی هێنا و مامۆستا مەلا بەها دەستی برد بۆ تووی سوور و بیخاتە دەمییەوە، بانگبێژ فەرمووی: (الله اکبر – الله اکبر) وەڵا مامۆستا مەلا بەها داینایەوە و نەیخوارد، فەرمووی: خوا بانگمان دەکات بۆ دیداری خۆی، چۆن دەبێت من شت بخۆم! موسڵمانی وەکو مامۆستا مەلا بەها هەر نەبوو، چووین بۆ نوێژ، ئیتر نازانم دواتر سوورە توەکەی خواردبوو یا نا.

گوڵنار: تا کەی لە بیارە مایتەوە؟

م. فایەق: دوای ماوەیەك هاتمەوە بۆ خورماڵ، بەڵام بێتاقەت بووم، چوومەوە بۆ بیارە و گوتم: جەنابی شێخ زۆر بێتاقەتم، فەرمووی: بەنیازی بچیتەوە بۆ ئەڵمانە و مەریوان؟ گوتم: نا نامەوێ بچمەوە بۆ ئەوێ فەرمووی: بتنێرم بۆ پێنجوێن؟

گوتم: بەڵێ. فەرمووی: باشە دەتنێرم بۆ مامۆستا مەلا سەید عارف و مەلا ئیسماعیل و ئەوان لە گوندی باوێ. بە دەستخەتی خۆی کاغەزێکی بۆ نووسیم و تیای دا هاتبوو: هەڵگری نامە مەلا فایەق خۆشەویستی ئێمەیە و خۆشمان دەوێت، مەلا ئیسماعیل یا تۆ یا مەلا عارف جێی بکەنەوە با لاتان بێت و بخوێنێت،

موختەسەری تەواو کردووە و تەشریحی نەخوێندووە، پێی خۆشە فەریدییە بخوێنێت و لە نەحوش دا کۆڵە، منیش نامەکەم هەڵگرت و بردم بەرەو پێنجوێن سەیر دەکەم جێگە نەبوو، مامۆستا مەلا ئیسماعیل فەرمووی: ماوەیەکی تر ئێرە چۆڵ دەبێت، کاغەزەکە لای خۆت هەڵگرە و دواتر سەرم لێ بدەرەوە بزانم دەتوانم چیت بۆ بکەم. لەو کاتەدا کۆمەڵێك فەقێ گوتیان: مامۆستا مەلا مەحموودی دەرەتفێ زۆر مەلایەکی چاکە و بە قابیلەتە، لەو کاتەدا دوو سێ فەقێم لەگەڵ دا بوون من موستەعید بووم و فەقێیەکانیش سوختە بوون، لێمان دا و هاتین بەرەو دەرەتفێ، مامۆستا مەلا مەحموود (خوای لێ ڕازی بێت) چاوی نەیدەبینی، (جمع الجامع)م هەموو لای خوێند و هەمووشی لەبەر بوو.

پێیگوتم: توخوا مەلا فایەق ئەو حاشییەی قزڵجییەم بۆ بنووسەرەوە، جا یەکێك لە قسە خۆشەکانی دەگێڕمەوە، ئەو کاتەی لە ساواوا بووم و دەمخوێند مامۆستا مەلا سەعید فەرمووی: دەچین بۆ سەردانی مامۆستا مەلا مەحموود، مامۆستا مەلا مەحموود فەرمووی: مەلا سەعید یاخوا بەخێربێیت ئەمڕۆ نەفەقەیەکمان ناردووە بۆ سەردۆش تەماتەمان بۆ بێنێت، ئەوەتا تەماتەکەمان لێناوە و نانەکەشیان جۆ بوو، پیاز و ڕۆنیان بۆ قرچاندبوو و دەیخوارد و دەیفەرموو: حەمد و سەنا بۆ تۆ خوایە بەخوا بەلەزەتە! جا لەو کاتەدا یەکێك گوتی: دووان لە فەقێیەکانی پێنجوێن ڕۆشتوون، منیش لە خۆشی دا ڕۆشتمەوە بۆ خزمەتی مامۆستا مەلا ئیسماعیل کە ١٠٤ ساڵ ژیا.

گوڵنار: دوای ئەوە بە خزمەتی شێخ گەیشتیتەوە؟

م. فایەق: ئەو ساڵەی ئەو کۆچی دوایی کرد منیش ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرت، پێش ئەوە چووم بۆ خزمەتی گوتم: یا شێخ من فەقیرحاڵم و ئەوە باروودۆخەکەمە کە دەیبینیت، فەرمووی: بڕۆ مەلایەتی بکە، نامەیەکت بۆ دەنووسم بۆ ئاغاکانی ئەو ناوچەیە و بڕۆ. نامەیەکی بۆ نووسیم بۆ شەریف بەگی وەیسە، هاتم بۆ وەیسە دوو

فەقێم لەگەڵ دا بوون ناوەکانیانم لە بیر نین، شەریف بەگ گوتی: مادەم لەلایەن شێخ عەلائەدینەوە هاتوویت بەسەر سەر و سەرچاو، ئیتر چوومە مزگەوتەکە و لە ناوچە جیاوازەکانەوە فەقێ هاتن بۆ لام و دەرسیان دەخوێند، دوای ئەوە باروودۆخم ناخۆش بوو هاتم بۆ بانی بنۆك و لەوێ مەحفەلی لێبوو و باروودۆخم لەوێ خۆش بوو و ساڵی دووەمیشی چووم بۆ حەج، کە گەڕامەوە بارووددۆخ گۆڕابوو و منیش گواستمەوە بۆ گوندی نەوێ.

گوڵنار: دەڵێن مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود قوتابی جەنابت بووە لە نەوێ، ئەزموون و پەیوەندیت لەگەڵی چۆن بوو؟

م. فایەق: مامۆستا مەلا ئەحمەدی یاڵانپێ (یارەبی ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەگەڵ پێنج شەش فەقێی تردا ئاوەدانیان هەبوو و دەرسیان دەخوێند، مەلا ئەحمەد بە بەراورد بەوانی تر زۆر زیرەك بوو، لەناو ئەو هەشت فەقێیەدا لە هەموویان زیرەکتر بوو و یەکەم بوو، وەڵا مەگەر ئەو بە قەد مەلا ئەحمەدی موفتیزادە زیرەك بووایە. مەلا ئەحمەد لە نەوێ شەرحە نیزامەی دەخوێند، زۆر وریابوو، وریاییەکەی لە ڕادە بەدەر بوو. دوایی من چووم بۆ قایی نەبجە، وتم: مەلا ئەحمەد گیان وەرە لەگەڵم و مەڕۆ و جێم مەهێڵە، فەرمووی: بەخوا دەڕۆم، ئیتر چوو بۆ هەڵەبجە، دوای ماوەیەکی زۆر هاتەوە و سەردانی کردم و فەرمووی: وەڵا مامۆستا بێتاقەتت بووم..

وتم: ئەحمەد گیان! لای کێ دەخوێنیت؟ وتی: لای مامۆستا مەلا عوسمان، گوتم: زۆر باشە! دوو ڕۆژ لەلام بوو بە ڕەحمەتی خوا شادبێ و شادبووە ان شاءالله، دوای دوو ڕۆژەکە چووەوە بۆ هەڵەبجە، دوای ماوەیەك من نەخۆش کەوتم و بردمیان بۆ هەڵەبجە و خەواندمیان، کە زانیبووی نەخۆشم هات بۆ نەخۆشخانە بۆلام و سەردانی کردم، نزیکەی شەش ڕۆژ لە نەخۆشخانە مامەوە هەموو ڕۆژێك دەهات سەردانی دەکردم (یارەبی غەرقی ڕەحمەتی خوابێت).

گوڵنــار: دەگوترێــت ماوەیــەکیش کــاك ئەحمــەدی مــوفتیزادە لای جــەنابت خوێندوویەتی؟

م. فایەق: لـە خورماڵ بووم لای مامۆستا مەلا عارف، فەقێیەك هات بۆلامان گوتم: ناوت چییە؟ وتی: ناوم ئەحمەدە. وتم: خەڵکی کوێی؟

گوتی: خەڵکی سنەم.

مامۆستا سەید عارف فەرمووی: ئەمە کـوڕی موفتییـە دەرسـی پـێ بلـێ، منـیش دەستم کرد بە گوتنەوەی دەرس پێی، ئەو زیرەکییەی لـەودا بەدیم کرد لـە کەم کەس دا دیتوومە! ماڵت ئاوابێ بە ماوەی مانگێك (تەسریفی مەلا عەلی) هەموو تەواوکرد بە هەموو حاشییەکانی قزڵجی و قەرەداغی و حاشییە و حەواشییەکانی تـرەوە! زۆرم خۆشدەویست زۆر، بەخوا ئەوەندە زیرەك بوو چارم نەدەکرد و فریای نەدەکەوتم.

گوڵنار: مامۆستا جەنابت تەمەنت ٩٧ ساڵە و الحمدللە جەستە و مێشك و چـاو و گوێت زۆر باشن و لـە کاردان و پێنج فەرزەش دەچیتە مزگەوت، ئەمـە پەیوەنـدی بە چییەوەیە؟

م. فایەق: هەمووی لـە بەرەکەتی خواوەیە، پەیمانم دا بە خوا وتم: خوایە تەنها بـۆ تۆ دەخوێنم، باوکم دەیگوت: ڕۆڵە چۆن بۆ خوا دەخوێنیت؟ منیش دەمگـوت: دەبم بە مەلای خوا! کە مۆڵەتی مەلایەتیشم وەرگـرت وتم: خوایـە پـەیمان بێـت بـبم بـە مەلای تۆ و خۆم دەدەمە دەست تۆ و پشـت بـە هیـچ خێـر و سـەدەقە و زەکاتێـك نابەستم.

گوڵنار: قورئان چی بە تۆ بەخشیوە و چۆن کەسایەتی تۆ بونیادناوە؟

م. فایەق: ڕووحی ئایین و مرۆڤ و بەهەشت قورئانە، وەڵا هەرچی حوکمەتی دونیا هەن لـە باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەگـەر بـەو یاسـایەی خـوا کـار بکەن کەم و کورتی نایەتە ڕێیان.

گوڵنار: هیچکات خەونت بە پێغەمبەری خواوە دیتووە؟

م. فایەق: دوای وەفاتی شێخ عەلائەدین لە گوندی وەیسە بووم و نەخۆش بووم، پێش مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بوو، پیاوێك هات بۆ ئەو گوندە و کە حاڵی منی نەخۆشی بینی وتی: وەڵا ئێمەش مامۆستایەکی وامان هەبوو بەو نەخۆشییە دوای حەوت ڕۆژ کۆچی دوایی کرد، ئێمەش منداڵمان نەبوو لەگەڵ (حاجی شەمسەی خێزانم غەرقی ڕەحمەتی خوا بێت) منیش دڵم داخورپا و خێزانیشم دەستی کرد بە گریان، شەو لە خەوم دا چووم بۆ مزگەوت سەیر دەکەم وا پێغەمبەری خوا (سەلامی خوای لەسەربێت) لە میحرابەکەدایە، پیاوێکیشمان هەبوو پێیان دەوت: خەلیفە ئەحمەد، عەسایەکی بەدەستەوە بوو و پێغەمبەری خوا عەساکەی گرت بە دەستییەوە و دەیفەرموو: خەلیفە ئەحمەدی بانگبێژ.

دوای ئەوە فەرمووی: مەلا فایەق برۆ وەرەقەیەکم بۆ بێنە با بۆت بنووسم، منیش لەدڵی خۆم دا وتم: بەخوا ئەمە بۆم دەنووسێت کە نەخۆشییەکەم لاچێت و تەمەنم درێژ بێت، فەقێیەکیش هەبوو لە مزگەوتەکە ناوی مەلا عارفی سیناویی بوو، بانگم کرد: مەلا عارف! مەلا عارف! قەڵەم و کاغەزێکم بۆ بێنە با پێغەمبەر بۆم بنووسێ، ئەویش وەرەقەی بۆ هێنام و بە پەلە پەل چوومەوە و گەیشتمە قاپییەکە و سەیری میحرابەکەم کرد پێغەمبەری خوا تەشریفی نەمابوو.

جارێکی تریش لە بانی بنۆك بەهۆی ئەمانەوە (حیزبە عەلمانییەکانی کوردستان) وەزعمان زۆر ناخۆش بوو و عەزییەتی خەڵکیان زۆر دەدا، خێزانم وتی: ئەمشەو لە خەونم دا پێیان گوتووم کە با مەلا فایەق بچێت بۆ حەج، منیش گوتم: ئاخر چۆن بچم بۆ حەج؟! خێزانم گوتی: دوو بەرە و قاڵییەك و سێ بزنمان هەن بیانفرۆشە و برۆ، ئەو کاتە حەج بە شەست و حەوت دینار سێ سەد فلس بوو، بە بەرەکەتی خواوە تا بەرێکەوتم پارەکەم بوو بە سەد دینار، شەست و حەوت دینارەکەم

تەسلیمکرد و چووم بۆ حەج، شەوێك لە خەوم دا ڕێبەرەکەمان کە ناوی (موسا موسا) بوو هات و زەمبێلەیەکی بەدەستەوە و بوو ئەو پارەیەی کە قەرزم کردبوو و ئەوەشی کە خەرجم کردبوو پێیدامەوە و گوتی: فایەق بڕۆرەوە! وتم: بەخوا مادام وایە من قبووڵ نەکراوم، ئیتر ڕاچلەکام! حەجەکەم کرد و هاتمەوە بۆ بانی بنۆك، ئەو کاتە حاجی قەدر و ڕێزی هەبوو، شەش حەوت ڕۆژ شایی و خۆشییان بۆ دەربڕین، بەیانییەکیان خێزانم نەخۆش بوو (ڕەحمەتی خوای لێبێت حاجی شەمسە) فەرمووی: ئەمشەو بە خزمەتی حەزرەتی عائیشەی خێزانی پێغەمبەر گەیشتووم، فەرموویەتی: خەفەت مەخۆ دووجار، دوای ئەو بە خزمەتی پێغەمبەریش گەیشتم، قسەمان دەکرد پێکەوە تۆش هاتیت و وتت: قوربان ئەی منیش؟! منیش نەمزانیوە ئەی منیش؟ واتە چی؟ پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: بەڵێ تۆش!

گوڵنار: پەیوەندیت لەگەڵ مەولەوی تاوگۆزی دا چۆنە؟

م. فایەق: هەرچییەك مەولەوی بیڵێ لەگەڵ قورئان دا یەکانگیرە، زۆرم خۆشدەوێ، بەڕاستی شاعیرە!

گوڵنار: لە مەولەوی تێدەگەی لە کاتێك دا تۆ سۆرانی و ئەو هەورامی؟

م. فایەق: نەك تێگەیشتن زۆربەی زۆری شیعرەکانی مەولەویم بە ڕاڤەوە لەبەرن.

گوڵنار: بە کام یەك لە فەقێیەکانت دڵخۆش و سەرسام بوویت؟

م. فایەق: هەرکاتێك بیر لەو دوو مەلا ئەحمەدە دەکەمەوە سەرم دەسوڕمێت، یەکیان سنەیی بوو (مەلا ئەحمەدی موفتیزادە) و یەکیشیان یاڵانپێیی بوو (مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود)، دواتر بیستم کە ئێران مەلا ئەحمەدی موفتیزادەی لە زیندان ناوە و پاشتر کۆچی دوایی کردووە، ئەو کاتە زۆر جوان و پێکەوتوو بوو، بەس نازانم ساڵی چەند بوو، هەمووجار هەر دەیگوت بەخوا بیری دایکم دەکەم و ئاوا و ئاوا چێشتی

بۆ لێدەنام و چێشتەکانی وا و وا خۆش و بە تام بوون، سوێند بەخوا من دەرسم بەو دەگوت من هێندەی ئەو زیرەك نەبووم، دەتگوت ئاگرە لە زیرەکی دا.

گوڵنار: سەرنجت لەسەر مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس چییە؟

م. فایەق: هەزار ڕەحمەتی خوای لێبێت، بەخوا وەسفی ئەو بە من ناکرێ، بەڵام هەرکاتێك ئازار و ناڕەحەتییەکم هەبێت خەوی پێوە دەبینم یا چارەسەر یا دڵنەواییم پێ دەڵێت، جارێکیان لە ئەمنەکە گیرابووم شەو بە خزمەتی گەیشتم، لە خەودا فەرمووی: بە موحەممەد گیانی کوڕت بڵێ سەر نەکا بە هیچ کونێك دا (مەبەستی کون و بارەگای حیزبی بوو)، جا ڕۆژێك موحەممەد گیان و منداڵەکانی بردمیان بۆ ئەشکەوتی جاسەنە و گوتیان ئەمە وەختی خۆی شێخ مەحموود لێرە بووە، منیش بۆ خۆشی گوتم: موحەممەد گیان خۆ مامۆستا مەلا کەریم فەرمووی بە موحەممەد بڵێ سەر نەکا بە هیچ کونێك دا ئەوە تۆ سەرت کرد بەم کونە گەورەیەدا!

گوڵنار: جەنابت بە خزمەت مەلیك مەحموودی ڕەحمەتی گەشتی؟

م. فایەق: بەڵێ دیم، ئەمە تەفسیلی زۆرە، لە مزگەوتی حاجی حان فەقێ بووم، مزگەوتی گەورە و خانەقاش فەقێیان تیابوو، وەکو فەقێ ناردینیان بۆ داریکەلی، لەگەڵ موتەسەڕیفێك دا بووین پێم وابێ عومەر عەلی بوو، نازانم بە بیرم نایەت چ موتەسەڕیفێك بوو، شێخ مەحموود لەو کاتەدا سلێمانی بەرەو داریکەلی جێهێشتبوو، کە ئێمە چووین سەیر دەکەین "چەتە"ی زۆری وا بە دەورەوە، تانجی و بڕنەوی زۆر بڵاوببوونەوە، منیش منداڵبووم گوتم: بەخوا شێخ نابێ ئاوابێ خەڵکی زۆر و خزمەتکاری بە دەورەوە بن.

شێخ فەرمووی: دەزانم بۆچی هاتوون، کاغەزێکی بۆ نووسین و فەرمووی: بیبەن بۆ کەریمی عەلەکە (کەریمی عەلەکە دەوڵەمەند و گاورێکی سلێمانی بوو، نەشمبینیوە) شێخ لە نامەکەدا نووسیبووی: کەریم ڕۆن و شەکر و برنج و چایی بۆ

مزگەوتی گەورە و خانەقا و حاجی حان دابین بکە بۆ ئەم فەقێیانە، باشبوو ئەو ڕەمەزانە نانمان کەوتە ڕۆنەوە، شێخ مەحموودم کە بینی سمێڵێکی گەورەی هەبوو و




هەمیشە قورئانی دەخوێند، بەڵام بەداخەوە "چەتە"ی زۆر بوو "چەتە"! زۆرم خۆشویست و ئێستاش خۆشمدەوێت.

کورسییەکیان لە دیوەخانەکەدا بۆ دانابوو و دەیانگوت ئەوە شوێنی قورئانخوێندنی شێخە، وە دار و دەستەکەی دەیانگوت: کە بەردەوام نوێژ و قورئان دەخوێنێت، مەلا موستەفا چەندە قەرەباڵغی لە دەوربوو نەدەگەیشتەوە بەو قەرەباڵغییەی بە دەوری شێخ مەحموودەوە بوو. شێخ مەحموود زۆر بە سام و هەیبەت و چوارشانە بوو، زۆریش بە ڕوحم و بەزەیی بوو.

فەقێیەك بە عادەتی مەلا ڕەمەزانی چووبوو بۆلای شێخ مەحموود گوتبووی: قوربان لەو گوندانەی لە بەردەستن گوندێکم بەرێ بچم مەلا ڕەمەزانی بۆ خەڵکەکەی بکەم، شێخیش فەرمووبووی: تەڕەتووڵ و دەرەقووڵ هەیە دەتنێرم بۆ تەڕەتووڵ فەقێیەکەش زۆرزان بووبوو گوتبووی: یا شێخ بمنێرە بۆ دەرەقووڵ! شێخیش فەرمووبووی: وەڵا مادام هێندە دەزانی دوو ڕوپیە زیاترت دەدەمێ و دەتکەم بە مەلای ئەوێ.

## بیست و پێنج دەقیقە...

فارس خووری، کەسایەتی ناوداری سوریا، مەسیحی پرۆتستانت، پیاوێکی ئەمین، تەنانەت هەموو ئەوقافی موسڵمانان لە شام خرایە بەردەستی، بووە مشتومڕ، هەتا موسڵمانانی سوریا وتیان لەخۆمان زیاتر متمانەمان پێیەتی.

ژیانی فارس لە﴿ ١٨٧٣ هەتا ١٩٦٢﴾ بوو، پیاوێکی جوان، فامیدە، ئەوەی سەیرە کەس لەسوریادا نەبووە ماقوڵ بێت و جێی ڕێز و پەسەندیی بێت لای هەموو خەڵکی سووریا بە هێندەی فارس خووریی..

فارس خووریی سیاسەتوان و دەوڵەتمەدار و دیپلۆماتکار و قسەخۆش و حەکیم بووە، خاوەن عەقڵ و ژیرییەکی نایاب بووە، هەموو شایەتی ئەوەیان بۆ داوە چەند قسە لەجێدا بووە، چەند دانا و بلیمەت بووە...

فارس خووریی هەڵبژێررا وەکو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵانی ١٩٤٧_١٩٤٨، لەساڵی ١٩٤٧ سەرۆکی ئەنجومەنەکە بووە، ئەو یەکەمین نوێنەری بەردەوامی سوریا بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان..

سەرۆکایەتی شاندی سووریای کرد لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وتارێکی پێشکەشکرد لەمەڕ دەسهەڵگرتنی ئینتدابی فەرەنسی، ئەو وتارە بەڕێزەوە نرخێنرا... خۆی یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یوئێن و ئەنجومەنی ئاسایش...

جـــارێکیـــــان لــــەسەر داوای ئـــەو وەکـــــو حـــــکومەتی ســـــوریا، دانـــیشتنێـــــکی ئـــەنجومـــــەنی ئـــــاساییش ســـازدەکرێـــــت بـــــۆ دەستهـــەڵگرتنی ئـــینتـــدابی فـــەرەنسی لــــەسەر ســـــوریا...

کـــــە دانیشتنـــەکـــە خـــەریك بوو دەستپێبکـــات، فـــارس خـــووری، کـــە تـــەڕبووشێـــکی ســـوری شـــامیانەی نـــابووە ســـەری، ئـــەچێتە ســـەر کـــورسی نـــوێنەری فـــەرەنسا دائەنیشێت، نـــوێنەرانی وڵـــاتـــانی تـــر بـــەلایانـــەوە ســـەیرە فـــارس خــــووریی نـــوێنەری ســــووریا بـــۆ چـــووەتە شـــوێنی نـــوێنەری فـــەرەنسا، خـــۆ فـــارس خـــووریی خـــۆی یـــەکێکە لــــەدامـــەزرێنـــــەران وپـــڕۆتۆکـــۆل و ئـــەتـــەکێت ئـــــەفامێت؟! بـــەڵام چـــــونکـــە هـــــەموویان فـــارس خووریـــــیان بـــەخـــــاوەن ئـــاوەزێکی گـــــەورە دەنـــاسی گــــوێیان پـــــێنەدا..

کـــە نوێنـــەری فـــــەرەنسا هـــــاتە ژوورەوە، ســـەیری کـــرد فـــارس خووری چـــووەتە جێگەکـــەی ئـــەو، پێـــی ســـەیر بـــوو، نـــوێنەری فـــــەرەنسا بـــەرەو شوێنەکـــەی خۆی چـــوو، بـــەڵام فـــارس خووری لـــە شـــوێنی خـــۆی نەجـــــوڵا..



نـــوێنەری فـــــەرەنسا وتـــــی مسیـــۆ خــــووری، ئەمـــــە شـــوێنی مـــنە تـــۆ بـــــۆ هــــاتووی لـــەســـــەر کـــــورسی مــــن دانـــیشتوویـــــت؟ بـــەڵام فــــارس خــــووری هـــــەر وەڵامــــی نــــەدایەوە، بــــوو بـــە مشتـــــومڕ، فــــارس خــــووری بـــەین بـــەین ســــەیری ســـەعاتەکـــــەی ئـــــەکرد و مـــێشێـــك مـــیوانی نـــەبوو.

سەفیری فەرەنسا تووڕە بوو، هەر فایدەی نەبوو، نوێنەری فەرەنسا داوای لەسەرۆکی مەجلیس کرد، بە فارس خووری بلێت جێگەکەم بۆ چۆڵ کات، بوو بەدەنگەدەنگ.. سەفیری فەرەنسا دەستی دایە یەخەی فارس خووریی، بەڵام ئەو هەر نەجوڵا و کورسی فەرەنسای چۆڵ نەکرد، هەتا بیست و پێنج دەقیقە...

ئینجا لاچوو، بەزەردەخەنەیەکەوە ووتی: جەناب، ئێوەی فەرەنسی، بیست و پێنج ساڵە وولاتی منتان داگیرکردووە، قسە نەکەین، بەڵام تۆ بیستوپێنج دەقیقە قبووڵ ناکەیت من لەسەر کورسیەکەی ئێوە دانیشم...؟

ئیتر لەو دانیشتنەدا، بڕیار درا فەرەنسا بکشێتەوە لە سووریا و ئەو وڵاتە ئازادبوو...

لەگەڕانەوەیدا پێشوازییەکی بێوێنە لە فارس خووریی کرا...

ئێوەش:



بەڵێ جەنابتان هەر هیچ نەبێت بیست و پێنج ساڵە داهاتی کوردستان ئەخۆن، بەڵام پێتان گرانە، نوێنەرانی نارازیی بیست و پێنج دەقیقە داوای ماف و ئازادی و شەفافیەت بکەن و جا ئەشڵێن لە کەسی قبووڵ ناکەین

شێخ فاتحزادە تەها سۆڵەیی –
دارولمولکی بابان۲۲/۱/۲۰۲۰

# ئارامگرتن

ئافرەتێکی جەزائیری پەیوەندی بە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەکات بۆ بەشداری کردن لە بەرنامەیەك کە شێخ عەبدوڵا بن بەییە تێدا میوانداری کرابوو. ئەو ساتیش تەمەنی گەیشتبووەوە هەشتا وپێنج ساڵ. ئافرەتەکە دەڵێ: جەنابی شێخ من ئافرەتێکی جەزائیری موسوڵمانم بەچاکی نوێژ وپەرستشەکانم دەکەم.. بەڵام هاوسەرەکەم پیاوێکی ئارەقخۆرەو وشەوان درەنگ دەگەڕێتەوەماڵەوە.. شەوێکیان کە لەدەرگا هاتە ژوورەوە کە بینی من خەریکی قورئان خوێندنم قورئانەکەی لەدەستم دەرهێنا وپارچە پارچەی کرد وفرێی دا، ئێستا لە رووی شەرعی من چیم لەسەر پێویستە؟

ئایا دەتوانم لەگەڵی بژیم یا داوای تەڵاق وجیابوونەوە بکەم؟؟..

شێخ فەرمووی: منداڵت لێی هەیە؟؟..

ئافرەتەکە وتی: پێنج منداڵ..

شێخ فەرمووی: خزم وناسیاو خێزان وخانەوادەت هەیە؟..

ئافرەتەکە وتی: بەڵێ بەڵام من لە پایتەختم وئەوانیش لە شارۆچکەیەکی زۆر دوورن..

شێخ وتی: گەر لێی جیا بیتەوە کەسێ هەیە بژێوی ژیانتان دابین بکات ومشوریکتان بخوا؟.

ئافرەتەکە وتی: نەخێر منداڵەکانیشم هێشتا بچووکن..

شێخ فەرمووی: مادام وایە لەگەڵی بمێنیتەوە ودانبەخۆت دا بگریت وخۆت بپارێزە لەوەی کێشە وهەرای لەگەڵ بنێیتەوە ودەبێ ئارام بگریت.. ئافرەتە کە وتی: چۆن وچەند سەبرو ئارامی لە گەڵ بگرم فەتوای وا چۆن دەبێت؟؟؟..

شێخ فەرمووی: تەماشاکە کچەکەم: گەر وازی لێبینیت وپشتی لێ بکەیت وداوای تەڵاق بکەیت. ئەو یەك کەسەی قورئانی پیرۆزی لێ دڕاندی وبەسەر خۆشی

دەگەڕایەوە دەبن بە شەش! چونکە منداڵـەکانت لـێ وەردەگرێتـەوە و وەك خـۆی پـەروەردەیان دەکـات.. چـارە وازهێنـان ومـاڵ بەجێهێشـتن نیـە! دەبێـت لـەبـەر منداڵەکانت بمێنیتەوە وئـارام بگـری وەك خـۆت لـەسـەر قورئـان ورەوشـتی جـوان پەروەردەیان بکەیت...دوعای خێر وهیدایەتیش بۆ پیاوەکەت بکـەیت ولـەگـەڵ رێـز لێگرتن وبەدەمەوە بوون هیچ شەوێك بەسەرتا نەڕوا کە لـەشەو نوێژەکانتا دوعای بۆ نەکەیت!!..

ئافرەتەکە وتی: پشتیوان بـەخوا جـەنابی شـێخ... دوای چـەند سـاڵێك مامۆسـتا وجەنابی شێخ.. لـەبەرنامەیەکی تـری تەلـەفزیۆنی میوانـداری دەکرێتـەوە... یـەکێ لـەوانەی پەیوەندی کرد ئـەم ئافرەتـە بـوو: دوای سـلاو وریـز وتـی: جـەنابی شـێخ دەمناسیتەوە..

شێخ وتی: ببورە ناتناسمەوە..

ئافرەتەکە وتی: من هەمان ئەو ئافرەتە جەزائیریەم کە چەند ساڵێك بەر لـە ئیمـرۆ پەیوەندیم پێوە کردی وباسی خۆم وپیاوەکەم بۆ کردیت!! دەمەوێ بزانیت سـوپاس بۆخوا ئێستا پیاوەکەم نەك هەر تۆبەی کردوە.. خۆی مزگـەوت بـۆ نوێـژی بـەیانی دەکاتەوە وبانگیش دەدات.. هیچ شەوێك شەو ونوێـژەکانی ناچـێت و رۆژ وشـەو خـەریکی قورئـان خوێنـدن وئامۆژگـاری کردنـە.. منداڵەکانیشـمان بـەجوانی پەروەردەکردوون.. ئافرەتەکە بەدەم قوڵپی گریانـەوە.. دوعـای بـۆ جـەنابی شـێخ دەکـرد وسوپاسـی دەکـرد لـەسـەر ئامۆژگاریـەکانی.. شـێخ عەبـدولاش داوای سەرفرازی وهیدایەت وبەردەوامی بۆ کردن وپەیوەندیەکە پچرا...



## سکرتێری پێشووی پاپای فاتیکان:

یەکێ لەسیفات و ناوە پیرۆزەکانی خوا ئەوەیە کە (الهادی) یە، جا لەبەسەرهاتی ئەوانەی موسڵمانبوون لەکۆن و نوێدا تەواو لەو ناوە پیرۆزە تێدەگەین کە لەفەرمودەی قودسیدا ئەفەرموێت: ئەی بەندەکانم هەموو سەرگەردانن مەگەرمن هیدایەتتان بدەم، داوای هیدایەت بکەن باهیدایەتتان بدەم.. بۆنموونە:

سکرتێری پێشووی پاپای فاتیکان کەناوی خۆی کردووە بەئیدریس تۆفیق پرۆفیسۆرەو ئێستا مامۆستایە لەزانکۆی ئەزهەر، کاتێك سەردانی میسر دەکات کوڕێکی تەمەن ١٤ ساڵ کە پێڵاوی بۆیاخ دەکرد، بووە هۆی موسڵمانبوونی بەهۆی سەلام لێکردنەوە.

ئەمە وای لێکرد ساڵ ونیوێك دیراسەی ئیسلام بکات، بەتایبەت کەلەبەریتانیاش وانەی بەراوردکردنی ئاینەکانی ئەوتەوە قوتابیە موسڵمانەکان ئەهاتنە ژوورەکەی نوێژیان ئەکردوکەبەرۆژووش ئەبوون لەرەمەزاندا ئەم وەك هاوسۆزیەك ئەو رۆژە هیچی نەئەخوارد کەهێشتا موسڵمانیش نەبووبوو..

ناوبراوئەڵێت: ڕۆژئاوا دوژمنی ئیسلام نیە، ئەوانەی دژایەتی ئیسلام ئەکەن کەسانێکن دەسەڵاتدارن لەو وڵاتانە.من بەجیهاندا ئەگەڕێم و لەنزیکەوە سەرانی مەسیحیەت ئەناسم و ئەزانم چی وا لەمێشکیاندا بەرامبەر ئیسلام، بۆیە ئەزانم لەکوێوە بۆیان ئەچم و قسەیان لەگەڵدا ئەکەم..

من بەدوای ئیسلامدا نەگەڕام بەڵکو ئیسلام منی دۆزیەوەو خواگەورە بەفەزڵی خۆی هیدایەتی دام..




## دوعای هیدایەت:

کاك پشتیوان کەمال وتی: چەندساڵێك لەمەوبەر لەبەنزینخانەی خاوێن کارمەند بووم، سایەقی لۆریەك کە گازم بۆتێکردو (بسم الله)م کرد وتی: (بسم الله)ی بۆچیە، من قەناعەتم بەوشتانە نیە.. زۆر بەزەییم پیاهاتەوەو بەکوڵ ودڵ دوعام بۆکردو وتم:



خوایە ئەوە نەفام وناحاڵیەو ئاوا بمرێت دۆزەخ جێیـــەتی، داوات لێدەکـــەم هیدایەتی بدەیت..

دوای ســێ ڕۆژهاتــەوە بـۆ گــاز وەرگرتن و وتی: ئەزانی ئەم (بسم الله) وناوهێنانی خوایە زۆرگەورەیە، لە ڕێی دهــۆك خــەریك بــوو وەرگــەڕێم ولەبەرزاییەوە بکەومە خوارەوەو هـەلا بەهەلا ببم، هانـام بۆخـوا بـردو وتم: یاالله فریام کەوە، خۆشم نـازانم چۆن ســەیارەکەم هاتــەوە ســەرجادەکەو ڕزگارم بوو، لەوساتەوە تەوبـەم کردوگەڕامـەوە لای خـوا.... ﴿وَلِلَّـهِ الْأَسْـمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٨٠)الأعراف﴾ (لەوێنەکەدا کاك پشتیوان ئەو برایەی ناوەڕاستە)..

## لەدێی سولاوکەوە:

ئەم دێیە نزیکی دێی زیارەتە لە دۆڵـی سماقولی، پیاوباشـێکی لێـیە بـەناوی کـاك ڕۆستەم زۆر حەزی لە چوون بۆحەج ئەبێت و لەبەرنەداریش ناتوانێت بچێت، ساڵی ٢٠١٦ کەسێك لای دەوڵەمەندێکی هەولێری باسی دەکـات کەخـەڵك ئـەنێرێت بۆحەج لەسەرحسابی خۆی، سوپاس بۆخوا هەواڵ ئەدەنە کاك ڕۆستەم لەخۆشیا زۆر دەگری، پاشان پەساپۆرتی بۆدەردێنێ و ئەینێرێت بۆحەج وئاواتەکەی هاتە.

ئەمەش کابرای میسری بیرخستمەوە کەلەسوژدەدا زۆر ئەمێنێتەوەو دوعادەکـات، کە لەنوێژەکەی تەواو ئـەبێت ئـەوەی تەنیشـتی لێـی ئەپرسـێت بـرا ئەوەندەمایتـەوە لەسـوژدەدا داوای چـیت کـرد؟، ئـەویش ئـەڵێت: بـەردەوام دوعـا دەکـەم خـوا کارئاسانیم بۆبکات و بچم بۆعەمرە، ئەویش ئـەڵێت مـن سـەفیری سعودیم و نـاوو شتەکانتم بدەرێ ئەتنێرم..

بەرێزینە گرنگ شەوق و خۆشەویستی وحەزەکەیە، کە هەمیشە دڵمان پەیوەست بێت بەمزگەوت و زیارەتی ئەوشوێنە پیرۆزانەو کاری چاکە کردنەوە، ئـەها هـاوەڵان کەتفاقی جەنگیان نەبوو ونەیانئەتوانی بچن بۆ غەزا لەداخا گریان وئەو فرمێسکانەیان ئەوەندە بەنرخ بوون لای خوا قورئان تۆماری کرد، ئەوان ئەگرین بۆئـەوەی نـاتوانن بچـن بـۆ جیهـاد، نـەك گریـان (تـدمع) بـەڵکو(تفـیض) واتـە فرمێسـك لەچـاویان سەرئەکات.

## لەبەرنامەیەکی ئەمەریکیدا میوانێکیان ئەڵێت:

ئێمــە لەئەمــەریکا راگەیانــدن و سیاســەت هــەڵمان ئەســورێنن، هەرشــتێکیان دەستبکەوێت خەڵکی دابەش بکات بۆ لایەنگرو نـەیار ئـەیهێنن، لـەم هەڵبژاردنـەی دواییدا ئیسلام وموسڵمانانیان کردە بەرانی قوربانی، لەهەمووشوێنێك ئـەتبینی، ئـەها وریابن ئەمەریکا لەمەترسیدایە، ترس لەمردن، نەخۆشی، بـەدوای هەواڵێکـدا وێڵـن کەرامانبکێشن بۆسەیرکردنی شاشەی تەلـەفیزیۆن وئیسـلام بەتیرۆریسـت وئیرهـاب ناوزەد ئەکەن.

یەکێکی تریان ئەڵێت: زۆرلەخەڵکی نازانن کەلەمێژوودا بۆ یەکەمجار ئیسلام هەقی میراتی ئافرەتی دانا، هەروەها موسڵمانان پێشەنگ بوون بۆکردنەوەی زانکۆکان، من وەك جوولەکەیەك دان بەوەدا ئەنێم کەتەنها ولآتە ئیسلامیەکان بوون دالّدەی ئێمەیان دا کاتێك لەولآتە مەسیحیەکان دەرئەکراین بەتایبەت لەئیسپانیا..




**شێخ عەلی تەنتاوی:**

ناوبراو چەند ساڵ قازی بوو لەشام و خوا چەند کچێکی دابویە وکوڕی نەبوو، ئەوەی زیاد ئەبوو لە خەرجی خۆیان ئەیکرد بەخێرو کۆی نەدەکردەوە، تاژنەکەی تەقە لەجەرگی ئەکەوێت و ئەڵێ: پیاوەکە من نالّێم خێرمەکە، بەلآم هیچ نەبێت پاشەکەوتێکیش بکە بەڵکو هیچ نەبێت خانوویەك بکەیت بۆکچەکانت، خوای گەورە دۆستێکی دەوڵەمەندی شامی بۆنارد پارەی خانوویەکی دایە بەقەرز وهەندێ دۆستیشی هەستان بەسەرپەرشتی خانووەکەی و بۆیان تەواوکرد، پاشان خوا

کارئاسانی بۆکرد وقەرزەکەی دایەوە، ئنجا ناوبراو ئـەڵێت: هەرچـیم داواکردبێـت لەخوا بۆی کردووم و دەستی نەناوە بەڕوومەوە..

شایانی باسە بەنانی کچەبچووکی کەهاوسەری دکتۆر عصام عەتتاربوو لە ئەڵمانیا پیاوکوژەکانی بەعسی سوریا لەشوقەکەیدا شەهیدیان کـردو هـەتامرد برینەکـەی بـۆ ئەوکچەی ساڕێژ نەئـەبوو.. بەڕاسـتی نـاوبراو هەمووتەمـەنی لـەخزمـەتی بانگـەوازدا بـوو(مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِـنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا (٢٣) لِيَجْزِيَ اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِنْ شَاءَ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا (٢٤) الاحزاب ).

## مژدەی شەفاعەت:

هەندێ لە شاعیران هۆنراوەیان بۆخۆشەویست دروودی خوای لەسەر هۆنیوەتەوە بەهیوای هاتنە دی هیواو ئاواتەکانیان لـەدونیادا، بۆنموونـە شـەرەفودین موحەمـەدی بوصەیری بوردەی نووسی و شەو لەخەودا بەخزمەت سەروەرمان گەیشت و کەبۆی خوێنـدەوە زۆر پێـی خـۆش بـوو، پاشـان دەسـتی موبـارەکی هێنـا بەسـەر لاشەیداولەخەوەکەیدا شەلەلەکەی چـاك دەبێـت و کەخەبـەری ئەبێتـەوە بەحـەقیقی چاکبۆتەوە.

مەلا موحەمەدی خاکی کەساڵی١٢٥٥ی کۆچی لـەدایکبووەو سـاڵی ١٣٢٦ی کۆچی دونیای فانی جێهێشتووە ولەسولەیمانی بەخاك سپێردراوە، سەدوشەسـت ونـۆ دێڕ هۆنراوەی هۆنیوەتەوە بەهیوای ئاخیرەت کە سـەروەر شـەفاعەتی بۆبکـات، جـا مەلا حەمەسووری هاوڕێی سەردانی ئـەکات لەنەخۆشـیەکەیداوئەحواڵی ئەپرسـێت، ئەویش ئەڵێت: زۆرباشم، لێی ئەپرسێت هیچ وەسیەتیەکت نیە؟

ئەڵێ: من و وەسیەت دوای ئەوەی کە پێغەمبەر چەکامەکەی لێوەرگرتم؟ وتی: چۆن؟

وتی: دوێنێ شەو بەخزمەتی گەیشتم فەرمووی: خاکی چەکامەکەتم پێگەیشت. (ئەمەش مژدە بوو کەچەکامەکەی وەرگرتووەو ئاواتەکەی دێتەدی و شەفاعەتی بۆدەکات )..دوای ئەوە بەشەوو رۆژێك خاکی کۆچی دوایی کرد.( أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦٢) الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ (٦٣) لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٦٤) يونس ) (چەکامە بەو قەسیدەیە ئەڵێن کە لە هەژدە دێڕ زیاتر بێت، ئەگەرلەحەڤدە دێڕیش تێپەڕنەبێت پێی ئەوترێت: چامە.. سەرچاوە: مەلا موحەمەدی خاکی نووسینی شێخ موحەمەدی خاڵ).

### بەسەرهاتی شێخ عەزیز:

ساڵی ٢٠١٩ سەردانی شێخ عەزیزم کرد لەدەربەندیخان، ناوبراو خەڵکی دێی عازەبانەو لە دائیرەی کشتوکاڵ دامەزرابوو، هەژدە ساڵ لەمەوبەر خەوئەبینێت کەلەلای کەندێکەوە خەڵکی لێکۆبوونەتەوە، بەهاوسەرەکەی ئەڵێت: خوارەحم بکات تووشی شتێك ئەبم.. دوای هەفتەیەك لەبەرزیەوە ئەکەوێتە کەندێکەوە و پشتی ئەشکێت، وا هەژدە ساڵە لەناوقەدی بەرەو خوار تووشی شەلەل بووە، بەوحاڵەشەوە شەش کچ و سێ کوڕی بەخێوکردو گەورەی کردن.زۆر سەرسام بووم بەهیممەتی بەرزو ئارامگرتنی، پیاوێکی نوورانی بۆخوا سوڵحاو وقسەخۆش بوو، خوای گەورەبە بەهەشتی بەرین شادی بکات.. ئامین..




## نەخشی سەربەرد:

ئەڵێن: پەروەردەو فێربوونی منالّی وەك نەخشی سەربەرد ئەمێنێتەوە.بەتایبەت پێنج سالّی یەكەمی تەمەنی منالّ كە زۆركاریگەری ئەبێت لەسەر دروستبوونی كەسایەتیەكەی.بۆیە خۆشەویست دروودی خوای لەسەر ئەفەرمویّ لەئێمە نیە كەسێك میهرەبان نەبیّ لەگەلّ منالّدا.

زانست رۆژ بەڕۆژ گرنگی ئەو راستیە ئەسەلمێنێت ئەوەتا دكتۆر جۆزف لیدۆكس زانای بواری ئەعصاب لە زانكۆی نیۆیۆرك لەپێشینەی زانایانە كە توانی رۆڵی بەشی (ئەمیجدلا)ی مێشك بدۆزێتەوە لە پێكهێنانی هەڵسوكەوتی عەقلّدا، ئەم بەشەی مێشك ئەتوانێت سەیتەرە بكات بەسەر هەڵسوكەوتماندا لەوكاتەی كە هێشتا عەقلّی واعی بیردەكاتەوە بۆ بڕیاردان.

ئەمیجدلا ئەو بەشەی مێشكە كە هەست و سۆز خەزن ئەكات بۆكاتی پێویست و رەنگ ئەداتەوە لەداهاتووی منالّدا.هەروەها لێكۆلّینەوەكان لەم سالاّنەی دواییدا باسی زیرەكی عاتیفی (الذكاء العاطفی) دەكەن كەبەرێژەی لەسەدا هەشتا بەرپرسە لە سەركەوتن و شكست لە ژیانداو زیرەكی تەقلیدیش بەرپرسە تەنها لە بیست لەسەدی سەركەوتن و شكست.

جا ئەگەرمنالّ كەش وهەوایەكی ئارام و پڕ میهرەبانی بۆ ساز بكرێت ئەوە هەموو بەشەكانی مێشكی بەچاكی گەشەدەكەن و هیچی لێناپوكێتەوەو كۆمەلّیّ وانەی عاتیفی وەردەگرێت كەدواتر وەك مەرجەعیەت بۆی دەگەڕێتەوە لەهەلّس وكەوت ومامەلّەی لەگەلّ دەوروبەریدا.

## لەدەشتی هەولێرەوە:

کاك هەمزەی حاجی عەزیز لەهەولێرەوە کتێبی نەسرەوتن بەرگی دووی خوێندبۆوەو پاش  دوعای خێر ئەم یادەوەریەی بۆگێڕامەوە: کە لە ساڵانی حەفتادا لە دێکەیان گوندی قازی خانە، ماڵی باوکی دراوسێیەکیان هەبووە ئەویش ناوی حاجی عەزیز بووەو تەنها یەك بزنی هەبوو وەلەموسڵ ئیشی ئەکرد، شەوێکیان گورگ تەنها بزنەکەی ئەو ئەخوات و ناچێت بەلای مەڕومالاتەکەی ماڵی باوکیا کە زیاد لەسەد سەربوون.

حاجی عەزیز کە پێیان وت: گورگ تەنها بزنەکەی ئەوی خواردووە لەموسڵ هاتەوەو وتی: هەولێ چی بدەم کەخوا زیادی نەکات..

لەوە ئەچێت: خوا مەڕومالاتی ماڵی باوکی کاك هەمزەی بەوە پاراستبێت کە هەمیشە خێروچاکەو زەکاتی لەکاتی خۆیدا ئەداو زۆر مولتەزیم بووە.

دیارە ئەمەش کاریگەری لەسەر حاجی عەزیزی بزن خوراو ئەبێت و ئەویش خۆی راست ئەکاتەوە پاش دوانزە ساڵێك ئەویش ئەبێتە خاوەنی مەڕومالاتێکی زۆر.

## خۆشەویستی:

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لەکاتی خۆشەویستیدا مێشك چەند هۆرمۆنێك دەرئەدات کە گرنگترینیان (ئۆکسیتوسن)ەکە بەهۆرمۆنی خۆشەویستی ناوئەبرێت، ئەم هۆرمۆنە مرۆڤ هان ئەدات بەرەو ئەوەی کە زیاتر کۆمەلایەتی بێت و ئاسەواری هەموو جۆرەکانی سلبیەت و فشاری دەروونی وفسیۆلۆجی وعصبی ناهێڵێت.




دکتۆره کاسلین لاید لەزانکۆی کارۆلینا ئەڵێت: خۆشەویستی میزاج باش دەکات و فشاری خوێن کەمدەکاتەوەو وا لەمرۆڤ ئەکات زیاتر بەرگەی ئازار بگرێت و یارمەتیدەری جەستەشە بۆ زوو چاکبوونەوە لەنەخۆشی.

دکتۆر هیلین فیشەر کەهەموو تەمەنی بەخت کرد بۆ تێگەیشتن لەوەی لەمێشکدا ڕووئەدات لەکاتی خۆشەویستیدا، سەرەنجام گەیشتە ئەوەی لەکاتی خۆشەویستیدا ئەو بەشەی مێشك کە بەرپرسە لە هۆرمۆنی بەختەوەری (دۆبامین) و هۆرمۆنی (النورا بینفرین) دائەگیرسێو چالاك ئەبێت و تیشك ئەداتەوە، کەبەمەش مرۆڤ وزەیەکی زۆری دەست ئەکەوێت وتوانای بەرگری و تەرکیزکردنی زۆرئەبێت.




هەروەها لێکۆڵینەوە زانستیەکان سەلماندوویانە کەلەکاتی خۆشەویستیدا لاشە ماددەیەکی شیری دەرئەدات کە ئەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی خانەکان لەیەکتری و چاکتربوونی ئەدای ئەندامەکانی مرۆڤ، وە لەکاتی خەفەت و رقلێبوونەوەشدا ئەو ماددە شیریە دەرنادرێت و خانەکانی جەستە لەیەك دوورئەکەونەوەو ئەندامەکان باش

کارناکەن.. ئەمە بێجگە لەوەی کەخۆشەویستی باشترین دەرمانە بۆخەمۆکی.. ئالێرەوە تێدەگەین کە پەیامە ناوازەکەی خوا بۆ ئەوەندە گرنگی داوە بەخۆشەویستی، کە ئەبێت بڕوادارخواو پێغەمبەری لەرۆحی خۆی خۆشتربوێت و خۆشەویستی هێزی پاڵنەری بێت لە پەرستش و جوولەی رۆژانەیدا، پاشان هەرکەس و هەرشتێکی خۆشویست لەبەرخوا خۆشی بوێن، کەبەوەش ئیمانی تەواو ئەبێت ( مـن أعطى للهِ، ومنع للهِ، وأحبَّ لله، وأبغضَ للهِ، وأنكح للهِ، فقد استكمل إيمانَه).هەروەها بەبێ ئەو خۆشەویستیە ئیمانمان نیەو ناچینە بەهەشتەوە (لا تَدخُلونَ الجَنَّةَ حتَّى تُؤمِنوا. ولا تؤمِنوا حتَّى تَحابُّوا. أوَلا أدلُّكُم علَى شيءٍ إذا فعلتُموهُ تحابَبتُم؟ أفشُوا السَّلامَ بينَكُم ).

الله ئەکبەر ئەم ئاینە چەند مەزنە کە فەرمانی داوەئەگەر کەسێکت خۆشویست پێی بڵێ: من لەبەرخوا تۆم خۆش ئەوێت، تا ئەویش بڵێت: ئەوخوایە خۆشی بوێت کەمنت لەبەرئەوخۆش ئەوێت..

بەداخەوە شەیتانەکانی ئینس و جین و هۆکارەکانی راگەیاندن هەموو کار لەسەر ئەم مەسەلە هەستیارە ئەکەن و شەوو رۆژخەریکن کە ئەو خۆشەویستیە پاکە شەرعیە بەلاڕێدا بەرن، کەبەوەش خەڵکانێکی زۆر تووشی نائارامی وسەرگەردانی و بەدبەختی بوون..

## سەیروسەمەرە:

ئەڵێن: وەزیری پەروەردەو وەزیری تەندروستی بەریتانی ئەسڵیان عێراقیە.

٨٧٥ دکتۆری ئیستشاری و جەڕاح عێراقین لەبەریتانیا.

٣٠٠ پرۆفیسۆرکە لەزانکۆکانی بەریتانیا خزمەت ئەکەن عێراقین.

١٠٠ شارەزا کەلە مەرکەزەکانی فیکردا ئیش دەکەن لەبەریتانیا عێراقین..

عێراق بەتایبەت و وڵاتە ئیسلامیەکانیش بەگشتی کەسانی بەتوانای زۆریان تیایـە، بەڵام بەداخەوە بواریان بۆنارەخسیٚ و کەسانی ناکەسبەچەو بیٚ تواناو عەمیلی ئەملاو ئەولا ئەکرێنە کاربەدەستیان تا وڵات بەو دەردەبەرن کە ئەیبینین.

ئێستا لـەعێراق نیوەی ئەوانەی کە لـەدەسەڵاتان جنسیەی بـەریتانیان هەیـە، بـەڵام چونکە نا ئەهلن و خۆپەرستن و شوێن بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون ئەوەتا لـەدوای زەمانی پاشایەتیەوە ئینقیلاب بەدوای ئینقیلابدا دێت و هەمووان لـەجیاتی چاکی بکەن خراپتری ئەکەن، بەداخـەوە وڵاتـی موئەسەسـاتی نیـە، دزی وتـاڵان وبـڕۆ لـەغیابی سەروەری یاسادا زۆرئاسانە نەك هەرعەلمانیەکان بگـرە شـیعەو سـوننەکانیش زۆریـان ئەهل نەبوون، مـن خـۆم گـوێم لـەدکتۆرموحسـین عبدالحمیـد بـوو وتـی: ئەوانـەی متمانەمان پێکردن و کردمانـە پەرلـەمانتارو وەزیـر لـەسەرلیسـتی حیزبـی ئیسـلامی لـەسەدا نەوەدیان دز دەرچوون!!..

پەنا ئەگرم بەخوا کەم کەس لـەبەردەم پارەدا خۆی دەگرێت. ئەم وەزعـە تاکـەی ئاوا درێژە ئەکێشێت؟.. مەگەر بەس خوا چاکی بکات ئەگینا زۆرزەحمەتـەو وائـەزانم وازوو وەبەئاسانیش نابێت..

مامۆستایەکی زۆر بـەڕێزی سـلێمانیان بـانگ کـرد بیکەنـە سـەرۆکی دەسـتەی نەزاهەی هەرێم، ئەویش وتی: باشە ئەیکەم بەڵام بەمەرجێك لـەسـەرەوە ولـەخۆتانـەوە دەست پێدەکەم.. دیارە ئەوان کەسی وایان ناوێت بۆیە زۆر بەسوپاسەوە ناردیانەوەو بێدەنگیان لـێکرد..

**بەرەو باشتربوون (کایزن):**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆرگرنگی بەپەروەردەی مرۆڤ داوە تاهەمیشە بـەرەو باشـتر هەنگاوبنیٚ و باشتر زەوی ئاوەدان بکاتەوە، لـەفەرموودەدا هاتووە: هەرکەس ئـەمڕۆو دوێنێی وەك یەك بێت زیانمەندە (من استوى يوماه فهو مغبـون) هـەروەها (خـوا پێـی

خۆشه ئەگەر کارێکتان کرد بەباشترین شێوە بیکـەن–ان الله یحب اذا عمـل أحـدکم عملا أن یتقنه).

تا موسڵمانان رۆژیان بوو بەردەوام لەپێشکەوتن وتازەگەری و داهێنـانـدا بـوون، دواتـر بـەهۆی بـاروزرووفی تایبەتـەوە موسـڵمانان دایانـە دواوەو رۆژئـاوا بوونـە داهێنـەر.. بەتایبـەت یابانیـەکان کـە بەرەوباشترچـوون لای ئـەوان پێـی ئـەوترێت (کایزن).. بۆنموونە: ئەو پیاوەی وێنەکە یەکەم کەسە لەخێزانی خـاوەنی تویێتـادا کـە دایکی قوماشی ئەچنی بیری کردەوە مەکینەیەکی چنین بۆکارئاسانی دایکی درووست بکات، دروستی کردو دوایـی بەرائـەتی داهێنانەکـەی فرۆشـت بـە ئینگلیزەکـان و پارەکەی دا بەکورەکەی کە ئەندازیاربوو تایەکەم ئوتومبیلی یابانی دروسـت بکـات، ئەوەبوو تویێتا لەدایك بوو.

لەوساتەشەوە لەهەموو بوارەکانـدا یابانیـەکان وا پـەروەردەکراون کـە هەمیشـە هەنگاو بنێن بەرەو پێشەوە.ئەوەی سەیرە نەك مرۆڤەکانیان بەڵکو قەلەرەشێکی یابانی هەیە ئەویش لەوەئەچێت لەکایزن تێگەیشتبێت، کەئەیەوێ گوێزبخواو بۆی ناشکێت، لەبەرزیەوە فڕێی ئەداتە سەرشەقامەکان لەشوێنی پەڕینەوەدا تا ئوتومبیلەکان بەسـەریا بڕۆن و بۆی بشکێنن، کەئەشکێت و ئوتومبیلەکان ئەوەستن وخەڵکی ئەپەڕنەوە بەبێ ترس دائەبەزێت و ئەیخوات.. جا ئەم کایزنە ئێستا زانستێکەو پسپۆڕی تایبەتی هەیـەو وڵاتان و کۆمپانیاکـان سـوودیان لێـوەردەگرن، هـەوڵ ئـەدەم بـەپێی توانـا تیشـکی بخەمەسەر، کەبەڕاستی هەموو لەژیانماندا پێویستمان پێیەتی، ئاشکرایە ژیان فرسەتێکەو زوو تێپەڕئەبێت بۆیە ژیر ئەوەیە بەباشـترین شـێوە سـوود لـەو تەمەنـەی وەربگرێـت کەخوا بۆ تاقیکردنەوە داویەتێ و داوای لێکردووە باشترین کاربکـات (الَّذِي خَلَــقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ (٢) الملك ).

## ئالوودەبوون:

دکتۆرە ماری ئان لایدن لێکۆڵەر لە بنکەی چارەسەری رەفتاری مرۆڤ لەزانکۆی بنسلڤانیا لــە مەجلیســی شــیوخی ئەمــەریکی لەوتارێکیــدا وتــی: ئــالوودەبوون بــە سەیرکردنی گرتە سێکسێکانەوە زۆرخراپترە لەئالوودەبوون بە کۆکاینەوە!!

بەڕاستی بەهۆی شەیتانەکانی ئینس و جینــەوە لــەم ســەدەیەدا پیســترین بازرگــانی لەبرەودایە و سەدملیار دۆلاری بۆ خراوەتە کــارو ســاڵی ۱۳ملیــار دەســتکەوتێی. لەسەرتاسەری جیهاندا هــەموو شــەش چــرکەیەك فلیمێکــی جنســی بەرهــەم دێــت، هەمووچرکەیەك سی هەزارکەس بەدوایدا وێڵن لەگوگڵدا، لەسەدا هەشتاونۆی ئــەو فلیمانە ئەمەریکا بەرهەمی دێنێت. جائەم ئالوودەبوونەش نەك هەرزەکارەکان بــەڵکو منالّانیشی گرتۆتەوە..

جائەوانەی ئالوودە ئەبن بەو دەردەوەو ئەوانەش کە ئالوودەی مەی و تلیاك ئــەبن خانەکانی بەشی پێشەوەی مێشکیان کەبەرپرسە لە رێنمــایی مــرۆڤ و وای لێــدەکات بیربکاتەوە لەعاقیبەتی کارەکانی وجۆرێکە لەکۆنترۆڵ زیانێکی زۆریان پێــدەگات کــە



بەهێندەی ئەوزیانەیە کە تووشی کەسێك ئەبێت لەڕووداوی هاتووچۆدا ناوچەوانی بەرشتێك ئەکەوێت.

ئەو وڵاتانەی کەخاوەنیان هەیە وەك مالیزیا هەوڵیان داوە زیانەکانی ئەم ئالوودەبوونە کەم بکەنەوە بە رۆشنبیرکردنی قوتابیەکانیان لە پڕۆگرامی پەروەردەداو هانی هاوسەرگیری کردن ئەدەن و ئاسانکاریشی بۆدەکەن.

جابەڕاستی ئەنتەرنێت لەگەڵ ئەو هەمووسوودەی هەیەتی چەکێکی سامناکە کە بەخراپ بەکاربێت زیانی زۆرگەورە ئەدات لەدین و ژینی کۆمەڵگا بۆیە ئەبێت زۆر ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بین..

## خانە وێرانە!!

خانە وێرانە قوڕ بەکوێتابدەم!! تەنها یەك شەو سەیری کەناڵە کوردیەکان بکە ئەزانی ئەم وڵاتە بەوهەموو خێروخێرات و سامانانەی تیایەتی چۆن کاول کراوە، هەتا بەعس بوو بەعس و دواتریش ئەوەی بەعس نەیکردبوو ئەمان تەواویان کرد.. لەگەڵ ئەوەدا کە مووچە نیە وئایندەمان نادیارە، بەقسەی ڕەنج لەبەرنامەکەیدا کیمیایی ئەکرێت بە گەرووی میللەتدا بەهۆی بازرگانەکانی نزیکی دەسەڵاتەوە کە خواردنی خراپ ودەرمانی تەزویرمان بۆدێنن، حیزبەکانی دەسەڵات دەستیان کێشاوەتە هەمووشتێکەوە بۆیە دادگاکان دادپەروەرنین وناتوانن وەك پێویست ستەمکاران سزا بدەن..

عبدالرحمانی کوڕی عومەری کوڕی خەتاب لەمیسر عارەقی خواردبۆوە، براکەی چوو بووە لای عەمری کوڕی عاصی فەرمانڕەوای میسر کە بەنهێنی و دوورلەچاوی خەڵك جەڵدی لێبات، کەئەمە گەیشتەوە بەعومەر هێنایەوەودووبارە لەمەدینە لەبەرچاوی خەڵکی جەڵدی لێدایەوە، جا عبدالرحمان پاش ماوەیەکی کەم مرد جا

بەهۆی جەڵدەکەوە بێت یان نا، گرنگ ئەوەیە هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسانبوون با کوڕی خەلیفەش بێت.. سەروەرمان دروودی خوای لەسەر زۆرباش ئەم دەردەی دەستنیشان کردووە کە ئەفەرموێت: إنما هلك من كان قبلَكم أنهم كانوا يقيمون الحدَّ على الوضيعِ ويتركون الشريفَ، والذي نفسي بيدِه، لو فاطمةُ فعلت ذلك لقطعتُ يدَها.-بخاری

عومەر دادپەروەربووبۆیە قیبتیەك لەمیسرەوە هات بۆ مەدینە و شەکوای حاڵی خۆی کرد کە کوڕی عەمری کوڕی عاص داری کێشاوەبەسەری کوڕەکەیدا، عومەریش عەمرو کوڕەکەی بانگ کردەوە بۆمەدینەو لێپرسینەوەی لەگەڵ کردن.. جا بەو دادپەروەریە ئیسلام بڵاوبۆوەو خەڵکی هاتن بەرەو ئیسلام..

## چەندە لەخەمی پەیامەکەی خوادایت؟؟

خۆشەویستمان درووددو سەلامی خوای لەسەربێت دوعای قبوڵ بووە، لەمەککە لەسەرەتای بانگەوازدا دوعای کردو فەرمووی خوایە ئیسلام بەهێزو سەربڵند بکە بەیەکێ لەم دووپیاوە کەلای تۆ خۆشەویستە عومەری کوڕی خەتاب یا ئەبوجەهل.

ئەوەبوو خوای گەورە دوعاکەی قەبوڵ کردو عومەری کوڕی خەتابی بۆ هیدایەت داو موسڵمان بوو، بەلاَم موسڵمانبوونەکەی پڕاوپڕ وەك نزاکەی خۆشەویست عیزەت بوو بۆ ئیسلام، عەبدوڵای کوڕی مەسعود ئەڵێت: لەوکاتەوەی عومەر موسڵمانبووە سەربەرزو بەهێزین.موسڵمانبوونەکەی فەتح بوو، کۆچکردنەکەی سەرکەوتن بوو، ئەمارەتەکەی رەحمەت بوو، بەخوا نەمانئەتوانی لای کەعبە نوێژ بکەین تا ئەوکاتەی عومەر موسڵمان بوو، کاتێ موسڵمان بوو رووبەڕوویان ئەبووەو شەڕی لەگەڵ ئەکردن تاوازیان لێهێنایین نوێژبکەین.

جا پرسیارەکەئەوەیە: بەڕێزت عیزەتی بۆ ئیسلام، دوعا ئەکەیت بۆکەسانێك کەئیسلامیان پێبەهێزئەبێت کەخوا هیدایەتیان بدات، چەندە لەخەمی پەیامەکەی خوادایت؟؟.. سالّی ۳۳ی کۆچی کاتێك میقدادی کوڕی عەمر لەسەرەمەرگا بوو وتی: دلّخۆشم کە ئێستا ئەمرم و ئیسلام عەزیزو بەهێزو سەربلّندە.. میقداد یەکێ بوولەوحەوت کەسەی سەرەتا موسلّمانبوون، حەفتا سالّ ژیاو هەموو غەزاکان لەگەلّ خۆشەویستاو دوای ئەویش لەفەتحی شام ومیسردا بەشداری کرد، خۆشەویست فەرمووی: ئەم چوارەتان خۆش بوێت: عەلیو سەلمان و میقدادوئەبی زەڕ).ئاخۆ خۆشەویست بمایە ناوی تۆشی ئەبرد کە موسلّمانان خۆشیان بوێت؟

## دکتۆر محمد عبدالرحمان

ناوبراودکتۆرای هەیە لە زانستی ئیسلامیداو لەکەرکوك دائەنیشێت ئەلّێت:

قازیەك بەپیرێژنێکی وت: بە قورئان قەزاوەتت بۆبکەم یان بەفیقهی شافیعی؟؟ پیرەژنەکە وتی: بەفیقهی شافیعی!! چونکە دلّنیام ئەو باشتر لەتۆ لە قورئان تێگەیشتووە، بەڕاستی ئەمەش تێگەیشتنێکی جوانە بۆرەنج ومانددووبوونی زانایانمان.

## هەرێمێکی قەیراناوی:

بەداخەوە بەهۆی سیستەمی سەقەتی بەڕێوەبردنەوە هەرێمەکەمان سەدان قەیران بەرۆکی پێ گرتووە، وەك بێ مووچەیی و قۆرخ کردنی بازاڕ وبازرگانی بۆ دەسەلاّتداران.. کەئەمەش کۆمەلّگای بەرەو ئاقارێکی ترسناك بردووە، ئامارەکان ئەلّێن یەك لەسەر سێی هاوسەرگیریەکان بە جیابوونەوە کۆتاییان دێت، کەئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە.

لەنەوەدەکانـدا مـەهاتیر محمـد هاتـە سـەرحوکم ڕێـژەی جیابوونـەوە لـەمالیزیا هەروەك هەرێمـە سـەقەتە بێخاوەنەکـەی خۆمـان بـوو، ئـەو مـەردە نەبـەردە تـوانی چارەسـەری بکـات بـەوەی کـە مۆڵـەتی هاوسـەرگیری داهێنـا بـەوەی کـە ئـەو کوڕوکچەی بەتـەمای ئـەو پرۆسـەیەن بۆمانگێـك لـەکارەکانیان مۆڵـەتیان پێـدرا بۆئەوەی بچنە خولی ڕاهێنانی تایبەتەوە، کەبەوەش توانیان ڕێژەی جیابوونەوە بگەیەننە لەسەدا حەوت کە کەمترین ڕێژەیە لەدنیادا.لەدوای مەهاتیر وڵات کەوتـەوە دەسـت گەندەڵکاران و پاش تەمەنێکی زۆر مەهاتیر بەناچاری گەڕایەوە دەسەڵات وکەوتـەوە چاکسازی..

جا مەهاتیرێك لـەکوێ بهێـنین کەدڵسـۆزبێت وبەڕاسـتی قەیرانـەکان چارەسـەر بکات. عەرەب ئەڵێت: ڕەنگ بوو ئـەوەی بـانگی دەکـەی گـوێی لێبووایـە ئەگـەر زیندووبوایە، بەڵام سەدمەخابن ئەوەی تۆ بانگی لێدەکەیت بێگیانە!!

**لە جوانترین و ناوازەترین نوسینەکانی(شێخی عەلی تەنتاوی**

نەفسی تۆ جیهانێکی سەیرە!

هەموو چرکەیەك دەگۆڕێ و جۆرێکی تر خۆی دەنووێنێ، هەرگیز لەسەر بارێـك ناوەستێ، کەسـێکت خـۆش دەوێ وادەزانـی فریشـتەیە، دواتـر ڕقـت لێـی دێتـەوە وایدەبینی شەیتانە، کەچی نەفریشتەیەو نە شەیتانە، هیچ نەگۆڕاوە!

بەڵکو ئەوە نەفسی تۆیە گۆڕاوە.

کە دەکەویتە خۆشی یەوە، وادەبینی هەموو دونیا پێ دەکەنێ، دواتر دەبینی تۆ لـە نارەحەتیدا دەگریت.

بەڕاستی تۆ هەژاری

کاتێك وا گومان دەبەی...

ڕق وبێ تاقەتی بەهێزت دەکات

وەکینە وات لێدەکات زیرەکتربیت

وەدڵڕەقی و بێ مەیلی بەڕێزت دەکات!

فێربە پێبکەنی لە گەڵ ئەوەی لەگەڵتە

وە بەشداری بکەی لە ئازارو نارەحەتیەکانیدا

لە گەڵی بژی و پێی بژی

بەگەورەی بژی

هەرچەندە ئازارەکە تاڵبێت

ئایا دەزانی ئەو پەندە پڕ دانای یە بەناوبانگە:

"رضا الناس غاية لاتدرك)

ڕازی بوونی خەڵکی مەبەستێکە نایگەیتێ

هەموو دەم خەڵکی بەناتەواوی دەیگوازێتەوە، بەتەواو کردنی لە جوانترین پەندو داناییەکانە:

رضا الناس غاية لا تدرك

ورضا الله غاية لاتترك

ڕازی بوونی خەڵکی مەبەستێکە نایگەیتێ، ڕازی بوونی خوا مەبەستێکە وازی لێناهێنرێ، واز لەوە بێنە نایگەیتێ، ئەوە دەستخە کە وازی لێناهێنرێ.

پێویست ناکا بۆ ئەوەی جوان بی شەنگ وشۆخ بیت

وە بۆ ئەوەی خۆشەویست بیت بە خەڵکدا هەڵدەی

وە دەوڵەمەند بی تا بەختەوەر بیت، بەسە بتوانی خوای خۆت ڕازی کەی

ئەو وات لێدەکات لای خەڵکی، جوان و خۆشەویست وبەختەوەر بیت

ئەگەر ٩٩ جار بی پێکی ویەکجار هەڵە بکەی

سەرزەنشتت دەکەن بۆ ئەو یەکجارەوواز لەو٩٩جارە دەهێنرێت

ئەوە مرۆڤەکانە!

ئەگەر ٩٩ جار هەڵە بکەی

یەکجار بیپێکی، خوالێت خۆش دەبێ

ئەوە خودایە

چیمانە بەدوای خەڵکیدا ڕا دەکەین

لە خوا دوور دەکەوینەوە؟!!!

خۆ بەرز ڕاگرتن ئەوەیە لە حەقی خۆت ببوری، هەندێ جار بەهێواشی بچیتە دواوە، چونکە مانەوەت لەگەڵ کەسانێکدا کە ڕێز لە بەهاکان ناگرن کەسایەتیت دەڕووشێنێ.

پیتەکانمان پێویستی بە دادوەر هەیە

ئێمە بێ مەبەست دەیدرکێنین

خەڵکی بە خراپ لێی تێدەگات...!! "

هەڵە دەکەن، دواتر دەڵێن دونیا گۆڕاوە

دونیا نەگۆڕاوە، وەناگۆڕێ هاوڕێیان چونکە ئەو ژیریی نیە، تا هەست بکات و بگۆڕێ، دڵەکان و ڕەووشتەکان و دەروونەکان و بیرووباوەڕەکانە گۆڕاوە..!

هیچ وێنایەك نابینمەوە بۆ ژیان، ئەوەنەبێ کۆمەڵێك تاقیکردنەوەیە، ئەگەر لە زللەی یەکەم فێر نەبوویت ئەوە شوێنی خۆیەتی زللەی دووهەم بخۆی!...

ئەگەر ڕۆژێك لێیان پرسیت بۆ تۆ دڵتەنگی؟!

بەڕاستی وەڵام بدەوە، پێیان بڵێ:

کەمترین استغفر الله دەکەم، پشتم کردۆتە قورئان نایخوێنم!.

یەکێك لە نوێژەکانت کۆتا نوێژت دەبێ، دونیا بەجێ دێڵی دوای ئەوە، پارێزگاری لە نوێژەکانت بکە، بەجوانی نوێژەکانت بکە هەست بکە لە بەرامبەر خوداوە وەستاوی، تۆ نازانی کام نوێژت کۆتا نوێژ دەبێت!

چەند جوانن بەتەمەنەکان، بەردەوام شتیان لـە بـیر دەچـێت، تـەنها یـادی خـودا نەبێ!...

هـەموومان هەڵـە کـونی تێکـردووین، ئەگـەر پۆشـاکی خـودا نەبوایـە کـەناوی داپۆشەرە

ئەوە لـە خەجاڵەتیدا ملمان ئەوەندە دەچەماوە تا دەشکا.

لە ئەوپەڕی ئازاردا بڵێ الحمد لله

لەکاتی خۆشی و پەژارە و تورەبوون و بێدەنگی بەدڵ بیڵـێ، هـەردەم دووبـارەی بکەرەوە لە هەموو بارێکدا... الحمد للـه زۆر زۆر...

کەس نیە لـە خوا بۆمان بە سۆز تر بێت، بۆیەهەتا دڵـت لیێـدات بڵـێ: لاالـە الا اللـە محمد رسول اللـه. .

## کارێکی مەزن:




لەبەرنامەی سەربازی ون لـــە کـــەی ٢٤ زۆ ردڵخـــۆش بـــووم کـــە رێکخراوێـــــك بـــــە خۆبەخشـــی خـــەریکی دڵخۆشـکردنی منـاڵانی تووشـــبووی شـــێرپەنجەن وهاوکـــاری دەروونـــی گەورەکانیش دەکەن، کە بەڕاستی خەستەخانەی نانەکەلی لەهەولێر ئاسانکاریان بۆدەکات، کە ئەم کارەش دکتۆرەئیمان عبـدالرزاق سـەرەوکاری دەکـات، کەبەڕاسـتی مەگـەرخوا پاداشتیان بداتەوە..

## وتەی عاریفان:

صاڵح ئەلموڕی ئەڵێت: ئەوەی بەردەوام لەدەرگا بدات هیوا وایە بۆی بکرێتەوە، واتە: ئەوانەی بەردەوام دوعادەکەن وکۆڵنادەن خوای گەورە دەرگای رەحمەتیان لێدەکاتەوەو وەڵامیان ئەداتەوە.. کە رابیعەی عەدەوی ئەمەی بیست وتی: ئەی صاڵح بۆکەی دەرگای خوا بەرووی بەندەکانیدا داخراوە تا پێویست بەلەدەرگا دان بکات و بکرێتەوە؟؟

ئەم تێگەیشتنەی رابیعەی عاریف تەواوترە چونکە خۆشەویست دروودی خوای لەسەرئەفەرموێت: إن اللّهَ عز وجل يبسطُ يدَه بالليلِ، ليتوبَ مسيءُ النهارِ. ويبسطُ يدَه بالنهارِ، ليتوبَ مسيءُ الليلِ. حتى تطلعَ الشمسُ من مغربِها _مسلم

## پێناسەی خۆشەویستی:

قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی خۆشەویست دروودی خوای لەسەر گرنگیەکی زۆریان داوە بەخۆشەویستی خوا، زانایانیش پێناسەیان کردووە، بۆنموونە: لەکاتی حەجدا لەکۆڕێکی زانایاندا لەمەککە باسی خۆشەویستی کراو دوایی هەمووان رووی دەمیان کردە جونەیدی بەغدادی و وتیان: ئەی عێراقی، تۆچیت لایە پێمان بڵێ.

ئەویش چاوی پڕبوو لەفرمێسك وسەری داخست و وتی: بەندەیەك کەلەنەفسی خۆی دەرچووە، پەیوەست بووە بەیادی خواوە، هەستاوە بەجێبەجێکردنی هەقەکانی، بەدڵ تەماشای ئەکات، گەر قسەی کردبەخوداوە قسەدەکات، کە دەمی کردەوە لەخوداوە دەم دەکاتەوە، گەرجولا بەفەرمانی خوایە، گەر وەستالەگەڵ خودادایە، ئەو بەخوداوبۆخوداولەگەڵ خودادایە (فهو بالله، لله، فمع الله)..

زاناكان دەستيان كرد بەگريان و وتيان: لەسەروو ئەوقسانەى تۆووە زيادەيەك بوونى نيە، خودا پاداشتت بداتەوە ئەى تاجى عاريفين.. (پوختەى مەداريجول سالكين لا٧٩٣ – م. عبدالكريم فەتاح ).

**هەوڵى خۆت بدە:**

ئەڵێن ئەو كاتەى ئيبراهيم سەلامى خواى لێبێت خرايە ئاگرەوە مێروولەيەك دڵۆپێ ئاو هەڵدەگرێ بيبات بۆ كوژانەوەى ئاگرەكە.پێى دەڵێن: جا خۆ بەو دڵۆپە ئاوەى تۆ ناكوژێتەوە، وتى: ئەزانم، بەڵام گرنگ ئەوەيە من هەوڵى خۆمم داوە بۆ بەهاناوە چوونى ئيبراهيم پێغەمبەر..

**دەزگاى راند:**

دەزگاى لێكۆڵينەوەو پەرەپێدان (راند)لەگەورەترين مەركەزە فيكريەكانى جيهانە، دواى جەنگى جيهانى دووەم لەساڵى ١٩٤٨ دامەزراوە لەئەمەريكاو وەك سەرەتايەكە بۆ كارى رۆژهەڵاتناسى نوێى ئەمەريكا، كەزۆر بەئاشكراو راشكاوانە ئەوەى بيەوێت ئەيڵێت بەپێچەوانەى رۆژهەڵاتناسە كۆنەكان كە لەف و دەوەرانيان لە باسەكانياندا ئەكرد.

راند شێوازێكى رۆژئاواييە بۆ دەستگرتن وزاڵ بوون بەسەر رۆژهەڵاتاو بيناكردنەوەى بەو شێوەيەى كەلەبەرژەوەندى رۆژئاوادايە. ئەم باسە گرنگە لەبەرئەوەى كەسانى پسپۆڕو كەسانى شارەزاى موخابەراتى كارى تيادەكەن و بوودجەى زەبەلاحى سەدان مليۆن دۆلارى ساڵانە بۆ دابين ئەكرێت وخزمەت بە سياسەت و ئيستراتيجيەتى ئەمەريكا ئەكات.

پاش یانزەی سێپتەمبەر کارەکانیان زیاتر چڕبوونەتەوە لەسەر وڵاتە ئیسلامیەکان و بنکەیەکیشیان لە وڵاتی قەتەرکردۆتەوە کە ژنی زاڵمای خەلیل زاد کە بەئەسڵ جوولەکەیە بەڕێوەبەرێتی و دووچاوی ئیسلام نابینێت.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دەزگایە لە بواری نەزەریەوە ئەچنە بواری پراکتیکی و جێبەجێکردنەوەو سیاسەتی ئەمەریکی لەسەربینا ئەکرێت.

ئەم دەزگایە کاربۆئەوەدەکات کۆمەڵگای ئیسلامی بەرەو عەلمانیەت و بێدینی ببات و هاوکاری ڕەوتە عیلمانیەکان ئەکات.وەزۆر بەئاشکرا بەرنامە دائەنێن بۆرێگرتن و بچوکردنەوەی هەموو کارە ئیسلامیەکان وبەلاڕێبردنیان بەو شێوەیەی کە لەبەرژەوەندی رۆژئاوابن.

لێکۆڵینەوەکانیان پلانی کورت خایەن و دریژخایەنی تیایەو گرنگی ئەدات بەداهاتوو.

پسپۆرانی ئەم دەزگایە هێرشی ئاشکرا ناکەنە سەر ئیسلام، هەروەك قەترە ژەهرەکە کارئەکەن کە ئەکرێتە شوشەیەك هەنگوینەوە، ژەهری خۆیان ئەرێژن بەڵام بەشێوازێك کەتەنها شارەزایان لەمەرامیان تێدەگەن، بۆنموونە پۆلێن کردنی موسڵمانان بە ئوصولی و توندڕەوو میانڕەو، ئنجا نەبوونی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو چەمکانە بۆئەوەی هەرکەسیان بەدڵ نەبوو مۆری توندڕەوی و تیرۆری بدەنە پاڵ.ئنجا ئەیانەوێت بەدەستی موسڵمانان ئیسلامیك بهێننە کایەوە کە (اسلام حضاری دیمقراطی – شرکاء موارد واستراتیجیات )ئەم دەزگایە سوود لەراگەیاندنی سەردەم ئەبینێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی ئەیەوێت، تەنانەت ٣٠٠ گۆڤار بەزمانە جیاوازەکان کار بۆ ئەم رۆژهەڵاتناسیە تازەیەی ئەمەریکا ئەکەن وژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووسی جیهانی شارەزا کاریان تیادەکەن، کە ئامانجیان لەلایەکەوە مژدەدان و تەنصیرەو لەلایەکی تریشەوە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی جوولەکە ئەکەن.

ئنجائەمانەش هەمووی تەسدیقی ئەو ئایەتەیە کە قورئان هەواڵی داوینێ کە دوژمنان بەردەوام پیلان ئەگێرن، پیلانێك کە ئەوەندە بەهێزە شاخ لەبن دێنێت!! وەتەنها خوایە کەدینی خۆی ئەپارێزێت و ئەگەر ئەو نەبوایە هەرزوو ئیسلام ناویشی نەمابوو(وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ (٤٦) فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ (٤٧)ابراهيم). وَمَكَرُوا مَكْرًا وَمَكَرْنَا مَكْرًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (٥٠) فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ مَكْرِهِمْ أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ (٥١)النمل.

## قەدەری خوا:

لە گوندی ڕا هاتە ناو بەغدایێ لۆ ئەوەی کاسبییەکی بکا، هەم هەندەك فەقێیەتیش بکا و شتەکی فێر بی.

هیممەتەکی باشی هەبوو، سبەینان پاش نوێژێ دەچووە ئیشێ، نیوڕانانیش نوێژی دەکرد و دەچوە مەجلیسێ مەلایان، ئەو پارەی ئیشیشی دەکرد، دەیکردە سێ بەش، هەندەك لۆ بابی، هەندەکیشی دەدا کرێی، باقییەکەشی شتەکی پێ دەخوارد و خۆی پێ دەژیاند.

سێ مانگان بێ ئیشییەکی سەیر ڕووی تێکرد، قەیران سەری خوارد و کرێی ئەو دوو هۆدە خانییەشی پێ نەدەدرا کە لەناوی دەژیا!. ساحێب خانی هاتە سەری و پێی گۆ: یان کرێم دەدەیێ، یان سێ ڕۆژی دی دەتخەمە سجنێ! خۆ ئەو خانییەم لۆ فەقیران درووست نەکردییە.

ڕۆژی یەکەم چوو لەدوو ئیشێ بگەڕێ، هیچی دەستنەکەوت، ڕۆژی دووەم چووە دائیرەی تەعینی بکەن لەسەر ئیشەکی، چییان لۆ نەکرد، سێیەم ڕۆژ هات، ئەو ڕۆژی ساحێب خانی گەفی ئەوەی لێ کردبوو بیهاوێتە سجنێ، خەمێ دنیاییێ لەخۆ بارکردبوو.

دەڵێ: هێدی هێدی چوومە دەرێ، خۆم لە دەرێی بەغدایێ دیتەوە، کاولە خانییەکم دیت، گۆتم دەبا بچم ئیسراحەتەکی لەوێ بکەم.

دەستەکم بە دەرکەی وەنا، دەرکە کرابۆوە، پیرەمێردەك لەسەر قەروێلەکی پاریدابۆوە، بانگی کردم و گۆتی: گیێ بدێ کوڕۆکەم، واللە خوا ئەتووی لۆمن ناردییە، وا دەمرم و زۆریشم حەز لە "ترێ"یە.

گۆتم: خەمت نەبی، قەسەم بەخوای دەبی لۆت پەیا بکەم، ئەورۆ ترێی دەخۆی!.

چوومە کن تەڕەفرۆشەکی، گۆتم ئەو ترێیە بەچەندییە؟ گۆتی: درهەمەك.

گۆتم کاکە با ئەو جلکەی من ڕەهن بی لەکنت، وەکی درهەمەکەم لۆ هینای وێمدەوە.

ترێم هیناو بەغارەغار گەیاندمە کابرای نەخۆ بمری و ترێی نەخوا، ترێم گەیاندە کابرای و زۆریشم حەز لێبوو بەخۆم بخۆم، بەس دامە وی.

کابرا ترێی خوارد و گۆتی: کوڕۆکەم گیێ بدێ: ئەو قوژبنەی ئەولای هەرکۆرە، شتەکی لەبنە، دەری بینە، وەمکرد.

گۆزەکی پڕ پارە و زێڕی لێبوو، هینامە کن پیرەمێردی، ڕووی کردە سەر کراسەکەم و گۆتی: ئەگەر مردم لۆخۆت!.

بەرام ئەو پارەیە حیکایەتەکی هەیە، ئەمن و برام دوو بازرگانی گەورە بووین، دەچووینە هیندستان و ئەفغانستان و جلك و قوماش و خوریمان دەهێنا، بەلاَم زراومان لە دز و ڕێگران چووبوو.

ڕۆژەکی لە جێیەکی دابەزین، گۆتمە برام: ڕێگر لێرە زۆرن، دەترسێم پارەی هەردوکمان بفەوتێ، پارەی خۆت بدە من هەتا لۆت لەجێیەکی هەلگرم، دوایێش دەتدەمەوە، سبەینەمان وەکی لێ بۆوە بەخۆ و بە پارەوە دەڕۆین!.

دەرێ: چاوم گەرم ببو یان نا، بۆرژام و دز و جەردە بەژۆرێ کەتن، ئەوی کوشتیان و ئەوی دییان دزی و بڕی، وەکی وەخۆ هاتمەوە ڕۆژ تەواو هەراتبوو.

چەندی لەدوو برام گەڕام، نە لەناو زندییان بوو، نە لەناو مردییان، هاتمە بەغدایێ و ئەو خانییەم درووست کرد، بیست ساریشە پارەی ئەو برایەمم وا شاردیتەوە و لۆم هەرگرتییە، ئەگەر مردم ئەو پارە هەموو لۆخۆت، شەهادەکی بەحەقی هیناو مرد!

دەرێ: پارەکەم شاردەوە و چووم کەسەکی ببینمەوە کفن و دفنی ئەو پیرە مێردەی لەگەر بکەم، کابرامان تقەت کرد و چوومەوە دوو پارەکەی، دەمەك پێش ئێستا زۆر هەژار بووم، ئێستاش بوویمە پارەدار! یەکەکم لە دەورەمەندەکانی بەغدایێ!.

چووم حەقێ تەڕەفرۆشەکەم داو جلکەکەی خۆم لێ وەرگرتەوە، ئەوجە ویستم بچمەوە ئەوبەری ڕووباری لە بەغدایێ، بەلەمی گچکە زۆر بوون، بەس یەکەکیان گەلە خراپ بوو، ساحێبەکەشی پێدەچوو فەقیربی و دەستکورت دیاربوو، چووم لەگەڵ وی سوار بووم و ویستم شتێکیشی زیاد بدەمێ، تازە دەوڵەمەند بوویمە!.

کابرا دەستی بەگریانێ کرد، گۆتی واللە ئەمن بە حەیاتی فەقیر نەبوویمە، بازرگان بووم، قوماش و حەریرم لە هیندستان و ئەفغانستان دەینا، برایەکم هەبوو خوا لەناو دەوی بدا، لەگەر دز و جەردان ڕێککەت هەتا بمکوژن و پارەم ببەن، خوا قوتاری نەکردبام فەوتابووم، وا ئێستاش لە بەغداییێمە!.

دەرێ: دیسان دنیام لێ وێکهاتەوە! ئەو گۆزە زێڕەی دەبایە بدەمەوە ساحێی، وا ساحێبیشی لەبەرامبەرمە و ئاگای لە عەمری دنیایێ نییە!.

شەیتان هات لەبن گوێم بخینی: نیوەی بدەوە و نیوەی لۆخۆ هەرگرە، شەیتانم بە لەعنەت کرد و گۆتمە کابرای حار و مەسەلەکی ئەوها بووە تازە براتم لە قەبرێ نایە و ئەوەش پارەی خۆتە! دەستی بەگریانێ کرد لەبەر ئەو گومانە خراپەی بە برایەکەی بردبوو، ویستی قیچەکم لەو پارەی بداتێ، نەمویست، بەس داوای گەردەن ئازاییم لێی کرد لۆ ئەو درهەمەی بە ترێم دابوو.

دیسان دنیا بەهەموو گرانایی خۆی کەتەوە سەرم و بە دایعی هاتمەوە ناو شاری هەروەکی کوو لێی دەرچووبووم.

لەڕێی بووم، کۆمەرە عەسکەرەکی حکومەتی لۆ لای من دەهاتن، گۆتم ئەوە بەخوای لۆهەندێیتیان بمگرن، کرێم نەدایە!.

گۆتیان ئەرێ ئەتوو لەکێی کاکە؟ دونێ کاتبەکی وەزارەتی مردییە و دەمانەوێ ئەتو لە جێی وی دابنێین، ئەمنیان برد و تەعینیان کردم، معاشی مانگەکیشیان پێشەکی دامێ، ئەمنیش چووم کرێی خانییەکەم دا، بەو نەوعەی مامەوە هەتا بوومە وەزیر!.

ئەوە چیرۆکێکی ئەدەبی خەیاڵی نوسەرەکی نییە، ئەو کابرایەی ئەو ڕوداوەی بەسەر هاتییە ناوی ئیبنو هوبەیرەیە، لە ساڵی ٤٩٩ لەدایك بووە و لەساری ٥٦٠ وەفاتی کردوە.

ئیبنولجەوزی دەرێ: ئەوەندە خەرکەی لەگەر جەنازەی وی چوونە سەرقەبران، لەگەر کەسی دیکە نەبوون لەو سەردەمی!." ومن یتق الله یجعل له مخرجاً ویرزقه من حیث لا یحتسب، ومن یتوکَّل علي الله فهو حسبه "(**پەیجی محمد مەلا سەعدەدین**).

## زەمین لەرزەکەی ساڵی ١٩٩٩ (مەرمەڕە) چی بوو؟

لە ١٨ ئابی ٢٠١٩ لەیادی بیست هەمین ساڵیادی ئەم کارەساتەدا، پێگەی (الحره) بلاوی کردەوە کە زەوین لەرزەکە بەگوژمەی حەوت و پۆینت چوار بوو بەپێی پێوەری ڕێختەر.. و تەنیا ٣٧ چرکەی پێچوو، زیاتر لە ١٧٠٠٠ حەڤدە هەزار کەسی کوشت، و دەیان هەزار بریندار و نادیاری لێکەوتەوە، و بووە هۆی ئاوارەبوونی نزیکەی نیوملیۆن کەس، و زیانێکی یەجگار گەورەی بەتورکیا گەیاند و

ئابووری ناسان زیانی وێرانکارییەکەیان بە سیازدە ملیار دۆلارێك دەخەملاند. ئەم زەوین لەرزەیەی ئیزمیت زیانی بە شەش پارێزگا ناوچەی مەرمەرە گەیاند..

ئەم زەوین لەرزەیە پێیشی دەگوترێ زەوین لەرزەکەی دەریای مەرمەڕە..

ئایا دەزانن ئەم زەوین لەرزەیە لە چ کاتێکدا بوو؟

دکتۆر نابلسی لە وتارێکیدا بۆ دۆستانی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەبنکەیەکی هێزی دەریایی تورکیا لەشاری ئیزمیت دا، هێزی دەریاوانی تورکیا ئاهەنگێکی ساز کردبوو بۆ دەرچوونی کۆمەڵێك ئەفسەری نوێی دەریاوان، کۆمەڵێ ئەفسەری پلە باڵای ئیسرائیل، و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بانگکرابوون بۆ ئەو ئاهەنگە، کۆمەڵێ ئافرەتی سەماکەری تورکی و ئیسرائیلیشیان بۆ گەرمکردنی ئاهەنگە بانگ کردبوو..

وا دیارە ئاهەنگەکە کرابووە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان لە نۆی شەو بۆ دوانزەی شەو.. بەشی دووەمیشی لە دوانزەوە بۆ سێی بەرەبەیان..

بەشی یەکەمی ئاهەنگەکە بریتی بوو لە وتنی چەند وتارێك ودابەشکردنی کۆمەڵێ خەڵات.

پاش دوانزەی شەو بەشی دووەم دەستی پێکرد، کەئەویش ئاهەنگی هونەری بوو، سەماکەران دەستیان بە سەما کرد، و دەست بەخواردنەوەی شەراب و عارەق کرا..

کاتێ ئاهەنگەکە لەوپەری بەزم و ڕەزمیدا دەبێت، جەنڕاڵێکی تورکی کە فەرماندەی بنکەکە دەبێت، داوا لە ئەفسەرێکی سێ نەجمە دەکات: قورئانێك بێنێت، ئەویش قورئانەکەی بۆدێنێت، جەنڕاڵ داوای لێ دەکات هەندێ قورئان بخوێنێت، ئەویش هەندێك دەخوێنێتەوە، ئەنجا داوای لێ دەکات مەعناکەیشی بەتورکی بۆ خەڵکەکە باس بکات، بەڵام نەقیبەکە مەعزەرەت دێنێتەوە کە ناتوانێ شەرحی بکات، چونکە تەفسیرەکەی نازانێت..

جەنڕاڵ قورئانەکەی لەدەست وەردەگرێت و دەیدڕێنێ، و پارچەپارچەی دەکات، ولاپەڕە دڕاوەکان فڕێ دەداتە ژێر پێی سەماکەرەکانەوە، و دەڵێ: کوا؟ ئەوەی ئەم

قورئانەی دابەزاندووە لە کویّ یە؟ بابیّت پاریّزگاری لیّ بکات، خۆ ئەو گوتویەتی: " ئیّمە قورئانمان دابەزاندووە و هەر ئیّمەش پاریّزگاری لیّ دەکەین." با بیّت، بیپاریّزیّت..!!

وادەردەکەویّ نەقیبەکە کەسیّکی باوەڕدار بووە، بۆیە لەترسی غەزەبی خوا خۆی کیّشاوەتە دواوە، و بەپەلە رایکردووە، و لەوناوەدا نەماوە..

لەگەلّ تەواو بوونی بەشی دووەمی ئاهەنگەکەدا کە بریتی بوو لە خواردنەوە، وسوورِ وسەما کردن.. واتە لەسەعات سیّ و یەك دەقیقەدا بە کاتی ئەستەمبوولّ یەك رووناکی وشەوقیّکی سوور ناوچەکە دا دەپۆشیّ، و دەریا لەت دەبیّ، و ئاگریّکی بلّیّسەداری لیّ دیّتە دەر، لەگەلّ تەقینەوەیەکی زۆر بەهیّزدا..

بنکە سەربازییەکە بەهەموو دامەزراوەکانیەوە، بەهەموو کەرەسەکانیەوە، بەهەموو ئەفسەرەکانیەوە، بەهەموو میوانەکانیەوە، بەهەموو نووسینگەکانیەوە، بەهەموو سەماکەرەکانیەوە، لەماوەی ٣٧ چرکەدا رۆچوون بەناو دەریاکەدا، وخوا بردنی بەناخی زەویدا..

عن أَبِي موسي قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ: إِنَّ اللَّه لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ فَإِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ، ثُمَّ قَرأَ: وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَي وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ [هود: ١٠٢] مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. واتە: ئەبو مووسای ئەشعەری گوتی: پیّغەمەر صلی اللە علیە وسلم فەرمووی: بیگومان خوا مۆلّەت بەزالّم دەدات، کاتیّکیش گرتی بەرەلّای ناکات. پاشان ئەم ئایەتەی خویّندەوە: سزای پەروەردگارت ئاوایە، کاتیّ ویستی خەلّکی ستەمکاری ئاواییەکان لەناوبەریّت، بیّگومان سزاکەی سەخت و بەسویّ یە!!

هەموو ئەوانەی لەوبنکەیەدا بوون تیا چوون. جگە لەو ئەفسەرەی قورئانەکەی خویّندبووەوە، و کاتیّ جەنرالّەکە قورئانەکەی دراندبوو بەپەنامەکی هەلّهاتبوو لەترسی غەزەبی خوا لەوناوەدا نەمابوو، یەك کەسی تری لیّ دەرنەچوو، لاشەکانیشیان نەدۆزرایەوە..

وادیاره هەر ئەویش ئاشكرای كردووه كه هۆی نغرۆ بوونی ئـەو ئوردوگایـه لـه دوورگەكەدا چی بووه، بەڵێ، ئەو بنكه سەربازییه هەر هەمووی لەدورگەكه دابڕا، و كەوته بنی دەریاكەوه.

با هەموو ناحەزانی ئیسلام و دوژمنانی شەریعەتی خوا باش بزانن كه بەڵێنی خوایی حەتمییـه، و خـودا بـەڵێنی خـۆی دێنێتـه دی، هـەروەك لـه سـوورەتی ئیـبراهیم دا دەفـەرموێ: " فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ " (٤٧) بـا وانەزانن ئەو بەڵێنەی خودا به پێغەمەرانی خۆی داوه، نایهێنێتـه دی، بێگومـان خـودا بەتواناو خاوەن تۆڵەیه..

پێغەمەریش صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: بێگومان خـوا مۆڵـەت بـەزاڵمان دەدات، - وەك بوارێـك بـۆ گەڕانـەوەو پەشـیمان بوونـەوه، - كـاتێ كـه گرتـی دەرچونی نییه، و بەرەڵای ناكات..

سروشتی خودا لێ بوردەیی و بەخشندەییه، خودا سڕپۆشه، بەیەكەم تاوان فەزحی ئینسان ناكات، و ئابڕووی نابات، بەڵكو مۆڵەتی دەدات تا بگەڕێتـەوه، و پەشـێمان ببێتەوه، كەلەتاوانا ڕۆچوو، ئینجا دەیگرێت و بەرەڵای ناكات..

ئاخۆ ئەو جەنراڵە تۆرانییه چەندەها جاری تر بەرامبەر خـودا و پێغەمەرەكـەی بـێ ئەدەبی كردبێت، و لەجینایەت و تاواندا ڕۆچوو بێت، كه لـەوكاتانـەدا خـوا سـزای نەداوەو تۆڵەی لێ نەكردۆتەوه، شەیتان سوار سـەری بـووەو بـەرەو خلـتـەو لیتـەی تاوانی بەردەوامی بردووه، تـا سـەرەنجام لـەدنیادا نغـرۆی كـرد، وسـزای بەسـوێی قیامەتیش چاوەڕێیەتی..

" وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ " هود/ ١٠٢.

خـوا لەهـەموجۆره تـاوان و گوناهـ و سـتەمێك خۆمـان و ئازیزانمـان بپارێزێت.(دكتۆر حەسەن پێنجوینی)

سەرچاوەكان:

سایتی الحره، ویکیپیدیا
سایتی الجزیره، وتارێکی دکتۆر محمد راتب النابلسی.
وکالەی أنبائی ترکیا، العرب والعالم.

## خواپەرستی دامەزراو:

قورئان باسی کەسانێکمان بۆدەکات کە لەسەر تاشە بەردێکی مۆلەقی دامێنی چیایەك خواپەرستی دەکەن، هاکا ئێستا یاتاوێکی تر سەرەنریێ دەبن و دەکەونە خوارەوە، (وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انْقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ (١١)الحج ). ئەو کەسانە ئەگەرتووشی بەلاٚوموسیبەتێك وزیانێکی ماددی و مەعنەوی ببن لەدین وەردەگەڕێن، بەپێچەوانەشەوە کەسانێکی بۆخوا سولّحاو هەن، بەلاٚو موسیبەتەکانی دونیا زیاتر دامەزراویان ئەکات ولەسەر ئەرزێکی پتەو خواپەرستی ئەکەن.

بۆنموونە: شێخ دورەیدی موسڵی، قوتابیەکی مەسیحی بوو لەکۆلێژی زانستی موسڵ، سەرەتای ساڵی نەوەدەکان بەهۆی ئیعجازی کۆرپەلەوە لەقورئاندا موسڵمان بوو، شارەزاییەکی تەواوی لەقورئان و خوێندنەوەیدا هەیەو چەند پەڕاو نایابی دەرکردووە، ئێستا خۆی هاوسەرەکەشی کەئەویش مەسیحیەوموسڵمان بووە لە لای هەولێر دائەنیشن و خەریکی وتنەوەی وانەی قورئانن، ناوبراو خوا تاقیکردەوە بەوەی کەهەردوومناڵەکەی بردەوە بۆخۆی.

شێخ دورەید ئەڵێت: خـوا ویسـتی منالّـەکانمان سـەرقاڵمان نەکـەن و بردنیـەوە لەبەهەشتا بۆمان بەخێودەکات، تووشـی زیـانی مـاددی بـوو بـەهۆی ئـەوەی بـووە شەریکی کەسێکی بەناوموسـڵمان کەبەداخـەوە خیانـەتی لێکـرد، ئـەوەش سـاردی نەکردەوە، چونکە دەزانێت ژیـان هـەمووی تاقیکردنەوەیـەو سـەرەنجامیش پاداشـتی ئارامگران لای خوایە کە گەڕانەوە خزمـەتی(وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْـرِ فِتْنَـةً وَإِلَيْنَـا تُرْجَعُونَ (٣٥)الأنبياء).خوا ئیمانمـان سـەلامەت بکـات و ئارامیمـان پێببەخشـێت.. شایانی باسە ژیاننامەکـەی بـەکوردی نووسـینگەی تەفسـیر چـاپی کـردووە ئـەتوانن بیخوێننەوە زۆر بەسوودە..




## زۆر نهێنی مەدرکێنە....!

لەیەکێك لە بەندیخانەکانی ئـەڵمانیا لەسـاڵی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا، هـەموو بەنـد کراوەکـان بەدەسـت مامەڵـە خراپـەکانی چـاودێرەکانی بەندیخانـەوە دەیانناڵانـد...لـەنێو بەندکراوەکانـدا یـەکێ هـەبوو نـاوی شمیـدس بـوو، حـوکمی ماوەیەکی زۆری بەسەردا درابوو، بەڵام مامەڵەیەکی باشی لەگەڵدا دەکرا، کە وای کردبوو هـەموو بەندیـەکانی بەندیخانەکـە وا بـیر بکەنـەوە کـە ئەوکەسـە سـیخوڕو بەکرێگیراوە، هەرچەندە ئەو سوێندی دەخوارد کە ئـەویش وەك ئـەوان بەنـدکراوە، هیچ پەیوەندیەکیشی بە دەزگای ئاسایشەوە نیە بەڵام هیچ کەسێك باوەڕی نەدەکرد.

وتیان دەمانەوێ هۆکاری ئەوە بزانین بۆچی پاسەوانەکانی بەندینخانە بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆ دەکەن..؟!

شمیدس وتی: باشە پێم بڵێن ئێوە لە نامەهەفتەییەکانتاندا چی دەنووسن بۆکەسوکارتان؟

هەموو وتیان: ئێمە باسی بارودۆخی ناخۆشی خۆمان و ئەوزوڵمەی کەلە لەسەردەستی پاسەوانەکان لێمان دەکرێ دەکەین.

ئەویش بەزەردەخەنەوە وەڵامی دانەوە، وتی: بەڵام من لەهەموو کۆتایی هەفتەیەکدا لەنامەکەمدا بۆهاسەرەکەم باسی هەڵسوکەوتی باشی پاسەوانەکان دەکەم، تەنانەت هەندێ جار ناوی هەندێ لە پاسەوانەکان دەهێنم لە نامە کەسیەکانمدا و ستایشیان دەکەم.

ئەوانیش وتیان: بەڵام ئەمە چ پەیوەندی هەیە لەم هەموو ئۆفەرانەی کەتۆ بەدەستی دەهێنی و تۆ باش لەهەڵسوکەوتی خراپی ئەوان شارەزای.

شمیدس وتی: لەبەرئەوەی هیچ نامەیەکمان لەم بەندیخانەیە ناچیتە دەر تاکو پاسەوانەکان نەیخوێننەوە,ئێستا رێگای نووسینی نامەکانتان بگۆڕن..

لەناکاو هەفتەی داهاتوو هەموو بەندکراوەکان مامەڵەی خراپتریان لەگەڵدا دەکرا لەناویشیاندا شمیدس لەهەموویان خراپتر.

لەدوای چەند ڕۆژێك شمیدس پرسیاری کرد لەبەند کراوەکان: چیتان نووسیوە لە نامەکانتاندا؟

هەمووان وتیان: کە کە شمیدس ڕێگەیەکی فێر کردووین و فێڵ لە پاسەوانەکان دەکەین و سیقەو ڕەزامەندی ئەوانی پێبەدەست دەهێنین...!

شمیدس ئەوکات بەحەسرەتەوە بەدەستی لەڕومەتی خۆی دا، وەك شێت قژی خۆی ڕنی..!

پەند: زۆر جوانە کەتۆ یارمەتی ئەوانی تر بدەی، بەڵام جوانترە بزانی لەگەڵ کێدا قسە دەکەی. چونکە هەموو گوێگرێك پارێزەری نهێنی نیەو ئامۆژگاریش ناکات، هەندێك مامەڵەی خراپ دەکەن بەهۆی بارودۆخێکەوە، ئەوەی بۆتۆ گونجاوە بۆ ئەوانی تر گونجاو نیە.

زۆر نهێنی مەدرکێنە چونکە نازانی کەی بێدەنگەکان خیانەت دەکەن.

نهێنیەکانت مەدرکێنە بۆئەوانی تر بۆئەوەی لەدژی تۆ بەکاری نەهێنن...

نهێنیەکەت بەکەس مەڵێ مادام تۆ ناتوانی بیپارێزی، چونکە ئەوانی تر سینەیەکی سنورداریان هەیە بۆپاراستنی نهێنیەکانمان.وەرگێڕانی: ڕێکان تاها.

## مامۆستا حەسەن بەننا ئەڵێ:

لە گەنجێتیمدا کە بینیم بەردەوام بەرەی دینداری لاواز ئەبێت و بەرەی بێدینی بەرەو بەهێزی ئەڕوا تووشی دڵەڕاوکە و غەمباریەکی سەیر بووم.. ئەو هەل و مەرجە وای لێکردم نیوەی مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵە من خەوم لێ بزڕێت.. بە خۆمم وت: باشە ئیسلام چ سودێك لە غەمباری و تەنانەت گریانەکانیشم ئەبینێت ئەگەر ئەو غەم و داخانە نەبن بە هەڵوێست؟ ئەی بۆچی نەچم یەخەی ئەم زاناو پیاوە خوێندەوارانە بگرم و ئەم بارە گەورەیان بخەمە سەرشان.. بەڵکو ئەوان هەوڵیان بکەن بە یەك و پشتی یەك بگرن بۆ ڕاگرتنی ئەم دووژمنە لەعنەتیە... جا ئەگەر وەڵامیان دامەوە ئەوە باشە و ئەگینا دوایی بیرێکی تری لێئەکەمەوە.

ئەوەبوو چوومە خزمەت پیاوێکی خواناس و خوێندەوار کە شێخ "یوسف دجوی" بوو، یەکترمان ئەناسی و ئەشمزانی کە شێخ پیاوی زۆر ئەناسێ لەناو بەرە ئیسلامیەکەدا، حورمەتیشیان زۆرلێئەگرت..

" گەیشتمە خزمەتی شێخ و باسەکەم لا درکاند و مەبەستی سەردانیەکەم لا باس کرد، ئەویش زۆر نارەحەتی لەو هەل و مەرجە دەربڕی و دەستیکردە ژمارەکردنی دەرد و زامەکانی کۆمەڵگە.. قسەکانی کورت کردەوە لەوەی کە بەڕاستی بەرەی ئیسلامی زۆر لاوازو بێهێزە لەبەردەم ئەم پیلانگێڕییەی دوژمنانی ئیسلام، باسی ئەزهەری کرد کە چەند جار هەوڵی کارێکی وایان داوە و سەرکەوتوو نەبوو تێیدا و پاشان باسی کۆمەڵی ( نهضة الأسلام ) ی بۆ کردم کە خۆی و هەندێ لە زانایان دروستیان کردبوو کەچی هەر بەرەنگاریان پێنەکرا و هەروەها باسی هەوڵ و تێکۆشانی ئەزهەری بۆکردم بەرامبەر بە مژدەدەر و بێباوەڕان و کۆنگرەی ئاینەکان لە یابان و ئەو هەمووە نووسراوەی خۆی کە بۆی ئەناردن، بە ڕاددەیەك گەیشتە ئەوەی بڵێ: سوود نییە لە هیچ هەوڵێکدا و وە بەسە بۆ ئادەمیزادی ئەمڕۆ ئاگای لە خۆی بێت و نەیەڵێ بفەوتێت، لە یادمە ئەم دێڕە شیعرەی کردە نموونە و کە زۆر جار باسی ئەکرد و لە هەندێك لە کاغەزەکانیشدا کە بۆی ئەناردم جارجار هەر بۆی نووسیبوم:

ومـــــــا أبالي إذا نفسي تطاوعني

علي النجاة عن من مـــــــات أو هلكا

پاشان وەسیەتی بۆ کردم کە بە قەدەر توانای خۆم هەوڵ بخەمەکارو ئیتر گوێنەدەمێ چی وچۆن ئەبێت ئەنجامەکەی و " لایکلف الله نفسا إلا وسعها "، منیش ئەو ڕایەم بە دڵ نەبوو، بۆیە حەماس گرتمی و توڕەبووم.. لە دڵی خۆمدا وتم: ئەگەر هەموویان ئاوەها وەڵامم بدەنەوە چ کارەسات وماڵوێرانیەکە، بۆیە بە حەماسەتێکەوە وتم: قوربان من زۆر دژی ئەم ڕایەم کە تۆ ئەیفەرمووی.. و بڕوام وایە ئەم ڕایە ئەگەر بەڵگە بێت لەسەر شتێ بەڵگەیە لەسەر بێهێزی و دانیشتن و پاڵدانەوە و ڕاکردن لەژێر باری ئەم ئیسلامەدا..

باشە لەچی ئەترسن؟ لە دەوڵەت ئەترسن؟ یان لە ئەزهەر؟..

قوربـان ئێـوە ئـەتوانن مووچەکانیشـتان بخۆن و لـە مـاڵی خۆشـتان دانیشـن و کارێکیش بکەن بۆ ئەم ئیسلامە.. لە ڕاستیدا ئەو خەڵکە هەمووی لەگەڵتانە ئەگـەر ڕوویان بـدەنێ و باوەشـیان بـۆ بکەنـەوە، چـونکە خـەڵکێکی موسـڵمانن و منـیش لەگەڵیانـدا لـە چـایخانەکاندا هەڵسـوکەوتم کـردووە.. هـەروەك لـە مزگـەوت و بازاڕەکانیشدا لەگەڵیاندا گەڕاوم و سەیر ئەکەم پـڕن لـە بـاوەڕ و متمانـە.. بـەڵام پشتگوێخراون و دراونەتە دەستی ئەو فزوول و بەرەڵانە.

بـوونی ئەوانـە و گۆڤـار و ڕۆژنامـەکانیان لـە بێئاگـایی و کارنـەکردنی ئێـوەوە هاتووە.. (و لو قمتم.. لدخلوا جحورهم).. ئەگەر ئێوە بێنەوە مەیدانەکـە جـارێکی تر، ئەوان ئەچنەوە کونی خۆیان... قوربان گیان! ئەگـەر نیازتـان نییـە کارێـك بـۆ ئیسلام بکەن، ئەوە کار بۆ دونیـا و نـانی خۆتـان بکـەن... چـونکە ئەگـەر ئیسـلام نەمێنێت لەناو ئەم میللـەتەدا ئەوە نە ئەزهەر ئەمێنێت و نە زانایـانیش.. بۆیـە ئەگـەر بەرەنگاری لە قەوارەی ئیسلام ناکەن بەرەنگاری لە قەوارەی خۆتان بکەن و کار بۆ دونیای خۆتان بکەن.. ئەگەر ناتانەوێ کار بۆ ئاخیرەت بکەن.. ئـەگینا دونیـاش و قیامەتیشتان لەکیس دەچێت.

زۆر گەرم و تووڕە قسەم ئـەکرد و لـە دڵـی زامـار و هەڵقرچـاومەوە قسـەکان ئەهاتنە دەرەوە... ئەوە بـوو هەنـدێ لـەو زانایانـەی دانیشـتبوون خـراپ تەفسـیری قسەکانمیان کرد و وایان لێکدایەوە کە گوایا من بێ ئەدەبیم لە خزمەتی شێخدا کرد و بەم قسانە بێئەدەبیشم بەرامبەر زانایـانی ئەزهـەر و خـودی ئەزهـەریش کـردووە.. پێش ئەوەی من وەڵامی ئەم تەفسیرە بدەمەوە، کاك ( ئەحمەد بەگ کامل ) هاتـە قسـە و وتی:

" نا قوربان زەحمەت نـەبێ منـیش چـەند قسـەیەك ئەکـەم " بەڕاسـتی ئـەم گەنجـە هەقیەتی، پێویستە کە ئێوە ڕاپەڕن و بێنـە مەیـدان.. ئـیتر تـا کـەی ئـەم دانیشـتن و گوێپێنەدانە.. ئـەم گەنجـە چـی لـە ئێـوە ئـەوێت؟! بێجگـە لـە کۆبوونـەوەتان بـۆ

سەرخستنی ئیسلام و دینی خوا؟ خۆ ئەگەر پەکتان لەسەر ئەوە کەوتووە شوێنێك نییە چالاکی تێدا بکەن ئەوە ماڵەکەی من لە خزمەتتاندایە و چی لێئەکەن بیکەن، ئەگەر پەکیشتان لەسەر پارە کەوتووە ئەوە خۆ قەیرانی پیاوی چاك و خێرخواز نییە لەناو موسڵمانانندا. ئیتر بفەرموون ئێوە پێشەوا و ئێمەش کەرەسەی دەستتان، ناوی خوای لێبهێنن و ئێمەش بەدواتانەوە ئەبین.. ئەگینا ئەم بیانووانە بەڕاستی ئیتر سوودیان نەما.. ".

حەسەن بەننا ئەڵێ:

که ئەمەم بینی پرسیارم لە تەنیشتەکەم کرد ئەو پیاوە ناوی چییە؟ وتی: ئەحمەد بەگ کامیل، هەرچەندە دوای ئەوە ئیتر نەمبینییەوە بەڵام ناوەکەی هەر لە زەینمدا ماوە.. ئەوە بوو دوای ئەم قسانە، خەڵکەکە بوونە دوو بەشەوە:

- بەشێکیان دایانە پاڵ ئەو زانا خوێندەوارە.
- بەشێکیشیان دایانە پاڵ کاك ئەحمەد بەگ کامیل.

شێخ یوسفیش مات و بێدەنگ بوو بوو.. پاشان بێ دەنگییەکەی بەوە کۆتایی پێهێنا کە فەرمووی:

هەرچۆن بێت خوا کۆمەکیمان بکات بۆ کارێك کە خۆی پێی ڕازی بێت.. گومان نییە کە نییەتەکان هەموویان ڕوو بەخوان و کاریش هەمووی لە دەستی خوادایە و ئێستەش کاتی چوونمانە بۆ لای شێخ محمد سعد، فەرموون با بڕۆین.

هەموومان بەرەو ماڵی شێخ محمد سعد کە نزیکی ماڵی شێخ (دجوی) بوو ڕۆیشتین.. من هەوڵم ئەدا لە نزیکی شێخ دجوی یەوە دابنیشم تا دەمم بیگاتێ و نزیك قسەی لەگەڵ بکەم دەربارەی ئەو مەبەستەی هەمبوو.. شێخ محمد سعد داوای شیرینی هێنانی ڕەمەزانی کرد و شیرینی هات...

شێخ چووە پێشەوە لێی و منیش لێی نزیکبوومەوە، شێخ سعد کە بینیمی فەرمووی ئەمە کێیە؟ عەرزم کرد قوربان: فلّان.. شێخ دجوی فەرمووی: ئەوە ئەڵێی هاتووی لەگەڵمان؟

عەرزم کرد بەڵێ قوربان، ئیتر وازیشتان لێناهێنم تا بڕیاری شتێ نەدەن، هەندێ شیرینی هەڵگرت و دایە دەستم و وتی: تۆ ئەمە بگرە جارێ، پاشان بیرێکی لێئەکەینەوە..

وتم: ئەی ( سبحان الله ).. قوربان کەی شتەکە بیرکردنەوەی ئەوێ؟ بەڵکو کار و جوڵەی ئەوێ.. و منیش ئەگەر مەبەستم خواردن و شیرینی خواردن بێت.. بە چەند قروشێك ئەوەندە ئەکڕم بەشی ماوەیەکی زۆرم بکات و نەبمە مایەی زەحمەتیش بۆ ئێوە، قوربان گیان!.. ئەمڕۆ ئیسلام ئەم هەموو شەڕە توند و دلڕەقانەی لەگەڵدا دەکرێ و کەچی پیاوەکانی و پێشەوا موسڵمانەکانی کاتەکانیان هەروا بەفیڕۆ ئەدەن و ڕۆچوون لەناو ئەم خۆشیانەدا.. ئایا واگومان ئەبەن خوا موحاسەبەی ئەمەتان ناکات؟

من ئێوە شك ئەبەم و بە ئەهلی ئەم کارەتان ئەزانم و ئەگەر بێجگە لە خۆتان خەڵکی تر شك ئەبەن ئەم کارەی پێبکرێ پێم بڵێن تا بچمە خزمەتیان بەڵکو ئەوان ئەوەیان لابێت کە ئێوە لاتان نییە.. بێدەنگییەکی زۆر ڕووی کردە خەڵکەکە و شێخ هەردوو چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و بەسەر ڕوویدا هاتنە خوارەوە و ڕیشی تەڕکرد... هەندێکی تریش دەستیان کرد بە گریان و.. شێخ بە ڕەحمەت بێت بێدەنگییەکەی ڕەواندەوە و زۆر بەخەفەت و کاریگەرییەوە فەرمووی: دەی فلّان کەس چی بکەین باشە؟ عەرزم کرد: قوربان کارەکە زۆر ئاسانە و خواش بە قەدەر توانا داوامان لێ دەکات..

(١) ناوی ئەو کەسانە بنووسین کە دینداری و عیزەتیان تیا شك ئەبەین لە زانایان و پیاوماقوڵان و پیاوانی دیاری ناو خەڵك تا پێکەوە بیر لەم باسە بکرێتەوە.

(٢) گۆڤارێکی ئیسلامی بەهێز دەربکرێت پێیـان تـا دژی ئـەو ئەڵقـە لـەگوێی و بەرەڵاییە بنووسیٚ و وەڵامی گومانەکانیان بدەنەوە.

(٣) دەرکردنـــی نامیلکـــە و کتـــێبی پێویســـت دەربـــارەی ڕیســـواکردن و پەردەهەڵدانەوە لەسەر ئەو پیلان و پیلانگێڕانە.

(٤) دروستکردنی سەنتەر و ڕێکخراوی ئیسلامی تا گـەنجان پێـوەی بنووسـێن و پاشان پەروەردە بکرێن لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا.

(٥) بەهێزکردن و بەپێزکردنی جوولەی وتـار و ئامۆژگـاری و بـەو شـێوەیە....

شێخ فەرمووی: زۆر جوانە.. داوای کرد سینی شـیرینی یەکـە لابرێـت و کاغـەز و قەڵەمێك بهێنن و فەرمووی: ئادەی بنووسە!. . ئـیتر دەسـتمانکردە بیرکردنـەوە لـە ناوی زانا و کەسایەتیەکان.. ناوێکی زۆرمان نووسی.. ئەوانەی لە بیرمە..

- شێخ خۆی بە ڕەحمەت بێت..
- مامۆستا شێخ محمد خزری حسین.
- شێخ عبدالعزیز جاویش.
- شێخ عبدالوهاب نجار.
- شێخ محمد الخزری.
- شێخ محمد احمد ابراهیم.
- شێخ عبدالعزیز المغربی بە ڕەحمەت بێت.

پاشان ناوی بەڕێز محمد رشید رەزا ( بەڕەحمەت بێـت ) هاتـە پێشـەوە و یەکسـەر شێخ فـەرمووی: بینووسـن... بینووسـن.. کارەکـە شـتێکی بچـوك نییـە تـا تیایـدا ڕێنەکەوین، بەڵکو کاری ئیسلام و کوفرە و شێخ ڕەشیدیش باشـترین کەسـێکە کـە بتوانێت بە قەڵەمەکەی و گۆڤارەکەی بەرگری لە ئیسلام بکات.. ئەمەش دەسـتێکی

ڕێز بوو ئەم پیاوە خستییە سەر بەڕێز رشید ڕەزا هەرچەندە لە هەندێ شتدا نـەزەریان پێچەوانەی یەکتر بوو، هەروەها زۆرێکیتر لە پیاو ماقوڵانمان نووسی وەك:

- احمد پاشا تەیمور.
- نسیم پاشا.
- أبوبكر يحيى پاشا.
- عبدالحميدی کوڕی سعيد..

پاشان شێخ فەرمووی: کەواتە من بە هەرکەسێ لەمانە گەیشتم و تۆش هەرکامیان ئەناسی ئەم باسەی بۆ بکە و هەفتەی داهاتوو ( **إن شا ءالله** ) یەك ئەگرینـەوە. چـەند جارێ دانیشتنمان کرد و نەواتێکی پاکی چاك لەم پیاوانە دروست بـوو و بـەردەوام دانیشتن گرێئەدرا و پاش دانیشتنی جەژنی ڕەمەزان گۆڤاری ( الفـتح ) دەرکـرا کـە سەرنوسـەرەکەی شـێخ عبـدالباقی سـرور نعـیم بـوو ( بەڕەحمـەت بێـت ) و بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا محب الدين ئەلخەتیب بوو پاشان سەرنووسەری و ڕاپەڕانـدنی هەمووی درایە دەست محب الدين ئەلخەتیب خـۆی و ئـەویش خـوا هـەڵناگرێ زۆر بەجوانی بەکارەکان هەڵئەسا و بوویـە مایـەی ڕوونـاکی و هیدایـەت بـۆ بەرەیـەکی گەنجانی ڕۆشنبیری بەغیرەت بۆ ئیسلام و بەردەوام خەریکی کاربوون تـا ئەوکاتـەش کە من ( دارالعلوم ) م بەجێهێشت هـەر بـەردەوام بـوون لەسـەر کـار و کۆمـەڵی ( الشبان المسلمين ) ی لێ دروست بوو.

ئەوەی شایانی باسە بە خەتێکی گەورەی جوان لەسەر بەرگی گۆڤاری ( الفـتح ) دروشمی گۆڤارەکە ئەنوسرا کە بریتی بوو لەم ڕسـتەیە: " أنـت علـي ثغـرة مـن ثغـور الأسلام فلا يؤتين من قبلك".. تۆ لەناو سـەنگەرێك لـە سـەنگەرەکانی ئیسـلامدای ئاگاداربە کەس لە قۆڵی تۆوە دزەنەکاتە ناو ئیسلام.. مامۆستا ئیکرام کەریم.

## لەیادی شەهیدکردنی حسن البنادا:



لــە ڕۆژێکـــی وەکـــو ئـــەمڕۆی ســـاڵی ١٩٤٩حسن البنا ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚ شـەهید کـرا، مـن وەکـو یـەکێك لەوانـەی خـۆم بـە شاگردێکی ئەو مەدرەسەیە ئەزانم و لەسەر دەستی شـــاگردەکانی و لەســـەر خـــوانی کتێبـــەکانیان پێگەیشـــتم بـــە پێویســـتی ئـــەزانم لەســـاڵیادی شـەهیدکردنیدا چـەند سـەرنجێکی خـۆم لەسـەر نەهجی ئەو پیاوە گەورەیە بنووسم:

١. گرنگترین شت لە ژیانی حسن البنادا دڵسـۆزی و بەپەرۆشـییەکەی بـوو بـۆ ئیسلام و ئەو متمانە گەورەیە بوو کە بەگەورەیی ئیسـلام هـەیبوو، ئەمـە وایکردبـوو قسەی لەگەڵ هەر کـەس و تاقمێکـدا بکردایـە یەکسـەر کـاری تێـدەکردن چـونکە بەرامبەر یەکسەر هەستی دەکرد ئەم پیاوە قسەکان و هەڵوێستەکانی لەناخـەوە و لــە پەرۆشی بۆ ئیسلامەوە هەڵدەقوڵیٚ.

٢. هەر لەم دڵسۆزییەشیەوە سیفەتێکی تری تێدا زەق بووبوویەوە ئەویش نەبوونی دەمارگیری بوو، من جیاوازی ئەوو شوێنکەوتوانی لەچەند شتێکدا ئـەبینم یـەکێکیان ئەمەیە کە ئەو دەمارگیرنەبوو بەڵام شوێنکەوتووانی زۆرو کـەم تووشـی دەمـارگیری بوون، ڕێك وەکو ئیمامـەکانی مەزهـەب و شـوێنکەوتوانیان، ئیمامـەکان دەمـارگیر نەبوون بۆ بۆچوونەکانی خۆیان و داوایـان دەکـرد خـەڵکی شـوێنی مەنهەجـەکانیان بکەون کە هەڵێنجانی حوکمە لەدەقەکانی قورئان وفەرموودە کەچـی ئـەوان شـوێنی ئیجتهادەکانیان ئەکەوتن تەنانەت ئەگەربۆشـیان دەرکەوتایـە بەڵگەکـەی لاوازە یـان بەڵگەی ئیمامێکی تر بەهێزترە.

یەکێك لە نیشانەکانی سنگ فراوانی بەننا ئەوەبوو لەگەڵ لایەنـە ئـیسلامییەکانی تری ئەوکاتەدا ململانێـی نـەدەکرد بـەڵکو هاریکـاری دەکـردن، بۆنموونـە کاتێـك حکومەتی میسری بارەگاکانیانی داخست لەبارەگای شبان المسلمین ـەوە ـ کە لیـوا صالح حرب سەرکردایەتی دەکرد ـ کارەکانی حزبی بەڕێوە دەبرد، جارێکیان یەکێك لەنزیکەکانی لێی جیا بـووەوەو کۆمـەڵێکی تـری پێکهێنـا ئـەم دژایـەتی نـەکردن و تەشهیری پێنەکردن بەڵکو چوو پێی وتن منیش لەم ڕێکخراوەی خۆتاندا وەرگرن.

٣.مەنهەجی بـەننا وابـوو بایـەخ بـە وڵاتەکـەی خـۆی و نەتەوەکـەی بـدا بـەڵام جەماعەتی ئیخوان لەهەندێك شوێندا بایەخیان بەمیللەت و نیشتمانەکەی خۆیـان بـە پێی پێویست نەبوو، ئەمە وایکرد بکەونە ژێر پرسیارەوە تاڕادەیەك دواکەون.

٤. بەننا تێگەشتنێکی زۆر جوانی بۆ ئیسلام و بۆ واقیعـی موسـوڵمانان و واقیعـی دونیـاو بـۆ شارسـتانیەتی ڕۆژ ئـاوا هـەبوو. هەرئـەو تێگەیشـتنە بـوو وایکـرد نـەك هەرنەکەوێتە ژێر کاریگەری کلتوری ڕۆژئاواو پێی سەرسام بێـت و تووشـی بـەزینی دەروونی ببێت بەرامبەری بەڵکو بتوانێـت ڕۆحـی شـانازی بـە کلتـور و شارسـتانی ئیسلامی بکا بەڕۆحی شوێنکەوتوانیدا و وایان لێبکات ئەو پەڕی هەست بە عیززەتـی ئیسلامی بکەن و خۆیان بە بچووك نەزانن بەرامبـەر ئـەو کلتـورەو ڕۆحێـك بکـات بەبەریاندا بچنە هەرشوێنێك کاریگەری بەجێ بهێڵن.

تێگەیشتنی وردی ئەو لەئیسـلام لـە ریسـالەی تەعالیمەکـەی دەردەکـەوێت کـە وەکو شێخ محمد الغزالی ئـەڵێ ئەشـێ ئـەو بنەمایانـەی ئـەو داینـاوە ببنـە دسـتوری یەکبوونی ڕۆشنبیری لەناو موسوڵماناندا. ئەو کۆڵەکـەکانی بانگەوازەکـەی پوخـت دەکاتەوە لە( دە)خاڵدا یەکەمیان تێگەیشتنە، تێگەیشتنیش پوخت دەکاتەوە لە بیست خاڵدا ناوی ناوە بیست بنەماکە کە ئەگەر کەسێك بە ئینصافەوە بیخوێنێتەوە شـایەتی بۆ تێگەیشتنی حسن البناو گرنگی ئەو بنەمایانە دەدات.

لەو بنەمایانەدا بەننا باسی ئەوەدەکات کە قورئان و سوننەت سەرچاوەی سەرەکی ئیسلامن و هەموو شتێك دەبێ لەو دووەوە وەربگیرێ کەئەمڕۆ بەداخەوە خەڵکانێك کە شاگردی ئەو مەدرەسەیەن لەکوردستاندا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری خەڵکی ترەوەو لەم بنەمایەش لایان داوە. خاڵێکی تری گرنگی ئەو بنەمایانە بریتییە لەپەیوەندی نێوان عەقڵ و وەحی هەروەها پەیوەندی نێوان زانست و وەحی و تێگەیشتنێکی زۆر قووڵ و ورد لە چەند ڕستەیەکی کەمدا.

٥. حسن البنا تەنانەت توانی کاریگەری لەسەر شیعەکانی ئێران هەبێت وکو نواب صفوی کە کۆمەڵی فیدائیان ئیسلامی دانا و ئەو نەکەوتبووە ژێر کاریگەری شیعەوە، ئەو مامەڵەیەشی لەگەڵیاندا لە مونتەڵەقی هێز ومتمانە بەخۆوە سەرچاوەی گرتبوو بەڵام شوێنکەوتووانی لێرەشدا کەوتنە هەڵەوە لەوەی کە سەیری ڕواڵەتی ئیشەکەی ئەویان کرد و لە شیعە نزیك بوونەوەو لەجیاتی ئەوەی وەکوئەو کاریگەری بەجێبهێڵن لەسەرشیعە خۆیان کەوتنە ژێرکاریگەری شیعەوە.

ئەمانە کۆمەڵێك سەرنج بوون لەبەر ئەوە نەبوایە پۆستەکە زۆر درێژ دەبووەوە زیاترم لەسەر دەنووسی بەتایبەت ریسالەی تەعالیمی و مەنهەجی کارکردنی، هەرکەسێکیش دەیەوێ باشتر بیناسێت بابچێت ئەو مەقالەیەی سەیدقوتب بخوێنێتەوە لە کتێبی دراسات اسلامیە بەناوی: حسن البنا وعبقریة البناء.. دکتۆر کەریم ئەحمەد..

***

## سەبیحە خان ئەڵێت:



دووشەو پێش کیمابارانی کارەبا نابێ ئافرەتێ ئەمرێ ئەیبەنە مزگەوتەکەی مامۆستا مەلا عوسمان شار لەترسا چۆڵ ئەکەن جموجوڵی شار شڵە ژاو ئەبێ کەس نیە مردوەکە بشوا مامۆستا ملا عوسمان ئەڕوا بەچرایەکەوە لەدەرگای ماڵی باوکم ئەدا دایکم ئەڕوا بەدەمیەوە مامۆستا ئەڵێ ئەبێ بێیت لەگەڵم ژنێ مردوە کەسم دەستناکەوێ بیشوا، دایکم ئەڵێ دێم بەڵام بەخوا نازانم بیشۆم ئەڵێ خۆم لەم دیو دەرگاکەوە پێت ئەڵێم چی بکەیت دایکم زۆر ئەترسی بەڵام کارەکە ئەکات ئەڵێ بەس کفنەکەی لێ ئاڵێنە بەسە دەیشوات پارچەکفنەکەی پێوە ئاڵێنی دایکم دێتەوە ئەڵێ بەخوا منیش ئاوا شەهید ئەبم کەس نابێ بمشوات واش بوو نەگۆڕو نەکفن روحیان شاد بێ.

سەبیحەخان هاوسەری کاك فاروقی نوری سەعید ئەڵێت: روژی تاوانەکەی هەڵەبجە دایکم ئەچێ جلەکانی ئەگۆڕێ دەستنوێژ ئەگرێ، دراوسێکەمان پێی ئەڵێ خۆنوێژی نیوەڕو زۆری ماوە دایکم ئەڵێ من فریای نیوەڕۆ ناکەوم نوێژەکەی ئەکات تەیارە قەسفیان ئەکات و دایکم ئەبێتە قوربانی دەستی ستەم.

دیارە دڵی خەبەری داوە کەدواساتەکانی ژیانیەتی وئەڕوات ئەم جیهانە پڕستەمە بەجێدەهێڵێت.

## شیرکی تەوحید نوێن:

ئەمە بابەتێکە لەهەشت لاپەڕەدا برای خۆشەویستم مامۆستا قانع خورشید نووسیوەتی لە پەڕاوی بۆئەوانەی وەکو خۆمن بەرگی سێیەم، بەڕاستی زۆر سوودم

لێبینی کەلەسەرەتادا ئەڵێت: تەوحیدی زۆرینە بەلای خاسانەوە شیرکێکی ترسناکە، ئەو کەسە دەردەداری راستەقینەیە کە بێ دەردە، ئەوە ناتەواوە کەتەواوە، گومانی خەڵەتێنەری زۆرینەی هەرەزۆری مرۆڤایەتی ئەوەندە زاڵە، لەدڵنیایی تۆکمەتر خۆی دەنوێنێت..

دیارە ئەمەش وای لەسەروەرئەکرد کە لەبارەگای پەروەرێنیدا بپارێتەوەو بفەرمویێت: اللهم اني أعوذ بك أن اشرك بك شيئا أعلمه وأستغفرك لما لا أعلمه..

### بیرەوەرییەک لە خزمەت مامۆستا شەماڵ موفتی:



ساڵی ١٩٩٧، نیوەڕۆیەك لە خزمەت بەڕێزیان بووم لە ماڵی خۆیان، لە میانەی قسەو بابەتە پڕ تام و چێژەکانیدا، فەرمووی: کاك سەعید من کەسێکی زۆر بەلەویم، بەواتای ئەوەی لە ژێر تاقیکردنەوەی قورسی دین و ژینی ئەم دونیایەدام، بڕوا ئەکەی پیرەژنی ئەم سولەیمانیە دێتە لام و پێم ئەڵێ: شەماڵ گیان بنە تەنەکەیە ئاڵتوونی زەمانی کچێنی و هاوسەرگیریم هەیەو تا ئێستا هەڵمگرتوون، متمانەم بەتۆیە بۆم بخەیتە خێرو حەسەناتەوە، ئەو ڕۆژە ئافرەتێك هاتووە، ئەڵێ شەماڵ گیان هاتووم دوو تاڵ بەرسیلەم لەو مێوەی خۆتان بۆ لێبکەیتەوە، بۆ تەبەڕوکم ئەوێ،

شەوێ خزمێکم تەلەفۆنم بۆ ئەکات و ئەڵێ: شەماڵ گیان من تازە خۆم تەواوبووم، قوربانە فریاکەوە با منالەکانم بەرێگەی منا نەیەن بەتۆیان ئەسپێرم.

ئەمانە هەموو مەسئولیەتی گەورەن، ئەو خەڵکە متمانەی پێتەو شەیتانیش لەو لاوە خۆی بۆ مەڵاس داوین.

دوای ئەم قسانە فەرمووی ئەی ئەمەش مەسئولیەت نیە، ئێستا تۆ من ئەبەی بۆ هەڵەبجەو بەم حاڵەی خۆمەوە ئامۆژگاری ئەو عالەمە ئەکەم!!.

هەزار ڕەحمەت لە ڕۆحی موبارەکیان(نووسینی مامۆستا سەعید عبدالرحیم)

**مامۆستا شەماڵ موفتی دەڵێت:**

قوتابی سانەوی بوم دەرسی بایلۆجیمان هەبوو، مامۆستاکە باسی حوتی بۆ دەکردین و وتی: تیرەی گەروی ئەو حوتە (٣٠ سم)ە، مرۆڤ قوتنادات باوەڕ مەکەن بە چیرۆکی یونس! منیش ١٧ساڵ بووم دەستم هەڵبڕی و وتم: چۆن باوەڕ ناکەیت بە قورئان ئەو کاتە کەمێك توندڕەویم تیابوو.. مامۆستاکەش وتی: ئەمە عیلمە، لەسەر تەختەکە وێنەیەکی گەورەی کرد وتی ئەمە حوتە و نوکتەیەکی کرد و وتی ئەمەش مرۆڤە راستە حوت زۆر گەورەیە بەلاَم گەروی بچوکە و مرۆڤ قوت نادات ئیتر عیلم وادەڵێت تۆ کەیفی خۆتە باوەڕ دەکەیت یانا، هاتمەوە زۆر نارەحەت بووم، ئیمامی مزگەوتەکەمان یەکسەر زانی زۆر نارەحەتم، لێی پرسیم وتم: شتێکی وەها هەیە؟

وتی: وەرە.. منی بردە ماڵی خۆیان دوا گۆڤاری (الصین الجدیدە)ی دامێ کە لە چین دەرچووبوو. لە گۆڤارەکەدا حوتێکیان گرتبوو بە ٨ سلنگ بەرز کراوەتەوە...دەمەکەیان کردبووەوە کۆڵەکەیان بۆ داناوە نەك تەنها مرۆڤ بەڵکو راندرۆڤەرێك چوەتە ژوورەوە وەکو لە وێنەی ئەو گۆڤارە دانرابوو، سەقفی لاندرۆڤەرەکە هێشتا مابووی بەر قورگی حوتەکە بکەوێ، وتی ئەمە ببەرەوە و پیشانی ماموستاکەتی بدە. هەر حەزم دەکرد کە سبەینێ بێت بۆ ئەوەی خێرا ئەو گۆڤارەی بۆ ببەم. بوو بە سبەینێ و بۆم برد، ئەویش پێش من خوێندبویەوە، وتی: بەڵێ راستە تاکو ئەورۆژە عیلم باوەڕی نەدەکرد کە حوت مرۆڤ قوت بدات، ئیتر لە پۆلەکە وتی باوەڕ بکەن بەم چیرۆکەی یونس!

لێرە دا مەبەستمان ئەوە نی یە کە عیلم بیسەلمێنێ یان نایسەلمێنێ، زۆر شتمان هەیـە لە قورئان دا، ئەگەر عیلم نەیسەلمێنێ گـرنگ نـی یـە لای ئێمـە سـبەینێ هـەر دانـی پێدائەنرێت.

سەرچاوە: کتێبی میحراب ١٩٩١.لا(٣٢) پەیجی گۆڤاری هەیڤ



**خواویستی پێشەوا غەزالی:**

ئەو زانایـەکی پایەبـەرز بـوو سـەدان زانـا لـەخزمـەتیا چـۆکیان دائـەداو لێـوەی فێرئەبوون، شێخ ئەحمەدی برای لەهۆنراوەیەکدا پێی وت: ئەی بـەردی هەسـان هـەتا کەی ئاسن تیژ ئەکەیت و خۆت هیچ نابڕیت، کەبەڕاستی ئەمەش حاڵەتێکی ترسناکە لەدینداریدا، بەمن یـان بـەتۆ چـی هـەموو خـەڵکی سـەرفرازبن لەکاتێکـدا خۆمـان مایەپووچ ببین.

غـەزالی ئـەم ئاگادارکردنەوەیـە دای لـەدڵی و پلەوپایـەو ناوبـانگی جێهێشـت لەبەغداو چوو بەرەو شام دەساڵێك خەریکی خۆی بوو، تـا دەرەوەو نـاوەوەی وەك

یەکیان لێهات وزاهیروباتینی گوناههکانی وازلێهێنا و ئیحیا علوم دینی نووسی.. جا لەپەڕاوی (المنقذ من الضلال )دا لاپەڕە (٦٣) دەڵێت: پرسم بەکەسانی شارەزاو خواناس کرد رایان وابوو ئیتر گۆشەگیری وازلێبێنم، هەروەها کۆمەڵێك خەوی موبەشیرات لەپیاو باشانەوە ئاماژەبوون کە گەڕانەوەم بۆ تەدریس کارێکی باشە، کە ئەمەش خوا تەقدیری کرد ببێت، هەروەك کەخۆی پەیمانی داوە هەموو سەری سەدساڵێك ئایینەکەی نوێبکاتەوە.

خوا ئاسانی کرد کە لە مانگی زولقەعیدەی ٤٩٩ کۆچی بچم بۆ نەیسابوور، ئەمە خوا تەقدیری کردبوو، وەیەکێکە لە قەدەرە سەیرەکانی، وەمن ئەزانم کەئەگەر بگەڕێمەوە بۆ بلاۆکردنەوەی زانست، ئەمەی من گەڕانەوە نیە چونکە پێشتر بۆ پلەوپایەو ناوبانگ ئەوەم ئەکرد بەلاّم ئێستا نا من داوای ئەوەئەکەم کە واز لە ناوبانگ و پلەوپایە بهێنرێت، ئێستا ئەوە نیەت و مەبەست و ئاواتی منە، خوا ئاگادارە بەم نیەتەم و من ئەمەویَ خۆم وخەڵکی چاك بکەم.. (وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ (٥)البينة).

## ژیاننامەی مامۆستا عبدولکریمی مودەڕیس

نوسینی: مەلا علی توتاخاج

بڕوانە دلسۆزی زانای گەورە مامۆستا مەلا عبدالكريم المدرس کاتێك لە بەغدا بووم لە خزمەتیا (سیوطي) دەخوێند رۆژێکی پێنجشەممە بوو دەچووم بو دەرس خوێندن کاتێك هاتمە مزگەوتی حەزرەتی گەیلانی بینیم جەنازەیەك دانرابوو و خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون و مامۆستا مەلا عبدالكريم پایەی بڵند بێت ئەویش لەبەردەم جەنازەکە دانیشتبوو منیش پرسیم لە صەلاحی میصری کە خزمەتی

ماموستای دەکرد ئەمە کێیە ئەم جەنازەیە وتی کاك (فاتیح) ی کوڕی ماموستایە ئەم شەو وەفاتی کردوە ئیتر منیش دەرس خوێندنم لەبیر نەماو لەخزمەت ماموستادا چووین بو بەڕێکردنی جەنازەکەو ماموستا خوی تەلقینی دادا لەکاتێکدا فەرمووی (السلام علیك یا بنی ویا قرە عینی) دەستیکرد بەگریان و پاشان هەموو خەڵکەکە چووین لە ژوورەکەی خوی سەر خوشیمان عەرزکرد و بەجێمان هێشت.

بو روژی دواتر من وهەموو هاوڕێکانم چووین بو خزمەت ماموستا و سەر خوشیمان عەرزکردو ماموستا روی کردە من و فەرمووی روڵە ئەوە دوێنێ بو نەهاتی دەرسەکەت بخوێنی منیش بەسەرسامیەوە عەرزم کرد قوربان گیان هاتم بەڵام دوێنێ کاك فاتیح وەفاتی کردبوو چون دەکرا دەرس بخوێنم؟

فەرمووی ڕوڵە دوای بەڕێکردنی جەنازەکە بهاتبای دەرسەکەمان دەخوێند واللە پەنجا کوڕم بمرێت بە ئەندازەی فەوتانی دەرسێکم بەلاوە ناخوش نیە!!!

وەلەو مردنی فاتیح زور زەرەری لیدام چونکە زور هاوکارم بوو.

خوای دەرجاتیان عالی بکات _دکتور قاسم سیوەیلی

**خویان تالان فروش کرد:**

خوای گەورەی بالادەست بڕواداران تاقیدەکاتەوەو هەروا وازیان لێناهێنێت لاف وگەزافی دینداری لێبدەن، هەتاوەکو چاك وخراپ راست وناڕاست لەیەکتری جیانەکاتەوە، (مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ (١٧٩)آل عمران).

لەم سەردەمەی ئەمڕوماندا کەسانێك بەهوی سوشیال میدیاو وتارو راگەیاندنەکانەوە جەماوەرێکیان بودروست بوو، پارەوسامانی باشیان دەستکەوت،

بەلاّم هەرزوو دەستەکەیان ئاشکرابوو رەونەقیان نەما، بۆنموونـە: دکتـۆر عەمرخالیـد کەبەرنامەیەکی یەك ملیۆن دۆلارزیاتری ئەکرد و کەناڵـە ئاسمانیـەکانی وەك ئـێم بـی سی و ئەوانی تر لێیان دەکڕی.

یان عایز قەرەنی سعودیە کە پەڕاوی (لاتحزن)ی ملیۆن زیاتری لێفرۆشت و ساڵح مەغامیسی ئیمامی مزگەوتی قوبا کە وەمانزانی ئەولیایە بە پشـتگیریان بـۆ دەسـەلاّتی محمەدی کوڕی سەلمان خلیسکان و باویان نەما..

هەروەها وەسیم یوسـف کـە لـەدایکبووی سـاڵی ١٩٨١ەو ئەردەنیـەو ٢٠١٤ جنسیەی ئیماراتی دراوەتیّ، لەئیمارات پارەو مەنصەبیان خستە خزمەتی و بووە ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی گەورەی شێخ زاید، بووە داشە هارە بـۆ رازیکردنـی کـوڕانی شێخ زاید، کەس نەما هێرش نەکاتە سەری و لـەپێش هەموانیشەوە ئیخوان، ئەوانەی کە وەلاّمیان ئەدایەوە لەسۆشیال میدیا نۆزدە دەعوای لەسەرتۆمارکردن، ئنجا بەشـان وباڵی ئـەو پڕۆژەیـەی (مـاڵی ئیـبراهیم) دا زۆرهەلێـدا گوایـە بەتـەمان تـا ٢٠٢٢ کەنیسـەیەك و مزگـەوتێك و مەعبـەدێکی یـەهودی لـەئیمارات بنیـات بنـێن گوایـە پێکـەوەژیان هەیـە لەئیماراتـدا، سـەرەنجام ئەمانـە هـەمووی سـەری خـواردوو پلاّوخواردنەکـەیان لێکـردە زەهـری مـار، دیـارە هەرئەوەنـدە ئیشـیان پێـی بـوو، لەمزگەوتی شێخ زاید لایان داو داشیانە دادگا گوایە کەراهیـەتی بلاّوکردۆتـەوە لـە هۆکارەکانی راگەیاندندا، جالە ڤیدیۆیەکدا کەلەیوتیوبدایە بزانن چی کردووەو چۆن ئەپاڕێتەوە کە ئەو نازونیعمەتەی لێتێك نەچێت، دیارە ئەوەسوننەتی خوایەو هەرکـەس بازرگانی بەدینەوە بکات ئاوای بەسـەردێت.. پەنائـەگرم بەخوالـەخلیسـکان وبـوون بەزوڕناژەنی دەسەلاّتداران..

لـەبەرامبەر ئەمانەشەوە سـەدان بـانگخواز کـەخۆیان بەخوافرۆشـتووە لـەولاّتانی کەنداوو سعودیەو میسرو ئەوانی تر لەبەندیخانەدان وسەر بۆستەمکاران شـۆڕناکەن و نەکوشتن و نەسزاو ئازار چۆکی پیّ دانەیاون وئەوانەن کە خوای موتـەعال وەسـفیان

ئـەكات (مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَـــى نَحْبَـــهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا (٢٣) الأحزاب ).

**هەژار ئیسماعیل ئەڵێت:**

**مامۆستا گیان ویستم هەندێك لـەوشتانەت بۆبنێرم کەبەسەرم هاتون:**

**١ـ من ناوم هە ژارئیسماعلیە لـەچەمچەماڵ من قوتابیەکی زیرەك بووم لـەقوتابخانـە ساڵی ٢٠٠٥تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیم کرد بەڵام نمرەی کەمم بەدەسـتهێنا زۆر دڵگران بووم زۆریش بێزاربووم بەناچـاری چـوومە پـەیمانگای مامۆسـتایان ٢سـاڵم تەواوکرد لـەبەشی ئینگلیزی ئەوکات تەعینات هەبو تەعین بـوم لـەلادێیـەك زۆر دور لـەشار نزیك ٣سعات بەسەیارەدوربوو ناچار ئەبوایـە لـەوێ بوومایـە نەگەڕامایەتـەوە بۆماڵ بەڵام هەرهێشتادڵم لای کەمی نمرەکەم بوو بۆیەنەمدەزانی بۆ ئـەبێ مـن لێـرەبم بەڵام خوا بۆکارو شوێنێ ئەتبا خۆت نازانی، مانگی جارێ ئەگەڕامەوە شار..**

**لـەوێ مزگەوتێ هەبو منیش بەخەڵکی لادێکەم وت ئەومزگەوتەبۆناکەنەوە وتیـان مەلای نیە وتم بیکەنەوە من نوێژەکانتان بۆئەکەم دواتریش جومعـەم بـۆکردن دواتـر وتیان بۆ قورئان بەمنداڵەکانمان ناڵێی؟**

**وتم: باشە لـەپاڵ مامۆسـتایەتیەکەوە دەرسـی قورئـان وتجویـدو جومعەوجماعەتیشـم بۆکردن دواتر خوا خسـتیە دڵـمـەوە دەسـتم کـرد بـەقورئان لـەبـەرکردن لـەماوەی ئەو٤ساڵەی ئەوێ تەواوی قورئانم لـەبەرکرد جگەلـەوەش ٥کـەس لـەوانـەقورئانم پـێ خەتمکردن و فێری جومعەم کردن ئێستا دوای ١٢ساڵ مزگەوتەکە نوێژی تیادەکرێ، ئینجا زانیم بۆ لـەپۆلی شەش نمرەی کەمم هێنا خـوا کـارێتری پـێم بـوو لـەدەرەجـەو شەهادەگرنگ تربوو، لـەگەڵ خوا راستبە خوا بۆشـوێنێ ئاراسـتەت ئـەکات خێـری تێدایەبۆت ئێستاش من ١٣ساڵە تەعین بووم بەڵام ئەوانەی لـەگەڵ من بوون کۆلێژیان تەواوکرد هێشتا تەعین نەبوون.. وان تعدوا نعمت الله لاتحصوها..**

## ٢-هەنگوین شیفایە

ساڵی پار زۆر نەخۆشبووم قورئانەکەم لەتەنیشتمەوەیە هەمیشە چونکە ڕۆژانە پیاچونەوەئەکەم تا ئەوانەی لەبەرمکردووە بیرم نەچێتەوە، کاتی قورئانەکەم کردەوە دەستمکردەخەتمەکەم گەیشتمە سورەتی النحل، چەندلاپەڕەیەکم خوێند هاوڕێیەکم لەدەرگایدا.

هاتەژورەوەودانیشت وتی نەخۆشیەکەت ئاسانەمن براکەم وابوە هەفتەیەك هەنگوینی ئەسڵی خوارد خوابۆی کردە شیفاو وتم جا هەنگوینی ئەسڵی ماوە؟ ئەو ڕۆیشتو منیش دەستم کردەوەخەتمەکەم تاگەیشتمەئەم ئایەتە{وَأَوْحَي رَبُّكَ إِلَي النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ، ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} النحل: ٦٩.

لەدڵ خۆما بیرم لای قسەکەی ئەوبرایەبوو لەم خەیاڵەدابووم لەدەرگادرا ڕەفیقێکم بووبەناوی کاك هیوا وتی مامۆستا دوێنێ لەهەورامان بوومە هەنگوینی ئەسڵی لێبووە ئەمەشم بەدیاری بۆ تۆ هێناوە منیش تووشی شۆك بووم، وتی: وەریناگری؟وتم دیاریەچۆن وەریناگرم؟ ئەونەیدەزانی بیرلەچی ئەکەمەوە.. ومن يتق الله يجعل له مخرجا ويرزقة من حيث لايحتسب...سوپاس بوخوا لەوکاتەوە توشی ئەوئازارەنەبوومەتەوە.

(هەژار ئیسماعیل چەمچەماڵ.)

***

**دکتۆ رمحمد عیماره خوالێی خۆش بێت ئەڵێت:**

شێخ موحەممەد غەزالی خوالێی خۆش بێت وای دەبینی کە نووسینەکانی بەندە لە نووسینەکانی عەقاد ئەچێت، وەمنی بەسوارچاکی مەیدانی دەعوەو پاراستنی ئیسلام دەزانی، هەروەك لەپێشکەشکردنی دوا کتێبیدا (**نحوتفسير موضوعي للقرآن**) بۆی نووسیبووم: (بۆ برای خۆشەویستم.. بانگخوازی ئیسلام و پاسەوانی تەعالیمەکانی).. ئەمە وای لێکردم کەزیاتر هەست بەو بارەقورسە بکەم کەلەسەر شانمەو، پاشان کە شێخ شەعراویشم لە پرسەنامەی شێخی ئەزهەر (شێخ جادالله) بینی سالّی **١٩٩٦**هەستا لەبەرم وباوەشی پیاکردم ماچی کردم و فەرمووی (خواتۆ بکاتە جێگرەوەوبەتۆ قەرەبوومان بۆبکاتەوە) سێ جار.



لەگەڵ گوێگرتن لەقورئانخوێنەکەدا زۆر بیرم کردەوە کەئەم دوعایانەی شێخ شەعراویش ئەمانەتێکی گەورەن لەسەر شانم، بۆیە لەدڵەوە ئەم دوعایەم کرد

(اللهم أيدنا بالحق، وأيد الحق بنا، اللهم اغنني بالافتقار إليك، ولا تفقرني بالاستغناء عنك، اللهم أعني على الدين بالعصمة والطاعة، وأعني على الدنيا بالرضا والقناعة).

## بۆ لای خواگەڕانەوە:

هەموو هی خواین و بۆلای ئەو دەچینەوە.. دکتۆر محمد عیمارە دەڵێت: لەسەرەتای نەوەدەکاندا بەوەزیری ئەوقافم وت: جەنابی دکتۆر ئەوە سەرۆك حوسنی موبارەك بەیەك گوێ دەبیسێت، بۆهەردەبێت: گوێ لەناحەزانی ئیسلام بگرێت وەك فەرەج فۆدەو ئەوانی تر.. وتی: من پێشنیارێکی بۆدەکەم.. دواتر زانیم کەناوی من و غەزالی وشێخ شەعراوی دوانی تری بۆ پێشنیارکردووە کە بیبینین، ئیتر دەنگی نەما.. کەبینیمەوە وتم: ئەرێ پێشنیارەکەت بۆسەرۆك بووە چی؟ وتی: با بەڕاستی پێت بڵێم سەرۆك نایەوێت گوێی لە ئیسلام بێت..

بەڵێ هەر لەم ماوەیەدا حوسنی ناموبارەك ومورسی و هەزاران بانگخوازی ستەملێکراو و ئنجا وا دوورۆژێکە دکتۆر محمد عیمارەش هەموو چوونەوە بەربارەگای خوای (العدل) کەمسقاڵە زەڕەی لێوون نابێت.. دەبا ئنجا وەلامی خۆی باتەوە کە نەیدەویست ئیسلام ببیسێت.. ( إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَالَهُمْ فَهُمْ يَعْمَهُونَ (٤) أُولَئِكَ الَّذِينَ لَهُمْ سُوءُ الْعَذَابِ وَهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْأَخْسَرُونَ (٥) النمل ).( قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا (١٠٣) الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا (١٠٤) الكهف )..

## بەتەمای دەستکەوت مەبە:

لەدینداریدا چاوت لەدەستکەوتی دونیایی وپیاهەڵدان نەبێت و بەتەمای مەبە، هەروەك شێخی بانگخواز قەرەزاوی لە بەیەکگەیشتنی بەقوتابیان و دۆستانیدا لەساڵی ٢٠٠٧دا لەوڵاتی قەتەر وتی: ئەم ڕێزلێنان و خەڵاتکردنانە بۆمن وائەزانم دوولەسەر سێی پاداشتی قیامەتم لەکیس ئەدات، چونکە وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە (ما من غازية تغزو في سبيل الله فيصيبون غنيمة، إلا تعجلوا ثلثي أجرهم من

الآخرة، ويبقى لهم الثلث، وإن لم يصيبوا غنيمة تم لهم أجرهم ).. وەمن بەردەوام وەك قوتابیەك فێردەبم وچەند فێریشبم زیاتر بۆم دەرئەكەوێت كەنازانم. وەك پێشەوا شافیعی كەدەڵێت:

كلما أدبنى الدهر          أراني نقص عقلي

أو أراني ازددت علمًا    زادني علمًا بجهلي

## ئیسلام چۆن گەیشتە سلفادۆر؟؟

پێش چەند سەدەیەك كە ئیسپانیا سلفادۆری داگیركرد مەسیحیەتی تیابلاۆكردەوە بەجۆرێك كە دەوترێت سلفادۆر یانی ولاتی رزگاركەر (المُخَلص) واتە: مەسیح سەلامی خوای لێبێت، كاتێك دووخێزانی مەسیحی لە فەلەستینەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە چوونە سلفادۆر، ئەرماندۆ لەئەنجامی ژن وژنخوازی كوڕوكچێكی ئەو دوو خێزانە هاتە دونیاوە، ئەرماندۆ چووە قوتابخانەو مامۆستاكەیان قەشەبوو، ئەمیش لاوێكی یانزە دوانزەساڵ گومانی لادروست بوو، قەشەش بۆی وەلام نەئەدرایەوەو ئەیكردە دەرەوە لەپۆل وئەیووت: تۆ موسڵمانیت.

ئەمیش ئەهاتەوە لای باوكی شەكوای حاڵی خۆی دەكرد، تا ئەمە بردی بەرەو دیراسەی ئیسلام لەكاتێكدا یەك موسڵمان لەسلفادۆردا نەبوو، لە ٢٧ساڵێدا موسڵمان بوو، یەكسەرمزگەوتێكی دروستكرد كەتەنها ئیمامێكی هەبوو، یەك موسڵمان نەبوو، ئنجا ئەرماندۆ كە بازرگان بوو لەتەلەفزیۆنەوە بەرنامەیەكی پێشكەش دەكرد بەناوی روونكردنەوەی چەمكەكان و بەوەش وردەوردە خەڵك هاتن بەرەو ئیسلام، لە پایتەختەوەئیسلام گەیشتە شارەكانی تریش، خەڵكی زۆر هەژاربوون، زەعیمێكی شاری ناویسالكو داوای یارمەتی كرد لە ئەرماندۆ ئەویش یارمەتی بۆناردن، لێیان پرسی بۆتۆ یارمەتیمان ئەدەی، چ بەرژەوەندیەكت هەیە؟

ئەتەویٚ دەنگت بۆبدەین لەهەڵبژاردندا؟ئەویش وتی: من لەبەرئەوە یارمەتیتان ئەدەم کەموسڵمانم. ئەمەبووە هۆی موسڵمانبوونی ئەو زەعیمەو بەدوای ئەویشدا کەسانی تر موسڵمانبوون.

ئەرماندۆ چوارمزگەوتی دروستکرد ئەوەی تەواونەبووبوون ئیمرۆسنی کوڕی تەواوی کرد کەسەرەوکاری موسڵمانان دەکات لە سلفادۆر.لەهەڵبژاردندا نەجیب بوقەیلەی برای بووە سەرۆکی سلفادۆر، توانی لەم ساڵەدا رێژەی تاوان بکات بەنیوە وخزمەتێك بەو وڵاتە پڕکێشەیە بکات..

مەبەستمان لەم بەسەرهاتە ئەوەیە کەخوا دینی خۆی سەردەخات و سەرووەرم (د.خ) راستی فەرمووە کەئیسلام بەسەرتاسەری دونیادا بڵاو ئەبێتەوە وئەوەتا مەسیحیەکی فەلەستینی ئەکاتە پەپولەی باڵ سوتاوی دەوری چرای ئیمان و ئیسلامەتی و بەهۆی ئەوەوە پاش فەزڵی خوا ئیسلامەتی ئەگاتە ئەو وڵاتە دوورەدەستە کە بەحساب وڵاتی مەسیحەسەلامی خوای لیٚبیٚت.جا هیچ گومانتان نەبیٚت پاشەڕۆژ بۆ ئیسلامە..

## بەڕاستی شەهادەتێکی مەزنە

لە بەرنامەیەدا ئەم ئەمەریکیە بە ویژدانانە ئەڵێن: کلیلی کەنیسەی قیامە درا بەدوو خێزانی موسڵمان بەدرێژایی ٨٠٠ ساڵ، ئەمەش پێکەوە ژیان و متمانەی مەسیحیەکانە بەموسڵمانان لە فەلەستیندا، جا ئەڵێت: لەپێناوی چیدایە دوژمنایەتی ئەخرێتە نێوان موسڵمانان و مەسیحیەکانەوە، خۆ ١١ی سێپتەمبەر بەرنامە بۆدارێژراوبوو پاساوی ئەو دوژمنایەتیە نیە..





**دکتۆر محمد راتب نابلوسی:**

بـانگخوازێکی بۆخـوا سـوڵحاوە سـاڵی ١٩٣٩لەسـوریا لـەدایکبووەو سـاڵی ١٩٦٤ کۆلێژی ئاداب عەرەبی لە سوریا تەواوکردووەو، ساڵی ١٩٩٩ دکتۆراشی لەزانکۆی دبلن لەئێرلەندا لەبواری پەروەردەدا بەدەستهێناوە، پیاوێکی بەئەزموونـەو

بەچل ساڵ تەفسیری قورئانی بەوانە وتۆتەوەو ئێستا کۆکراوەتەوەو کراوە بەکتێب، چەند پەڕاوی تریشی هەیە کە چەندجار چاپ کراونەتەوە.

جا لەوتارو نووسینەکانیدا هەندێ نموونەوبەسەرهات باس دەکات کەدایان دەنێ بەکرداری خوا کەئەوانەش بەڵگەونیشانەن لەسەردەسەلاتی بێپایانی خوا.

دکتۆر محمد راتب نابلوسی ئەڵێت: سێ جۆر ئایەت و بەڵگەونیشانە هەیە بۆ ناسینی خوا، یەکەم: ئاسمانەکان و زەوی و نەفسی خۆمان کەئەوانە خوا بەدیهێناون، ئەوانە ئەبێت بیریان لێبکەینەوە (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآَيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ (١٩٠) الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (١٩١)آل عمران).ئایاتی دووەم: قورئانە کەئەوەش ئەبێت تەدەبوری بکەیت (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآَنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا (٢٤) محمد ).

ئایاتی سێیەم: ئەو کردارانەی خوایە کە لەژیاندا ئەیانبینین، کەقورئان بەسەرهاتی زۆری تیایە (لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ.. يوسف)، بۆنموونە: پێغەمبەرێك سەلامی خوای لێبێت لەناوی تاریکی شەوو تاریکی بنی دەریاو تاریکی ناوسکی حوت دوعا دەکات(فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ (٨٧) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ (٨٨)الأنبياء) خواش وەڵامی ئەداتەوە، جا تەسدیقی ئەم ئایەتە بەردەوام ئەیبینین لێرەو لەوێ بەمەرجێك هەموو فەسڵەکانی روودواوەکە بزانین، ئەمەش چەند بەسەرهاتێکە کەخۆم ئاگادارم لێیان:

## بەسەرهاتی یەکەم:

چل ساڵێك پێش ئێستا لەشام پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند کۆچی دوایی کردو خانوویەکی لەپاش بەجێما کەبایی هەژدە ملیۆن لیرەبوو، کچێکی پارێزەری هەبوو بەلێزانی و تەزویر وای کرد کە براکەی بێبەش بکات کە چواردە منالّی هەبوو، خوا

زۆرمۆڵەتی نەدا و دوای یەك مانگ تووشی شێرپەنجە بـوو کوشـتی، براکەشـی تاقـە میراتگری بوو.. بـەڵێ بـەکۆڵێ گوناهـەوە گەڕایـەوە لای خـواو ئـەوەی بەتـەمابوو بیخوات لەپاشی بەجێما.. جائەمەش ئەو عیبرەتەیە کەقورئان باسی ئەکات..

### بەسەرهاتی دووەم:

لەبازاڕی شام لای برادەرێکم دانیشتم قاوەیـەکم خـواردەوە، باسـی کابرایـەکی قوماش فرۆشی کرد لەبازاڕی مەدحەت پاشا کە دەمەقاڵێیـەك بـووە لـەوناوەو پـاش ئەوەی بووە بەتەقە فیشەکێك بەرئەم کـەوتووەو تووشـی ئیفلیجـی کـردووە، تـائێرە رەنگە خەفەت بۆئەو کەسە بخۆیت، دواتر لەبرادەرێك بیستم کە ئەو قوماش فرۆشـە دەستی گرتووە بەسەر کرێی بینایەکی برازاکانیدا کە بێبـاوکن، رەنگـە تۆڵـەی خـوا بێت بۆی کەئەو ستەمەی کردووە..

### بەسەرهاتی سێیەم:

بازرگانێکی زۆردەوڵەمەند کـەزەکاتی سـاڵانەی چـەندە ئـەو دووهێنـدەی ئـەدا، بارێکی کانزای بۆهاتبوو لە دەریای سووردا نقووم بوو، تائێرە جێـی خەفەتـە، بـەڵام کەدوای دووساڵ ئەو کەلوپەل وکانزایانە دەرهێنرانەوە بازرگانەکـە بـەدەقاتی خـۆی فرۆشتی کەدیاربوو ئەوەی تووشی بوو حیکمەتی تیابوو.

### بەسەرهاتی چوارەم:

بازرگانێکی سووری لە وڵاتی کوەیت پشکی زۆری هەبوو بەسەردانێك هاتەوە بۆ سووریا کەزانی ئەو کۆمپانیایە سووی تیایە پەیوەنـدی کـرد بەبراکەیـەوە تانیوەشـەو بۆی حاسڵ نەبوو کە پشکەکانی بۆ بفرۆشێت و لەبەرخوا واز لەو کارەی بهێنێـت.. ئەوسا پەیوەندی کردن ئاسان نەبوو.. دواتر کەچـووەوە بـۆ کوەیـت براکـەی پێـی

وت: ئەزانی کۆمپانیاکە ئیفلاسی کردووە، یەکسەر لەهۆش خـۆی چـوو، کەهاتـەوە هۆش خۆی براکەی وتی: خەمت نـەبێت، ئەوشـەوە سـێ جـار هاتیتـە خـەوم وتـت پشکەکانم بفرۆشە منیش بۆ بەیانی فرۆشتم وخوا لـەو زیانە گەورەیە تـۆی پاراسـت، دیارە ئەوەش بەرەکەتی نیەتی خێرە..

**بەسەرهاتی پێنجەم:**

بڕوادار تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بۆنموونە بـرادەرێکم ئەگـەر کەسـێك دەعـوەتی بکات هەرچی بخـوات بەدڵیـەوە نانووسـێت تابۆسـبەی ئـەوەش بۆمـاڵ ومناڵەکـەی نەباتەوە، ئەوەنیە خۆی چی خۆشە بیخواو ماڵ ومناڵەکەشی پشت گوێ بخات.

جارێکیان گەڕامەوە بۆسوریا بەفڕۆکە کابتنی فڕۆکەکە کاتی خـۆی قوتـابیم بـوو بۆیە وەك ڕێزێك بردمیە لای خـۆی کـەژووری کـابتن سـێ کورسـی تیایـە بـەوەی خۆیەوە، لـەو ئاسمانەوە لەبـەرزی هـەزاران مـەترەوە مـاوەی نێـوان شـاری حمـص و دیمەشقم بینی کەسەدان کیلۆمەترە، ئەمە بوو بەوانەیەکی گەورە بۆژیانم کە هەرکـەس پلـــەی بـــەرزبێت و لەبەرزیـــەوە بۆشـــتەکان بڕوانێـــت زۆر بـــەفراوانی بیرئەکاتەوەورووبـەرێکی فـراوان دەبینێت.بەپێچـەوانەی ئەوانـەی کـە پێناگـەن و بیروبۆچوون و بینینیان تەسکە.

**بەسەرهاتی شەشەم:**

بڕوادار دەزانێت کـەخوا چـاودێرە بەسـەرکارەکانیەوە و لێـی دەپرسـێتەوە بۆیـە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە خوا لـەخۆی رازی بکات و نموونەیەکی جوانی ئیسلامەتی بێت.بۆنموونـە: دەوڵەمەنـدێك لەشـام کوڕەکـەی لـەمناڵێك ئـەدات بـە سـەیارەو ئەیکوژێت، ئەوەی کەهێڵکاری بۆدەکات ئەیەوێت کوڕەکەی ئەم بێتـاوان بکـات و بەجۆرێك راپۆرتەکە بنووسێت هەمووی بکا بەخەتای مناڵەکە، ئەمیش پێـی دەڵێـت:

کاری وانەکەیت خەتای کوڕەکەی من بووە، من ئامادەم خوێنی منالەکە بدەم، بۆئەوەی خوام لێ نەرەنجێت، ئنجا سەرباقی ئەوە پێنج کوڕی ئەو مالەی لەکارکەگەیدا دامەزراند بۆئەوەی بژێویان باش ببێت وهەقیان بۆبکاتەوە.دیارە ئەمەش هەر لەبەرخوا..

## بەسەرهاتی حەوتەم:

قازیەك لەزەمانی ئەمەویەکاندا چووە لای خەلیفەو وتی: ئەمەوێ لەقەزا لام ببەیت، وتی: بۆ؟ وتی: دوێنێ دووان کێشەیەکیان هەبوو، یەکێکیان سەبەتەیە خورمای نایابی بۆهێنام، هەرچەند وەرم نەگرت، بەلاّم ئەمڕۆ لەدلّەوە حەزم دەکرد هەق بەلای ئەمەوە بێت، ئەمەش بەگوناه ئەزانم کەلەدلّەوە حەزم بەوەکردووە، سبەی چی جوابی خوا بدەمەوە لەقیامەتدا.. بەڕاستی ئەمەش ئەو وەرع و خۆپارێزییەیە کەبەداخەوە زۆرکەمبۆتەوە.. ( وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (٢٨١) البقرة ).

## بەسەرهاتی هەشتەم:

بڕوادار لەبەرخوا خاوەنی قسەی خۆیەتی و پەیمان ناشکێنێ چونکە پەیمان شکێنی لەسیفەتەکانی دووڕووەکانە.. بۆنموونە: دووبرادەر لەشام پێکەوە گەورەبوون یەکێکیان مەسیحی و ئەوی تریان موسولّمان، موسولّمانەکە ژن دێنێ و زۆر ئاتاجی بەخانوویەکی کرێ دەبێت تاژنەکەی بگوێزێتەوەو خانووش دەستناکەوێت، ئەچێتە لای برادەرە مەسیحیەکەی کە خانوو ئەکرێت و ئەفرۆشێت کەهەرچۆنێك بێت کێشەکەی بۆچارەسەربکات، ئەویش ئەلّێت: من خانوو ئەکڕم و ئەفرۆشم وخانوو نادەم بەکرێ، موسلّمانەکە ئەلّێت: جاتۆ خۆ هەر داتناوە بۆفرۆشتن بامن بچمە

خانوویەکتەوە کرێشت ئەدەمێ وکەی کڕیارت بوو پەیمان بێت لەماوەی سـێ ڕۆژدا بۆت چۆڵ بکەم..

بەهەرحاڵ دڵی ناشکێنێ وخانوویەکی ئەداتێ، پاش ماوەیەك نرخی خانوو بـازی دا ومەسیحیەکە هاتە لای و وتی: خانووەکەم ئەفرۆشـم، تـۆ وتـت بەسـێ ڕۆژ چـۆڵی ئەکەم ئەوەشەش مانگ بۆتۆو چۆڵی بکە، لەو کاتەدا ئەبوایـە پارەیـەکی زۆر بـدەی بەکرێچی تاچۆڵی بکات.. ئەوەبوو دوای سێ ڕۆژەکە کلیلـەکانی بۆهێنـاو چـۆڵی کرد، مەسیحیەکە بڕوای نـەدەکرد، چـوو سـەیری خانووەکـەی کـرد، بـینی چـۆڵ کراوەو پاکیش کراوەتەوە.. لەوکاتەدا دراوسێیەك هـات و پێـی وت: ئەوەچـەندت دابوویە وازوو بۆی چۆڵ کردی؟

وتی: بـۆ؟وتی: هـەموو کەلوپـەلی ماڵەکـەی تاڵـانفرۆش کـردو چـووە ئوتێـل، مەسیحیەکە چووە لای برادەرەکەی و وتـی: مـادام ئەوەنـدە پیـاوی ئەوەخانووەکـە بەنرخە کۆنەکەی ئەتدەمێ وکـەی پـارەت بـوو بمـدەرێ، هەرچـیت کرێشـت داوە لەهەقەکەی دەری ئەکەم و هەرچیشت پێویستە لەکەلوپەل بـۆتی ئەکڕمـەوە.. بـەڵێ لەسەر تاسەری دونیادا ئیسلامەتی بەڕەوشتی بەرزو مامەڵەی جوان بڵاوبۆتەوە..

### بەسەرهاتی نۆیەم:

ئەندازیارێك کە لەنەمسا خوێندبووی هاتـە لام و وتـی: لـە کارگەیـەکی گـەورە لەدیمەشق کاردەکەم وهەفتەی سێ جار تا پێنج جار فـێ دەمگـرێ و زۆر نارەحـەتم، جاری واهەیە لەئوتومبیلدام، منیش وتم: خوای گەورە دەفەرموێت: مَا يَفْعَـلُ اللَّـهُ بِعَذَابِكُمْ إِنْ شَكَرْتُمْ وَآمَنْتُمْ وَكَانَ اللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا (١٤٧)النساء..

کاغـەزو قەڵـەمێکی دەرهێنـاو وتـی: چـی ئەفـەرموویت وابکـەم، منـیش باسـی پابەندبوونی بە پەرستشەکانەوەو خێرو چاکە کردنم بۆکرد هەمووی نووسی، دەسـتم لەسەردڵم بوو ترسام ئەوانـە بکـات و خـواش تاقیبکاتـەوەو نەخۆشـیەکەی لەسـەر

هەڵنەگرێت، جومعەی یەکەم وانـەم دەوتـەوە هاتـەوە و وتـی: سـوپاس بۆخـوا ئـەم هەفتەیە تووشم نەبووە، هەفتەی دووەم وسـێیەم وچـوارەم و پێنجـەم نەهاتـەوە بـۆی وهەفتەی شەشەم دیارنەبوو، هەفتەی حەوتەم هاتەوە وتی: هەڵەم کرد وفەرمانی خوام شکاند بۆم هاتەوە.. جا ئازیزەکانم خـوای گـەورە جـاری واهەیـە ئەزیـەت و ئـازار ئەنێرێت لـەبەر ئەوەی وریامان بکاتەوەوتا دوا پلە خوا بەرژەوەندی ئێمەی ئـەوێت و حەزدەکات رێك و راست بین لە ژیانماندا..

## بەسەرهاتی دەیەم:

خوای گەورە لەقورئاندا فەرمانمان پێئەدات بە دادپـەروەری و ئیحسـان (إِنَّ اللَّـــهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (٩٠) النحل ).بۆئەوەی لـەمە تێبگەین بەسەرهاتێکتان بـۆ دەگێڕمـەوە، ژمێریارێك لەکۆمپانیایەك کاری ئەکرد کە هـی دوو شـەریك بـوو، هەنـدێ پـارەی بۆخۆی لادابوو، یەکێکیان ویستی شکاتی لێبکات، ئەوی تریـان نەیهێشـت و وتـی: من پارەکەی لەحسابی خۆم بۆ ئەبڕێرم و وردە وردە بەقیسـت لـێـی وەردەگرمـەوە، خۆبیاندایە بە دادگا ئەوە (عدل) ە بەڵام بۆی بدەیتەوەو لـەسـەری بوەسـتی و دەسـتی بگریت هەستێتەوە ئەوە ئیحسانە کـەخوا ئیحسـانی لەهـەموو شـتێکدا دانـاوە، ئـەو ژمێریارە تەوبەی کردو پارەکانیشی دایەوەو پێش دوو سێ مـانگ لـەئەمـەریکا بینـیم بووبـوو بـە ئیمـامی مزگـەوت.. دەی ئەگـەر ئەوئیحسـانە نەبووایـە تێکدەشـکاو بەیەکجاری تیادەچوو.

## بەسەرهاتی یانزەیەم:

ئیمامی مزگەوتی (الورد) لـەدیمەشق پـێش دەیـان سـاڵ خـەو بەخۆشەویسـتمانەوە ئەبینێت (د.خ)کەپێی دەفـەرموێت: بەفلانـە کـەس بلـێ هـاوەڵی منـە لـەبەهەشـتدا،

ئەویش بۆبەیانی بەکابرا ئەڵێت: وەرە مژدەیەکم پێیە بۆت لەسەروەرمانەوە بەلأم ئەبێ پێم بڵێی چیت کردووە بۆخوا، وەلحاسڵ وازی لێناهێنێت تا بزانێت ئەو پلەیەی بەچی دەستکەوتووە؟

ئەویش ئەڵێت: کە هاوسەرگیریم کرد بۆم دەرکەوت کە هاوسەرەکەم دەستدرێژی کراوەتە سەری و دووگیانیشە، ئەمتوانی بەکەسوکاری بڵێم ولێی جیاببمەوە، لەبەرخوا سەترم کردو، کەمناڵەکەشی بوو چووم لەبەرمزگەوت بەیانیەك بەدزیەوە دامناو خەڵك کۆبوونەوەو وتم: ئەگەر کەس نیە بەخێوی بکات من دەیکەم، مناڵەکەشم هێنایەوە لەبەرخوا بەخێوم کرد..

مامۆستاکە وتی: دیارە بەڕاستی ئەوە لەدەست هەمووکەس نایەت، ئەوئیحسانەتۆی بەو پلەیە گەیاندووە.

بەندەش هەڵوێستەکەی رەحمەتی مامۆستا شەماڵم بیرکەوتەوە کەوتیان بۆ شکات ناکەی لەوەی دزی لێکردووی، وتی: چۆن شکاتی لێدەکەم، من دوعای بۆدەکەم خوا سەتری بکات سابەڵکو تەوبە بکات..

### بەسەرهاتی دوانزەیەم:

پارێزەرێك بۆی گێڕامەوە کە وەکیلی کەسێك بووە لە قەزیەیەکی کوشتندا، قازی حوکمی کوشتنی بۆدەرکرد و منیش تەبلیغم کرد زۆر لای ئاسایی بوو، پێموت: تۆ بەڕاست کوشتوتە؟وتی: چەند تۆ ئاگات لێیە منیش ئەوەندە.زۆرم پێسەیر بوو رۆژی جێبەجێکردنی حوکمەکەی ئامادەبووم، کەهێنیان وتی: تازە خۆمن هەر ئەکوژرێم بەلأم من ئەو کەسەم نەکوشتووە، سی ساڵ لەمەوبەر مەئموری مەرکەزێکی پۆلیس بووم زەمانی فەرەنسیەکان، ئەفسەرێکی فەرەنسی کەسێکی هێنا کەلای ئێمە بەندبێ تابەیانی و بەیانی بیکوژن، شەو کابرا رایکردودەرباز بوو، منیش لەتاو گیانی خۆم چووم لادێ نشینێکی داماوم هێناو بەندم کرد بەبێ ئەوەی ئاگای

لەهیچ بێت بۆ بەیانی ئەو داماوەیان کوشت، ئەمەی من پاداشتی ئەوەیە وا ئێستا وەریدەگرمەوە..

بەڕاستی خوا تۆڵەسێنەو ئەگەر بۆماوەیەکیش لغاوبۆکەسێك شل بکات کەگرتیەوە هەقی بەرودوای لێدەسێنێت و مسقاڵە زەرەی لێوون نابێت.عومەری کوڕی خەتاب خوا لێی رازی بێت دەڵێت: حساب لەگەڵ نەفسی خۆتانا بکەن پێش ئەوەی حسابتان لەگەڵ بکرێت، کاروکردەوەتان بکێشن پێش ئەوەی لەتەرازووی قیامەتدا بۆتان بکێشن..

## حاکم رزگار بەسەرهاتی گەنجێک دەگێڕێتەوە

حاکم رزگار، بەم جۆرە بەسەرهاتی دزێکی گەنج دەگێڕێتەوە و دەڵێت: " لە سلێمانی بەرپرسی بەشی جینائی بووم، رۆژێك دزێکی گەنجیان هێنا، کە لەسەر دزی بە شەرە تەقە گیرابوو، خۆیشی دانی نا بە تاوانەکەیدا، ئەو رۆژە ٢٠ خوێندکاری بەشی یاساش هاتبوون بۆ ئەوەی لە دادگا ئامادەبن لە کاتی دادگایکردنی تۆمەتبارەکاندا، کە دزە گەنجەکە دادگایی کرا، من حوکمەکەیم خوێندنەوە کە زیندانی کردنی ئەو گەنجە بوو بۆ ماوەی(٧) ساڵ.

گەنجەکە لە پێش چاوی دادگا و خوێندنکارەکانی بەشی یاسا زۆر جنێوی پێدام، منیش هیچ وەڵامێکم نەدایەوە، لە کاتێکدا دەسەڵاتم هەبوو کە (٥) ساڵی تریش بۆ زیاد بکەم، چونکە شکۆ و حورمەتی دادگای شکاندبوو، بەڵام من هیچ سزایەکی دیکەم بەسەریدا نەسەپاند و ڕووم کردە قوتابییەکانی بەشی یاسا و پێم گوتن: ئەمە دەرسێکی باش بوو بۆ ئێوە، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێوە بوون بە دادوەر یان داواکاری گشتی، تەرەفێك جنێوی پێدان، نابێ خۆتان دابەزێننە ئەو ئاستە و وەڵامیان بدنەوە.

چەند سالێك تێپەڕی، ڕۆژێك لەگەڵ تیمی دادگا دەچووین بۆ تەقتەق، لە کانی وەتمان لاماندا، گەنجێك کە لە چێشتخانەکە کاری دەکرد، بەپیرمەوە هات و بە گەرمی سەلامی لێ کردم و تەوقەی لەگەڵدا کردم، منیش نەمدەناسییەوە، برادەرانیش گوتیان دیارە ئەو گەنجە ناناسیتەوە، ئەمە هەمان ئەو گەنجە بوو کە لە دادگا جنێوی پێ دایت، دیاربوو بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرابوو.

گەنجەکە وتی: جەنابی حاکم داوای لێبوردنت لێ دەکەم، بەڕاستی زۆر پەشێمانم لە کارەکەم، منیش پێمووت: من هیچم لە دڵدا نییە بۆ تۆ، بەس یەك داواکاریم لە جەنابتان هەیە، تکایە لەم کارەت بەردەوامبە و نەگەڕێیەوە سەر کارەکەی پێشووت کە دزیکردنە، چونکە کارێکی خراپە.

ئینجا لە ڕووی مادیشەوە یارمەتیم دا."

لەم بەسەرهاتە چەند پەندێك فێر دەبین:

١– گەورەیی ئێمەی مرۆڤ لەوەدایە هەمیشە سنگفراوان و لێبوردە بین.

٢– خۆمان دانەبەزێنینە ئاستی هەر کەسێك.

٣. لەبری خراپە، چاکە بکەین، چونکە چاکە بزر نابێت و دوژمن دەکاتە دۆست.

٤– دەستی هاوکاری بۆ هەژارەکان درێژ بکەین.

٥– لە کاتی تەنگانە دان بەخۆماندا بگرین و کاردانەوەی نابەجێ نیشان نەدەین.

٦– بە کردار وانە بە قوتابییەکانمان بلێینەوە نەك بە تیۆری.

٧–هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو کەسانە بدەین کە بەلاڕێدا چوون.

٨– کە دەسەڵاتمان هەبوو، هەموو هێز و قووەتی خۆمان بەکارنەهێنین بەرامبەر ژێردەستەکانمان.. (پەیجی محمد ساڵح پێندرۆیی).




## سبحان الله.. ئەوەش بەدیهێنراوێکی خوا:

هیچ بەرنامەیەك لەم سەرزەویەدا نەبووەو نابێـت وەك ئـەم ئیسـلامە مەزنـە هـانی مرۆڤـی دابێـت لەسـەربیرکردنەوە لەبەڵگـەو نیشـانەکانی نەفسـی خـۆی وزەوی و ئاسمانەکان، چەند زانست پێش بکـەوێت خزمـەتی زیـاتر بـەئیمان دەکـات، زانایـان رۆبیانێکی بچووکیان دۆزیتەوە پێی دەوترێت رۆبیـانی دەمانچـە، لـەبنی دەریاکانـدا بۆئەوەی رۆزی خۆی دابین بکات خوا چەکێکی پێداوە هەموو مرۆڤایەتی بەوهـەموو پێشـــــکەوتنەی ئەمڕۆیانـــــەوە لەبەردەمیدا چۆك دائەدەن.



ئەم رۆبیانە بلّقێکی ئاو دروست ئـەکات بەشـەویلاگەکانی کـەزۆر بەهێزن و بەخێرایی ئەیهاوێت و ئەو بلّقـە ئـاوە دەتـەقێت کەبـەر نێچیرەکەی دەکەوێت و ئەیکوژێت، ئەڵێن گەرمی ئەو بلّقە ٤٠٠٠ پلەی سـەدیە، هـەروەها لەیـەك لەسـەر ترلیـۆنێکی چرکەیەکدا بەخێرایی( ١٠٠تا ١٥٠ )کیلۆمـەتر زیـاتر لەسـەعاتێکدا ئەیهاوێـژێت،

ئنجا لەرەلەریکی دەنگی بەرزی هەیە کەئەو لەرەلەرەبەرزەی دەنگەکە نێچیرەکە ئەکوژێت، ئەمەش تەسدیقی ئەو ئایەتەیە کەهەرچی لەئاسمانەکان و زەویدان خوا رۆزیان پێئەدات و بەرنامەی ژیانی بۆداناون.( وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ (٦)هود).




**تەفسیرێکی ناوازە:**

سوپاس بۆخوا تەفسیرێکی ناوازەی زۆرنایاب کتێبخانەی کوردی رازاندەوەو دەوڵەمەندی کرد، ئەویش تەفسیری (سایەی قورئان)ە کە مامۆستای گەورەو خۆشەویستمان دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی بەوانە لەمزگەوتی بەختیاری وتوویەتیەوەو پاشان نووسراوەتەوەو بووە بەکتێب. مەگەر خوا بۆخۆی بزانێت چەند دڵخۆش بووم بەو تەفسیرە.

لەساڵانی حەفتاوە تەفسیری (فی ظلال القرآن ) ی سەیدی رەحمەتیم خوێندۆتەوەوگوێم لە زۆر لە ئەڵقەکانی بەرنامەی تەفسیری شەعراوی و دکتۆر فاضل سالح سامەڕائی و بەرنامەکانی دکتۆر ئەحمەد کوبەیسی گرتووە، زۆر شادمان

ئەبم کە شتێکی تازە لەقورئان فێرئەبم، بەئاواتەوە بووم کـە کەسـێکی عـەرەبی زانـی کوردی زانی شەرع زان تەفسیرێکی ناوازەمان بۆبکات، ئەمرۆ کە تەفسیری سورەتی (نەحل) ی جەنابی دکتۆر عوسمانم خوێندەوە زیاتر دڵنیابووم کە ئەو کارە مەزنـە بـەو بەرێزە ئەکرێت، هیوادارم ئێوەش سوود لەو تەفسیرە ببینن وچێژی زیـاتر لـەقورئانی پیرۆز وەربگرن.

خوایە بۆخاتری گەورەیی خۆت تەمەن و تەندروستی باش بەدکتۆرمان ببەخشە تـا ئەو کارە مەزنەو ئەوخزمەتە گەورەیە بەقورئان بکات بەزمانی کوردی.




## محمود عبدالحلیم:

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی ئیخوان موسلمین لە کتـێبی (الاخـوان المسـلمون احداث صنعت التاریخ)دا رووداوێکی سەیر ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ: باوی ئیخوان وا بوو کە رۆژانی جومعان مەلایان ئەنارد بە هەموو ئـەو لادییانـەدا کـە مـەلایان نـەبوو تـا جومعە و جەماعەتیان بۆ بکەن.

جارێکیان من و بەرێز صالح عەشماوی مزگەوتی احمد زکی پاشامان بەرکـەوت لـە ( الجیزە )، لەگەڵ هاوڕێکەمدا پێش نوێژی جومعە گەیشتینە ئەوێ، کە بانگی دا مـن

چوومه سەر دووانگە و دەستم کردە وتاردان بۆ ئەو خەڵکە، سەیری دەم و چاوەکانم ئەکرد و لێیان ورد ئەبوومەوە... پیاوێکی ڕوو جوان و ڕیشسپی و نورانیم بینی لە ناویاندا مێزەرێکی بەسەرەوە بوو، ئەبلەقم بوو بوو، وەك ئەوە وابوو بەشوێن مندا بگەڕێ، سەرقاڵی خۆی کردم! کە لە وتارەکە لێبوومەوە و نوێژەکەم بۆیان کرد، خەڵکەکە هەمووی یەك یەك تەوقەیان لەگەڵ کردم، من هەر چاوم بۆ ئەو کابرا ئەگێڕا نەمدی بێت و تەوقەم لەگەڵ بکات...

کاتێك بینی دەورم چۆڵ بوو هات بەرەو ڕووم و منیش بەرەو ڕووی ڕۆیشتم و زۆر بە توندی و خۆشەویستیەوە دەستی گوشیم، پاشان تەوقەی لەگەڵ هاوڕێکەشمدا کرد و فەرمووی لێ کردین بۆ ماڵەوە و هەرسێکمان لە مزگەوت هاتینە دەرەوە و بەرەو ماڵی بردینەوە، کاتێ کە ڕۆیشتینە ژوورەوە و دانیشتین.

کابرا وتی: حەز ئەکەم یەکتری بناسین، کارتێکی شوناسنامەی دایە دەستم و سەیر ئەکەم ئەو ناوەیە کە لەسەر دەرگای خانووەکە نوسرا بوو – منصور مهران – مامۆستای قوتابخانەی – دارالعلوم – ی ئەوکاتە بوو، منیش ڕێزێکی زۆرم بۆ کابرا نوواند و وتم: قوربان من فلان کەسم بەکالۆریۆسی کشتوکاڵ و خاوەنی کارگەی شیری ( مفاتحه ) و هاوڕێکەشم بەڕێز صالح موستەفا عەشماویە دەرچوی کۆلێژی بازرگانیەو ژمێریاریشە، پیاوەکە وتی: ئەرێ کۆمەڵی برایانی موسڵمان هەرجارەی چەندێك پارەتان ئەداتێ کە ئەم کارانەیان بۆ ئەکەن و ئەگەر بە مانگانەش ئەم کارە ئەکەن ئەوە مانگی چەندتان پێ ئەدات؟

وتم: قوربان ( برایان ) کە ئێمە دەنگی ئەو ئەگەیەنین بە خەڵکی پارە نادات لە پاداشتی ئەم کارانەدا نە مانگانە و نە هیچ.

وتی: کەواتە کێ خەرجی ڕێگەوبان و هات و چۆی ئێوە ئەگرێتە گەردن؟ لە جیاتی ئەم ماندوو بوونەتان؟

وتم: قوربان ئەم ماندووبوونە بێبەرامبەرەو هەریەکەشی خۆی خەرجی هاتووچـۆی خۆی ئەکات.

وتی: تەنیا ئێوە وان، یان هەموو بانگخوازانی تریش هەر خۆیـان خـەرجی خۆیـان ئەکەن؟ وتم: بەڵێ هەموومان هەر بەو شێوەیەین.

وتی: ئەی کۆمەڵەکەتان کەسی نەگرتووە کاری بۆ بکات و لـەجیاتی کارەکـەی پارەی بۆخەرج بکات؟

وتم: هەموو بانگخوازانی تریش هەر بۆ خوا کار ئەکـەن.. و نـەك هـەر ئـەوەش بەڵکو لـە گیرفانی خۆشیان بەشـی بانگەوازەکـەیان ئـەدەن هەرکـەس بـەپێی توانـای خۆی.

وتی: هەر ئەندامەی چەند ئەدات لە مانگێکدا؟

وتم: بەشداریکردن دیاریکراو نییە... هەیە کە نییەتی وهیچ نادات و هەیشە ( ٥ ) قرش و هەیە ( ١٠ ) قرش و هەشە جونەیهێ ئەدات و هەشـە زیـاتر و بـەپێی توانـا، جیاوازی نییە لە نێوان هیچ کەسێکدا.

وتی: کێ سەرۆك و گەورەی کۆمەڵەکەیە؟

وتم: قوربان.. کۆمەڵ گەورە و سەرۆکی نییە بەڵکو ڕابـەری گشـتی هەیـە. کـە ئەویش مامۆستا ( حەسەن بەننا ) یەو دەرچووی ( دارالعلوم ) ە ئێستاش مامۆسـتای قوتابخانەی ( عباس ) ی سەرەتاییە لە ( سبتیە ). وتی: کۆمەڵەکە مووچەی ئەداتێ؟

وتم: نەخێر قوربـان، بـەڵکو ئـەو مووچەیەشـی کـە وەریئـەگرێت لـە وەزارەتـی مەعاریف دابەشی ئـەکات بەسـەر خـۆی و مـاڵ و منـاڵ و کۆمەڵەکەیـدا و لـەسـەر گیرفانی خۆیشی شار بە شار و دێ بە دێ ئەگەڕێت و هەموو هەفتەیـەك جـارێ یـان زیاتر ئەو کارەش ئەکات و بانگەواز بڵاوئەکاتەوە.

کە ئەمانەمان وت، پیاوەکـە چـاوی پڕ بـوو لـە فرمێسـك و ڕووی تێکـردین و فەرمووی: گوێ بگرن کوڕەکانم... بەڕاستی خۆشترین ڕۆژی ژیـانم ئەمڕۆیـە.. مـن

ئیمانم وایە کە ئەم بانگەوازەی خوا بە کەسانێ سەرئەکەوێت و پێشئەکەوێت کە بۆی بژین نەك لەسەری بژین، پاشان وتی: ئێمەی پیاوانی ئەزهەر بەڕاستی ئێستەش هەر قەرزاری ئەو هەمووە پیاوەین کە بە دەستی خۆیان کاریان ئەکرد و پاشان زانستیان بۆ ئێمە ئەنوسییەوە، وەك: شێخ الصباغ و شێخ النجار و شێخ الحداد کە بەناوی کار و پیشەکانیانەوە شۆرەتیان پەیدا کردووە و، کە لە کارەکەیان لێبوونەتەوە دەستیان کردووە بە نووسینی ئەم کتێبانە کە ئەمڕۆ ئێمە لەژێر ڕۆشنایی کتێبەکانی ئەوانەوە ڕوومان کردووەتە خوای گەورە.

کوڕەکانم... ئۆخەیش ئیتر لە ئەمڕۆ بەدواوە بشمرم قەیناکات چونکە دڵخۆشم بەوەی کە ئەو کۆمەڵە کەسەی کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویستی پێی بوو پەیدابوون و لە مەیداندان، کە لە ڕاستیدا گەشبوونەوەو زیندوو بوونەوەی ئیسلام لە ئەستۆی ئەواندایە... من و هاوڕێکەم زۆر سوپاسی لوتفی ئەو پیاوەمان کرد و خوا حافیزیمان لێکرد و داوامان کرد سەرێك بدات لە بارەگای گشتی.

وتی: لەبەر بێهێزی لەشم توانام نییە، بەڵام سڵاو و حورمەتم بگەیەننە جەنابی ڕابەری گشتی، ئێمەش کە گەڕاینەوە و باسەکەمان بۆ جەنابی ڕابەر گێڕایەوە، فەرمووی: ئەی یادی بەخێر، بەڵێ ئەوە مامۆستام بوو لە قوتابخانە ونموونەی ئەم پیاوانە و بەم تێگەیشتنە جوانەوە لە جیهانی ئیسلامیدا بەڕاستی زۆر کەم و دەگمەنن.( ئەکاونتی مامۆستا ئیکرام کەریم )..

## ئەزموونی ژیان:

دکتۆرە نەوال سەعداوی ساڵی ١٩٣١ لەمیسر لەدایکبووەو ساڵی ١٩٥٥ زانکۆی قاهیرەی تەواوکردووەو بووە بە پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشی دەروونی و نەخۆشیەکانی سنگدا.. ناوبراو بەحسابی خۆی بەرگری لەمافی ئافرەت ئەکرد بۆ

ئەمە دژایەتی هەموو ئاینەکانی دەکرد، چەند پەڕاوی نووسیوە و لەوەدەچێت دوا چاوپێکەوتنی بێت ناوبراو ئەڵێت: عەلمانیەت وەهمە وەك دیموکراسیەت، وڵاتانی زلهێز بۆمەرامی خۆیان بەکاری دەهێنن، لەکاتێکدا من هەموو تەمەنم بەخت کرد لەپێناویدا و بەندکرام لەسەری ودژایەتی کرام کەسانێك هەبوون پێی دەوڵەمەند بوون.عەلمانیەت مەبەست لێی جیاکردنەوەی دینە لەدەوڵەت، کەئەمەش هەرگیزنابێت و دین ودەوڵەت یەکتری تەواو دەکەن.

هەرباشە لەدوا رۆژەکانی تەمەنیدا ئەم راستیەی درکاندووە، هەروەك چۆن تەها حوسەین هەموو تەمەنی دژایەتی ئیسلام و قورئانی کرد کەچی لەدوارۆژەکانی تەمەنیدا تەنها گوێی لەقورئان دەگرت هەروەك شێخ شەعراوی گێڕاویەتیەوە.

### دونیایەکی سەیرە:

ئەمڕۆ دونیا وەك گوندێکی بچووکی لێهاتووەو هەرچی لەژێربەرەدا بوو وردەوردە دێتە سەر بەرە، مایك ئیفانز دامەزرێنەری مەرکەزی کەلەپوری ئیسرائیلی لەئەمەریکا بەئاشکرا ئەڵێت: ئەوەندەی ئیمارات و سعودیە هاوکاری ئسرائیل دەکەن هەندێ لەجوولەکە نایکەن، من موحەممەدی کوڕی سەلمانم بینی و پێم وت: رات چۆنە بەرامبەر گاورو جوولەکە، وتی: هەردووکیانم خۆش دەوێت، بەتایبەت کەمن دایکم جوولەکەیە، دووسەعات و نیو قسەمان کرد لەمبارەیەوە، وتی: من خزمەتکارەکەی ماڵەوەمان کەدایەنم بوو بەخێوی کردووم ئافرەتێکی جوولەکەی ئەسیوبی بوو.وتم: ئەی بۆفەلەستینیەکان ئەڵێی چی؟وتی: باکۆپیەکی ئیسرائیل بکەن بۆخۆیان..

بەڵێ ئەم نەفام وخۆفرۆش وکورسی پەرستانە ئەکەنە کاربەدەستی ئەم وڵاتانە کەئاوا بڕوات جیهانی ئیسلامی زۆرحاڵی لەئێستا خراپتر ئەبێت، لەڤیدیۆیەکی تردا

شارەزایەکی بیانی ئەڵێت: جائەمانە بە بنەماڵە تەمەنیشیان درێژەو تا دەیان ساڵی تر خەمان نیە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە دەبێت و هەرچۆنێکمان بوێت هەڵیان ئەسوورێنین، هەرزووش ترامپ وتی: سعودیە وەك مانگایەکە تاشیرمان بداتێ رایئەگرین و شیری نەما سەری دەبڕین..

جا ئالێرەوە روون دەبێتەوە بۆئەمانە ئاوا دوژمنایەتی رابوونی ئیسلام ودەنگە ئازادە ئازاکان دەکەن و بەهەزاران بانگخوازی بۆخوا سوڵحاو بەندیخانەکان بووەتە مەئواومەسکەنیان ومالۆمناڵیان سەرگەردان کردوون..




**مایکڵ جاکسۆن دەیویست ١٥٠ ساڵ بژی:**

١٢ پزیشکی تایبەتی لە ماڵەکەی خۆی دامەزراند بوو، ڕۆژانە پشکنینیان بۆ دەکرد هەر لە تاڵەکانی قژی تاکو نینۆکەکانی پەنجەی پێی.

هەموو ژەمێك خواردنەکانی لە تاقیگە پشکنینی بۆ دەکرا ئینجا دەیخوارد، هەروەها ١٥ کەسی تر ڕۆژانە وەرزشیان پێ دەکرد و ڕێنمایی پێویستان پێ دەدا سەبارەت بە هەڵسوکەوتەکانی ژیانی ڕۆژانەی.

تەنانەت شوێنی خەوتنەکەشی بە شێوەیەکی تەکنەلۆژیای نایاب دروست کرابوو، بۆ ئەوەی لە کاتی خەوتن ئۆکسجین ڕێکبخات.

لە هەموو ئەمانەش سەیرتر، مایکڵ پێشوەخت ئەندامی لاشەی کۆمەڵێك مرۆڤی کڕیبوو، بۆ ئەوەی هەر کاتێك پێویستی بە ئەندامێکی لاشەی مرۆڤ بێت، یەکی نەکەوێت و بە زووترین کات بەردەست بخرێت، بۆ ئەوەی ژیانی خۆی لە مردنێکی لەناکاو ڕزگار بکات.

ئەم مرۆڤانەی مایکڵ جاکسۆن گرێبەستی کڕینی ئەندامانی لاشەی لەگەڵ واژۆ کردبوون بە بەردەوامی لەلایەن چەند پزیشکێکی تایبەت و شارەزاوە چاودێری دەکران.

مایکل جاکسۆن یەکەم هونەرمەندە لە مێژوودا زۆرترین نەشتەرگەری جوانکاری بۆ ئەنجام درابێت، بە جۆرێك گەیشتبووە ڕادەی ئالودەبوون بە نەشتەرگەری جوانکاری.

سەیرترین و گرانترین نەشتەرگەری لە ساڵی ١٩٨٧ بۆی کرابە بڕی یەك ملیۆن دۆلار بۆ گۆڕینی پێستی تا وەك کەسێکی سپی پێست دەرکەوێ.

ئەو هەموو خۆپارێزی و ئامادەکاریە پێشوەختە بۆ ئەوەبوو ١٥٠ ساڵ بژی.

بەڵام هەموو پلان و ئامادەکارییەکان شکستیان هێناومایکڵ لە بەرواری ٢٥ ی ٦ ی ٢٠٠٩لە تەمەنی ٥٠ ساڵی دڵی لە لێدان کەوت و مرد.

پزیشکە تایبەتیەکانی هەموو هەوڵێکیان دا بەڵام بێ سوود بوو، تەنانەت داوای پاڵپشتی کرا لە چەندین پزیشکی بەناوبانگی تر لە لۆس ئەنجلۆس و کالیفۆرنیا بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی لە چنگی مردن دەریبهێنن.

مایکڵ بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ هیچ هەنگاوێکی نەدەهاویشت بەبێ ڕاوێژکردن بە پزیشکەکانی، بۆ ئەوەی خەونە ئەفسوناویەکەی بێتە دی و ١٥٠ ساڵ بژی و شەڕ لەگەڵ مەرگ بکات.

مایکڵ جاکسۆن ڕۆیشت و ڕۆیشتنەکەی ڕاستەوخۆ لە شاشەی تیڤیەکانەوە دەگوزرایەوە بە بەشداری ٢ ملیۆن و نیو کەس، ئەمەش درێژترین ماوەی گواستنەوەی ڕاستەوخۆ بوو لە مێژوودا بۆ مایکڵ جاکسۆن ئەنجام درابێت، ئەمە دواهەمین پەخشی مایکڵ بوو، پەخشی مەرگ و ماڵئاوایی.

مایکڵ ویستی بەرەنگاری مەرگ بێتەوە بەڵام مردن ئەوی ڕەوانەی ناخی زەوی کرد. مەرگ ئەوی لەماڵێکی شاهانەوە بەرەو قەبر ڕاپێچ کرد.

مایکڵ ئەو کەسەیە ٢١ جار ناوی لە کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەیەکان تۆمارکراوە.

مایکڵ خاوەنی پڕ فرۆشترین ئەلبوومی گۆرانیە لە مێژوودا.

یەکەم گۆرانیبێژە لە مێژوودا خاوەنی زۆرترین خەڵاتی ڕێزلێنانە.

مایکڵ یەکەم گۆرانیبێژە دوای مردنیی ساڵانە چەندان ملیۆن دۆلار دەچێتە سەر حسابە بانکیەکەی." وێنەکە مایکڵ جاکسۆن و دۆناڵد ترامپە "

م. هیرش کانیی شێخ شروانی _ئەکاونتی محمد فارس..



**لەجوانیەکانی توراسی ئیسلامی(نەخۆشخانەکانە):**

نەخۆشخانەی مەنصوری گەورە کە بە (بیمارستانی قلاوون) ناسراوە، سەرەتا خانەی هەندێ لە میران بوو، بەڵام شا (سەیفەدین قلاوون) لە ساڵی **١٢٨٣**ز دا گۆڕی بۆ نەخۆشخانەیەکی گشتی و وەقفێکی تایبەت کرد پێوەی کە ساڵانە هەزار درهەمی بۆ خەرج ئەکراو مزگەوتێك و قوتابخانەیەكو نووسینگەیەکی تایبەت بە هەتیوانیشی لکاند پێوەی!

ئەڵێن: هۆی دروستکردنەکەی ئەوەبوو کە شا (قلاوون) کە بەرەو شەڕی ڕۆمەکان بەرێکەوت لەوسەردەمەدا کە (ظاهیر بیبرس) لە ساڵانی (**١٢٧٥**ز) دا دەسەڵاتی هەبوو، ئەم قلاوونە لە دیمەشقدا نەخۆش ئەکەوێت و دکتۆرەکان ئەچن لە نەخۆشخانەی گەورەی نووری دەرمانی بۆ ئەهێنن و چاك ئەبێتەوە و سواری ئەسپەکەی ئەبێت و ئەچێت بۆ نەخۆشخانەکەو سەرسام ئەبێت پێی و (نەزر) ئەکات ئەگەر خوا موڵكو دەسەڵاتی بداتێ نەخۆشخانەیەکی لەو شێوەیە دروست بکات، کە خوای گەورە کردیە سوڵتان، ئەو خانەی میرانەی کڕی و کردی بە ئەو نەخۆشخانەیە.

ئەم نەخۆشخانەیە یەکێك بوو لە شتە زۆر سەرسوڕهێنەرەکانی دونیا لە رووی ڕێکخستنو بەڕێوەبردنەوە، دایناببوو کە ئەم نەخۆشخانەیە دەرگای کراوە بێت بۆ هەموو خەڵکیو گشت کەس سودی لێ ببینێ، نێر بێت یان مێ، کۆیلە بێت یان ئازاد، بەرپرس بێت یان هاوڵاتی، هەر نەخۆشێك چاکبوایەتەوە قاتێك جلوبەرگی پێ ئەدرا ئەوکات لە خەستەخانە دەریان ئەکرد، هەر نەخۆشێکیش بمردایە شۆردنو کفنکردنو دفنکردنی لەسەر نەخۆشخانەکە بوو، لە هەموو ڕشتەکانی پزیشکیدا دکتۆری تایبەتی دامەزراند بوو، بە هەمان شێوە کارگوزارو خزمەتکاری تەواوی بۆ نەخۆشەکان دانابوو، بەشێوەیەك هەموو نەخۆشێك دوو کارگوزاری بۆ تەرخان

کرابوو، تا جێگـەکانیان پاکوخـاوێن رابگـرن‌و جلوبەرگـەکانیان بشـۆرن‌و بیانبەنـە حەمام‌و بیانشۆرن، بۆ هەموو نەخۆشێك تاقمێکی تایبەتی تەرخان کردبوو لە جێگـەو پێخەف، هەر جۆرە نەخۆشییەك جەناحێکی تایبەتی بۆ دانابوون و شوێنی تایبەتیشی بۆ دکتۆرەکان دروست کردبوو کە تێیدا موحازەرات بلێنەوە..

جـوانترین سیسـتمێك ئـەم نەخۆشـخانە پـەیڕەوی لێـدەکرد ئـەوەبوو کـە خزمەتگوزاریەکانی تەنیا بۆ ئەو نەخۆشانە نەبوو کە سەردانی نەخۆشخانەکەیان ئەکرد بەڵکو هەر خۆیان شروب‌و خواردن‌و دەرمانیشـیان ئـەبرد بـۆ ئـەو نەخۆشـانەی لـەماڵەوە بوون‌و پێویستیان بەو دەرمانانە هەبوو، ئـەم نەخۆشـخانەیە ئـەم کـارە جوانـە مرۆییانەی بەردەوام ئەنجام ئەدا، تەنانەت پزیشـکەکانی چـاو کـە لـەو خەسـتەخانەدا کاریان کردوە ئەڵێن: رۆژ بووە چـوار هـەزار کـەس چارەسـەری وەرگرتـووە لـەو نەخۆشخانەدا چ ئەوانەی داخل کرابن یان دەرکرا بن پاش چاکبوونەوە!

کەسـێك نـەبووە لـەو نەخۆشـخانە بچـێتە دەرەوە پـاش چـاکبوونەوەی قـاتێ جلوبەرگ‌و بڕێکی باش پارەی نەدرابێتێ بۆ خەرجی، لەبەرئەوەی کە ناچاری کـاری قورس نەبێت لەسەرەتاوەو سەرلەنوێ تەندروستی خراپ ببێتەوە!

شتێکی جوانی تری ئەم نەخۆشـخانەیە ئـەوەبوو بـەدەق نووسـراوە لـە قەواڵـەی (وەقفەکەیدا) کـە پێویسـتە هـەموو نەخۆشـێك پـەنیری تایبـەتی خـۆی پێبـدرێ کـە نەخۆشی تر لێی نەخواردبێ‌و بەکاری نەهێنابێت‌و پێویسـتە لـە کـاتی بردنیشـیدا بـۆ نەخۆش داپۆشراوبێت‌و بەدەرەوە نەبێت!

یەکێك لە جوانترین شتەکانی ئەو نەخۆشـخانەیە ئـەوەبوو ئـەو نەخۆشـانەی تووشـی خەوزڕاندن ئەبوون لە هـۆڵێکی تایبـەتی لاچـەپدا (مـەعزول) دائـەنران و مۆسـیقای ناسك‌و غەمباریان بۆ لێئەدان‌و ئـەوانیش سـەریان بـۆ ئەلـەقانـد، یـان چـیرۆکخوانی شارەزایان بۆ ئەهێنان و چیرۆکیان بۆ ئەگێڕانەوەو خەمیان بە با ئەکردن، ئەوانەشـیان بەرەو چاکبونەوە ئەڕۆیشتن ئەهاتن قسەی خۆش و نوکتەیان بۆ ئەگێڕانەوەو ئەیانخستنە

پێکەنین، یان هەڵپەڕکێی سوننەتیان پێ ئەکردن (هەڵپەڕکێی لادێی باوبوو لە ناویاندا) بانگخوێنەکانی ئەو مزگەوتانەی بە نەخۆشخانەکانەوە لکابوون دووسەعات پێش بانگی بەیانی و لەسەحەردا بەدەنگێکی ناسك دەستیان بە خوێندنەوەی مەقامات و سروود ئەکرد بۆ ئەوەی لە ئازاری ئەوانەیان کەمبکەنەوە کە نەخەوتن و درێژی شەوگار ناڕەحەت و بێتاقەتی ئەکردن، ئەم خزمەتگوزارییانە دەوامیان کێشا تا پەلامارەکەی فەرنسا دەستی پێ کرد بۆ سەر میصر لە ساڵی ١٧٩٨ زانیدا و زانا فەرەنسییەکان بە چاوی خۆیان ئەم نەخۆشخانەو سیستمی کارکردنیان بینیوە تێیدا و لەسەریان نووسیوە.ئەکاونتی مامۆستا ئیکرام کەریم).

## قەدەری شێخ عبدالحمید کشك:

ناوبراو ساڵی ١٩٣٣ لە میسر لەدایکبووەو ساڵی ١٩٩٦ لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە لەسوژدەدا کەهەمیشە دوعای ئەوەبوو لەسوژدەدا کۆچ بکات و دەیووت: خوایە بەئیمامی بمژێنەو بە ئیمامی بمرێنەولەسوژدەدا گیانم بکێشە.

لەتەمەنی ٦ ساڵیدا چاوی چەپی لەدەست ئەدات و لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا چاوەکەی تریشی لەدەست ئەدات و هەرچیان ئەبێت ئەیفرۆشن وئەیدەن بەپزیشکەکان و پاش چەند نەشتەرگەری هەربەنابینایی ئەمێنێتەوە، ئەڵێن: سەرووەرمان لەخەودایێی دەفەرموێت: تۆ ئاوا بەخوادەگەیتەوەوئەوە قەدەرتە.

بەوحاڵەشەوە کۆلێژی ئسولی دین بەپلەی یەکەم تەواودەکات، لە ١٦ ساڵیەوە وتاری ئەدا لەمزگەوتەکاندا، چوو دابمەزرێت لەقاهیرە، سکرتێری بەڕێوەبەری بەشی دەعوە پێی وت: ئەستەمە لەقاهیرە دابمەزرێیت، ئەمیش ماڵی باوکی لەقاهیرەبوو، نەیئەتوانی لەهیچ کوێیەکی تر بژی، گەڕایەوە بۆماڵەوە زۆر نائومێدبوو، لەرێگا شێخ

حەســەن کــە کارمەنــدێکی بەریــدی وەزارەت بــوو بینــی، بــەهۆی هاتووچــۆی مزگەوتەکان و وتارەکانی جەمعیەی شەرعیەوە ئەیناسـی، وتـی: ئەوەچـی دەکـەیت، بۆی باسکرد، وتی: بڕۆرەوە لـەماڵەوە بەدڵ دوعا بکەو بەیانی پێش ئەوەی بچیتە لای بەرپرسەکە وەرە لای مـن، ئـەو شـەوە زۆر بەکەساسـی لـەخوا پاڕایـەوە، بۆبـەیانی کەچوو بۆلای شێخ حەسەن، وتی: ئـەوەی راوێـژکاری تەعیناتـە نـەخۆش کـەوتووە وچۆتە لای بەشی تەندروستی وەزارەت کەمن باسی تـۆم بۆکردبـوو داوو دەرمـانی بداتێ: ئەویش وتوویـەتی: نابینایـەکم هەیـە تـابۆم دانەمـەزرێنی لـەقاهیرە عیلاجـت نادەمێ، ئەویش وتبووی: حەزدەکەی سەدکەست بۆدادەمەزرێنم..

سوپاس بۆخوا کەچوومە لای بەڕێوەبـەرو حاڵەکـەی خـۆم باسـکرد کارەکـەیان بۆکردم ودووسـاڵ لەمزگـەوتی (طیبـی)وتاربێـژبووم، یەکـەم وتـارم لەسـەر بـەرتیل وەرگــرتن بــوو، لەســەر ئــەوە لــە پۆلیســەوە بانگیــان کــردم وئیــتر تێگەیشــتم کەململانێیەکی قورس چاوەڕێم دەکات و پەیامداری وهەق وتن زۆر قورسە.

ساڵی ١٩٦٦ داوایان لێکردم فەتوایان بۆبدەم کە کوشتنی سەید قوتـب رەوایـە، منیش فەتوام نەداو ئەوەشـم ئیدانـە کـرد، سـەعات دوونیـوی شـەو جەندرمـەکانی عەبدولناصر بردیانم بۆ بەندیخانە، منیش نابیناو بێکەس و بێدەر لەژووری تاکەکەسـی رەق وتەقدا جبەکەم داخسـت و خـەوتم: حـەزرەتی ئەبوبـەکری سـدیقم بینـی لای گۆڕی سەروەرمان وەستابوو، وتم: ئەی سدیق ئەمە خوا پێی رازیە؟ وتی: ئەم ئایەتەت نەخوێندووە: وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ (٤٨) وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَإِدْبَارَ النُّجُومِ (٤٩)الطور..

ئیتر دڵنیـا بـووم کـەوام لەژێرچـاودیری خـوادام و دووسـاڵم تـەواوکرد ئنجـا ئازادکرام بەبێ ئەوەی هیچم کردبێت.

## خوا ئەتبینێت و تاقیت ئەکاتەوە:

شێخ عبدالحمید کشك دەڵێت: لەپۆلی سێی سانەوی بووم زۆردوعام کرد یەکەم بم و نمرەکانم سەد بن، ئەوساڵە یەکەم بووم، لەپۆلی چواردا نەخۆش کەوتم وهێزم لێبڕا، پزیشك دەرمانی بۆنووسیم و پارەم نەبوو بیکڕم، داوام لەبرادەرێکم کرد جونەیهێکم بەقەرز بداتێ، هەرچەند حاڵیشی باش بوو دەستی نا بەڕوومەوە، زۆر پێم ناخۆش بوو، سەوزە فرۆشێك کەناوی عبدالقادربوو هاتووچۆی مزگەوتی ئەکرد منی بینی و تەوقەی لەگەڵ کردم و وتی: بۆ وا بێتاقەتی؟ منیش وتم: داوای قەرزم لەو برادەرەم کرد بۆدەرمان نەیدامێ، جزدانەکەی دەرهێناو سوێندی خوارد چەندت ئەوێ بیبە.. ئیتر ئەمە ژیانە خوا تاقیتدەکاتەوەو هەرخۆشی دەرگات لێدەکاتەوە، ژیانیش بۆخۆی مەدرەسەیە بەردەم تیایا فێردەبین.لا٣٤.

ڕۆژێك محمدکوڕی شێخ محمد مستەفا جاد کەقوتابی بوو لە کۆلیژی ئسوڵی دین سەردانی کردم لەسەر وەسیەتی باوکی کەپێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات پێی وتبوو سەردانم بکات و هەرکارێکی بوو راوێژم پێبکات.

وتم: حەزدەکەم باسی جەنابی باوکتم بۆبکەی، چونکە من حەزم لەباسی پیاوچاکانە، کەبەباسکردنیان ڕەحمەت ئەبارێ.ئەویش وتی: باوکم پاش وانەوتنەوە لە پەیمانگای ئیسلامی و لەمزگەوتەکەی نزیك ماڵمان پێش نوێژی ئەکرد و وانەی تەفسیری دەوتەوە، شەو دوای نوێژی خەوتنانیش کەمزگەوت چۆڵ ئەبوو ئەکەوتە پاکردنەوەو خزمەتی مزگەوت، تەنانەت ئاودەستەکانیشی لەبەرخوا پاکدەکردەوە، شەوێك لەسەر پەیژە کەوتە خوارەوەو قۆڵی راستی شکا وبۆیان گرتە گەچ، زۆری پێناخۆش بوو کە ئیتر نەیئەتوانی خزمەتی مزگەوت بکات، شەو لەخەویا خۆشەویست و نووری چاومان ئەبینێ دروودی خوای لەسەر تەوقەی لەگەڵ دەکات و دەستی موبارەکی ئەهێنێ بە قۆڵیا، بەیانی کەهەستا لەخەو قۆڵی چاك بووبۆوە.

جا بەڕاستی کەسایەتی ئەوزانایە زۆر کاری تێکردم، هەمیشە شانازی پێوە دەکـەم و وای لێکردم کەزانستم خۆش بوێت.لا٢٠ (چیرۆکی ژیانم.عبدالحمید کشك).

**سوپاس بۆخوا:**

کاتێك کەسێك ئەبینی خوا بەشتێك تاقیکردۆتەوەو تۆ ئەوەت نیە سـوننەتە بلێـی: سوپاس بۆ ئەوخوایەی کە تەندروستی کردووم ولای داوم لەزۆر لەوانەی خـەڵکی پێوەی موبتەلان.

ژیانی شێخ کشکم خوێندەوە کە لە ١٧ ساڵیدا چاوی راستی ساغ بوو ئەویشـی لەدەستداوکۆلێژی ئوسولّ دینی تەواوکرد، وانەی عەقیدە کەزۆر بەوشکی ئـەخوێنرا بەلایەوە سەخت بـوو، شـەو لەخـەویا چـوار پرسـیاریان پیشـان دا کەسـیانی وەڵام بداتەوە، بۆبەیانی دوای نوێژ بەهاوەڵەکانی وت: ئادەی ئەو باسانە بێنن با پیابچینەوە، ئیتر نەیووت لەخەودا پێم وتـراوە، لـەکاتی تاقیکردنـەوەدا ئـەوەی پیشـانی درابـوو ئەوەهاتبۆوەو نمرەی تەواوی هێنا.

بـۆ تاقیکردنـەوەی ئینگلیـزی تـەحریری ئەبوایەکەسـێك پەیـدابکات لەگەڵیـدا بچێتەتاقیکردنەوەو دەست وخەتی خۆش بێت و ئینگلیـزی بزانیـت تـا ئـەوەی ئـەم دەیلێت ئەو بۆی بنووسێت.

بۆ تاقیکردنەوەیەکی تـریش کەسـێکی پەیـداکرد کـە هاوکـاری بکـات و بـۆی بنووسێت، زۆر خەمی بوو تۆ بلێی دەست وخەتی جوان بێت، کـە گەیشـتنە هـۆڵی تاقیکردنەوەکە پێی وت ناسنامەت پێیە؟

وتی: نەوەڵا بیرم چووە، پێی وت: دەخێرا بڕۆ بیهێنەو ماڵیشـیان دووربـوو، ئـیتر خـەم دایـدەگرێت، تـۆ بلێـی فریـا بکـەوێت وزوو بێتـەوەو بیکەنـە ژوورەوە، مامۆستایەکی هەست بەناڕەحەتیەکـەی دەکـات و لێـی دەپرسـێت بـۆ ڕەنگـی ڕەش

هەڵگەڕاوە ئەویش دەڵێت: هاوکارەکەم ناسنامەی بیرچوو بوو ئەترسم درەنگ بێتەوە ئەویش دڵنەوایی دەکات و دەڵێ: ئێمە هەموو دەزانین تۆ قوتابیەکی زیرەکیت خەمت نەبێت، ئەو نەهاتەوە من لاتەوە دائەنیشم و وەڵامەکانت بۆ ئەنووسمەوە.. ئیتر باش بوو هاوکارەکەی هاتەوە.. جابەوحاڵەشەوە یەکەم بوو.. بەڕاستی کەفتەکاری زەحمەتە بۆیە مامۆستای مرۆڤایەتی (د.خ)دوعای دەکردو دەیفەرموو( اللهم متعنا بأسماعنا وأبصارنا أبدا ما أحييتنا واجعله الوارث منا).. هەرشادو تەندروست و دوورە بەلابن.

## سیحری جوانی دەربڕین:

پاك وبێگەردی بۆئەو خوایەی کە نیعمەتی دەربڕینی داوە بەمرۆڤ (خَلَقَ الْإِنْسَانَ (٣) عَلَّمَهُ الْبَيَانَ (٤))الرحمان.

سەروەریشمان درروودی خوای لەسەر دەفەرموێت: ان من البيان لسحرا.




هەندێ نووسەر بەسیحری جوانی دەربڕینیان سەرسامت ئەکەن، سوپاس بۆخوا هەروەك لەگەلانی تردا لەکۆن و نوێدا کەسانێك هەبوون لەلوتکەی ئەدەبدا بوون، لە کوردەواری خۆشماندا هەبوون وبەردەوامیش هەن، بۆنموونە مامۆستا راشید دەڵێت: بیست جار پەڕاوێکی مستەفا سادق رافیعی خوێندۆتەوە دیارە لەبەرئەوەی ئەدیبێکی گەورەبووەو قەڵەمەکەی زۆر بەبرشت بووە.

سەرتان نەیەشێنم بۆخۆم زۆر چێژ لەنووسینەکانی مامۆستا هەژاروەردەگرم کە بەڕاستی کوردی زان بوو، ئنجا نووسەری تریشمان هەن سەرسامم بەتواناو جوانی نووسینەکانیان، لەم ماوەی ساڵەدا چەند کتێبێکی مامۆستا قانع خورشیدم خوێندەوە

بەڕاستی چێژم لێی بینی، دواتر پەڕاوی گەشتێك بە باڵی فریشتە، نووسینی جەنابی دکتۆر هێمن خورشیدم خوێندەوە کەباسی گەشتی عومرەکەیەتی ئەویش چێژی خۆی هەبوو، دوێنێش لە پەیجەکەی کتێبی (لەم دڕکو داڵەدا مەمەدەرە دەست خۆم ) دامبەزاندو خوێندمەوە بەڕاستی بەتوانایە کە گەشتێکی خۆشت پێدەکات لە گەرمیان و لە بالیسان، باسێکی ئەنفال ئەکات خۆت ناگری فرمێسك نەڕێژی، زۆر دوعای خێرم بۆخۆی و مامۆستا قانیع و ڕۆحی شادی دایك وباوکیان کرد خوای گەورە ساغ و سەلامەتیان بکات تا بەنووسینەجوانەکانیان ڕۆحمان شادکەن ودڵمان خۆش بکەن..

## بانگخوازی بەهیممەتی ئەڵمانی پێی فۆگڵ:

بەهەزاران کەس لەسەردەستیا موسڵمان بوون مەرگی خوشکی بانگخوازی بەچاوی پڕ لەئەسرینەوە ڕاگەیاند و ئەڵێت: داواکارین لەخوا کە ڕەحم بەنورا ئیلی بکات و بیخاتە بەهەشتەوە، شانازی ئەکەین بەئازایەتی و تێکۆشانەکانی..

ئای دونیا بۆکەس نامێنی، خۆزگەم بەوەی کە بەبانگخوازی ئەژی و ئەمرێت.

"نورا ئیلی"، ئافرەتێکی سویسریە، کچی پزیشکی ناسراوی ئەلمانی " ئیلی فیشتیاگیرد "ـە، نورا ئیلی، تەمەنی "٣٨" ساڵە، لە تەمەنی "١٨"ساڵی موسڵمان بووە، پێشتر موحید بووە و، بڕوای بە بوونی خوا نەبووە..

لە تەمەنی "٢٠" ساڵی نیقابی پۆشیوە، لە بەناوبانگترین زانکۆکانی سویسرا، لە زانستی ئایینەکان، دکتۆرای بەدەستهێناوە، بانگخوازێکی چالاك بوو، تا ئێستا سەدان ئافرەت لە وڵاتانی سویسرا و نەمسا و فەڕەنسا، لەسەر دەستی موسڵمان بوونە..

لە سویسرا بە ئافرەتە نیقاب پۆشەکەناسراوە و ٨ هەزار یۆرۆ لەسەر پۆشینی نیقاب غەرامە کراوە..

"نورا"، به یەکێ لـە سەرسـەختترین بـەرگریکارانی نیقـاب و چـەند ژنـی" تعـدد الزوجات" دادەنرێت و، ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە، لە ڕێگری کردن لـە دەرکردنـی یاسای قەدەغەکردنی پۆشینی نیقاب لـە سویسرا..

لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵێکی ئەڵمانی، نـورا دەڵـێ: " پـێش موسـڵمان بـوون و پۆشینی نیقاب، گـەنجان وەك کاڵایـەك و سـەیرکردنی جەسـتەم، مامەڵـەیان لەگـەڵ دەکردم، بەڵام ئێستا وەك ئافرەت مامەڵەم لـەگەڵ دەکەن..

نورا، هاوسەرەکەی موسڵمانێکی بەڕەگەز سویسـریە و نـاوی (عبـدالعزیز قاسـم ئیلی)ە کە پێش موسڵمان بوون ناوی (پاتریك) بـووە، زانسـتی کۆمپیوتـەری تـەواو کردوە و زانای بواری کۆمپیوتەرە، شارەزایی تەواوی هەیە لـە مێـژووی ئیسـلامی و فیقهی ئیسلامییدا، پێکەوە کاری بانگەوازیان دەکردوخاوەنی ٦ منداڵن..

جێـی باسـە پاتریـك ئیلـی دوای ڕوداوی ١١ی سـێپتەمبەر بـەدوای ئیسـلامدا دەگەڕێت و دەبێت بە موسڵمان.. پاتریك دەڵێت: "کاتێك ئیسلامم لـە کتێبەکانـدا دەخوێندەوە زۆر جیاواز بوو وەك لـەوەی لە تەلـەفزیۆن نیشان دەدرا"..

"نورا"، لـە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەکان، بەردەوام چەند وتەیەك دووبارە دەکاتەوە، لـەوانە دەڵێ" ئایینی ئیسلام ئافرەتی پاراستووە و حیجاب نرخ و سەنگی بـە ئـافرەت بەخشیوە" هەروەها دەڵێت: "ئیسلام تەنها ئایین نییە بەڵکو ژیانیشە".



## ژياننامەی سەروەرم:

هیچ کەس نیە لەدونیادا وردو درشتی ژیانی و تەنانەت تایبەتمەندییەکانی ژیانیشی وەك سەروەرمان (د.خ) لەبەر دەستا بێت، ئەمەش ویستی خوایە چونکە ئەوی بۆداناوین کەسەرمەشقمان بێت لەهەموو بوارێکدا.

سوپاس بۆخوا بەدرێژایی دەیان ساڵ زۆرم خوێندۆتەوە لەسەرئەو نووری چاوەمان، لەم رۆژانەدا بڕیارم دا کە زنجیرەی سیرەی نەبەوی دکتۆر مونیرغەزبانیش هەمووی بخوێنمەوە کەنزیکەی پانزە جەڵدە، کەیەکەمیان (مەنهەجی حەرەکی )ە، بەڕاستی مونیرغەزبان قاڵبووە لەو بوارەداو ئاواتەکەی سەید قوتبی رەحمەتی هێنایە دی کەبەتەمابوو چۆن (**في ظلال القرآن** )ی نووسیوە ئاواش (**في ظلال السيرة**)بنووسێت.

دکتۆر لە ١-٦- ٢٠١٤ لەمەککە کۆچی دوایی کرد، تا ئەو رۆژەی ئەم دونیا فانیەی بەجێهێشت لەخزمەت ئەو پڕۆژە موبارەکەدابوو، لە کتێبەکانی (التربيە الجهاديە)، (التربيە القياديە )(التربيە السياسيە) (التربيە الجماعيە)یە کە لەخزمەتیانا ئەبیت زۆر لایەنی سیرەت بۆباسدەکات و تیشکی دەخاتە سەر کە لەهیچ شوێنێکی تردا ئاوا باسنەکراوە، شایانی باسە رەحمەتی تادواساتەکانی تەمەنی کەسێکی کارابوو لەکاری ئیسلامیداو بۆچەند ساڵێکیش موراقیب عامی برایانی سوریا بوو.. ساڵی ٢٠٠٠ خەلاتی سولتانی برۆنای پێدرا لەخزمەتکردنی سیرەتدا.. خوای گەورە لە بەهەشتی هەتا هەتاییدا بیکاتە هاوەڵی ئەو خۆشەویستەمان.



## لەژێر چاودێری خوادا بوو:

لەژیاننامەی سەروەرەوە (د.خ) بەئاشکرا هەست بە چاودێری و پاراستنی خوا دەکەین بۆی، کەئەوەش بەڕاستگێری پەیمانەکانی قورئانە کەخوا پێیداوە (وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا-الطور) ئارامبگرە بۆفەرمانی خوا، تۆ وایت لەژێرچاودێری ئێمەدا، کاتێك فەرمانی پێدرا کەبانگەوازەکەی ئاشکرا بکات، پاش ئەوەی سێ ساڵ نهێنی بوو، کارەکە ئاسان نەبوو، خوای گەورە پەیمانی پێدا کە گاڵتەی گاڵتەکەرانی بۆ چارەسەرئەکات وئەیپارێزێت. ( فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ (٩٤) إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ (٩٥)الحجر).

لەسورەتی (والضحی)دا چاودێرییەکەی زیاتر بۆ باسدەکات، کە بێباوك بووەو بێئاگا بووە لەرێی راست و نەداربووە، خوا دالّدەی داو رێنمایی کردو دەوڵەمەندی کرد بەوەی سامانی خەدیجەی هاوسەری خستە خزمەتیەوە..

ئنجا هەور سێبەری بۆئەکردو داروبەرد سلاّویان لێدەکردو وردەبەرد لەدەستیا تەسبیحاتیان ئەکردو موعجیزاتەکانی بەهەزاران لەهاوەلاّن بینیویانە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر نەخۆش دەکەوت و سەریەشەکەی بەهێندەی سەریەشەی دووکەس بووەو کە لەتائیف گەڕایەوە بەردەبارن کراو سەروقاچی خوێناوی بوون (لەکاتێکدا خوا ئەیتوانی ئاگاداری بکات نەچێت، کەبەعیلمی غەیبی خۆی ئەیزانی کە چوونەکەی بۆتائیف بەرهەمی نابێت و تووشی نارەحەتی ئەبێت )، ئنجا مەینەتی بێباوك ودایکی چەشت و باپیر نەماو مام نەماو هاوسەری خۆشەویستی هەرزوو بەجێی هێشت ومەرگی منالّەکانی هەموو بینی خاتوو فاتیمە نەبێت.

مەرگی حەمزەی بینی کەهەم مامی بوو هەم برای شیری و ئەوەندە لەسەر دلّی قورس بوو فەرمووی جارێکی تر تووشی موسیبەتێك نابم لەمە قورستر. ئەمانەش

هەمووی بۆئەوەی ببێتە سەرمەشق بۆمان و لەهەموو بوارێکدا چاوی لێبکەین وبزانین ژیان پڕە لەنارەحەتی بەتایبەت بۆئەوانەی شوێن هەق و راستی دەکەون..

## شایەتی ئەدەم پێغەمبەری خوایە: یەکەم:

کەوردئەبینەوە لەقورئان و فەرموودەکانی خۆشەویستمان درووودی خوای لەسەر زیاتر دڵنیا ئەبین کە قورئان پەیامی خوایەو خۆشەویستیشمان نێردراوی خوایە، کاتێك سەیری دژایەتی ئیسلام ئەکەین بۆ سووخواردن سەرباری ئەوەی کەمەککە شارێکی بچووکبووەو ئەو زەمانە سووخواردن ئەوەندەنەبووە ئەو جەنگەی بەرامبەربکرێت ودیارە تەنها بۆئەو زەمانە نەبووە، ئەو دژایەتی و یاساغ کردنە ئەمڕۆ دەرئەکەوێت کە ئابووری جیهانی تووشی چ کارەساتێك بووبەهۆی سووخواردنەوە، کەهەموو دونیای ناچارکرد لابکەنەوە بەلای سیستەمی ئابووری ئیسلامیدا.. هەروەها ئەوزەمانە ئەبێ بەراز چەند هەبووبێ؟ دیارە زۆر زۆرکەم بووە، یاساغ کردنەکەی ئەمڕۆ زیاتر تێی دەگەین کە وڵاتە بیانیەکان سەریان تێکردووە.

ئنجا بابێینە سەر بەندایەتی مرۆڤ و پەرستنی دینارو درهەم دیارە ئەوە لەهەموو سەردەمێکدا بووە، هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە (تعس عبد الدينار، تعس عبدالدرهم)بەدبەختەو تیاچووە ئەوەی بەندەی دینارودرهەمە..

فەرموودەکە ئنجا باسی بەندایەتی و پەرستنی پۆشاکیش ئەکات (تعس عبد القطيفة)ئەم بەشەی ئەم فەرموودەیە ئەمڕۆ وەك ڕۆژی رووناك دەردەکەوێت کە مرۆڤایەتی بەگشتی بەهۆی (دار الأزياء)و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی پۆشاکەوە ساڵانە هەموو وەرزێك جلو بەرگی نوێ تصميم ئەکرێ و نمایش دەکرێت، ئنجا بەهۆی ریکلامی زۆرەوە خەڵکێکی زۆریان کردۆتە بەندەی مۆدەو ساڵانە ملیارەها دۆلار بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکرێت، جا پرسیارەکە ئەمەیە بێجگە لەوسەروەرە کێ لەو

سەردەمەوە تا ئێستاش باسی بەندایەتی مۆدەو پۆشاکی کردووە؟بۆیە شایەتی ئەدەم کە ئەو زاتە موبارەکە پێغەمبەرەو خوا لەو راستیە ئاگاداری کردووە. زانکۆی هارڤارد توێژینەوەیەکی لەم بارەیەوە کردووە لەبابەتی داهاتوودا باسی دەکەم لەگەڵمان بن..

## شایەتی ئەدەم کەپێغەمبەری خوایە: دووەم:

رۆژێك سەروەرمان فەرمووی: لەئوممەتم حەفتا هەزار کەس بەبێ لێپرسینەوە ئەچنە بەهەشتەوە، ئالەوێدا عوکاشەی کوڕی موحصین کەلە کۆچەران بوو فرسەتەکەی قۆستەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری دوعام بۆبکە لەوان بم، فەرمووی: تۆ لەوانی. هاوەڵێکی تر وتی: دوعاش بۆمن بکە لەوان بم، فەرمووی عوکاشە پێشت کەوت.

ئەم هەواڵە موعجیزەیەکی سەروەرمە کەخوا ئاگاداری کردووە.کێ ئەتوانێ جگە لەخوا زەمانەتی کەس بکات کەتائەمرێت لانەدات.. ئەزانن کۆتایی عوکاشە بەچی هات؟ عوکاشە بەو زەمانەت و مژدەخۆشەوە دانەنیشت تا سەروەرمان مابوو بەشداری غەزاکانی کرد لەخزمەتیا دوایش لەجەنگی هەڵگەڕاوەکاندا بەشداری کرد تا تولەیحە شەهیدی کرد دیارە شەهیدیش حسابی لەگەڵ ناکرێت.. صدق رسول الله..

## شایەتی ئەدەم پێغەمبەری خوایە: سێیەم:

خوای گەورە پۆشاك بەجوانی وزینەت ناودەبات تامرۆڤ خۆی پێداپۆشێت و ئەو جوانیە وەك هەموو جوانیەکانی تری دونیا قەدەغەی نەکردووە لەکەس بەڵام تا ئەوەندەی نەبێتە ئامانجی ژیان وتائەوکاتەی نەپەرستێ (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّـهِ الَّتِي

أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آَمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآَيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣٢)الأعراف).

ئنجا شەيتان باش لە گرنگی مۆدەو جل و بەرگ تێگەیشتووەو لەم بوارەدا هەولێ زۆری خستۆتە کار بۆ سەرگەردان کردن و رووتکردنەوەی مرۆڤ:

(يَا بَنِي آَدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ يَنْزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآَتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ (٢٧)الأعراف). زانکۆی هارڤارد توێژینەوەیەکی کرد لەسەر ئەو پاڵنەرانەی کەوا لەمرۆڤ ئەکەن ببێتە بەکاربەری تێرنەخۆرەو دەپاڵنەریان باسکردووە کەمرۆڤ ئەکاتە بەندەی مۆدەو پۆشاك ومارکە جیهانیەکان بۆنموونە:

یەکەم: پاڵنەری رۆحی: بەم هۆکارە وادەکەن رەهەندی رۆحی بدەن بەبەکاربردنی کاڵاکان، وەك ئەوەی لە ئیعلاناتی کێکدا ئەوترێت کێکی وەفا بۆدایەوبابە، لەکاتێکدا دایەو بابە رەنگە شەکرەشیان بێ نەتوانن لێی بخۆن، یان کارکردن لەسەر بۆنە ئاینیەکان ودڵخۆشکردنی منداڵ ودیاری بردن و...هتد.. هەروەها لەسرووشت و رۆحی مرۆڤیشدا حەزکردن بەجوانی هەیە ئەوانیش لەو وەتەرە ئەدەن..

دووەم: کارکردن لەسەر رەهەندی خودو زاتی مرۆڤ، بۆنموونە لە ریکلامێکی کاتژمێرێکدا ئەوترێت: کاتژمێری دەستی کەسانی سەرکەوتوو، ئنجا لەریکلامەدا کابرایەکی شیکی خواپێداو پیشان ئەدەن ئەو کاتژمێرەی لەدەستایە، ئیتر وات لێدەکەن تۆش حەزبەکڕینی ئەو کاتژمێرە یان هەرشتێکی تری لەوبابەتە بکەیت.

سێیەم: رەچاوکردنی باری بەکاربەرلەرێی قیستی مانگانەوە، ئەمەش بۆهاندانی زیاترە لەسەر بەکاربردن.

چوارەم: پاڵنەری وەك ئەوان بوون و لاسایی کردنەوە، ئەمەش لەسرووشتی مرۆڤدایەو کاری لەسەر ئەکرێت، کۆمەڵێك لاو پیشان ئەدرێت بیبسیەك دەخۆنەوە،

یان دەوترێت (فلأنه شت) كۆمان دەكاتەوە.. ئیتر ئەو هەموو فـەن وفنوونـەی بۆئـەو ریكلامانه بەكاردەهێنرێت مرۆڤ لـەخشته ئەبەن وپێویستی بەو كالآیەش نەبێت بەزیادە ئەیكرِێت.

پێنجەم: حەزبە كەیف وخۆشی (لهولعب) لـەسرووشـتی مرۆڤـدا هەیـە و دونیـاش بۆخۆی وایـە ( اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِـي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ -٢٠ الحديد)، جا ئەوە كاری لـەسەردەكرێت و ئەوە دەبێتە ئامـانجی ژیان بۆخۆدەرخستن و چێژلێوەرگرتن، ئەندام پەرلـەمانێكی ئافرەت وتی: هـەر رۆژەو بەرگێكم پۆشیوە، یاژنی سەرۆكی فلیپینی كـاتی خـۆی سـێ هـەزارجووت پـێلأوی هەبوو! جائەمە زیادەرِەوی وخۆدەرخسـتن و فـەخركردن وپەرسـتنی پۆشـاك نـەبێت چیە؟ هەروەك پێغەمبەری خوا فەرمووی مرۆڤ ئەبێتە بەندەی پۆشاك ومۆدە..

شەشەم: پاڵنەری جنسی: ئەمەش لـەزۆربەی ریكلامەكاندا كـاری لـەسـەردەكرێت بەهۆی ئافرەتی گەنج وجوانەوە وئافرەتیش بووە بە كالآیەك بۆبەكاربردنی كالأ.

حەوتەم: خووگرتن و ئیدمان بوون لـەسرووشتی مرۆڤـدا هەیـە و ئـەوەش كـاری لـەسەردەكرێت، بەوەش مرۆڤ ئەبێتە كۆیلـەی حـەزو ئارەزووەكـانی وئیـدمان ئـەبێت ولـەئاستی بەكاربردندا خۆی بۆناگیرێت، كاتی خۆی حەزرەتی عومەر بەسەرسـامیەوە بەكەسێكی وت: بۆتۆهەرچیت حەزلێبوو ئەیكرِیت؟

بەرِاستی ئیسلام كارلـەسەر ئـازادكردنی مـرۆڤ ئـەكات بـەوەی كەتـەنها بەنـدەی خوابێت و نەبێتە بەندەی هیچ شتێكی تر، شێخ محمد عەبدە ئەڵێت: كـەمرۆڤ بەنـدەی خوابوو ئەبێتـە گـەورەی هـەموو ئەوانـەی كەغـەیری خـوان و بەندایـەتی بۆهیچـی ترناكات..

## شایەتی ئەدەم پێغەمبەری خوایە: چوارەم:

شایەتی ئەدەم کە تۆ ئـەی سـەروەرم پێغەمبـەری خوایـت، رۆژ بـەرۆژ وسـەعات بەسەعات زیاتر دڵنیا ئەبم لەبەرزی و ناوازەیی بەرنامەکـەت.. لەرێنماییـەکانتا زیـاتر لەچوارده سەده لەمەوبەرەوە فەرمووتە ئەوەی زۆرەکەی مرۆڤ سەرخۆش و مەست و بێئاگا بکات کەمەکەشی حەرامە(ما أسكَرَ كثيرُهُ، فقليلُهُ حرامٌ أبوداود)..

قورئانیش بە پیسی وکردەوەی شەیتانی دائەنێت و ئەفەرموێت لێی دووربکەونەوە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٩٠)المائدة).



THELANCET.COM
Alcohol use and burden for 195 countries and territories, 1990–2016: a systematic analysis for the Global Burden of Disease...

مـــــــادە بێهۆشـکەرەکان لەئیسـلامدا تـــا دواپلـــە دژایـــــــەتی کراوە، لەگەڵ ئـــــــەوەدا کەلـــەکۆن و نوێـدا کەسـانێك هـەن ئـەڵێن: رەنگـە کەمەکـەی بـۆ تەندروسـتی بـاش بێـت، لـە لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکیدا ساڵی ٢٠١٦ رایانگەیانـد کـە مـەی یەکێکـە لەحـەوت هۆکارە مەترسیدارەکەی مردن لەجیهانداو چـەند زیـاتر بخورێتـەوە زیانـەکانی زیـاتر ئەبێت و سەلامەتی تەواو لەوەدایە کەبەهیچ جۆرێك وبـەهێچ برێـك باکـەمیش بێـت نەخورێتەوە..

**شایەتی ئەدەم کەپێغەمبەری خوایە: پێنجەم:**

**ڕەنگی ئاگری دۆزەخ:**

سەروەرمان دروودی خوای لەسەر دەفەرموێت(أُوقِد على النَّارِ ألفَ سنةٍ حتَّى احمرَّت، ثمَّ أُوقِد عليها ألفَ سنةٍ حتَّى **ابيضَّت**، ثمَّ أُوقِد عليها ألفَ سنةٍ حتَّى اسودَّت، فهي سوداءُ كاللَّيلِ المُظلِمِ )–الراوي: أبو هريرة - المحدث: المنذري - المصدر: الترغيب والترهيب-إسناده صحيح أو حسن أو ما قاربهما )ئەم فەرموودەیەی خۆشەویست لەگەڵ زانستی ئەم سەردەمەدا لەسەدا سەد تەواودێتەوە، پلەی گەرمی ئاگری ڕەنگ سوور لە (١١٠٠ – ١٥٠٠)پلەی سەدیە، ئاگری ڕەنگ سپی ئەگاتە ٥٥٠٠ پلەی سەدی، ئاگریش لەپلەی ١٢٠٠٠دا ڕەنگی ڕەش ئەبێت و نابینرێت، جا پلەبەندی ئەم ڕەنگانە لەسوورەوە بۆسپی و بۆ ڕەش کە ئاگری دۆزەخ حەفتا ئەوەندەی ئاگری دونیایە ئەگەرخوا نەبێت کەفێری سەروەرمانی کردووە، لەکوێوە ئەمەی زانی؟؟ئنجا لەدونیادا پلەی گەرمی ئاگر ئەگەربگاتە ١١٠٠ پلە و ئەگەر ئاگری دۆزەخ ٧٠ ئەوەندەبێت کەواتە ٧٧٠٠٠ پلەئەکات کەئەویش دیارە ڕەشە..

**شایەتی ئەدەم کە پێغەمبەری خوایە: شەشەم:**

زانستی سەردەم پاش هەزاران لێکۆڵینەوە بە ئامێری پشکنینی پێشکەوتوو، گەیشتنە ئەوەی کە مناڵ بەهۆی پیتێنی هێلکەی ئافرەت بەسپێرم دروست دەبێت، لەساڵی ٢٠٠٨ دا بۆیەکەم جار وێنەی کاتی دەرچوونی هێلکەیەکیان بڵاوکردەوە، کە زۆربچووکەو یەك لەسەر دەی ملليمەترێکە وڕەنگەکەی زەردە.

سەروەرم(د.خ) پێش ١٤ سەدە زیاترئەفەرموێت: ئاوی پیاوسپییەو ئاوی ئافرەت زەردە.. ئەگەرخوا ئاگاداری نەکردبێت بەعیلمی غەیبی خۆی ئەم زانیارییە وردەی لەکوێ هێنا؟

www.facebook.com/EngKaheel/videos/١٦٥٩٧٩٧٨٨١٧٥٢٥٤/?v=٢٨٢٧٢٨٢٤٦٠٦٦٣٦٤

**شایەتی ئەدەم کەپێغەمبەری خوایە: حەوتەم:**

کەسەیری ژیاننامەی سەروەرئەکەین (د.خ) دڵنیا دەبین کە خاوەنی رەوشتێکی بەرزو بەهای باڵابووە، دوژمنانی پێش دۆستانی ئەوشایەتیەی بۆئەدەن کەبەوەفابووەو هەرگیز پەیمانشکێنی نەکردووە، بۆنموونەکەهیرەقل لەئەبوسوفیانی پرسی: ئایامحمد پەیمان شکێنی ئەکات؟ ئەبوسوفیان کە کافریش بوو وتی: نەخێر.

حوزەیفەی یەمانی و باوکی لەسەروبەندی جەنگی بەدردا ئەکەونە دەست کافران، ئەڵێن: بۆکوێ دەچن؟ئەڵێن: دەچینەوە بۆمەدینە، پەیمانیان لێوەردەگرن کە نابێت بچن هاوکاری محمد بکەن.

کاتێك دێن بۆلای وئەمەی بۆباسدەکەن ئەویش دەفەرموێت: ( انصرفا، نَفِي بعهدِهم، ونستعينُ اللهَ عليهم )پەیمانەکەتان بەرنەسەرو بچنەوە مەدینەو ئێمەش پشت بەخوا ئەبەستین بەرامبەریان.

یان لەجەنگەکاندا ئەوپەڕی رەچاوی بەهابالاکانی ئەکردو فەرمانی ئەدا دەست بپارێزن لەمناڵ و ئافرەت و پیرورااهیبەکان، کەئەمەش لەهیچ کوێیەکدا نەبووە لەئیسلامدا نەبێت، کە خاچپەرستان فەلەستینیان داگیرکرد دەستیان لەکەس نەپاراست و بەهەزارانیان شەهیدکرد، کەسەلاحەدینیش قودسی گرتەوە بەپارەیەکی کەم ئازادی کردن و کەشتی بۆدابین کردن وبەهەزارانی ناردەوە بۆ ئەوروپا.

**شایەتی ئەدەم کە پێغەمبەری خوایە: هەشتەم:**

بەپێی سوننەت و زانستی پزیشکیی  خواردن تا ئەو کاتەی هەڵمی لێ هەڵبسێت نابێت بخورێت..

خواردن بە گەرمی ئامادە دەکرێت، بەڵام ناکرێت چۆن لەسەر ئاگر دادەگیرێت، ئاوا بخورێت. ئاشکرایە کە خواردن و خواردنەوەی گەرم دەبێتە هۆی دەم و پل سووتان، بەڵام هەر بەوەوە ناوەستێت، بەتایبەت ئەگەر دوای خواردن/ خواردنەوەیەکی ساردی وەك سەهۆڵاو بخورێت/ بخورێتەوە، کێشەی زۆر جدیی تەندروستیی لێ دەکەوێتەوە، تا دەگات بە شێرپەنجە، بەتایبەت هی سوورێنچك.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

" أَبرِدوا الطعامَ الحارَّ فإنَّ الطعامَ الحارَّ غيرُ ذي برَكةٍ. "

واتە "خواردنی گەرم سارد بکەنەوە، چونکە بەرکەت لە خواردنی گەرمدا نییە".

ئەبو هورەیرەش دەڵێت: «لا يؤكلُ طعامٌ حتي يذهبَ بُخارُه».

واتە "نابێت خواردن بخورێت تا ئەو کاتەی هەڵم و هاڵاوەکەی دەڕوات".

بەڵام بەداخەوە لای ئێمە وای لێهاتووە خواردن بە گەرمی نیشانەیەکی پیاوەتی و مەردایەتییە، هەر کەسێك بۆ نموونە ئاوی سارد لە چا بکات تا تۆزێك سارد ببێتەوە، گاڵتەی پێدەکرێت و دەوترێت "دەڵێیت منداڵیت"!

د. زانا ئەحمەد پسپۆڕی هەناو

***

**پارێزەر کاک ئارام ساڵح دەڵێت:**

ساڵی ٢٠١٢مەوعیدی دانەوەی قەرزێکم هەبوو واتە دەبوایە ئەو ڕۆژە بڕی١٢٠٠$ دۆلار بدەمەوە، چومە بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت بۆ ڕایکردنی کارێك لەبەردەم دەرگای بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت مەبلەغێك پارەم دۆزیەوە کە ملیۆن ونیوێك دینار بوو خستمە جانتاکەم و چومە ناو دائیرەکە دەستبەجێ لەدڵی خۆمدا بڕیارمدا کە بەپشتیوانی خوای گەورەدەبێت خاوەن پارەکە بدۆزمەوەو پارەکەی تەسلیم بکەمەوە، دوای دوو سەعاتێك لە گەڕان و پرسیار کردن خاوەن پارەکەم دۆزیەوە بیرم کردەوە ئەو پارەیەی دۆزیومەتەوە هەندێك لەو پارەیەش زیاترە کە دەبوو ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەسلیم بەو کەسەم بکردایە کە قەرزاری بووم.

دوای ئەوەی خاوەن پارەکەم دۆزیەوە زۆر ئاسودەبووم چونکە دڵنیابووم ئەوە تاقیکردنەوە بوو سوپاس بۆ خودای دلۆڤان تێیدا سەرکەوتم، دوای گەڕانەوەم بۆماڵەوە هەندێك کەس کە کارم بۆ کردبوون و پارەیان لا بوو تەلەفۆنیان بۆ کردم بۆ ئەوەی پارەکەم بۆ بێنن بڕوابکەن لەماوەی چەند سەعاتێکدا کەسی وا قەرزارم بوو



دەهات پارەکەی بۆ دەهێنامەوە کە لەخەیاڵمدا نەبوو، بەو جۆرە هەم قەرزەکەم لەکاتی خۆیدا دایەوە هەمیش بڕێکی باش لە پارەم بۆ مایەوە.

دوای ساڵێك لەم ڕوداوە ڕۆژێ لای پارکی ئازادی سەیارەکەم پارك کرد کە دابەزیم چونکە لەو شوێنەدا شۆستەکە قەناص بوو سەیارەکەم ڕێك نەوەستابوو بۆیە دووبارە سواری سەیارەکەم بوومەوە بۆ ئەوەی ڕێکی بکەمەوە دواتر وتم بەخوا ئەم

شوێنە باش نییە بابچمە شوێنێکی تر بوەستم کاتێك ڕۆشتم دوای ئـەوەی سـەیارەکەم پارك کرد هێشتا دانەبەزیبووم تەلەفۆنێکم بۆ هات دوای وەڵامدانەوە کوڕێکی گەنج بوو وتی کاکە جانتایەکم دۆزیوەتەوە ئەم ژمارەیـەی تێـدابوو هـیچ خـەم مـەخۆ لای پارکی ئازادیم لەو شوێنەی لەبیرت چووە واچاوەڕێتم وەرە بت دەمەوە دواتـر بـیرم کردەوە کاتێك کە جاری یەکەم سەیارەکەم پارك کـرد جانتاکـەم لەگـەڵ دەسـتمدا داگرتبوو کە بڕۆم کە سوار سەیارەکەم بوومەوە جانتاکەم دانا بۆ ئەوەی سـەیارەکەم ڕێك بکەمەوە بەڵام بـیرم چـوو کـە شـوێنەکەم بەجێهێشـت، بـەڵام جیـاوازی ئـەو مەبلەغی پارەیەی کەلەجانتاکـەی منـدا بـوو لەگـەڵ ئـەو بـڕەی کـە سـاڵی پێشـتر دۆزیمەوەو گەڕاندمەوە بۆ خاوەنەکەی بڕوابکەن چوار هێندە بوو بـەڵام سـوپاس بـۆ خودا نەمن خیانەتم لە ماڵی خـەڵك کـرد و نـە ئـەو کەسـەش کـە جانتاکـەی مـنی دۆزیەوە.

**مامۆستا ئەحمەدی پێشنوێژو وتـارخوێنی مزگـەوتی گـەورەی دوکـان ئەڵێت:**

گێلاسخان ئافرەتێکی خواناسەو زۆریش بە سـۆزە بـە تایبـەتی بـۆ حـەیوانات بـە تایبەتیش بۆ سەگو پشیلە و... هتد. دوێنێ شەو (٣١ی ٣ی٢٠٢٠)خەونێك دەبـینێ و بەیانی بۆ هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەمشەو لەخەونمـدا سـەگێکی رەش قەپی کرد بە دەستی چەپمداو منیش داوامکرد لـە تـۆ کـە هاوکـاریم بکـەیت بـەلام هەرزوو سەگەکە بەریدام و هیچ ئازاریشی پێنەگەیاندم، لە خەونەکەمـدا لای نزیکـی مەشروعی ئاوەکە بووین لای بیرقوربان لە قەمچوغە ی کۆن.

ئەم خێزانە زۆر لەگەڵ ئێمە تێکەڵن. دوێنێ کاك مجیدی هاوسەری گـێلاس خـان تێلی بۆکردم وتی با بچینە دەرەوە بۆ پیادەڕەوی چونکە چەند رۆژێکە بەهۆی بـاران

و کەرەنتینە نەچوینەتە دەرەوە، دوای نوێژی عەسر دەرچوین من و مـاڵی کـاك مجیـد واتـە گـێلاس خـان و منداڵەکانیشـی لـە دوکـان دەرچـوین و گەشـتینە بازگـەی ئاسایشەکان وتیان: فەرمون بڕۆن..

ڕۆشتین تاگەشتینە لای پردە بچوکەکەی نزیك مەشروعی ئاوەکـەی بیرقوربـان و لاماندایە جادە خۆڵەکە و تۆزێك روشتین لە تەنیشـتی پردەکـە تولـە سـەگێك هاتـە بەردەممان بـە قروسکە



قروســـك ئێمـــەیش سـەیارەکەمان ڕاگرتـو دابەزین سەیرمان کـرد ئـەو تولـە سـەگە بـە تەنهایـــە و بـــە دیـــار دایکیەوە مـاوە تـەوە و لـــە برســـان و لـــە سـەرماندا زور بێهێـزو لاواز بوو، دایکیشی لە نـــاو فەردەیەکـــدابوو نیـوەی لاشـەی دیـاربو نیوەشی لە ناو فەردەکە دابو تولەکەیش هەردەهاتو دەچو دەنوزایەوە، هەرخیرا گێلاسـخان دە ستکیشـی لـە دەستکردو وتی دەیبەینەوە خزمەتی دەکەم لە بەردەمی خـۆی دایـناو ڕۆشـتین وتـی: باشە مجید خۆ ئەوە خەونەکەی ئەمشەوە کە دیتم هەرلێرەیشـدابوو زۆر سـەیرە. وتم: خە ونی چی؟

ئیتر خەونەکەیشی بۆمن گێڕایەوە، منیش وتم واللە زۆر راستە دایکەکەیشی رەش بوو، وادیاربوو کە خەڵکی تر دایکەکەیان کوشتبوو لەوشوێنەشدا فڕێیان دابوو، خوای گەورە ئەوخێرەی کردبە نسیبی گێلاسخان، سوپاس بۆخوا کە دروستکراوەکانی خۆی زایەناکات و رزقیان بۆ دابین دەکات ( ان الله هو الرزاق ذوالقوة المتین )ئەوەش وێنەی منالەکەی گێلاس خان و سەگەکە کەخۆم وێنەکەم گرتووە.

**کاک محمد عبدالرحمان:**

دەڵێت: تازە ژنم هێنابوو کرێچی بووم لەسلێمانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢بێ کارو کەسابەت بووم لەسەروو بەندی لێدان و ڕووخانی سەددداما بوو، ئەوەی هەمبوو ١٥٠٠بۆ٢٠٠٠ دۆلارێك بوو، دراو بەرزوو نزمی ئەکرد، وتم بابڕۆم بۆ بازاڕ دۆلارەکە ئاڵوگۆڕ بەم دەسمایە کەمەوە بکەم بەشکم خوایە شتێکم دەستکەوێ، هەرچەندە ئەو کەسابەتە ئیشی من نەبوو، دەسگێڕێك وتی دۆلارت پێیە ئەیکڕم، وتم: بەڵێ پێمە بەتەواوەتی نرخەکەم لەبیر نییە بەڵام وا تێئەگەم نرخی ١٠٠ دۆلار ١٢٠٠ دیناری ئەو کاتە بوو وەحاسڵ پارەکەم داپێی و کابرا سەهوی کرد ٥٠٠٠ هەزار دیناری زیاد دایەوە پێم، کابرا لەوکاتەیا یەك دوو مشتەری تر سەرقاڵیان کرد بۆیە هەڵەی کردو زۆر مەشغوڵ بوو..

وتم: کاکە ئەم حیسابە هەڵەت کرد، وایزانی ئەڵێم کەمت داوە پێم وتی کاکە من مەشغوڵم بۆ خۆت لەو پێچەیا دانیشە بیژمێرە پارەی من نوقسانی نیە، منیش هەر لە ناو ڕاڕەوی بازاڕ دۆلارەکە پارەکەم ژماردەوە دڵنیا بووم کە پێنج هەزاری سویسری زیاد داوە پێم.

لەو کاتە قەرەباڵەغ و هەرایە کابرا دوور کەوتەوەو وتی تەواوە کاکـە ڕۆی، درۆ ناکەم بۆ چەن سانییەك غایلەیەك خراپ هات بەسـەر دڵـما وتم: ئەمـە کرێـی یـەك ساڵی کرێخانووەکەمە، بەڵام سوپاس بۆ خوا سەرکەوتم بەسەر نەفسـماو هـاوارم لـە کوڕە گەنجەکە کردو وتم وەرە حیسابەکەت هەڵەیـە زیـادت داوەتـەوە پـێم، کـاتێ حاسیبەمان لێ ڕا کێشا کابرا سپی سپی ڕەنگی هەڵگەڕا و ماچـێکمی کردوپارەکـەم دایەوە پێی، بۆ ئێوارەکەی دووبارە پارەکەم کردەوە دۆلاروو خێرکی کەمی کرد، بۆ سبەینێ کاتێ چومەوە بازاڕ دۆلارەکە هەرایەك و سەر جادەکەش پـڕی خـەڵك بـوو، پارەکەم بەدەستەوە گرتبـوو پیاوێـك وتـی بەچـەن ئەمـدەیتێ، وتـی: کـوا سـەیرێ دۆلارەکان بکەم.

ئیتر سعرێکم وت وڕێك کەوتین، وتی باشە وەرە بەدواما، کابرا پارەکـەی بـرد و بە ناو ئاپۆڕای خەڵکا ڕۆی منیش برایەك و خزمێکم لەگەڵا بـوو وتم بـا ئـەوانیش بانگ کەم هەتا بەرم کردە دواوە بانگی براکەم و خزمەکەم بکەم، کابرای دۆلار کڕ لەناو حەشاماتا دیار نەما، براو خزمەکەم وتیان کوا کابرا وتم وەڵا وتی شوێنم کـەوە تامن گەڕامەوە بۆ لای ئێوە چەن هەنگاوێك، کابرا دیار نەماو پارەکەشم لایەتی، ئیتر کەوتنە سەرزەنشتکردنم و وتیان: چـۆن پـێش ئـەوەی پـارە وەرگـری دۆلارەکـەت داوەتە دەسیەوە وەڵا تازە چاوت پێ ناکەوێتەوە..

ئیتر لەوێیا وشك بوم بەچوار دەوری خۆما ئەڕوانمە ناو ئەو حەشـاماتەیا لەوانەیـە بهاتایەتە بەردەمم نەمناسیایەتەوە لەبەر ئەوەی بۆ دووخولەکێك لەناو ئەو حەشـاماتەیا مەعمەلەمان کرد، وتم: خوایە ئەمە چی بوو توشم بوو، بۆ چەن دەقەیەك ئاگام لەدنیا نەما و وتم: هەمەو نیمە ئەم بیست گەڵایەیە (ئەوکات بیست گەڵا زۆر بـوو قیمـەتی ئۆتۆمێلێك بوو ) ئێستا بڕۆمەوە بڵێم چـی، لـەو کاتـەیا بینییم پیاوێـك لـەدووری بیست مەترێك بانگم ئەکا لەناو قەرەباڵەغێکـەیا دەس بـەرز ئەکاتـەوە سـەیرم کـرد

پیاوەکەیەو خۆم گەیاندە لای و وتی وەرە بەدوامـدا چـوم بردمـیٚ دووکانێکـەوەو و وتی ترسای؟

وتم زۆریش، وتی بۆ دواکەوتی نەهاتی بەدواما؟وتم تۆ پەلە ڕۆشتی و منیش ویستم بانگیٚ لەهاوڕێکانم بکەم تا ئاوڕمدایەوە نەمای، وتی دەست لەپارەکە شـۆری بـوو؟ وتم یەك ئومێدێکم هەبوو وتی چی بوو؟ بەسەرهاتەکەی ڕۆژ پێشووم بۆی گێڕایەوە و باسم لەو چرکە ساتە کرد کە هاتە سەردڵم و وتم ئەم پێنج هـەزارە کرێـی سـاڵیٚ خانۆکەمە دوایی سەرکەوتم بەسەر نەفسماو ئەوەم نەکرد، وتم وەڵاهی پارەی کـابرام نەگێڕایەتەوە تۆش ئێستا ئەم پارەیەت نەئەگێڕایەوە تەنها ئەو هەڵوێستە ئـارامی ئـەدا پێم.

ئیتر ئەویش وتی لـەدوورەوە سەیرتم ئەکرد پەشۆکابوی خۆ ئـەمزانی ئـەتوانم بخـۆم بەڵام هەمان غایلەی دڵی تۆ بەسەر منیشا هات کـەبیخۆم، بـەڵام وتم بـەخوا مـاڵیٚ کـەس بەکـەس حـەڵاڵیٚ نییـە بۆیـە بـانگم کـردی بۆیـە بـەخوا ئەگـەر مـن ئـەو ٥٠٠٠هەزارەم نەگێڕایەتەوە، بەخوا سەرمایەکەشم کە ٢٥٠٠٠هـەزار بـوو لـەگـەڵ خۆیا ئەیبرد..



کاک بەرهەم موحەممەد لە باوەنوورەوە ئەڵێت: خۆشەویستیت بۆخوداهەبێ لەحەوت تەبەقەی ئاسمانەکانەوە بۆت دەسێنێتەوەو بەهەمان شێوە ئەویش خۆشی دەوێی، شەوێك لەگەڵ هاورێیەکم دانیشووین پێکەوە ئەم فەرموودەیەم هێنایەوە پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێ: (خوداهەرکەسێکی خۆشبوێ بەنارەحەتی و ناخۆشی تاقیدەکاتەوە)، منیش وتم: باشە من ژیانم زۆرخۆشەو تائێستا خوداش بەوشێوەیە تاقینەکردومەتەوە کەئازارێکی لەحەد بەدەرم هەبێ باشە گەرخودا منی خۆشەوێ بۆتائێستا تووشی ئەو ئازارونەخۆشیەی نەکردووم، و ئەوخۆشویستنەش شمولی من بکاو ئەوفەرموودەیە من بگرێتەوە؟

ئەوەبوو شەوخەوتم و بەیانیەکەی لەتاوئازارێکی زۆر خەبەرم بویەوە چۆن ئازارێك هەستم دەکرد ڕیخۆڵەکوێرەم بێت خێرا خۆم گەیاندە نەخۆشخانە ئەوەبوو دکتۆر سۆنەری بۆکردم و وتی: بەردێکی حەوت ملیمی لەگورچیلەتدایەو ئەمشەو ئەوبەردە جوڵەی کردووەو توشی ئازارو نارەحەتی کردووی، لەبەرخۆمەوە وتم الحمدلله كثيرا



ئنجا تێگەشتم ئەوە بوو کەداوام کردو کەوتمە ناوتاقیکردنەوەکەوە، هاتمەوە بۆماڵەوە سێ ڕۆژ عیلاجم خواردو پاش سێ ڕۆژەکە چوم بۆلای دکتۆر ئیشاعەی گورچیلەی گرتم وتی: ئەوبەردەی کەلەگورچیلەتدا بووە هاتۆتە بۆری میزەڵدانت و پشت بەخوا لەچەند ڕۆژی داهاتوودا فڕێی دەدەیت

هاوڕێیەکم وتی: دۆستێکم وابووە زۆر زۆر بەئازارەوە بەردەکەی فڕێ داوە منیش وتم خودایە لەکاتێکی نزیك و بەبێ ئازر ئەم بەردە فڕێ بەم، ئەوەبوو دوای هەفتەیەك لەڕێگەی میزەوە بەبێ هیچ ئازارو ناڕەحەتیەك فڕێیمدا.

**برادەرێک بەناوی بەختیار عومەر ئەمەی بۆناردم:**

سەرەتای نەوەدەکان لە گرانییەکە، وەزع و ژیانمان زۆر خراپ بوو، ژمارەی ئەندامانی خێزانیشمان زۆر بووین، کە دایك و باوك و دە منداڵی ورد بووین، هەموو بەدوای یەك لەدایك بووبووین، تەنها باوکیشم کاری ئاشەوانی دەکرد و عەرەبانەیەکی هەبوو و کرێکاری دەکرد، ڕۆژێکیان خوشکەکم کە زۆر بچووك بوو، گوتی بابە برنجمان لۆ دەکڕی؟؟

بابم لەجێی خۆی تاسا و قوڕگی پڕ لە گریان بوو، بەڵام دەسەڵاتی نەبوو و پارەی نەبوو، دواتر گوتی ئا بابەگیان لۆت دەکڕم ان شاءالله، بابم وتی ڕۆیشتم بۆ ئیش لەسەر ئەو جادە سەرەکییەی کە دەچوو بۆ شوێنی ئیشکردنی فەردەیەك برنج لەسەر ئەو جادەیە کەوتبوو، سبەینەکی زوو بوو، کەس لە جادە نەبوو منیش چووم هەڵم گرت لە لێواری جادەکە دامنا، چەند ساتێك چاوەڕێم کرد، کەس نەبوو، دواتر بردم بۆ ئەو ئاشەی ئیشم لێی دەکرد، بە خەڵکەکەی ئەو شوێنەم وت، هەر کەسەك فەردە برنجەکی لێ کەوتووە، ئەوا لێرەم دانایە پێی بدەنەوە،

زیاتر لە چەند هەفتەی پێ چوو کەس نەهات بەدوایی و کەس نەیپرسی، منیش چووم لە مامۆستایەکی ئایینی بەڕێزم پرسی وتی: بڕۆ بە خێری خاوەنی بیدە بە منداڵەکانت، هەر کات خاوەنی پەیدابوو، لۆی بکڕەوە، ئەگەر وەری نەگرتەوە دەبێتە خێری ئەو.

بابم بۆ ئێوارە فەردە برنجەکەی هێنایەوە، هەموو هاوارمان دەکرد دایە توخوا برنج لێ بنێ، کە چەند مانگ بوو نەمان خواردبوو، بەڕاستی ئێستاش بەبیرم دێتەوە چاوم پڕ دەبێ لە گریان. ئەوە زیاتر لە ٢٥ ساڵ تێپەڕی کەس پرسیاری ئەو فەردە برنجەی نەکرد..

### کاک فەرهەنگ جەزا ئەڵێت:

پایزی پار، لە دەوام ئەگەڕامەوە، کاتژمێر ١٢ونیوی نیوەڕۆ بوو، لای نەخۆشخانەی شار پیاوێکی بەتەمەنم بینی، لەبەر باران وەستا بوو!! زۆر هەژار دیار بوو، وەستام و سەلامم لێکرد، پێموت: ئەگەر پێت خۆشە با بتگەیەنم، وتی: ڕێم دورە، ئەتوانی تا نەخۆشخانەی شۆڕش بمبەیت؟

پێموت: باشە بەسەر چاو، فەرموو.

سەرکەوت، سەیرم کرد ئەلەرزی!



پێموت: سەرماتە؟

وتی: نەخێر برسیمە.

منیش پێموت: ئەم نیوەڕۆیەپێکەوە نان ئەخۆین.

بردم بۆ چێشتخانەیەك و نانمان خوارد، تا گەیاندمە شوێنی خۆی، هەر دوعای بۆ ئەکردم!! زۆر هەژار بوو کەدامبەزاند تەنها ١٠ هەزارم پێدا، چونکە خۆشم پێویستم بە پارەبوو نەمتوانی باش هاوکاری بکەم.

کاتیٚ گەڕامەوە مالٚ، سەعات ٢ بوو، خەوتم، کاتژمێر ٣ تێلێکم بۆ هـات داوای شتێکیان لێکردم، ٣٨٥ دۆلاری خێر کرد!!! تا ئێستا نـەبوە ئەوەنـدە خێـر بکـەم لەیەك مامەڵەدا..

## جانتاکەم دەستکەوتەوە:

دۆستێکی خۆشەویستم ئەڵێت: سـالّی ٢٠٠٧ بـۆ ٢٠٠٩ چـووم بـۆ خوێنـدنی ماستەر بۆ ئەمریکا کە گەڕامەوە خۆم و خێزانم و منالّەکانم جانتامان زۆر پیٚ بـوو لـە ئەردەنیش گرتیانین چونکە بیٚ ڤیزە چووبوین ( لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی کەڕۆشتین لـە ٢٠٠٨ داوای ڤیزەی ئوردنیان لیٚ نەکردین و بۆیە کـە گەڕاینـەوە وامـانزانی هـەر نایەوێت و زانکۆکەشم هەر وای ووت).

ئەوە بوو ئـوردن ناردیـانین بـۆ فڕۆکەخانـەی هـەولێر نـەك سـلێمانی قـەدەرەن جانتایەکمان لـە عـەممانی پایتـەختی ئـوردن لەگـەلٚ کەسـێکی تـردا لـیٚ گۆڕابـوو، جانتاکەی خۆشم کە نەمئەزانی کەوتۆتە لای کیٚ، شتی گرنگی تیابوو لەوانە هەندێك دۆکیومێنت کە ماستەرەکەم تەواو کردووە.

ناچاربووم جانتاکە بکەمـەوە کـە هـی خـۆم نیـە تـا بـەلّکو ژمـارەی تەلـەفۆنێك بدۆزمەوە الحمدللـە ژمارەیەکم دۆزیەوە و تەلـەفۆنم کرد هی مالّێکی فەلـەسـتینی بـوو بەلاّم جانتاکەی من لای ئەوان نەبوو! ناو جانتاکەیان پڕ بوو لەئەشـیای گـران بـەها لەکامێرا و پێلاّوی مارکەی ئەسلّی! خزمێکم وتی هەلّیگرە بۆخۆت و فەلـەستینی وا خراپن و وان، ئیتر وتم ئەوە ئەمانەتەو من خاوەنی نیم. هەسـتام دوای چـەند ڕۆژێـك تەکسیەکم گرت و لەسلێمانیەوە چووم بـۆ فڕۆکەخانـەی هـەولێر و ناردمـەوە بـیٚ ئەوەی سۆراخی جانتاکەم بزانم!!!

کەچی خوای گەورە لە پاداشتی ئەوە جانتا ونبووەکەی خۆمی دوای هەفتەیەك بـۆ ناردم بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی بێ ئەوەی من لە فڕۆکەخانەی سـلێمانی هاتبێتمـەوە بێ ئەوەی ناوو ئەدرێسی منی لەسەر بووبێت، تەنها نازانم چۆن ژمـارەی خوشـکێکم کە لەسلێمانی دا ئەنیشێت لە جانتاکەدا دۆزرابۆوە.

## قورئانم گوێ لێدەگرت:

هەمان دۆستم ئەڵێت: ڕاهاتبووم و خووم بەوەوە گرتبوو کە ڕەمەزانان گـوێ لـە ڕادیۆی قورئان بگرم هی وڵاتان و زۆر چێژی ڕوحیم وەرئەگرت ساڵ ساڵی ٢٠١٥ بوو لە ئەمریکا بۆ خوێندنی دکتۆرا لەوێ بووم وبەهۆی باری دارایی کە حکومـەت پارەی خوێندنەکەی نەنارد و شوقەکانی زانکۆشمـان ئـەڕوخێنران بـۆ پـرۆژەی نـوێ ناچاربووم ماڵ بار بکـەم بـۆ شـوقەیەکی بچـوك و خـۆم و خێـزانم و منداڵـان تیایـدا دابنیشین بە شێوەی کاتی تا شوێنێکی گونجاومان دەست ئەکەوێت و ڕەمەزان بوو نە ڕادیۆ نە تیڤی هیچم لا نەبوو بیری ئەو ساتانەم ئـەکرد کـە لـە ڕەمەزانانـداگوێم لـە ڕادیۆی و قورئان ئەگرت!!

تەنها تەلەفۆنێکی ئاسـاییم پـێ بـوو کـەهیچ ئەنتـەرنێتی تیا نـەبوو.سـبحان اللـە تەلەفۆنێکم بۆهات لە ژمارەیەکی وڵاتانی عەرەبیەوە کـە تەلەفۆنـەکم کـرد و هـەڵم گرت یەکسەر قورئان خوێنـدن دەسـتی پێکـردو خـەتمی دائیمـی بـوو، دوای ئـەوە ڕەقەمەکەم خەزن کرد هەر بمویستایە گوی لە قورئان بگرم تەلەفۆنم بۆ ئـەو ژمارەیـە ئەکرد و گوێم لێ ئەگرت وفری بوو.

.

.

**کلیلی کەعبە:**

کاتی خۆی لەمەککە خۆشەویست(د.خ) داوای کلیلی کەعبەی لە عوسمانی تەڵحە کرد نەیدایەو سەروەرم فەرمووی: ڕۆژێك دێت ئەو کلیلە دێتە دەست من، عوسمان هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەهات شتی وابێ، دوای **١٣** ساڵی مەککەو هەشت ساڵێکی مەککە، سەروەرم فەتحی مەککەی کرد وعوسمان چووە سەربانی کەعبەوداوای کلیلەکەی لێکرد نەیداو وتی: بمزانیایە پێغەمبەری خوایە ئەمدایە، پێشەوا عەلی قۆڵی باداو بەزۆر لێی سەند، دوای ئەوەی کەخۆشەویست چووە ناوکەعبەوەو نوێژی کرد، عەباسی مامی پێشنیاری بۆکرد کەچۆن هەندێ کاروباری کەعبە لای بنەماڵەکەیانە ئاوا کلیلەکەش بدات بەمان، سەروەرم کلیلەکەی دایەوە بەپێشەوا عەلی تا بەنەرمونیانی بیداتەوە، ئەویش هات زۆر بەنەرم و نیانی و بەداوای لێبووردنەوە پێی دایەوە، عوسمان زۆری پێ سەیربوو، کەبۆچی ئاوا بەزبری و بەزۆر لێت سەندم و ئاواش بەنەرمونیانی ئەمدەیتەوە، پیشەوا عەلی وتی: قورئان لەسەر تۆ هاتە خوارەوە کە ئەمانەتەکەت پێبدرێتەوەوئایەتەکەی بۆخوێند (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا (٥٨) النساء )..



ئای لەگەورەیی خواو مەزنی ئیسلام، خوا فەرمان ئەدات بەسەرووەرو موسـڵمانان تا مافی خەڵکی وئەماناتیان پارێزراو بێت، ئەمە وای کرد عوسمان کەهـەرگیز بـڕوای نەدەکرد ئایەتی لەسەربێتە خوارەوە موسڵمان بێت، ئنجا مژدەشیان دایە کـەجوبرائیل لــەخواوە فەرموویــەتی کەتاقیامــەت ئــەو کلیلــە لای ئــەو بنەماڵەیــە دەبێــت، وا تائەمڕۆلایانەو پشت بەپشت ئەیپارێزن ولەخواوە ئەو شەرەفەیان پێـدراوە، دەی هــەر سەرکردەیەکی تر بوایە ئەو شەرەفەی بۆبنەماڵەکەی خۆی ڕەوا دەبینی، بۆیە شـایەتی ئەدەم فەرمانەکان ئاسمانین و سەرووەرمان پێغەمبەری  خوایە.وێنەی هـەڵگری کلیلـی کەعبە کە لـەبـەنی شـەیبەیە: لا١٨٣ المـنهج المتکامـل لإعـداد القـادە ج١ د.تـاریق سوەیدان، غیاث خلیل هواری.

## چەند پەیڤێکی پەروەردەیی

بەشی یەکەم: سەرەتا لـەپێناسەی پەوەردەوە دەسپێدەکەین:

کورترین پێناسەی پەروەدە بریتیە لە(ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەمرۆڤدا لـەحاڵێکەوە بۆ حاڵێکی باشتر، ڕاستەوخۆبە وشە یان ناراستەوخۆ بە کردار)

بەکارهێنانی وشــەی جـوان و کاریگــەر لــەکات و شـوێنی خۆیـدا پـێ دەوتـرێ حیکمەت لەبانگەوازو پەروەردەدا بەڵام زۆر جار کـردار و سـلوکی جـوان کـەپێی دەوتری (التربیة بالقـدوة) ڕۆڵ و کاریگــەری لەهــەزاران وشــە زیـاترە سـەیری ئـەم چیرۆکە واقعیە بکەن: (دەگێڕنەوە کەشێخ عومەری بیـارە (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) کاتێ هەواڵی بۆدێنن کە وا کۆمەڵی فەقێ لەخورماڵەوە بەرەو بیارە دێـن بۆخوێنـدن بۆمزگەوتەکـەی ئـەویش جلوبـەرگی خـۆی دەگـۆڕێ و دەچـێت بەدەمیانـەوە بـۆ پێشوازییان لەنزیکی گوندی زەردەهاڵ لەنێوان بیارەو خورماڵدا چـاوەڕێیان دەکـات کاتێ دەگەن دەچێتەلایان و هەواڵیان دەپرسێ و کەسیان نایناسن و لـەگـەڵیان بـەرێ

دەكەویتەوە بەرەو بیارە كۆلیان لەگەڵ هەڵدەگریٚ و زور بەحورمەت و ڕیزەوە لەگەڵیان ڕیٚ دەكات كەدەگەنە نزیك مزگەوتەكەی بیارە یەكیك بەپەلە ڕادەكات هەواڵ ببات بۆشیخ عومەر كەوا فەقیكان گەیشتن بەڵام شیخ نادۆزیتەوە دیتەوە سەیردەكات شیخ خۆی وەك یەكیك لەفەقیكان لیكردوە و بەشەرمیكەوە دەڵیٚ ئەوە تۆی جەنابی شیخ؟

لیرەداهەموو فەقیكان توشی شۆك دەبن ئەم پیاوە گەورەیە لەویوە كۆڵی بەكۆڵەوەیە ئەوهەموو ڕیزەی لیگرتوون، ئەڵین ئەو كارە ئەوەندە كاریگەری هەبو لەسەرفەقیكان تاساڵیكیش ئیتر فەقیكان پیویستیان بەئامۆژگاری نەبوو بەو سلوك و خاكی بوون وحاڵ وقدوە بونەی كاریكی وای كرد هەموویانی پەروەردەكرد ئەمەیە( **التربیة بالاحداث، التربیة بالقدوة**)..

بۆتەواوكردنی بەشی یەكەم لەبابەتی پەروەوردە ئەمەویٚ ئەوەتان عەرز بكەم كەكاتیٚ قودوەكان بەسلوك و كردار پرۆسەی پەروەردە بەگەڕ دەخەن لەهەمان كاتدا وتەوقسەكانیان دەبنە چرای ڕیٚ، دەبنە كلیل بۆكردنەوەی دڵە داخراوەكان، دەبنە حیكمەت و مەرهەم سارێژی برینەكان دەكەن و دەبنە شنەی شەماڵ و بارانی نەرم دڵەكان بەئاوی ئیمان ومحەبەتی خودا ئاودێری دەكەن سەیری ئەم ڕوداوە بكەن:

( لەساڵەكانی حەفتاكان مامۆستای محیدینی گەلاڵی ڕەحمەتی، خوا لیی خۆش بیت لەزانكۆی بەغداد كۆلیژی علوم –بیركاری– وەردەگیریت.

جاریك لەكاتی گەڕانەوەی بۆسلیمانی پاسەكەیان لە چیشتخانەیەكی دوزخورماتو لادەدات و مامۆستا كاتیٚ لەسەرمیزیك دادەنیشیٚ شاگردیك دیت و بەشیوەیەكی ناجوان پەرداخیك لەسەرمیزەكە بەتوندی دادەنیت وتەقەی لیبەرز دەبیتەوەو دەڵیت: چی دەخۆیت؟ مامۆستاش بەڕوویەكی پڕ لەئارامی و خەندەیەكەوە سەیری دەكاو دەڵیت: عفوا ئەتوانم بڵیم ناوت چیە؟

ئەویش دەڵێ ناوی منت بۆچیە پێم بڵێ چی دەخۆیت؟ مامۆستادەڵێت تاپێم نەڵێیت ناوت چیە پێت ناڵێم چی دەخۆم.

ئەویش دەڵێت ناوم ئیبراهیمە مامۆستاش دەڵێ ئەڵا... لەم ناوەچەند خۆشە، بەڵام خۆزگە تۆش وەك ابراهیم بوویتایە، تۆ لەناوەکەت ناچیت، ابراهیم جارێك چەند میوانێکی هات ڕێزێکی زۆری لێگرتن و خێرا حەیوانێکی قەڵەوی بۆسەربڕین، ئینجا ابراهیم کەسەیری ئەستێرەکان و مانگ و ڕۆژی کرد، ڕوو بەگەڵەکەی هاواری کردو وتی ئەوا ڕوم کردە ئەوخودایەی ئەمانەی دروستکردوە....

کابراوتی: کاکە ئێستا پێم بڵێ چی دەخۆی؟ مامۆستاش بەخەندەیەکەوە وتی فاسلویا (ئەوکاتە وابوو ناوی شلەکەت دەوت )مامۆستا دەڵێ بۆساڵی داهاتو جارێکی تر کە گەڕامەوە دیسان پاسەکە لەهەمان چێشتخانە وەستا و کاتێ دانیشتم سەیردەکەم یەکێك بەڕێزێکەوە هاتە پێش و وتی: تۆ پیاوەکەی ساڵی پاری؟

وتم: کام پیاو؟ وتی: ئەوەی کەوتت لە ئیبراهیم ناچی، وتم: بەڵێ ئەوم، وتی: من زۆر زۆر مەمنونی تۆم، من ئێستا لەئیبراهیم دەچم، دەزانی قسەکانی تۆ چەند کاری تێکردم شەو لەسەربان خەوتم و سەیری ئەستیرەکانم دەکرد وبیرم لە قسەکانی تۆ دەکردەوە، ئای مامۆستا چەندکاریگەر بوون چەند سەرنجیان ڕاکێشام، خۆمن پێستر هەموشەوێ سەیرم دەکردن بەڵام بیرم لێ نەدەکردنەوە، بەڵام هەستەکەم دڵم کراوەتەوە ئیتر بڕیارم دا ڕوو لەخودا بکەم، خۆم پاککردەوەو نوێژەکانم دەکەم و وەدەچمە مزگەوتی نزیکی ماڵی خۆمان و لەو کاتەوە بەجیاوازتر مامەڵە لەگەڵ نەفەرەکان دەکەم، ئێستا سوپاس بۆ خودا لە ئیبراهیم دەچم و هەتا ماوم سوپاسی تۆ دەکەم و دۆعای خێرت بۆدەکەم...

بەڵێ بەڕێزان مامۆستای ڕەحمەتی قودوەیەکی تەواوبو بۆ قسەکانی وەك کلیل دڵەکانی دەکردەوە وەك بارانی بەهار زەوی دڵەکانی بەئاوی ئیمان و محبەتی خودا تێر ئاو دەکرد...نووسینی دکتۆر عمر محمد.

## پەیوەندی پەروەردەکار لەگەڵ خەڵك و پەروەردەکراوەکانی:

لەقورئانی پیرۆزدا پەروەردەکار و بانگخواز دەبێت دووهەستان(قیام)ی سەرەکی و ئەساسی بکات، قیامێك لەگەڵ خوای میهرەبان (قم الليل الا قليلا) لەبەشی پێشو باسێکمان لێکرد. هەروەها قیامێك لەگەڵ خەڵك بەگشتی (قم فأنذر)

ئەم سیفەتەگەورە ئەخلاقیە لەخۆشەویستی بۆ خەڵك و خاکی بوونەوە سەرچاوە دەگرێ، چۆن ببیتە سێبەر و ڕەحمەت وخەڵك لەپاڵتا هەست بەئارامی ودڵنیایی بکات، وەك دەفەرموێ (وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين)

یان (ولو كنت فظا غليظ القلب لانفضوا من حولك.... )بەڵێ دەبێت پەروەردەکار باڵی سۆزو میهرەبانی بکێشێ بەسەر قوتابیەکانیدا وەك دەفەرموێ:

(واخفض جناحك لمن اتبعك من المؤمنين ) ئەم ئایەتە پیرۆزە جوانترین تەعبیروجوانترین وێنەی بەخشیوە بەشکڵ و شێوازی ئەو پەیوەندی یە ڕۆحیە، باڵی محبەت و صدق کێشان بەسەرهاوەڵەکانت، کەپڕیەتی لەمانا قوڵەکانی، پەیوەندیەکی پڕ لەسیدق و دڵسۆزی، بەڵێ ئازیزان ئەم حاڵەتە برایەتی وئیمانیەیە پەروەردەکار زۆر گەورە دەکات، توانایەکی ڕۆحی وا بۆ پەروەردەکار فەراهەم دێنێ بەئاسانی دەرگای دڵەکانی بۆ دەکەوێتە سەرپشت و دەچێتە دڵەوەو توانای دڵگیری و دڵبەندی و ڕاکێشان ( جازبیەت)ی پێ دەبەخشێ.

بەڵێ باڵ کێشان واتە خاکی بوون و پاکردنەوەی دڵ لە( من )(أنا)ئەو(أنا)یەی کەهەموسەرکەوتن و بەدەستهێنانێك، هەموو شتەباشەکان بدەیتەوە پاڵ خۆت، لەخۆبایی بونێکت بۆ دروستکات کەسی تر نەبینی و هەموان پێشێل کەیت. ئیتر دڵ دەبێتە بەردی ڕەق و هیچ نارۆێنێ و هیچ سەوز ناکات، وەك مەولانای ڕۆمی بەڕەحمەت بێت دەڵێ (باران گیا لەسەر بەردەکان سەوز ناکات، ببە بە خاك دەبیتە گوڵستان) بەڵی

ئەوباڵ ڕاخستنەی خودای میهرەبـان داوای دەکـات لەسـەرووەرمان "د.خ " تـەواوی ماناجوانەکانی خـاکی بـون و میهرەبـانی و سـۆزی تیایـە و دڵـەکان بـۆلای خـۆی کەمەنکێش دەکات، سەیری ئەم چیرۆکەی مولانا بکەن:

(ڕۆژێك یەکێك لەڕاهیبەکانی قۆنیە لە تورکیا، دەیەوێ لەنزیکەوە مولانا ببـینێ و بیناسێ، چونکە لەوکاتەدا هەواڵی تواناو کاریگەریەکانی مەولانا لەسەر خـەڵك زۆر بڵاووگەرم بوو، بۆیە ڕۆژێك خۆی دەگۆڕێ وبەرگێکی موسڵمانانە لەبـەردەکات و دێت بۆ مزگەوتەکەی مەولانا ولەناو خەڵکەکە دادەنیشێ لەنزیکەوە گوێ لەمەولانا دەگـرێ کـە وتـارێکی ڕۆحـی ئیمـانی پێشـکەش دەکـات، زۆر کاریگـەر دەبێـت بەوتارەکەو دڵی گـەرم دەبێـت، دوای تـەواو بـوونی وتارەکـە دەڕوات لەبـەردەمی مەولانا ڕادەوەستی و پەلاماری دەستی مەولانا دەدات کەماچی بکات.

مەولانا بەپەلە دەسـی لادەبـات ونـاهێڵی ودادەنەوێتـەوە کەقاچـی مـاچ بکـات، مەولانا دادەنەوێتەوەو ناهێڵی و بـەڵکو مـەولانا فرسـەت دەهـێنی دەسـتی ڕاهیبەکـە ماچدەکات. ڕاهیبەکە ئەوەندەی تر موعجب دەبێـت و خـۆی دەناسـێنێ و دەڵێـت: واللە کەگوێم لیگرتیـت واهەسـتم دەکـرد کەحقیقـەت و ڕاسـتی لەنێوقسـەکانتان دەنگدەداتەوە، دڵنیابووم کە تۆ لەسەر ڕێبازی حەق وڕێگـای ڕاسـتی، بۆیـە لێـرەدا بڕیارمداو دەمەوێ موسڵمان ببم، بەڵێ موسڵمان دەبێت و کـەش و هەوایـەکی زۆر خۆش لەمزگەوت دروست دەبێت.

کاتێ مەولانا لەگەڵ بەهادینی کوڕی بۆماڵەوە دەڕۆنەوە لـەڕێگادا پێـی دەڵێـت: ئەوەچی بوو ئەوڕاهیبە خەریك بوو لە ڕەوشت و خاکێتیدا بەسەرمدا زاڵ بێت پێشـم بداتەوە!! چۆن شتی وادەبێت؟

سەيری ئەم بەرزيە بكەن، پێشبڕكێ لەسەر خاكی بوونی زياتر لە قەرەباڵغی يەكی ئاوادا، كەنەفس لەرێی ( أنــــــــــــا )ی نەگريسەوە سەری بلند كردەوەو ويستی خۆی دەرخا (ڕاهيبێك لەناو خەڵكێك دەستت ماچ دەكات!!! )

بەڵێ پێشبڕكێ لەسەر خاكی بوونی زياتر و خۆ لەبير كردن لەپێناو خوداو پاراستنی گيانی برايەتی و پەروەردەكردندا، پلەو مەقامێكی زۆر باڵاو گەورەيە. ئەمەيە كەوا دەكات ببيتە گوڵستان و هەموان بەدەوری( بۆن و بەرامەی نەشئەی ڕۆح و دڵی پاك و گيانی بەرزی برايەتيدا) بەدەورتا حەلقە ببەستن.ئەكاونتی(د.عمر محمد).

### سيفەتە سەرەكيەكانی پەروەردەكار (المربی):

١ـ نيەت پاكی.

٢ـ خۆشەويستی بۆ مرۆڤ.

٣ـ زانست و زانياری: زانياری بە ڕێگاكانی پەروەردەكردن و شێوازەكانی مامەڵەی دروست لەگەڵ مرۆڤ..

٤ـ حيكمەت ودانايی و لێزانين بەچۆنيەتی دابەزاندنی زانست و زانياريەكان لەگەڵ مرۆڤ لەكات و شوێنی گونجاوی خۆيدا، لەگەڵ پێكهاتە سەرەكيەكانی مرۆڤ بەهاوسەنگی لەگەڵ(ژيری ـ دڵ ـ نەفس ورۆح ـ جەستە)ی مرۆڤ.

لێرەدا سەيری ئەم چيرۆكە بكە:

(لەساڵانی نەوەدەكان لەقوتابخانەيەكی شاری سلێمانی مامۆستايەكی پەروەدەكاركە(ڕابەری پۆل دەبێت) دەڵێت:

ڕۆژێك یەكێك لەقوتابیەكان بەدڵێكی پڕو چاوی بەفرمێسكەوەهات بۆلام وتی مامۆستا دیناریكم پێبو لەجانتاكەمدا دامنابو، بەڵام لێیان دزیوم (ئەوكات دیناری ئاسن هەبوو).

منیش هێورم كردەوە، وتم خەم مەخۆ هەوڵدەدەین بیدۆزینەوە، تۆبڕۆرەوە پۆل دواتر خۆم دێم.

كاتێ چوومەپۆل وهەندێ قسەم بۆكردن. دواتر وتم قوتابی (دارا)ئەڵێ دیناریكم پێبوە لەم پۆلەدا دیار نەماوە، ئەمەشتێكی خراپە، ئەزانن ئێمەهەرچی بكەین لەم پۆلەدا كامێرایەك هەیە وێنەی دەگرێ و هیچ ون نابێ، ئەو كامێرایەش كامێرای چاودێری خودای میهرەبانە، ئینجا ئێوە هەریەكێكتان ئەگەر پارەكەی لێ بدزن دەزانن چەند پێی ناخۆشە، دەی كەواتە چۆن ڕێ بەخۆمان بدەین پارەی یەكتر ببەین؟ ئێوە برای یەكترن نابێ ئازاری یەكتربدەن..

ئینجا وتم پێش لێدانی جەرەس جانتاكانتان لەسەر مێزەكانتان دابنێن خۆم دەگەڕێم...

لێردە چاوێكم گێڕا بەناوچاوانی قوتابیەكاندا یەكێكیان كە زۆر بزێو بوو هەستم كردزۆر تێك چوو ڕەنگی سپی بوو، بەڵام كەجەرەس لێیدا جانتاكانم نەپشكنی و چومەدەرەوە دواتر بەنهێنی ئەو قوتابیە بزێوە كەناوی (نەبەز) بو بانگم كرد بۆ ژورێك و هەندێ قسەم بۆكرد و وتم كوڕی خۆم تۆكوڕێكی چوست و چالاكی و وریاو زرنگی بەڵام دەزانی زۆرجار مرۆڤ تووشی هەڵە دەبێ، منیش لەبیرمە لەهەمان تەمەنی تۆدا هەڵەم كردوە بەڵام پەشیمان بوومەتەوەو بەردەوام نەبووم لەسەری، هەموو مرۆڤەكان هەڵەدەكەن و، كەس نیەهەڵە نەكا، نەبەز گیان كوڕی خۆم من وا هەستەكەم ئەم جارە ئەم هەڵەیە تۆ كردوتە، جائەگەر وایە من بۆت چارەسەردەكەم وناهێڵم كەس بزانێ، ئەگەر بەڵێنم بدەیتێ دوبارەی نەكەیتەوە.. بەترسێكەوە وتی:

ئاخر چۆن؟ وتم: تۆکردتوته؟ وتی بەخوا مامۆستا چەند ڕۆژە پارەم پیٚ نەبوە ئیتر ئـەم هەڵەیەم کرد تکایە لیٚم ببورە.

دەستم هیٚنا بەسەریداو وتم: بڕیارئەدەی هەرگیز دووبارەی نەکەیتەوە؟ وتی: بەڵیٚن بیٚت بەس ئەمجارە بۆم چارەسەربکە. دیناریٚکم دایەو، وتم بڕۆ ئەم دینارە بەنهیٚنی بخەرە وە ناوجانتاکەی دارا، بەڵام وریابە کەس نەزانیٚت. پەلاماری دام و دەستی ماچـکردم وتی: بەسەرچاو.

دواتر چوومەپۆلـەوە، وتم " ها دارا دینارەکەت نەدۆزیەوە؟ بەدەنگیٚکی گریانـاوی وتی: نەوەڵا مامۆستا، وتم: دارا ئەم پۆلـە هەموتان کوڕی چاکن بڕواناکەم هەڵـەی وا لیٚرە ڕوبدات، دەتۆ جانتاکەت بیٚنە باپیٚکەوە باشتر بگەڕیٚین بـزانین نەکەوتۆتـە نیٚـوان کتیٚب و دەفتەرەکانەوە، تۆزی گەڕاین ئینجا خۆی دەستی بەر دینارەکە کـەوتو وتـی بەرەوەڵا ئـ ئـ ئەوەتا مامۆستا گیان بمبورن بەخوا پیٚشتریش گەڕام بـەڵام دیـارە بـاش نەگەڕاوم، وتم سوپاس بۆخودا کەدۆزیمانەوە، مـن وتم ئـەم پۆلــە هـەمویان چـاکن و دەستپاکن بڕواناکەم شتی وابکەن..

نەبەز بەم ڕووداوە و بە مامەڵەی پـڕ لـەحیکمـەت و نـەرم و نیـانی مامۆسـتا زۆر کاریگــەر دەبیٚــت و گۆڕانکاریــەکی گــەورە لەژیانیــدا دروســتدەبیٚت و دواجــار لـەکۆلیٚژی ئەندازیاری وەردەگیریٚت و دەبیٚتە ئەندازیاریٚکی سەرکەوتوو لـەم شـارەدا، دەڵیٚ من هەمیشە قـەرزاری مامۆسـتاکەمم کەکەسـایەتی مـنی پاراسـت و وانەیـەکی پەروەردەیی وای پیٚدام هەمیشە لـەبیرم ناچیٚتەوە، پیٚ دەچیٚت ئەگەر مامۆسـتایەکی تـر بوایە ڕووداوەکەی لیٚ گـەورەکردبام ولـەبەرچـاوی قوتـابی و مامۆسـتاکان سـوکی کردمایەو دایك و باوکمیان بانگ بکردایەو.... هتد ئەگەریشی هـەبو بەرگـەی ئـەو بارودۆخەم نەگرتایەو وازم لـە قوتابخانە بهیٚنایە...).

بەحیکمەتیٚك، بە نەرم ونیانی و دیناریٚـك، بـە چـەند قسـەیەکی جـوان مرۆڤیٚـك پیٚدەگات و لــەلادان وتاوانکـاری ڕزگـاری دەبیٚت، دەتـوانین چـەندەها وانـە لــەم

چیرۆکە وەربگرین.... چەند مامۆستای لێنەزان هەن کە بەنەزانی و هەڵەشەیی و بێحیکمەتی و مامەڵەی ناشیرین ژیانی چەندین کەسیان وێران کردوە.. نووسینی دکتۆر عومەر محمد.

### دکتۆر عبدالحلیم عبدالمنعم:

میسریەو قورئانخوێنەو پێشنوێژو وتارخوێن بووە لە جەدەو وکوەیت، دەڵێت: ساڵی ١٤١٨ی کۆچی واتە٢٢ ساڵێك لەمەوبەر جگەرم نەخۆش بوو هەرچی چارەسەرم بەکاردەهێنا سوودی نەبوو تا لەگەڵ دکتۆرسەمیر زەمزەمی کە پزیشکە چوومە لای باشترین دکتۆری شاری جەددە هەموو وتیان: تازە کارلەکار ترازاوەو جگەرت تووشی شێرپەنجە بووەو تەنانەت ناتوانرێت زەرعی جگەریشت بۆبکرێت و ئەو پەڕەکەی مانگێکی تر بژیت، ئەمە کۆتایی رەمەزانی ئەوساڵەبوو، دایکو باوکم میوانمان بوون، ئەوەم بەباوکم وت: ئەویش وتی کوڕم کەسی واهەیە لەماڵ یەتە دەرەوەوناگەڕێتەوە وفریای وەسیەتیش ناکەوێت، تۆخوا مانگێك مۆڵەتی داوی وەسیەت بکەو خۆت ئامادەبکە بۆ سەفەری قیامەت.

منیش وەسیەتم نووسی و مۆڵەتم لە مزگەوت وەرگرت و لەژوورێکدا خەریکی پەرستش وقورئان خوێندن و دوعا کردن بووم، رەشکەو هەنگوین و زەمزەمم لابوو، جارجار لێم دەخواردن زۆربەی خواردنەکانیش بەفەرمانی دکتۆرەکان قەدەغەبوون، چونکە بەخواردنیان ئازاریان ئەدام.

پانزە رۆژی شەوال رۆیشت شەوێکیان زۆرگەرم بووم بۆدوعاو وتم: خوایە خەڵکانێك نەخۆش بوون فاتیحەو روقیەی شەرعیم بەسەرا خوێندوون شیفات داون، ئێستاش منی بەندەت هەموو دەرگاکان بەڕوومدا داخراون تەنها دەرگای رەحمەتی تۆ نەبێت، هەموو هیوام تۆیە شیفام بدە، هەستم کرد وردە وردە بەرەچاکبوون ئەچم،

ئنجا داوای خواردنم دەکرد هاوسەرەکەم نەیدەویست بمداتێ لەبەرباری تەندروستیم باوکم ئەیووت: بیدەرێ ئەوەندەی نەماوە باحەزی لەچیە بیخوات، هەستم ئەکرد ئەو خواردنانە ئازارم نادەن.

مانگی شەوال تەواو بوو لەسەر قسەی پزیشکان نەمردم، دکتۆر سەمیر زەمزەم هەر لەهەوڵدابوو شتێکم بۆ بکات، پشکنین و ئەشیعەکانی ناردبووم بۆ هیندستان و میسرو سەرەنجام وتیان رەنگە بتوانین زەرعی جگەری بۆبکەین، چوومە میسر لە(دار فوئاد) پشکنینیان بۆکردم، دکتۆرەکە وتی: کوا نەخۆشەکە؟

وتیان: ئەوەتا دانیشتووە لەبەردەمتا، وتی: ئەوەتا هیچی نیەو بەرلەدوومانگێك زەرعی جگەری بۆکراوە. پشکنینەکانیان دووبارە کردەوە هەمان نەتیجەبوو، لەخەستەخانەکانی تر کردمان هەمان نەتیجەبوو، هاتمەوە جەددە پشکنینیان بۆکردم دەرکەوت خوای گەورە بەلوتف وکەرەم ودەسەلاتی بێچوونی خۆی زەرعی جگەری بۆکردووم و رزگارم بوو، بۆیە بڕوادار هەرگیز نابێ بێهیوابێت لە قاپی رەحمەتی خوا کەهەرگیز بەڕووی بەندەکانیدا داناخرێت.داوابکەن، ئیلحاح بکەن، چونکە خوا ئیلحاح کردن وپێداگری پێخۆشەلەدوعاداو حەزدەکات هەمیشە ناوی پیرۆزی ئەو لەسەردەم و لەناودڵ بێت.. دڵنیابە بەتەنها یادی بکەیت بەتەنها یادت ئەکات و لەناو خەڵکدا یادی بکەیت لە (مەلەئی ئەعلا) یادت ئەکات..



## سەید رافیع:

ئەم مامۆستایە ئـەڵێت: لەفەلوجـە لای زانـای بـەناوبانگ خـەلیل محمـد فـەیازی کوبەیسی ئەمخوێند، فەرمووی ئیتر بچۆ بۆلای مـەولانا مـەلا عبـدالکریمی مـودەریس وانەکانت تەواو بکە، دوانزە ساڵ لەخزمەتیا بووم، ئەو بنەماڵەی ئێمەی خۆشەویست بەتایبەت مامی گەورەمان (شێخ حامید مەلا حوەیش )کەوتاربێژی مزگەوتی گـەیلانی بـوو، هـەرجارێك وانـەی پێـدەوتم و دوایـی پیادەچـوومەوەو حاشـیەو لێکدانـەوەم ئەخوێندەوە لـەسەر بابەتەکان پرسیارم لادروست ئەبوو بۆ بەیانی کەئەچووم ودەسـتی پێدەکرد ئەیفەرموو دەرسی رابردوومان کەئەوە بوو کۆمەڵێك پرسـیاردێنێت و یـەك بەیەك ئەتووت لـەمێشکی مندایە وەڵامی ئەدایەوە.

لـەدڵی خۆمـدا وتم: رەنگـە پـەنجا سـاڵ زیـاترە ئـەم دەرسـە ئەڵێتـەوە ئاسـاییە ئەوپرسیارانە بزانێت، نەجارێك نەدەجار، بەیانیەك پێش خۆرهەڵاتن چووم بۆلای پێش ئەوەی قوتابی بێن بۆلای، لەدڵی خۆمدا بڕیارم دا پرسیاری مەنتقی لێبکەم کەئەوکاتە لەوانەکانماندا مەنتقی نەدەوتەوە، بڕیارم دا لـەنەفسـی خۆمـدا کەتـەنها خـوا ئـەیزانی کەپرسیاری (**الکلام عن نقیض المخالف**)ی لێبکەم لەمەنتقدا..

کەچوومە خزمەتی بە قامیشەکەی تەفسیری ئەنووسی، قەڵەمـە قامیشـەکەی دانـاو عادەتی وابـوو کـە قوتـابی ئەچـووە خزمـەتی یەکسـەر ئـەو وشـەیەی تـەواودەکرد



کەئەینووسی و رستەکەی تەواو نەدەکرد، بەلایەوە ئەوە ئیتر کاتی قوتابیە و نابێ شتی تری تیابکات، وتم: سەلامت لێبێت.

وتی: وعلیکم السلام سەید رافع، دەستیم ماچکرد، ویستم دەست بگێڕمەوە گرتمی و وتی: سەید رافیع ئەتەوێت تاقیم بکەیتەوە لە (**عكس نقيض المخالف**)دا، بۆ وادەزانی مەلا عبدالکریم ئەوە نازانێت، هەربەنج بووم و گریام.. ئیتر دڵنیابووم کەئەو ئەولیای خوایە..

**بانگخوازی لیبیی محمد جهانی:**

ئەم بانگخوازە ساڵی ١٩٧٠ یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی لیبیا بوو چووە بەریتانیا و کۆلێژی تەواوکرد، پاشان بووە وەرگێڕ لەخەستەخانەی شێخ زاید لە لەندەن کەخەستەخانەیەکی زۆر پێشکەوتووەو سەرۆك و دەسەڵاتداران روویان تێدەکرد بۆ چارەسەر.

چەند ساڵێك دوای هاوسەرگیری منالی نەدەبوو بەلایەوە گرنگ نەبوو، تاهاوسەرەکەی لەسەر قسەی دایکی زۆری لێدەکات کە پشکنین بکات، لەلای باشترین پزیشکی خەستەخانەی شێخ زاید پشکنین دەکات و ئەویش پێی دەڵێت: بەداخەوە هەرگیز منالت نابێت، ئەویش دەڵێت ئێمەی موسڵمان بڕوامان بەخوایەکە کە هەموو شتێك بەدەست ئەوە، دکتۆرەکەش دەڵێت: من ڕای پزیشکیم دایتێ وتۆش کەیفی خۆتە.

ئەوەبوو چوو بۆ عەمرە ولەپاش عومرەکردن لەسەحەردا یەك سەعات لەسوژدەدا لەخوا پاڕایەوە بۆئەوەی نائومێدی نەکات، خۆی دەڵێت: ئەوەندەگریابووم شوێن سوژدەکەم تەڕبووبوو، وتم: خوایە من میوانێك بێتە ماڵەکەم داوای هەرچیەك بکات بەس لەتوانامدا بێت بۆی دەکەم، منیش میوانی ماڵەکەی تۆم.. کەگەڕایەوە لەندەن

پاش دوومانگێك هاوسەرەكەی پشكنینی كرد دەركەوت دووگیانەو، خـوای گـەورە سێ كوڕی پێـدان. دوای دووسـاڵ (عبـدالله وعبـدالرحمان )ی كـوڕی بـرد بـۆلای پزیشكەكەو وتی: ئەوانە كوڕی منن و خوا پێی بەخشیم..

جا كەئەچوو بۆ وەرگێڕان و دكتۆر بەكەسـێكی بووتایـە چارەسـەرنیە، ئـەیووت: ئەوە رای زانستی پزیشكیەو ئەم قەشەیەشمان لایە ئەو بەڵكو تەگبیرێكت بۆبكات..

جارێك خێزانێكی كوەیتی سەردانی ئەو خەستەخانەیە دەكەن و پزیشكەكان ئەڵێن كوڕەكەتان لێبۆتەوەو شێرپەنجەكەی تەواو بلاّوبۆتەوە، زۆر ناڕەحەت ئـەبن، ئـەویش تەگبیریان بۆدەكات كە بچنە ماڵی خواو لـەوێ بپاڕێنـەوە، ئەچـن و پـاش ماوەیـەك تەلـەفونی بۆدەكەنەوەو زۆر سوپاسی دەكـەن و دوعـای خێـری بۆدەكـەن كـە خـوا كوڕەكەیانی شیفاداوەو ودەڵێن: حەزدەكەین بێیتە كوەیت، جنسـیەی كوەیتیـت بـۆ وەردەگرین و ڤیەلایەكیشت بەدیاری ئەدەینێ.. بەكوردی و بەكورتی خـوا ئـەتبینێت ولـە دینەكەماندا بێهیوایی نیەو تادوانەفەس لەخوادەپاڕێینەوە كە هیواكانمان بـۆ بێنێتـە دی(وَلَا تَيْئَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَـا يَيْـئَسُ مِـنْ رَوْحِ اللَّـهِ إِلَّـا الْقَـوْمُ الْكَـافِرُونَ (٨٧)يوسف)..

بـانگخوازی لیبیـی محمـد جهـانی كەلەبەریتانەیـە ئـەڵێت: بانگـەواز بـە وتـارو بەكرداروڕەوشتی جوانە، قورئان دەفەرموێت (وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَـى اللَّـهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٣٣) وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّـيِّئَةُ ادْفَـعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ (٣٤) وَمَا يُلَقَّاهَـا إِلَّـا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ (٣٥)فصلت ).

پێش پەنجا ساڵ لەبەریتانیا یەك مزگەوت هەبوو هەشت كەسێك نوێژیان تیادەكرد، ئێستا ٢٥٠٠ مزگەوت هەیـەو ٢٧٠ كەنیسـە كراونەتـە مزگـەوت و ١٣٥ نـادی كراونەتە مزگەوت.

لای بەریتانیەکان منداڵ لە سەعات هەشتی شەوەوە ئەخەون، ستیوارد کەبەڕێوەبەری گەورەترین بانکی لەندەن بوو، وەژنەکەی تەڵاقدابوو، درەنگانێك لەدەرەوە دێتەوە پاش نانخواردن منداڵ وگەنج ولاوان ئەبینێت ئەچن بۆمزگەوت بۆتەراویح بەلایەوە سەیردەبێت ئەمانە بۆچی لەدەرەوەن، دێت بۆ ناومزگەوت، کەمن لەماڵەوە هاتم بۆمزگەوت بینیم زانیم ئەمە تازەهاتووە وتم: سلاَوت لێبێت.

وتی: ببورە ئەڵێی چی؟ من موسڵمان نیم، ببورن من بەبێ مەوعید هاتم.

وتم: تۆ خوا خۆشی دەوێت واهاتووی بۆمزگەوت، وتی: بەڵگەت چیە؟ وتم: تۆ کەسێك رێی دەیەیت بێتە ماڵەکەت خۆشت نەوێت؟وتی: نەخێر، باسی ئیمانم بۆکردسێ خولەکی مابوو بۆ ئیقامەی نوێژ گریاو وتی لەسەدا سەد قەناعەتم هەیە بەقسەکانت. هاتە ژوورەوە تانوێژەکەمان کرد کورسیەکم لەدواوە بۆدانا.سبەی هاتەوەو ناومان نا ئیبراهیم.

لەریزی پێشەوە دامان ناو وتم: چیمان کرد بیکە.پاش نوێژەکە ئیمامەکە تەقدیمی کردو چل خولەك تەراویحیان دواخست و ئەویش قسەی کردو پیرۆزبایی لێکراوهەمووانی هێنایە گریان.جا سوپاس بۆخوا رۆژنیە دوان نەیەن و موسڵمان نەبن...

## ئەوەیە بانگخواز وازناهێنێ!

بانگخوازی لیبیی محمد جهانی کە لە بەریتانیا ئەژی ئەڵێت: لەگەڵ چەند بانگخوازێکدا بە ئۆتومبیلەکەمان چووین بۆ فەرەنسا و لە بەنزینخانەیەك لاماندا وبەنزینمان تێکردو برادەران خواردنیان دانا تا هەموو پێکەوە نان بخۆین، من کوڕێکی فەرەنسیم بینی چی قسەم بۆئەکرد بەئینگلیزی ئەو هیچ حالّی نەئەبوو، ئینگلیزی نەئەزانی و منیش فەرەنسیم نەدەزانی، برادەرانم زوو زوو ئەیانووت: دەوازی لێبێنە

وەرە نانەکەت بخۆ درەنگـە، منـیش پڕبـەدڵ لەخـەمی ئـەوەدا بـووم پـەیامی خـوای پێبگەیەنم، ناچـار دەسـتم بـەرزکردەوەو وتم: خوایـە ئێمـە لەسـەفەرداین و دوعـای موسافیریش قبوڵە، لێت ئەپاڕێمەوە ئەم گەنجە هیدایەت بدەی، لەوکاتـەدا کەسـێکی بەتەمەن بەنزینی تێ کرد بەعەرەبی سلاوم لێکرد تومەز جەزائیریەو ئـەوانیش بـەهۆی داگیرکردنی جەزائیر لـەلایەن فەرەنساوە هەموو فەرەنسی ئـەزانن، وەلامـی دامـەوەو وتم: عەرەبی ئەزانی وتی: تێدەگەم بەلام ناتوانم باش قسەی پێبکەم.

وتم: دەئەم قسانەم بۆئەم برادەرە تەرجومەبکە بۆ فەرەنسی، خوا شـایەتە قسـەکانم بەبەرەکەتی دڵسۆزی و دوعاکانم کاریان کردو موسـڵمانبوو، کـەبرادەرانم ئـەوەیان بینی بەگریانەوە هاتن وزۆر سەرسام بوون، ئـیتر پێمـووتن ئێمـە ئەچـین بۆمزگـەوتی رەحمەت لـە پاریس ئەگەر حەزتان کرد سبەی وەرن، ئیتر سـوپاس بۆخـوا بـۆ بـەیانی گەنجەکەو جەزائیریەکە هاتن کەسوپاس بۆخوا ئەمیش دەسـتی کـردەوە بەنوێـژکردن کەدەیان ساڵ بوو وازی لێهێنابوو.

جا بەڕاستی وەك شـێخ ئەبوئـەعلای مـەودودی ئـەڵێت: هـەروەك چـۆن خـەمی مناڵەکەتە کەنەخۆش بوو ئەیبەی بۆلای پزیشك وکەبرسی بوو خەمتـە نـانی بـۆدابین بکەی ئەبێ لەوەزیاتریش لـەخەمی بانگەوازدا بیـت ئەگـەر ئەتـەوێت خـوا لـەخۆت رازی بکەیت..

### مامۆستا نەشئەت غەفور سەعید

سەرۆکی پێشووی ناوەندی کوردستان بوو بـۆ ئیعجـازی زانسـتی لـە قورئـان و سوننەتدا.

مامۆستا پیاوێکی زۆر خۆشەویست بوو, تا زیاتر تێکەڵیت هەبوایـە و لێـی نزیـك بوویتایە خۆشەویست تر دەبوو!



تووڕەبوونی نەبوو, ئەگەر بە شتێکیش بێتاقەت بوایە دەری نەدەبڕی و, لە دڵی خۆیدا دەیخواردەوە, ئێمەش بە بێدەنگبوونەکەی دەمانزانی کە بەو شتە بێتاقەتە.

لە ڕووی جلوبەرگەوە زۆر کەشخە بوو.زۆربەی کات نوقڵ و کورسی نەعنای لە گیرفاندا هەڵدەگرت و دەیدا بە کەسی بەرامبەر، ماوەیەك دیار نەبوویتایە هەواڵی دەپرسیت و دەیووت بیرت دەکەم، خەمخۆرێکی گەورەی ئایینی ئیسلام بوو.

زۆری دەخوێندەوە و زۆریشی دەنووسی، پەروەردەی یەکێك بوو لە پیاوچاکانی کەرکوك بە ناوی مامۆستا سلێمان قابیلی، کە بە کردار پەروەردەی کردبوو، مەوسوعەی زانیاری بوو، مەوعیدی زۆر تەواو بوو کە دەچووین بە شوێنیدا لەبەر دەرگای خۆیان دەوەستا و چاوەڕێی دەکردین.

زۆر ڕۆح سوك بوو، زۆر دڵ ساف بوو، زۆر سادە بوو، لەشی زۆر سوك بوو بۆ هەر کارێك پێت بووتایە بە پێی توانا بە خێرایی دەچوو بە دەم داوای کەسەکەوە.

حەزی بە مردن بوو لە حەج و چەند جار ئەمەی درکاندبوو، کتێبخانەکەی زۆر بە ڕێکوپێکی پۆلێن کردبوو، زۆر خەمی بوو بە قەرزاری بمرێت, سوپاس بۆ خوا کە مردیش قەرزاری کەس نەبوو.

زۆر دڵی بە ناوەندی ئیعجاز خۆش بوو، پێش وەفاتی دوو وەسیەتی نووسی بوو, بۆ کەسوکاری و بۆ ناوەندی ئیعجاز بە جیا, پڕ بوون لە ئامۆژگاری و ڕاستگۆی وخەمخۆری, وەسێتنامەکەی بۆ ناوەند بەرنامەیەکی تێر و تەسەل بوو بۆ کاری داهاتووی ناوەندی ئیعجاز.

له ڕۆژێکدا دەیتوانی چەندین بابەت بنووسێت, هەمیشە بابەتی بۆ چەندین ژمارەی داهاتووی هەیڤ ئامادە بوو.

موسڵمانێکی تەواو و میانڕەو بوو، ڕۆشنبیری گشتی زۆر بوو، بەردەوام ئاگای لە هەواڵەکان بوو، پەروەرشیارێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، نووسینەکانی تام و چێژێکی تایبەتییان هەبوو، بەردەوام ئامۆژگاری دەکرد و کاتی بە فیڕۆ نەدەدا.

لە کۆتاییدا پەروەردگار خەڵاتی کرد و بە حەزەکەی خۆی کرد, لە حەجی ساڵی ١٤٣٦ك – ٢٠١٥ز لە پیرۆزترین ڕۆژ لە عەرەفەدا وەفاتی کرد, لە نوێژی بەیانی لە حەرەمی کەعبەی پیرۆزدا نزیکەی دوو ملیۆن کەسی گەڕاوە لە عەرەفە و پاکبووەوە نوێژیان لەسەر کرد, ئەو ئیمامەش پێش نوێژی لەسەر کرد کە لە ژیانیدا زۆر حەزی لە دەنگی بوو ئەویش ماهیر موعەیقلی بوو.

خوای گەورە لێی خۆش بێت و جێی فیردەوسی ئەعلا بێت.. (پەیجی هەیڤ – ناوەندی ئیعجاز).

## وەک خۆی...

حاجی شێخ عومەر ساڵی ١٩٣٢ هاتۆتە دنیاوە، پیاوێکی و دیندارو ڕوو لەخوایە، ئەم پیاوە بێ دایکو باوك گەورە بوە، بۆیە سەردەمانێك ژیانی زۆر بەزەحمەت بردۆتە سەر تا خوای گەورە دەرگای ڕەحمەتی بۆ کردۆتەوە.

فەرمووی زۆر بە منداڵی لە گوندی ولیان بووم بە شوان.پیاوچاکێك لەو گوندە هەبوو بە ناوی مام خەلیفە سەردەمانێك ناوبانگێکی زۆری هەبوو لەناوچەی قەرەداغدا دەیزانی من بێ کەسوکارم هەمیشە چاودێری دەکردم.



ڕۆژێك وتی عومەر دێیت لەگەڵم بچین بۆ شار، منیش حەزم دەکرد بچم چونکە سەد فلسم کۆکردبویەوە دەمویست بچم پێڵاو بکڕم و کەبابێك بخۆم چونکە شوان بەس نانە ڕەق هەبوو بیخوات.

بەڕێکەوتین گەیشتینە سەر شاخی گڵەزەردە، کەم عەقڵێك تێمان ئاڵا دەیووت تخوا پارەم بدەنێ، مام خەلیفەیش کەسێك بوو باوەڕی بەپارە نەبوو چونکە ئەو هەر بۆ خوا دەژیا، مام خەلیفە ڕووی تێکردم و وتی: عومەر گەر پێتە شتێکی بەرێ، وتی منیش نەمویست درۆ بکەم بڵێم پێم نییە، هەرچەندە کزە لەجەرگمەوە دەهات، بەناچاری پارەکەم دا بە شێتەکەو ڕۆشتین بەڵام ئیتر بێ تاقەتیو خەفەت بەرۆکی گرتم، مامە خەلیفە زانی بێتاقەتم، وتی: عومەر دەزانم بێتاقەتیت دڵنیابە لای خوا هیچ ون نابێت، تۆ لەبەر خودا ئەو پارەیەت بەخشی، حەقت بەزیادەوە بۆ دەکاتەوە..

گەیشتینە قەرەتۆخان پیاوێك بەرەو ڕوومان هات وتی: مام خەلیفە من دەمێکە بەدوای تۆدا وێڵم دینارێك زەکاتم هەیە بۆ تۆم داناوە، مام خەلیفە وتی: من نامەوێت ئەو منداڵە باوکو دایکی نییە لەو باشتر دەستناکەوێت، پارەکەی داپێم سەد فلس بوو بە دینارێك، مام خەلیفە وتی: عومەر پێم نەوتی هیچ لای خوا ون نابێت بەزیادەوە حەقت بۆ دەکاتەوە.

جارێك خەوم بینی بۆ مام خەلیفەم گێڕایەوە، پێی وتم: عومەر ژن دێنیت و چوار کوڕت دەبێت و هەتا لەژیانیشدا بیت نانی کەم ناخۆیت ڕێك قسەکانی هاتە دی.

مام خەلیفە شارباژێری بووە لە قەرەداغ ژیاوە لە پەنجاکاندا کۆچی دوای کردوە.
حاجی شێخ عومەر خـەڵکی گونـدی کـانی هـەنارە لـە قـەرەداغ لـە گـەڕەکی چوارباغ دەژی...لە ئەکاونتی (گـەڕەکی چـوارباغ )وەرگـیراوە سوپاسـیان دەکـەم وخاڵە شێخ عومەر خاڵی باوکمە خوا بیپارێزێت.

## بەندە موچەخۆرم:

منداڵێکی نازدارم گرتە خۆ مانگانە بڕێکی کەم پارەم بۆ دادەنـا، ڕۆژ هـاتو ڕۆی مەسەلەی قەیران و دواکەوتنی مووچە هاتە پێش کاریگەری لەسەرمان هەبوو، عادەتم وابوو کاتێ موچەمان وەرئەگرت یەکسەر پارەکەم جیا ئەکردەوە ئـەوە بـۆ موەلیـدە وئەوە بۆ ئینتەرنێت ئەوەبۆ شیروداییی منداڵ...هتد.
ڕۆژێکیان دەمەو ئێوارەبوو مووچەمان وەرگرتبـوو خـەریکی دابەشـکردنی بـووم کاتێ هاتمە سەرپارەی نازدارەکە هەستێك لەناخمدا وتی: خۆت پێویستت پێیـەتی لـەم زروفەدا باشترە کەمیبکەیتەوە بیکەی بەنیوە، دواتر وتم نابابە ئەوەش هەیە خۆ هی مـن نیە بەشی خوایە، خودابۆخۆی ئاگادارە کەمم نەکردەوە..
لەم خەیاڵاتەدابووم کچە چوارساڵانەکەم وتی دایە میزەڵـان هـاتوە بـۆ بـەردەرگا تخوا بۆم بکڕە، منـیش لێـی تووڕەبـوم وتم: بـەم ئێـوارە چـیەکەی لەبـەردەرگا بـڕۆ ژوورەوە.. کاتێ میزەڵانەکانم بینی وتم: گوناحە بابۆی بکڕم..
چوومە ئەوبەریماڵەکەمان خەریکی کڕینی میزەڵان بووم، چاوم لێـوو کچـەکەم هاتەدەرەوە بێت بۆ ئەمبەر بـۆلام، سـەیارەیەکیش لەسـەرەوەی کۆلانەکـە بەوپـەڕی سەریعی ئەهات هاوارم کردە کچەکەم نەیەیت بەڵام ئەو شڵەژا و هـات ئافرەتـەکانی دراوسێمان هاواریانکردو قیژاندیان بەڵام من تاسام تەنها سەیرم کرد بۆئـەوەی بـزانم چۆن لێی دەدا هەزار شکور بۆخودا ڕێك لەسەرسەری کچەکەم وەستا ئنجـا دوایـی

کاکی سایەق ئەیوت سەیارەکەم ئیستۆپیشی تیانیە هەرچی ئەڵێن لەخزمەتام وتم برۆبابەبرۆ لەدڵی خۆمداوتم ئێستا تێگەشتم ئەمە چیببوو.. ئەمەش تەسدیقی فەرموودەکەی سەروەرمانە (د.خ) کەدەفەرمویت(صنائع العروف تقي مصارع السوء )(خوشکێك بەناوی س نادر) ئەمەی بۆناردم.

## مامۆستا یونس رۆستایی لەسۆرانەوە ئەڵێت:

تیشکێك لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ پێگەی بەرهەمەکانی مامۆستای کۆچکردومان.

رۆژێکیان لە هەولێر لە ماڵی خۆیان لە خزمەتیدا بووم، عەرزم کرد قوربان پێمخۆشە لەبارەی خۆتەوە شتێکی دڵخۆشکەرم بۆ باس بکەی.

فەرموی: رۆژێکیان لەکاتی نیوەرۆ پیاوێك هات بۆ ماڵمان، نەمدەناسی، یەکەم جار بوو بیبینم، بۆ نیوەرۆ لەماڵێ نیسکیان لێ نابوو، دوای نوێژ کردن و نان خواردن پیاوەکە وتی: من شەوی دی بەخزمەت پێغەمبەر ﷺ گەیشتم، فەرمووی: برۆ بۆ ماڵی مامۆستا عبداللە هەرتەلی پێی بلێ: من لە کتێبەکانی رازیم، منیش تەنها بۆ ئەوە هاتوم بۆ ماڵی ئێوە ئەو مژدەیەتان بدەمێ، دواتر ماڵئاوایی کردو رۆیشت، مامۆستا فەرمووی بەداخەوە پرسیارم لێ نەکرد، ناوی چیەو خەڵکی کوێیە.




**دیاردەیەک کەدەیان ساڵە زانایانو زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە**: بەڵام لای خۆمان کەمتر ئەم باسە وروژێنراوە جگەلەسێ ئەلقەی کەناڵی پەیام و بەرنامەی شیرین چای م.فاتح شێخ سمیع باسێکم نەدیوە لەم بارەوە.

دیاردەکە مەعنەویە وەك بەشێك لەشارەزایان و بانگخوازان باسیدەکەن ئەم ئەزموونە ئەزموونی نزیکبوونەوە لەمردن ئایەتێکە لەئایاتی خوا وەئاشنایەتی سەرەتاییە بەخلودی ڕوحو ژیانی دوای مردن!

ئەم ئەزموونە ئەیسەلمێنێ کەمرۆڤ سەروسەودای لەگەڵ زۆر دیاردە هەیە کە نەنوسراوە، وەلەسەرو پێنج هەستەوەرە ئاشکراکەوەن!

بەڵێ ئەم ئەزمونە سەدان کتێب ولێکۆڵینەوەی زانایانی لەبارەوە نوسراوەو لێکۆڵینەوەی وەهای لەبارەوە کراوە کەچەندین ساڵی خایاندووەو سەدان ئەزموونداروو دەیان دکتۆری دەروونی و مێشك و ئەعصاب گرنگیان پێداوە و خۆیان ئەزموونەکەیان دیوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم باسە بۆئێمەی بڕوادار بڕواپێکردنی ئاسانترە چونکە نزیکە لەباسە باوو ئاشکراکانی نێو قورئان وەك: شەوڕەوی ڕەسولی ئەکرەم ودیداری نزیکی لەمەلەئی ئەعلا!

ئەمە جگەلەوەی کەخودا ئاماژەی بەباس گەلێك داوە لەقورئان کەئەزموونی نزیك بوونەوە لەمردن بەشێك دەبێت لەو باسەو بەئاشکرا دەچێتە نێو ئەو ئاماژە قورئانیانە، خودا ئەفەرموێ:

( سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّي يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ )

یان ئەفەرموێ: ( وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَي يَوْمِ يُبْعَثُونَ )

وەئایەتی: (إن هو الا موتتنا الأولی )....

ئەفەرموێ ئێمە پێشانی مرۆڤەکان دەدەین لەکەنارەکانی بوونوو نەفسی خۆیان هەتاکو بۆیان پشتڕاست ببێتەوە کەئەم باسانەی قورئان لەبارەی ڕوحو دواڕۆژ حەق و ڕاستن!

وەلەبارەی بەرزەخەوە ئەفەرموێ لەپاشی ئەوانەوە واتە لەدوای مردنیان بەرزەخێك یان سنورێك هەیە بەرلەقیامەت و ژیانی فەصلانی هەمیشەیی دواڕۆژ، وەیان دەفەرموێ ئەوە مردنی یەکەمو ناکۆتایە.

جابەم پێودانگە ئەم دیاردەو دیمەنانە لەبەشە بەرزەخیەکەی دوای مردنەو خودا بەئیرادەی خۆی پێشەکیەك لەو دیمەنانە بەمەبەست پێشانی هەندێك لەبەندەکانی دەدا.

بۆیە ئەزمونی نزیکبوونەوە لەمردن حەقیقەتێکە نکوڵی کردن لێی خۆدزینەوەیە لەباسە ناڕاستەوخۆکانی قورئان و هەواڵدانێکە بەڵگەو ڕاستیەکانی ئەزموونداران دەکاتە پرسیار لەسەر خودی مونکیرینی دیاردەکە، جا ئەم باسو خواسە وەنەبێ تەنها لای چینێکی ئاست نزم لەدنیای زانستو زانیاری باو بێت!

دەیان خەڵکی ئەکادیمی و شارەزا خۆیان دیاردەکەیان دیوە لـەدکتۆری مێشـك و دەروونی و کەسـایەتی سیاسـی و تەنانـەت خـەڵکی بێبـاوەڕو موسـڵمان وجۆرەهـا خەڵکی دیکە شاهید عیانی ئەم باسە جێ بایەخەن!

ئەوەی جێـی سەرسـوڕمانە کەسـانی ئەزموونـدار جگەلـەوەی هـیچ دوودڵـی و خەیاڵاوی بون و بوهتانێك قەبوڵ ناکەن بەڵکو ئەم کەسە ئەزموونداارانە گۆڕانکـاری زۆر گــەورەو جــەزری لــەژیانیان و کەســێتیاندا ڕوی داوە، ئــەو گۆڕانکاریانــەی کەلـەزۆرینەیاندا هاوبەش و هاوشێوەن وەك:

یەکەم: ئەوان بڕوا بـە ئەبەدیـەتی ڕوح و ژیـان و زیندووبوونـەوەی دوای مـردن لەلایان بووە بەحەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر.

دووەم: ئەم کەسانە گۆڕانکارییەکی وەها لێیان ڕویداوە کەئیتر ئەوان هـیچ ترسـو دڵە ڕوکێیەکیان لەمردن نەماوەو مردن بەقۆناغێکی ڕاگوزەری بـۆ باشـتربوون لێـك دەدەنەوە.

سێیەم: ئەم کەسانە گۆڕانکاری زۆر لەکەسێتی و جدیـەت لـەژیانیانـدا ڕویـداوەو تیایاندا بووە لـەسەرۆکی حیزبێکی چەپ دەستی کۆتـا کـردووەو خـۆی بۆئـەو ڕۆژە یەکلا کردۆتەوە کەلـەئەزموونەکەیدا بینیوێتی!

چوارەم: ئەوان تێکڕا هەستیان بە ئارامی و ئامێزی خۆشەویستی و ڕەحمـو دڵنیـایی بێ وێنەی خودا کردووە بەجۆرێك کەناتوانن وەکو خۆی تەعبیری لێبکەن!

جائێسـتا بچـینە نـاوەڕۆکی باسـوخواس و دیـدەنی ئـەو ئەزموونداارانـەو چـەند دانەیــەکیان لـــێ هەڵبـــژێرین کـــەبۆخۆم زۆر جـــێ بایەخـــەو کەســـایەتیەکان و هەواڵدانەکانیان چونکە هەم ئەکادیمین وەهەم هەواڵـدەری دنیایـەکی نهێنـی ئـەوتۆن کەبەڵگەکانیان ملـەجەڕێ هەڵناگرێ!

جالەبەر ئەوەی نموونەی ئەزموندارەکان زۆرن کەتەنها لەئەمریکا پازدە ملیۆن خەڵك دیاردەکەیان بەسەر هاتووە ئێمە تەنها چەند دانەیەکی کەم باس دەکەین کەهەوالّدانی ئەوان هاوپێچی بەڵگەی وەهایە کەنکوڵی کردن قەبوڵ ناکات.

## سەلماندنی بەهەشت: گەشتی دکتۆرێکی مێشك بۆ ڕۆژی دوای

ئەمە ناونیشانی پەڕاوێکە کە دکتۆر ئەلیکساندەر نووسیوویەتی و ئەڵێت: من لەخانەوادەیەکی زاناو پزیشك و ئەکادیمی لەدایکبووم، باوکم دکتۆرە و خۆیشم دکتۆری مێشکو ئەعصابم و پانزە ساڵە لەزانکۆی هارفارد وانە ئەڵێمەوە، من ئاگاداری کاری مێشکو دەمارم وەبەر لەم ئەزموونە کەبەسەر خۆمدا هاتووە بێبڕوا بوم بەڕۆژی دوایی!

وەهیچ کاتێك لەبارەی ئەم جۆرە ئەزموونە مردنی کاتی بەداوادا چونم نەکردووەو نەمخوێندۆتەوە!

بۆدڵنیابونی زیاتری خۆم لەئەزموونەکەم کە حەوت رۆژ بێهۆش بووم و زۆر دیمەنی ناوازەم بینی کە وێنا ناکرێ بۆم، نۆ گریمانەم دانا کەڕەنگە هۆی ئەم دیاردەی من بینیومە یەکێك بێت لەوانە، بۆنمونە نەچوونی ئۆکسجێن بۆ مێشك لەکاتی بێهۆشی وەیان تێکچونی کارەبایی مێشك وەیان نەچونی خوێن بۆ مێشك هتد..

من دەمزانی بابەتەکە بابەتێکی مەعنەوی و ڕوحیەوخۆم فیزیا زانم و ئاگاداری کاری مێشکو دەمارم بەڵام بۆ دڵنیایی زیاتر هەمو گریمانەکانم خستە بەرچاوو لێیان کۆڵیمەوە کەهیچ یەکێك لەوانە نەبوو واتە بەهۆی هیچ ناتەواویەکی مێشکەوە ئەو دیمەنو دیاردانەم نەدیوە!

ئەو زانیاریانەی من لەبارەی مێشکەوە دەمزانی دوای ئەم ئەزموونە ئەزموونی نزیك بوونەوە لەمردن بەتەواوی گۆڕانکاریان بەسەردا هات لەلام! من ئێستا باوەڕم بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە!






**ئەوفڕۆکەوانەی لەسەر کورد فەرمانی سێدارەی بۆ درا!**

ئەزموونی نزیك بونەوە لەمردن.

فڕۆکەوانێکی سەردەمی ڕژێمی عبدالسلام عارف کەناوی فەهد سەعدون ــ ە ئەگێڕێتەوە کەجارێکیان کۆمەڵێ پێشمەرگە تێکەڵ بەخەڵکی مەدەنی بووبوون لەناوچەی بازیان لێپرسراوەکەم پێی وتم بۆردومانی هەموویان بکەم، منیش وتم: ناتوانم ئەو خەڵکەبێگوناهە پێوە دەبن کەپڕە لەژنو منداڵ!

بەڵام کەگەڕامەوە بۆبەغداد بەهۆی ئەو سەرپێچیەی کەکردم فەرمانی لەسێدارە دانم بۆدەرچوو!

بەڵام دواتر خستمیانە زیندانیەکی تاکە کەسی بۆماوەی یەك ساڵ!

ئەوەی ڕاستی بێت بەتەواوی ئومێدی ڕزگار بوونوو گەڕانەوە بۆژیانم نەما، وەشوێنەکەیشم زۆر ناڕەحەت بوومنیش هەمو ڕۆژێك ئەو حەبانەم کۆئەکردەوە کەبۆ مشکو جانەوەریان دادەنا لەنێو زیندانەکەدا ڕۆژ بەڕۆژ خڕم کرد هەتا ژمارەی حەبەکان گەشتە چوارسەد دانە، ڕۆژێکیان کەبەتەواوی لەژیان و بوونم وەڕسبووم وتم ئێستا کاتی ئەوەیە خۆم ڕزگار بکەم لەم ژیانە سەخت و ناڕەحەتەی خۆم!

بۆیە دەستم کرد بەخواردنی حەبەکان هەموویم خوارد!

دوای خواردنی حەبەکان کەوتم بەلادا بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو هەستم کرد من بووم بەدوو مرۆڤ ڕوحەکەم کەمرۆڤێکی تەواو بەئاگاو بەهەست بوو لەلاشەکەم جیابووەوە!

زۆر بەڕونی تەماشام دەکرد کەوا من بەرز ئەبمەوە بۆئاسمان و جەستەیشم لەزەوی کەوتبوو!

ئیتر هەتا ئەهات زیاتر بەرز دەبومەوە سەقف و زیندان و ناوچەکەم تێپەڕاند ڕۆژێکی خۆرەتاوی خۆش لەگەڵ بەرزبوونەوەم هەستم بەخۆشی وبەختیاری و ئاسایش دەکرد، هەرچەند خۆری بەغداد زۆر گەرمە بەڵام من هیچ هەستم بەگەرماو ناڕەحەتی نەئەکرد!

ئیتر ئەوەندە بەرز کرامەوە هەتا هەموو بەغدام بەتەواوی دەبینی، پاشان لەئاسمان و بەرامبەری خۆم دووکەسم بینی ڕیش سپی و جوان یەکێکیان بەئیشارەت بانگی کردم و نازانم چۆنی بوو چووم بۆلای پێی وتم: بۆخۆت کوشت؟

وتم: ناڕەحەتی ژیانی لێتاڵ کردم واساڵێکە بەتەنهام، وتی: ئەی نازانی خۆکوشتن حەرامە؟

وتم: دەزانم بەڵام ناچاربووم، هەڵبەت ئەم گفتوگۆمان بەزمان نەبوو بەشێوەیەك بوو ئەو منی حاڵی ئەکردو منیش ئەو.

ئیتر پێی وتم: کێشە نیە ئێمە لێت خۆش بووین بەڵام تۆ دەگەڕێیتەوە بۆسەرزەوی!

وتیان: دەزانی بۆ لێت خۆش بووین؟ وتم بۆ؟

وتیان: تەماشای خوارەوە بکە، هەموو ئەو گفتوگۆیەم وەك خۆی پێشان درا کەلەگەڵ ئامرەکەم کردبووم ئەو دەیوت: بۆمبارانی ئەو خەڵکە بکە منیش دەمووت: ناتوانم ئەوانە خەڵکی بێ گوناهو ژنو منالن سەیرکە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان لەبەردایە کەعادەتەن بەرگی کورد ڕەنگاو ڕەنگە وەمنالم دەبینی ئەگریا لەدایکی دابڕابو، هەموو ئەو ڕوداوەیان بەجوانی پێشادام و وتیان لەبەر ئەوە لێت خۆش بوین! واتە لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووم ئەو خەڵکە بێتاوانانە بکوژم بەهۆی تێکەڵیان لەگەڵ پێشمەرگە!

پاشان پێیان وتم تۆ دەگەڕێیتەوەو دوورۆژی تر ئەوانە دەمرن و دێن بۆلای ئێمە کەیانزە کەسن، وتم: کێن نایانناسم، سێکەس لەوانەیان نیشاندام لەڕژێمەکەی عبدالسلام عارف وتم ئەوانە دەناسم کەئەمانە بون:

یەکەم: عبدالسلام عارف

دووەم: عبداللطیف الدراجی

سێ یەم: محمد مجید

کەسێ کەسایەتی گەورەو بەرپرس بون لەڕژێمەکەی عارف، وتیان تۆ تەمەنت چەندە؟وتم: سی ساڵ، ئەوانیش تۆماری ژیانی خۆمیان نیشاندام هەرلە لەدایك بونەوە تاکاتی بەرزبونەوەکەم، واتە تائەوکاتەی لەگەڵ ئەوان گفتوگۆم دەکرد!

بەڵام هەمو ئەو شریتی ژیانە لەماوەی یەك لەسەر دەی چرکەیەکدا پێشانم درا!

وتم: باشە چۆن؟ وتیان: کات لای ئێمە بەم شێوەیە ئەوە ئێوەن لەنێو زەماندان ئێمەلەدەرەوەی زەماندایندداین، پاشان وتیان: ئەگەر پرسیارت نیە دەتگەڕێنینەوە، وتم: ئایا ئێمە شەڕمان دەبێت لەگەڵ یەهود؟ وتیان بەڵێ!

وتم: شەڕەکە دەبەینەوە؟

وتیان: نەخێر ئەیدۆڕێنن! وتم: بۆ ئەیدۆڕێنین؟

وتیان: چونکە ئێوە پەرتەوازەن و ئەوان یەکگرتون! ئێوە دەتانەوێ پەرتـەوازەبن و ئێمە بێین یارمەتیتان بدەین؟!


الرئيس عبد السلام عارف

ئیتر منـیش بێـدەنگ بـووم دوای ئـەم گفتوگۆیە هـەروەك چـۆن هـاتم لەدەمـەو بەیانـدا هاتمـەوە نـاو لاشـەکەم بـەڵام ئاگـاداری هـەموو لەحزەیـەك بـووم کەدەگەڕامـەوەو چـۆن سـەقفەکەم بـڕی وچۆن چوومە نێو جەستەکەی خۆم!

هەرکەهاتمە ناو لاشەکەم هـاوارم کـرد وەك پێشتر ئاگاداری خۆکوشتنەکەم بوون دووبارە لەدەورم کۆبوونەوە دیاربو زۆری نەخایاندبوو وەلای ئەوان من مردبووم،

پاشان بردمیان بۆ نەخۆشخانەو گوێم لێبو دکتۆرەکە ئەیووت دەمرێ و من هیچم بۆناکرێ بۆی!

چونکە کەمتر لەو ڕێژە زەهرەی من خواردبووم مردنی مسـۆگەر دەکـرد، دواتـر بردمیان بۆبەشی دەروونی نەخۆشخانەیەك لەوێ هەستم بەباشوون دەکـردو هاتمـەوە هۆشی تەواوی خۆم!

کەسێك لەوێ هات بۆلام و وتی: مـن ئاگـام لێتـەو بەرپرسـم لەتەندروسـتی تـۆ هەرچـیت پێویسـت بـوو بـەمن بڵـێ، بۆسـبەی بەتـەواوی چـاکبوومەوە ئـەو ڕۆژە دکتۆرێکی ناسیاو کەناوی( د. نزار النائب) بوو لەهێزی ئاسمانی کاری دەکرد هات بۆلام پێکەوە قسەمان کرد پێمووت: دکتۆر سبەی ئەوسـێ کەسـە کـۆچ دەکـەن و ئەڕۆن واتە عدالسلام عارفو عەبدول لەتیف دەراجی و محمد مجید.

وتی: یەعنی چی کۆچ ئەکەن وتم ئیتر کۆچ ئەکەن و ئەڕۆن بۆ دنیایەکی تر!

ئەویش وتی: تۆزەهرت زۆر خواردووە مێشکیشی تێکداوی!

بەڵام بۆسبەی ڕوداوی فڕۆکەکەی عارفو هاوڕێکانی ڕویداو هەریانزە کەسەکەی کەهەواڵیان پێدابوم مردن، دکتۆر نزار هات بۆلام و وتی: بەس پێم بڵێ چۆن زانیت کەئەوانە ئەمرن؟

وتم: خەوم دیوەو هیچی ترت بۆباس ناکەم! وەرگێڕان #خەڵەف سەنگاوی



## بەرنامەی زانست و ئیمان:

خوای گەورە زانستی بێپایانی هەیەو مرۆڤ پەی بەکەمێکی دەبات چونکە ئەوەی دەیبینێت و دەیزانێت دڵۆپێکە لەچاو دەریایەکدا.قورئان دەفەرموێت (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا (٨٥)الإسراء).(فَلَا أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ (٣٨) وَمَا لَا تُبْصِرُونَ (٣٩)).

دکتۆر مستەفا مەحمود لەبەرنامەی زانست و ئیماندا ئەڵێت: ئێمە سێ دووری هەست پێدەکەین و دەیبینین، کە درێژی و پانی و بەرزیە، ئەنیشتاین هات و وتی: ڕەهەندی کاتیش هەیە بانەشی بینین هەستی پێدەکەین، زانایانی تریش بەدوایدا هاتن و وتیان: بۆئەوەی هاوکێشەکانمان بتوانین شیکاربکەین ئەوە دوو ڕەهەندی تری نەبینراو هەیە ئەبێ دانبنێین بەبوونیاندا.کەبەمەش ڕەهەندەکان بوونە شەش، دواتر زانای تر هاتن وتیان: شانزە ڕەهەند هەن لەبوونەوەردا کەسیانیان بینراوەو سیانزەیان نەبینراون.بەڕاستی تێگەیشتن لە ئەندازەی (هندسه) ی بوونەوەر بەبێ ئەو ڕەهەندانە

ئەستەمە.جا ئەوانە دیارە ئێمە لێیان حاڵی نابین وزانایان دەرکی پێدەکەن بۆیە زۆریان باوەڕبەبوونی خوایەکی باڵادەست دەهێنن و بەڕاستی لێی دەترسن.




ئەڵقەکانی زانست و ئیمان بەڕاستی کارێکی مەزن بوون کەساڵی ١٩٧١ یەکەم ئەڵقەی بڵاوکرایەوەو دواهەمین ئەڵقەشی ساڵ ١٩٩٩ بڵاوکرایەوە، تەلەفزیۆنی میسری هەرئەڵقەیەك سی جونەیهی ئەدا کەبەشی هیچی نەدەکرد، دەوڵەمەندێکی بۆخوا سوڵحاو کەبەمەی زانی چەکی بەتاڵی دا بەدکتۆر مستەفا مەحمود و وتی: چەندت ئەوێ ئەتدەمێ بەمەرجێ ئەو کارە بکەی، توانرا بەفەزڵی خواو سەخاوەتی ئەو دەوڵەمەندەو لێهاتوویی دکتۆرەوە چوارسەد ئەڵقە بەرهەم بهێنرێت، کە تەلەفزیۆنی میسری لەژێر فشاری سیاسدا رایان گرت ئەوەندە کاریگەری هەبوو.

بەڕاستی هەرئەڵقەیەکی سەیردەکەیت لەناخەوە ئەتهەژنێ و قسەوگومان بۆکەس ناهێڵێتەوە چونکە دکتۆر خۆی لەگومانەوە گەشتی کردبوو بۆ دونیای باوەڕو ئەمەشی لەپەڕاوێکدا بڵاوکردەوە بەناوی (گەشتەکەم لەگومانەوە بۆ باوەڕ)کەخۆشبەختانە کراویشە بەکوردی..

## رەحمەت لەکفن دز:

کابرایەکی عەرەب ئیشی بۆ دەکردم، چاك دەیناسم، ڕاستگۆ و جیّ ی سیقەی من بوو... خۆی لێرە نییە خوای لێرەیە، جارێکیان بۆی گێڕامەوەو وتی: سالّی هەشتاکان، کوڕێکی سەرۆك عەشرەتێکی بەناوبانگی موسلّ دزی کرد، بەیاسا گیرا، دوای بگرەو بردەو تێهەلّدان و ئیعتیراف کردن، لە کۆتاییدا دانی نا بە تاوانەکەیدا و ئەمری ئیعدامی بۆ دەردەچوو، باوکەکەی هەستا ٢٠٠ کەسی ناودارو دەولّەمەندو نزیك لە دەسەلّاتی سەدام و عەشرەتداری موسلّی برد بۆ بەغدادو چوونە لای سەدام...

موقابەلەی سەدامیان بە واستە خێرا وەرگرت..

چوونە لای سەدام، داواکارییەکەیان گەیاند کە بەربوونی دزەکە بێت، ئەویش لەکۆتایی دانیشتنەکەدا وتی:

نانەکەتان بخۆن و ئینجا بڕۆنەوە موسلّ... شەرت بێت بینێرمەوە پێش خۆتان بۆ مالّەوە.

ئەوانیش دلّیان خۆش بوو و نانەکەیان خواردو کەوتنە ڕێ، بەلّام کە گەیشتنەوە موسلّ سەیرییان کرد بەتەیارەیەکی تایبەت ناردوویەتەوە , بەلّام لە دارە مەیتێکدا بە ئیعدام کراوی!!؟

دوای ماوەیەك لە موقابەلەیەکی تەلەفزیۆنیدا سەدام وتی:

سەبارەت بە دزی , کەسێك زۆر دەولّەمەند بێت , زۆر ناودار بێت, خاوەن عەشرەت بێت , کوڕی ئەو کەسە ناو دارو دەولّەمەندە بە بیّ ئەوەی پێویستی بە پارەو نان هەبێت و دزی بکات , ئەگەر من لیّ ی ببورم , هاولّاتییە فەقیرەکە دەبێت چی بکات و چۆن دزی بکات , کە زۆر پێویستییەتی....

ئایا ئەو کاتە ولّات نابێتە وێرانە؟!

بۆیە ئیعدام کردن بۆ ئەو کەسانە باشترین چارەسەرە بۆ وڵات...

هەرگیز وەسفی سەدام ناکەم، چونکە زوڵمی زۆریشی هەیە، بەڵام هەموومان ئێستە پاش ٣٠ ساڵ لەدەسەڵاتی خۆماڵی کوردی، بە ئاشکرا دەبینین چۆن هەندێك جار کەسوکاری شەهیدان و چەوساوانی دەستی سەدام، ڕەحمەت دەنێرن بۆ سەدام لەتاو زوڵم و جیاوازیکاری و بێ موچەیی و هەژاری ژێر دەسەڵاتی خۆماڵیمان؟! بەداخەوە هەندێك جار خۆمان دەبینە هۆی ئەوەی ڕووی سەدامی زاڵم سپی بکەینەوە...نوسینی فەهمی مهندس

## هالە عەتیق:

لەدایکبووی ساڵی **١٩٤٢**ی شاری (حمص)ی سوریایە.. لە ساڵی **١٩٥٥** باوکی بڕیاری دا بچنە ئەمریکا، مامەڵەی کردو ئیقامەیان لە کالیفۆرنیا بۆ دەرچوو، باوکیان سەفەری کرد و بە ژنەکەی وت: تۆ سێ هەفتە دوای من دەستی کچەکان بگرەو بیانهێنە بۆئەمریکا، من ئەو سێ هەفتەیەم پێویستە پێشی ئێوە بچم، تا خانو و شوێنێکتان بۆ پەیدا بکەم.

ژنەکەی وتی باشەو سێ هەفتە دوای ئەوە، لەگەڵ سێ کچەکانی هاتنە فڕۆکەخانەی دیمەشق و بەرەو ئەمریکا فڕین، فڕۆکەکە یەکەمجار لە نیۆیۆرك وەستا، دەبوو لەوێ (گرین کارت) درووست بکەن، ئینجا بە فڕۆکەیەکی دی، کە بلیتیان بڕی بوو، بچنە کالیفۆرنیا، کە لە نیۆیۆرك دابەزین و چوون کارتەکان درووست بکەن، ئەفسەری کارتەکان بە دایکی هالەی وت: لەچکەکەت لابە، تا وێنەت بگرم بۆ سەر کارتەکەت.. ژنە وتی: چۆن دەبێ و دوو دڵ بوو، بەڵام کە ناچاریان کرد، لەچکەکەی لابرد و وێنەکەی گرت.. ئنجا کچە گەورەکەشی هەر وای کرد و پاشان کچە ناوەنجیەکەشی هەر وای کرد، پاش ئەوە نۆرە هاتە سەر هالەی بچووك،

کە تەمەنی تەنهاسیانزە ساڵ بوو ڕەتیکردەوەکە لەچکەکەی لاببات، وتی: ئەگەر مانەوەمان لە ئەمریکا لە بەرامبەر لابردنی لەچکەکەمان بێ، کە خودا داوای لێکردووین، من لە ئەمریکا نابم و دەگەڕێمەوە سوریا.

دایکی زۆری پێووت: دەی کچم تۆش وەکو ئێمە لەچکەکەت لابە، هەر یەکجارەو ئیشەکەمان ڕایی دەبێ، بەڵام هالە ڕازی نەبوو.. ئەفسەر و بەرپرسە گەورەکان هاتن و بردیانە ژوورێکی تایبەت، زۆریان داوا لێکرد، لەچکەکەی لاببات، تا وێنەکەی دەگرن، دەنا (گرین کارت)ی بۆ دەرناکەن و دەینێرنەوە سوریا..

هالە هەر ڕازی نەبوو، وتی: شتێك خوا پێی ڕازی نەبێ، من نایکەم و زۆر ئاساییە، دەچمەوە سوریا.

ماوەیەك بەو شێوەیە مانەوە، فڕۆکەکەی کالیفۆرنیا فڕی و ئەوانی جێهێشت.. بەڵام هالە هەر ڕازی نەبوو، لەچکەکەی لاببات.. سەرەنجام خوای میهرەبان دڵی ئەفسەرەکانی نەرمکرد و وتیان: مادام ئەوەندە سوورە لەسەر ڕازیکردنی خوای خۆی قەیناکات، با بە لەچکەوە وێنە بگرێ و گرین کارتەکەی بۆ بکەن.

ئیدی ئەو وێنەیەی خوارەوەیان بۆ گرت و خستیانە سەر گرین کارتەکەی، ئەوەش یەکەم جار بوو، گرین کارت بدرێتە کەسێکی موسلمان، کە بە لەچکەوە وێنەی گرتبێت.

پاش ئەوە کارتی بۆ درووست کراو هاتنە دەر، خەریکبوو دایکی گلەیی لە هالە دەکرد، کە زوو لەچکەکەی لانەبرد و دوای خستن، بەوەش فڕۆکەکەیان فڕی و ئێستاش پارەیان نییە، ئەدی چۆن پلیتی تر ببڕن و بگەنە کالیفۆرنیا؟




هاله وتی خودا گەورەیە.. ئەو لەبیرمان ناکات و بزانن خێرێکی تێدایە...

ئیدی زۆری پێنەچوو، هەواڵ هاتەوە فرۆکەخانە، وتی: ئەو فرۆکەیەی بەرەو کالیفۆرنیا فڕی، لەئاسمان تێشکاو کەوتە خوارەوە و سەرجەم سەرنشینەکانی مردن!!!

بەوە دایك و خوشکی هالە چییان بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێ سوپاسی خوا بکەن و دوعای خێر بۆ هالەبکەن.

بە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، ۱۰ کەس لە پیاوان و بیست لە کچ وژنانی فرۆکەخانەکە موسڵمان بوون.

**ژنێک لە ژانی تەنیایی و لە ئازاری چاوەڕوانی.. ژنێک لە خەم!**

ژیان مەتەڵێکە لە ئاوەز دەئاڵێت و ناکرێتەوە. تەمەن پەڵەهەورێکی بەهارییە، خێرا دەڕوات و بنیادەم فریای بینینی چرکەکانی تێپەڕینیشی ناکەوێت.

وەختێ مردن کوژانەوەی چرای ژین بێت و لە دوایەوە هەستانەوەیەك نەبێت، ئەم دنیا و هەرچییەکی تێیدایە بە فلسێك.. کام شەرابەی خۆشترینە تامی گوژاڵکە دەدات و کام نوێنەی نەرم و گەرمە، زەمهەریرێك زیاتر نییە...

ژیان ئەگەر پێشەکیی چیرۆکیك نەبێت و بڕیار بێت خۆی چیرۆکەکە بێت، تاڵترین چیرۆك و بێتامترین سیناریۆیە..

ڕەنگە سەختترین بەشی مەتەڵی ژیـان، ئـەو بەشـەیان بێـت کـە پێـی دەگوترێـت (قیسمەت و نسیب)، ئەوەی پەیوەندیی بـە لارەسـەنگییەکانی نـاو هـەناوی ژیانـەوە هەیە، ئەو نادادییانەی تیایدا نومایانە، نادادیگەلێك کە وەك دڕك لە چاو دەچەقێت و گەورەترین ئاوەز لە بەردەمیدا دۆش دامـاوە.. ئـەوەی باباتـاهیر گوتـەنی کەسـێك خەزێنەی سامانی پڕە و کەسێکیش بۆ نـانی جـۆ هـاواری دەگاتـە حـەوت تەبەقـەی عاسمان!

لەوەندە ساڵە ژیانەی خستوومەتە پشـتە سـەرم، لـە کاتێکـدا وا خەریکـە بـەرەو چیای پیری هەڵدەزنێم، چیرۆکێکی تراژیدیتر لـە چـیرۆکی ئـەو ژنـەم نەبیسـتووە و نەبینیوە.. ژنێك کە دەکرێت ناوی (پەیکەری چاوەڕوانی) لـیَ بنرێـت، ژنێـك کـە ئەگەر کەسی دیکەیش بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتبان و تەنیا و تـەنیا دوو کوڕەکـەی وی ئەنفال کرابان، تەنیا لەبەر هاواری ئەو، ئەنفال هیچ لە پێناسەی نەدەگۆڕا و هـەر وا بە دزێوی دەمایەوە.

ژنێك وەك نومادی چارەڕەشی و بێکەسی، سی سـاڵ بـوو وەك پووشـێك بـە دەم بای بێهوودەییەوە دەهات و دەچوو..

ئەو لەوەتای مێژوو بیری بێت و بەر لەوەی خۆیشی بیرەوەریـی تیـدا ڕسـکابێت، هەر کلۆڵ و ڕەنجەڕۆ بووە، کەس سەرەتاکەی بیر نایە، ئەوانەی بیریان مابێت خۆیـان نەماون تا بۆمانی بگێڕنەوە، لیَ ئەوەنـدەی لـە بـیری خـەڵك مابێـت و لـە زەیـن و خەیاڵدا مابێتەوە، ئەم ژنـە بێـوەژن بـووە و دوو کـوڕی بـە هـەزار دەرد و ڕەنـج و زەحمەت و ئازار گەورە کردووە، کوڕ هیچیان نەگەیشتن بـە سـی سـاڵ و ڕەشـەبای ئەنفال دەستی پێیان گەیشت و لەگەڵ خۆی لوولی دان و لووشـی دان و ئـیتر لـەو ڕۆژەوە، ژنێك بە بیَ مێرد و بە بیَ منال و بـە بـیَ ئـاوات، لەبـەردەم شـەقی ژیانـدا مایـەوە، تاقـە هیوایـەك هـەیبوو سـەرابێك بـوو، سـەرابی زینـدووبوونی هـەردوو کوڕەکەی...

ئەو لە ئاداری ١٩٨٨ـ ەوە تا ئەو ساتەی چاوی لێك نان (٨ ــ ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩) بە تاقوتەنیا و بە بێ هیچ ئامانجێك، بەنێو شەقامی ژیاندا پیاسەی دەکرد، ئاواتی گەڕانەوەی هەردوو کوڕەکەی -سالار و جەبار-، ئەوسا و ئێستایش نەهاتە دی و داری خۆزگەی بەری نەگرت و سەرەنجام دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، تاقەتی نەما و سەری نایەوە...

ئەو لە ئاداری هەشتاوهەشتەوە، چاوی لە نوگرەسەلمان و بیابانی عەرعەر بوو، ئەو باووتۆزەیشی لەوێوە هەڵی دەکرد و بەسەر گەرمیاندا دەباری، دڵی خۆش دەکرد و دەیگەشاندەوە، چون ئەو بایە بۆنی کوڕەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و فتیلەی مژدەیەکی، لە لانەی تاریکی ناخیدا دادەگیرساند...

ئەگەر کەس کەس ئەنفال نەکرابا و تەنیا سالار و جەبار بەر چنگی ئەنفال کەوتبان، دیسانەوەیش ئەنفال دەبووە دزێوترین و ڕەشترین تاوان و دەستی هۆلۆکۆست نەدەگەیستە داوێنی!

ئای چەند شەوان بە منالی بیرم لە گەڕانەوەی (کاکەم جەبار) دەکردەوە، وای چەند ڕۆژان بە گەورەیی بۆ تەنیایی (ئامۆژن نەزیف)م گریام!

ئەو کە هەندێك بە (میم نەزیر) ناویان دێنا، ناوی نەزیر نەبوو، ناوی (نقیفە) بوو، کە کرابوو بە نەزیفە و دواییش کورتتر کرابووەوە و لە لای مە بووبوو بە (نەزیف)!

(ئامۆژنە نەزیف)م ئامۆژنی من نەبوو، ئامۆژنی باوکم بوو، دوو کوڕەکەیشی ئامۆزای باوکم بوون، لێ برای من بوون، هەموو کەسێکی من بوون! بیرمە لە پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی (کاکەم جەبار) فێری ئەلفوبێی کردم، هەرگیز ئەو شەوەم بیر ناچێتەوە کە وشەی (ڤ)م نەدەزانی بخوێنمەوە..

ئەو چەندین جار بە تەوسەوە بۆی خوێندمەوە و هەر فێر نەبووم، تا سەرەنجام بە قەڵەمە پاندانەکەی بازنەیەکی بە دەوری (ڤ)یە بۆردا کێشا و منیش زیرەم بەرز بوویەوە و گریە و ناڵەم تا حەلحەلەی عاسمان ڕۆیی، چون دەترسام سبەی مامۆستا

لێم بدا و لەسەر پیسبوونی کتێبەکەم لێم بپێچێتەوە، بەیانییەکەی مامۆستا نە لێی پرسیم و نە لێیشم تووڕە بوو، لێ من لە ڕێی ئەو بازنەیەوە وێنەی وشەی (ڤ)م لە مێشکدا وەها چەسپا، هەرگیز بیرم نەچوویەوە...

جەبار و سالار ڕۆیشتن، ئەوەی مایەوە ژنیك و کۆڵێ خەم بوو، پیرەژنێکی داماو و دنیایەك ترس و ڕاڕایی، شەوی درێژ و تاریك و خەوی هەڵەچەوپەڵەچە و ناخۆش ناخۆش...

سی ساڵی ڕێك، تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش، ئەو بۆ یەك سات باوەڕی نەکرد کە ئیتر کوڕەکانی نایەنەوە، تاکوو برستی لێ بڕا، هەر جلی بۆ دەکڕین و خوازبێنی کچی بۆ دەکردن، موستیلە و سەعاتی تازەی بۆ دەکڕین، هەمووی لە ماڵدا دانابوو و دەیگوت هەر کە هاتنەوە دەیکەمە و قامك و دەستیان... تەنانەت وەختێ بردیشیان بۆ ماڵی خوا، لەوێ و لە کاتی تەوافا، لەبری زیکر و تەهلیلە، چاوی کەوتبووە سەر یەکێك کە لاقێکی لەنگییەکی تێدا بووبوو، دوای کەوتبوو و دڵنیا بوو کە (سالار)ە، کە چەند مانگێك بەر لە ئەنفال لاقێکی بریندار بووبوو و دەلەنگی.. کە هاتەوە بە منی وت، سالارم دی، لە سعوودیایە، نازانم بۆ خۆی لێم کرد بە نەناس، چەند شوێنی کەوتم ئاوڕی لێم نەداوە و چەند بانگم کرد جواوی نەبوو!

مردن بۆ ئامۆژن نەزیف خەڵاتێك بوو درەنگ گەیشت.. تەمەنێکی دووردرێژ لە کلۆڵی و چاوەڕوانیی هاتنەوەی هەردوو کوڕەکەی بەسەر برد، بەر لەوەی شنەبای مەرگ بێت و ئەم ببات بۆ لای ئەوان.

ڕەنگە بەهەشت بۆ وی ئێستا هەر ئەوە بێت، بیخەنە بەردەم سالار و جەبار و پێی بلێن: هەزار ساڵی ڕێك چاو لە چاوی هەردووکیان ببڕە و مەیتروو کێنە و پڕ بە ڕووحت تەماشایان کە..

نابێ ژیان خودی چیرۆکەکە بێت، دەنا کرێترین چیرۆکی دنیا دەبێت!

* وێنەکان دەگەڕێنەوە بۆ دە ساڵ لەمەوبەر و بگرە زیاتریش. ئەو تا چەند ساڵێك بەر لە مردنی هەر لە خانووەکەی خۆیدا دەژیا، ئەو خانووەی هەردوو کوڕەکەی تیایدا گەورە کردبوو، لە ئاوایی (شێخ لەنگەری گەورە)ی ناوچەی زەنگابادی گەرمیان. حەوشەیەکی پڕ لە درەختی جۆراوجۆر و خانوویەکی گچکەی قوڕین کە چەند وینەیەك بە دیوارەکانیدا هەڵواسرابوون، وێنەی سالار و جەبار و مشتێك سەراب وتەنیایی!





**کاك سەیوان محمد ئەمەی بۆناردم:**



السلام علیکم مامۆستا گیان

پاش سڵاو ڕێز بۆ جەنابتان حەزم کرد بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەتان بۆ بگێڕمەوە لەسەر گەورەیی و دەسەڵاتی خوای باڵادەست کە هەر ئەو ژێنەرە و ڕزق و ڕۆزی هەر بەدەست ئەوە.

لە ساڵانی نەوەدەکان گرانی بوو ئێمەش ماڵمان لە شارۆچکەیەکی سەر بە سلێمانی بوو لە شەکرەکە زراعەتمان ئەکرد کە ئێستا ئەو شوێنە هەمووی کراوە بە خانوو شوێنی

نیشتەجێبوون، لە حەوشەکەی خۆماندا شەتڵی توتنمان کردبوو کە دواتر بیبەین بۆ شەکرەکە و لەوێ پارچە زەویەکمان بە نیوەکار گرتبوو بۆ توتن و کشتوکاڵ کردن دایکی ڕەحمەتیم لەگەڵ باوکم دەستیان کرد بە هەڵکێشانی شەتڵی توتن و تەماتە و شتەکان، بەدەم هەڵکەندنی شەتڵەکان باوکم و دایکم هەر مقۆمقۆیان بوو باوکم ئەیوت: باشە ژنەکە ئێمە ئەم شەتڵانەمان هەڵکەندووە بەچی بیبەین بۆ سلێمانی بەخوا فلسێك شك نابەم؟؟دایکیشم بەڕەحمەت بێت زوو زوو دەیووت: خوا گەورەیە خوا خۆی ڕازقە ئەینێرێ.

خوا ئاگادارە بەدەم ئەم قسانەوە تەواو بوون لە هەڵکەندنی شەتڵەکان و لەدەرگا درا من ئەوکات مناڵ بووم ڕامکرد دەرگاکەم کردەوە پیاوێك بوو ئەوکات لەگەڵ ڕابیتەی ئیسلامیدا بوو ئێستا بەڕەحمەتی خوا چووە وتی: بانگی باوکت بکە، باوکم هات و دوای چاکی و خۆشی بڕی ٢٠٠ دیناری سویسری دایە دەستی باوکم و وتی: لە دوعای خێر بێبەشمان مەکەن.

کە پێشتر هەرگیز لەلایەن ئەوانەوە یارمەتی نەدرابووین، هەرچەند دوای ئەوەچەند جارێکی تر هاوکاریان کردین. ڕۆیشت، دایکم وتی: خێر چی بوو؟ باوکم کە هێشتا باوەڕی نەدەکرد وتی: ئەوەی وتت خوا ناردی، بەڕاستی دایکم یەقینی هەبوو کە خوای گەورە لەم چەندو چوونەی ئەمان ئاگادارە و فەرامۆشیان ناکات وە بێگومان هەر واشبوو، بەو بڕە پارەیە هەم شەتڵەکانیان برد بۆ سلێمانی تا بینێژن هەم هەنێ ئاردیان کڕی تا کۆمەڵە وردیلەکانیان لە برسا نەمرن.

***

## لوتکەی شەهامەت:



سێ جار هەلی ژیانیان پێ بەخشی بەڵام ئەو مەرگی مەردانەی هەڵبژارد.

ناوی تەواوی (شێخ حسێن شێخ کاکە حەمەی شێخ فەرەج) لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ ە.

ڕابەری ڕووحی تەریقەتی قادری بوو لەگوندی هەزار کانی.

ساڵی ١٩٨٨لە پرۆسەی ئەنفالدا لەگەڵ خەڵکی ناوچەی گەرمیان بەر شاڵاوەکە کەوت.سێ جار هەلی ئازادیان پێ بەخشی لەگەڵ خانەوادەکەی.

جاری یەکەم/فەماندەی جێبەجێکاری ناوچەکەی ئەوان.

جاری دووەم/لەوپاسانەی کە ئەنفال کراوەکانیان دەگواستەوە پێموابێت لە قۆرەتوو.

جاری سێیەم/لەزیندانە ڕەشەکاندا بەفەرمانی خودی (صدام حسین)

بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە کەتەنها خۆی وخانەوادەکەی ئازاد بکرێن چونکە هەموو ئەوخەڵکەیشی وەك خۆی بەبێ تاوان دەزانی و وتی: ئەگەر لەگەڵ خەڵکەکە ئازادم دەکەن ئەوا قەبوڵمە، لەلایەکی تریشەوە ژیانی ترسنۆکانەی نامەردی نەویست. درود بۆ روحی پاکی شێخ حسین و تەواوی شەهیدانی ئەنفال. درود بۆ پەروەردەی ئاینی پاکی کوردانە.نوسینی Sarkawt Pareshan

## وەسفی نەخۆشخانەی قورتوبە لەنامەی گەنجێکی فەڕەنسی

نامەی گەنجێکی فەڕەنسی کە چارەسەری بۆ ئەنجام دراوە لە قورتوبە کاتی فەرمانڕەوایی ئیسلامی لە ئەندەلوس، ناردویەتی بۆ باوکی لە پاریس پێش نزیکەی هەزار ساڵ بەپێی مێژوونوسە فەڕەنسیەکان

دەقی نامەکە*:

باوکی ئازیزم: لە نامەکەتدا باسی ئەوەت کردووە کە پارەم بۆ ئەنێری بۆ ئەوەی چارەسەری پێبکرێم، بەڵام من پێویستم پێی نیە چونکە ئەم نەخۆشخانە ئیسلامیە بێبەرامبەرە و نەخۆشخانەکە بۆ هەر نەخۆشێك پێنج دینار ئەبەخشن لەگەڵ بەرگی نوێ کاتێك نەخۆشخانە بەجێ ئەهێڵێ بۆ ئەوەی پێویستی بە ئیشکردن نەبێ لە ماوەی پشوودانەدا.

باوکی ئازیزم ئەگەر تەشریف بێنن و بێن بۆ سەردانم لە بەشی نەشتەرگەری و چارەسەری جومگەم، لەتەنیشت ژورەکەم کتێبخانەی لێیە، هۆڵی خوێندنەوە، لەو هۆڵە ڕۆژانە پزیشکەکان کۆدەبنەوە گوێ بۆ مامۆستاکانیان ئەگرن.

بەشی ئافرەتان ئەکەوێتە ئەولای گۆڕەپانەکە و ڕێگە نادەن بەپیاوان بڕۆنە ناوی، لای ڕاستی گۆڕەپانەکە هۆڵێکی گەورە تەرخان کراوە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەریان بۆ کراوە و ماوەی چەند ڕۆژێك لەوێ ئەمێننەوە بۆ بەسەربردنی چاودێری چارەسەر بوون، هۆڵەکە کتێبخانەی تێدایە لەگەڵ ئامێرە مۆسیقیەکان.

باوکی ئازیزم

هەموو شتێکی ئەم نەخۆشخانەیە لەوپەڕی پاکوتەمیزیدایە، جێگە و پشتیەکان کەلەسەری ئەخەوین بەپەڕۆی سپی دیمەشقی پۆشراون، هەموو ژورەکان ئاوی بۆ براوە و بۆ زستان ژورەکان گەرم دەکرێن، خواردنیش گۆشتی مریشك و سەوزەیە، تەنانەت هەندێ نەخۆش حەزناکەن نەخۆشخانە بەجێ بێڵن بەهۆی بەلەزەتی

خواردنەکە.(ئەکاونتی یەحیا نەوزەر).سەرچاوە(التفوق العلمي في الإسلام لأمير جعفر الأرشدي).



**ئیعجازی فەرموودە:**

پێش ١٤٤٠ ساڵ زیاتر لەمەوبەرەوە قورئان قومارو مەی حەرام کردووە، سەروەرو سەرداریشمان (د.خ) لەفەرموودەکانیدا جەختی کردۆتە سەرئەوەی کە هەردووکیان وەبەتایبەت مەی سەرچاوەی هەموو خراپیەکە، تەنانەت لە فەرموودەیەکی بەیهەقیدا دەفەرموێت: ئافرەتێکی بەدکار خزمەتکارەکەی ئەنێرێت بەدوای راهیبێکدا کەئاوری لەدونیاو ئافرەت نەئەدایەوە، کەهاتە ماڵەکەی چەند دەرگای لەسەرداخست و وتی: ئەبێ یا ئەو مناڵە بکوژی یان فاحیشە لەگەڵ من بکەی یان ئەو مەیە بخۆیتەوە، ئەویش بەحسابی خۆی مەی ئەهوەنترینە، مەی خواردەوە دوایی بەسەرخۆشی مناڵەکەشی کوشت و فاحیشەشی ئەنجامدا، جاخۆشەویستمان ئەفەرموێت ئیمان و مەی خواردنەوە لەدڵێکدا کۆنابنەوە..

جا سەیربکەن: لەئەڵەمانیا یەك لەسەر سێی تاوانەكان بەهۆی مەیەوەیە، ئنجا لەلێكۆڵینەوەیەكی زانكۆی نیبراسا لینكۆڵن لەكۆتایی ٢٠١٧ دا هاتووە كە لەسەر چەندكەسێك ئەنجامیان داوە، كە مەی خواردنەوە هانی مرۆڤ ئەدات بەرەو دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەت و توندوتیژی، وە لەكۆمەڵێك لێكۆڵینەوەی تریشدا لە٢٠١٧كە زانكۆی لەندەنی مەلەكی كردویانە جەخت كراوەتە سەر ئەوەی كە قوماركردنیش هەروەك مەی كاریگەری خراپی لەسەر مێشك هەیە.

جابەڕاستی ئەم فەرموودەیەی كە دەفەرموێت: دەكەس لە مەیدا نەفرەتیان لێكراوە لە كە شوهەوایەكی ئەو زەمانەدا كە مەی خواردن ئاسایی بووەو هۆنراوەبەباڵایدا وتراوەو چەند ناوێكیان بۆدانەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەچەند خراپەو ئەم سەروەرە هەرچی دەفەرموێت لەخواوەیەو موعجیزەیەوزانستیش بەردەوام ئەو راستیەمان بۆ ئەسەلمێنێت.


Imperial College London

Home | College and Campus | Science | Engineering | Health | Business

Gambling addiction triggers the same brain areas as drug and alcohol cravings

by Kate Wighton
04 January 2017

Be the first to comment


UNIVERSITY OF LINCOLN

You are here: About the University > Press and Media > News Archive > September 2016

Study at Lincoln
International
Campus Life
Open Days
About the University

Gamblers more prone to violent behaviour, research shows

Men who gamble are more likely to act violently towards others, with the most addicted gamblers the most prone to serious violence, new research has shown.

A study published in the journal Addiction found that gambling in any capacity – pathological, problem, or so-called casual gambling – related to significantly increased risk of violence, including domestic abuse.

Researchers surveyed 3,025 men about whether they had ever engaged in violent behaviour, including if they had ever been in a physical fight, assaulted or deliberately hit anyone, if they had used a weapon, and whether the violence was perpetrated when they were drunk or on drugs. The survey also asked if they had ever hit a child, suffered from mental illness, whether they took regular medication, or exhibited impulsive behaviour.

The men surveyed – who came from a range of socio-economic backgrounds across the UK and varied in age – were also asked about whether they gambled. Eighty per cent of participants admitted to taking part in some sort of gambling activity during their lifetime.

The researchers found a statistically significant link between gambling and violent behaviour, which became starker the more severe the gambling habit. Just over half of pathological gamblers, 45 per cent of problem gamblers, and 28 per cent of 'casual gamblers' reported some form of physical fight in the past five years.

## ترسی بڕوادار:

کەسانێك هەن هەرچەند بە رووکەش بڕوادارن لەبەر نەخۆشی دڵیان خوانایەوێن وحەزناکات بچن بۆجیهاد( وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً وَلَكِنْ كَرِهَ اللَّهُ انْبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ (٤٦)التوبة)، بڕوادار ئەبێت زۆرلەخەمی ئەوەدا بێت کە خوای باڵادەستی لێبرِەنجێ، عومەری کوڕی عەبدول عەزیز بەپێنجەم خولەفای راشیدین دائەنرێت، کاتێك ئەمیری مەدینە بوو خەلیفە ئەنێرێت بەدوایا کەبچێت بۆشام، کاتێك لەمەدینە دەردەچن بەچاوی پڕ ئەسرینەوە بە یەساری هاوەڵی وت: تۆ بلێی ئێمە لەوانە نەبین کە پێغەمبەردرووودی خوای لەسەر ئەفەرمویێت: مەدینە پیس و خراپەکان ئەکاتە دەرەوە.. الله أكبر ئەو بترسێ ئەی من و تۆ ئەبێ چی بلێین، هەروەك شێخ محمد دەدو باسی ئەکات و فرمێسك لەچاوانی دێت.




## کتێبی (کچانی کورد) – کتێبێکە لە خوێندنەوەی بێزار نابی:

نووسینی خاتوو (هێنی هارالد هانسن ١٩٠٠-١٩٩٣)، ساڵی ١٩٥٨ بە زمانی دانیمارکی بلاو کراوەتەوە، ساڵی ١٩٦٠ لە لایەن (ڕێگینالد سپینك)ەوە کراوە بە ئینگلیزی و دەزگای پەخشی (جۆرج ئەلن و ئەنوین)ی لەندەنی چاپی کردووە و

خراوەتە بـازاڕەوە. دوکتـۆر (نـاجی عـەباس ئەحمـەد)یـش لـە زمـانی ئینگلیزییـەوە کردوویەتی بە کوردی و ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن کۆڕی زانیاری عێراق – دەسـتەی کورد، ٤٠٠٠ دانەی لێ بڵاوکراوەتەوە، کتێبەکە ٢٠٨ لاپەڕەیە.

ساڵی ٢٠١٧/٢٠١٦یش لـە لایـەن دەزگـای پەخشـی ڕاوتلیجـی بەریتانییـەوە جارێکی تر بە چوار قەوارە چاپ کراوەتەوە و خراوەتـە بازاڕەکـانی ئەمریکاشـەوە. نرخی قەوارەی پتەو و چەسپی لـە سـەرووی ١٤٥ یورۆوەیـە. سـاڵی ١٩٩٨ ئـەم کتێبە هێنراوەتە سەر زمانی تورکییش.

(هێنی هارالد هانسـن) سـاڵی ١٩٦١ کتێبێکـی پـڕ وێنـەی تریشـی لـە بـارەی کوردەوە بە ناونیشانی (ژیانی ئافرەتی کورد) دەرکردووە، کە کاك عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کـوردی و سـاڵی ١٩٨٣، کـۆڕی زانیـاری عێـراق – دەستەی کورد چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. ئەم خاتوونە چەند کتێبێکی وێنەداریشی هەیە لە بارەی بەرگ و پۆشاکی مێژوویی گەلانەوە، ساڵی ١٩٧٦یش کتێبێکـی لـە بارەی ژیان و ناوچەکانی عەلەوییەکانەوە بڵاو کردووەتەوە.

(هـێنی هارالـد هانسـن)ی ژنێکـی پسـپۆڕی دێنمـارکیی ڕەسـەنناس، مرۆڤنـاس، گەلناس و خـەڵکناس بـووە، سـاڵی ١٩٥٧ لـە گەرمـەی دروسـتکردنی بەنـداوی دوکاندا لە لیوای سلێمانی (کە لە ١٩٥٤ەوە تـا ١٩٥٩ی خایانـد)، بـە بڕیـاری حکومەتی شا فەیسەلی دووەمی عێـراق، لـە وڵـاتی دانیمارکـەوە هێنرایـە دەڤـەری دروستکردنی بەنداوەکە، بۆ ئەوەی ڕووماڵی شوێنەوارە دێرینەکانی ئەوێ و ئـەو دێ و ناوچانە بکا، کە بە تەواوبوون و پڕکردن و پەنگخواردنەوەی ئاو لـە بەنداوەکـەدا ئەبوون بە ژێرەوە، بەو مەبەستەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك جێ و ڕێی نوی بۆ خەڵکی دێهاتە گوێزراوەکـان بنیـات بنـرێ و لـە هـەموو ڕوویەکـەوە هـەقیان بۆبکرێتـەوە، مێژووی دێرینی ئەو دەڤەرەش نەفەوتێ. ئەم ژنە دێنمارکییە بۆ لە نزیکەوە بینینی ژیانی ئەو خەڵکە بە زۆریی لە دێی (تـۆپزاوا)ی لای دوکـان لـە مـاڵی شـێخی خانـەدانی

دێکەدا ئەمێنێتەوە، بە دۆڵی جافایەتیدا ئەچی بۆ سەرگەلۆو و لەوێش لە ماڵی شێخەکان ڕێزی لێ ئەگیرێت، ئەچێتە ناو شاری سلێمانی، ناوچەی پێنجوێن و هەڵەبجە بەسەر ئەکاتەوە، زۆر لە نزیکەوە چۆیەتی ژیان و گوزەران و هەڵسوکەوت و داب و نەریتی ژن و خێزانی کورد ئەبینێ، هەروەها هەولێر و موسڵ و کەرکوك و چەند شارێکی خوارووی عێراقیش ئەگەڕێ.

نووسەر لە بەشەکانی کتێبەکەیدا بە ڕێزێکی زۆرەوە باسی ژنی موسوڵمانی کورد ئەکا، تەنانەت بە بەراوردکردنیان لەگەڵ ئافرەتی ڕۆژئاوا، بە ڕێزدارتر و سەنگینتریان ئەزانێ، لە لاپەڕە ١٤٤دا ئەڵێ:



"لە ناو موسوڵمانان ژنان بەقیمەتن، نازدارن، بە چاوێکی بەرز تەماشایان دەکرێ و دەپارێزرێن. ژنان پایەیێکی بە ئیمتیازیان هەیە، ئەو پایەیە کە ئێمە ژنانی سەربەخۆ و سەربەست کراوی ڕۆژئاوا لە زوەکەوە لەبیرمان چوەتەوە و نایزانین. ئێمە لەگەڵ پیاوەکان و لەپاڵ پیاوەکان یەکسانیمان بە دەس کەوتوە. بەڵێ ئەم یەکسانیە زۆر لای چاکی هەیە: زۆر مافمان بەدەس کەوتوە. بەڵام لە لاییێکی ترەوە زەرەر و زیانمان لێکەوتوە. بۆ وێنە پیاوەکان نازمان ناکێشن و دەربەست (واتە مەجبوور) نین بمانپارێزن. چونکە لە دڵی خۆیانا دەڵێن ژنانیش وەك ئێمەن، با خۆیان خۆ بپارێزن، بێتو نەیانتوانی با بچن داوای یارمەتی لە حکومەت بکەن. ئەی ئێمە پیاوان کە تووشی خراپەیەك بووین هاوار ناکەینە لای حکومەت، با ژنانیش وا بکەن."

ئەبێ لێرەدا ئەوە بڵێم، کتێبەکە بە ئینگلیزی ناوی (کچانی خوا – گەشتێك لە ناو ئافرەتانی موسوڵمان لە کوردستان)ە.لەپەیجی( م.ئارام)..

دکتۆر زریان حاجیش ئەڵێت ئەمەش کۆمێنتی منە لەسەرئەو بابەتە:







پێش ساڵانی حەفتاکان کاتێك هێشتا ئەفکاری الحادی و علمانی لیبڕاڵی و سۆشیالیزمی باسی بەئەورووپا بوون و خۆرئاوا بوون و باسی بەناو مافی ئافرەت نەهاتبووە کوردستان و بەجۆرێك کە ئافرەتیان لەو شیرازەیە تێکدا کەلەسەری بوو ئاخر جاران ئاوا کاتێك ئافرەتێکی ئەورووپی لەپەنجاکاندا دێت چۆن شاهێدی دەدات لەسەر ئافرەتانی کورد و ئەو پێی وایە ئیسلام کردونیەتیە شاژن وکردونیەتیە ئاغایماڵەکانیان و لەلایەن پیاوان خزمەت دەکرێن ئەو دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پیاوان یەکسان کراین بەڵام چ یەکسانیەك هەر ڕادەکەین وهیچ سۆز و عەتفێکمان نیە، ئەو دەڵێت: بەناوی ماف ئێمەیان کوشت. شایەنی باسە ئافرەتانی ئێمەی کورد لەحەفتاکانەوە ئیدی کە ئەو هەموو کارەیان لەسەر کراو بەناوی خوێندن برانە دەرەوە وکرانە فەرمانبەر و کارگوزار و بۆخۆی کرایە خاوەنی پارە ئیتر هەموو مافەکانی خۆی وردە وردە لەدەستدا نەوەك ئەورووپی و ڕۆژئاوای لێهات نەوەك جارانیشی

لێهاتەوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەسەرەتا ئافرەت هەم ژنی ماڵ بێت و هەم منداڵی ببێت وهەم خزمەت بکات و هەم پارەش پەیدا بکات و کاسپی بکات.. دوایی وای لێهات ئیدی وردە وردە بەهۆی خوێندن و پاشان دامەزراندن لە ژیان دوا بکەوێت و ئنجا بەهەموو کەسێك ڕازی نەبێت و قبوڵی نەکات کە ئەو سەربەخۆیی و ژیانەی لیَ تێك بچێت و ئنجا بەرەو قەیرەیی چوو،تەڵاق و جیابوونەوە زۆر بووە.

## هاوسەری عیمران:

ئەوەی مامەڵەی ئافرەت وەك شاژنێك دەکات، دیارە شاژنێکیش ئەمی پەروەردەکردووە.هەرچەند ئەمە وتەیەکی جوانی شکسپیرە بەڵام ئەمە بۆچوونی ئیسلامیشە بەرامبەرئافرەت.

بیربکەرەوە ژنی عیمران کەسوورەتێکیان بەناوەوە ناونراوە، لەنیەتی خۆیدا ئەیەوێت کۆرپەکەی سکی نەزر بکات، خوا ئاگای لەنیەتێتی و حساب بۆ نیەتەکەی دەکات، چاوەڕێیە کوڕی ببێت، خوا لەبەر حیکمەتی خۆی کچێکی ئەداتیَ، ئەڵیَ: خوایە کوڕ وەك کچ نیە هەروەك ئەوەی کچ ئەسڵ بێت؟خواش ئەفەرموێت: خۆم باشترئەزانم چیم داوەتیَ..

ئەو ناوی ئەنێت مەریەم و دەپارێتەوە خۆی و نەوەی لەشەیتان بەدووربن.. خوا ئەوانەی هەموو بۆجێبەجیَ ئەکات و مەریەم وکوڕەکەی ئەکاتە ئایەتێك لەئایەتەکانی خوا لەبوونەوەرداو زۆر بەگرنگیەوە قورئان هەموو ئەمانە تۆمار ئەکات و نزیکەی بیست و پێنج جار ناوی خاتوو مەریەم ئەبات و سەروەریشم (د.خ)ئەفەرموێت: مەریەم گەورەی ئافرەتانی جیهانە لەدونیاو لەقیامەتدا..

ئیسلام کەدوا پەیامی خوایە بۆ مرۆڤایەتی دەستی ڕێزی لەمرۆڤ ناوە بەتایبەت ئافرەت، ئەمەش وای کردووە کەلەسەدا حەفتای ئەوانەی لەرۆژئاوا موسڵمان دەبن

ئافرەتن، چونکە ئەوان بە شەوارە نەکەوتوون و باش ئەو راستیە ئەبینن، ئاخر ناحەزان بابۆخۆیان بلێن: پێغەمبەرەکەمان دروودی خوای لەسەر دوا وتەی ئامۆژگاری بوو بۆگرنگی دان بەنوێژو بەئافرەتان(استوصوا بالنساء خیرا)وئەمەی سێ جار دووبارە کردەوە....

**بەوەفابوو:**

کاتێك سەروەرمان منالّ بوو باوکی مرد، دایکی هەرچەندخزمانی لەمەدینە بوون لەمەککە مایەوە، کەدایکیشی مرد دووسالّ لەلای باپیری بوو، وە فاتیمەی هاوسەری عەبدول موتەلیب خزمەتی ئەکرد، پاشان کەئەچێتە لای ئەبوتالیبی مامی پاش مردنی باپیری چەند سالّ فاتیمەی ئامۆژنی خزمەتی دەکات، دکتۆر عومەر عەبدول کافی ئەلّێت: من وائەزانم لەبەر فەزلّ وخۆشەویستی ئەو دوانەیە کچەکەی ناونا فاتیمە.

خۆشەویستمان دروودی خوای لەسەر بەوەفابوو بۆئەوانەی کەمترین چاکەیان بەرامبەربکردایە، بەوەفا بوو بۆحەلیمەی سەعدیەی دایەنی، هەروەها بۆخەدیجەی هاوسەرو هاوخەباتی، سەرکردەیەکی مەزنی وا پاش بیست سالّێك رەنج وماندووبوون وقوربانی وا فەتحی مەککەی کردووە و بەهەزاران کەس چاوەڕێی فەرمانی ئەون، کەچی هاوەلّێکی خەدیجە ئەبینێت لەگەلّی دائەنیشێت و باسی یادەوەریەکانی خەدیجەئەکەن..

## مردنی دوا هاوەڵی نوورسی:

( يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَي مَا مَاتَ عَلَيْهِ )) رواه مسلم.واتە: هەمو بەندەیەك لە ڕۆژی دوایدا زیندو دەکرێتەوە لە سەر ئەو کردەوەیەی کەلەسەری مردوە.



(محمــــد علــــى شـفلك) تەمـەن ٩٤ سـاڵ کۆتـا هـاوەڵی مامۆســـتا (بـــديع الزمــان) ســەعیدی نورسی دوای ئـەوەی ســـەدان قوتـــابی لەسەردەســتی فێـری قورئـان بـوون رۆژی سێ شەممە ٥ی رەمەزان لە کاتی قورئان خوێندن وەفاتی کرد.

## نموونەی بەرزی ئافرەتان:

دایکی سولەیم هەرزوو لەمەدینە موسڵمان بـوو، ئەنەسـی کـوڕی گـۆش ئـەکرد لەسەر ئیسلام، مالیکی مێردی کە بێبڕوا بوو ئـەیووت: وازی لێبێنـە، سـەرگەردانی مەکە، ئەویش ئەیووت: نا سەرفرازی ئەکەم.. مالیك کوژرا وئەمیش بێوەژن کـەوت و ئەبو تەڵحە هاتە داوای، وتی: تۆکەسێك نیت دەست بنرێت بەڕووتەوە، بـەڵام بـە مەرجێ بڕوا بهێنیت، ئەوەبوو بڕوای هێناو موسڵمانبوونەکەی بوو بە مارەییەکەی.

کەسەروەرمان(د.خ) هاتە مەدینە چووە خزمـەتی وتـی: ئـەی خۆشەویسـت هـەرماڵێکی مەدینە بەجۆرێك لـەخزمەتتا بوون، منیش ئونەیسـی کـوڕم هێنـاوە خزمـەتت بکات منالێکی وريايەوئەزانێت بنووسێت، دوعای بۆبکە..

بەڕاسـتی عـەقڵو سـەلیقەیەکی جوانـە، خۆزگـەمان بـەخۆی ئـەو خزمەتـەی بـە سەروەرمان کردووە، ئەنەس دەساڵ خزمەت و بەردەستی ئەو نووری چاوەی کرد تـا

لـەدونیا دەرچـوو، لەوەسـفی ئـەو زاتـەدا ئـەڵێت: دەسـتم بـەر هـیچ ئاوریشـمێك نەكەوتووە نەرم وناسكتر لەدەستی ئەو زاتە، هیچ بـۆنێكی خۆشـم بـۆن نـەكردووە وەك بۆنی ئەو، دەساڵ خزمەتم كرد رۆژێ نەیووت ئەوەت بۆ واكردو ئـەوەت بـۆ وا نەكرد.

خۆشەویستمان نزای بۆكرد وفەرمووی: خوایە ماڵ ومناڵ و تەمـەنی زۆربكـەولـێی خۆش ببە.. بەبەرەكەتی ئەو نزایە سەدوسێ ساڵ ژیاو مەرگی زیاد لەسـەد كـوڕوكچ ونەوەی خۆی بینی.ئەبوهورەیرە ئەڵێت: كەسم نەدیوە وەك پێغەمبەر درووودی خـوای لەسەر نوێژ بكات ئەنەسی كوڕی مالیك نەبێت.

لـەم بەسـەرهاتەوە رۆڵـو سـەلیقەو كاریگـەری ئافرەتانمـان بۆدەردەكـەوێت لـە سەرخستنی پەیامەكەی خوادا، بەڕاسـتی هاوشـانی پیـاون، سـەروەرمان ئەیفـەرموو: ئافرەتان و بـۆنی خـۆش لای مـن خۆشەویسـت كراون.ئـەوی بـەڕێز بێـت رێزیـان لێدەگرێت وئەوەی بەدفەڕبێت بێڕێزیان بەرامبەرئەكات، باشترینتان باشترینتانە بۆمـاڵ وخێزانی، و وەمن باشترینتانم بۆماڵوخێزانم..

## دكتۆر محمد مشالی دكتۆری هەژاران:

دكتۆر محمد مشالی (دكتـۆری هەژاران ) دەرچـووی كۆلێـژی پزیشـكی سـاڵی ١٩٦٧ بە پلەی یەكەمی وەجبەكەی خۆی بە كۆنمرەی٩٩.٣%

دكتۆر مشالی نزیك بە پەنجا ساڵە لە شـاری تـەنتای میسـڕ چارەسـەری هەژاران دەكات بێبەرامبەر و پارەی عیلاجەكەشیان پێـدەدات وە بـۆ ئـەو كەسـانەی توانـای پارەدانیان هەیە تەنها (١٠جنیە) وەردەگریت كە كەمترە لە دۆلارێك.

دكتۆر رۆژانە دە سەعات كـار دەكـات لـە ٩ ی بـەیانی بـۆ ٧ی ئێـوارە، گـەر تەماشای نۆرینگە سادەكەی بكەیت سەدان كەس رۆژانە لەسەرەدا دەوەستن.

محمد مشالی تا ئێستا ئۆتۆمبێل و تەنانەت مۆبایلیشی نییە لەگەڵ ئەوەی تەمەنی ٨٠ ساڵە و ڕۆژانە بە پێ هاتووچۆی عیادەکەی دەکات.

یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی کەنداو کاتێك چیرۆکی ئەو پیاوە دەبیستێت بیست هەزار دۆلار و سەیارەیەکی پێشکەش دەکات، بەڵام دوای ساڵێك لەسەردانی بۆ میسرٍ دەبیستێت دکتۆر پارەکەی بەسەر نەخۆشاندا دابەشکردووە و سەیارەکەشی فرۆشتووە و پارەکەی داوەتە ئامێری پشکنین تا بێبەرامبەر پشکنین بۆ نەخۆشە هەژارەکان بکات.

دکتۆر محمد مشالی دەڵێت: دوای تەخەڕوجم لە زانکۆ زانیم باوکم تێکڕای ئەو پارانەی بۆ چارەسەری نەخۆشی پێویستی بووە لە مندا خەرجی کردووە تا ببمە دکتۆر، بۆیە بەڵێنم دا بە خوا تاکە قروشێك لە هەژاران و بێنەوایان وەرنەگرم.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: Qaraman J. Ahmed

ئەو ئەیوت: من سەیارەی شەش مەتریم ناوێ، گوێ نادەمە جلوبەرگ، لەفەیەك فەلافلیشم بەسە، من هیچم ناوێ لەم دونیایە، لای الله شتم ئەوێ! وا لە مانگی شەشی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد، خودای گەورەو میهرەبان بتخاتە فیردەوس پیاوە دەگمەنەکەم وێنەکە. إنا لله وإنا إليه راجعون..






## پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کەهادیە:

بەڕاستی پاش تەمەنێکی دەیان ساڵی لەخوێندنەوەو دەعوەدا، لەژیاننامەی ئەوانەی موسڵمان دەبن، زیاتروزیاتر مانای هیدایەتی خوا تێدەگەم، خوایە تۆچەند میهرەبانی چۆن ئاگات لەخەووخەیاڵ وداوای بەندەکانتە لەهەرکوێ بن و بەهەرزمانێك بدوێن.

ئەمە گەنجێکی شاری بیرمنگهامی بەریتانیایەو ناوی ریکیەئەڵێت: من خانەوادەکەم سیخن ماوەیەکی زۆر مولحید بووم، دواتر قەناعەتم وابوو خوایەك هەیە کە بەدیهێنەرە، بەهۆی برادەرێکمەوە بەشداریم کرد لە خولێکدا لەسەر ژیانی (محمد دروودی خوای لەسەر لەلەندەن، هۆڵەکە چوارسەد گەنجێکی تیابوو، سەرسام بووم پێیان، شەوێك دوعام کرد خوایە شتێکم پیشان بدە، بۆبەیانی لەکاتی پشوودا گەنجێکی بالاّ بەرزی ریشداری جل سپی لامەوە دانیشت، وەمزانی پاکستانیە، کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیا وتی: من بەریتانیم و لەبیرمەنگهام دائەنیشم و پێشتریش سیخ بووم، تووشی شۆك بووم چونکە بڕوام نەدەکرد کەسێك سیخ بێت و بتوانێت بێت بەرەو ئیسلام.

ئەمەش وەلاّمی دوعاکەم بوو تا ورەیەکم بداتێ وبێم بەرەو ئیسلام ونەترسم.. من



دایکــو بــاوکم خۆشدەویســت و لەگەڵیانــدا ئــەژیام بۆیــە موســڵمانبوونی خــۆم دەرنەخست لەســەرەتاوە وکــەپاش ماوەیــەك رەمــەزانیش هــات بەدزیــەوە پارشــێوم ئەکردو نوێژم ئەکرد..

پانەبدوونی ئەوتازە موســڵمانبووانە ســەیرە هــی وایــان هەیــە نیــوەڕۆی ڕۆژێکــی رەمەزان کەموسڵمان ئەبێت نایخاتە سبەینیٚ هەر لەو ساتەوە یەکسەر ئەو نیوە ڕۆژەش بەرۆژوو ئەبێت، بەراســتی ئێمــە چــەند شــوکری خوابکــەین کــە لــەدایکوباوکێکی موسڵمانین هەرکەمەو قەدری ئەو نیعمەتە والای ئەو بیانیانە کەموسڵمان دەبن.

## چیرۆکی جان کوم دروستکەری ئەپڵیکەیشنی واتس ئەپ

جان کوم لە وڵاتی ئۆکرانیا لە خێزانێکی تارادەیەك نیمچە هەژار لەدایك بوەو بە ژیانێکی سەختدا تێپەڕیوە و دەڵێت: باوکم هەمیشە نەیدەوێرا زۆر بــە تەلــەفۆن قســە بکــات چــونکە دەترســا لــەوەی حکومــەتی ئۆکرانیــا چــاودێری خســتبێتە ســەر تەلەفۆنەکەی.کوم بــە هــەژاری لــە قوتابخانــە خوێندویــەتی و وە کــاتێکیش تەمــەنی گەیشتوەتە ١٦ ساڵان لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆچی کردوە بۆ ئەمریکا.ئیتر لە ئــەمریکا دەست بەکار دەکەن و دایکــی کــاری چــاودێری منــداڵان دەکــات و خۆیشــی لــە محەلێکی بچوك کاری پاککردنەوە دەکات.



ئـيتر خـۆی بـه هـەوڵ و تێكۆشـانی خـۆیی و لـه ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە تێكـەڵی بەرنامجەكان دەبێت و بەرە بەرە گرنگی زیاتری پێدەدات و دواتر شارەزایی زۆر پەیدا دەكات و ئینجا لـه كۆمپانیای فەیسبوك داوای ئیش دەكات بەڵام ڕەفزی بۆ دێتەوە.

بۆیـه لـەگـەڵ هاوڕێكەیـدا "فیشـمان" بـیر لــەوە دەكاتــەوە كـەوا بەرنامەیـەكی سێكیوریتی بەهێز دروستبكات بۆ تەلەفۆن و نامەگۆڕینەوە و بیرۆكەی ئەمـەش زیـاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشتر بەو قۆناغەدا تێپەڕیوە كـه لـه ئۆكرانیـا نـەیانتوانیوە بـه ئارەزووی خۆیان به تەلەفۆن قسه بكەن لـه ترسی چاودێری حكومـەت و ئـەوە بـوو بەرنامەی ئەپلێكەیشنی (واتس ئـەپ whatsapp) ی دروسـت كـرد لـه سـاڵی ٢٠٠٩ و ئەوە بوو بەكارهێنەرانی گەیشـته نزیكـەی یـەك ملیـار و ڕۆژ بـەڕۆژ لــه زیادبون دان و وە كۆمپانیای فەیسبوك به ١٩ ملیار دۆلار كڕیەوە.

جا لەو چیرۆكەوە چی فێربوین؟

١-هەتا ئەگەر به بارودۆخی سەختیش دا تێپەڕیت دەتوانیت بەرەنگاری بكەیت و ئەو دۆخه لـه بەرژەوەندی خۆت سودی لێببینیت.

٢- كەوتن خۆی لـه خۆیدا وانەیەكه كه فێری سەركەوتنت دەكات و هەتا ئەگەر چەندان جار كەوتی كۆڵمەدە و بەردەوام به هەر سەردەكەویت.

٣-هەوڵبدە بەهرە و زیرەكی خۆت بدۆزیتەوە لـه بواری خۆی دا بـەكاری بهێنـه تا دەگەیته سەركەوتن.لـه عەرەبی یەوە: محمد ناصر

***

## بەخشین لەماڵ کەم ناکات:

خوشکێکی بەڕێز ئەڵێت: لەم رۆژانەدا بەشە خۆراکی تاقە کوڕە بێباوکەکەم بۆهات کە دەزگایەك کەفالەتی کردووە، منیش عەلاگەیەکم لێجیاکردەوەو تەکسیەکم گرت و ویستم لەگەڵ دەهەزاردا بیدەم بەماڵێکی بێباوك کەسێ منالیان هەیەو زۆرکەمدەرامەتن، کەچووم وحاڵیانم بینی پارەکەم کرد بە بیست هەزار بۆیان، خواشایەتە کە گەڕامەوە کوڕەکەم لەسەر قادرمە کەوتە خوارەوە رەحمی خوا نەبوایەو یەك تۆز ئەملاتر بوایە مێشکی ئەپژا.

ئنجا زۆری نەخایاند خێرخوازێك سەدوحەفتا هەزارو کیلۆیە گۆشتی هێنا و ئەوە چەندرۆژە خێروبەرەکەت بەوبەخشینە رووی تێکردووین.. ( قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ (٣٩)سبأ ).دیارە رۆزی لای خوایەو ئەوەی دەیبەخشین بەزیادەوە ئەیخاتەوە جێی..

## ماری ئان فۆرد:

نووسەرو رۆژنامەنووسێکی ئەمریکیە لەنیۆیۆرك، پاش ئەوەی بیست ساڵە هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ موسڵمانێکی جەزائیردو منالیان هەیە، هاوینی رابردوو لەجەزائیر بانگی نوێژی بەیانی زۆرکاری تێدەکات و دەڵێت: هەستم کرد من بانگ دەکات.. لەم رەمەزانەشدا بەرۆژووەو خۆشحاڵە و ئەڵێت: من ئەزانم ئیسلام ئایینی ئاشتیە.



**بانگخوازی وپلەوپۆست:**

زۆر دڵمخۆش ئەبێت کەسێك ببینم پلەو پۆستی چەند بەرزیش بێت لەخۆی نەگۆڕێت و لەخزمەت پەیامەکەی خوادا بێت، بۆنموونە سەرۆکی سەنگافورە حەلیمە یەعقوبی بالآپۆش نوێژی بەیانی لەمزگەوت ئەکات و پاشان کاری خەڵکی رادەپەڕێنێت وبۆتە نموونەیەکی بالآ بۆ لێهاتوویی ئافرەتی موسڵمان لەبەرەوپێش بردنی وڵاتدا.

هەروەها لەئەردەن دکتۆر محمد نوح کە کوڕی موفتی پێشووی ئەو وڵاتەیەو لەگەڵ ئەوەدا کە وەزیرە ئیستگەی رادیۆی یەقینی هەیەو زۆرچالاکە لە بانگەوازداو بەوکارەی ئەوەندەی تر خۆشمویست، ئەمڕۆش برای بەڕێزم جەنابی شێخ عومەر بەرزنجی باڵوێزی عێراق لەقەتەر پەیوەندی پێوەکردم وزانیم کەبەردەوام لەخزمەتی بانگەوازدایە زۆردڵخۆش بووم کەپلەوپایە بانگەوازی بیرنەبردۆتەوە، کەتەنها بۆقیامەت ئەوەیە فریامان ئەکەویت، جا ئازیزانم مەقامی بانگەواز مەقامی پێغەمبەرانە بۆیە باشەوو رۆژ لەهەر باروزرووفێکدا بین خەمی گەیاندنی پەیامەکەی خوامان بێت.



**ئەمینە بلێک:**

ئەم ئافرەتە بانگخوازە بەریتانیە بیست وحەوت ساڵە موسڵمان بووە، بەمناڵی ماڵێکی مەسیحی هەڵیانگرتۆتەوەو وردەوردە کە گەورەبووە حەزی لەزانست بووە، قورئان لەماڵی هاوڕێیەکی موسڵمانی ئەبینێت و مامێکی ئەوکچەش ئەبینێ جارجار نوێژدەکات، قورئان ئەخوێنێتەوەو هەندێ پرسیاری لادروست ئەبێت، کوڕێکی پێئەناسێنێت کەشارەزاترە وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە ئەویش باسی لایەنە ئیعجازیەکانی قورئانی بۆدەکات و فیلمی ریسالەی ئەداتێ، کەسەیری دەکات لەکۆتاییەکەی بانگێکە بانگەکە ئارامیەکی پێدەخشێت و ئەڵێت: ئەگەر بانگێك ئاوا ئارامیت پێببەخشێت هەقە مرۆڤ موسڵمان بێت.

کەمامی ئەوکچە ئەمرێت ئەڵێن: ئەوا کفن کراوە وەرە بۆدواجار سەیری بکە، هەرچەندلای ئەوان سەیری مردوو ناکەن، ئەچێت کەئەیبینێت رووی گەشەو زەردەخەنە لەسەر لێویەتی، لەدڵی خۆیدا ئەڵێت: ئەوە بەرەکەتی ئەو نوێژانەیە کەئەیکرد، بۆیە لەوساوە گرنگی زۆری بەنوێژداوە.

کەئەچێت بۆحەج ولەمەککە دەبێت خەوبە سەروەرەوە ئەبینێت(د.خ)، کەئەچێتە مەدینەش سەکینەیەکی سەیر دڵی دائەگرێت، شەوێکیان پاش شەونوێژ بەماندوویی ئەگەڕێتەوە ئوتێل ئەڵێت: سەروەرمان سەلامی لێبکەیت وەڵام ئەداتەوە، بۆیە ئەڵێت السلام علیك یارسول الله، ئەڵێ خواشایەتە بەگوێی خۆم گوێم لەدەنگێك بوو وتی: وعلیکم السلام ورحمة الله.

برایەك بەناوی کاك محمد لەبەریتانیا ئەمەی نووسیوە لەکۆمێنت: ئەمینە لەشاری شەفیلدی بەریتانیایەو بۆماوەی دوو ساڵ لەنزیکەوە دەماناسی و هاوڕێی خێزانم بوو.. ئەو پاش موسڵمانبوونی زۆر زوو لە ئیسلام شارەزایی پەیدا دەکات و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت وانەو تەفسیری قورئان و لەچەندین بواری شەرعیدا وانە

دەڵێتەوە.. ئەو لەگەڵ ئەوەی شوی کردوەو چەند منداڵی هەیە بەڵام بەردەوام شەو ڕۆژ لەکاری بانگخوازی ناوەستێ.




## باخی هەنجیر

دوێنێ لەگەڵ برایەك بووم شتێکی زۆرخۆشی بۆ باس کردم وتی: لەسەردەمی بەعس ئێمە لەترسا ڕامانکرد چووینە گوندی (مۆرد خوارده)، وتی کابرایەکی لێبوو ناوی مام حەسەن بوو کابرایەکی زۆر خێرەومەندوو دەستکراوە بوو، بەڵام ئەوەی کەمن زۆرم پێ سەیربوو ئەوەبوو ڕەزێکی جوانی هەنجیری هەبوو هەمووجارێك ڕۆژێك پێش ئەوەی هەنجیرەکەی بڕنێ و لێی بکاتەوە، دەچووە ناو ئاوایی هەرماڵێکی هەژاری بدیتبایە پێی دەووت: کاك فڵان، خوشکە فڵان سبەینێ هەنجیرەکەم سەرە ڕنینیەتی برۆ بەکەیفی خۆت هەنجیر لێکەوەو بیهێنەوە پێش ئەوەی من بچمە ناوی، ئەم خەڵکەش دەچوون و هەنجیریان لێدەکردەوە بەشی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەهێنایەوە.

پاشان مام حەسەن بۆبەیانییەکەی کرێکاری دەگرت ودەچوون بۆڕنینی هەنجیرەکە.

ڕۆژێکیان دایکم پێی وت: باشە مام حەسەن ئەوهەنجیرەی تۆ هیچی پێوە دەمێنێ تۆ ئەم خەڵکەی دەبەیتە ناو؟

مام حەسەنیش بەپێکەنینەوە وتی: خوای گەورە خۆی ئاگای لێیە من چی دەکەم و کێی دەبەمەناو، بەخوا هەموو جار ئەوەندەی پێوەیە لێنابینەوە.براتان: مەلاهەڤاڵ

## مێژووی شێخانی نێرگزەجاڕ...

١_* پوختەیەك لە ژیاننامەی شێخ ئەبو وەفای نێرگزی ناسراو بە تاج العارفین:

شێخ ئەبووەفا لەساڵی ١٠٢٦زایینی بەرامبەر ٤١٧ی کۆچی دوو مانگ دوای کۆچی دوایی شێخ محمدی باوکی لە گوندی نێرگسەجاڕ لەدایك ئەبێت، دایکی کەناوی فاتیمە خانی کچی عومەر شێرکۆی نێرگزەجاڕییە.

وەك دەگێڕنەوە فاتیمە خان شاعیرێکی هەستناسك وبەسەلیقە بووە، لەبەرئەوەی لەخێزانێکی خوێندەوار و ئایینپەروەر و ئەهلی زانست بووە هۆنراوەی جوانی نوسیوە، وەك مامۆستا حسن محمود لەبەرنامەی هەواری سپێدە باسی دەکات و هەندێك لە شیعرەکانی لایە.

دوای ساڵێك لە هاوسەگیریان حاملە دەبێت بە ئەبووەفاو، هەر لەو ساتەوەختەدا چەند مانگێك پێش لەدایکبوونی و وەفاتی باوکی، شێخ محمد حەزرەتی پێغەمبەر(درودی خودای لەسەربێ) دێتە خەونی وپێی دەفەرموێت کەخودا کوڕێکی زانا و پابەرز و ناوداری پێ دەبەخشێت، داوای لێدەکات کە ئەم منالە میراتگری پەیام وئاکاری منەئاگاتان لێی بێت وبایەخی پێ بدەن، باوکیشی دوای خەوەکەی نەخۆش دەکەوێت و ئەزانێ ئاکامی مەرگی نزیکە، کەسوکاری خۆی وخاڵوانی کوڕەکەی ئاگادار ئەکاتەوە کەئەم کوڕەی پێگە و پایەیەکی بەرزی ئایینی ئەبێت،

داوایان لێدەکات کەئاگایان لێبێت و بەجوانی پەروەردەی بکەن وپێویستیەکانی ژیانی بۆ دابین بکەن.

ئەبووەفا دوو مانگ دوای کۆچی دوایی باوکی بەهەتیووی لەدایك ئەبێت وخاڵوان وکەسوکاری لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنیدا هاوکاری دایکی ئەکەن چەند سەر ئاژەڵێك و پێداویستیان ئەدەنێ هەتا گوزەرانی خۆیانی پێ بەڕێ بکەن، بەشوانی و خوێندنی ئایینی سەرەتایی و تێڕامان و خواناسیوە لە نێرگسەجاڕ خەریك دەبێت هەتا دەبێتە لاوێکی هەڵکەتووی زیرەك و بە ئاگا.

ئینجا بۆ خوێندنی بالآتر خولیای سەفەر ئەکەوێتە سەری و دێتە هەورامان ماوەیەك لەوێ ئەخوێنێ، بەلاَم بۆ فێربوونی زانست دڵی ئۆقرە ناگرێت و عەودالّی زانای رەبانی گەورەترە بۆ فراوان کردنی زانستەکانی، لەوێوە دەچێتە بوخارا بۆلای شێخ محمدی شوانکارەو دوانزەساڵ لەخزمەتیدا دەخوێنێ وزانستەکانی هەموو لێوەردەگرێت، شێخ محەمەد هەست بە زیرەکی و فراوانی زانستەکانی دەکات وهانی دەدات بە ناوچەکەدا پەخشی بکاتەوە و خەڵکی لێ بەهرەمەند بکات.

پاش گەڕانەوەی لە بوخاراوە بۆ نێرگسەجاڕ، داوای لێ ئەکەن بچێتە شاربازێڕ بۆ بلاَوکردنەوەی زانستەکانی، کە لەو سەردەمەدا نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر شاربازێڕ مەڵبەندی زانست و زانیاری و عیرفان بووە، بۆیە دەچێتە گوندی پوشێن لە شاربازێڕی تەخت و مەدرەسەیەکی زانستی دادەمەزرێنێت و زاناو خوێنکارێکی زۆر لەهەموو لایەکەوە لە دەوری کۆ دەبنەوە تەنانەت لە بەغدا و باشورەوە زاناو فێرخوازان دێنە خزمەتی بەهرەمەند ئەبن لە زانستە فراوانە شەرعیەکانی و، ناو و شۆرەتێکی زۆر دەرئەکات.

پیاوێکی پوشێنی کچێکی خۆی لێ مارە ئەکات بە ناوی حوسنا خان، زاناکانی بەغدا داوای لێ ئەکەن بچێتە بەغدا خەڵکی ئەوێش لە زانستەکانی بەهرەمەند ببن، وەك ئەرکێکی ئایینی داواکەیان قبوڵ ئەکات، شێخ سالمی برای لە مەدرسەکەی

پوشێن دائەنێت ئەویش دەمێنێتەوە دوای خۆی کوڕێکی دەبێت لـە پوشـێن تـەدریس ئەکات ولـەوێوە دەچێت بۆ قودس، کەتائێستا نازانرێت بەچ هۆکارێك دەچێتە قودس ولـەوێ دەمێنێتەوە ئێستا کوڕ و نەوەکانی هەر لـە فەلـەستین نیشتەجێن.

ئەبو وەفاش کۆچدەکات بۆ (واسط )بۆ ماوەیـەکی کـورت لـەوێ دەمێنێتـەوە و زانست و پەیامەکانی خۆی دەگەیەنێت بەو ناوچەیە، پاشان هەر بە بەلـەم لە ڕووباری دیجلەوە دەچـێتە بەغـدا و مزگـەوت و مەدرەسـەیەکی گـەورەی بـۆ دابـین دەکـەن کەزاناو موسڵمانانی بەغدا و دەوروبەری لە دەوری کۆدەبنـەوە وگـوێ لـە وتـار و پەند و وانە و ئامۆژگارییەکانی دەگرن لـەوێش ناووشۆرەتێکی زۆر دەرئەکات.

ناوبانگی ئەبو وەفا بە خەلیفەی عەبباسی ناصرالـدین باللّٰه دەگـات عەسـری پێـنج شەممەیەك خۆی دێتە کۆڕی وتارەکانی و زۆر سەرسام دەبێت بـە زانسـتی فـراوان و وانە پڕ پەنـدو ئامۆژگارییـە بـەرزەکانی وداوای لێـدەکات بیکـات بـە ڕاوێـژکار و ئامۆژگارێکی خۆی وهاوکاری بکـات لـە بابەتـە شـەرعی و هونـەری بـەڕێوەبردنی وڵاتەکەیدا، بۆیە ماوەیەك ئەو ئەرکەش بەسەرکەوتوویی ئەگرێتە ئەستۆی خۆی.

هەر لـەو کاتەدا بیر لـەوە دەکاتەوە کە بزووتنەوەیەکی عیرفانی تەصەوفی دروسـت بکات هەموو زانا گەورەکانی تێدا کۆبکاتەوە ولــەو پەرتەوازەییـە ڕزگاریـان بکـات هەڤدە زانای گەورەی وەك ماجیدی کوردی وپـیر منصورکەئێسـتا ئارامگاکـەی لـە سلێمانیە بەناوی پیرمەسور ورفاعی خـاڵی وشـێخ ئەحمـەدی کـوردی وشـێخ عبـدی مسافر وچەند زانایەکی ناوداری بەهێز وەك سەرکردایەتی بزوتنەوەکەو لـەخوار ئـەو ١٧ زانایەوە چل کەسی تری دانا بە ناوی سوڵتان بۆ سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی بزووتنەوەکـە و لـە دوای ئەوانیشـەوە دووسـەد کەسـایەتی لێهـاتووی دانـا بۆبەڕێوەبردنی بزوتنەوەیکە، کە هەموویان پەیوەست بـوون بـە خۆیـەوە و فـەرمانیان لەوەوە وەردەگرت.

هەر لەوکاتەدا شۆرەت وناوبانگی کارەزانستیە ناوازەکانی دەگاتە گوێی شێخ عبدالقادری گەیلانی ولە تەمەنی١٧ساڵێدا لە گەیلانی غەربەوە شەیدای دیدارو بەهرەمەندبوونی بە ئاکار وزانستەکانی دەبێت وئەچێتە خزمەتی ولای خۆی زانستی تەریقەتی فێر دەکات و دەینێرێتە قوتابخانەی غوزرمی بۆ فێربوونی زانستی ئایینی، پاش ئەو هەموو گەشتە زانستیەو خزمەتە گەورانەی بە خەڵك و ئایینی خودای کرد دەگەڕێتەوە بۆ پوشێن و لەساڵی ٥٠٩ی کۆچی کۆچی دوایی ئەکات و ئێستا ئارامگای پیرۆزی لە گوندی پوشێنە...

*سەرچاوەکان: ١- قلائد الجواهر: دانراوی محمد بن یەحیا الحنبلی

٢-چاوپێکەوتنی مامۆستا حەسەن محمود مێژوونوس و کەلەپوورناس لە بەرنامەی هەواری سپێدە، ئەکاونتی شێخ بەختیار نێرگسەجاڕی



## قسەی خێر:

سەید قوتبی رەحمەتی ئەڵێت: ئەم مرۆڤە وەکو رادیۆ وایە ئەبێ بگەڕێی بزانی ئەو ئیستگەیەی ئەتەوێت لەسەر چ شەپۆلێك وەریدەگرێت، دیارە هیدایەتی دڵان بەدەست خوایە، ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەوەیە هەمیشە قسەی چاك بکەین، بیرمان نەچێت ئەو قسەچاکانەش هەرهیدایەتی خوایە بۆمان وبەئیزنی ئەو بەرووبوومی ئەبێت (وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ (٢٤)الحج ).

کاك تەها سۆڵەیی وتی: رۆژێك بەکەسێکم وت: فلان لەگەڵ نوێژەکانتا لەچیدایت؟ وتی: باشم.. دوای ماوەیەك بینیمەوە وتی: ئەزانی ئەوکاتەی ئەو پرسیارەت لێکردم نوێژم نەدەکردو ئەوە وایلێکردم کە نوێژبکەم..

سوپاس بۆخوا ئێستا کەسێکی بۆخوا سوڵحاوە، هەرلەبەرئەمەشە کە سەروەرمان ئەفەرموێت ( الكلمة الطيبة صدقة).

## ئەم گەنجە کوڕە شەهیدە کارێکی مەزنی کردوە

هەردووگورچیلەی لەسەدا ٢٥ کاری ئەکردو هەمو دکتۆرەکان پێانووت ئەبێ گورچیلەت بگۆڕی.. بەهەمو لایەك دوودەفتەریان بۆ کۆکردەوە کەرەنتینەی بەسەرداهات.. ئەم گەنجە بایی ئەو دوو دەفتەردۆلارە خۆراکی کڕیەوەو دابەشی کردوە بەسەر هەژاراندا.. دوای کەرەنتینە چۆتەوە بۆ لای دکتۆر وکاتێ پشکنینی بۆئەکەن دکتۆر سەرسام ئەبێ وئەڵێ: گورچیلەت لەسەداسەد کاری خۆی ئەکات وهیچ عەیبی نیە.. رسول اللە(د.خ) ئەفەرموێ: بە بەخشین چارەی نەخۆشەکانتان بکەن..



**سەیروسەمەرەی موسڵمانبوونێک:**

سیلیفیا رۆمانۆ کیژێکی ئیتاڵی تەمەن ٢٤ ساڵی خۆبەخشەو کاری فریاکەوتنی ئەکرد لەکینیا، جولآنەوەی لاوانی ئیسلامی ئەیرفێنن و ئەیبەنە سۆماڵ و ساڵو نیوێک دیل ئەبێت لەلایان، لەو ماوەیەدا قورئان ئەخوێنێتەوەو رۆژانە پێنج جار گوێی لەبانگ ئەبێت و بەقەناعەتەوە موسڵمان ئەبێت وناوی خۆی دەکات بەعائیشە.موخابەراتی ئیتاڵی‌و موخابەراتی تورکی بۆی تێدەکەون و بە ٤ملیۆن یۆرۆ رزگاری دەکەن، ئەوەی جێی سەرسوڕمانی هەموان بوو وەهەڵایەکی گەورەی نایەوە موسڵمانبوونی بوو، وتیان: ئێمە ئەو هەموو پارەیەمان بۆدا رزگاری بکەین کەچی هاتۆتەوە ئیسلام لەئیتاڵیادا بلاوبکاتەوە. ناحەزان لەوە تۆقیون کەئیسلام ئاوا کاریگەری هەیە، بەهەمووپێوەرێك ئەبوایە ببوایەتە دوژمنی

ئیسلام کەبەناوئیسلامی ڕفاندبوویان، کەچی بوو بـەخێر بۆیـو موسـڵمان بوو. وێنەی خۆی و خێزانەکەی پاش ئازادبوونی.




## ئەنگێتا کۆنزالس

که عومدەی پێشووی شاری قورتوبه بوو لەئیسپانیا و سەرۆکی حیزبی شـیوعیش بووه، زۆرخزمەتی بەموسڵمانانی ئەو وڵاته کـردو هاوکـاری کـردن لـەرێی یاسـاوه مافەکانیان دەستەبەربکەن وکلیلی مزگەوتی قازی ئەبی عوسمانی دایەوه بەموسڵمانان و رێی دان بەبلێندگۆ بانگبدەن، لە۲۰۲۰داکۆچی دوایـی کـرد، شـایانی باسـە کـە نـاوبراو موسـڵمان بووبـوو وه ئاشـکرای نـەکردبوو بۆئـەوەی بتوانێـت خزمـەتی موسڵمانان بکات و رێگری لێنەکرێت.. خوا بەمیهرەبانی خۆی لێی خـۆش بێـت و شکۆ بۆ موسڵمانان بگێڕێتەوه لەسەرتاسەری دونیادا.



**پەیڤێک بۆ مامۆستاکەم، مەلامحەمەدی شارەزووری**

نوسینی: د.بەختیار ئەمین بارام

– "مامۆستای پیشەوام، لە ئازایەتیدا بۆ من نموونەبوویت، سڵت لە هیچ نەدەکردەوە و نەدەترسای و نیشانەی ترسم قەت پێتەوە نەدیوە.

– لەو کاتەنەی کە زۆر پاڵەپەستۆی رژێمی بەعس، دەهاتە سەرمان و کارەکانمان وەك پێویست نەدەچوونە پێش، دەمبینی کونجی مزگەوتت دەگرت و خەریکی نزا و نوێژ بوویت و بێدەنگیت هەڵدەبژارد.

– ئای لەبیرتە شەوێکیان هەموو بەغدات پێکردم، چونکە (دایکی بەهەشت)حەزی لە جۆرە مەنجەڵێکی تایبەت بوو، وتت تا بۆی نەکڕم ناگەڕێمەوە، لەکۆتایدا لە شەقامی مەنسوری بەغدا مەنجەڵەکەت بۆکڕی، منی هەژاریش رێگاوبانەکانی بەغدا زۆر شارەزا نەبووم هەتا ئەم دۆزینەوە زۆر هیلاك دەبووم.

–بیرمە ئامادەبوویت بۆ مافی ئافرەتێکی ستەملێکراو بە ئۆتۆمبێل بڕۆیتە لادێیەکی دوورە دەست و مافی بۆ لەپیاوەکە وەربگریتەوە، بۆ مافی گەل و دژایەتی رژێمی

بەعسی دڕندە خەباتێکی دوور و درێژتان ئەنجامدا، چەندین جاریش زیندنی کران بەڵام کۆڵتان نەدا و بەهۆی زیندانەوە کەمتر بە دیدارت شاد دەبووین.

– ساڵی ١٩٨٦دەوروبەری عەسر بوو کاتێك لە هەڵەبجە دەرچووین، وتت دکتۆر بۆ ناو هەڵەبجە بگەڕێرەوە، منیش لام سەیربوو بەبێ پرسیار گەڕامەوە، تۆ چویتە دوکانێك و دەرزەنێك چەقۆی میوەت کڕی، داتە دەست خێزانم و سەیرتکردم، وتت: گوێت لێنەبوو کە بەناو هەڵەبجەدا ڕۆیشتین خێزانت وتی: ئەو چەقۆیانە زۆر جوانن، جارێکی تر بێ دڵی خێزانت نەکەیت و ئەمانەتە لە ملی تۆدا.

– دووجار لە خەومدا لێم توڕەبوویت، هەردوو جارەکەش بەقسەم کردی، یەکەمیان وتت: قەد لە ئەوروپا خانوو بە ڕیبا نەکڕیت، جاری دووەمیش لە کۆتایی ساڵی نەوەدەکان بوو، ئەوەبوو رووت لێوەرگێڕام وتت: کوڕی باش تۆ ئاگات لە مندالەکانم نییە، وەکو عادەتی خۆت زەردەخەنەکەت نەکرد و لەبەر چاوم ونبوویت، لە خەو هەستاوم و بەخەفەتەوە لەسەر قادرمەی ماڵەکەمان دانیشتم، ئەوەندەمزانی زەنگی تەلەفۆن لێیدا و ساڵحی کوڕت بوو، هەر ئەو وتی: ساڵحم وتم: دەزانم ئێستا قسەم لەگەڵ باوکت کرد، دەزانم حاڵتان لە کوردستان باش نییە.

– مامۆستا گیان، شایەتی ئەدەم شێری مەیدان بوویت، سەرەڕای گرتن و ئەشکەنجەی بەعس، هەمووجارێك کە دەهاتییەوە ناومان سوررتر دەبووی لەسەر دژایەتی ئەم رژێمە بۆگەنە، بەڵام سیخوڕ و داردەستەی بەعس بەردەوام کێشەیان بۆ دروستدەکردی.

– ئەو ڕۆژەم بیر ناچێت کە بۆ دواین جار لە گوندی دواوە لەنزیك ڕانیە هاتمە لات، ژوورە قوڕەکەتم بینی کە لەهەموو شتێك دەچوو تەنها ماڵ نەبێت، ئیوارەکەی برنج و تەماتەیەکمان بەیەکەوە خوارد، دواتر گفتوگەیەکی زۆرمانکرد، تۆش



هەرخەمی دەستنوس و کتێبەکانت بوو لە سلێمانی نەفـەوتێن، پاشـان خـەوتین نیـوە شەو لە خەو هەستام لە جێگەکەی خۆت نەمابوویت، هەستام بەرەو مزگەوت هـاتم، بینیم لە تاریکیدا لە کونجێکی مزگەوت بەدەنگێکی غەمگینەوە خەریکی شەو نوێـژو نزا و قورئانخوێندن بـووی، کاتێـك پەرستشـەکانت تـەواو کـرد، هاتمـە لات وتـت دکتۆر، هیلاك بووم نزام کرد بگەڕێمەوە لای خودا، چونکە دوژمـن لـە پێشـەوە و هەندێك دۆستیش بەهۆی رق و کینە و حەسادەتەوە، لە پشتەوە خەنجەرم لێـدەدەن، لـەبەر ئەوە دەمەوێت بگەڕێمەوە بەردەرگای خودا و پشووبدەم.

– دواتر بەیانیەکەی نانمان خواردو، تا قەراغی دێ لەگەڵم هاتی، تا بڕۆم سواری ئۆتـۆمبلێکی جـۆری جێـب بـبم و بگەڕێمـەوە هـەولێر، دوای باسـێکی زۆر وتم: مامۆستا با لـە عەینکاوە لـە هەولێر لـە نزیـك خـۆم خانویـەکت بـۆ بدۆزمـەوە، وەرە بەنهێنی لـەوێ نیشتەجێبە و خـەریکی نووسـین و دەستنووسـەکانت ببـە، یـان ئـەوەتا بەیانی دەچم نایلۆن و کەرەستەی داپۆشینی سەقفی ژوورەکەت بۆ دەهێنم تـا دڵۆپـە بەسەر خۆت و خێزانت نەکات، مامۆستاش بە زەردەخەنەوە وتی: دکتۆر تـا تـۆ ئـەم کارانە ئامادە دەکەیت، من ئەم دونیایەم جێهێشتوە و فریای هیچ کامێکیان ناکەویت،

بەچاوی پڕ فرمێسکەوە ماڵئاوایمان لەیەکتری کرد و ڕۆیشتن، مامۆستاگیان وابوو، ئەو ڕۆژە دوایین جاربوو لەم دونیایەدا ماڵئاوایمان لەیەکتر کردو و قسەکەی تۆ ڕاست بوو، دوایین ساتی ماڵئاوایمان هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

– مامۆستا گیان، هەر چەند بیرت دەکەم سەرێکی کۆچەر و ساڵح ئەدەم و پاکی و سادەیی و زەردەخەنە و پێکەنینی تۆیان پێوە دیارە و هەندێك تینوێتم دەشکێنێت.بەنیازی دیدار."

**بە کەریم خانی زەندیان وت:**

کەسێك هەیە چەند ڕۆژێکە دەیەوێت جەنابتان ببینێ..!؟

(کەریم خان)یش داوای کرد ئەو کەسە بهێنن....

کابرا وتی: قوربان من هەر لە دایکبووم بە کوێری لە دایك بووم، چووم بۆ زیارەتی گۆڕی باوکی بەڕێزتان و داوای شیفام لێ کرد و چاکبوومەوە..!!؟

کەریم خان کە ئەم قسەیەی بیست توڕە بوو..!!؟

وتی خێرا چاوەکانی ئەم کەسە کوێر بکەن..!!؟

تا دووبارە بچێتە لای گۆڕەکەی باوکم و شیفای بدات!!

ئەوانەی کە لە چواردەوری کەریم خان بوون وتیان: قوربان ئەوەی شیفای داوە باوکی جەنابتانە!؟

لەبەر خاتری باوکی بەڕێزتان لێی خۆش بن!!!

کەریم خان وتی: من خۆم نازانم گۆڕەکەی باوکم لەکوێیە.... وە باوکم پیاوێکی ئاسایی بووە و لە ژیانیدا شیفای کەسی نەداوە ئێستا بەمردوویی چۆن دەتوانێت ئەو کارە بکات...!!

ئەگەر کەسە ماستاوچیەکان بۆیان بڕەخسێت، دین و دونیامان وێران دەکەن.
(ئەکاونتی مامۆستا مەلا ئەحمەد حەمە عەزیز)

**ئیسلام مەزنترینە:**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەگشت بوارێکدا سەراسیمەیە، وەرە سەیری حیکمەتی نوێژو ڕۆژوو سوودەکانیان بکە، وەرە سەیری زەکات بکە، پڕۆفیسۆر عەلی قەرەداغی لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی جەزیرەدا ئەڵێت: زۆر بەوردی حسابی بڕی زەکاتی ساڵانەی موسڵمانانم کرد نزیکەی (٣٠٠ بۆ ٤٠٠) ملیار دۆلارەو حسابی سەرفیترەم کرد نزیکەی (٤)ملیار دۆلارەو حسابی پارەی عومرەی ڕەمەزانی ساڵانەم کرد نزیکەی ٣٦ ملیارە، باشە ئەم پارانە بەرێکوپێکی بدرێت هەژار لەناوموسڵماناندا ئەمێنێت؟دیارە نەخێر، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە کارەکان تاکەکەسین لەکاتێکدا لەقورئاندا ئاماژە دراوە بە دەزگای زەکات وئەوانەی کاری لەسەردەکەن (والعاملین علیها)، دەزگایەك کە دەسەڵات چاودێری بکات ونەتوانێت دەستی تێبخات وەك ئەوەی لەوڵاتی کوەیت هەیە..

**نیعمەتی رازی بوون:**

پێشەوا شافیعی وتوویەتی: قەناعەت گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە.
ئەم چیرۆکە واقعیە لە دیمەشق ڕویداوە شێخ حسن حبنکە المیدانی ( بەڕەحمەت بێت ) ئەیگێڕێتەوەوئەڵێت:
لەئێوارەیەکی دەمەو مەغریبی ڕۆژێکی ڕەمەزاندا بەرەو ماڵ ئەگەڕامەوە پیاوێکی هەژار لەوانەی کە ئامادەی وانەکانم ئەبوو لە مزگەوت و ماڵەوە بەبەردەوامی،

بەگەرمی سڵاوی لێکردم وتی سوێندت ئەدەم بەخوا ئەم ئێوارە بۆ بـەربانگ میـوانی من بە، پێداگریەکەی زمانمی بەست و حەزکردنەکەی کۆتی کردم و دەموچاوی کـە سوێندی دام لەدڵمدا درەوشایەیەو چاوەکانمی پڕکرد لەفرمێسك و وتم: برام ماڵـەوە چاوەڕێمن و ناکرێت ئاوا لەناکاو بێم بەڵام بێ ئەوەی ویستم لەسەری بێـت شـوێنی کەوتم بێ ئەوەی شوێنی ماڵ و بارودۆخیان بزانم لەم کاتـە ناکـاوەدا کـە ئەوەنـدەی نەماوە بۆ بانگی ئێوارە، گەشتینە ماڵەوە بینیم هـۆدەو هـەیوانێکی بچـوکە لـە قـاتی سەرەوەیە کە لەیەکێك لە هاوڕێکانی خۆی کرێبوەوە، مەدخەلو قادرمەیەکی تایبـەت بەخۆی هەبوو قادرمەکەی لە تەختەبوو ئەوەندە کۆن بوو کەڵکی ئەوەی نـەبوو دوو کەس بچن بەسەریدا لەیەك کاتدا.

کە گەشتین خاوەن ماڵ لەخۆشیا خەریك بوو باڵی ئەگرت، دەمی پڕبوو بـوو لـە سوپاس و پێزانین و ئەیوت: قوربان ئەم ماڵە هی منـە ( خاوەنـداریش بـۆ خوایـە ) و فلسێك قەرزاری کەس نیم لەم دنیا، سەیرکە قوربان خۆر هەڵدێت بەیانیان ئـەم لای ماڵمان ڕوناك ئەکاتەوە و کە ئـاواش ئـەبێت لاکـەی تـری ڕونـاك ئەکاتـەوە، لێـرە بەیانیان و ئێواران قورئان ئەخوێنم، ژنەکەشم خوا لێی ڕازی بێت لای ئەو پەنجـەرەوە دائەنیشێت و هەمیشە دوعـای خێـرم بـۆ ئـەکات، سـوێند بـەخوا واهەسـت ئەکـەم لەبەهەشتدام.

شێخ ئەڵێت ئەو خەریکی ئەو قسانەبوو منیش بەسەر قادرمەکەدا سەر ئەکەوتم بـە وریاییەوە و ترسی ئەوەم هەبوو بکەومە خوارەوە، کە گەشتینە ماڵەوە گوێم لـێ بـوو ورەوری بوو لەگەڵ ژنەکەیاو ئەیووت خواردن حازربکـە شـێخ لای ئێمـە بـەربانگ ئەکاتەوە، ژنەکەشی ئەیووت بەخوا لـە پاقلـە زیـاتر هیچـی ترمـان نیـە، تـەنها نیـو سـەعاتیش مـاوە بـانگ بفـەرموێت هیچیشـمان نیـە لێـی بنـێم هـەشمان بوایـە فریـا نەئەکەوت، شێخ بەڕەحمەت بێت ئەڵێت گوێم لەو گفتوگۆیەبوو پاشان هـات بـۆلای من، منیش وتم: برام من مەرجێکم هەیە!



من ڕۆژوو بە خورماو ئاو ئەشکێنم نانیش ناخۆم تاکو نیو سەعات پاش بەربانگ بۆ ئەوەی خورماو ئاوەکە هەزم بکەم، ئێوارانیش شلەی پاقلە وپەتاتە ئەخۆم. بۆیە وتم پەتاتە چونکە خۆراکی هەژارانەو وتم لەوانەیە هەیان بێت.

خاوەن ماڵ وتی: فەرمانتە قوربان.

وتم: ئێستاش جێم بهێڵە باتەنها بم لەگەڵ خوا مناجات بکەم.

ئەڵێت: نانمان خوارد بەو شێوەی کە داوام کردو خواحافیزیم کردو ڕۆیشتم..

دەرچووم لە ماڵیان بەڵام دنیا لەبەرچاوم زۆر خۆش بوو بەهۆی تێڕوانینی ئەو پیاوە بۆ ژیان کە دەمی تەنها سوپاس گوزاری خوای لێ دەرئەهات کە ئەو ماڵ و حاڵ و ژیانەی پێدابوو.

پاش چەند ڕۆژێك بانگهێشت کرام بۆ خوانێکی بەربانگ لای یەکێك لە بازرگانە دەوڵەمەندەکان کە لەوانەبوو خوا نیعمەتی ماڵو منداڵ وناوبانگی باراندبوو بەسەریاندا.

کە کۆمەڵێك خەڵکی دیاری بانگهێشت کردبوو بۆ خوانی ئێوارە، میوانیەکە لە یەکێك لە ڤێللا زۆر ناوازەکان بوو کە تەنها لە خەیاڵدا شتی وا هەیە خانویەکی تیابوو زیاتر لەکۆشك ئەچوو جۆرەها ئەسپی ڕەسەن و هەموو جۆرێك لە گیاندارانی تیابوو، مەلەوانگەیەکی گەورەش لە ناوەڕاستیا بوو، خوان ئامادەبوو ئەوەی جۆری خواردن بێت لەسەر خوانەکەبوو، نانمان خواردوو کاتی ڕۆشتن خاوەن ماڵ بەتەنها لەگەڵم کەوتە گفتوگۆ دەستی کرد بە گلەیی لە ژیانی خۆی و ناخۆشیەکانی کارو بازرگانی و خەفەتی ماڵو منداڵ و خراپی وهەڵسوکەوتی ژن و زۆری مەسرەف و

گرانی ژیان و بێزاری لەژیان و حەزکردنی بەوەی خوا ڕۆحی بکێشێت و نەجاتی بێت لە ئاستەنگەکانی ژیان.

تاکو گەشتمە لای سەیارەکەم ئەم پیاوە دنیای لەبەرچاو تاریك کردم و توشی دڵ تەنگی و تەنگەنەفەسی کردم، سواری سەیارەکەم بوم و سەرم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان وتم: ( الحمد لله علي نعمةِ الرضا )(سوپاس بۆتۆ خوایە لەسەر نیعمەتی قەناعەت )

خۆش بەختی بە پارەو پول و سامان نیە، بەڵکو بە پەیوەندی پتەو لەگەڵ خواورِازی بوونە بە بەشی خوا..

## دزی نەگبەت

دزێك چووە ماڵی پیرەژنێك و بینی پیرەژنەکە بەخەبەرە

لێی پرسی: پیرەژن چۆنە بەم درەنگانی شەوە نەخەوتویت؟!

پیرەژنەکە زانی کە ئەوە دزە بۆیە وتی:

خەوێکی ناخۆشم بینیوە و لەخەو ڕاپەڕیم، تۆش کوڕێکی باش و خانەدان دیاریت، دەزانم تۆ لە ناچاریدا توشی دزیکردن بوویت، منیش زێڕ و زیو و پارەیەکی زۆرم هەیە هەموویت بە گەردن ئازادی دەدەمێ....

بەس پێش ئەوەی برِۆیت وەرە دانیشە مەعنای خەوەکەم بۆ لێك بدەرەوە.

دزەکە لە دڵی خۆیدا وتی: بەخوا وادیارە ئەم پیرەژنە زۆر گێل و سادەیە!

دزەکە دانیشت و وتی: خەوەکەت چییە؟!

پیرەژنەکە وتی: لەخەومدا بە قەراغی ڕوبارێکدا دەڕۆیشتم لەناکاو پێم ترازا وکەوتمە ناو ڕوبارەکەوە منیش بە هەموو توانام هاوارم دەکرد:

عبدالله.... عبدالله.... عبدالله.

وەلەو قسانەدابوم بەخەبەرهاتم لێکدانەوەت بۆ ئەم خەوە چیە کوڕم؟

بەم هاوار هاوارەی پیرەژنەکە کوڕەکەی کە لەقاتی سەرەوەی ماڵەکە خەوتبوو ناوی عبداللە بوو وەکو پڵنگ بە پڕتاو هاتە خوارەوەو پەلاماری دزەکەی داو دەستی کرد بە تێهەڵدانی، پیرەژنەکەش لەوە دەترسا کە عبداللە دزەکە لەبەردەستی بمرێت بەم هەموو تێهەڵدانە بۆیە بە عبداللە ی وت:

کوڕم بەسە دەیکوژیت!!!

دزەکە بە خەفەتەوە وتی: بکوتە عبداللە بکوتە، من موستەحەقم، ئاخر بەملی شکاوم من بۆ دزی هاتووم یان بۆ لێکدانەوەی خەو؟!

با دوعایەك بکەین، خوای گەورە عبداللە کان بەخەبەر بهێنێت بۆ تەمێ کردنی دزانی قوت و مووچەی میللەت..

## هاوڕەگەزبازی کاری بۆدەکرێت:

ئەمیر عاشور گەنجێکی ٢٦ ساڵەو لەبەغدا هاتۆتە دونیاوەو لەئەمەریکا مافی مرۆڤی خوێندووە، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی عێراق کویرە لەگەڵ کەسێکی ئەمەریکی بەناوی کریس، کە گرنگی ئەدات بەهاوڕەگەزبازەکانی عێراق وکوردوستان، بەرنامەی ئیلب کەبەرنامەی ئاڵوگۆری لاوانی سەرکردەی عێراقیە، لەم بەرنامەیەدا ٥٢ گەنجی کوڕو کچی دواناوەندی بەتوانای عێراقیان بردووە بۆئەمەریکا بۆئەوەی لەلایەن ئەمیرعاشوورەوە مێشکیان داشۆرن، ئەوە ئەخلاق و بەرنامەی ئەمەریکایە بێجگە لەکاولکاری و دروستکردنی داعش ئاواش لەرێگای ڕێکخراوەکانیانەوە ئیش بۆ هەڵوەشاندنی بەها بالآکان دەکەن، سەروەرم (د.خ) پێش چواردەسەدە هەواڵی داوە بە بلآوبوونەوەو فاحیشەی ئاشکرا کەهەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بۆبەکاردێت و حکوماتی لەپشتە، ئەوەتا بۆیەکەم جار لەم ماوەیەدا ئەورووپیەکان ئاڵای هاورەگەزبازیان لە بەغدا هەڵکرد.



**یادەوەریی نوور:**

کتێبی یادەوەریی نوور بەڕێزعومەر عبدالرحمان نووسیوویەتی، کـە باسـی شـێخی بانگخوازان نوورسیە، خوێندمەوەو چـێژم لـێبینـی، بەتایـبەت خۆنەویسـتی نوورسـی ودەست هەڵگرتنی لـەدونیاو داوانـەکردنی هـیچ شـتێك لـەهیچ کـەس و تەنانـەت وەرنەگرتنی دیاریش لەقوتابیەکانی تا کارەکانی تـەواو بۆخـوابن، هـەروەها کۆچـی دوایی رەحمەتی و زۆربەسەرهاتی تر کەپشت بەخوا هەندێکی بڵاودەکەمەوە تا ئێـوەی بەڕێزیش لێی سوودمەندبن.. خوا پاداشتی ئەو برا بەڕێزەمان بداتەوە..

هـاتنی پێشـەوایان نوورسـی لـەتورکیاو بـەننا لەمیسـرو وڵاتـە عەرەبیـەکان و مـەودودی لــە پاکسـتان وهیندسـتان راسـتگێڕی ئـەو فەرموودەیـەی نـووری چاومانە(د.خ) کە سەری هەر سەد ساڵێك خـوا نوێکـەرەوە ئـەنێرێت تاسـەرلـەنوێ بانگی خوا بدەنەوە بەگوێی خەڵکیدا، هەرچی لـەژیانی ئـەو پێشـەوایانە وردئەبیتـەوە دڵنیادەبیت کەنووری خوا بەفووی ناحەزان ناکوژێتەوەو ئوممەتی ئیسلام هەتا قیامەت خۆری ئاوا نابی.

## دونیا نەویستی:

نوورسی بەرەحمەت بێت دوومانگ پێش ئەوەی وەفات بکات وتی: مـن دەمـەوێ پەیوەندیم لـەگەڵ دونیادا بپچڕێنم، من بازرگان و شتی وا نیم، پێویسـتە هـیچ کـەس شوێنی گۆڕەکەم نەزانێت، جگە لـە یەك دوو قوتابیم نەبێت، لـەهەرکوێ بم بەرەکەتی خوێندنی سوورەتی فاتیحەم پێدەگات.

دوای کۆچکردنی بە پێنج مانگ بەفەرمانی میری بەئامادەبوونی عبدالمجیدی بـرای لـەگۆڕ دەریان هێنایەوە کەئەتووت ئـەو دەقـەو سـەعاتەیە کۆچـی دوایـی کـردووەو زەردەخەنە لـەسەر لێوی بوو، خستیانە تابووتێکەوەو بەفڕۆکـە بردیانـە فڕۆکەخانـەی ئافیون ولـەوێشەوە لـەئیسپارتە لـەشوێنێکی نادیار ئەسپەردەی خاك کرا، سبحان اللـە زۆری نەبرد براکەی مردو ئەوپزیشك و سێ سەربازەش کە بەوگواستنەوەیە هەسـتان ئەوانیش زوو بەزوو مردن و بەم جۆرە خوا ئاواتەکەی نوورسی هێنایە دی کە کـەس نەچێتە سەر قەبری.

جا ئەو دونیا نەویستیەی نوورسی لـەژیان و دوای ژیانی پاش فەزڵی خوا یـەکێك بوو لـەهۆکارەکانی سەرکەوتنی بانگەوازەکەی.. لا ٢٨٧یادەوەریی نوور.

## کارێکی مەزن:

نوورسی بەڕەحمەت بێت بەرچاوی روون بوو، ئـەیزانی خـەریکی کـارێکی مەزنـە بۆیە چەند ئیستیفزازیان دەکرد دانەئەبەزیە مستەوای ناحەزان و کاڵفامان، جارێکیـان لـەگەڵ قوتابیەکی بەناوی مستەفا ئاجەت لـە ئاداجلیـەوە دێتـەوە ئەفسـەرێك رێـان پێدەگرێ و پشت ملی نوورسی ئەگرێت، قوتابیەکـەی ئەفسـەرەکە دووردەخاتـەوە،

نوورسی بەقوتابیەکـەی ئـەڵێت: ئەگـەر داوات لێبکـەم بچـیت بۆکوشـتنی سـتالین ئەڕۆیت؟

قوتابیەکەی وتی: سوێند بەخوا ئەگەرداوای ئەوەم لێبکەی هەرئێسـتا ئـەڕۆم.ئنجا مامۆستا بەئەفسەرەکەی وت: سەیربکە تەنانەت بچوکترین کەس لەقوتابیەکانم ئەگـەر فەرمانی پێبکەم دەچـێت بۆکوشـتنی سـتالین، بزانـە ئەگـەر بمـەوێ تـەنها لـەماوەی دووکاتژمێردا تۆڵە دەکەمـەوە لەهـەموو ئەوانـەی ئازاریـان داوم، بـەلاَم مـن لـەبـەر ڕەزامەنـدی خـوا ی تـەعالا کۆشـش دەکـەم و، بـۆ ڕزگـارکردنی ئیمـانی ئـەم ئوممەتەکاردەکەم..

کەلەسیناریۆیەکدا تۆمەتی تیرۆرکردنی عەبدولناصریان دایـە پـاڵ برایـان، سـەید قـوتبی ڕەحمـەتی وتـی: ئێمـە هـەوڵ بـۆ تیرۆرکردنـی عەبدولناصـر نـادەین بـەڵکو هەوڵئەدەین گـەلێك پەروەردەبکـەین کـە نموونـەی عبدالناصـر بەرهـەم نـەهێنێت.. ئەمەش ڕێبازو بەرنامەی بانگخوازانـەو دووریـەڕوانن و ئـەزانن کارەکـەیان گرانـەو بۆخوایەو لەبەرخوایەو بەشتی بچووکەوە خۆیـان سـەرقاڵ ناکـەن.ل٢٣٤یـادەوەریی نوور.

**بەرەکەت لەکاردا:**

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت هەموو جـەختیان کردۆتـە سـەرئەوەی کـەهیچ پاداشتێکیان لەخەڵکی ناوێ و ئەوەی دەیکەن بۆخوایەو لەبەرخوایەو بۆ بەرژەوەندی دونیاوقیامەتی خەڵکیەئەوەتا حەزرەتی هود سەلامی خوای لێبێت دەفـەرموێت(يَا قَوْمِ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَـى الَّـذِي فَطَرَنِـي أَفَلَـا تَعْقِلُـونَ-هـود)، خۆشەویستیشـمان (د.خ)هەرئـەوە دەفـەرموێت وهـەموو ژیانیشـی هیچـی لـەکـەس نەویستووە (قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا -الشورى).

ئەوە ڕێبازی پێغەمبەرانە، بۆیە کاتێك نوورسی لە١٥ ساڵیدا خەودەبینێت کەقیامەتەو دەچێتەلای پردی سیراتەوە و یەك یەك دەستی پێغەمبەران ماچ دەکات و پاشان دەستی سەروەرمان و داوای زانستی لێدەکات، ئەویش پێی دەفەرموێت: پرسیار مەکە لەکەس، زانستی قورئانت پێدەدرێت. جا ئەمەش هۆکارێکی تری سەرکەوتنی پەیامەکانی نووربوو، نوورسی لەهەموو ژیانیا پرسیاری لەکەس نەکردو ئەو هەموو زانستەشی بڵاوکردەوە، دەستی لەکەسیش پان نەکردەوەو خواش رزقی بۆ نارد، رەحمەتی تەمەنی حەفتا ساڵ بوو ئەچوو لەچیا داری ئەبڕی وئەیدا بەنانەوا تا چەند نانێکی بداتێ، نانەوا ئەیووت: سەروماڵمان فیداتە تۆ بۆ زەحمەتی خۆت ئەدەیت ودارمان بۆدێنی، کەچی ئەو قایل نەدەبوو نان بێبەرامبەر وەربگرێت.. ئەمەش دەرسە بۆ بانگخوازان ئاممان چاوتان لەدەستی کەس و پلەوپۆست نەبێت بۆئەوەی بەرەکەتداربێت بانگەوازەکەتان..

## نوورسی و پاڵەوانی ئیسلام:

خوای گەورە پەیمانی داوە پەیامەکەی سەردەخات، جا بۆ ئەمەش نوورسی نارد لەتورکیا کەخەوی عەلمانیەتی زڕاندو هەوڵەکانیانی دان بە ئاودا، نوورسی زۆر ناڕەحەت و بێتاقەت بوو لەکاربەدەستان، تاخوا عەدنان مەندەریسی نارد بەخوێنی خۆی ئیسلامی سەرخست، عەدنان بووە سەرۆك وەزیران و پەیوەندی لەگەڵ نوورسی هەبوو، رۆژێك کەسێك بەناوی غیاسەدین ئەنێرێ بۆلای مامۆستا کەئەم پەیامەی پێبگەیەنێت (گەورەم رێزو سلاوی عەدنان مەندەریسم بۆ هێناوی، دەستتان ماچ دەکاتو بەتکاوە دەڵێت: ئەو خۆی لەئێمە باشتر ئەزانێ و تێدەگات کە ئەندامانی پارتی گەل چەندەها گرفت و کارەساتیان قەوماندووە و مامۆستایان بێزار کردووە، بابفەرموێت پشوویەك بدات، هەرکات بارودۆخ هێوربووەوە خۆم ئاگاداری دەکەم).

کەئەم پەیامەی پێگەیاندگەشایەوەو وتی: بڕوانە غیاسەدین، پێت دەڵێم تورکیا قلّپ دەکەمەوە بەسەریاندا بەلاّم ئەمجارە لەبەرخاتری (پاڵەوانی دین) لەو بڕیارە پاشگەزدەبمەوە.عەدنان هەوڵیدا ئیسلام بگێڕێتەوەو چوو بۆحەج و بانگی ڕێپێدا بەعەرەبی و...هتد، کەئەمەش ماسۆنیەتی بێزارکردو سەرەنجام کودەتایان کرد بەسەریاو لەسێدارەیان دا...



پاش ئەوەی ئەتاتورك کودەتای کردبەسەر خەلافەتدا خاوخێزانی خەلیفەیان شەو بەجلی نووستنەوە نارد بۆئەورووپاو هەندێکیشیان بۆ سالۆنیك لەیۆنان کە جوولەکەنشین بوو.

زۆر پاڕانەوە کە بیانێرنە ئوردون یان میسر یان شام قایل نەبوون، سولّتان وەحیدەدین و هاوسەرەکەشی هەربەشەو شاربەدەریان کردن بۆ فەڕەنسا، مناڵەکانی سولّتان دەموچاوی خۆیان ئەشاردەوەو سواڵیان ئەکرد.

کاتێك سولّتانیش مرد کەنیسە تەرمەکەی دەست بەسەردا گرت تاموسڵمانان قەرزەکانیان بۆدایەوە، ئنجا تەرمەکەیان لەتابوتدا ناردەوە بۆشام بەخاك سپێردرا.

پاش بیست ساڵ عەدنان مەندەریس چوو لەفەڕەنسا گەڕا بەدوایانداولەکارگەیەکی دێیەکدا شەفیقەی هاوسەری سولّتان عبدالحمید کەتەمەنی

٨٥ ساڵ بوو وەعائیشەی کچیشی کەتەمەنی ٦٠ ساڵ بوو دۆزیەوە کەقاپیان ئەشت بۆئەوەی بژین، مەندەریس دەستی ماچ کردن وزۆرگریا و وتی: لێم ببورن، عائیشە وتی: تۆ کێیت؟ وتی: من سەرۆك وەزیرانی تورکیام(عەدنان مەندەریس).

وتی: کوڕم درەنگ هاتی، ئیتر لەخۆشیا بوورایەوە.

مەندەریس گەڕایەوەو فەرمانی دەرکرد کەئافرەتەکان بێنەوە تورکیاو پاشتریش ئەربەکان پیاوەکانیانی هێنایەوە.

مەندەریس لەماڵی خۆی هاوکاری زۆری کردن، کە کودەتایان بەسەریا کردو دادگایی کرا یەکێ لەتۆمەتەکانی ئەوەبوو گوایە پارەی دەوڵەتی دزیوەو داویەتی بەهاوسەروکچی سوڵتان عبدالحمید.لە١٧ی مانگی ئەیلولی ١٩٦١ مەندەریس لەسێدارە درا وبۆ رۆژی دواتر لە١٨ی مانگدا هاوسەری سوڵتان و کچەکەی لەسوژدەدا لەسەر بەرماڵ هەردوکیان گیانیان سپارد.

سوڵتان عبدالحمید قایل نەبوو فەلەستین بفرۆشێت بەجوولەکەو خیانەت بکات لەخاکی ئیسلام بۆیە بەودەردەیان برد، ئێستاش فلیمەکە بەردەوامەو هەرچی خۆفرۆش وخاکفرۆش نەبێت ناهێڵن لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

(نووسینی: محمد صلابی).

## دیاریشی وەرنەدەگرت:

نوورسی بەڕەحمەت بێت لەباوکەوە ئەچێتەوە سەر ئیمام حەسەن و لەدایکیشەوە ئەچێتەوە سەر ئیمام حوسەین، ئنجا نەك خێرو سەدەقاتی وەرنەدەگرت وەك ئەهلی بەیت کە وەریان نەدەگرت، ئەم دیاریشی وەرنەدەگرت.. هۆکارێکی تری ئەو وەرنەگرتنەش ئەوەیەکەلەخەویدا لەپانزەساڵێدا سەرووەرمان (د.خ)پێی فەرموو بوو پرسیارو داوای هیچ لەکەس مەکە زانستی قورئانت پێدەدرێت.. هاوڕێیەکی

دڵسۆزی که بازرگـان وکاسـبکاربوو، بڕێـك چـای بـۆدێنیَ لەئەسـتەنبولەوەو زۆر تکادەکات لێی وەرگرێت، ئەویش وەریدەگرێت و دوو هێنـدەی نرخەکـەی پـارەی ئەداتیَ و، پێی دەڵێت: ئەو دەرسەی تۆ لـەمنی وەردەگریت هێندەی ئەڵماس بەنرخ و بەهادارە، نامەویَ دایبەزێنمە ئاستی وردە شووشـە بـیَ نرخـەکان.ل٢٥٤یـادەوەریی نوور.

## ئەو وانەیەی مرۆڤ دەگۆڕیَ و هەرگیز لەبیر نابرێتەوە:



سـەردەمێك بـە دەردێکـەوە گرفتـار بـووم، هەروەك زۆرێك لە دەردەکانی ترم، دەردی خۆ بە شت بینین و خۆ بە گەورە زانـی، کـە دەڵـێم "سەردەمێك" مەبەستم ئەوە نییە لە ئێستادا لـەو دەرد و پەتایە پاك و بێگەردم، چونکە هـەرکات مرۆڤ خۆی بە ساغ و سـەغڵەم زانـی نەخۆشـە، بە لوتف و کۆمەکی خودا هەژدە ساڵ لەمەوبەر ڕێمکەوت لە پیاوێك، زانا بە شەریعەت و عاریف بـە مانـا وردەکـان، و شـارەزا بـە ڕۆح و دڵ و نەفس، لە حەفتاکانی تەمەندا دەژیا.

دڵنیام بە دەرد و پەتاکەی منی زانی بوو، لە کاتی هەستان ڕۆیشـت بـۆ دەرگـای ژوورەکە و وانەیەکی زۆر تاڵ و قورسی منی دادا، بە دەسـتی موبـارەکی پێڵاوەکـانی منی دانا، لە شوێنی خـۆم سـاتێك تاسـام، سـوێندم خـوارد تـا دەرەوەی ماڵەکـەیان پێڵاوەکان لەپیَ ناکـەم، و بـە دەسـتەوەی دەگـرم، بـەپێی پـەتی هاتمـە دەرەوە، لـە گەیشتنم بە ماڵەوە خۆم تف باران کرد، لەو شەوەوە تاکو ئێستا لە جێگەی شـەیتان دەیان جار خۆم ڕەجم کردووە، پیاوێکی زانا و عاریف، تێکەڵ بـە گـەورە زانایـان و

عاریفان، دڵ زیندوو و زمان پاراو بە یادی خوا، لەگەڵ ئەوەش ریش سپی و جەستە نەخۆش، پێڵاو بۆ میوان دابنێ!!! خودا من و ئێوەش لە ئافەتی خۆ بە زلزانی و خۆپەسەندی بپارێزێ.(عبدالکریم فتاح).

## قەدەری بەیەکگەیشتن:




قورئانی پیرۆز لەبارەی بەیەکگەیشتنی سوپای موسڵمانان لەبەدردا بەکافران و رزگاربوونی کاروانەکە ئەفەرموێت: ئەوان وئێوە مەوعیدتان دابنایە لەو شوێنەدا بەیەك بگەن بەیەك نەدەگەیشتن، خوا بەیەکی گەیاندن تا لوتی کوفر بشکێ و هەق و ناهەق نمایان بێت (إِذْ أَنْتُمْ بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُمْ بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَى وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَلَوْ تَوَاعَدْتُمْ لَاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَكِنْ لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَا مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ (٤٢)الأنفال).

جا بانگخوازان لەم قەدەری بەیککگەیشتنە تێدەگەن بۆنموونە: کاك مەهدی مەحمود ئەڵێت: ساڵانی هەشتاکان چوومە هەولێر ویستم سەردانی کاك دکتۆرکامیل و کاك دکتۆر ئازاد بکەم کەخانوویان گرتبوو (کەلەکۆلێژی پزیشکی بوون)، لەناوبازارِ بەکەسێکم وت: زەحمەت نەبێت ناونیشانی ئەو دکتۆرانە نازانی خانوویان گرتووەو لە بەشی ناوخۆیی نین؟

وتی: وەرە لەگەڵما من ئەتبەم، بەپاص رۆیشتین زۆر دووربوو لەخۆمەوە ترسام، ئەمەکێیەو تووشی بەڵایەکم نەکات، تومەز ئەو برای خۆمان بوو کاك (عوسمان) ی

قەڵادزێ کەنەمن ئەوم ئەناسی و نەئەویش منی ئەناسی لەوهەموو خەلقی خوایەدا ڕێم لەو کەوت و بردمی بۆلایان.

جارێکی تر لەگەڵ مامۆستا محمد فەرەجدا لەتورکیا بووین بچین بۆ کۆنفرانسێك چاوساغمان کاك فاروقێك بوو ناونیشانیمان لانەبوو، مامۆستا محمدفەرەج ئەیویست بچینەوە بۆ ئوتێل منیش ئەمووت: بابچین ئالەو دوکانە سیم کارتێکی تورکیا پەیدابکەین، بە پێداگری من مامۆستاش هات و چووین، قسەمان کرد یەکێکیان بەکوردی قسەی کرد، وتمان ئەرێ کاك فاروقێك هەیە نایناسی؟

وتی: ئەیناسم ئەوەش تەلەفونەکەیەتی، تەلەفونی بۆکردو هاتەلامان، مامۆستا وتی: پێداگریەکەی تۆ وایکرد کاك فاروق بێتە بەردەستمان..

## موسڵمان لای خوا نازدارە:

سەرەتای هەشتاکان لەزانکۆی بەغداد کۆلێژی شەریعە دەمخوێند هەمو هەفتەیەك چەند جارێك دەچومە خزمەت مامۆستای خواناس و عەللامەی کورد مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس خوای گەورە لێی خۆش بێت، بەڕێزان باوەڕبکەن نەك هەر من هەرکەس دەچوە خزمەتی هەستی بەحەسانەوەی دەروونی دەکردو ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەدرەوشایەوە لە شێوەو ڕوخساری ئەو زاتە بەڕێزەدا.

(سیماهم في وجوههم من أثر السجود)، هەمیشە عادەتی بەڕێزیان وابوو پرسیاری لێ دەکردی خەڵکی کوێی هەتا لەوێوە بچێتە ناو بابەتێك و سەرگوزشتەیەك بگێڕێتەوە چونکە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان شارەزابوو خەڵکی زۆریشی لێ دەناسین جامەبەستەکەی من ئالێرەدایە: فەرمووی فەقێ بووم لە بیارە ڕۆژێکیان هاتمەوەو زۆر برسیم بوو ویستمان لەگەڵ فەقێکان نان بخۆین سەیرمان کرد هیچمان نیە، راوێژێکمان کرد لەناو خۆماندا چی بکەین؟ بۆ کوێ بچین؟ دیارە خواردنی

فەقێی ئەو زەمانە هەر خواردنە کوردەواریەکان بووە: دۆینە، ساوەر، کەشك، ماست، دۆ، هەر هەمو ئەمانەیش خەڵك بۆی دەبردن بۆ مزگەوت کە لەوێ حوجرەی فەقێی لێ بوو کەشوێنی ئیسراحەتیان بوو، لەم کاتەدا بەفەقێکانی هاوڕێم وت: من عەریزەیەك دەنوسم بۆ خوای گەورە بەڵکو شتێکمان بۆ بنێرێ، هاوڕێکانم زۆر بەلایانەوە شتێکی سەیر بوو چۆن دەبێ؟

کێ شتی وای کردوە؟ بۆ ئێمە ناشێ.

وتم: بەخوا من هاتوە بەخەیاڵمدا ئەبێ بینوسم، دەستم کرد بەنووسینی عەریزەو پاڕانەوە: پەروەردگار بە تۆ قەسەم برسیمانە هیچ نیە بیخۆین خۆت دەزانی ئێمە فەقێین هاتوین بخوێنین و ببین بە مەلا بۆ خزمەتی ئەم دینە موبارەکە بە عیزەت و جەلالی خۆت ئەگەر تۆ فریامان نەکەویت ناتوانین بخوێنین ئێرە چۆڵ دەکەین و بەجێی دەهێڵین.

عەریزەکەم پێچایەوەو هەڵسام چومە سەربانی حوجرەکان تۆزێك وەستام لەو کاتەدا ڕەشەبایەك هەڵیکرد بە گێژەڵوکەوە ئیتر منیش عەریزەکەم دابەدەم ڕەشەباکەوە هەر لێی ورد دەبومەوە بەچاوی خۆم بینیم گێژەڵوکەکە هەڵیگرت و چوو بە ئاسمانا هەتا لەبەر چاوم ونبوو دوای ئەوە هاتمەوە حوجرەو وتم عەریزەکەم نارد، ئیتر بۆخۆمان دانیشتین پاش ماوەیەك سوێند بەخوای گەورە هەرخەڵك بوو ئەهاتە حوجرەو نان و دۆینە و ساوەرو کەشك و جۆرەها خواردنیان بۆ دەهێناین ٠ جا لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە(مَن كانَ لِلَهِ كانَ اللَّـه لَـهُ) هەرکەسێك بەنیەتی پاکەوەو بۆ خزمەتی ئەم دینە لەخوای گەورە بپاڕێتەوە بێگومان پاڕانەوەکەی ڕەد ناکرێتەوەو هەرچۆن نازبکات بەسەر خوای گەورەدا لێی قەبوڵ دەکرێت چونکە دەقی قورئانیش دەفەرموێ( وَ مَن يَتَقِ اللهَ يَجعَل لَهُ مَخرَجا وَ يَرزُقهُ مِن حَيثُ لا يَحتَسِبُ). نووسینی: **شێخ لەتیف نێرگزەجاری**

## شێخ مستەفا پێنجوێنی:




ناوبراو زانایەکی گەورەی گەلەکەمانەو ساڵی ١٩٣٠ لەپێنجوین لەدایکبووەو ئێستا تەمەنی نەوەد ساڵەولەولاتی قەتەر دائەنیشت و لەچوارچراش خانووی هەیە لەسلێمانی وهەمووتەمەنی لەخزمەتی زانستدا بەخت کردووە، لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ گروپی گوڵناردا ئەڵێت:

(تەسریفی زنجانی)م تەواوکرد، عەوامیلم خوێند، پاشان چووم بۆ شێخەڵمارێن، چوومە ماڵی پوورم، پوورم خەوتبوو دڵم نەهات خەبەری بکەمەوە تا دونیا ڕووناکی کرد، مامۆستا مەلا موحەممەدی شێخەڵمارێن، خەڵکی پێنجوێن بوو لە بنەڕەت دا، مامۆستا لێی پرسیم: خەڵکی کوێی؟

وتم: پێنجوێنیم. فەرمووی: تۆ خزمی خۆمانی، ماوەیەك لەلای ئەویش مامەوە. مامۆستا مەلا موحەممەد ئەولیا بوو، من تووشی نەخۆشی سکچوون بووم وژیانی لێتاڵ کردم، لە خەوم دا کۆمەڵێکم بینی، بەکەسێکم وت: ئەو کۆمەڵەیە کێن؟ وتی: ئەوانە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادان (صلی الله علیه وسلم)، منیش وتم: دە بچۆرە خزمەت پێغەمبەری خوا و عەرزی بکە و پێغەمبەریش عەرزی خوا بکا کە ئەم نەخۆشییەی من تا کەی وا دەبێ و چاك نابم؟! بەیانی مامۆستا تەشریفی هێنا و چوو دەستنوێژ هەڵگرێ، پێش ئەوەی دەستنوێژ هەڵگرێ، دەرگای حوجرەکەی کردەوەوفەرمووی: موستەفا! وتم: بەڵێ قوربان. فەرمووی: بروسکەکەت گەیشت!

ئیتر ئەوەبوو چاکبووم و ئەوە دەیان ساڵە تووشی نەخۆشی تربووم بەڵام جارێکی تر تووشی ئەو نەخۆشیە نەبوومەوە.

## قوتابیەکەی ئەنیشتاین:

کاتێك ئەنیشتاین چوو بۆ یابان بۆوەرگرتنی خەلاّتی نۆبلّ سالّی ١٩٢٢، لەئوتێل پارەی پێنابێت بیدات بەو خزمەتکارەی کەچایەکی بۆهێناوە، لەبری ئەوە لەسەر پارچە وەرەقەیەك رستەیەك ئەنووسێت و ئیمزای ئەکات و پێی ئەلّێت: ئەمە هەلّگرە بۆ رۆژی خۆی، پاش ٩٥ سالّ لە ٢٤ی ١٠ی ٢٠١٧ ئەو پارچە وەرەقەیە بەملیۆنێك و سێسەد هەزار دۆلار لەمەزادا فرۆشرا.ئەوەش کەتیانووسرابوو (ژیانێکی لەسەر خۆو سادە ئەوەندەبەختیاری هاوەرە کەزۆر زیاترە لەو سەرکەوتنانەی کەبەماندووبوونی بەردەوام بەدەست دێن ).

لەسالّی(١٩٥٩-١٩٦٣)پرۆفیسۆر عداجبار عبدالله کەیەکێکە لەچوار قوتابیەکەی ئەنیشتاین لە پەیمانگای ماساشوستس لەئەمەریکا بووەسەرۆکی زانکۆی بەغدا، کەسالّی ١٩٦٣ کودەتا کرا بەسەر عبدالکریم قاسمدا، ناوبرا گیراکەبەربوو چوو بۆ ئەمەریکاو بووەوە بەمامۆستا لەو پەیمانگایەوسەرۆکی ئەمەریکا ویسامی زانای دایە کە بەرزترین ویسامە لەئەمەریکا..

یەکێك لەهاوەلاّنی ئەلّێت: دکتۆر لەبەندیخانە زۆرجار رادەماو ئەسرین لەچاوی دائەباری، رۆژێك لەوبارەیەوە لێم پرسی کەبۆ زۆرجاردەگری، ئەویش وتی: کاتێك حەرەس قەومی بەعسیەکان هاتن بۆدەسگیرکردنم یەکێکیان زللەیەکی لێدام دامی بەزەویداو چیم پێبوو بردی، بەتایبەت ئەو پاندانە مەرەکەبەی کە ئەنیشتاین لەرۆژی وەرگرتنی دکتۆراکەمدا بەدیاری دای پێم، کە پاندانێکی نایاب بوو لە یاقوتی سوور دروستکرابوو، وە ئەنیشتاین بەوە شەهادەی دکتۆراکەمی ئیمزاکردو منیش شەهادەی دکتۆرای قوتابیەکانم پێ ئیمزا دەکرد لەزانکۆی بەغدا، ئەوەی کەزۆر ئازاری دام ئەوەبوو ئەوەی زللەکەی لێدام قوتابیەکی خۆم بوو..

ئەنیشـــتاین ئــەڵێت: ٢٪ی بەشــەر بیردەکەنــەوەو ٣٪ی بەشــەر وائــەزانن بیردەکەنەوەو، ٩٥٪ی بەشەر مردنیان پێباشترە لەوەی بیربکەنەوە.

خزمەتکارێکی یابانی نەوەدوپێنج ساڵ پارچەوەرەقەیەکی ئەنیشتاین ئەپارێزێ ولــەم ولاٚتانەش ئیهانەی ئەنیشتاین و قوتابیەکەی ئەکـەن وقەڵەمەکەشـی ئەشـکێنن و ئـەنجا ئەڵێن بۆرۆژ بەرۆژ بەقوڕائەچنە خوارەوەو ولاٚت کاول دەبێت.

بەداخەوە ئەو رۆژە قـوڕ بەســەر ئـەم ولاٚتانــەدا کـرا کەنەخوێنـدەوارو شـەلـلاتی ودزوگەندەڵ بوونە دەسەلاٚتداروسەرزەوی وژێرزەویان تالاٚن کرد، کەئەوەش یەکێکە لەنیشانەکانی هاتنی قیامەت..






## زانكۆی ئیسلامی لە پایتەختی ئیسرائیل!!

خۆشەویستان ئەم بینا گەورەیەی دەیبین وێنەی زانكۆیەكی ئیسلامییە لەناوەڕاستی پایتەختی ئیسرائیل تایبەتە بەدیراسەكردنی تەواوی زانستە ئیسلامییەكان!!

موساد كە دەزگایەكە لەناو جیهازی ئیستخباراتی ئیسرائیل لەساڵی١٩٤٩دا دامەزراوە، لەسێ بەش پێكهاتووە، بەشێكی تەواوی ئەم دەزگایە تایبەتە بە سەرپەرشتی كردن و ئامادەكردنی گەنجی جوولەكە لەبواری زانستە ئیسلامییەكان و ناردنیان بۆ دەرەوەی ئیسرائیل، بەمەبەستی كاركردن لەپێناو سەرخستنی بەرنامەی جولەكە بۆ جیهان!!.

"موساد" لەساڵی ١٩٥٦بڕیاری دامەزراندنی ئەم زانكۆیەیدا لە تەلئەبیبی پایتەختی ئیسرائیل!!

لەهەمان ساڵدا دەرس خوێندن لەم زانكۆیەدا دەستی پێكرد.

واتا: زیاتر لە"٦٤"ساڵە ئەم زانكۆیە ئیش دەكات و گەنجی جولەكە دەكاتە، موفتی، شێخ، ئیمام، مامۆستا.... دەیان نێرێتە وڵاتانی ئیسلامی بەئامانجی ناشیرینكردنی ئیسلام و، كوشتنی موسوڵمان بەدەستی موسوڵمان و، وێرانكردنی وڵاتانی ئیسلامی!

ئەم زانكۆیە كەلەناوەڕاستی تەلئەبیبە لەئیسرائیل زانكۆیەكی داخراوە!!

مەرجی وەرگیران لەم زانكۆیە پێویستە قوتابی جوولەكە بێت!! واتا: زانكۆكە تایبەتە بە قوتابیانی جوولەكە! ئەوەندەش نا بەڵكو دەبێت لەناو گەنجە جوولەكەكانیش گەنجێكی قۆزو بەلیاقەت و زمان پاراوبێت.. بەجۆرێك پێویستە لەلایەن لیژنەی پسپۆڕی سەر بە دەزگاوە بڕیاری وەرگرتنی درابێت.

زانكۆ ڕاستەوخۆ لەلایەن دەزگای" موساد" ەوە سەرپەرشتی و تەمویل دەكرێت!!

پرۆگرامی خوێندنی زانکۆ ئەم دەزگا سیخوڕییە دەینووسێت، هەروەك قوتابی و مامۆستایەکانیش دەزگا دیاری دەکەن!!

قوتابی لەم زانکۆیەدا زانستەکانی: قورئان، فەرموودە، عەقیدەی ئیسلامی، تەفسیر، فیقە، زمانی عەرەبی دەخوێنێت!!

لەماوەی خوێندندا قوتابیانی زانکۆ سەدان خولو ڕاهێنانیان پێدەکرێت لەبوارەکانی: چۆنییەتی ژیان کردن لەنێوان موسولمانان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان و شێوازی قسەکردن و کاریگەری دروستکردن لەسەریان.ئەوانەی خولەکان دەڵێنەوە گشتیان زانایانی دەروونناس و، پەیوەندی کردن و، کۆمەڵناس و زانایانی سیاسین!!

کاتێ لەم زانکۆیە قوتابی جوولەکە دەردەچێت خاوەنی رۆشنبیرییەکی ئیسلامی بەهێزو کاریگەر دەبێت!!

دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دەرچوون لەزانکۆ قوتابی ناسنامەی ئەندامییێتی لەدەزگای" موساد" وەردەگرێت واتا دەبێتە ئەندام لەدەزگا سیخوڕیەکە.. پاشان لەلایەن هەمان دەزگاوە سیفەتی زانایەکی گەورەی ئیسلامی پێدەبەخشرێت، دواتر بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ئەمنی وڵاتە بەناو ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی ئیستخباراتی زۆر ورد شوێنی گونجاوو ژینگەی گونجاوی کارکردن بۆئەم زانا کۆنترۆڵکراو و تایبەتە دەرەخسێنرێ و دیاری دەکرێت!!

بۆئەوەی ڕەچەڵەکی ئەم کەسە بەهیچ جۆرێك نەزانرێت ناوی سیانی دەگۆڕدرێت، بۆنمونە ئەگەر ناوی خۆی( یوشیە) بوویێت ناوی دەبێتە(یوسف) دواییش بەکونییە ناوی بڵاو دەکرێتەوە بۆنمونە "الشیخ یوسف المغربی" یان پاشگری پیشەیەکی بۆ دادەنێن بۆنموونە پێی دەڵێن: **سماحة العلامة موسي النحاس، یان الحداد**، یان **النجار**.. هتد، ئەمەش بۆئەوەی هیچ کەسێك بیر لەلێکۆڵینەوە نەکاتەوە لەسەری!!

دەرچووی ئەم زانکۆیە چەندین ڕاهێنانی تیۆری و پڕاکتیکی تەواوی پێکراوە لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی، گفتوگۆو مناقەشەکردن، دروستکردنی گومانی زۆرو، خێرایی خۆ دەرخستن و تەشویش دروستکردن!!

لەئیشە زۆر سەرەکییەکانی دەرچووی ئەم زانکۆیە کاتێ دەستبەکار دەبێت: ئەو پەڕی هەوڵدانە بۆ ئەوەی فەتوا تەنها لەم وەربگیرێت، خەڵکی بڕوا بەزاناکانی تر نەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش سەدان ڕێگای تایبەتی دیراسەکراوی پێدراوە، ئەمیش یەك یەك بەکاریان دێنێت!!

سەرەتای هەموو ساڵێك پلانی ساڵ لەلایەن دەزگای سیخوڕی جوولەکەوە بۆ شێخی کۆنترۆڵکراویان دەنێردرێت!!

شێخ یان موفتی دروستکراو لەلایەن جوولەکەوە تەواوی چالاکییەکانی دەبێت بۆ دەزگا بنێرێتەوەو لەهەر شتێکیش پرسیاری لێبکرێت و نەزانێت ڕاستەوخۆ بۆ زانایانی دەزگای سیخوڕی جولەکە دەگەڕێتەوە!!.

دەرچوی ئەم زانکۆیە لەماددە ئەوەندە بۆی دەنێردرێت کە توانای تەواوی دروست کردنی بینای مەدرەسەو کڕینی کتێب و تەنانەت دابەش کردنی پارەشی هەبێت!!.

بەپێی سەرچاوەکان تاوەکو ئێستا زۆرترین کاریگەری دەرچووانی ئەم زانکۆیە لەسەر ئەم چوار وڵاتە بووە:

"سوریا، عیراق، مەغریب، یەمەن".

خۆشەویستان ئەمەی سەرەوە چەند زانیارییێکی کورت بوون لەبارەی زانکۆی تەلئەبیی ئیسلامی، کەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە لە پێگەیاندنی کادیر، لەپێناو ناشیرینکردنی ئیسلام و موسوڵمانان.

نمونەیەك لە دەرچووانی زانکۆکەی ئیسرائیل!!

وتمـان: لــەم زانکۆیــەدا کــادیری تایبــەت دروســتدەکرێت پاشــان "بــەئامانجی ناشیرینکردنی ئیسلام و بەکوشتدانی گەنجی موسوڵمان" دەنێردرێتە وڵاتان بۆئــەوەی بەناوی ئیسلامەوە فەتوابداو و قسەبکات!!

ئەم کەسەی لێتان دیارە لەدوای ساڵی"٢٠١١" لەوڵاتی لیبیا لەژێر نــاوی "ئــەبو حەفص" ناو بانگێکی زۆری بۆ دروســتدەکرێت!! دواتــر دەکرێتــە پێشــنوێژو وتــار خوێن و بانگخواز لەیەکێك لە مزگەوتە گــەورەکانی شــاری" بــەنغازی" کــە دووەم گەورەترین شاری وڵاتی لیبیایە!!

لەساڵی٢٠١٥" دا دەستی باڵای دەبێت لەدروستکردنی داعش لەلیبیا، تەنانــەت دەکرێتە بەرپرسی ٢٠٠چەکداری مەشق پێکراوی ئامادە بۆ هەموو فەرمانێك!!

دوای ئەوەی لەساڵی"٢٠١٧" لەلایەن هێزەکانی لیبیا دەســتگیر دەکرێــت دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، ئەبو حەفصی ئیمامو وتار خوێن و بانگخواز ئیعتیراف دەکــات کە: ناوبراو فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییەو، ناوی ئەصــلی خــۆی ( بنیــامین ئیفرایمــە)و جوولەکەیــەو خــاوەنی ڕەگەزنامــەی ئیســرائیلە و، لــەناو دەزگــای" موســاد"ی ئیستخباراتی جوولەکەدا پلەی ئەفسەری هەیەو، لەژێر نــاوێکی خــوازراوو هەویــەی تەزویردا هاتووە بۆ وڵاتی لیبیا بەئامانجی ناشیرینکردنی ئیسلام.

لەدوای ئەوەی کە خەڵکی داعشیان بۆ کەشف بوو دەبێت ئەو پیلانانە چــین بــۆ ناشیرینکردنی ئیسلام و هەڵخەڵەتاندنی گــەنجانی موســوڵمان کەجوولــەکــە لەمــەولا دەیان گرێتە بەر؟!!

سەرچاوەکان:

کەناڵی ئەلجەزیرە/ ئەرشیف. موقع الاضاءات.موقع رسالة پۆست.

موقع الرمسة.موقع الأردن العربی.سایتی: سرایا" القصة الکاملة للضابط الیهــودي في الموساد".سایتی: الیوم السابع.سایتی: مصر العربیە.ئەرشیفی کەناڵی" الجدید".

شاخەوان شەعبان: ١-٦-٢٠٢٠







## وردبوونەوە لەئەجەل:

قورئـانی پـیرۆز داوامـان لێـدەکات کەبیربکەینـەوە لـەخۆمان ولـەوەش کـە لەئاسمانەکان و زەویدان وبەهەق بەدیهێنراون و هـەموان ئەجـەلێکی دیاریکراویـان هەیە کەهەناسـەیەك پـێش و دوا ناکـەوێت، هەرچـەند بەداخـەوە هەنـدێك بڕوایـان بەگەڕانەوەو لیقای ئاخیرەت نیە (أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ مَا خَلَقَ اللَّـهُ السَّـمَاوَاتِ

وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُسَمًّى وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ (٨) الروم ).

بەڕاستی ئەجەل سەیرە سەرنشینانی فڕۆکە ئۆکرانیەکەی ئەمساڵ ٢٠٢٠ هەموو لەناودەچن پیاوێکی بازرگان نەبێت کەبەهۆی تیژ ڕۆیشتنەوە پۆلیسی هاتوچۆی ئێرانی رایدەگرن و فریای فڕۆکەکە ناکەوێت.

یان دایکێك لەبەرخراپی کەشوهەوا کوڕەکەی خەبەرناکاتەوە کەسەفەربکات لەجەزائیر، کەدەبیستیٚ ئەوفڕۆکەیەی کەدەبوو کوڕەکەی گەشتی پێبکات کەوتۆتە خوارەوە زۆر سەرسام ئەبێت، کە دێت هەواڵ بدات بەکوڕەکەی سەیردەکات کوڕەکەی لەناو پێخەفەکەیدا گیانی سپاردووە..

یان لە بوومەلەرزەکەی شاری بەمی ئێراندا ساڵی ٢٠٠٣ کە شەش و لەدەیا شەش پلەی ڕێختەربوو، وەلەسەدا نەوەدی بیناکانی ئەوشارەی بەپێوە نەهێشت، وە چلو دووهەزارکەسی کوشت و پەنجارهەزارکەسیش بریندار‌بوون، پیرەژنێکی نەوەدو حەوت ساڵ بەناوی شەهربانووکە خانووەکەی دووقات بوو، قاتی یەکەم سەقفەکەی تەختەبوو رووخابوو بەسەریاو بووبوون بەپارێزگاربۆی وکاتێك قاتی سەرووتر رووخابوو کەگلٚ بوو ئەم بۆماوەی هەشت ڕۆژ سەلامەت مایەوەو رزگاری بوو..

لەم دەنگوباسانە زۆرن هەمووی بەڵگەن کەئەجەلی هەریەکەمان کات وساتی خۆی هەیە، هەندێك دڵیان خەبەرئەدات و حازرن بۆمردن، هەندێکیش غافڵن و نازانن، دکتۆر رەنتیسی کەمامۆستای زانکۆبوو لە غەزە سەعاتێك پێش ئەوەی شەهید بکرێت هەروەك خوا ئاگاداری کردبێت ئەو پارانەی هەیبوو لەزانکۆ دەبوایە وەری بگرتایە بەشی کرد، هەندێکی بۆقەرزەکانی و هەندێکی بۆژنهێنانی ئەحمەدی کوڕی، زۆردڵی خۆش بوو وتی: سوپاس بۆخوا نەهیچم هەیەو نەهیچیشم لەسەرە، دوای سەعاتێك شەهیدبوو هەروەك چۆن هاتە دنیاوە هیچی پێنەبوو ئاواش هیچی نەبوو کەدونیای بەشەهادەتەوە بەجێهێشت.

وێنەی ئەو بازرگانە ئێرانیەی رزگاری بوو لەگەڵ وێنەی دکتۆر رەنتیسی:





## کەمردن هات:

یەك هەناسە لەسەركەس ناوەستێت، كەس نەفریای وەسیەت ناكەوێت و تەنانەت مۆڵەتی نادات هەستێتە سەرپێ، قورئان ئەفەرموێت (فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَا إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ (٥٠)يس) (فَمَا اسْتَطَاعُوا مِنْ قِيَامٍ وَمَا كَانُوا مُنْتَصِرِينَ (٤٥)الذاريات).

تەمەنی ئومەتی پێغەمبەردروودی خوای لەسەر شەست بۆحەفتایەو كەمی هەیە لەوە تێپەڕێت، دەی تەمەنت هەرچەندە لە شەست یان حەفتای دەربكە بزانە چەندت ماوە، ١٠ ساڵ یان بیست یان سی یان چل، هەرچەند بێت خەووسەرقاڵیەكانی لێدەركە چەندی ئەمێنێتەوە، باشە بەرنامەت چیە بۆئەو تەمەنەی كەماوتە؟؟خۆشەویستمان(د.خ) ئەفەرموێت: باشترینتان ئەوەیە كەفێری قورئان ئەبێت و خەڵكی فێردەكات..

دكتۆر ئەیمەن سوەید ئەڵێت: ئەبو عەبدورەحمانی سولەمی بیست ساڵ لای كۆڵەكەیەكی مزگەوتی كوفە قورئانی ئەوتەوە كە ئەو فەرمودەیە باس ئەكرا (خيركم من تعلم القرآن وعلمه) ئەیووت: ئەمەیە بیست ساڵە منی لێرە دانیشاندووە.

هەروەها دكتۆر ئەڵێت: تەمەنم چواردەساڵ بوو ئەچوومە سەرقەبری باوكم قەبری شێخ عەبدوڵا مونجیدم ئەبینی لەسەری نووسرابوو، ئەمە قەبری كەسێكە كە پەنجا ساڵ خزمەتی قورئانی كردووە ئەوەندەم لازۆربوو كەچی سبحان الله خۆشم وا پەنجا ساڵێكە لەخزمەتی قورئاندام..

لەگەڵ شێخ عبدالله بصفردا سەردانی شێخەكەی خۆمم كرد شێخ محێدینی كوردی لێم پرسی چەند ساڵە لەخزمەتی قورئاندای، قسەی ئەهێنا بەسەردا و منیش هەرناوبەناو ئەو پرسیارەم لێدەكردەوە تا فەرمووی: حەفتاودووساڵە خزمەتی قورئان دەكەم.. شایانی باسە شێخ نەوەدوحەوت ساڵێك ژیا.

## مامۆستا بەهائەدین:

ئـەمڕۆ لـەخزمـەت مامۆسـتا بەهائـەدین سـیراجودیندا بـووم، سـوپاس بۆخـوا دانیشتنێکی ئیمانی بوو، بـەڕێزیان دووبەسـەرهاتی باسـکرد حـەزم کـرد بینووسـم، بەڕێزیان وتی:

یەکەم: ساڵی ٢٠٠٨ کارەبا باش نەبوو موەلیدەیەکم بۆمزگەوت کڕی بـە ١٥٠ گەڵاو تەنها بیسـت گەڵاشـم بەدەسـتەوە بـوو، شـەو چـووم بۆمـاڵی کـاك دکتـۆر عبدالواحید بۆهاوکاری باوکیشـی کەدۆسـتمە دانیشـتبوو، دکتـۆر بـەباوکی وت: حاجی ئەڵێی چی فرسەتی خێرە، ئـەوەبوو بۆبـەیانی حـەفتا گـەڵای بۆنـاردم، دیـارە دکتۆر سوپاس بۆخوا دەستی لەزۆرخێردا هەیە.

دووەم: دکتـۆر جەوهـەر لـەخەسـتەخانەی هیـوا لـەئیـدارەبوو، پارەیـەك دێـت بۆهاوکاری نەخۆشی کەمدەرامـەت ئـەویش لەنەخۆشـەکاندا گـەنجێك ئـەبینێت کـە شێرپەنجەیەتی و هەست دەکات کەمدەستە بڕێ پارەی ئـەداتێ، گەنجەکـەش کـە زۆر نەداریش بوو وەری ناگرێت و ئەڵێت بیدەبەکەسێك لـەمن زیاتر پێویستی پێـی بێـت، گەنجەکە پاش چەندرۆژێك بەرەحمـەتی خـوا ئەچێت، دکتـۆر جەوهـەر ئەوەنـدە بـە هەڵوێستی ئەوگەنجە سەرسـام ئـەبێت دوعـا ئـەکات وئـەڵێت: خوایە منیش وەك



ئەوگەنجە ببەرەوە، ئەوەبوو خوا دوعاکەی گیراکرد وبەشێرپەنجە کۆچی کرد پاش ئەو هەموو خزمەتەی بەنەخۆش کردی کەبەملیۆنـەها دۆلاری هاوکـاری بۆنەخۆشـەکان پەیداکرد لەدەوڵەمەندەکان.. خوا چاکەی چاکەکاران زایە ناکات.

**حاجی مەکی:**



هونەرمەند حاجی مـەکی لەسـاڵی ١٩٥٣ ەوە چۆتە بواری هونەرییەوەو خزمـەتی کـردووە، لەتەمـەنی ٧٦ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووە لەشاری سولەیمانی.

کاك حاجی کەسێکی خێرخوازبوو هاوکـاری منـاڵی بێبـاوکی دەکـردو زۆرخەفەتی خـوارد کەزەویـەکی وەرگرتبـوو لەسـەر شەسـتیەکەو ویسـتی بیکـات بەمزگەوت، لێیان سەندەوە.

سەیری ریپۆرتاجێکم کرد لەسەری بەراستی دیمەنی مـردن و بەخاکسـپاردنەکەی زۆرکاری تێکردم، هاوسەرەکەی دەڵێت: کە گەیاندمانـە خەسـتەخانەی شـار وتـی: هەر لـەم رۆژە ئەترسام.. بەڵێ ئەو رۆژەی کەئەویش و ئێمـەش لێـی دەترسـین دێـت چونکە ئەبێ هەموو شەرابی مردن بنۆشین(كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَـةُ الْمَـوْتِ وَإِنَّمَـا تُوَفَّـوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَنْ زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ (١٨٥)آل عمران.).

***

## ئەجەلێکی سەیر لەچەمچەماڵەوە!

لەخزمەت کۆمەڵێ ماموستاو بانگخوازدا بووین لەکەرکوك لە۱۸/۱۰/۲۰۱۵ بۆ دانانی نووسینگەی پەیمانگای بانگخوازان، ماموستا حەمزە وتی: ئێستا کەهاتم لەلیژنەی فەتوای چەمچەماڵەوە، کێشەیەك هەبوو، پیرەژنێك و کوڕەکەی شکاتیان لەپیاوێك هەبوو گوایە لەزەوی ئەواندا خانووی دروست کردووە، ئەوپیاوە زۆر یارمەتی ئەو پیرێژنەو کوڕەکەی دابوو بەخێوی کردبوون، کوڕەکە زۆر تووڕەبوو پەنجەی رادەوەشاندو زۆر قسەی نەشیاوی بە پیاوەکە وت، کابراش هیچی وەڵام نەدایەوە ئالەم کێشە گەرمەدا فریشتەی گیانکێشان هاتوو گیانی کوڕەکەی لەبەردەمماندا کێشا!! سبحان الله.. ئەوە دونیاکەیە ئەوە دێنێت؟؟

## ٢٠ دۆلار بەس بوو بۆ سووتاندنی ئەمەریکا:

- (جۆرج فلۆرید)ی ئەمەریکی کە لەبنەڕەت دا ئەفریقیە، ٢٠ دۆلاری دا بەدەستی خاوەن دوکانێکی فەلەستینی بەناوی(مەحمود ئەبو مەیالە)..

- ئەبو مەیالە گومانی هەبوو ئەو ٢٠ دۆلارە ساختە بێت، پەیوەندی کرد بە پۆلیسەوە بە تۆمەتی ئەوەی(فلۆرید) پارەی ساختەی پێی داوە. دەستبەجێ پۆلیس ئامادە بوو، پاشان ئەو کارەساتەی لێ دروست بوو کە سەرتاپای ئەمەریکای گرتەوە.

(جۆرج فلۆید) هاواری ئەکرد ( تکاتان لێ ئەکەم، ناتوانم هەناسە بدەم) تا خنکا و گیانی لەدەستدا لە ژێر ئەژنۆی پۆلیسێکی سپی پێست.

ئەمەریکا سووتا و دوکانەکەی(مەحمود ئەبو مەیالە)ی فەلەستینیش سووتا، پاشان بۆیان دەرکەوت پارەکەش ساختە نەبووە..

- ٢٠ دۆلار بەسە بۆ كۆتايی هێنانی گەورەترین ئابووری وسەربازی لە جیهاندا.

ئەو(ترلیۆن) دۆلارانەی کە(ترامپ) بە زۆر دۆشی لە( بن سلمان)ی سعودی و بە (مەلایین دۆلار) کە دەستیان بەسەردا گرتووە و دزیویانە لە میللەتانی جیهان خۆی رانەگرت بەرامبەر کاغەزێکی دراوی ٢٠ دۆلاری.

ئایە دەبێت چیرۆکی"نەمروود" دووبارە بێتەوە!! وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: ئەحمەد کەرکوکی..



## هەرچی هەبوو لەخواوەبوو:

کە دیراسەی سیرەتی سەروەرمان دەکەی (د.خ)تەسدیقی ئەو ئایەتە ئەبینی لە هەموولاپەڕەکانی تەمەنی پیرۆزیدا، کە خوای پەروەردگار پێی فەرموو (وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا-الطور).. ئارامبگرە تۆ لەژێر چاودێری ئێمەدای.

لەسورەتی (الضحى)دا باسی سیٚ لایەنی بۆدەکات کە بێباوك ودایك بـووەو خـوا داڵدەی داوەو هەژاربووەو خوا دەوڵەمەندی کـردووەو نەشـارەزای ریٚ بـووە خـوا هیدایەتی داوە تابێتە رەحمەت بۆهەموو جیهانیان.

ئەو زاتە موبارەکە هەموو شتێکی لەخواوە بوو، تەنانەت سەردانی گـۆڕی دایکـی نەکرد تاخوا رێی پێدا، کۆچی نەکرد بۆمەدینە تارێی پێدراو.. هتد..

ئـەو زاتـە پایەیـەرزە خـوا داوای ئـارامگرتنی لێـدەکات و ئەشـفەرموێت ئارامگرتنەکەت لەخواوەیە (وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ (١٢٧)النحل).ئەو تیرانەی کەئەو دەیهاویشت لەخواوە بوون(فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى-١٧الأنفال ).تەنانـەت حوشترەکەشی رێنمایی دەکرا بۆیە کە چـووە مەدینـە هـەموو بەئاواتـەوە بـوون ئـەو نووری چاوانە لەماڵیان دابەزێت کەچی فەرمووی حوشترەکەم فەرمانپێدراوەو بـزانین لەکویدا ئەوەستیٚ، ئەو شوێنەی حوشترەکە چۆکی تیادایا کرایە مزگـەوت و لـەماڵی ئەبوئەیوبیش مایەوە کەلەوێدابوو.

کاتێك چـوو بـۆ عـومرە دوای جـەنگی خەنـدەق، لەناوچـەیەکدا حوشـترەکەی وەستا، فەرمووی عادەتی نیە وابکات ونـەڕوات بـەڵام هـەروەك فیلـەکانی ئەبرەهـە ماندەگرێت بەو ئیتیجاهەوفەرمانی پێنەدراوە بڕوات، بۆیـە قـورەیش سـوڵحی بوێـت ئەیکەم.

ئنجا بەفەرمانی خوا خـاتوو عائیشـەی هێنـا، زەینـەبی پـورزای خـوا لەئاسمانـەوە بەئایەت لێی مارەکرد، ئنجا کە زویربوو لەحەفصەی کچی پێشەوا عومەرو تەڵاقی دا بەئەمری خوا گێڕایەوە کـەجوبرائیل هـات و فـەرمووی: حەفصـە بێنـەرەوە چـونکە شەونوێژئەکات و بەرۆژ بەرۆژوو دەبێت و هاوسەرتە لەدونیاو قیامەتدا..

## راوێژکردن:

سەروەرمان (د.خ) زۆرگرنگی ئەدا بەڕاویژکردن بەهاوەڵانی، تەنانەت کە لـەپاش ڕاوێژکردن لـەئوحودا بەهۆی فەرمان شکاندنی تیرهاوێژەکانەوە شکان، خوای گەورە فەرمانی پێدا کەبەردەوام راوێژبکات بـەهاوەڵانی (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ (١٥٩)آل عمران).

خۆشەویستمان (د.خ)کەدوای سـوڵحی حودەیبیـە بـەهاوەڵانی فـەرموو ئەمساڵ دەگەڕێینەوەو ناچینە ناو مەککەوەو سەرتان بتشن و قوربانیەکانتان بکەن ئەوەندە ئەو ڕێکەوتنە لـەسەر دڵیان گران بوو یەك کەس نەیکرد، هات راوێژی بـەئوم سـەلـەمەی خێزانی کرد، ئەویش وتی: تۆ قوربانیەکەت بکـەو سـەرت بتاشـە ئـەوان ناچـاردەبن بیکـەن و هـەرواش دەرچـوو کـەئوم سـەلـەمە وتـی، دوایـش کەسـوورەتی فـەتح لـەگەڕانەوەیاندا هاتە خوارەوە و ئەو ڕێکەوتنەی ناونا فەتح، جوبرائیل سەلامی خوای لێبێت پیرۆزبایی لـەسەروەرمان کرد بۆئـەو فەتحـەو کەبۆهاوەڵانیشـی خوێنـد هـەموو پیرۆزباییان لێکرد.. لـەبەرامبـەر ئـەم حاڵـەتـەدا خۆشەویسـتمان کەفـەرمانی خـوای بۆدەهات ئەگەر بەعەقڵی کەسیشدا نەچوایە جێبـەجێی دەکـردو راوێژیشـی بەکـەس نەدەکردو دڵنیا بوو لـە یارمەتی و تەوفیقی خواو ئەیزانی لـەژێر چاودێری خوادایە.

## ڕێکەوتنی حودەیبیە:

دوای جەنگی خەندەق بەساڵێك کەمتر خۆشەویستمان (د.خ)بەهاوەڵانی فـەرموو خۆتان ئامادەبکەن ئەچـین بـۆ عـومرە، خـەوم بینیـوە کەخـەوی پێغەمبـەران وەحیـە لـەخواوەو ڕاستە.

ئەمەش کە بەعەقڵی کەسدا نەئەچوو خۆشەویستمان راوێـژی پێنـەکردن، نزیکـی ١٤٠٠ هاوەڵ کەوتنە ڕێ بەخۆیان و قوربانیەوە بـەرەو مەککـە، ئـەوەبوو قـوڕەیش ڕێگری کردو هەواڵی نارد کـەرێی نـادەن و کەوتنـە دانوسـتان، سـەروەرمان(د.خ) دیسان راوێژی بەکەس نەکردو قایل بوو بە ڕێکەوتن، تەنها ئەبوبەکرنەبێت بڕواناکەم هیچ هاوەڵێك ئەو کارەی پێ قبوڵ کرابێ، تەنانەت عومەر خواڵێی رازی بێت، هاتـە لای و وتی: باشە ئێمە لـەسەرهەق نین، باشە تۆفـەرمووت: ئەچـین عـومرە دەکـەین، ئەویش فەرمووی نەمووتووە ئەمساڵ، ئنجا من پێغەمبەری خـوام و بـێ فـەرمانی ئـەو ناکەم و ئەویش دەسـتم لێ بـەرنادات.ئنجـا خۆشەویسـتمان رۆژی بـەدرو ئوحـودو خەندەقی ئەهێنایەوە یادیان کەچۆن هەرخواخۆی سەری خستوون بۆئەوەی قەناعـەت بکەن، بەڵام هەرقورس و ئەستەم بوو.

ڕێکەوتنەکە کرا سەروەرمان دووربین بوو، خـوا ڕێنمـایی دەکـرد، سـوهەیل کـە سەرۆکی شاندی دانوستان بوو داوای کرد دەسـاڵ شـەڕ ڕاگـرن وهەرچـی لـەگـەڵ موحەممەدا ڕێکەوت ڕێبکەوێت و هەرچیش چووە پاڵ قـوڕەیش بچـێت، ئنجاهەرچـی هـات لـەمەککـەوە موسـڵمان بـوو بیگێڕنـەوە بۆمەککـە وهەرچـی موسـڵمانیش هەڵگەڕایەوە نەیدەنەوە بەموسڵمانان، سەروەرم قایـل بـوو، هێشـتا ئیمـزا نـەکرابوو ئەبوجەندەلی کوڕی سوهەیل لـەمەککەوە هات، سوهەیل وتی: ئەبێ بمدەنەوە بیبەمەوە، کەئەمەش زۆر قورس بوو لـەسەر موسڵمانان.

پێغەمبەر دروودی خوای لـەسەر فەرمووی بڕۆرەوە لـەگەڵیا خوا دەرگادەکاتـەوە، دواتر ئەبی بەصیر هات و وئەویش دوان هاتن بەدوایداو ناچـار گەڕێنرایـەوە، بـەڵام ئەبو بەصیر لـەرێ یەکێ لـەو دوانـەی کوشـت و لـەبـەر ڕێکەوتنەکـەش چووە لای دەریای سوورو حەفتا موسڵمانی تری مەککەش پەیوەنـدیان پێوەکردوبـەوەش بوونـە هێزێك کەپەلاماری کاروانی قوڕەیشیان ئەدا، تاناچار قوڕەیش تکای کـرد کەمەدینـە وەریان بگرێتەوە.

لەوسەروبەندەدا ئوم کەلسوم کچی دوژمنی سەرسەختی ئیسلام عوقبـەی کـوڕی ئـەبی موعیـت تـوانی فرسـەت بهێنـێ و پیـاوێکی هـۆزی خوزاعـەی دەسـتکەوت کەهاوپەیمانی پێغەمبەربوون لـەگەڵیا هاتە مەدینە، چووە ماڵی ئوم سـەلـەمە هاوسـەری خۆشەویستمان، بەپێی ڕێکەوتنەکە بوایە ئەبوو بیداتـەوە بەوانـەی کـەهاتن بەدوایـدا، ئـالێرەدا فـەرمانی خـوا دابـەزی کـەئافرەتان ناگەڕێنرێنەوەوحـەلاڵ نـین بـۆمێردە کافرەکانیان، ئەمەش بەڵگەیە کە هەموو شتێکی سەروەرمان لـەخواوەبووە (يَـا أَيُّهَـا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ –الممتحنه ).

## من مرۆڤێکم وەک ئێوە:

هەرچەند لەژیانی سەروەرمان وفەرمایشتەکانی ورد ئەبمەوە زیاتروزیاتر یەقینم لادروست ئەبێت، کەئەو نازدارە نێردراوی خوایەکە کەخۆی ڕێنمایی دەکات و خۆی دەیپارێزێت و خۆی سەریدەخات.

هەرچی دەسەلأتدارانی کۆن ونوێ هەن هەموویان فوویان کردووە بەخۆیان و بنەماڵەیاندا تا خەڵکی ملیان بۆبدەن وبەگەورە بیانبینن، ئەوە فیرعەنەکان خۆیان لـەخەڵك کردبوو بە خوا ( فقال أنا ربكم الأعلى).

پاشای مەغریب و سەدام و زۆری تر سەجەرەی درۆینە بۆخۆیان دروست ئەکەن کە لـەنەوەی حەسەن وحوسەینن ئەمە بۆئەوەی خۆیان پیرۆزبکەن.

یان نووسەری دەربارو کەسانی تر پاڵەوانێتیان بۆدروست ئەکەن و پیایانا هەڵئەدەن، کەچی کە دێیتە سەر ژیانی سەروەرمان ئەوەتا خوای گەورە لـەقورئاندا فێری دەکات کەبەخەڵکی بلێت: قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا

(١١٠)الكهف. پێیان بلێ: من مرۆڤێکم وەك ئێوەو وەحیم بۆدێت لەخواوە.( وَلَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ_هود ) خەزێنەکانی خوا لای من نیە، من غەیب نازانم، من نالێم فریشتەم.. ( وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلَا بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ وَمَا أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ (٩)الأحقاف)من نازانم خوا چی بەرامبەر من وئێوەدەکات، من شوێن ئەو وەحیە دەکەوم کە بۆم دێت.

پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر ئەلەرزی، پێی فەرموو لەسەرخۆبە من پاشانیم، من کوڕی ئافرەتێکم گۆشتی وشکەوەبووی ئەخوارد. (ئەلبانی –السلسله الصحیحه).

## خۆرگیران و مانگ گیران:

لە مەوسوعەی بەریتانیدا هاتووە کە کاتی خۆی چینیەکان وایان دەزانی بەهۆی ئەژدیهایەکی نەبینراوەوە کە خۆر دەخوات خۆرگیران دەبێت بۆیە ئەکەوتنە تەپڵ لێدان تا بیترسێنن و نەیخوات.

هیندۆسەکان بڕوایان وابوو کەخواکان سەری شەیتانیان بڕیوەو فڕێیان داوە بۆیە خۆرگیران روویداوە.

دانیشتوانی ئەمەریکای کۆن وایاندەزانی سمۆرەیەکی رەش دەیەوێ خۆر بخوا بۆیە خۆرگیران رووئەدات ئەمانیش بەتەمابوون بەهاوارهاوار وتەپڵ لێدان چارەسەری بکەن.

دانیشتوانی رۆژئاوای ئەفەریقاش دەیانووت کە خۆرومانگ بەهۆی کێشمەکێشمی نێوان ئادەمیزادەکانەوە ئەگیرێن، عەرەب و گەلانی تریش بڕوایان وابوو بەهۆی لەدایکبوون یان مردنی کەسێکی گەورە خۆرومانگ ئەگیرێن.

ئەو رۆژەی ئیبراهیمی جگەرگۆشەی سەروەرمان (د.خ) کۆچی دوایی کرد، خۆرگیرا، هاوەڵان وتیان ئەوە بۆمردنی ئیبراهیم گیراوە، هەرکەسێکی تر بوایە جگە لەسەروەرمان رەنگ بوو ئەوە بۆخۆگەورە کردن بقۆزێتەوەو بلێت: راستە و زەوی ئاسمان و خۆریش شیوەن ئەکەن بۆکورەکەم، کەچی فەرمووی: خۆرومانگ دوو ئایەتن لەئایەتەکانی خوا بۆمردن و لەدایکبوونی کەس ناگیرێن، ئەوەش بۆهۆشیارکردنەوەی مرۆڤە کەهەرکات خوابیەوێ تیشکی خۆریان لێدەگرێ، بۆیە کەئەوەبوو دوعابکەن و نوێژبکەن.

ئەوەی باسمان کرد رۆشنبیری ئەو سەردەمە بووەو تا ئەم سەدانەی دوایش بەردەوام بوو، ئەوەش فەرموودەکەی ئەو نووری چاوە کە خوا فێری کردووەو هاتووە مرۆڤایەتی لەخورافات رزگاربکات.

## خۆشەویستی سەروەرمان(د.خ)

دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد، بیلالی حەبەشی (خوالێی رازی بێت) چووە لای ابو بکری سدیق (خوالێی رازی بێت) فەرموی:

ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ، من لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە کە فەرموویەتی باشترین کردەوەی ئیماندار، تێکۆشانە (جهاد) لە پێناو خوادا....

ئەبوبەکر (خوالێی رازی بێت) فەرموی: مەبەستت چیە؟

بیلال فەرموی: دەمەوێ تا کۆتایی ژیانم جیهاد بکەم....

ئەبوبەکر فەرموی: ئەی کێ بانگمان بۆ بدات؟

بیلال بەچاوی پڕ فرمێسکەوە فەرموی: من لە دوای پێغەمبەر ﷺ بانگ بۆ کەس نادەم!

ئەبوبەکر فەرموی: من دەمەوێ بمێنیەوە و بانگمان بۆ بدەی؟

بیلال فەرموی: ئەگەر کاتی خۆی منت لە بەندایەتی ئازاد کردووە بۆ ئەوەی بۆ تۆ بم، با وا بێ , ئەگەر نا، ڕێگەم پێ بدە با بڕۆم بۆ شام.

ئەبوبەکر فەرموی: نەخێر من تەنها لەبەر خوا تۆم ئازاد کردووە.

بۆیە بیلال چوو بۆ شام و لەوێ وەك جەنگاوەرێك مایەوە.

بیلال دەفەرمێت: چاوم بەرایی نەدەهات، لە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە بمێنمەوە.

کاتێك بیلال دەیویست بانگ بدات، کە دەگەیشتە اشهد انَّ محمدا رسول اللە، قوڕگی دەگیرا و لە پڕمەی گریانی دەدا.

دوای چەند ساڵێك، شەوێکیان بیلال پێغەمبەری خوای ﷺ لە خەودا بینی و پێی گوت: ئەوە چیە بیلال بۆ لێمان ناپرسی؟کاتی ئەوە نەهاتووە سەردانمان بکەی؟

بیلال لە شامەوە بەڕێکەوت بۆ مەدینە، کاتێك گەیشتە مەدینە، یەکسەر چووە سەر گۆڕی پێغەمبەر ﷺ و زۆر بە کوڵ دەستی کردە گریان، حەسەن و حوسێن (خوالێیان رازی بێت) هاتن و باوەشیان پێدا کرد و ماچیان دەکرد، پێیان گوت: حەز دەکەین سبەی بۆ نوێژی بەیانی تۆ بانگ بدەیت؟

لەگەڵ بەرەبەیاندا، بیلال چووە سەربانی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ و بانگیدا، کاتێك گوتی اللە اکبر، اللە اکبر، خەڵکی مەدینە بە پەلە لە خەو هەستان، کاتێك گەیشتە اشهد انَّ محمدا رسول اللە، بیلالی حەبەشی سەیری ئەو دەرگایەی کرد کە هەمیشە پیغەمبەری ﷺ لێوە دەهاتە ناو مزگەوتەوە بەڵام ئەم جارە کەسی لێوە نەهات.... یەکسەر بیلال بورایەوە لە تاوی دوری جەمال و ڕوی پێغەمبەر ﷺ ئیترخەڵکی مەدینە بە ژن و منداڵەوە ڕوویان لە مزگەوت کرد، هیچ کاتێك خەڵکی ئەوەندە بە کوڵ نەگریابوون، بێجگە لەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کرد بوو.

جارێکیان ئیمام عومەری کوڕی خەتاب (خـوالێی رازی بێـت) سـەردانی شـامی کرد، هەندێك کەس داوایان لـە خەلیفە عومەر کرد تا داوا لـە بیلال بکات بۆ ئەوەی بانگێکیان بۆ بدات؟

کاتێك کاتی نوێژ هات و بیلال بانگی دا، ئەو هاوەڵانەی کە پێغەمبـەری خوایـان بینیبوو، سۆزیان هەستا و دەستیان کردە گریان، خەلیفە عومەر لـە هـەموویان زۆرتـر گریا...

ئەمە قەترەیەك بوو لـە دەریایەك مەحەبەتی ڕاستەقینەی ئەسحاب (خوا لێیـان رازی بێت ) بەرامبەر پیغەمبەری خـوا ﷺ، خودایـە لـەو کەسـانە بـین کـە پێغەمبـەری خوا ﷺ لـە قیامەتدا، شەفاعەتیان بۆ دەکات..

## یاری غار:

ئەبوبەکر خوالێی رازی بێت یەکەم کەس بـوو لـەپیاوان موسـڵمان بـوو، یەکـەم کەس بوو کەبووە بانگخوازو ژمارەیەکی زۆری هێنا بـەرەو ئیسـلام.یەکەم کەسیشـە ئەچێتە بەهەشتەوە لـەئومەتی ئیسلام (حاکم) ریوایەتی کردووە.

پێغەمبەر (د.خ) ناوی نا (صدیق) راستگۆ.قورئانیش بە پارێزگارترین (الأتقى)ناوی دەبات ﴿وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى (١٧) الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّى (١٨) وَمَا لِأَحَدٍ عِنْـدَهُ مِـنْ نِعْمَةٍ تُجْزَى (١٩) إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَى (٢٠) وَلَسَوْفَ يَرْضَى (٢١) الليل﴾.

ئەو سەروەرمان نەیهێشت کۆچ بکات تا خوا رێیپێ داو بووە یاری غـار ﴿ثَـانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا-التوبة ٤٠﴾.

عومەر خوالێی رازی بێت ئەڵێت: جارێك خۆشەویستمان داوای بەخشینی کـردو منـیش نیـوەی ماڵکـەم هێنـا، کەچـی ئەبوبەکرهەرچـی هـەبوو هێنـای، ئـیتر زانـیم کەهەرگیز ناتوانم پێشی بدەمەوە.

سەروەرمان (د.خ)فەرمووی: کێ ئەمڕۆ بەرۆژووبووە؟کێ: خێرێکی کردووە؟کێ سەردانی نەخۆشی کردووە؟کێ تەرمێکی بەڕێکردووە؟بۆهەمووی ئەبوبەکر وتی: من. ئەویش فەرمووی: ئەمانە لەهەرکەسێکدا کۆببێتەوە ئەچێتە بەهەشتەوە.(مسلم).

سەروەرمان لەهەمووکەسی خۆشتر ئەویست لەپییاوانداو لەئافرەتانیشدا خاتوعائیشەی کچی لەهەموون خۆشەویستر بوو.

سەروەرمان فەرمووی: ئەبوبەکر لەهەمووکەس زیاتر منەتی بەسەرمەوەیە لەهاوەڵێتی ومالْ وسامانیداو هیچ ماڵێك بەهێندەی ئەوەی ئەو سوودی پێنەگەیاندووم، ئەبوبەکر بەبیستنی ئەمە گریاو وتی: مەگەر خۆشم وماڵەکەشم هی تۆنین ئەی پێغەمبەری خوا؟ لەنەخۆشیەکەیدا خۆشەویستمان کردیە پێش نوێژ، ئەوەش وای لە هاوەڵان کرد بیکەنە خەلیفەی رەسولی خوا.

ئەبوبەکر قورئانی کۆکردەوەو بەرەنگاری هەڵگەڕاوەکان بوو لەرۆژێکی سەختدا کەخاتوو عائیشە لەبارەیەوە ئەڵێت: حاڵی موسڵمانان لەوکاتەدا وەکو رانەمەڕێکی بێخاوەن وابوو لەشەوێکی تاریکی زەمهەریردا کەدوژمن لەهەمولایەکەوە دەوری دابوون.

ئەبوبەکرێکی هەست ناسك کە هەرقورئانی ئەخوێند ئەگریا بووە شێری مەیدان وکارێکی کرد کەئەبوهورەیرە سێ جار سوێند ئەخوا کەپاش فەزڵی خوا ئەبوبەکر نەبوایە ئەم ئاینە نەدەما.

ئەبوبەکر ئەوەندە مەزنە هاوەڵان وەك چۆن قورئانیان فێری منالەکانیان دەکرد ئاواش فێری خۆشەویستی ئەبوبەکرو عومەریان دەکردن، بەحەسەنی بەصری وترا: خۆشەویستی ئەبوبەکرو عومەر سوننەتە، وتی: نەخێر فەرزە.

***

## هەرئەو تێی دەگەیشت:

ئەبوبەکر خوالێی رازی بێت تایبەت بوو، سەروەرمان(د.خ) لەبارەیەوە ئەفەرموێت هەرکەسم بانگ کردبێ بۆئیسلام هەڵوەستەیەکی کردووە ئەبوبەکرنەبێت کەپێموت یەکسەر موسڵمان بوو.

ئەبوبەکربەماڵی خۆی بەندەموسڵمانەکانی ئەکڕیەوەو ئازادی ئەکردن.

خۆشەویستمان(د.خ) وتاری ئەدا بۆهاوەڵان و فەرمووی: بەندەیەك خوا سەرپشکی کردووە کەلەدونیادا بمێنێتەوە یا بگەڕێتەوە بۆلای، ئەویش لای خوای هەڵبژارد، لەناوهاوەڵاندا کە هەموو بێدەنگ دانیشتبوون ئەبوبەکر هەستاو بەگریانەوە وتی: خۆمان ودایك وباوکمان ئەکەین بەقوربانت.هاوەڵان سەریانم سوڕما لەم هەڵوێستەی ئەبوبەکر، تومەزتەنها ئەو تێگەیشتووە کەئەو بەندەیە رەسول الله خۆیەتی و باس لەکۆچکردنی خۆی دەکات.




هاوەڵان هەندێکیان دەرگایان لەسەر مزگەوت هەبوو، سەروەرمان (د.خ)فەرمووی هەموو دەرگاکان داخرێن تەنها ئەوەی ئەبوبەکرنەبێت، جارێکیان لەمزگەوتی خۆشەویستمان(د.خ) دانیشتبووم کەبەلای راستدا ئاوڕم دایەوە ئەو دەرگایەم بینی لەسەری نووسرابوو ئەوە دەرگاکەی ئەبوبەکرە هەروەك لەوێنەکەدا دیارە، حکومەتی سعودی لەکاتی فراوانکردنی مزگەوتەکەدا رەچاوی ئەوەیان کردووەو هێشتوویانەتەوە.

## سەکینەتەکەی ئەبوبەکر!

دوژمنان بەجیٚ پیٚکاندا گەیشتنە بەردەمی دەرگای ئەشـکەوتەکە، وتیـان ئەمـەجیٚ پیٚی موحەممەدەو ئەوەش هی ئەبوبەکرە لیٚرە نەجولاٚون یان چوون بۆئاسمان یان بەناخی زەویدا چوونەتە خوارەوە، یاری غار دەترسا دوژمن زیانیان پیٚبگەیـەنیٚ، سـەروەرمان فەرمووی: مەترسە فریشتە بەباڵی خۆی داپۆشیوین نامان بیـنن، ئەبوبـەکر گومانـت چۆنە بەدووان کەخوا سیٚیەمیانە؟

ئەوەبووسەکینەوئارامی دابەزیە سەرئەبوبەکر، هەرئـەو سـەکینەیە بـوو کەڵـەکاتی مردنی سـەروەردا(د.خ) هـەمووان تاسـان و شـپرزبوون ئەبوبەکرنـەبیٚت، ئـەو رۆژە سەروەرمان •د.خ)تەندروستی باش بوو، بۆیە ئەبوبەکرسەردانی هاوسـەری دووەمـی کرد لەقەراخ شار، هەرکەهەواڵەکەی بیسـت هاتـەوەو قوماشـەکەی لەسـەر رووی خۆشەویسترین کەسی لاداو ناوچەوانی مـاچ کـردو بـەدەم قـولٚپی گریانـەوە وتـی: لەژیان و لەمردنیشتدا هەرجوانی.

ئنجا چووە دەرەوەو چووە سەرمینبەو فـەرمووی: ئـەوەی موحەممـەدی ئەپەرسـت موحەممەد مرد، ئەوەی خواش دەپەرستیٚ خوا ماوەو زیندووە. ئنجا ئەم ئایەتەی خویٚند (وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَـيَجْزِي اللَّـهُ الشَّـاكِرِينَ (١٤٤)آل عمران ).هاوەڵان ئـەتووت یەکـەمجارە ئـەم ئایەتـە ئەبیسـتن، عومـەر کـە دەیـووت: نەمردووەو دەگەڕیٚتەوە دڵنیابوو کەمردووە، بۆیـە ئەگـەڕا بـەدوای پەنایەکـدا تـاتیٚر بەکولٚ بگری..

ئەو رۆژەی سەروەر پیٚی نایە مەدینەوە داروبەردو گویٚسەبانەکانیش ئەخـەنین، ئـەو ڕۆژەش کەکۆچی دوایی کرد هەمووی شیوەنی بۆدەکرد.کـاتیٚ لەماڵەکـەی خۆیـدا ناشتیان فاتیمە بەئەنەسی وت: چۆن دڵتان هات گڵ وخۆڵ بکەن بەسەریا!!

## فەتحی حودەیبیە لەچاوی ئەبوبەکرەوە:

کاتێك عومەر چووە لای ئەبوبەکر خوالێیان رازی بێت و وتی: مەگەرئێمە موسڵمان نین، دەی باشە بۆ تەنازولیان بۆبکەین؟ ئەبوبەکر کەباشتر وەزعەکەی ئەبینی پێی وت: پابەندبە پێوەی من شایەتی ئەدەم کەپێغەمبەری خوایەو وهەق ئەوەیە کەفەرمانی پێدراوەو ئەویش لەفەرمانی خوا لانادداو خواش دەستبەرداری نابێت.عومەر هەرقورس بوو بەلایەوەو خۆشەویستیش پێی ئەفەرموو: من پەیامبەری خوام و دەستبەردارم نابێت.عومەر هەرئەیووتەوە ئاخر باشەچۆن ئەبێ؟ ئەبوعوبەیدەپێی وت: عومەر گوێت لێ نیە پێغەمبەر (د.خ) چی دەڵێت؟ پەنابگرە بەخوا لەشەیتان.

لە گەڕانەوەدا سورەتی فەتحی بۆدابەزی، جوبرائیل سەلامی خوای لێبێت پیرۆزبایی ئەو فەتحەی لێکرد. خۆشەویست فەرمووی: عومەرم بۆبانگ بکەن، کەهات وبۆی خوێند، وتی: بۆئەوە فەتحە؟ فەرمووی: بەڵێ.ئیتر ئەویش وموسڵمانانیش پیرۆزباییان کرد.

ئەبوبەکر ئاوا باسی ئەو فەتحە دەکات: هیچ فەتحێك لەئیسلامدا گەورەتر نەبووە لەفەتحی حودەیبیە، هەرچەند خەڵکی لەو رۆژەدا حاڵی نەئەبوون لەوەی لەنێوان موحەممەدو پەروەردگاریا هەبوو، خەڵکی پەلەیان دەکرد، خواش وەك بەندەکانی پەلەی نیە هەتا شتەکان ئەگاتە ئەوەی کەخۆی دەیەوێت.

سوهەیلی کوڕی عەمر کەسەرۆکی شاندی دانووستانی کافران بوو بەعومەربوایە لەگەردنی بدرایە، خوا هیدایەتی داو لەحەجی ماڵئاواییدا قوربانیەکەی نزیك کردەوە لە رەسولی خواو ئەویش بۆی کرد بەقوربانی، کاتێك سەرتاش قژی پێغەمبەریان تاشی پاش حەجەکە سوهەیلم بینی تاڵەمووەکانی خۆشەویستی ئەنایە سەرچاوی.بیرمە رۆژی سوڵحەکەهەر سوهەیل بوو قایل نەئەبوو بسم الله الرحمان الرحيم بنووسرێت،

قایل نەئەبوو موحەممەد رەسولی خوایە بنووسرێت، سوپاسی خوام کرد کە هیدایەتی دا بۆ ئیسلام، درودو سەلاوات لەسەر پێغەمبەری رەحمەت کەخوا بەهۆی ئەوەوە هیدایەتی داین و لەتیاچوون رزگاری کردین).

جارێکی تر جەخت ئەکەمەوە کە سیرەتی سەروەرمان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەرئەوەی ئەو زاتە بەفەرمانی خواو بەتەوفیقی خوا گەیشتە ئەوەی کە لەناو ئەو هەموو دوژمنەدا پارێزراوبێت و پەیامەکەی بگاتە خەڵکی و ئێستاش بگاتەهەموو دونیا..

## نهێنیەکان تەنها خوا دەیزانێت:

کەس غەیب نازانێت خوانەبێت وجاری واهەیە شتێکی بۆکەسێك ئاشکرادەکات، (عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا (٢٦) إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِنْ رَسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا (٢٧) الجن ).

خوای گەورە هەندێ جار هەندێ نهێنی بۆ سەروەرمان ئاشکرا دەکرد بۆنموونە:

یەکەم: فوزالە کوڕی عومەیر ئەیویست پێغەمبەر (د.خ) بکوژێت بۆئەمەش لەکاتی تەوافدا لەفەتحی مەککەدا لێی نزیك بووەوە، سەروەرمان فەرمووی: ئەوەتۆی فوزالە؟وتی: بەڵێ فوزالەم ئەی نێردراوی خوا. فەرمووی: چی لەخەیاڵتایە؟ وتی: هیچ یادی خوا ئەکەم، سەروەر پێکەنی و فەرمووی: استغفر الله، ئنجا دەستی موبارەکی خستە سەر سنگی تادڵی گۆڕاوئارام بوو، فوزاڵە ئەڵێت: سوێند بەخوا کەدەستی لەسەر سنگم لابرد کەس نەبوو بەهێندەی ئەو خۆشەویست بێت لام.

دووەم: کاتێك سەروەرمان بەبیلالی فەرموو بانگ بدات لەکاتی فەتحی مەککەدا، ئەبوسفیان و عەتابی کوڕی ئەسیدو حاریسی کوڕی هیشام لەحەوشی کەعبەدا دانیشتبوون، عەتاب وتی: خوا باوکمی خۆشویست مردو ئەمەی نەبیست کەپێی

ناخۆش بوو، حاریس وتی: بەخوا بمزانیە هەقی لایە شوێنی دەکەوتم، ئەبوسفیان وتی: من هیچ نالێم، شتێك بلێم ئەو بەردە خەبەرم لێئەدا. کەخۆشەویست (د.خ)لەکەعبە هاتە دەرەوە فەرمووی: زانیم چیتان وت، ئەوەی وتبوویان پێی وتنەوە، حاریس و عەتاب وتیان: شایەتی ئەدەین کە پێغەمبەری خوایت، بەخوا کەس ئاگای لەمە نەبوو تابلێین بۆیان گێڕاویتەوە.. ئەوەش بووە هۆی موسڵمان بوونیان..

## خوا ئەیپاراست:

هیچ سەرکردەیەك نیە لەدونیادا بلێ زەمانەتم وەرگرتووەو پاسەوانم ناوێ تەنهاخۆشەویستمان نەبێت کە زەمانەتی سەلامەتی و پاراستنی لەخواوە وەرگرتبوو (وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ-المائدە٦٧ ). ئنجا راستگێڕی ئەمەش لەژیانیدا دەبینین:

یەکەم: ئەبوجەهل ویستی لەکاتی سوژدەیدا لەدەوری کەعبە بچێت پێبنێت بەسەریا، کاتێك چوو بەشڵەژاوی گەڕایەوەودەستی بەدەموچاویەوە بوو وەك خۆی لەشتێك بپارێزێت، وتیان: ها چی بوو، وتی: لەنێوان من و ئەودا چاڵێکی گەورەی ئاگرهەبوو لەگەڵ باڵی گەورە، خۆشەویست(د.خ) فەرمووی: لێم نزیك ببوایەتەوە مەلائیکەت پارچە پارچەیان ئەکرد (بوخاری).

دووەم: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ئەڵێت: لەجەنگی ئوحودا دووجل سپیم بینی لەملاوئەولای پێغەمبەرەوە بەرگریان لێدەکرد کە جوبرائیل و میکائیل بوون.(متفق علیە).

سێیەم: ئەبوبەکر ئەڵێت لەدەمەو ئێوارەدا لەئەشکەوتەکەوە بەڕێکەوتین، پاش ماوەیەك وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بەدوامانەوەن، فەرمووی (لاتحزن ان الله معنا)خەم مەخۆ خوامان لەگەڵدایە، خۆشەویست دوعای لێکرد ئەوەبوو سوراقە ولاخەکەی

سەرسمی داو کەوت: نزیك بۆوەو وتی: ئەزانم دوعاتـان لێکـردوم، دوعـام بۆبکـەن ئەگەڕێمەوەو نایەڵم کەس لێرەوە شوێنتان بکەوێت.(بوخاری)

چوارەم: لـەغەزایەکدا لـەلای نەجدەوە کە دارودرەختی زۆری لێبوو خۆشەویست شمشـێرەکەی بەدارێکـدا هەڵواسـی و خـەوت، کافرێـك هاتـە سـەری و شمشـێری لەسەسەر داناو وتی: کێ ئەتپارێزێت لـەمن؟سەروەرمان فـەرمووی: خـوا، شمشـێرەی لەدەست کەوتەخوارەوەئنجا سەروەرمان فەرمووی ئەی کـێ تـۆ لـەمن ئـەپارێزێت، وتی: چاکەم لەگەڵ بکەو مەمکوژە، فـەرمووی: شـایەتمان دێنی؟وتـی: نـەخێر بـەلاَم پەیمانت ئەدەمێ نەشەڕت لەگەڵ ئەکەم و نەلەگەڵ ئەوانەشدا ئـەبم کەشـەڕت لەگـەڵ دەکـەن.ئیتر ئـەویش ئـازادی کـرد وچـووەوە ناوگەلەکـەی و وتـی: لای باشـترین کەسەوە هاتووم، بەهۆیەوە کەسانێکی زۆرموسڵمان بوون (ئەحمەد).

## خواناردی:

مامۆستا مەلا بەهادین سیراجودین ئەڵێت: سـاڵی١٩٩٨ لـەدێیەکـەی خۆمـانبووم لەهوانە لای سلێمانی، مزگەوتەکەمان رێکخراوی نەدوەی ئیسلامی بـۆی دروسـت کردین، مامۆستا محی الدین گەلاڵی خوا لێی خـۆش بێـت وتـی: بـۆ نوێـژی هـەینی ناکەن، وتم: ئاخر چل کەس نابین.

وتی: تۆ بیکە خوا کەریمە.

یەکەم نوێژی هەینی بیست کەسێك ئامادەبوون دواتر لەملاو ئەولاشـەوە خـەڵك دەهـاتن جێمـان نەدەبۆوە.ویسـتم مزگەوتەکـە گـەورە بکـەم.. رۆژێـك سـەقفیان بۆتێدەکردم وبایی سێ هەزاری سویسری بوو، منـیش پـارەم پێنـەبوو، دوای نوێـژی بەیانی لـەمیحرابەکـەدا زۆرگریـام وئەترسـام روو زەردبـم، پاشـان هاتمـەوە ماڵـەوە کاتێکم زانی بەو بەیانی زووە حاجی عومەری ئەمینی کووڕ هات بۆماڵمـان و وتـی:

هەفتەیەکە ئەمەویٚ بتبینم ودیارنەبووی خۆم هاتم، لەباخەلْی زەرفیٚکی دەرهیٚنا، کەدواتر ژماردم پیٚنج هەزاری سویسری بوو بۆ تەواوکردنی مزگەوتەکە هیٚنابووی.

حاجی عومەر پیاویٚکی بۆخوا سولْحاوبوو پاش سیٚ سالْ لەمزگەوتی بیٚخود لەنویٚژی عەسردا ولەسوژدەدا گیانی سپاردو ئەم دونیا فانیەی بەجیٚهیٚشت.. خوا لەمردووی هەموو لایەك خۆش ببیٚت.. ئامین..

## بەفرو سەهۆلْ:



١٦-٧-٢٠٢٠دوای عەسر لەخزمەتی برای خۆشەویستم مامۆستا بەهادین دا بووم لەمالْە ئاوەدانەکەیان لەگەڕەکی پاشا جەنابیان وتیان:

سالْی ١٩٩٧ مالْمان لەهوانە بوو نەخۆش بووم لەسەرجیٚگا کەوتبووم لەبەرپەنجەرەی ژوورەکەماندا، مانگی شەش بوو، بەهاوسەرم وت: ئەزانی چی خۆشە؟وتی نازانم، وتم: شتیٚ بلْیٚ، وتی: نازانم چی بلْیٚم، وتم: بەفری ئەوشاخە.ئیٚوارە خیٚزانم عەلاگەیەکی بەدەستەوەبوو هاتە ژوورەوە وتی: چی بیٚ باشە؟وتم: نازانم، وتی: بەفری ئەوشاخە.. سبحان الله خوا زوو ئاواتەکەمی هیٚنایە دی، تومەز ئەحمەدی لالە حەمەئەمین باری شەکروچاو بایەعیان بردبوو بۆدیٚکانی بناری قەندیل، جەمالی کاك سەید جەلال دۆستم بوو ئەو بەفرەی قەندیلی دابوویە بۆمی بهیٚنیٚ.

ئیٚوارەیەکی تر گەرمابوو سەهۆلْ دەست نەئەکەوت و گرانبوو، ئاواتی تۆزیٚ سەهۆلْم خواست ئاویٚکی ساردبخۆینەوە، لەنویٚژی ئیٚوارە هاتمەوە سەیردەکەم

سەهۆڵمان بۆهاتووە، تومەز کوڕێکی لای خۆمان لەهوانە بەناوی تەهای خالۆ ڕەشـە لەدوکانی حاجی جەمال لەسولەیمانی ئەو سەهۆڵەیان دابوویە بـۆمنی بهێنـێ.. دواتـر پرسیارم کرد ئاخۆ کێ بـێ بـۆی نـاردبم، بـۆم دەرکـەوت کەسـێك بـۆی نـاردووم کەهەرگیز بەبیرمانەهاتووە شت بۆمن بنێرێت.( وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُـمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ (٦٠)غافر).

## زانایانی کورد:

پەیامی ئیسلام پەیامێکی جیهانیەو بۆهەمووگەل ونەتەوەکانە، بۆیە ئەبینین لەهـەموو لایەکەوەو لەهەموو سەردەمێکدا زانای وا هەڵکەوتوون لەگـەلانی تـر کـە خزمـەتی زۆرگەورەیان بەئیسلام کردووەومێژووی ئیسلام بەشانازیەوە باسیانی تۆمارکردووە.

بۆنموونە زانای کورد هەبووە کە پلەی ئەوەندەبەرزبووە دەیان ساڵ موفتی مەدینـە بـووە. یـان مـەحوی کەلەحـەج دێتەوەلەئەسـتەمبولەوە لەمزگـەوتی ئـەیا سـۆفیا ئامادەئەبێت بۆنوێـژی هـەینی و وتاربێژەکـەی ناتوانێـت وتاربـدات و داوادەکرێـت کەسێك لە جێی وتاربدات کەسوڵتان عبدالحمید ئامادەبووە، کەس زاتی ئـەوەناکات بچێت مەحویەکی خۆمان نەبێت، وتارێك ئەدات هەمووان ئەخاتە جۆش وخرۆشێکی ئیمانیەوە، دواتر سوڵتان ئەیبینێت و داوای لێـدەکات لەئەسـتەنبوڵ بمێنێتـەوەو ببێتـە قازی یان وتارخوێنی ئەیاسۆفیا ئـەویش عـوزری بۆدێنێتـەوەو دڵـی نایـە سـولەیمانی وخانەقاکەی و فەقێکانی بێنازبکات.

هەرچی باسی خوالێخۆشبوو زەڵمی بکرێت کەمە کە سەدام فەرمانی بـۆدەرکرد کەخانەنشـینی نایگرێتـەوەو هەمووتەمـەنی ئـەبێت وانـە بڵێتەوەلەبـەر زانـین و زانستەکەی.

موستەفا پێنجوینیش کـە چـەندەها سـاڵ لەموسـڵ وقەتـەر بـوو، زانایـان شـایەتی زانایەتی بۆئەدەن و قورئانخوێنی بەناوبانگ شێرزاد عبدالرحمان لەپۆسـتێکدا ئـەڵێت: شێخ مستەفا پاش چەند ساڵ غەریبی گەڕاوەتەوە سولـەیمانی هەقە سوود لـەزانستەکەی وەربگرن، قوتابیەکی موسڵی دەڵێ شێخ موستەفا دەیووت هـەچ پرسـیارێك ئەکـەن بیکەن ئەگەرنەمتوانی وەلاَم بدەمەوە دوونمرە ئەدەم بەپرسیارکەر، دەی چی پرسـیاری قورسیان لـە ناوکون وقوژبنی کتێبا بۆدەردەهێنا وەلاَمی لابوو، کەنوورسی رەحمەتیش بەهەمان شێوەبوو خوا زانستێکی لـەدونی وای دابوویە جێی سەرسوڕمان بوو.

دکتـۆر عــەلی قــەرەداغیش خــوا ســەلامەتی بکــات، ئەگــەرزانا نــەبێت ئــاوا لـەسەرتاسەری جیهـانی ئیسـلامیدا و لـەناوهەمووزانایانـدا پلـەپۆسـتی بـەرزی نابێـت لـەیەکێتی زانایانی جیهاندا.. ئەم خواپێداوە زیاتر لـەبیست و پێـنج سـاڵ لـەسـەر ئـەم ئایەتانە وەستا(لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّـــاسُ بِالْقِسْطِ-٢٥ الحديد)( اللَّهُ الَّذِي أَنْزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ (١٧) الشورى )و لـێکۆڵـینەوەی کـرد تـا تـەرازووی تێگەیشـتن لــەقورئان و ئیسلام بەیان بکات و کتێبی (فقه الميزان)ی نووسی کە لــەبواری خۆیـدا دەگمـەن و ناوازەیە..

## حاجی سەعید لۆتاه

پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی رایگەیاند کەحاجی سەعید لۆتاه کەناسـیاوێتی کۆچـی دوایـی کـردووە، ئـەم کەسـایەتیە یەکـەم کەسـە کـە بـانقی ئیسـلامی دوبـەیی دامەزراندساڵی ١٩٧٥ بەهـەموو سـەروەتەکەی کـە شـارەزایانی بـواری ئـابووری ئەیانووت زیان دەکـات، ئنجـا سـاڵی ١٩٧٩ کۆمپانیـای (ایـاك)ی دامەزرانـد بـۆ دڵنیایی، پاشان کۆلـێژی پزیشـکی بۆکچـان دامەزرانـد لـەسـاڵی ١٩٨٦دا پاشـان

کۆلێـژی دەرمانسـازی دوبـەی دامەزرانـد لەسـاڵی ١٩٩٢ دا، کارەکـانی خـوا بەرەکەتی تێخست و سـەرمایەی ئـەو بانکانـە کەهـەزاران لقـی هەیـە سـێ ترلیـۆن دۆلارەو لـەکاتێکدا کەزۆر لـەبانقەکانی جیهان ئیفلاسیان کرد.

خۆزگە ئێمەش ئەو کاتەی ئـەمرین چـێ پەنجەیـەکمان ببێـت لـەم دونیایـەی کـە هەرئەبێت ئەمڕۆ بێت یان سـبەی بـەجێی بهـێڵێن، رەحمـەتی خـوا لـەحاجی سـەعید وپرۆفیسـۆر عـەلی قـەرەداخی و هـەموو ئەوانـەی خزمـەت بـەدینی خـوا دەکـەن لەهەرنەتەوەیەکن و لـەهەرکوێیەك هەن..



**بانگخواز قادر دەرەشیشی:**

ناوبراو ئەڵێت: ساڵی هەشتاکان ئاوارەی ئێران بووین، ئیتیلاعات لەدێیەك دەریان کردم وچوومە دێیەکی تر کەسی وای تیانەبوو چووبوونە گەرمەسێر، قوتابخانەیەکی یەك ژووری تیابوو ئەویش لەگەڵ ماڵی مەلاکەدابوو، خوشکێکی کاکەیی مامۆستای نەهێشتنی نەخوێندەواری بوو، دوایی تێگەیشتم کەخوا منی هێنایە ئێرە بۆئەوەی ئەو خوشکە هیدایەت وەربگرێت وببێتە بانگخوازو بەرپرسی خوشکانی شارێك.

دواتر کەلەوێ نەمام هەموومانگێك سەردانم ئەکردن و یەك دوورۆژێك لایان ئەمامەوە بۆ پەروەردەکردنیان، رۆژێك کەسەرم دان تەنها ۱۵۰۰ تمەنم پێبوو مریشکێکم بە ۵۰۰ تمەن بۆکڕین و بردم بەدیاری ولەدڵی خۆمداوتم: خۆزگە سەریان نەئەبڕی بۆئەوەی لێی نەخۆم چونکە ماڵومناڵم چەندمانگ بوو گۆشتیان نەخواردبوو.



کەبردم وتیان بۆ ئەزیەتت کێشاوە؟ وتم: ئەزیەت نیە، ئەوەبۆئەو مناڵە بابۆخۆی بەخێوی بکات و یاری پێبکات، باش بوو تامن لەوێ بووم سەریان نەبڕی.. کەگەڕامەوە هاوسەرم وتی: فلانە برا تەلەفونی بۆکردووی، قسەم لەگەڵ کرد وتی: نامەیەکت بۆهاتووە، کەچووم وەرمگرت ئەوەی سەیربوو ناونیشانی نێرەری لەسەرنەبوو، تەنها ناوی من و ئەوکتێبخانەیەی ئەوبرایەی لەسەر بوو، مۆری دەرچوونی لەسەر بوو مۆری وەرگرتنی لەسەرنەبوو،

کەئیکەمەوە بیست هەزار تمەن بوو، بەشی کرێی چوارمانگمی دەرکرد، هەردووکمان سەرمان سوڕمابوو باشە ئێران عادەتی وایە ناونیشانی نێرەری لەسەرنەبێت وەری ناگرن ونایینێرن بۆئەوەی ئەگەرنامەکە نەگەیشت بۆخاوەنەکەی بگێڕنەوە، ئەی ئەمەچیەو کێ ناردوویەتی وچۆن هاتووە؟ تێگەیشتم تەنها رزقێکەو خوانادرووییەتی و هەقی بۆکردوومەتەوە کە ئەوەش کەرامەتێك ونازداریەکی بانگخوازانە لای خوای بالآدەست..

**بانگخواز حەنان قطان**

ناوی تەواوی (حەنان ئەحمەد قطان)ە و، کچی بانگخوازی گەورە شێخ (ئەحمەد قطان)ە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٣ی کوەیتە.

ئاستی خوێندن: ماستەر لە الفقه و اصول الفقه

ناونیشانی ماستەرەکەی: (عمل الزوجة واثره علي نفقتهاالشرعية)

ناونیشانە زانستییەکانی:

- پسپۆری فیقهـ و بنەماکانی فیقهـ.
- ڕێگاپێدانی بە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی (ICDL.
- ڕێگاپێدانی بەڕێنموونیی دەرونیی پێگەیاندنی مرۆیی.
- ڕاهێنەری شارەزا لە یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەو بوارنەی کاری تێدا ئەکات:

١- بریکاری خانەی قورئان و زانست شەرعییە لە وەزارەتی ئەوقاف.

٢- خاوەنی پرۆژەی (صاحبە بصمە) بۆ راهێنانی بانگخوازان لە (مەڵبەندی ئامادەکاریی بانگخوازان) لە وەزارەتی ئەوقافی کوەیت ٢٠٠٩-٢٠١٠

٣- مامۆستای ئامادەکرا و بۆ وانەی(ڕۆشـنبیریی خێزانیـی) لـە سـاڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠

٤- ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی پەروەردەی خێزانیی و بەرنامـەی دینیـی و بەرنامەی دەروونیی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی کـەناڵی (اقـرأ، الرسـالة، حیاتنـا و ئیزگەی کوەیت) لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠١٠

٥- ئامادەکـار و ڕاهێنـەری بەرنامـەی تواناسـازییە لـە بـواری ژیـان و زانسـتە ئایینییەکاندا.

٦- راوێژکاری دەروونییە لە مەڵبەندی (ثوابت للإستشارات و التدریب).

٧- ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە خێزانییەکانە ٢٠٠٨-٢٠١٠

٨- مامۆستای زانستە شەرعییەکان و زانستی کۆمەڵایەتیی لە وەزارەتـی ئـەوقاف ١٩٩٩-٢٠١٠

دانراوەکانی:

کتاب: عمل الزوجة ولثرة علي نفقتها الشرعية دراسة فقهية مقارنة -

بەرنامەکانی:

لە کەناڵی (اقرأ و الرسالة)، کە خۆی ئامادەکار و پێشکەشکاری بووە:

١- لمن کان لە قلب، ٣٠ ئاڵقە - ئیمانیی و پەروەردەیی ٢٠٠٦ کەناڵی اقراو.

٢- الملكة -بۆ خوشکان، پەروەردەی پێشبڕکێ بۆ شـاجوانی ئـەخلاق، کـەناڵی اقرأ.



٣- رسالتي، ١٤ ئاڵقـه. پـهروەردەی نەفسـيی بـۆ خوشـكان كـەناڵی الرسـالە ٢٠٠٨

٤- تەراويح، ٣٠ ئاڵقە ئيمانيی و ئامۆژگاريی، كەناڵی الرسالە ٢٠٠٨

٥- رسالە حب، ٣٠ ئاڵقـە، نەفسـيی و رۆحيـی، كـەناڵی الرسـالە. ڕەمـەزانی ٢٠٠٨

٧- سباعيات، ٢٠ ئاڵقە، نەفسيی و شەرعيی، كەناڵی حياتنا ٢٠٠٩

ئەمە بێجگە لەكۆمەڵێ بەرنامە لە ئيزگەی (كوەيـت يـەك) و (كوەيـت دوو) كـە خۆی ئامادەكار و پێشكەشكاری بووە.

سەرچاوە:

سايتی كەناڵی الرسالە_زانا قەرەداغی وەريگێڕاوە.

***

**خۆشنووسەکەی قورئان:**

شێخ عوسمان تـەها سـاڵی ١٩٣٤ لـە حەلـەب لـەدایکبووەو بـاوکی پێشـنوێژو وتارخوێن بووە، لەباوکیەوە فێـری خـەتی روقعـەبووە، زۆربـەی کاتـەکانی مەشـقی ئەکرد لـەسەرخۆشنووسی، باوکی پێی وت: کوڕم گرنگـی بـدە بەخوێندنەکـەت بـا خۆشنووسیت وەك هیوایـەتێك بـێ، خۆناتـەوێ ببیـت بـەحافز عوسمـان کـەقورئانی نووسیوەتەوە.ئەمەزیاتر حەزی نووسینەوەی قورئانی لادروست کـرد، سـاڵی ١٩٦٤ لێسانسی لەشەریعەی ئیسلامیدا تەواو کرد لە سوریا وپاشان دبلۆم عامی تـەواوکرد لە کۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی دیمەشق ساڵی ١٩٦٥.

سـاڵی ١٩٧٣ مۆڵـەتی خۆشنووسـی لەخۆشنووسـی پایەبـەرز حامیـد ئامـەدی وەرگرت.

ساڵی ١٩٧٠ لەسەرداوای وەزارەتی ئەوقافی سوری یەکەم قورئـانی بۆنووسـین، پاشان کەخانەنشین بوو ساڵی ١٩٨٨ لەسەرداوای وەزارەتی ئەوقافی سعودی چووە مەدینەو بەفەرمانی شافەهد گرێبەستیان لەگەڵ کردو لەکۆمـەڵگای شـافەهد بۆچـاپی قورئان کاری کرد.

ساڵی ١٩٨٨ بووە ئەندامی لیژنەی پێشبڕکێی خۆشنووسی کە سێ ساڵ جارێـك لەئەستەنبوڵ ئەکرێت.

چواردە جار قورئانی بەهەموو ریوایەتەکان نووسیوەتەوە لـەماوەی نزیکـەی پـەنجا ساڵداو هەرقورئانێك نزیکەی دووساڵو نیوێکی بردووە ونزیکـەی سـێ سـەدملیۆنی لێچاپ کـراوە، جالەبەرئـەوەی لـەقورئان حـاڵی ئـەبێت، کاتێـك دەسـت ئـەکات بەنووسین کەمێشکی لای هیچـی ترنـەبێ جگـە لەوئایەتانـەی ئەینووسـێت وئاگـای لەدەوروبەری نامێنێت، تەنانەت کەسێك بێت و بچێت یان ژوورەکـەش بگوێزێتـەوە ئەم هەستی پێناکات. کاتێك کەئایەتەکانی خۆشیەکانی بەهەشت ئەنووسێت تـەفاعول

ئەکات لەگەڵیانداو حەزناکات تەواوبن، کەئایەتەکانی سزاو دۆزەخیش ئەنووسێت عەرەق ئەکاتەوەو دڵ ودەستی ئەلەرزن و زۆر لەخۆی ئەکات نووسینەکەی باش دەربچێت. بەشێوەیەکیش ئەنووسێت کەکۆتایی لاپەڕە کۆتایی ئایەت بێت.

خۆی قەڵەمی خۆشنووسی دروست ئەکات و مەرەکەبیش لەبەریتانیاوە دەهێنێت، هەرچی نووسیوە بەدەستی بەدەستنوێژەوە نووسیوونی، بەیانیەکیان ئەچێتە سەرکارەکەی و ئەیەوێت بنووسێت، شێخ عەلی حوزەیفیشی لائەبێت، هەرچی ئەکات قەڵەمەکەی نانووسێت، هەڵیدەوەشێنێت و پاکی دەکاتەوەو مەرەکەبی تێدەکاتەوە بێسوود ئەبێت، هەردووکیان سەرسام ئەبن، شێخ حوزەیفی ئەڵێ بائەو پەنجەرانەدابخەین، دایدەخەن هەرنانووسێت، دوایی بیری دێتەوە دەستنوێژی نیە، ئەچێت دەستنوێژ ئەگرێت و دێتەوە دەست ئەکات بەنووسینی ( الله نور السماوات والأرض...)قەڵەمەکە ڕێکوپێک ئەنووسێت کەئەمەش یەکێکە لە بەسەرهاتە سەیرەکانی ژیانی لەخزمەت قورئاندا.



## بیلبیلەی چاو:




بەڕاستی نوێژ پەرستشێکە گرنگیەکی زۆری هەیە لەژیانماندا، کە ڕۆژانە پاکمان ئەکاتەوەو بیلبیلەی چاوی سەروەرمان بوو، مایەی ئارامی دڵ ودەروونی بوو، دوا وەسێتیشی بوو بۆبڕواداران کە لەدواساتەکانی تەمەنیدا فەرمووی: نوێژەکانتان، نوێژەکانتان.

دکتۆر ئەحمەد بەسام ئەلساعی کتێبی (ادارة الصلاة)ی نووسیوە کە بەڕێز دکتۆر حوسەین کردویەتی بەکوردی وسەنتەری زەهاوی چاپیان کردووە.ئەمە یەکێکە لەوکتێبانەی کەزۆر پێویستە بخوێنرێتەوە تا باشتر ئیدارەی نوێژەکانمان بدەین.

بەکوردی ناوەکەی بریتیە لە(دووبارە دۆزینەوەی پایەی دووەمی ئیسلام).

بەداخەوە زۆرمان نوێژمان ون کردووە بۆیە نمرەی کەم وەردەگرین لەسەر نوێژەکانمان وهەندێکیشمان ڕەنگە هەربدرێتەوە بەسەرمانا، ئەوانەی بەڕاستی دۆستی خوان نوێژەکانیان توێشووی ڕێیانە، دۆستێکی خوا کە زۆربەی شەو بەخزمەت سەروەرمان ئەگات(د.خ)، لەخەوێکیدا سەروەرونووری چاومان پێی دەفەرموێ: من کەنوێژ دەکەم وئەڵێم (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم ) خراپەکانی شەیتان ئەهێنمە بەرچاوم، کە ئەڵێم (الرحمان الرحیم) میهرەبانیەکانی خوا دێنمە بەرچاوم، هەروەها ئەوانەی خوانیعمەتی بەسەرا ڕشتوون و ئەوانەش کە غەزەبیان لێگیراوەو ئەوانەش کەسەرگەردانن هەموویان بیریان لێدەکەمەوە، ئنجا نوێژێك ئەکات لەبەرچاوی و ئەفەرموێت: لەوە کەمتر لێ قبوڵ ناکەین.. ئەو برادەرە وتی: بەیانی کەهەستام و نوێژی بەیانیم بەو جۆرە کرد شتێکی تربوو.

### مامۆستا مەلاجەمیل کۆچت بەخێربۆلای خواوپێغەمبەری خوا:

مامۆستا کاتێ فـەقێ دەبێـت لـەقەلاَلـەهـەولێر، رەمـەزان بـووەو تـازە لەلـەرزوتا چابووبۆوە، زۆر حەزی لـەکەباب دەبێ کە شیششی بچووك بەدەفلس و گەورەش بە بیست فلـس بـوو،، پـارە ئـەدات بـەبرای فەقێیەکـەی کەلەگەلێیانـدابوو کەبچـێت لـەکەبابخانەیەکی دەرەوەی قەلاَ سینیەك کەباب بێنێت، برای فەقێکـە بەدەسـتی بـەتاڵ دێتەوەو ئەڵێ دوکانی نەبوو، ناچار مامۆستا ئەیـەوێت سـاوەرێك لێبنێـت.. کاتێـك ئەزانن دوای نوێژی ئێوارەکەسێك سـینیە کـەبابیان بـۆدێنێ و ئـەڵێ موحسـین ئاغـا ناردوویەتی، ٣٦ کەباب و بیست نان بووئەمانیش سێ کەس بوون، ئێوارەو پارشـێو لێ دەخۆن تەواو نابێت..

مامۆستا نەئەسرەوت، بەیانیان و نوێژەکانی تر بەپێ بیست خولـەك رێی دەکرد بـۆ مزگەوت، ئەڵێ: بـاوکم هـەرگیز لەماڵـەوە نوێـژی نـەکردووەو وتوویـەتی پیـاوێ پیاوبێت لـەسەر بـەرماڵی ژنـان لـەماڵـەوە نوێـژناکات، بەمـەرجێ بـاوکی جووتیـارو نەخوێندەواربووە.

مامۆسـتا نابینـایی نـەبووە بـەرێگر لـەبەردەمیـدا کەسـالاَنی هەشـتاکان شـریتی وتارخوێنی میسری(عبدالحمید کشك) ئەگەیشتە هەولێر یەکەمجار ئەچووە لای ئـەو و ئنجا کۆپیان ئەکردو بلاَوی دەکردەوە کەدیارە زەمانی بەعس یاساغ بووە.

مامۆستا خەمی پڕۆژەی فێرکردنی قورئـانی بـوو کـەبۆ جـەنابی پرۆفیسـۆر عـەلی قەرەداغی باسدەکات، ناوبراو زۆر بەدڵی ئەبێت و ئەڵێت: ئێستا تێگەیشـتم کەئەمـە ئەو خەوەیە کەبینیومە، درەختێکی لقو پـۆپ داری گـەورەم بینـی گـەلای گـەورەی گرتبوو لـەژێر هەرگەلاَیەکیشدا شانەی هەنگوین هـەبوو.. ئـەوەبوو پـڕۆژەی (اقـرا) خرایە سەر سکەی خۆی..

هەردوێنیٚ کە مامۆستا وەفاتی فـەرموو برایـەکمان خـەوی بینیبـوو کـە مامۆسـتا وەفات ئەکاو کاتێك ئەیانەوێت بیخەنە سەرشان ئاسمان شینایی نامێنێت هەموو ئەهلی ئاسمان هاتبوونە پێشوازی..

خوایە ئێمە گومانی باشمـان بـەو بـانگخوازە نەبەردەیـە کەهەمووتەمـەنی خزمـەتی قورئانی کردووە وسەری بـۆ دەسـەلآتداران و دونیاپەرسـتان شـۆڕنەکردووە و، دوا وتەی ژیانی ئەوەبووکەوتی: شەیدای دیداری خوام، ئەوسـیرەی ئـیبن ئـوم مـەکتومی زیندووکردەوە کەلەقادسیەداوتی: ئالآکە بدەنە دەستم من سەنگەرەکەم چـۆڵ ناکـەم ونابەزم چونکەنابینام بەڵکو شـەهیدببم، ئەوەبووشـەهیدبوو.. پشـت بـەخوا بێجگـە لەهـەولۆ ماندووبوونـەکانی مامۆسـتا نەخۆشـی شێرپەنجەکەشـی شـەهیدیە.. خـوا یارمەتیمان بدات کە هەموو لەهەوڵدابین جێـی پڕبکەینـەوەو نەیـەڵێن ئـالآی ئیسـلام بکەوێتە سەرزەوی.. (انا لله وانا الیە راجعون)..



## دوعا قبولٚ بوون:

خێزانم قوتابیەکی مامۆستا جەمیل بوو سەر ئێشەیەکی توندی هـەبوو قورئـانی پـیٚ لەبەرنەدەکرا! داوای لە مامۆسـتا کـرد دوعـای بەسـەر دابخوێنێـت وە مامۆسـتاش

بەسەری داخوێند، دوای ماوەیەك شەوێکیان خێزانم بە خزمەت پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم گەیشت! پێی فەرموو: چیت دەوێت ئەویش داوای دوعای لێ کرد پێغەمبەریش صلی اللە علیە وسلم پێی فەرموو ئەدی مامۆستا جەمیل دوعای بۆنەکردی؟ ئەویش وتی بەڵێ کردی، ئینجا فەرمووی مامۆستا جەمیل داوای هەرچی بکات لەلای خوای گەورە ڕەد ناکرێتەوە!!

دواتر چووینە لای ویستمان ئەوەی بۆبگێڕینەوە، چەندکەسێکی لابوو نەیهێشت باسی بکەین، چووین بۆ ژوورێکی تر بۆمان باس کرد ئەوەندە گریا بەزەییمان پێدا هاتەوە، دەیووت ئەمن چیم هەتا دوعام قبووڵ بێ لای خودا، لەکۆتایی ئێمە پەشیمان بووینەوە بۆمان باسکرد چونکە زۆر زۆر پێی تێك چوو، زۆر کاریگەری هەبوو لەسەری. لەئەکاونتی م. عادل کریم.

ئەونابینا نەبوو....

بیستوحەوت ساڵ لەمەوبەرلەتەمەنی چاردە سالیداو لەساڵی ١٩٩٣ بۆیەکەمجار لەماڵە بچوکەکەی خۆی لەهەولێر کەبریتی بوولە زانکۆیەکی گەورەی پەروەردەی هزریو ئەخلاقیو فێرکردن بەدیداری ئەو پیاوە نورانیە شادبووم!!

هیچ ڕۆژێك نەبوو بەمەبەستی لەبەرکردنی قورئانو خوێندنی تەفسیر دەیان گەنجو لاوی تازە ڕوو لەو مەڵبەندە نورانیەنەکەن، ڕۆژانە ماڵەکەی جمەی دەهات لەقورئان خوێنان، تەنانەت زۆرجار دەوەستاین تا ئەوانەی پێش ئێمە خەلاس دەبوون و نۆرەی ئێمە دەهات، ئەمە جگەلەومەرکەز تەحفیزەی هەمان ساڵ کردیەوەو بەدەیان قوتابیش لەوێ فێری تەجویدو تەفسیرو لەبەرکردنی قورئان دەبوون!

ڕۆژێکیان لەکۆڕی دەرس خوێندن ولەبەرکردنی قورئان دانیشتبووین سورەتی" مجادلە" مان لەبەردەخوێندەوە.

یــــەکێك لەقوتابیـــەکان واجبەکـــەی دەرخ نـــەکردبوو ئـــەویش جوزئەکـــەی کردەوەوچـەند ئایـەتێکی سـەرەتای سـوڕەتەکەی لەسـەر جوزئەکەخوێنـدو ویسـتی تاکۆتای بڕوا..

بەڵام مامۆستا کەمەسافەیەکیش دووربوو یەکسەروتی " کـوڕی خـۆم جوزئەکـەت قەپاتکەوە ئەوجابخینە"

لەوڕوژەوە زانیم ئەوپیاوە نورانیە ئەهلی قەلبەوهەموو شتێك بەچاوی دڵ ئەبینێ!!

درووود بۆگیانی پاکـت مامۆسـتای خەمخۆرودڵسـۆز روحـت شـادبێ بـەکاروانی پێغەمبەرانو پیاوچاکانو جێگات فیردەوسی ئەعلابێت.... مەلا ڕەسول سیتکانی

سەرکەوت بالیسانی ئەڵێت:

دوای ئەوەی لە ١٩٩٥/٥/١٥ بۆ یەکەمجار لەلایەن ڕابیتەی ئیسلامی کـورد و بەسەر پەرشتی بەڕێز پڕۆفیسۆر دکتۆر (علی قەرەداغی) و بـەڕێز خوالێخۆشـبوو (م. جمیل عەلی) مەرکەز تەحفیزی ئەوکات و ڕێکخراوی اقراوی ئێستا بـۆ لەبـەرکردنی قورئانی پیرۆز کرایەوەو بووە مایەی پێشوازییەکی زۆر و گـەرمووگوڕی قوتابیـان ی ئەوکات و پێشوازی گەرمی لێ کرا، سـوپاس بـۆ خـوا بەنـدە سـاڵی ١٩٩٥ وەك قوتابیە سەرەتاکانی مەرکەزی لەبەرکردنی ئەوکات بـووین بـە قووتـابی ئـەو شـوێنە پیرۆزە.

ئەوەی من لـەو چەند دێـڕە دەمـەوێ باسـی بکـەم تـەنها مەشـهەدێکی بچـووکی ڕۆژانێکی ئەو ساتانەیە..

بەندە ئەوکات جارجارەو دانە دانە جگەرم دەکێشا، ڕۆژێکیان کە چوومە دەومـی مەرکەزی لەبەرکردنی قورئان و چوومە ژوورەوە بەڕێز خوالێخۆشـیی م. مـلا جمیـل لەگەڵ سێ لە قوتابیانی قورئان دەرس و دەوریـان دەکـرد کـە چـووم دوای سـڵاو منیش دانیشتم، مامۆستا فەمووی: بۆنی جگەرە دێ، کـاك..... لـە تەنیشـتیەوە بـوو فەرمووی کاکە فلان تۆ جگەرەت کێشاوە؟ کاك...... نەخێر بە ئەوەی تری فـەموو

ئەی تۆ؟ ئەویش ووتی نەخێر، به کاك...... ی سێیەمی فـەرموو: ئـەو بۆنـە لـە تـۆ دێت؟ ئەویش وتی نەوەڵا مامۆستا من قەت جگەرەم نەکێشاوە، مامۆستا ڕوو بۆ لای من سوڕاند فەرمووی ناکا تۆ جگەرت کێشابی، منیش نەمکردە دوودڵی گوتم بـەڵێ مامۆستا ئەوە بۆن جغارەیە لەمن دێت، دەبێ وەڵام و کاردانـەوەی جـەنابی مامۆسـتا چی بووبێ کە بزانێ قوتابیەکی قورئان جغارە بکێشێت جا کەم یا زۆر؟؟؟

مامۆستای ڕەحمـەتی دوای ئـەوەی کـە مـن گـوتم بـەڵێ مـن جگـەرەم کێشـەوە دەستێکی بە ڕیشی پاکی داهێناو فەمووی: الحمدلله الحمدللـه... زۆرمـان لا سـەیر بوو مەبەستی چیە لە وتنی الحمدلله..

دوای تەواو بوونی دەوامی مەرکـەز تـەحفیز بـانگی ئیـدارەی کـردم و فـەمووی دانیشە کوڕم، فەرمووی کەپرسیارم لە کاك فلان و فـلا و فـلان کـرد وتیـان بـۆنی جگەرە ئێمە نین زۆر ترسام تۆش بلێ من نیم، و گومانی (درۆ) لە چوارکەس بکـەم. بەڵام کە خۆت دەرخست و اعلانی کارەکەت کرد سوپاسی خوام کرد هەم لەسـەر ئەوەی گومانی ناڕاستی لەسەر چوار قوتابیەکانم نەما و سوپاسی خوداشـم کـرد کـە هەر زۆر ئاسایی وتت منم جگەرەم کێشاوەو منت لەو دۆخە دەرهێنا.



چونکە بەڕاستی مامۆستای ڕەحمەتی هەر وەك مامۆستایەکی ئاسایی نەبوو بـۆ ئێمـە بەڵکو مامۆستا بوو، پەروەدەکار بوو، ڕاهێنـەربوو لەسـەر هـەموو بـەها جوانـەکانی

ژیـان، وەك بـاوكێكی بـە بـەزەیی و دڵسـۆزێكی هـەموان بـوو، بـە ئامۆژگارییـە جوانەكانی و قسەو خەندەو ووتە خۆشەكانی نەیدەهێشت هیچ كـات بەرامبەرەكـەی هەست بە بێزاری بكات..

ــ وێنەكە گەشتێكی قوتابیانی (اقرأ) بۆ لـەبەركردنی قورئانی پیرۆز.

## ئەو دیمەنەی خۆم بینیم:

دوای نوێژی مەغریب بوو خەریكی نانخواردن بوین لـەدەرگامان درا كەچوم كردمەوە سێ ئەفەندی لـەبەردەرگا وەستابون دوای سەلامكردن گۆتیان ئافرەتێكمان هێناوەو نەخۆشە دەمانەوێت مامۆستا ببینێت ! منیش گوتم بردیتانە دكتۆر یان خەستەخانە ؟ گوتیان شوێن نەماوە پێمان نەكردبێت !!بابم ئاگادار كردەوەو گوتی بابێنە ژورەوە. . گوتمە پیاوەكان نەخۆشەكە بێنن گوتیان ناتوانین بیهێنینە ژورەوە ئاگای لـەخۆی نیە دوای ئەوە بابم خۆی هاتە دەرەوەو بەخێر هاتنی كردن گوتی ئەو ئافرەتە چیتی ؟ گوتیان مامۆستا ئەو ئافرەتە دوای ئەوەی منداڵی بوو ئەوە یەك هەفتەیە لـەهۆش خۆی چوە تا ئێستا بەئاگا نەهاتتەوە ! بابم گوتی بردیتانە دكتۆر یان خەستەخانە ؟ گوتیان ئەوەی دكتۆر و خەستەخانەبێت پێمانكردوە كەس سەری لێدەرنەچوە !دوایین دكتۆر بەئێمەی ڕاگەیاند كە هیچ نەماوە بۆی نەكەن و لـەلایەنی پزیشكی هیچ كێشەیەكی نییە ! پێم باشە ببەنە لای مامۆستا جەمیل ئێمەش وا هانامان بۆتۆ هێناوە ئێستاش وا لـەناو ئەو سەیارەیەو هیچ ئاگای لـەخۆی نیە!

دەستی بابم گرت و بردمە لای ژنەكە كەپاڵكەوتبوو لـەناو سەیارەكە دیاربوو لـەهۆش خۆی چوبوو، بابم دەستی لـەسەر سەری دانا نزیكەی چارەگێك قورئانی لـەسەر خوێند ژنەكە هێدی هێدی چاوەكانی دەكردەوە وەختەك هێزی دابەرەخۆی

دانیشت دیاربوو دەیگۆ چیدەکەم لێرە کەسوکارەکەی لەگەڵ ئەوەی شاگەشکە ببون بابمیان پێناساند، دوای ئەوەبابم هەندەك قسەی خۆش و دوعای بۆ کرد عەیی نەما ! ئەو سێ کەسەی لەگەڵ ئافرەتەکەی هاتبون بابمیان لەباوەش گرتبوو دەیانگوت مامۆستا هەرچی بیلێیت ئێمە حازرین بەس قسەی بکە ؟ بابم گوتی بەس دوعای عاقیبەت خێریم بۆ بکەن و خواحافیزتان بێت. . ئەوەندە بەکەیف خۆشی ڕۆیشتن هەتا ڕۆیشتن هەر دوعای خێریان دەکرد!

هەزاران ڕەحمەتت لێبێت پیاوی قورئان. د. بوخاری جەمیل



## ئەزموونی ژیان

زۆرم لەخواداواکرد نەیدامێ، نەدانەکەی لوتکەی بەخشین بوو،فێربووم کەئەوەی ئەمەوێت داوابکەم و قایلیش بم بەوەی ئەو دەیەوێت و ئەمداتێ. هەمیشە ویستی ئەو خێری پێوەبووەو ویستی منیش ئەگەر ببوایە بەرەو شەڕی ئەبردم.بەردەوام خوا

دەستم ئەگریٚ بەرەو خێر تا دڵنیابووم کەئەو خوایە لەهەموومیهرەبانەکان میهرەبانترە.

شوێنێکی جەستەم نەماوە تیغی نەشتەرگەری بەرنەکەوتبێت، تێگەیشتم ئەوەش خێربوو تا ناوبەناو بەخۆمدا بچمەوە، من جۆرێك کەنارگیربووم، دیارە تۆوێك تا نەچێتە ژێرخاکەوە چەکەرەناکات و سەوزنابێت.رەحمەتی خوا لە دکتۆر مستەفا مەحموود..

**پڵنگی بیابان:**

هەریەکەمان واین لەسەنگەرێکی ئیسلامدا لەبەرامبەر ئەو هەموو دوژمنەی چاویان بڕیوەتە ئیسلام، وریابە لای تۆوە کونمان تێنەبێت و دوژمنان زەفەرمان پێنەبەن، ئەبوبەکرخوا لێی رازیبێت دوای وەفاتی سەروەر (د.خ)فەرمووی: چۆن دین کەم بکات و من زیندووبم، کارێکی کرد بەهەڵگەڕاوەکان، ئەبوهورەیرە سیٚ جار سوێندی خوارد و وتی: هەولٚوهیممەتی ئەبوبەکر پاش فەزلٚی خوا ئەم دینەی هێشتەوە.

کاتێك شۆڕشی بەناوعەرەبی بەفیتی ئینگلیز دەوڵی عوسمانیان رووخاند، مەندوبی سامی بەریتانی(ویجنت)لەمیسر نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆئەمیری مەدینە(فەخرەدین پاشا)ی عوسمانی نارد و وتی: عوسمانیەکان لەهەمووشوێنێك شکاون، شارەکە بە بەدەستەوە هەرخوێنێك بڕژێت تۆ بەرپرسیاری، ئەویش کە نازناوی پلنگی بیابان بوو بۆی نووسیەوە:بۆ ویجنت لەمیسر، من موحەمەدیم،من عوسمانیم،من سەربازم،من کوڕی بالی بەگم )واتە: خۆم نادەم بەدەستەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم حەوت

مانگ بەرگری کردو وتی: ئەو خاکەی کە پێغەمبەری خوای تیائەسپەردەکراوەنایدەمە دەست کافری بیٚ دەستنویٚژ..

بەداخەوە بەخیانەتی سەرکردە عەرەبەکان وتەقاندنەوەی هیٚڵی شەمەندەفەری حیجازو بەنەمانی ئازووقەوتفاقی جەنگ و پاش بەرگریەکی کەم وێنە کەئینگلیزەکان ناویان نابوو( پڵنگی تورکی)، ناچار خۆی دا بەدەستەوە وئامادە نەبوو لەمەدینەبچێتە دەرەوە بەهەڵگرتن هەڵیان گرت و بردیانە خێمەیەك لەدەرەوەی مەدینە..پاشان سیٚ ساڵ دیل بوو لە(ماڵتا)وئنجا کەئازادکرا بووە باڵویٚزی تورکیا لەئەفغانستان.

ئیسلام قارەمانی وادرووست ئەکات کە تادواهەناسە سەنگەرەکەی چۆڵ ناکات ئەگەر رۆحی خۆشی داناوە ، دڵنیام بەسەربەرزی و رووسووریگەیشتۆتەوە بەسەروەرمان ساڵی ١٩٤٨و شکاتی حاڵی بیٚ حاڵی موسڵمانانی لاکردووە بەدەست خیانەتکارانەوە..



**تۆنامریت:**

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص (خوا لێی رازی بێت)لەبەنی زوهرەبوو، دایکی خۆشەویستیش (د.خ) لەهەمان عەشرەت بوو بۆیە خۆشەویست سەعدی بەخاڵوانی خۆی دەزانی، سەعد سێیەم کەس بوو لەحەڤدە ساڵیدا موسڵمان بوو بەهۆی ئەبوبەکرەوە، ئەبوبەکر خوا لێی رازیبێت پێنج کەس لەدەکەسە مژدەپێدراوەکەی بەهەشتی هێنا بەرەو ئیسلام.

سەعد لەحەجی ماڵئاواییدا نەخۆش کەوت وئەترسا لەوشوێنەی هیجرەتی کردووە کە مەککەیە بمرێت، خۆشەویستمان دڵنیای کردەوەو فەرمووی: تۆ دەمێنیت تا کەسانێك سوودمەندئەبن لێت و کەسانێکیش زەرەرمەند، خوایە هیجرەتی هاوەڵانم تاسەربێ و پاشگەزنەبنەوە).

ئەم هەواڵەی خۆشەویستمان (د.خ)هاتەدی و سەعد زیاتر لەچل ساڵی تر ژیاو ساڵی ٥٤ یان ٥٨ ی کۆچی وەفاتی کرد، هەمووئەو تەمەنەشی بەخت کرد بۆئیسلام و سەرکردایەتی سوپای قادسیەی کرد و سەرکەوت بەسەر فارسەکاندا.

ئەم هەواڵەش یەکێکی ترە لەبەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی ئەو سەروەرە(د.خ)، سەعد لەم نەخۆشییەیدا ویستی هەموو ماڵەکەی ببەخشێت، پێغەمبەر (د.خ)فەرمووی: تەنها یەك لەسەرسێی ماڵت ببەخشە بامناڵەکانت (کەتەنها کچێکی هەبووە)دوای خۆت ئاتاجیان بەکەس نەبێت و ئەوەش کەئەیبەخشیت بیدە بەخزمەکانت.

***

**وەلاَمێکی پێویست:**

ناحەزانی ئیسلام ئەڵێن: چۆن قورئان لەشوێنێکدا ئەڵێت ئاسمانەکان و زەوی لەشەش رۆژدا بەدیهێنراون و کەچی لەشوێنی تردا حسابی بکەیت هەشت رۆژ ئەکات: ئایەتەکان ئەمانەن کەباسی ئەو رۆژانەیان کردووە:

(قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ * وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ *ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ اِئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ * فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ) [فصلت: ٩-١٢].

لێرەدا ئەفەرموێت: لەدوورۆژدا زەوی بەدیهێناوە، لەچواررۆژدا رزق و رۆزی تیاداناوە بەجۆرێك بۆژیان دەست بدات(ئەم چوار رۆژە پەیوەندی بەبەدیهێنانەکەوە نیە )، ئنجا خوا کەئاسمانەکانی پێشتر درووست کردبوو کردنی بەحەوت ئاسمان لەدوورۆژدا(ئەم دوورۆژەش باسی بەدیهێنانی ئاسمان نیە ).

ناحەزان ئەڵێن ئەوەتە: دوورۆژی بەدیهێنانی زەوی و چواررۆژی دانانی رزق و رۆزی و دوورۆژی تر بۆ کردنی ئاسمان بەحەوت ئاسمان کۆی بکەوە ئەکاتە هەشت، کەچی لەم ئایەتەدا ئەفەرمویّ ئاسمانەکان و زەویمان لە شەش رۆژدا بەدیهێناوە( الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ) السجدة: ٤).

ئێمەش ئەڵێین قورئان باسی بەدیهێنانی ئاسمانەکانی نەکردووە کەچەند ڕۆژبووە بەلاٚم وەك لەئایەتەکەدا دیارە کە زەوی و ئاسمانەکان بەشەش ڕۆژ بەدیهێنراون، دووڕۆژیش باسکراوە کەبەدیهێنانی زەویە ئەگەر لەیەکیان دەربکەین کەواتە ئاسمانەکان بە چوار ڕۆژ درووست کراون..کەواتە قوناغەکان ئاوان:

-بەدیهێنانی ئاسمانەکان لەسەرەتادا کە چوار ڕۆژبووەو قورئان باسی ناکات خۆمان دۆزیمانەوە بەوەی کەشەش ڕۆژەکەی هەمووی دووڕۆژی زەویمان لێدەرکرد.

-بەدێهێنانی زەوی بە دووڕۆژ.

-دانانی رزق و ڕۆزی بەچوار ڕۆژ کەوای لێبێت مرۆڤی تیابژی. .ئەمەیان نافەرموێ (بەدیهێنان و دروستکردن و خەلقە، ئەفەرموێ (وقدر فیها أقواتها)).

-خواوەندئاسمانەکانی خەلق کردووە پێشتر بەدووڕۆژ ئەیانکات بەحەوت ئاسمان ئەمەش باسی (خلق)ناکات بەڵکو ئەفەرموێت (فقضاهن سبع سماوات) ).

تەعبیراتی قورئان زۆر وردن و ئەستەمە دژبەیەکیان تیابێ چونکە بەزانستی بێپایانی خوا دابەزیون، ئەوەی باسی (خلق) ە شەش ڕۆژە، ئەوانی تر دانانی رزقو ڕێکخستنی زەوی و کردنی ئاسمان بەحەوت ئاسمان  مەسەلەیەکی ترن، بیریشمان نەچێت ئەو ڕۆژانەرۆژی ئاسایی نین قورئان چواردە سەدەزیاترە کەئەفەرموێت ڕۆژ هەیە هەزار ساڵەو هەیە پەنجا هەزار ساڵ و دیارە هی تریش هەیە، کەتەنها خوا بۆخۆی ئەزانێت ئەو شەش ڕۆژە چەند ملیۆن یان ملیار ساڵ بوون..جا ئەگەر ئەم قورئانە لەخواوە نەبێت کەسێکی نەخوێندەوارسەلاٚت و سەلامی خوای لەسەر بێت لەو زروف و زەمانەدا چۆن ئەتوانێت باسی شتی وابکات، کەئاسمانەکان وزەوی چۆن بەدیهاتوون و ئنجا ڕۆژهەیە بیست وچوار سەعات نیە بەڵکو هەزاران ساڵە؟؟.

سوپاس بۆخوا کتێبخانەی کوردی ئێستا دەیان کتێبی تیایە وەڵامی گومانی ناحەزان و مولحیدان ئەدەنەوە وەك کتێبی(بەڵێ قورئان پارێزراوە)و، چەند پەیج و ئەکاونتیش هەن کە تایبەتن بەو کارە، کەهیوادارم سوودیان لێببینن. .

## ئیلحاد چۆن درووســـت بوو؟

تا پێنج سەد ساڵ لەمەوبەریش سەرچاوەی فێربوون و زانست لە ئەوروپا کتێبی پیرۆزیان بوو (واتە: تەورات و ئینجیل)، تەورات دوای هەشت سەد ساڵ دەماودەم گێڕانەوە نووسرایەوەو ئینجیلیش دوای نزیکەی سەد ساڵێك نووسرایەوە و هەردووکیان بەو زمانە نەنوسرانەوە کە پێی هاتبوونە خوارەوە، بۆیە بەهەزاران هەڵە و دژ بەیەکی و ناڕاستیان تیایە کە حاشا ئەوانە کەلامی خوا نین، پەیمانگای ویستار لە ئەمریکا پاش چەند ساڵ دیراسەکردنی ئینجیل لەلایەن دووسەد زانای بواری جۆراو جۆرەوە ڕایان گەیاند کە ١٦٪ ی ئینجیل ڕاستەو هی خوایە و لە٨٤٪ی دەست هەڵبەستە.

کەنیسە دەستی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگەدا قسە قسەی ئەوبوو، بیرو بۆچوون هی ئەو بوو با هەڵەش بووایە، کەنیسە دەیووت: زەوی چەقی گەردونە و زەوی ناسوڕێتەوەوخۆرو مانگ و ئەستێرەکان بە دەوریا دەسوڕێنەوە و زۆر شتی تر، کاتێك بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە زۆر ڕاستی دۆزرانەوە کە پێچەوانەی بیروبۆچوونی کەنیسە بوون، کەنیسە کەوتە دژایەتی کردن و تەنانەت چەوسانەوەو کوشتن و بڕینی ئەو زانایانەی کە ڕای جیاوازیان هەبوو.

بەمە زانست بووە دوژمنی کەنیسەو تەییاری بیٚ دینی دروست بوو، سەدان ساڵ کیٚشمە کیٚشمی نیٚوان ئاین و ئیلحاد لە ئەوروپادا دریٚژەی کیٚشا کە هەندیٚکیشی گواسترایەوە بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان و کەسانیٚك دەیانویست هەمان بەزم لیٚرەش سازبکەن. پاشان بەهۆی پیٚشکەوتنی خیٚرای زانستەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر سەلما بۆ زانایان و بۆ خەڵکی کە ئەم بوونەوەرە خوایەك دروستی کردووە کە نەخشەسازییەکی زۆر زۆر وردی بەکار هیٚناوە لەهەموو دروست کراوەکانیدا.

بۆنموونە ئەگەر زەوی و خۆر تۆزیٚك گەورەتر یان بچوکتر بوونایە، یان ئەگەر نزیکتر بوونایە لە یەکتری، زەوی و چی تیایە دەسووتان، یان ئەگەر تۆزیٚك دوورتربوونایە لە یەکتری ئەوە زەوی و چی تیایە دەیان بەست. بەمەش لەسەدەی بیست و بیست ویەکدا گەڕانەوەیەکی ئاشکرا هەست پیٚدەکریٚت بەرەو ئیمان بوون بەخوا کە (واجب الوجود) ەو تەنانەت مامۆستاو سەردەستەی مولحیدەکانی دونیا ئەنتۆنی فلۆ  کە سەرسەختترین مولحید بووبرِوای هیٚنا بە بوونی خواوکەجارن ئەیووت خوانیە کتیٚبیٚکی دەرکرد کەخوا هەیە وکراوە بەکوردی بەناوی گەشتی عەقڵ.



**تكايه بخوێننەوەو پرسياربكەن:**

ناحەزانی ئيسلام ئەزانن لاوانمان ناخوێننەوەو ناگەڕێن بەدوای راستيەکاندا بۆيە گومانی بیّ بنەمای پڕ چەواشەکاری بلاّودەکەنەوەو گەنجێکی دۆنەديويش وەك توتی ئەيلێتەوە بەبیّ ئەوەی ديراسەی تەورات و ئينجيل و قورئانی کردبێت تا بزانێت هەق لەکوێدايە.

ساڵی ۱۹۸۵ لەئەمەريکا سی زانای بواری لاهوت پەيمانگای ويستاريان دامەزراند بۆ ئەوەی بزانن چەندی ئينجيلەکان کەلامی خوان، پاش چەند ساڵ لێکۆلێنەوە، کە دواتر ژمارەی زانيان لەگشت بوارەکاندا کەبەشداربوون لەو پەيمانگايە گەيشتنە دووسەد زانا..ئەمانە ئەنجامی ديراسەی خۆيان بلاّوکردەوە کە لەسەدا شانزەی ئينجيل هی خوايە و لەسەدا هەشتاوچواری کەلامی خوانيەوهەلّبەستراوە.

ئنجا ديارە حاڵی تەورات لەوباشتر نيەو پڕە لەبیّ ئەدەبی بەرامبەر پێغەمبەران سەلامی خوايان لێبێت، هەروەها بەرامبەر بەخوا خۆشی کوفری ئاشکرای تيايە، وەك ئەوەی کەخوا پەشيمان بۆتەوە کەمرۆڤی بەديهێناوە، يان زۆرانبازی کردووە، يان کە حەزرەتی لوط کچەکانی سەرخۆشيان کردووەو فاحيشەيان لەگەڵدا کردووەو هەزاران شتی تر کەزانايان ئەڵێن زياتر لەپەنجا هەزار هەڵەی تيايە. .جا قورئانێك کەهەرلەسەرەتاوە بەتەحەداوە ئەفەرموێت( لاريب فيه) (ولوكان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافا كثيرا).قورئان چونکە لەخواوەيە دژبەيەکی و هەڵەی تيانيە، ئيتر چۆن لەتەورات و ئينجيلەوە شتی وەرگرتووەکە پڕن لەهەڵە، ئەوە عەرزوئەوەگەز فەرموو بيسەلمێنن بزانين چی وەرگرتووە(قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين).

سالآنی حەفتاکان ئێمە گومانمان ئەبیست و سەرچاوەی باش و سۆشیال میدیامان لەبەردەستدا نەبوو، من وەك گەنجێکی موسڵمان لەدڵی خۆمدا ئەمووت: خۆزگە رۆژێك مامۆستا محمد قوتبم ببینیایەو هەندێ پرسیارم لێبکردایە !! سوپاس بۆخوا ئێستا زانایان لەسەرتاسەری دونیادا لەبەردەستان وخۆیان و وتارو کتێبەکانیان، من بۆخۆم پرسیارێکم هەبوو لەدکتۆر زەغلول نەجارم کردو وەڵامیشی دامەوە، بۆیە بیانوو بۆکەس نەماوەتەوە تکایە بخوێننەوەو پرسیاربکەن ئیسلام بێگومان راستترین رێی خوایەو گومانی ناحەزان سەرقاڵتان نەکات.وێنەی پەیمانگای ویستارو دروشمەکەیان.



ئەم بوونەوەرە بەوردەكارى و ديقەتێكى سەرسوڕهێنەر بەديهێنراوە، ئەم هەموو گەلـەئەستێرەيە كەمليارەهان و هەريەكەشيان بەمليارەها ئەستێرەيان لـەخۆگرتووەو هەموو انيش نەك جوولـّەيەك چەندجوولـّەيەكيان هەيە، كێ لـەوبوونەوەرەدا رايگرتوون خوانەبێت (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَنْ تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ (٦٥)الحج)( إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَنْ تَزُولَا وَلَئِنْ زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (٤١)فاطر).

ئەگەر خۆرومانگ نزيكتر يان دوورتر بونايە لـەزەوى ژيان نەدەبوو، جائەوەى سەيرە كەخۆر مليۆنێك و سێ سەد هەزارجار لـەزەوى گەورەترە، كەچى لـەئاسمان مانگ وخۆر بەيەك قەبارە ئەبينين كەمانگيش زۆر لـەخۆر بچووكترە، ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە كەدوورى خۆر لـەزەويەوە چوارسەد ئەوەندەى دوورى مانگە لـەزەويەوە، ئەم دووريە خوانەبێ كێ ئاوا بەحساب داينا؟( الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ (٥) وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ (٦) وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ (٧)الرحمان)..

**ابا بەخشينەكانمان بەجوانترين شێوەبێت**

شێخ "على تەنتاوى" دەڵێت: –

ڕۆژێكيان كچەكەمم بينى، هەندێك برنج و فاسۆڵياى لـەسەر سينييەك داناو دواتريش يەك دوو تەماتە و خيارى خستەسەرى و لـەگەڵ هەندێك برێشكە.

منيش ڕووم تێكردوو پێم گوت ئەو خواردنە بۆ كوێ دەبەيت ؟

ئەويش وتى: – باپيرم داواى لـێكردووم بۆ پاسەوانى بەردەم شوقەكەمانى ببەم.

منیش پێمووت: – باشه بۆچی بەو شێوەیە دەیبەیت !؟

هەر ئێستا برۆ برنج و شلەکە جوان بڕازێنەوەو تەماتە و خەیارەکەش وردکە و هەر یەکەیان بخە ناو قاپێکی تایبەتی و ئەمجا کەوچك و چەتاڵێکی جوانیش لەسەر سینیەکە دانێ لەگەڵ پەرداغێك ئاوی ساردیش.

کچەکەشم بە قسەی کردم و سینیەکەی جوان ڕازاندەوە و ئەمجا بۆ پاسەوانەکەی برد.

کاتێك کە گەڕایەوە وتی: – بۆچی خواردنەکەت بەو شێوەیە پێ ناردم ؟!

منیش وتم: – کچی خۆم بەخشینی خواردن سەدەقەیە بە "پارە"،بەڵام ڕازاندنەوەی خواردنەکە سەدەقەیە بە "سۆز".

یەکەمیان گەدە تێردەکات، بەڵام دووەمیان دڵ تێر دەکات.

لە یەکەمیاندا پاسەوانەکە وا هەست دەکات ئێمە وەك سواڵکەر سەیری دەکەین و پاشماوەی خۆمانیان بۆ دەنێرین،بەڵام لە دووەمیاندا وا هەست دەکات ئێمە وەك هاوڕێیەك و میوانێکی ئازیزی خۆمان لێی دەڕوانین.

کچی خۆم لە نێوان بەخشینی پارە و بەخشینی سۆز جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیە.هەندێك بەخشین هەیە دەبێتە هۆی زەلیلی و شکاندنی شکۆی کەسەکە وهەندێکی تریش دەبێتە هۆی دروستکردنی پردی خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.بێگومان هەمیشە بەخشینی جۆری دووەمیان لەلای خودا و خەڵکە هەژارەکەش بەهادارترە...بە سوپاسەوە وەرگیراوە.

## ئەو دکتۆرە مسوڵمانەی بوو بەرەمزێکی نمونەیی لە بەریتانیا

دەڵێت: " کاتێك تەمەنم ١٩ ساڵ بوو، یەکەم ساڵی زانکۆم بوو لە بەشی پزیشکی، دایکم نەخۆش کەوت، نەخۆشی دڵ، دووری ٢٥٠ مایلم بڕی تا گەیشتمە ئەو نەخۆشخانەیەی دایکمی لێیە، کاتێ بینیم بەڕاستی زۆر نەخۆش بوو، نەم دەزانی چ بڕیارێك بدەم لەلای دایکم بمێنمەوە، یان بگەڕێمەوە بۆ زانکۆکەم، تا دایکم پێی گوتم: ( پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ زانکۆ و من بەجێ بهێڵە، بگەڕێرەوە بۆ ئەوەی ببیت بە دکتۆر و یارمەتی خەڵك بدەیت.. من باش دەبم).. بەڵام دوای پێنج ڕۆژ دایکم مرد".

دوای بیست ساڵ بەسەر ئەم بەسەرهاتە، کە پەتای کۆرۆنا ڕووبەڕووی جیهان بۆتەوە، " هەمیشە بەخۆمم دەگوت خەڵکی لەم کاتەدا پێویستیان بە منە تا هاوکارییان بکەم".



ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا بە بۆنەی ٧٢ ساڵەی دامەزراندنی ( NHS – خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی)، ڕێز لەم دکتۆرە مسوڵمانە گیرا، وێنەی لەناو شەقامەکان و سەر باڵەخانەو تابلۆ زەبەلاحەکانی ناو شاردا بە گەورەیی هەڵواسرا، وەکو نمونەیەکی دڵسۆزو خەم خۆری هاوڵاتیان ناوزەند کرا، ناوی لەبەرزیدا تۆمار کرا، خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ درا، ڕۆحی دایکیشی شاد کرد. ئەم دکتۆرە بەڕەچەڵەك بەنگلادیشییەو لەچکیشی لەسەردایە...ئاوات جزا ـ سلێمانی.

## وەزیری کشتوکاڵ



لە ساڵی (١٩٤٩)دا مامۆستا (بهیج تقی الدین) دەکرێت بەوەزیری کشتوکاڵ لەوڵاتی لوبنان کەسیاسیەکی دورزی بو.

کاتێك براکەی ئەم هەواڵەی پێ دەگات بریاری دا ئەم نامەیەی بۆ بنوسیت.

دەقی نامەکە: (( برای بەڕێزم بهیج خوای گەورە دەست بگرێت بەباڵتەوەو تەمەن دریژت کات!

کەزانیم کراویت بەوەزیرشەرەفێکی گەورەیەبۆخۆمانوخانەوادەوناوچەکەمان.

بەڵام پێم خۆش بوبیرت خەمەوە کاتیك منداڵ بوین پێش برکێمان دەکرد تالای باوکماندا بنوین باوکیشمان هەموجارێك دەستە کانمانی بۆن دەکرد تادڵنیابیت دوای نان خواردن شۆردومانە و ئەوکات دەیهێشت لایدا بنوین.

ئێستە باوکمان لەگۆردا ڕاکشاوە بێگومان ئێمەیش پاش ماوەیەکی تر لەتەنیشتیداڕادەکشێین بۆیە دڵنیابەوسوربە لەسەر پاکی دەستەکانت کاتێك

لەتەنیشتیدا ڕادەکشێیت، یاخوا پیرۆزت بێت ئەوپۆستە و سەکەوتوبیت.. (برات سعید تقی الدین).وەرگێڕانی عوسمان قەرەداغی

**لا والله سیدی!**

خزمێکمان هەبوو بەڕەحمەت بیّ ناوی مام حسێن بوو، خەلّکی گوندی کاسکان بوو لە بناری قەندیل، کە بۆخۆشم لەدایك بوی وێم، پیاوێکی کورت و زەعیف و ڕەقەلّە بوو، بۆیە بە حوسێنە چرچە ناسراو بوو و بە تەخفیفی کوردەواریەوە پێیان دەگوت (سوێنە چرچە)بەلّام بە زەعیفی نە بوو شتێك بەدلّی نەباو عەقلّی نەیگرتبا قووەت نەبوو بتوانیّ پێی بکات، وەکو دەلّێن هەموی جەرگ و جەوهەر بوو. بەسەرهاتێکی خۆشی مەشهوری هەیەو بۆخۆشم گوێم لێبووە بۆیە حەزم کرد هەم وەکو وەفایەك بۆ ئەوو هەمیش زەردەخەنەیەك بخەمە سەرلێوی بەڕێزتان، ئەمە و بەلّکو خەلّکێکیش عیبرەتی لێوەرگریّ چونکە تەژیە لە عیبرەت و دەرس و پەندی گەورە.

وتی لەکاتی خۆی لە عەسکەری لە فەوجێك بووم بەیانیان تەدریبمان هەبوو، زابتێکمان هەبوو تەدریبی پێدەکردین هەموو ڕۆژێك کە ڕیزدەکراین بەدار عەیزەرانێکەوە لەمسەر بۆ ئەوسەر پێدا دەهات و یەك بەیەك لە جوندیەکانی دەپرسی: انت حمار؟

دەبوایە ئەوانیش بەدەنگی بەرز بلّێن «نعم سیدی» بەلّیّ گەورەم، چونکە وای ڕاهێنابوون!!!!!!

تاسەرە دەگەیشتە من و منیش دەمگوت: لاوالله سیدی، نەخێر گەورەم!!!

بۆیە هەموو ڕۆژیّ سزادەدرام بە هەڕوەل و زەحف «غاردان و ڕۆیشتن لەسەر زگ»

کوردێکی تریشم لەگەڵدابوو بەداخەوە ئەویش دەیگوت نەعەم سەیدی، زۆریشم پێدەووت ئێمە کوردین عەیبە وادەڵێی بەڵام بە قسەی نەدەکردم!

ڕۆژێکیان کە زابتەکە پێی گوتم هەڕوەڵ«ڕاکەوغاردە» یەکسەر چوم بۆ لای ئامر فەوج کە ژورەکەی دوربوو لە نزیك باب نیزام بوو، ئیزندرام و سەلامێکی عەسکەریم بۆکرد و گوتی فەرموو کوڕم، ئیش؟

منیش وتم سەیدی ئەگەر جەیشی عێڕاقی هەمووی حیمارە بامنیش حیمارِ بم ئەگینا چ مەعقولە زابتەکەی ئێمە ئاوامان پێدەکات؟



وتی بۆچی؟ چییە؟

منیش وەزعەکەم بۆ باسکرد.

ئامیریش گوتی کوڕم خەمت نەبێ تۆ بڕۆوە شوێنی خۆت و دەنگ مەکە من بەیانی لە کاتی تەدریب دا دێم!

وتی بەیانی وەکو ڕۆژان ڕیزکراین و هەمان تاس و حەمامی ئەنتە حیمارِ؟دەستی پێکردەوە!

لەناکاو ئامیر فەوج هات بۆ ناو ساحەی تەدریبات و ئەویش لەمسەر بۆئەوسەر هەمان پرسیاری لە جوندیەکان کرد، لە وەڵامی ئەودا جگە لە من بەدەنگی بەرزتر دەیانگوت نەعەم سەیدی! و بۆی دەرکەوت کەمن ڕاست دەکەم.

بۆیە ڕویکردە زابتەکە و چەند قسەیەکی پێگوت و ئنجا گوتی امتدوا« بە زابتەوە لەسەر دەم و چاو ڕاکشێن» و بانگی منی کرد وەرە بەسەر پشتیاندا ڕاکە چونکە بەس تۆ مرۆڤی ئەوانی تر هەمویان حیمارِن!!

وتی منیش زۆرم پێ خۆش بوو بۆیە کە دەگەیشتمە سەرپشتی زابتەکە و کوردە حیمارەکە بە تایبەت، بە پاژنەی پێ لە پشتیانم دەدا و نقەیان لێدەهات و کوردەکە دەیووت حسێن هێواش.

وتی ئنجا زابتی نەقڵ کردوو واللە نەجاتمان بوو لەدەستی انت حمار؟

پەندەکان:

١. مرۆڤ بوون ئیرادە و ئارام و باجی دەوێ! بەڵام دواجار سەربەرزی لای خوا و خەڵك دەبی.بەڵام حیمار بون ئەگەر سەرەتاش هەندێ کاووجۆی پێوەبێ سەرەنجامی زەلیل بونە!

٢. کەس تاسەر ناتوانێ خەڵك بکاتە حیمار، وە ختێك دێ مام حوسێنێکی لێ پەیدا دەبێ.«ببورن بە ناچاری لە ڕوی جەنابتان هەندێ وشەم بەکار هێناوە»مامۆستا مەلا عبداللە دەرەکۆتر.

## ئاوێنە و خشت!

شەوێکی زستانی ساڵی (١٩٦١) بوو، تازە شۆڕش دەسپێکردبوو. لە ماڵی باپیرم (حاجی شێخ عەزیزی باراوی ١٨٨٤-١٩٨٦)، هەموو کوڕ و کوڕەزا کۆبووبوووینەوە.

باپیرم (٤) کوڕی هەبوو: (موحەممەد، بەکر، عومەر و ساڵح). کورە گەورەکەی (موحەممەد)، باوکی من بوو، هەر بە (حەمەی شێخ عەزیز) بەناوبانگبوو.

دوای نانخواردنی ئێوارە، باپیرم ڕووی دەمی لە کوڕەکانی کرد و گوتی: ئەوا چەن ڕۆژ و مانگێکە، شۆڕش دەسپێکردووە. من ناڵێم، کوردایەتی مەکەن، یارمەتی شۆڕش مەدەن، بەڵام هەر هێندەتان پێ دەڵێم: هەر کاتێ ئەم شۆڕشە سەرکەوت،

کورد دەسەڵاتی پەیداکرد و خۆی فەرمانڕەوایی خۆی کرد، بارکەن و بڕۆن، لە ئەم وڵاتە مەمێنن!

لە ئەو قسانەی باپیرم، هەمووماں سەرماں سووڕمابوو، تەماشای یەکدیمان دەکرد.




باوکم گوتی: بابە بۆچی لە ئەم وڵاتە نەمێنین؟! ئەی بۆ کوێ بڕۆین؟!!

باپیرم: کوڕم، من سەردەمی دەسەڵاتی (شێخ مەحموودی حەفید)م دیوە، کورد چۆن فەرمانڕەوایی خۆی کردووە و چۆنیش کوتاییهاتووە. ئەمەی ئێستەش هەیە، هەرگیز لە ئەو باشتر نابێ، چونکە کورد لەنێوخۆدا ناکۆکن، ڕێك ناکەون و نازانن، فەرمانڕەویی خۆیان بکەن!

باپیرم (٥٩) ساڵ لەمەوبەر، ئەم قسەیەی کردووە، ئەوڕۆش نزیکەی (٣٠) ساڵ بەسەر فەرمانڕەوایی هەرێمی باشووردا تێپەردەبێ، کەچی تازە خەریکین، لە نووکەوە دەسپێدەکەینەوە! ئێستەش هێندێ جار، مامۆستا (جەمال عەبدول)، ئەم قسەیەی باپیرم دەگێڕێتەوە.ئاخر پێشینان ڕاستیان فەرمووە، کاتێ گوتوویانە: ئەوەی گەنج لە ئاوێنەدا دەیبینێ، پیر لە خشتی کاڵدا دەیبینێ! هەزاران درووود بۆ گیانی پاکت باپیرە ژیرە وردبینە بە ئەزموونەکەم! د. حسەین محەمەد عەزیز

**گەل سەرۆکێکی وای پێویستە...**

" لولا داسیلڤا " کە لە هەڵبژادن سەرکەوت و بووە سەرۆکی برازیل، لە یەکەم ووتاریدا، کاتێ چووە سەر ستەیج پێڵاوێکی بە دەستەوە بوو، ووتی:

ئەمڕۆ ئەو پێڵاوەم وەك دیارییەك لە پارێزگاری شاری فاتکۆ بە دەست گەیشت و دەزانم دەیەوێ بە بیرم بێنێتەوە کە من بۆیاغ چی بووم ڕەنگە من ڕۆژێ لە ڕۆژان پێڵاوی ئەو یا هی باوکیم بۆیاغ کردبێت، لەو سەردەمەی کە منداڵێکی فەقیر بووم شانازیش بەفەقیری خۆمەوە دەکەم..

من شانازیی بە گەل و نیشتمانێك دەکەم کە بۆیاغچییەکی پێڵاویان هەڵبژاردووە و بە سەرۆکی خۆیانی دەزانن و تا هەتایەیش ئامادەم پیلاوی یەکە یەکەتان بۆیاغ بکەم....Emad Esmael



## لــــه مــــونجەزاتی ســــەورە...

ســــاڵی ١٩٦٠ بوو، بــــەهۆی ئیهمالــــیی حــــەرەسەکانەوە، دوو ســــەدو چل و سێ نــــەخۆش کــە تووشی شێتیی بــــوون بــوون، لــــە بــــیمارستانی عەبباســــیە لــــە شــاری قــاهیرە، فــــرسەتیان هــــێنا لــــە بــــێئاگایی نــــۆبەتچییەکان، رایــــان کــرد و بــــڵاوبوونەوە لــــەشارا، کــــە ئــــەمەش کێشەیــــەکی گــــەورەی درووستکــــرد..

بــــەڕێوەبەری ئیــداره، نــــاردی بــــەدوای نۆشــــداری نــــەخۆشخانەکە کــــە ناوی {جــــەمال ئــــەبولعەزم} بوو، بــــۆ ئەوەی فریایــــان بــــکەوێت و چــــارەسەرێك بــــدۆزێتەوە..

د.جەمــــال ئــــەبولعەزمی مــــەشهور، خێــــرا چــــوو فــــیقەنەیەکی هــــێنا و داوایکــــرد لــــە مودیــــری کــــارگێڕی و کــــارمەندەکان، دەســــتبگرن بە پــــشتی یەکتریــــەوە و یــــاری قیتــــار بکەن....

بــــەدوای یەکــــا ئــــەڕۆیشتن لــــە گەڕەکــــی عــــەبباسیە، د.فیکــــەی لێئــــەدا و هــــاواری ئــــەکرد تــــوووت تــــوووت.. تــــووت.. خــــۆی کــــەلەی قیتارەکــــە بــــوو، ئــــەوانی پــــشتیشی فــــارغۆن و مــــەقتورەکان بــــوون.. هــــەروەکو د.جــــەمال چاوەڕێی ئــــەکرد، هــــەموو شێتــــەکان سواری قــــیتار بوون و دواجــــار کــــردنیەوە بە نــــەخۆشخانەکەدا..

بــــەڕێوەبەر زۆر خۆشحــــاڵ بوو، ســــوپاس و دەستخۆشــــی ئــــاراستەی د. ئەبولعــــەزم کــــرد بۆ ئــــەم بیرۆکە سەرکەوتــــووەی..

بــــەڵام ئەوەی جــــێی سەرنج بــــوو، کــــەدوای ئــــەوەی دەمــــەوئێوارە ســــەرژمێرییان کــــردن، دەرکــــەوت کــە ژمارەی شێتــــەکان خۆی ٢٤٣ کــــەس بوون، بــــەڵام وا ئێستا بــــوون بە ٦١٢ کــــەس..

خـــوا ڕەحم كات.. لەسايـــــەی دز و پـــــياوخراپانی دەستڕۆيشتووی دوای ئينتيفـــازەی شەعبانيـــەدا، گالّتــــەكردنی بەردەوام بە عەقڵی عالــــەم، بەردەوام ئــــــالۆزيی و پـــــەشێوی دەروونـــــی لـــەزيادبوونايــــــــە.. ستـــــــرەك يــــارەب...ئەندازيار تەها سۆڵەيی.





**بابەتێکی م.سەروەت لە گروپی هەژان...**

گرنگە بۆ ئەوانەی سەرقاڵی یۆگا و میدیتەیشنن!

ئەوەی هەتانە ئێستا لێتان دەستێننەوەو دواتر بەناوێکی دیکە دەتاندەنەوە

بەندە نزیکەی(شەش)ساڵە لەئوسترالیام، لەبەر جۆری کارو خوێندنەکەم لەزۆر ناوەندی گرنگی ئەم وڵاتەدا کارمکردووە(زانکۆ، پەروەردە-قوتابخانەکان، پۆلیس، نەخۆشخانە، ناوەندە ئابورییەکان، ناوەندە دینییەکان). زۆرشتم لێیانەوە وەرگرتوو، زۆریشم لەگەڵیان گۆڕیوەتەوە. لێرەدا تەنها ئاماژە بەخاڵێك دەکەم، ئەوەش لەبەرئەوەی بزانن ئەگەر بەچاو بەستراو شوێن ڕەورەوەی مێژوو بکەوین هەمان هەڵە دووبارە دەکەینەوە کەئەوانەی پێش ئێمە تێیکەوتوون! قورئان وەك پەنجەرەیەکە کەڕەورەوەی مێژوو ڕۆشن دەکاتەوە! بۆیە(دەفەرموێت لەسەرگوزەشتەی گەلانی پێشخۆتان بڕوانن! )

لەم بوونەدا هەندێك شت یاسای چەسپاوە، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ وەك مەخلوقی باڵا دەتوانێت دەستیانلێبدات، بەڵام ناتوانێت ئەنجامەکە بگۆڕێت! بۆنمونە کۆمەڵگەیەك تاکەکانی دەتوانن بێ ڕەحمبن، بەڵام ناتوانن ئەنجامی بێ ڕەحمییەکەیان بکەنە بەختەوەری، بەڵکو وێرانی و شەکەت بوونە!

ڕۆژانێك بیریارانی ڕۆژئاوا هەموو توانای خۆیان خستەکار بۆ کەنارخستنی تەواوی چالاکییە دینیەکان، زۆر بیریاری دیکەش هاتن ولەئەنجامی پر لەمەترسی ئەم کارە قسەیانکرد، وەك(محمەد اقباڵ)کەبەئێستاشەوە هەندێك باسی لەسەر دەنووسم، زۆرکەس تەحەموولی قسەکانی ناکات بەتایبەت لەرەخنەگرتن لەسیستەمی ڕۆژئاوایی! ئەو ڕۆژەی ئاینیان لەخەڵکی وەرگرتەوە نەیاندەزانی دەبێت ئەمڕۆ لەژێر ناوی چارەسەری دەروونی و یۆگاو میدیتەیشن بیبەخشنەوە!

لەگەڵ نەخۆش چومەتە نەخۆشخانە" پزیشکەکە بەهەموو باوەڕی خۆیەوە دەیگوت پێی بڵێ: "follow and practise your religion", شوێن دینەکەت بکەوەو داواکارییەکانی تەتبیق بکە!

هەموو چارەسەرە دەروونیەکان چارەسەری دینین! ئێستا پزیشکەکان وەك دەرمان دەینووسن بۆ نەخۆشەکانیان! دەی ئەم نەخۆشە چی بڵێت کاتێك گەنج بوو ڕێگریانلێکرد دینداری بکات و ئێستا لەبەر ئەو بۆشاییە ڕۆحییە لەناخەوە وێران دەبێت!

بەڕوونی لەکوردستان دەیبینم، دەیانەوێت دینداری ومەعنەوییەت لەو خەڵکەو گەنجان وەربگرنەوە، چونکە وادەزانن ڕۆژئاواییەکان بەوە پێشکەوتن، نەخێر ئەوان لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان پێشکەوتن، دەی لەکوردستان ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەو زانکۆکان بەدەست ئەوانەوەیە! ئەی بۆ پێشمانناخەن؟!! ئەمڕۆ دێن دینتان لێوەردەگرنەوە، و سبەی لەنۆرینگەکاندا بەپارە پێتان دەفرۆشنەوە، تەنها ناوەکەی لە(خشوع)ەوە دەگۆڕن بۆ (میدیتەیشن)!





## نەخۆشی کۆرۆنا:

نەخۆشی کرۆنا کە یەخەی بەملیۆنەها کەس گرت لەسەرتاسەری جیهانداو ملیارەها دۆلار زیانی گەیاند، راچڵەکاندنێك بوو بۆهەموو بەشەریەت، یەکێ لەوانەی بە ڤایرۆسە مرد ئەم دەوڵەمەندەیە کە پارەکەی فریای نەکەوت و هەناسەی لێبڕی.


ملیاردێری پرتوگالی ئەنتۆنیۆ مونتییرو سەرۆکی بانکی سانتاندیر لەپرتوگال هەفتەی ڕابردوو بە کورۆنا مرد ..
کچەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نووسیویەتی ::
ئێمە خێزانێکی دەوڵەمەندین ..
بەڵام باوکم بەتەنها مرد و خنکا بەدوای شتێکی خۆڕاییدا دەگەڕا " هەوا " بوو ..!!
پارەکانیش لەماڵەوەو بانکەکان و کۆمپانیاکان مانەوە ..!!!!

رافیا_ئەرشەد"

لەدوای ئەوەی بوو بە یەکەمین دادوەری باڵاپۆش لە مێژووی بەریتانیا گوتی: " ماڵەوەمان ئامۆژگارییان کردم لە کاتی چاوپێکەوتنم لەگەڵ بەرپرسی مینحەی خوێندندا حیجابەکەم لابەم تا هەلێک برەخسێت بۆ هەڵبژاردنم بەڵام من بڕیارمدا بە باڵاپۆشیەوە بچمە بەردەم لیژنەکە، مینحەی خوێندنی یاسا م پێ بەخشرا لە، ئیمڕۆ لەدوای ١٧ساڵ ئەزموون لە بواری یاسادا، بووم بە یەکەمین دادوەری باڵاپۆش لە مێژووی بەریتانیا"



ئانا ماری شیمیل:

آنا ماری شیمیل ١٩٢٢ - ٢٠٠٣ ڕۆژهەڵاتناسێک لەلوتکە، خۆرێک لەدرەوشانەوە... ژنە ڕۆژهەڵاتناسی ئاڵمانی ئانا ماری شیمیل لەساڵی ١٩٢٢ لە ناوەڕاستی ئەڵمانیا لەدایک بووە لە بنەماڵەیەکی پرۆتستانتی، شەیدای گەڕان

و خوێندنەوەی بابەتەکانی ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامی بووە بۆیە لە ساڵی ١٩٣٧ کاتێک تەمەنی تەنها ١٥ ساڵە خۆی فێری زمانەکانی عەرەبی و هەروەها فارسی و تورکی و ئۆردی دەکات.

لەتەمەنی ١٩ ساڵی لەزانکۆی بەرلین بڕوانامەی دکتۆرا لەمێژوی شارستانیەتی ئیسلامی لەسەر پەیوەندی نێوان زانایان و دەسەڵات لەسەردەمی مەمالیک بەدەست دەهێنێت پاشان بەتەواوەتی شەیدای عیرفان تەسەوفی ئیسلامی دەبێت و بۆیە لەساڵی ١٩٥٢ دکتۆرای دووەم بەناونیشانی خۆشەویستی لە تصوفي ئیسلامیدا بەدەست دەهێنێت و لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی وەک وەرگێڕ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کاردەکات بۆ زمانی تورکی و پاشان دەبێتە مامۆستای کلیەی ئیلاهیاتی ئەنقرە لەتورکیا لەساڵانی دواتر واتە لەشەستەکاندا لەزانکۆی هارڤارد کورسیەکی تایبەتی بۆ دەنێرن وەک مامۆستا کەوانەکانی تەسەوف و پاشان زمانی عەرەبی و ئیسلامیات بڵێتەوە تایبەت بەدەستنووسە ئیسلامیەکانی هند و پاکستان پاشان دەچێتە زانکۆی کامبرج و لەوێ بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٩٢ خانە نشین دەبێت...

ئەم ڕۆژهەڵاتناسە سەدان لێکۆڵینەوەو دەیان کتێبی لەسەر شارستانیەتی ئیسلامی و تەسەوف و عیرفانیات نووسیوە ئەمەسەرباری ئەوەی سەرپەرشتی گۆڤارێکیشی دەکر کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو لەئەڵمانیا گرنگی بەهونەری ئیسلامی دەدا بەناونیشانی "فکر و فن" سەرباری ئەمانەش چەندین ئیجازەو جائیزەی گەورەی نێونەتەوەیی وەرگرتووە لەوانە جائیزەی السلام لە ئەڵمانیاو چەندانی دیکە...

لەکۆتایشدا دەگاتە ئەوەی کە لەبارەی پێغەمبەری ئیسلام د.خ کتێبێک بنوسێت ناوی لێبنێت (و محمد رسول الله) واتە بەشی دووەمی شایەتیدانی

مسـولْمانان، بەزمـانی ئەڵمـانی و باسـی کەسـایەتی و گەورەیـی پێغەمـبەری ئیسلام د.خ و ئاینی ئیسلام بکات تێیدا...

بەهەرحــاڵ لەئەنجـامی زۆری شــەیدایی بــۆ شارســتانیەتی ئیســلامی و سەرسامی بەنـاوەڕۆکی ئەو شارتانیەتە وەسێتی کردبوو کاتێـک وەفاتی کـرد لەسەر گۆڕەکەی ئەم وتە بەناوبانگەی ئیمام علی بنوسرێت (الناس نیام فاذا ماتوا انتبهوا) هەروەک لە وێنەکەدا دیارە واتە خەڵکی هەموو لەبێ ئاگایی و خەوی غەفڵەتـدان و نوسـتوون هەتـا ئەوکـاتەی دەمـرن ئنجـا بەئاگـا دێـنەوە (دونیــا هەمــووی وەک خەوێــک وایە وەک ئەوە وایە تــۆ خەوببینــین بەڵام کاتێـک دەمریت بەخەبەردێـتەوە و واقیـع دەبینـی، کاتێـک مـرۆڤ نوسـتووە خەو دەبینێت بەڵام کاتێک بەخەبەربویەوە تێ دەگات ئەوە ژیانی ڕاستەقینە نەبووە واتە ژیانی ئەم دونیایە بەپێی ئەم وتەیە تەنها وەک خەوێک وایە و ڕاسـتی ژیـان لەمردنـدایە کەپاش مـردن دەسـت پـێ دەکـات و لەئەودونیـایە ئەمەش بێگومان ئاستی تێگەیشتنی لەئیسلام و ئایەتەکانی قورئان دەردەخـات کە جەخت لەم بابەتە دەکەنەوە هەروەک لەچەند ئایەتێکدا دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَـاةُ الـدُّنْيَا وَلَـا يَغُـرَّنَّكُمْ بِاللَّـهِ الْغَـرُورُ (٥)} ﴿فاطر: ٥﴾. یان {كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَـةُ الْمَـوْتِ وَإِنَّمَـا تُوَفَّـوْنَ أُجُـورَكُمْ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ فَمَـنْ زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَمَا الْحَيَاةُ الـدُّنْيَا إِلَّـا مَتَـاعُ الْغُـرُورِ (١٨٥)} [آل عمران: ١٨٥].. پڕۆفیسۆری یاریدەدەر.د.زریان حاجی...




## پەڕاوەکانی نووسەر:

١. لەخزمەت قورئاندا
٢. بەرەو پەروەردەی ئیسلامی
٣. بەرچاورروونی
٤. فەرهەنگی بانگخوازان
٥. بەهاری دڵان
٦. ژیانەوە
٧. بەرەو ئیسلام
٨. گەشتی ژیان (٦بەرگ)
٩. هەزارویەك
١٠. هەزارودوو
١١. بۆ بانگخوازان
١٢. تازەگەری قورئان
١٣. ئەودەتبینێت
١٤. نەسرەوتن (٤ بەرگ)
١٥. یادەوەرییەکانم
١٦. رامان لەقورئان
١٧. رازی قورئانی
١٨. وەلامەزانستیەکان

# ناوەڕۆك


پێشەکی ٥
ئەهلی دڵ بابیخوێننەوە ٧
ڕەنگە زیانێك قازانجیشی هەبێت ٩
هەقی خۆی دایە ١١
ئەربەکان ١١
کورتە باسێکی ژیانی کاك ئەحمەد ١٢
خوایە بەخاوو خلیچکی هاتم ١٩
پرۆفیسۆر زەڵمی ١٩
پەیمانم دا بەخوا ٢١
دکتۆر عبدالواحید ٢٢
یادەوەری و ژیاننامە ٣٠
چوونە بنج و بناوان ٣٩
مورادهۆفمان ٤١
شێخ محەمەدی شێخ سەمیع ٤٣
سی ساڵە شەونوێژی نەفەوتاندووە ٤٤
مامۆستا عەبدول دائیم ٤٥
عادەت و عیبادەت ٤٩
قەدەری بانگخواز ٥٠
ڕەزوان عەلی ٥١
مامۆستا عومەر ڕێشاوی ٥٤
بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە ٥٦
دراوسێی قەبرم ٥٧
دانیشتنێکی ئیمانی ٥٨
دڵسۆزی بانگخوازان ٥٩
کاری بەکۆمەڵ ٦٠
مامۆستایەکی بانگخوازی شەهید ٦٥
ڕۆڵی گرنگی مامۆستایان ٦٦
ئەوەخۆشویستنی ئیسلامە ٦٧
دەستی میهرەبان ٦٨
وتم بائەم چیرۆکەش ون نەبێت ٦٩
باوکی غەزالی ٧٠
بەسەرهاتی شەمۆئیل ٧١
غافڵبوون ٧٤
ئەدیبی رووسی تۆلستۆی ٧٥
باخوم چیرۆکی زۆر لەمرۆڤەکان ٧٥
کێ ئیرهابیە؟ ٧٧
بەهەدەردان ٧٧
مامۆستا مەلا عەبدول ڕەحیمی پەرخی ٧٨
شێخی بانگخوازان شەعراوی ٧٩
بۆ بانگخوازان ٨٣
ئەوەی گومەزی مزگەوتی بابری رووخ ٨٦
هۆنراوەیەکی مەولەوی ٨٨
سەری قووت دا ٨٩
وەرینی گوڵی دڵ ٩٠
لەئیلحادەوە بۆئیمان ٩٤
دکتۆر تاریق چی پێووتین ٩٦
لەئەستووریدا ئەپچرێت ٩٩
بیردۆزی پەرەسەندن ١٠١

| | |
|---|---|
| وتاری کورت | ١٠٢ |
| مامۆستا مەلا فایەق | ١٠٢ |
| بیست و پێنج خولەك | ١١٥ |
| ئارامگرتن | ١١٨ |
| سکرتێری پێشووی پاپا | ١٢٠ |
| دوعای هیدایەت | ١٢١ |
| لەدێی سولاوکەوە | ١٢٢ |
| لەبەرنامەیەکی ئەمەریکیدا | ١٢٣ |
| شێخ عەلی تەنتاوی | ١٢٤ |
| مژدەی شەفاعەت | ١٢٥ |
| بەسەرهاتی شێخ عەزیز | ١٢٦ |
| نەخشی سەربەرد | ١٢٧ |
| لەدەشتی هەولێرەوە | ١٢٨ |
| خۆشەویستی | ١٢٨ |
| سەیروسەمەرە | ١٣٠ |
| بەرەوباشتربوون | ١٣١ |
| ئالوودەبوون | ١٣٣ |
| خانەوێرانە | ١٣٤ |
| چەندە لەخەمی پەیامەکەادایت | ١٣٥ |
| دکتۆر محمد عبدالرحمان | ١٣٦ |
| هەرێمێکی قەیراناوی | ١٣٦ |
| لەجوانترین نووسینەکانی تەنتاوی | ١٣٧ |
| کارێکی مەزن | ١٤٠ |
| وتەی عاریفان | ١٤١ |
| پێناسەی خۆشەویستی | ١٤١ |
| هەولّی خۆت بدە | ١٤٢ |
| دەزگای راند | ١٤٢ |
| قەدەری خوا | ١٤٤ |
| هۆی بوومەلەرزەکەی مەرمەڕە | ١٤٧ |
| خواپەرستی دامەزراو | ١٥١ |
| زۆرنهێنی مەدرکێنە | ١٥٢ |
| مامۆستا حەسەن بەننا | ١٥٤ |
| لەیادی شەهیدکردنی بەننادا | ١٦١ |
| سەبیحەخان ئەڵێت | ١٦٤ |
| شیرکی تەوحید نوێن | ١٦٤ |
| بیروەرییەك لەخزمەت م شەماڵدا | ١٦٥ |
| خواویستی غەزالی | ١٦٧ |
| ژیاننامەی م مودەڕیس | ١٦٨ |
| خۆیان تالآن فرۆش کرد | ١٦٩ |
| هەژار ئیسماعیل | ١٧١ |
| دکتۆر محمد عیمارە | ١٧٣ |
| بۆلای خوا گەڕانەوە | ١٧٤ |
| بەتەمای دەستکەوت مەبە | ١٧٤ |
| ئیسلام چۆن گەیشتە سلڤادۆر | ١٧٥ |
| شایەتیەکی مەزن | ١٧٦ |
| بەسەرهاتەکانی د. نابلوسی | ١٧٧ |
| حاکم رزگار | ١٨٥ |
| ئەوەش بەدیهێنراوێکی خوا | ١٨٧ |
| تەفسیرێکی ناوازە | ١٨٨ |
| مەحمود عەبدول حەلیم | ١٨٩ |
| ئەزموونی ژیان | ١٩٢ |
| دونیایەکی سەیرە | ١٩٣ |

مایکل جاکسۆن ١٩٤
لەجوانیەکانی توراسی ئیسلامی ١٩٧
قەدەری شێخ کوشك ١٩٩
سیحری جوانی دەربڕین ٢٠٣
نورائیللی کۆچی دوایی کرد ٢٠٤
ژیاننامەی سەروەرم ٢٠٦
شایەتی ئەدەم پێغەمبەرە ٢٠٨
پارێزەر ئارام سالّح ٢١٦
مامۆستا ئەحمەدی دوکان ٢١٧
کاك محمد عەبدول رەحمان ٢١٩
کاك بەرهەم موحەممەد ٢٢٢
کاك بەختیار عومەر ٢٢٣
کاك فەرهەنگ جەزا ٢٢٤
جانتاکەم دەستکەوتەوە ٢٢٥
قورئانم گوێ لێدەگرت ٢٢٦
کلیلی کەعبە ٢٢٧
چەند پەیڤێکی پەروەردەیی ٢٢٨
دکتۆر عەبدول حەلیم ٢٣٦
سەید رافیع ٢٣٩
موحەممەد جهانی ٢٣٩
م نەشئەت غەفور ٢٤٣
وەك خۆی ٢٤٥
بەندە مووچەخۆرم ٢٤٦
م یونس رۆستایی ٢٤٧
دیاردەی دەرچوونی رۆح ٢٤٩
زانست و ئیمان ٢٥٧
رەحمەت لەکفن دز ٢٥٨
هالە عەتیق ٢٥٩
ژنێك لەخەم ٢٦٢
سەیوان موحەممەد ٢٦٦
لوتکەی شەهامەت ٢٦٧
نەخۆشخانەی قورتوبە ٢٦٨
ئیعجازی فەرموودە ٢٦٩
ترسی بڕوادار ٢٧١
کتێبی کچانی کورد ٢٧١
هاوسەری عیمران ٢٧٥
بەوەفابوو ٢٧٦
مردنی دوا هاوەڵی نوورسی ٢٧٦
نموونەی بەرزی ئافرەتان ٢٧٧
دکتۆری هەژاران ٢٧٨
پاکو بێگەردی بۆئەوخوایەی هادیە ٢٨٠
چیرۆکی جان کوم ٢٨١
بەخشین لەماڵ کەم ناکات ٢٨٣
ماری ئان فۆرد ٢٨٣
بانگخوازی و پلەوپۆست ٢٨٤
ئەمینەبلێك ٢٨٥
باخی هەنجیر ٢٨٦
شێخانی نێرگسەجاڕ ٢٨٧
قسەی خێر ٢٩١
کوڕەشەهیدێك ٢٩١
سەیروسەمەرە ٢٩٢
ئەنگیتا کۆنزالس ٢٩٣

پەیڤێك بۆمامۆستاکەم ٢٩٤
بەکەریم خانی زەندیان وت ٢٩٧
ئیسلام مەزنترینە ٢٩٨
نیعمەتی رازی بزوون ٢٩٨
دزی نەگبەت ٣٠١
هاورەگەزبازی ٣٠٢
یادەوەری نوور ٣٠٣
ئەو وانەیەی مرۆڤ ئەگۆڕێت ٣٠٩
قەدەری بەیەکگەیشتن ٣١٠
موسڵمان لای خوا نازدارە ٣١١
شێخ مستەفا پێنجوینی ٣١٣
قوتابیەکی ئەنیشتاین ٣١٤
زانکۆی ئیسلامی لەئیسرائیل ٣١٦
وردبوونەوە لەئەجەل ٣٢٠
کەمردن هات ٣٢٢
مامۆستا بەهادین ٣٢٤
حاجی مەکی ٣٢٥
ئەجەلێکی سەیر ٣٢٦
بیست دۆلار بەس بوو ٣٢٦
هەرچی هەبوو لەخواوە بوو ٣٢٧
خواناردی ٣٤٢
زانایانی کورد ٣٤٤
حاجی سەعید لۆتاه ٣٤٥
بانگخواز قادردەرەشیشی ٣٤٧
بانگخواز حەنان قەتان ٣٤٨
خۆشنووسەکەی قورئان ٣٥١
بیلبیلەی چاو ٣٥٣
کۆچی مامۆستا مەلا جەمیل ٣٥٤
ئەزموونی ژیان ٣٦١
پڵنگی بیابان ٣٦١
تۆنامریت ٣٦٢
وەڵامێکی پێویست ٣٦٤
ئیلحاد چۆن دروست بوو ٣٦٦
تکایە بخوێننەوە ٣٦٨
بابەخشینەکانمان بەجوانترین شێوە ٣٧٠
ئەو دکتۆرەیەی بووە رەمز ٣٧٢
وەزیری کشتوکاڵ ٣٧٣
لاواللە یاسیدی ٣٧٤
ئاوێنەوخشت ٣٧٦
گەل سەرۆکێکی وای پێویستە ٣٧٨
لەموعجەزاتی سەورە ٣٧٩
بابەتێکی م سەرووەت ٣٨١
نەخۆشی کرۆنا ٣٨٣
راڤیا ئەرشەد ٣٨٤
ئانا ماری سیمیل ٣٨٤